# مۆدێلی کۆلۆنیالیستی جیهانی

## بڵاوبوونەوەی جوگرافیایی و مێژووی سێنترالیزمی ئەوروپایی

hewalname.com/ku/

ناوی کتێب: مۆدێلی کۆلۆنیالیستی جیهانی
نووسەر: جەیمس مۆریس بلاوت
وەرگێڕانی: دلێر میرزا
دیزاینی بەرگو ناوەوە: ئازاد حاجی
سەرپەرشتیاری کتێب: بەختیار سەعید
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
چاپخانە: کەمال
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ١٣٥٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٣٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان ٢٠١٤

ناونیشان: سلێمانی: کاسۆمۆڵ - بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

سودو سەرمایەی ئەم بڵاوکراوەیە بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانە
لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها ڕەسوڵ چاپ کراوە

hewalname.com/kul

پێشکەشە بە میکا و چینی و دایکم

hewalname.com/ku/

## سوپاس و پێزانین

گەلێک کەس لەم کتێبەدا پشکداربوون. پیتەر تایلۆر و ویلبەر زیلنسکی هاندانێکی زۆر و ئامۆژگارییەکی ژیرانەیان پێبەخشیم کە بە درێژایی سالانی سەرقالیبوونم بە پرس وهزرەکان کە لێرەدا بەرباسخراون زۆر ئاورِم لێنەدابوونەوە. لە نێوان ئەو کەسە زۆرانەی لەم کتێبەدا پشکداربوون سوپاس و پێزانینی خۆمیان ئاراستە دەکەم، بە هۆی هزرە باشەکان- نەک هەلەکان- کە لەم کتێبەدا هاتوون، بەتایبەتی عەبدولکەلیمات و سەمیر ئەمین و ولیەم دنڤان و لویدا فیجروا و ئەندرێ جەندەر فرانک و ولیەم لۆرن کاتز و خۆزێ لۆبیز و کانت ماسیۆسن و ئەنتۆنیۆ ریۆس بستامنت و ئەمێریکا سۆرنتینی دوبلاوت و بین وزنەر. بە درێژایی ئەو سالانە، خەلکانێکی زۆر هانیاندام بیر لەو گرفتانە بکەمەوە کە لەم کتێبەدا بەرباسخراون و هەروەها وەلامی هەندێکیش لەوانەیان داومەتەوە.

لە نێوان ئەو دۆست و مامۆستا و خوێندکارانەشدا، پێمخۆشە ناوی چاو لی چی و غازی فەلاح و فەرید هاردی و فەرید نیفن و چوان ماری برا و فرانسیس مارک و سیدنی مینتز ونج هۆنج و دوریس بیسارۆ و راندۆلف رۆلنز و ئانسلیم ریمی و والدو رۆدەریجز و دیجنا سانشیز و هاوەرد ستانتن و دێڤید شتی و لاکشمەن یابا بهێنم. دیسان هەریەک لە پیتەر ویسۆکر و ئانا براکێت لەسەرخۆو لێهاتوانە بەم کتێبەدا چوونەوە. دوو برگەم لە بەندی سێیەم و چوارەم و برگەیەکیش لە بەندی دووەم لە بابەتێکمەوە وەرگیراون کە لە گۆڤاری زانستیی «جوگرافیای سیاسی» سالی ١٩٩٢ (Blaut 1992 b)دا بلاوکراونەتەوە و دووبارە لێرەدا، دوای وەرگرتنی رەزامەندیی پەخشکار بیترۆت هاینامن بلاوکراونەتەوە.

hewalname.com/ku/

جەیمس مۆریس بڵاوت

# مۆدێلی کۆلۆنیالیستی جیهانی

بڵاوبوونەوەی جوگرافیایی و مێژووی سێنترالیزمی ئەوروپایی

لەعەرەبییەوە بۆ کوردی
دلێـــــر میـــــرزا

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

# پێڕست


بەندی یەکەم: ........ ٩

مێژوو لە ناوەوە و لە دەرەوە ........ ١١

ئارگیومێنت ........ ١١

تونێلی کات ........ ١٥

تیۆری بڵاوبوونەوەی سێنترالیزمی ئەوروپایی ........ ٣٠

تیۆری سێنترالیزمی ئەوروپایی ........ ٣٠

تیۆری بڵاوبوونەوە ........ ٣٥

مۆدێلی کۆلۆنیالیست ........ ٤٩

بنەماکان ........ ٤٩

تیۆری کلاسیکیی بڵاوبوونەوە ........ ٥٨

تیۆری نوێی بڵاوبوونەوە ........ ٦٨

مۆدێلەکانی جیهان و گرنگیپێدانە جیهانییەکان ........ ٧٧

ئیتنۆگرافیای بیروباوەڕ ........ ٧٨

تیۆری بڵاوبوونەوە وەکو سیستمی بیروباوەڕەکان ........ ١٠٠

بەندی دووەم: ........ ١٠٥

میسۆلۆژیای بەرجووی ئەوروپایی ........ ١٠٧

دروستکەرانی وتە پڕوپوچەکە و رەخنەگران ........ ١١١

نوێکردنەوە وەکو مێژوو ........ ١١٢

رەخنە ........ ١١٦

دژە رەخنە ........ ١٢٤

میسۆلۆژیا ........ ١٢٧

بایۆلۆژیا ........ ١٣١

وەچە ........ ١٣٢

دیمۆگرافیا ........ ١٤٢

ژینگە ........ ١٤٩

ئەفەریقیای گەرمەسێر و بێزراو ........ ١٥١

ئاسیای وشکوبرنگی سەرکوتکار ........ ١٧٦

ئەوروپای فێنک ........ ٢٠٠

ئەقڵگەرایی ........ ٢٠٨


hewalname.com/kur

تیۆری ئەقڵگەرایی ..................................................... ٢١٠
ئەقڵگەرایی و پەرجووی ئەوروپایی ............................................ ٢٢٥
تەکنەلۆژیا ............................................................ ٢٣٩
کۆمەڵگە: .............................................................. ١٦٢
دەوڵەت: ............................................................... ٢٦٢
کڵێسا: ................................................................ ٢٧٠
چینی کۆمەڵایەتی ....................................................... ٢٧٣
خێزان ................................................................. ٢٨٢
بەندی سێیەم ........................................................... ٢٩٩
بەر لە ١٤٩٢ ........................................................... ٣٠١
دۆخی جیهان لە چاخەکانی ناڤیندا ........................................... ٣٠٣
ئاماژە سەرەتاکانی سەرمایەداری لە ئاسیا و ئەفەریقیا و ئەوروپادا .................. ٣٣٠
بەندی چوارەم: ......................................................... ٣٤٩
پاش ١٤٩٢ ............................................................. ٣٥١
بۆچی ئەوروپاییەکان، نەک ئەفەریقیاییەکان یان ئاسیاییەکان، ئەمەریکایان داگیرکرد؟. ٣٥٣
بۆچی داگیرکردنەکە سەریگرت؟ ............................................. ٣٦١
ئەوروپا لە ١٤٩٢دا ...................................................... ٣٦٨
کۆڵۆنیالیست و ڕێنیسانسی ئەوروپا ١٤٩٢-١٦٨٨ ................................ ٣٧٠
کۆڵۆنیالیست و سەرمایەداری لە سەدەی شانزەیەمدا .............................. ٣٧٠
کانزا بەنرخەکان ......................................................... ٣٧٣
کێڵگەکان .............................................................. ٣٧٧
دەرەنجامەکان ........................................................... ٣٨٢
کۆڵۆنیالیزم و سەرمایەداری لە سەدەی حەڤدەیەمدا ............................... ٣٩٢
سێنترالیزمی سەرمایەداری ................................................. ٣٩٨
پاشەکی ................................................................ ٤١٠

hewalname.com/kur

# بەندی یەکەم

hewalname.com/ku/

hewalname.com/ku/

# مێژوو لە ناوەوە و لە دەرەوە

## ئارگیومێنت

مەبەست لەم کتێبە لەقکردنی متمانەیە بە یەکێک لە بەهێزترین بیروبۆچوونی هاوچەرخ، سەبارەت بە مێژوو و جوگرافیای جیهان. ئەم بیروبۆچوونەش خۆی لەو گریمانە باوەدا دەبینێتەوە کە شارستانیی ئەوروپایی یان خۆرئاوا، هەندێ تایبەتمەندی مێژوویی دانسقە و هەندێ سیفەتی تایبەت لە نەژاد، فەرهەنگ، ژینگە، ئەقڵ یاخود رۆحی تێدایە و بالآبوونێکی بەردەوامی بەخشیوەتە ئەم کۆمەڵگەیە،کە نەلەرابردوو و تەنانەت لەم سەردەمەیشدا هیچ کاک لەکۆمەڵگەکان نەیانبووە.

ئەمە بیروبۆچوونێکی مێژوویی و لە هەمان کاتیشدا جوگرافیاییە. چونکە وا تەماشای ئەوروپاییەکان دەکرێت کە دروستکەری مێژوون. لەبەر ئەوەی هەمیشە و بە بەردەوامی ئەوروپا پێشدەکەوێت و گەشە دەکات و بەرەو نوێکردنەوە دەڕوات، هەرچی بەشەکەی دیکەی جیهانیشە، بە شێنەیی پێشدەکەوێت و لە شوێنی خۆیدا وشک دەبێت و وا لێیدەڕوانرێت کە بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی. بۆیە دەتوانین بڵێین، جیهان نێوەندێکی جوگرافیا و لایەکی دەرەکیی هەمیشەیی هەیە. لە وتەیەکی دیکەدا، بەشێکی ناوەکی و بەشێکی دەرەکی هەیە، لە کاتێکدا ناوەکییەکە رێبەرایەتی دەکات، ئەوا دەرەکییەکە هەمیشە پاشکۆیە. ناوەکییەکە داهێنان دەکات وەلێ دەرەکییەکە لاسایی دەکاتەوە.

ئەم بیروبۆچوونە گوزارش لە تیۆری بڵاوبوونەوە[1]، یان وردتر بڵێین، لە

---

١. ئەم دەستەواژەیە بەکار دەبرێت بۆ ئاماژەکردن بۆبڵاوبوونەوەکردن و بڵاوبوونەوەی لایەنەکانی رۆشنبیری لە بیرگەل و ئایینگەل و تەکنەلۆژیا...هتد لە نێوان تاکەکاندا چ یەک فەرهەنگ و رۆشنبیری بێت یان فەرهەنگگەلی جۆراوجۆر.

hewalname.com/ku/

بڵاوبوونەوەی سێنترالیزمی ئەوروپایی دەکات[٢]. دیارە ئەوە تیۆرێکە سەبارەت بەو شێوازە کە پرۆسە فەرهەنگییەکان لە سەر ئاستی گشت جیهان لە جوڵەدان، چونکە ئەم پرۆسەگەلانە لە بلۆکی ئەوروپاوە بەرەو غەیری ئەوروپا هەڵدەقوڵێن. دیارە ئەمەیە رەوتی سرووشتی و لۆژیکی و مۆراڵیی فەرهەنگ و رۆشنبیری و داهێنان و سەدەمکاریی مرۆڤایەتی. ئەوروپا هەمیشە و بە بەردەوامی بریتییە لە ناوەوە یان نێوەند، وەلێ نائەوروپا بریتییە لە دەرەوە یان قەراخ. ئەوروپا بریتییە لە چاووگی گشت بڵاوبوونەوەیێک، وەلێ نائەوروپا بریتییە لە ئایندەی ئەم بڵاوبوونەوەوە[٣].

تیۆری بڵاوبوونەوە دەکەوێتە چەقی توێژینەوە ئەکادیمییە مێژووی و جوگرافیاییەکانەوە. لەم ساڵانەی دواییدا، هەندێ گومان لە سەر هەندێ لایەنی ئەم بیروبۆچوونە دروست بوو، وەلێ بێ گومان پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دروستبوون لە سەری مانەوە، هەروەها ئەم بیروبۆچوونە وەکو هەمەکییەک لەق نەبوو و تەنانەت لە کایەی نوێی ئەکادیمیشدا لاواز نەبوو.

تیۆری "رێنیسانسی پڕ لە شانازیی ئەوروپا" بە گرنگترین پرەنسیپی تیۆری بڵاوبوونەوە دادەنرێت کە بە جۆرێ لە شانازییەوە ناوی بیرۆکەی "پەرجووی ئەوروپایی" لێدەنرێت. دیارە ئەوە بریتییە لە بیرۆکەی ئەوەی ئەوروپا، بەر لە ساڵی ١٤٩٢ (واتە بەر لە ماوەی کۆلۆنیالیزم، یان ئەو ماوەیەی کە ئەوروپا پێوەندیی تۆکمەی بە هەرێمەکانەوە هەبوو) لەوانی دی پێشکەوتووتر و گەشەسەندووتر بووە. ئەگەر بە راستیی ئەم گریمانە بڕوا بکەین- هەرچی زۆربەی ئەکادیمیانەکانە بڕوایان بەوە هەیە- ئەمە

٢. ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ بینینی جیهان لە دیدی ئەوروپییەوە، لەتەک بڕوابوون بە هۆشەوە یان بێ هۆش بە باڵادەستیی ئەوروپا و فەرهەنگی رۆژئاوا لە سەر حیسابی ئەوانی دی.

٣. لەم کتێبەدا، وشەی «ئەوروپا» ئاماژەیە بۆ کیشوەری ئەوروپا و ئەو هەرێمانەی فەرهەنگی ئەوروپی کۆنترۆڵیانی کردووە، وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کەنەدا.

بڕوابوونێکی دی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەوەی نوێکردنەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئەوروپادا، بە هۆی سیفەتگەلی ناوەکیی ئەوروپاوە بووە، نەک دەرەنجامی کارلێکی لەتەک کۆمەڵگەکانی دیکەی وەکو ئەفەریقیا و ئاسیا و ئەمەریکا، لە دوای ساڵی ١٤٩٢وە.

دەبێ بنەماکانی چاخی نوێ ئەوروپایی، لە سەر ئەم بنەمایە بێت. هەروەها بۆیە کۆلۆنیالیزم گرنگ نەبووە، بۆ ئەوەی ئەوروپا پێ بنێتە ناو چاخی نوێوە. هەروەها ئەمەیش ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە پێویستە کۆلۆنیالیزم بۆ ئەفەریقاییەکان و ئاسیاییەکان و ئەمەریکییەکان، بە مانای تاڵانکردن و وێرانکردنی فەرهەنگی نەبێت، بەڵکە بە پێچەوانەوە، بریتییە لە وەرگرتنی شارستانیی ئەوروپایی، یان پێشوازیکردن لە تازەگەری و چاخی نوێ، لە رێگەی تیۆری بڵاوبوونەوە لە ئەوروپاوە.

ئەم کتێبە، تیۆری بڵاوبوونەوەی سێنترالیزمی ئەوروپایی وەکو کۆمەڵێک لە بیروبۆچوون شرۆڤە دەکات و رەخنەی لێدەگرێت و هەوڵ دەدات متمانە بەو تیۆرە لەق بکات کە بڕوای بە رێنیسانسی پڕ لە شانازییە بۆ ئەوروپا. بەندی یەکەم، سرووشتی تیۆری بڵاوبوونەوە و مێژووەکەی تاوتوێ دەکات. وەلێ بەندی دووەم، تیۆری رێنیسانسی پڕ لە شانازیی ئەوروپا شیدەکاتەوە، لە سەر بنەمای ئەوەی بریتییە لە کۆمەڵێ لە گریمانە، سەبارەت بە باڵادەستیی ئەوروپا و تایبەتمەندییەکەی و سەبارەت بە پەرجووی ئەوروپایی. دواتر هەوڵ دەدات، یەک بە یەکی ئەم گریمانانە پووچەڵ بکاتەوە. بەندی سێیەمیش، تاوتوێی مێژووی جیهان و جوگرافیای مێژوویی بەر لە ١٤٩٢ دەکات، وەکو هەوڵێک بۆ روونکردنەوەی ئەوەی چۆن ئەوروپا لەم کاتەدا، باشترین شارستانی و باشتر لە هەرێمەکانی دی نەبووە. بەندی چوارەم، ئیدعای ئەوە دەکات، کۆلۆنیالیست بریتییە لە پرۆسەی سیاسیی دوای ١٤٩٢

کـه رێنیسانسـی سەرپشـکبوونی ئەورووپـا، واتـە نوێکردنـەوە یـان پەرەپێدانـی ئەورووپـای لێکەوتـەوە، لەتـەک روونکردنـەوەی ئـەو ناوچانـەی لـە ژێـر کاریگەریـی فەرهەنگـی ئەورووپاییـدان، وەکـو ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا. هەروەهـا دواکەوتوویـی ئاسـیا و ئەفەریقیـا و ئەمەریـکای لاتیـن. بەنـدی چـوارەم ئیدعـای ئەوەیـش دەکات، داگیرکردنـی ئەمەریـکا و دەرهاویشـتەکانی، ناکـرێ بـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی کۆلۆنیالیزمـی ئەورووپـاوە راڤـە بکرێـت، لـە بـەر رۆشـنایی سیفەتە ناوەکییەکانـی ئەورووپـادا، بەڵکـە بـە پێچەوانـەوە، گـوزارش لـە بارودۆخـی سرووشـتیی پێگەکـە یـان شـوێنەکە دەکات و گـوزارش لـە زنجیرەیـەک لـەو ئیدعایانـە دەکات کـە بەشـەکانی دووەم و سـێیەم و چـوارەم، وەکـو کۆیـەک پێشکەشـی دەکـەن، وەکـو هەوڵێـک بـۆ روونکردنـەوەی ئـەوەی چـۆن ئەورووپـا هیـچ باڵادەسـتی یـان لەپێشـتربوونێکی- یـان هـەر جیاوازییەکـی مێژوویـی- نەبـووە، بـە سـەر ئـەو شـوێنانەی ئێسـتا بـە جیهانـی سـێیەم نـاوی دەبەیـن.

وا دەردەکەوێـت ئەمـە بریتییـە لـە پرۆژەیەکـی خـوازراو بـۆ کتێبێکـی بچـووک. لـە راسـتیدا مـن تەنـێ یـەک ئیدعـا دەخەمـە روو. ئەویـش ئەوەیـە جەخـت دەکـەم لـەوەی هەڵەیەکـی روون و بنەڕەتـی لـە بیرکردنـەوەی پێشـووماندا، لـە سـەر جوگرافیـا و لـە سـەر مێـژوو هەیـە و دەرەنجامـی ئـەم هەڵەیـە، گەلـێ لـە کایەکانـی فیکـر و کارەکان شـێوێنراون. هەروەهـا بەڵگـەی تـەواو دەخەمـە روو، روونـی دەکەنـەوە ئـەو بۆچوونـەی بـڕوای بـە بڵاوبوونـەوەی سـێنترالیزمی ئەورووپایـی و جیـاوازی یـان باڵادەسـتیی مێژوویـی ئەورووپـا هەیـە راسـت نییـە و پشـت بـە بنەمایەکـی بەهێـز لـە راسـتییەکان لـە مێـژوو و لـە جوگرافیـا نابەسـتێت، ئەگەرچـی لـە شارسـتانیی خۆرئاواییـدا بنگرتـوو بـووە و هـاکا ببێـت بـە فۆلکلـۆر و بـە کلتـوور.

# تونێلی کات

ئەگەر لە ماوەی ١٥٠ ساڵی رابردوودا، لە ئەورووپا یان ئەمەریکای ئینگلیزی، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا بچووبای بۆ قوتابخانە، ئەوا جۆرێکی سەیر لە مێژووت دەخوێند. یان ئەوەی فێری ئەوە دەبوویت، چ شتێکی مەزن لە بەشێک لە جیهاندا، بۆ مرۆڤایەتی روویداوە کە بریتییە لەو هەرێمەی ناوی "ئەورووپای گەورە"مان لێناوە، بە مانای کیشوەری جوگرافیایی ئەورووپا، وێڕای ئەوەی (تەنێ لە سەردەمە کۆنەکاندا) بەشێک لە باشووری خۆرهەڵات کە بە سەرزەویی ئینجیل ناودەبرێت، لە باکووری ئەفەریقیاوە تا وڵاتی میزۆپۆتامیا، وێڕای ئەوەی (تەنێ لە سەردەمە نوێکاندا) بە وڵاتانی نیشتەجێبوونی ئەورووپاییەکان لەو دیوی دەریاکانەوە ناودەبرێت. رەنگە فێری ئەوە ببوویتابا کە خودا مرۆڤی لەو هەرێمەدا ئەفراندووە: ئەوا ناوی بەهەشتی دەبرد، بەوەی بریتییە لە خاڵی دەستپێکی مێژووی مرۆڤایەتی لە کتێبەکانی مێژووی ئەو ماوەیەدا. لەم کتێبانەدا دەبینین بەهەشت لە چەندین ناوچەدا، لە نێوان کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و چیاکانی ناوەوەی ئاسیادایە.

hewalname.com/ku/

رەنگە هەندێ لە مامۆستاکانت بانگەشەی ئەوەیان بکردبا، خەڵکی لەم هەرێمە بریتین لە مرۆڤی راستەقینە، خودا خەڵکی دیکەی لە شوێنگەلی دیکە ئەفراندووە، بەوەی بریتین لە جۆرگەلی جیاوازی نامرۆیی، یان باشتر وایە بڵێین کەمتر لە ئاستی مرۆڤدان. رەنگە مامۆستایانی زانستەکان لەتەک مامۆستایانی مێژوودا کۆکبان، لە سەر ئەوەی نائەورووپاییەکان بە هەمان رادەی زیرەکی و ئابڕوو و ئازایەتیی ئەورووپاییەکان نین. خودا بە پلەیەکی کەمتر لەوانی ئەفراندوون. ئەگەر پرسیارت لە مامۆستاکانت بکردبا، دەربارەی هۆی ئەوەی ئەورووپاییەکان لەوانی دی مرۆڤدۆستترن و زیرەکترن، ئەوا لە

سـەر وەهـا پرسـیارێک بـە تونـدی سـزا دەدرایـت و رەنگـە هەواڵـی ئـەوەت پێبدرابا کـە خواوەنـدی مەسـیحی جیهانـی ئەفرانـدووە و ئێسـتا بەڕێوەی دەبات، بۆیـە دەبەنگییـە بەڵکـە کفریشـە پێشـنیاز بکەیـت کـە ئـەم خواوەنـدە بـۆ غەیـری ئەوروپاییـەکان، غەیـری مەسـیحییەکان، هەمـان لەپێشـتربوون ببەخشـێت، وەکـو ئـەوەی دەیـدات بەوانـەی خوداوەنـدی حـەق دەپەرسـتن و قوربانیـی پێویسـت پێشـکەش دەکـەن.

ئەگـەر لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیەم، وانەی جوگرافیـا و مێژووت بخوێندبا، ئـەوا شـتێک سـەبارەت بـە جیهانـی غەیـری ئەوروپـا فێـر دەبوویـت. هەروەهـا وا گەلانـی ئەفەریقیـا و ئاسـیا وێنـا دەکـران، گوایـە نـەک تەنـێ کەمتربـن، بەڵکـە بـە جـۆرێ لـە جـۆرەکان شـەڕەنگێزبن. ئەوانـن نیعمەتـی خودایـان رەتکردۆتـەوە و دواتـر لەبەرچـاوی کەوتـوون. کەواتـە ئەفەریقیاییـەکان دڕنـدە و بـێ بەزەییـن، بۆیـە باشـترە بۆیـان لـە کاری سـوودمەندا بەکاربىرێـن و سـەربخرێن. چینییـەکان و هیندییـەکان بـە هۆیەکـی نادیـارەوە، توانییـان شارسـتانیگەلی کێـوی بونیـات بنێـن، وەلـێ لەبـەر ئـەوەی ئەوروپایـی نەبـوون و مەسـیحی نەبـوون، ئیتـر هـەر لـە مێـژە شارسـتانییەکانیان سسـت بـوون و پاشەکشـەیان کـرد. وێـڕای باشـی و جوانیـی ئـەو شارسـتانییانە، وەلـێ بریتـی نەبـوون لـە شارسـتانیی راسـتەقینە، بریتـی بـوون لـە سـتەمکاریی خۆرهەڵاتـی. تەنـێ ئەوروپاییـەکان بـە ئازادیـی راسـتەقینە ئاشـنان.

دیـارە فیکـر و لێکدانـەوەکان دەگۆڕیـن. ئەگـەر دوای پەنجا سـاڵی دیکـە، لـە سـەرەتای سـەدەکەدا بـۆ قوتابخانـە برۆیشـتیبا، ئـەوا شـێوازێکی عەلمانیتـری مێـژوو فێـر دەبوویـت. وەلـێ هێشـتا شـەقڵێکی گەشەسـەندنی نـەک داروینـی (سـەر بـە داروینـ، خاوەنـی تیـۆری خەملیـن و گەشـەکردن) دەبـوو. رەنگـە فێـری ئـەوە ببوویتابـا، زەوی و ژیـان یەجـگار کۆنـن و ئـەوەی جـۆرێ لـە

hewalname.com/kurd

مـرۆڤ، هـەر لـە مێـژەوە بوونیـان هەبـووە. هەروەهـا ئـەوەی گوایـە گشـت رووداوە گرنگـەکان لـە ئەوروپـا، یـان لـە ئەوروپـای گـەورەدا روویانـداوە. مرۆڤـی راسـتەقینەی سـەرەتا (کـرۆ- ماجنـون) لـە ئەوروپـادا ژیـاوە و کشـتوکاڵ لـە ئەوروپـای گـەورەدا، رەنگـە لـە خـودی کیشـوەرەکەدا، یـان لـە سـەرزەویی ئینجیـل، لـە لانکـی فەرهەنگیـدا داهێنـراوە کـە ئەوروپـا بـۆ خـۆی ئیدعـای دەکات. رەنگـە لـە وانـەی مێـژووی جیهانـدا، لـەوە ئـاگادار کرابایتـا کـە تـۆوی دەسـتپێکی بەربەرییەکانـی شارسـتانی، لـە سـەرزەویی ئینجیلـدا روویدابێـت. لـەم سـەرزەوییەدا دوو گـەل لـە گەلانـی قەوقـاز سـەریانهەڵدا کـە دەسـتکردی مێـژوو بـوون. کاتـێ سـامییەکان شـار و ئیمپراتۆریەتیـان داهێنـا و یەکتاپەرسـتی و مەسیحایەتییان پێبەخشـین، وەلـێ لـەم ئاسـتەدا وەسـتان، بەڵکـە لـە داتەپینـی خۆرهەڵاتیـدا نغرۆبـوون. وێـڕای ئـەوەی ئارییاییـەکان یـان ئینـدۆ- ئەوروپاییـەکان گەلێکـی دواکەوتووبـوون، کەچـی حەزیـان لـە ئـازادی دەکـرد و توانییـان لـە سـەر ئـەم بنەمایانـە بونیـاد بنێـن، دوای ئـەوەی لـە ناوچەکانـی باشـووری خۆرهەڵاتـی ئەوروپـا، یـان خۆرئـاوای ئاسـیاوە بـۆ ئەوروپـا کـۆچ بکـەن، بـەوە کۆمەڵگەیەکـی شارنشـینیی راسـتەقینە دروسـت بکـەن کـە ئەویـش کۆمەڵگـەی یۆنانـی کۆنـە. رۆمانـەکان دەسـتی شارسـتانییان گـرت و بـەرەو ئاسـتێکی بەرزتریـان بـرد، ئیتـر لـەو کاتـە بـە دواوە، مێـژووی جیهـان بەهێـزەوە بـەرەو باکـووری خۆرئـاوا پێشـکەوت. ئەگـەر قوتابخانەکـەت لـە بەریتانیـا بـا، رەنگـە ئـاگادار بکرابـای لـەوەی مێـژوو لـە خۆرهەڵاتـەوە (سـەرزەویی ئینجیـل) رووی لـە ئەسـینا، دواتـر رۆمـا، بـۆ فەرەنسـای فیوداڵـی و دواتـر بـۆ ئینگلتـەرەی نـوێ کـرد، وەکـو بڵێـی شـەمەندەفەری خێـرای خۆرهـەڵات بـەرەو خۆرئـاوا بەڕێکەوتـووە. دواتـر لـە قوتابخانەکانـی ئەوروپـادا، وێنەیەکـی عەلمانـی بـۆ جوگرافیـا لـە سـەر ناوچـە نائەوروپاییـەکان دەخرێتـە روو. ئەفەریقیاییـەکان هێشـتا کێـوی و بەربـەری و

گەلانی خۆرهەڵات داهێزراو و ستەمکاربوون. وەلێ گۆڕانکاریگەلی گرنگ لە پێوەندی لە نێوان ئەوروپا و ئەوانی دی لە سەدەی نۆزدەیەمدا روویان دا و لەتەک هاتنی ساڵی ۱۹۵۵دا، تیۆرێکی دیاریکراو لە سەر ئەم پێوەندییە لەم رەوتەدا جێگیربوو و ئیتر لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرا، بەوەی جوگرافیای سرووشتیی جیهانە. ئەوە بریتییە لەو تیۆرەی (دواتر لەم بەشەدا باسکراوە) کە بەوپێیە، نائەوروپاییەکان دەتوانن ئاستی شارستانی بەرز بکەنەوە و رەنگە لەتەک ئەوروپاییەکاندا یەکسان ببن، یان لای کەم لە ژێر چاودێریی ئەوروپا، واتە بە سەرپەرشتیی کۆلۆنیالیستی ئەوروپایی، لە ئەوروپاییەکانەوە نزیک بکەونەوە.

hewalname.com/ku/

گریمان ئێمە نیو سەدەی دیکە بەرەو پێشەوە هاتبین، بەرەو مێژوو و جوگرافیا کە لە سەروبەندی دووەمین جەنگی جیهانیدا دەخوێندرا. گۆڕانێکی ئەوتۆ رووی نەدا. پیاوی یەکەمی راستەقینە هێشتا کرۆ- ماجنونی ئەوروپاییە. کشتوکاڵ و هەروەها سەرەتاکانی شارستانی لە سەرزەویی ئینجیل داهێنراون. شارستانیی راستەقینە هێشتا هەر لە ئەسیناوە بۆ رۆما بۆ پاریس بۆ لەندەن دەچووە پێشەوە و رەنگە بەرەو نیویۆرک بڕوات. نائەوروپاییەکان کەمتر بەشداری لە مێژووی جیهاندا دەکەن، ئەگەرچی بە هۆی کاریگەریی ئەوروپاییەوە دەستیان بەمەکرد. (گەلانی کۆلۆنیال لە مامۆستاکانیانەوە فێردەبن و یابانیش سەرکەوتوانە لاسایی دەکاتەوە و بەمجۆرە...) هێشتا ئەوروپاییەکان لەوانی دی زیرەکتر، باشتر و چاونەترسترن[4].

٤. ئەم توێژینەوە خێرایە بۆ سەدوپەنجا ساڵ یان لەو نزیکانە، بۆ بابەتەکانی خوێندن لە سەر مێژووی جیهان بێگومان سەرلەبەر نەبووە. بۆیە دەتوانین هەندێ قسەمان لە سەر ئەو بابەتانەی خوێندن لە ماوەی نزیکەی ۰۵۸۱ (بەر یان دوای دەیەیەک لەم مێژووە) هەبێت. نشینگەی بنەڕەتیی مرۆڤ بریتییە لەو بەهەشتەی کە شوێنەکەی لە لایەن نووسەرانی بابەتە جۆراوجۆرەکانی خوێندنەوە دیاریکراوە، بۆ ئەوەی ببێتە بەشگەلی جۆراوجۆر لە رۆژئاوای ئاسیا. بە نموونە، لە شوێنێک رۆژهەڵاتی کەنعان لە نزیکی میزۆپۆتامیا (Robbins,The World Displayed in its History and Geography, 1832, p. 13) و لە شوێنێک لە چیاکان «کە لە رووی تەندروستییەوە سوودمەندبێت» لە نێوان دەریای خەزەر و کەشمیر یان تیبت (Müller, The History of the World to 1783, 1842، pp. 27, 43-44) و رەنگە نزیک لە سنووری دەریای سپیی ناوەڕاست (Tytler ، Universal

(history، From the Creation to the beginning of the Eighteeth Century, vol. 1, 1844، p. 17) و لە دۆڵی کەشمیر (Wikkard، Universal History in Perspective، 1845، p. 34) و لە شوێنێک لە نێوان چیاکانی قەوقاز و هیمالایا (Keightley, Outkines of History, 1849) و لە هیمالایا (Weber، Outlines of Universal History، 1853، p. 6) و لە ئەرمینیا (Collier، Outlines of General History، 1868). وا دیارە پێگەیەکی ناوەندیار هەبێت بۆ بەهەشت لە نزیکی چیاکانی قەوقاز کە ئەویش بێ هیچ ڕێکەوتێک ئەو شوێنە گریمانەیە بۆ ڕەچەڵەکی «ڕەگەزی قەوقازی». دیارە نوح دەستی بە مێژووکرد بۆ ماوەی دوای لافاوەکە لە سەر چیای ئارارات لە ئەرمینیا (و هەروەها لە نزیکی هەرێمی قەوقاز). ڕەنگە نوح بۆ ئەورووپا کۆچی کردبێت (Whelpley, A Compound of History, From the Earliest Times, vol. 1, 1844, p. 10)، یان بۆ میزۆپۆتامیا (Robbins، 1832، p. 20)، یاخود بۆ فەلەستین یان بەشێکی دی لە سەرزەویی ئینجیل. هەروەها ڕەنگە سێ کوڕەکەی نوح بڵاوەیان لێکردبێت و تاقمی مرۆییان دروست کردبێت کە بە یەکەم بڵاوبوونەوەی گەورە هەژمار دەکرێت. زۆربەی بڕیارەکان بۆ مێژووی ئەو ماوەیە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات، هەندێ لە بڕیارەکان برەو بەو بیرۆکەیەی هیگڵ دەدەن، گوایە مێژوو بەتوانستەوە بەرەو ڕۆژئاوا بە دوای خۆردا پێشدەکەوێت، لەتەک ئەو بیرۆکەیەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دوورترین ڕۆژئاوایە، شوێنی ئەورووپا دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی ببێت بە مەڵبەندی دواتری شارستانییەکانی جیهان.

لە رووی جیهانییەوە لەو ماوەیەدا ئەو بڕوایە هەبوو کە غەیری سپیپێستەکان مرۆڤ نەبوونە. کۆپییەک لەم تیۆرە ئیدعا دەکات کە بریتییە لە چەمکی «ئالۆزیی چینی» بەوەی خودا مرۆڤە ڕاستەقینەکانی خوڵقاند لە بەهەشتی عەدن و ڕەگەزەکانی دیکە — یان لای کەم «ڕەگەزی ڕەشپێست» — لە سەردەمگەلی دیکەدا. ئەو تیۆرە پرسیار دەکات سەبارەت بە تێگەیشتنی ئایدیالیی چاخی کۆن (هەموان نەوەی ئادەم و حەوان) بۆیە بەرز نابێتەوە بۆ ئاستی حەقیقەت لە نێوان ئەو بڕیارانەدا کە بۆی گەڕاونەتەوە و ئەمەیش شتێکی سەیر نییە. (نەگەڕاومەتەوە بۆ کتێبگەلێ کە بەکار دەبرێن لە باشووردا بەر لە جەنگ و تیۆری «ئالۆزیی چینی» ناسراو بوو بەلای ئەو هەرێمانەوە کە تیایاندا بەکارهێنانی کۆیلە زۆربوو وەکو بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی بۆ مامەڵەکردن لەتەک ڕەشپێستەکاندا لە سەر بنەمای ئەوەی ئەوانە شتن نەک مرۆڤ). وێڕای ئەوە، تیۆری ئالۆزیی چینی گرنگ بوو چونکە ناوبرا و دواتر ڕەتکرایەوە- ئەو بۆچوونەیان بەلاوە باشتربوو کە گشت مرۆڤەکان نەوەی ئادەم و حەوان- لە هەندێ لە کتێبەکانی خوێندندا تا کۆتایی سەدەکە (بڕوانە بە نموونە: Dew، A Digest of the Laws, Customs, Manners، and Institusions of the Ancient and Modern Nations, 1853, Fisher, Outlines of Universal History, 1885, Duruy Grosvenor, A General History of the World, 1901) وەلێ پێویستییەک نەبوو بۆ تیۆری ئالۆزیی چینی، و ئەو بڕوایەی کە غەیری سپیپێست پێگەیان نزمترە لە سپی جەختی لێکراوەتەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ ئەو کتێبانەی بۆی گەڕاونەتەوە. تیۆری «نشوست» هەمان کاری تیۆری ئالۆزیی چینی بەکاربرد. ئەمەیش بریتی بوو لەوەی کە نەوەکانی حام یان گەلگەلی ئینجیلیی دیکە کۆچیانکرد لە سەرزەویی ئینجیل بەرەو ڕۆژهەڵات و باشوور دواتر لە رووی شارستانییەوە نشوست بەرەو وەحشیگەرایی و ئەمە رووی دا چونکە مەسیحیان قەبوڵ نەکرد یان ئەوەی کۆچیانکرد بۆ ژینگەگەلی نزمتر یان بە هەر هۆیەکی دیکەوە.

(بە نموونە، بڕوانە Keightley, 1849, 5-6:»دیارە همجیەت بریتییە لە نشوست لە ژیانی شارستانییەوە» و ئەفریکاییەکان لە مەیموونەوە نزیکن). جەختکرایەوە لە سەر ئەم تیۆری نشوستە لە هەندێ لە کتێبەکانی خوێندندا و لە زۆربەیاندا حەقیقەتی باڵادەستیی ڕەگەزی سپی باسکراوە و بێ ڕوونکردنەوە لە سەری. دیارە مێژووی جیهان بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە مێژووی ڕەگەزی سپی یان گەلانی ئاریایی و سامی (بڕوانە خوارتر). لە سەردەمانی دوای سەردەمی ڕۆمانییەکان بە دەگمەن مشتومڕ لە سەر ناوچە نائەورووپییەکان دەکرا جگە لەوەی بەکاردەبران وەکو پاشخانێک بۆ مشتومڕەکانی جەنگەکانی خاچ پەرستان و بونیادنانی ئیمپراتۆرییە کۆلۆنیالیستەکان و شتی لەو بابەتە. (بڕوانە: Harris, The Rise Anthropogical Theory, 1968 بۆ مشتومڕێکی باش بۆ هەردوو تیۆری ئالۆزیی چینی و نشوست).

تا ڕادەیەک گشت کتێبەکان لە ماوەی ٩١٠٠ دا (چەند ساڵ پتر یان کەمتر) بڕوایان هێنا بە تیۆرە پرۆسەییە نوێکان سەبارەت بە تەمەنی زەوی و ڕاستیی گەشەکردنی بایۆلۆژی (و نەک تیۆری گەشەکردنی داروین). و بۆچوونی ئینجیلیان سەبارەت بە مێژووی مرۆڤایەتی پاراست لە گەلێ لە کتێبەکاندا، ئەگەرچی کەمینە بڕوایان



hawalname.com/ku

به بەرودوایی رووداوە سرووشتییەکان کرد بەو شێوەیەی لە چاخی کۆندا هاتووە (بە نموونە، دیارە شتەکان دەستیان پێکرد لە ٤٠٠٤ی بەر لە زایین). و کتێبەکان سەبارەت بەم ماوەیە کەوتنە ئەوەی ئەوە پێشکەش بکەن کە بە «تیۆری ئاریایی» ناودەبرێت، ئەمەیش تیۆرێکە وەرگیراوە لە فیلۆلۆژیاوە وەلێ شێوازی تیۆرێکی وەرگرت لە سەر مێژووی فەرهەنگی. زانیارانی سەرەتای زمانەوانی خێزانی زمانەوانیی «ئیندۆ-ئەوروپی» یان «ئاری» و هەروەها خێزانی سامی (کە گەلێ لە دەسەڵاتەکان بە کتێبی بڕیارەکانی خوێندن بە کوڕەکانی نوح، یافس و سام) کە رەگەزی سپی پێکدێت لەم دوو گەلە. لقێک لە ئارییەکان گریمانی ئەوە هەیە کۆچی کردبێت بۆ رۆژئاوای ئەوروپا (لە «بنەماڵەی ئاری»ی ئیدعاکراو، لە شوێنێک لە باشووری رۆژئاوا یان باشووری رۆژهەڵاتی قەوقاز). ئەو خەڵکانە پێشکەوتووبوون و چالاک و رێک ئەوان بوون شارستانیی ئەوروپایان دامەزراند دوای ئەوەی بوون بە مەسیحی لەو سامییانەی کە شارستانییە بەربەرییە سەرەتاییەکانیان و یەکتاپەرستییان داهێنا، وەلێ لە ئاستی فەرهەنگێکی خەواڵو و گەندەڵ بێ تەماحدا وەستان و دواتر نەیانتوانی لە رووی شارستانییەوە پێشبکەون. هیچ فەرهەنگێکی دی نەبوو لە دەرەوە کە پێگەیەکی مێژوویی هەبێت بە پێچەوانەی ئەم دوو فەرهەنگەوە ( بەپێی Fredman، General Sketch of Histry، 1872، p. 2 مێژوو»لە مانا راستەقینەکەیدا بریتییە لە مێژووی گەلانی ئاری لە ئەوروپادا» هەروەها بڕوانە Collier، 1868، Swinton، Outlines of the Worls History، 1874، Gilman، Firs Steps in General History، 1874، Anderson، New Manual of General History، 1882، Steele and Steele. A Briet History of Ancient، Medieval، and Modern Peoples، 1883، Fisher، 1896. Quackenbos، illustrated School History of the World، 1889. Thalheimer، Qutline of General History for the Use of Schools، 1883. Sanderson، History of the World from the Earliest Time to the Year 1898. Duruy and Grosvenor، 1901 بلوتز وتیلجناست ئەم تیۆرەی پێشکەشکرد لە (of Epitome Ancient، Medieval، and Modern History) کە بۆ یەکەم کەڕەت لە ٣٨٨١د پەخش کرا و لە چەندین چاپی دیکەدا تا ١٩٢٥ تا گەیشتە بە چاپکردن بارنز پێیبەخشی ئەوەبوو ئەم تیۆرە بەتەواوی دوورخرایەوە). بڕوانە Bernas BlirckAthena (١٩٨٧-١٩٩١)بۆ قسەکردن لە سەر فگنەکانی بۆ تیۆری ئاری و بابەتگەلی پەیوەست پێیەوە لە مێژووی فیکری ئەوروپیدا.

چونکە چاخی کۆن باس لە کشتوکاڵ دەکات — قابیل چاندنی زانیوە هەروەها ئیبراهیم ئاژەڵی ماڵی پەروەردە کردووە — کتێبە مێژووییەکانی توێژینەوە روویان لەوەکرد کە مشتومڕ نەکەن لە سەر کێشەی شوێنی داهێنانی کشتوکاڵ تا کاتێکی درەنگ لە سەدەی نۆزدە، ئەو ماوەیەی کە تیایدا زانست دەستیکرد بە باسوخواسی ئەم کێشەیە. هەندێ لە زانیاران و نووسەرانی بڕیارەکانی توێژینەوە دەستیانکرد بە بیرکردنەوە لەوەی رەنگە کشتوکاڵ لە کیشوەری ئەوروپادا کۆن بێت بەوجۆرەی لە رۆژئاوای ئاسیا و میسر بوو. (لە سۆنگەی زانستییەوە، بڕوانە (Joly، Man Before Metals، 1897). وەلێ بیرۆکەی ئەوەی کشتوکاڵ سەریهەڵدابێت لە سەرزەویی ئینجیل هەر باڵادەست بوو ئەگەرچی ئێستا وا تەماشا دەکرێت (لە لایەن زۆرینەوە) کە بریتییە لە داهێنان نەک پرۆسەی ئەفراندنێکی ساختە. راستیی ئەتنۆگرفی ئەوەیە کە هەندێ لە گەلانی خێڵەکان (بە نموونە ئوستراليا) کاری کشتوکاڵیان نەکردووە ئەوە باسکراوە لە کتێبەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لەبەر رۆشنایی تیۆری نشوستدا: نەوەکانیان ئەم هونەرەیان لەدەست دا بە شێوەیەک لە شێوەکان. لە کاتێکی درەنگ لەو سەدەیەدا ئیتر بوو بە شتێکی باو بەکارهێنانی بیرۆکەی تیۆری بڵاوبوونەوەکردن کە کشتوکاڵ داهێنراوە لە رێگەی گەلانی رۆژئاوای ئاسیا یان ئەوروپاوە، دواتر بڵاوبوونەوەیکردووە بۆ گشت جیهان و ئەو فەرهەنگانەی لە چاخە نوێکاندا ئەو کارەیان نەکردووە بە ئاسانی بەدەستیان نەهێناوە یان بە هۆی دابڕانیانەوە بووە یاخود بە هۆی دەبەنگییان لە دەستەبەرکردنی.

شەمەندەفەری خێرای رۆژهەڵات شەمەندەفەرێکی بەناوبانگ بوو لە نێوان رۆژئاوای ئەوروپا و رۆژئاوای ئاسیادا. ئەگەرچی رەوتە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی لە سەردەمانی جۆراوجۆردا بەکارهاتوون وەلێ هێڵی بنەڕەتی لە قوستەنتینە (ئەستەنبوڵ)ەوە رەتبووە یۆنانی بڕیوە بۆ باکووری ئیتاڵیا و مەجەر دواتر بۆ فەرەنسا و (لە رێگەی ئۆستند لە بەلجیکاوە) بۆ ئینگلتەرا. زۆربەیژنووسەرانی بڕیارەکانی توێژژینەوە سەبارەت بە مێژووی جیهان وا دەنووسن کە بەرەو باکووری رۆژئاوا رۆیشتبێت وەکو شەمەندەفەری رۆژهەڵات کە بەرەو رۆژئاوا چووە کە خاوەنی ویستگەگەل بووە (ئەگەر بکرێ بەم شێوەیە گوزارشی لێبکرێت) لە ئەسینا، رۆما، پاریس و لەندەن. (بڕوانە بەندی دووەم بۆ باسوخواسی درێژ لە سەر نموونەی شەمەندەفەری رۆژهەڵات).

دەتوانین هەموو ئەمانە بە جۆرێ چڕ بکەینەوە کە لەم کتێبەدا سوودمەندبێت. دیارە ئەوە بریتییە لە بیرۆکەی ئەوەی، جیهان دەرەوە و ناوەوەی هەیە. مێژووی جیهان جاران و ئێستایش بریتییە لە مێژووی ناوەوە. دەرەوەیش بێ ئەوەی بە بابەتەکەوە بەسترابێتەوە مایەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین، مێژوو و جوگرافیای مێژوویی بەوجۆرە تاوتوێ دەکرا و دەخوێنرا و دەنووسرا و ئەوروپاییەکان تا دووەمین جەنگی جیهانی بەوە بیریان دەکردەوە و تا ئێستایش لە گەلێ دەڤەردا دەکەوێتە ناو تونێلی زەمەنەوە. دەتوانین بڵێین، دیوارەکانی ئەم تونێلە بریتییە لە سنووری شوێن بۆ ئەوروپای گەورە. دیارە مێژوو بریتییە لە هەوڵی روانین بۆ دواوە، لە رێگەی تونێلی زەمەنی ئەوروپایی و هەوڵی جیاکردنەوەیە لەوەی کەی و لە کوێ و بۆچی رووی دا. ئەو پرسیارە راست دەبێتەوە، بۆچی پێوەندیی لە نێوان رووداوە مێژووییەکاندا نەبێت، وەلێ لە نێوان ئەو رووداوانەدا هەبێت کە دەکەونە ناو تونێلی ئەوروپاییەوە. هەموو شتێک لە دەرەوەی ئەم تونێلەدا، وا دەردەکەوێت وەکو بڵێی لاساییکردنەوەیەکی وشک و وەستاو و تاهەتاییە. ئەم شێوازی رامانە بە "دیدی تونێلی بۆ مێژوو" یان بە شێوەیەکی سادەتر بە "مێژووی تونێلی" ناو دەبەم.

شێوە کۆنە نائەوروپاییەکە لە مێژووی تونێلیدا پشتگوێ خرا، بڕیارەکانی توێژینەوە و خوێندن و ئەتڵەسەکان، چەندین لاپەڕەی کەمیان بۆ ناوچەکانی دەرەوەی ئەوروپای گەورە (واتە ئەوروپا و نشینگە ئەوروپاییەکانی ئەودیوی دەریاکان و خۆرهەڵاتی نزیک، لە حاڵەتی مێژووی کۆن بۆ جەنگە خاچپەرستەکان) تەرخان کرد، تا دەگەینە ساڵی ١٤٩٢. ناوچە نائەوروپاییەکان (ئەفەریقیا، ناوچەکانی ئاسیا، ئەوانەی دەکەونە خۆرهەڵاتی سەرزەویی ئینجیل، ئەمەریکای لاتین و دوورگەکانی ئۆقیانووسی ئارام)

hewalname.com/ku/

گرنگییەکی بەرچاویان پێدرا، لەبەر ئەوەی بۆ تەنێ چالاکییە کۆلۆنیالیستە ئەوروپاییەکان گۆڕەپانێک بوون. هەروەها زۆربەی ئەوەی لە سەر ئەم ناوچانە گوتراوە، لە بنەڕەتدا بریتییە لە مێژووی ئیمپراتۆری[٥]. لەم بابەتە کۆنانەی خوێندن و ئەتڵەسە مێژووییەکاندا، گرنگیی زۆر نەدرابوو تەنێ بە ئەوروپای گەورە، بەڵکە مێژووی جیهان وا وەسف دەکرا کە بە ڕێکوپێکی لەتەک گوزەری کاتدا لە لایەنی خۆرئاوا لە سەرزەویی ئینجیل بۆ خۆرهەڵاتی ئەوروپای ناڤین و بۆ باکووری خۆرئاوای ئەوروپا هەڵدەقوڵێت. ئەگەر بێتو تێبینیی دەرکەوتنی ئەو شوێنانە بکەین کە لەم سەرچاوانە، واتە تێکڕای ناوی شوێنەکانی هەرێمگەلی جۆراوجۆر و لە ماوەگەلی جۆراوجۆردا هاتوون، ئەوا دەتوانین یەکسەر دەرکی ئەم شێوازە بکەین. لە دەستپێکترینی ئەو ماوانەدا، چەقبەستن لە سەر ناوهێنانی ناوی شوێنەکان لە سەرزەویی ئینجیل و ناوچە خۆرهەڵاتییە سەرپەڕەکان لە دەریای ناوەڕاستدا هەیە. لە ماوەکانی دواتردا، لە ماوەی دەوروبەری ١٠٠٠ی بەر لە زاییندا، چەقبەستنی ناوهێنان لە سەر ئەو شوێنانە دەبێت کە لە خۆرئاوا و باکووری خۆرئاوا نزیکترن و لە کۆتاییدا چەق لە سەر باکووری خۆرئاوای ئەوروپا دەبەستێت. ئەمەیە شێوازی شەمەندەفەری خێرای خۆرهەڵات کە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد.

وەلێ دوای دووەمین جەنگی جیهانی، بابەتەکانی خوێندن کەوتنە ئەوەی

٥. لە بابەتەکانی خوێندن لە سەر مێژووی جیهان لە سەدەی نۆزدەیەمدا، تورکیا هەندێ بایەخی بە بەشە سیاسییەکانی لە کاروباری ئەوروپیدا دەدا. جوگرافیای جیهان بە پێچەوانەی مێژووی جیهانەوە، گەلێ جار گشت جیهانی دەگرتەوە و بابەتەکانی خوێندن وێڕای کارە جوگرافییە وەسفییە مەزنەکان کە چەند لایەنەبوون (وەکو Recluśs classic 19 volume Nouvelle Géographie Universelle، published between 1876 and 1894) گرنگییەکی گەورەی بە ئاسیا، ئەفریکا و ئەمەریکای لاتین دا، نابێ ئەمە گومڕامان بکات. یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی جوگرافیا لەو ماوەیەدا کرابێت، بریتییە لە فێرکردنی منداڵانی ئەوروپی لەو پێویستییەیان لە سەر ئەوەی لە سەر جیهانی نائەوروپی بیزانن، تا بتوانن بەشداری لە چالاکییەکانی وڵاتە ئیمپریالی و بازرگانییەکەیان لەو هەرێمانەدا بکەن. بڕوانە Hudson، "The new Geography and the new Imperialism: 1870-1918" (1977) and McKay، "Colonialism in the French Geograpgical Movment" (1943) سەبارەت بە پێوەندیی بەهێز لە نێوان جوگرافیا و چالاکییە داگیرکارییەکاندا.



hewalname.com/ku

شـێوازێکی دیکـە بخەنـە روو کـە بـۆ مێـژووی تونێلـی ژیرانەتربـوو. ئەوەبـوو جیهانـی نائەوروپایـی، لـە سـەروبەندی دەرهاویشـتەکانی جەنـگ لەتـەک یابـان، لـە سـەروبەندی خەباتـی تونـد دژی کۆلۆنیالیـزم و لـە بزاوتـی مافـی مەدەنـی لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا و شـتی لـەو بابەتانـەدا، بـە زۆر سـیخناخی نـاو هۆشـەکیی ئەوروپایـی کـران. هەروەهـا گەلـێ لـە بابەتگەلـی باشـی خوێنـدن، بەشـدارییان لـە تاوتوێکردنـی مێـژووی نائەوروپاییـدا کرد و شتگەلێ سـەبارەت بە دەسـتکەوتە مێژووییەکانـی فەرهەنگگەلـی نائەوروپایی باسـکران. هەروەها زۆربەی بابەتـەکان رومالێکـی گەشەسـەندنانەیان خسـتە سـەر مێـژووی نائەوروپایـی، بـە دوورکەوتنـەوە لـە شـێوازە کۆنەکـە کـە ئـەم کۆمەڵگانـەی بـە هـۆی وەسـتاوی و وشـکبوونیانەوە دادەبـڕی. ئێسـتا کۆمەڵگەکانـی ئاسـیا وا وەسـف دەکرێـن، بـەوەی خاوەنـی بزاوتێکـی گەشەسـەندنانەن، وەلـێ خاوتـر لـە گەشەسـەندن لـە ئەوروپـا. هێشـتا ئەفەریقیـای کەمـێ بـەر لـە سـەردەمی کۆلۆنیالیسـتی وا وەسـف دەکرێـت، بـەوەی وشـک و بـێ جووڵـە و بـێ مێـژووە. گرنگیـی پتـر بـە ئاسـیا درا. بەهـەر حـاڵ، ئەفەریقیـا و بەشـی خۆرئـاوای گـۆی زەوی لـە ماوەکانـی بـەر لـە ١٤٩٢دا، بایەخـی کەمتریـان پێـدرا. هەروەهـا شـێوازی ناوهێنانـی شـوێنەکان لـە زۆربـەی- نـەک هەمـوو- کتێـب و ئەتڵەسـەکاندا، ئامـاژەن بـۆ ئاراسـتەیەک بـەرەو خۆرئـاوا و باکووری خۆرئـاوا، لـە خۆرهەڵاتـی نزیکـەوە بـەرەو ئەوروپـای خۆرئـاوا. تیـۆری مێـژووی تونێلـی کۆنترۆڵـی زۆربـەی بابەتەکانـی خوێندنـی کـرد، لـە گرنگترینـی پرسـەکاندا: پرسـیار لـە سـەر "بۆچـی؟" یـان لـە سـەر راڤەکـردن. چونکـە گەشـەکردنی مێژوویـی رووی دا، لەبـەر ئـەوەی ئەوروپـا داهێنـان یاخـود پێشـدەسـتی لـە داهێنانـە گرنگەکانـدا کـرد کـە دواتـر لـە سەرانسـەری جیهانـدا بڵاوبوونـەوە. بابەتەکانـی خوێنـدن وێنەیەکیـان بـۆ جیهـان خسـتەروو، تیایـدا ئـەو هـۆکارە مێژووییانـە هەبـوون بـۆ تونێلـی ئەوروپاییـی کاتەکـی، ئەگەرچـی

**دەرەتانی ئەوە هەبوو، دەرەنجامە مێژووییەکان لە هەرشوێنێکی دی لە جیهاندا ببینرێن.**[٦]

٦. دیارە، دەکرێ رەفتاری پێڕەوی نوێ ببینرێت، ئەگەر بێتو بڕوانین بە دوان لە بابەتەکانی خوێندنی بەکۆمەڵی ناسراودا، یەکەمیان لە نووسینی W. H. McNeill لە زانکۆی شیکاگۆ A World History، 3rd.، 1979 و دووەمیان لە نووسینی J. M. Roberts لە زانکۆی ئۆکسفۆرد The Hutchinson History of the World, 2d ed., 1987 لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لە ژێر ناوی The Penguin History of the World پەخشکرا. سەبارەت بە مێژووی جیهان لە سەردەمی بەر لە مەسیحایەتیدا، پتر لە سێ لە سەر چواری ناوی شوێنەکان لە هەردوو ئەو کتێبەدا، بریتین لە شوێنگەلێ لە ئەورووپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بە باکووری ئەفریکایشەوە). کەمتر لە چواریەکی ناوەکان بریتین لە بەشگەلی دیکە لە جیهان و نزیکەی ١٪ تەنێ لە ئەفریکا بوون. لە سەردەمی مەسیحایەتیدا تا ١٤٩١ی دوای زایین، دوورکەوتنەوەیەکی گرنگ لە نێوان دوو کتێبەکەدا هەیە. لە کتێبەکەی Roberts دا، شوێنە ئەورووپییەکان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیکەی ٨٥٪ لەو ناوچانە دەگرێتەوە کە ناومان بردن. لە کتێبەکەی McNeill دا، ناوچە ئەورووپییەکان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنێ ٦٠٪ی ناوچە ناوبراوەکان دەگرێتەوە. دوورکەوتنەوەیەک لە پێڕەویکردنە کۆنەکە هەیە، ئەگەرچی هێشتا لە رووی رووبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە، لەتەک قەوارەی ئەو هەرێمەدا نەگونجاوە. (ناوچەکانی باشووری بڕاپۆنەکانی ئەفریکا تەنێ بە ٢٪ ناوبراوە، لە کۆی ئەو شوێنانەی لە ماوەی نێوان ١٩٤١-١ی دوای زاییندا ناویان هاتووە). بۆیە لە هردوو کتێبەکەدا، ئەوەی بە «ئەورووپای گەورە» ناوبراوە، گرنگییەکی ئەوتۆی سەبارەت بە مێژووی بەر لە ١٤٩٢ نییە، بە پێچەوانەی حاڵەتەکە لە بابەتەکانی کۆنتر لە مێژووی جیهاندا. وەلێ لە رووی روونکردنەوەوە، ئەوا هەردوو نووسەرەکە دەستبەرداری تێڕوانینی کۆنباو نابنەوە. رۆبرتس هیچ رۆڵێکی هۆکاری نادات بە فەرەنگەکان و هەرێمەکانی جیهان، جگە لە ئەورووپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بە باکووری ئەفریکایشەوە) نادات بۆ هەر سەردەمێکی بەر لە ١٤٩٢. لە کاتێکدا McNeill قورساییەک بە رۆژهەڵاتی ئاسیا و هەندێ لە باشووری ئاسیا دەدات، بۆ ماوەگەلی مێژوویی دیاریکراو، وەلێ گشت هێزە دروستکەرەکانی مێژوو لە ئەورووپا، رۆژئاوای ئاسیا، و باکووری ئەفریکاوە، لە ماوەی بەر لە ١٤٩٢دا سەرچاوە دەگرن. (ریزپەڕ بریتییە لە تاعون بەپێی McNeill کە رۆژئاوای گرتەوە لەو هەرێمانە لە ئاسیای دووردا. لەم پرسەدا، بڕوانە بە کتێبی McNeill Plagues and Peoples، 1976 دا. چەندین نموونە پێشکەش دەکەم بۆ راڤەکردنەکانی سێنترالیزمی ئەورووپا کە لەلایەن هەردوو نووسەرەوە لە بەندی دووەمی ئەم کتێبەدا پێشکەشکراون.

بەهەر حاڵ ئەوە بەس نییە، ئەمڕۆ تەنێ بڕوانین بە بابەتەکانی خوێندندا کە وا ناسراوە گوایە بریتین لە بابەتگەلێ لە سەر « مێژووی جیهان». گەلێ جار بابەتەکانی خوێندنی زانکۆکان تاوتوێی مێژووی جیهان دەکەن، لەوەدا چەند کتێبێک بەکار دەبەن لە ژێر ناوی وەکو «مێژووی شارستانیی رۆژئاوا». (بە نموونە، بڕوانە Lerner, et al.، Western Civilizations: Their History and Their Culture، 1988. Kagan، et al.، The Western Heritage، 1987, Chambers, et al., The Western Experience, 1987. ئەگەر وەها کتێبێک جیهانی نارۆژئاوایی پشتگوێ بخات، ئەوا کەس سکاڵای نییە لەبەر ئەوەی گومڕاکەرە. دیارە ناوونیشانەکە بە روونی دیاری دەکات: "رۆژئاوا" نەک "جیهان". وەلێ ئەگەر بابەتی خوێندنەکە تایبەتکرابێت بە "مێژووی جیهان" و کتێبەکە بە "مێژووی رۆژئاوا" تایبەت بێت، ئەوا بەڵگەکەمان کێشەیە، چونکە رەنگە سیناریۆی خراپتر ئەوە بێت کە تیایدا وانەوتنەوەی مێژووی جیهان تیایدا بەردەوام دەبێت، بۆ ئەوەی مێژووی سێنترالیزمی ئەورووپا خۆی گۆڕیبێت. نازانم چ توێژینەوەیەک ئەم گریمانە تاقیدەکاتەوە: لە بڕوای ئەمڕۆمانەوە، ئەوا مێژوونووسەکان هەستیارن بەرامبەر نیاز بۆ دوورگرتنی تایبەتمەندیی سێنترالیزمی ئەورووپی بۆ وانەوتنەوەی مێژووی جیهان، ئایا هەندێکیان بە ئاسانی هەڵدەستن بە گۆڕینی ناوونیشانەکە بۆ "رۆژئاوا"، تاوەکو سێنترالیزمی ئەورووپی ببێت بە خەڵاتێک؟ و دووەم: ئایا دەکرێ یەک ئاراستەی دوور هەبێت لە وانەوتنەوەی مێژووی "جیهان" و بە ئاراستەی مێژووی "رۆژئاوا" و کاردانەوەی (یان خۆگونجان) لەتەک خواستەکانی چەرخی ئەمێستادا،

hawalname.com/ku

بابەتەکانی خوێندن پتر لە کتێب، بە پەنجەرەیەکی گرنگی کراوە بە رووی فەرهەنگدا هەژمار دەکرێن. چونکە گوزارش لە دارشتنێکی نیمچە فەرمی دەکەن، بۆ ئەو دەستەبژێرەی راوبۆچوون دەخولقێنن لە فەرهەنگی ئەوەی گەنجانی خوێندەوار لە رۆڵەکانی برِوایان بە راستی و دروستیی راوبۆچوونەکانیان لە سەر جیهانی رابردوو و جیهانی ئەمێستا هەبێت.[٧] هەروەکو بینیمان، بابەتەکانی مێژووی ئەوروپایی یان ئەمەریکی- ئینگلیزی جەخت لەوە دەکەن، زۆربەی هۆکارەکانی گەشەکردنی مێژوویی لە بلۆکی ئەوروپایی لە جیهاندا روویانداوە یان خەملێون. بابەتەکانی خوێندن لە سەرەتا و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا، روویان لەوەکرد زەمینەیەکی ئایینی بە مێژووی تونێلی بۆ سێنترالیزمی ئەوروپایی ببەخشن. لە بابەتەکانی خوێندنی دواتردا، چیتر ئینجیل بۆ راستیی مێژوویی سەرچاوەیەک نەبوو. دیارە سەدەمکاری قووڵ لە وێنەی تیۆریی نادیار و ناوەڕۆکیدا، کۆکن لە سە برِوابوون بەوەی گەلانی مەسیحی مێژوو دروست دەکەن، لەتەک برِوایەکی دیکە کە گەلانی سپیپێست مێژوو دروست دەکەن. هەردووکیان پێکەوە

لە بەرامبەر "دادپەروەری" و لە دژەفیکرگەلی سێنترالیزمی ئەوروپی گوزارش لەم ئاراستەیە بکات؟

٧. بەڕاستی، کتێبی قوتابخانە بە بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵایەتیی گرنگ هەژمار دەکرێت، جۆرێکە لە دەپی نوێی رێنمایی. لە حاڵەتێکی نموونەییدا، کتێب پەسەند دەکرێت، وەکو بابەتێکی خوێندن بۆ قوتابخانەی ئامادەیی (یان ساڵێکی خوێندنی کەمتر)، دوای ئەوەی بە باشی لەلایەن پەخشکار و ئەنجوومەنی قوتابخانە و کارگێڕەکانەوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت، هەر یەکەیان خاوەنی ئاستێکی بەرزن لە هۆش، سەبارەت بە پەخشی پرەنسیپی پەسەندکراو. دیارە ئەوان گرنگی دەدەن بەوەی قوتابیان تەنێ راستییەکان دەخوێنن لە کتێبەکەیاندا کە پەسەندکراوە لە سۆنگەی دەستەبژێری پێکهێنەری راوبۆچوون لە فەرهەنگدا. دەرەنجام ئەوە بریتییە لە کتێبێک کەمترە لەوەی بریتی بێت لە کتێبی نووسەرێکی ئاسایی، پتر لەوەی بریتی بێت لە رێگەپێدراوێکی کۆمەڵایەتیی کراوە، ئەوانە لەخۆ بگرێت کە راست و دروست و پەسەندن بۆ چوونە ناو ئەقڵی منداڵەوە. بۆیە توێژینەوە لە بابەتەکانی خوێندندا (بە کتێبی ئەو کۆلێژانەیشەوە کە بە هەمان پرۆسەدا رەتدەبن، وەلێ بە شێوازێکی ناوەڕۆکیانەتر) ئەوە لە راستیدا، توێژینەوەیەکی ئیتنۆگرافییە. ئەمە لە گەلێ لە سیستمی بیروباوەڕەکانی چینی دەستەبژێر ئاگادارمان دەکاتەوە کە پێکهێنەری رای فەرهەنگیین وەکو کۆ. بۆیە، لە راستیدا برِیارە جوگرافییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بریتین لە بەڵگەنامەگەلی ئیتنۆگرافی. لە بەرانبەردا کتێبەکانی مێژوو بریتین لە بەڵگەنامەگەلی ئیتنۆمێژوویی. ئەوانە رێک وەکو بەرهەمە فەرهەنگییە ساختەکان سوودمەندن، وەکو هەر پارچەیەک لە گڵێنەی شکاو یان نەخش. برِوانە بە دوا بەشی ئەم بەندەدا.

hewalname.com/ku

ئـەو تیـۆرە پێکدەهێنـن کـە سرووشـتییە بـۆ ئەوروپاییـەکان داهێنـان بکـەن و پێشبکەون و بۆ نائەوروپاییەکانـە لـە شـوێنی خۆیانـدا بمێننـەوە و تەقلیدیبـن، تـا ئەمیر لـە خـەو، وەکـو کیـژە جوانـە نووسـتووەکە (لـە ڕۆمانـی کلاسـیکی لـە چیرۆکـی منداڵانـدا) بەخەبەریـان دەکاتـەوە. ئەگەرچـی هێشـتا ئـەو بۆچوونـە باوە نەژادپەرسـتییە و ئـەو بیرۆکەیـە ڕەتکراونەتـەوە کـە نائەوروپاییـەکان هەمیشـە چەقبەسـتوو و تەقلیدیـن.

هەمیشــە قوتابخانــەکان لــە وتنــەوەی بابەتــەکان و فیکـرە باشــەکاندا دوا دەکـەون. چەنـدە ئـارەزووم دەکـرد بڵێـم، فیکرەکانـی ڕابـردوو لـە سـەر نـاوەوە و دەرەوە شـتێک نیـن، جگـە لـە شـتگەلی دروسـتکراوی ڕواڵەتیـی سـاختە و لــە هەنـدێ لـە قوتابخانەکانـدا، بـە هـۆی جیاوازیـی کاتـەوە، لـە نێـوان توێژینـەوە و وانەوتنـەوەدا دەخوێنرێـن، وەلـێ لەلایـەن توێـژەرە ڕاستەقینەکانەوە ڕەتکراوەتـەوە کـە بەدواداچـوون بـۆ توێژینـەوەی مێژوویـی و کتێبگەلـی گرنـگ و کاریگـەر لـە مێـژووی جیهانـدا دەکـەن. وەلـێ ئەمـە ڕاسـت نییـە. دیـارە ئـەو لایەنـەی ئێمـە مەبەسـتمانە، بریتییـە لـە ڕاڤەکردنـی ئـەو هەڵقوڵینـە گەورانـە لـە مێـژووی جیهـان و ئـەو ڕاوبۆچوونانـەی ئەمـڕۆ توێژەرانـی مێـژوو دەیخەنـە ڕوو، بـەو لایەنـەدا دەڕۆن کـە بەتـەواوی پێـودان بـن لەتـەک ئـەو تیۆرانـەی لـە بابەتەکانـی خوێندنـدا خراونەتـە ڕوو. دەکـرێ ئـەو ڕاسـتییە وەلاوە بنێیـن کـە زۆربـەی بابەتەکانـی خوێنـدن کـە ئەمـڕۆ بـە زۆری بەکاردەبرێـن- وەکـو جـاران - توێژەرگەلـی بەناوبانگـی مێـژوو نووسـیویانە. بـۆ پێبەسـتبوونی توێژینـەوەی ئەکادیمیـی مێژوویـی بـە ڕاڤەکارییەکانـی سـێنترالیزمی ئەوروپاییـەوە، بـۆ زۆربـەی گەشـەکردنە گرنگـەکان لـە مێـژووی جیهانـدا، گەلـێ هـۆکاری فەرهەنگیـی ئاڵـۆز هەنـە. دواتـر هـەر لـەم بەنـدەدا، هەنـدێ لـەم هۆکارانـە ڕووندەکەینـەوە و لـە بابەتگەلـی جۆراوجـۆر لـەم کتێبـەدا، دەگەڕێینـەوە سـەری. لێـرەدا بـەوەوە

دەوەستین، تێبینیی گرفتێکی سەیر بکەین: مێژوونووسان تۆمارێکی مەزنیان لە جیاکردنەوەی توێژینەوەدا هەبووە و کەمتر لایەنداری یان شێواندنێکی بەئەنقەست لە کارەکانیاندا دەبینین. هەروەها بڕیاردانی کەمتر لە سەر سەدەمکاریی مێژوویی پێبەست بە هەمان بنجبڕیی پێڕەوەکانی توێژینەوە دەبینین کە لە هەر بوارێکی دی لە توێژینەوەی ئەکادیمیدا هەیە. ئەوە تەنێ کاتێ بگەینە خۆدان لە بابەتگەلی سەدەمکاریی گەورە و کایەکانی راڤەکردنی گەشەکردنی مێژوویی، بە درێژایی ماوەگەلی تولانی و هەریمگەلی گەورە و روونکردنەوەی شۆڕشە کاریگەرەکان لە مێژوودا، ئەوسا تەنێ ئەوسا، دەبینین سێنترالیزمی ئەوروپایی کاریگەریی خۆی بە سەر وتاردا دەسەپێنێت و ئەمەیش گەلێ جار و هەر بەو شێوەیەی دواتر دەبینین، دەبێتە هۆی پەسەندکردنی تیۆرگەلی لاواز، ئەگەرچی بەڵگە بۆ پشتگیریکردنیان نییە.

هێشتا زۆربەی مێژوونووسە ئەوروپاییەکان ئەو بیرۆکەیەیان بەلاوە پەسەندە کە زۆربەی رووداوە مێژووییە گرنگەکان- یان ئەوانەی رەوتی مێژوویان گۆڕیوە- لە ئەوروپا، یان بە هۆی هێزێکی پاڵنەرەوە لە ئەوروپادا روویانداوە (هێشتا ئەوروپا سەبارەت بەوان، بە مانای ئەوروپای گەورەیە). بۆ ئەوەی ئەم راستییە روونبکەینەوە، لیستێکیی بەرودوا لە رووی مێژووییەوە، بۆ زنجیرەیەک لە ئیدعا گرنگ و چەقبەستووەکان لە سەر ئەوروپا دەخەمە روو و زۆربەیان لەلایەن زۆرینە و لە هەندێ حاڵەتدا، لەلایەن زۆرینەی هەرە زۆری توێژەرانی مێژوویی ئەوروپاییەوە پەسەندن. هەندێ لەم ئیدعایانە راستن. وەلێ ئەمە دۆزەکە نییە، بەڵکە دۆزەکە بریتییە لەوەی روونی بکەینەوە، چۆن رامانی مێژوویی هێشتا لە ئەوروپای گەورەدا چەقی بەستووە، بەوەی بریتییە لە سەرچاوەی جێگیری مێژوو:

١. شۆڕشی چاخی بەردینی نوێ- داهێنانی کشتوکاڵ و سەرەتای ژیانی سەقامگیری مرۆڤایەتی- لە خۆرهەڵات (یان سەرزەویی ئینجیل)دا رووی دا. بەر لە ١٩٣٠ کەس ئەم راوبۆچوونەی رەتنەدەدایەوە و تا ئێستایش گوزارش لە رای زۆرینە دەکات.

٢. دیارە دووەم هەنگاوی گرنگ لە گەشەکردنی فەرهەنگی دەربارەی شارستانیی نوێ، بریتییە لە سەرهەڵدانی وڵاتە کۆنەکان و شارەکان و ئایینە رێکخراوەکان و سیستمگەلی نووسین و دابەشکردنی کار و شتی لەو بابەتە، هەمویان لە خۆرهەڵاتدا روویان دا.

٣. چاخی کانزاکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستیپێکرد و کاری ئاسن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست یان خۆرهەڵاتی ئەوروپادا بەکارهێنرا و یەکەم جار چاخی ئاسن لە ئەوروپادا سەریهەڵدا.

٤. بۆ یەکەم جار یەکتاپەرستی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سەریهەڵدا.

٥. دیموکراسی لە ئەوروپا (لە یۆنانی کۆن)دا داهێنرا.

٦. زۆربەی زانستە پەتییەکان، ماتماتیک، فەلسەفە، مێژوو و جوگرافی لە ئەوروپادا داهێنران.

٧. کۆمەڵگەی چینایەتی و خەباتی چینایەتی، بۆ یەکەم جار لە سەردەم و هەرێمەکانی یۆنان- رۆمانیدا[8] سەریانهەڵدا.

٨. ئیمپراتۆریی رۆمانی یەکەمین دەوڵەتی ئیمپراتۆریی مەزن بوو. رۆمانەکان بیرۆکراسی و یاسا و ئەم جۆرە شتانەیان داهێنا...

---

٨. مارکسیستەکان لە هەوادارانی سێنترالیزمی ئەوروپی بایەخێکی زۆر بەم باسوخواسە دەدەن، چونکە ململانێی چینایەتی بە لای ئەوانەوە، بریتییە لە هێزی بنەڕەتی لە گەشەکردنی مێژوویيدا.

٩. هەنگاوی گرنگی دواتر لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بریتی بوو لە فیوداڵیزم لە ئەوروپا، لە ژێر ئاڵای فەرەنسییەکاندا رووی دا.[٩]

١٠. ئەوروپاییەکان کۆمەڵێ لە تایبەتمەندیی تەکنەلۆژیایان لە چاخەکانی ناڤیندا داهێنا، ئەمەیش باڵادەستی بەوان بەخشی بە سەر نائەوروپاییەکاندا (چەندین راوبۆچوونی جۆراوجۆر لە سەر ئەم پرسە هەیە).

١١. ئەورۆوپییەکان دەوڵەتی نوێیان داهێنا.

١٢. ئەوروپاییەکان سەرمایەدارییان داهێنا.

١٣. تەنێ ئەوروپاییەکان سیفەتی سەرچڵییان تیادابوو، دەبینین ئەوان دۆزەرەوە و داهێنەری مەزنیان تیادا هەڵکەوت.

١٤. ئەوروپاییەکان پیشەسازییان داهێنا و شۆڕشی پیشەسازییان دروستکرد.

بەمجۆرە تا ئێستا بەردەوامن.

گشت ئەم ئیدعایانە لەم لیستەدا، بریتین لە پرەنسیپگەلێ کە بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن توێژە ئەوروپاییەکانی مێژووەوە جێگەی پەسەندن، ئەگەرچی (وەکو دەبینین) جیاوازیی بۆچوونی ئەکادیمیای لە سەر هەندێکیان هەیە. هەموو ئەمانە بەو مانایەیە، ئێمە (تۆ و من) رەنگە ئەم شتانە لە قوتابخانەی سەرەتایی و رەنگە لە زانکۆ و رەنگە لە کتێب و رۆژنامەکانەوە فێربووبین. فێری ئەوە بووین، هەموو ئەمانە حەقیقەتن. وەلێ ئایا وایە؟

٩. دان بەوەدا نراوە کە شێوەیەک لە فیدالیزمی سیاسی لە سەر دەستی چینییەکان گەشەی کردووە، وەلێ زۆربەی توێژەرە ئەوروپییەکان بە زۆربەی مارکسیستەکانەوە، لەو بڕوایەدان فیودالیزمی ئەوروپی بێ هاوتابووە، لە پێشکەشکردنی شێوازێک بۆ کۆمەڵگە کە گرنگ و چالاک بووە و خاڵی دەستپێک بووە بەرەو تازەگەری. بڕوانە بەندی سێیەم.

هەندێ لەم ئیدعایانە راستن و هەندێکیان بە هەندێ خۆدارییەوە راستن. وەلێ هەندەکەی دی، هەروەکو لەم کتێبەدا باسیان دەکەم، بە هیچ جۆرێ راست نین. ئەوانە شتی ساختەن و لە مێژووی تونێلی کۆندا دروستکراون کە تیایدا دەرەوە هیچ رۆڵێکی چالاک نابینێت، هەرچی ناوەوەیشە هەموو گرنگی و چالاکیی و کاریگەرییەکی پێدراوە.

## تیۆری بڵاوبوونەوەی سێنترالیزمی ئەوروپایی

## تیۆری سێنترالیزمی ئەوروپایی

ئەوەی لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی قسەی لە سەر دەکەین، ئەوەیە کە بە "سێنترالیزمی ئەوروپایی" ناودەبرێت.[١٠] ئەم پەرەگرافە ئاماژە بۆ ئەو بیروبۆچوونانە دەکات کە بڕوایان بە باڵادەستیی ئەوروپاییەکان بە سەر نائەوروپاییەکان و (بە سەر ئەو کەمینانەوە کە بەڕەچەڵەک نائەوروپایین) دا هەیە. سێنترالیزمی ئەوروپایی تووشی تەوژمێکی رەخنەگرانەی بەهێز، لە گشت کایەکانی فیکری کۆمەڵایەتیدا دەبێتەوە و ئەم کتێبە بە بەشێک لەو تەوژمە دادەنرێت.

وەلێ کێشەیەک لەتەک ئەم وشەیەدا هەیە. چونکە لە زۆربەی وتارەکاندا، وا تەماشای سێنترالیزمی ئەوروپایی دەکرێت، گوایە جۆرێک لە لایەنداری و رەفتارێک بێت. بۆیە بریتییە لە شتێک دەکرێ لە فیکری نوێی رۆشن دووربخرێتەوە، بە هەمان ئەو شێوازەی کە بەوە ئاراستەکانی دی و کۆنی

---

١٠. بڕوانە کتێبی سەمیر ئەمین (1988) Eurocentrism بۆ باسوخواسێکی باش لە سەر ئەم چەمکە. وشەی «سێنترالیزمی ئەوروپی» روونە کە بەم دواییە داڕێژراوە، تاوەکو «سێنترالیزمی رەگەزیی ئەوروپی» لە یەک وشەدا کۆبکاتەوە. بەهەر حاڵ، منیش (وەکو ئەمین) ناڕوانم بە سێنترالیزمی ئەوروپیدا، بەوەی تەنێ بەشێکە لە بەشەکانی سێنترالیزمی رەگەزی، وەکو چۆن لە بڕگەکانی داهاتوودا روونەدەبێتەوە.

وەکو نەژادپەرستی و لایەندارییی رەگەزی و دەمارگیریی کوێرانەی ئایینی دوور دەخەینەوە. وەلێ لایەنی گرنگ لە سێنترالیزمی ئەوروپاییدا، بریتی نییە لە رەفتارەکان کە شێوەی بەهاکان و لایەندارییەکان بەهێند وەردەگرێت، بەڵکە بریتییە لە زانست و تاوتوێکردنی ئەکادیمییانە و راوبۆچوونی شارەزایەکی قاڵ. بۆ ئەوەی وردتربین، سێنترالیزمی ئەوروپایی خۆی لە کۆمەڵێ لەم بیروبۆچووندا دەبینێتەوە، وەکو دۆزگەلێکن بە دەوری حەقیقەتی زانستییدا دەخولێنەوە. ئەمانە دۆزگەلێکن پەسەندکراو لەلایەن ئەوروپاییە خوێندەوار و بێ لایەنەکانەوە، بەوەی بریتین لە گریمانگەلێ کە راستییەکان پشتیان دەگرن. بە نموونە، ئا ئەو ١٤ ئیدعایە لەبەرچاو بگرین، سەبارەت بە باڵادەستیی ئەوروپا لە نوێکردنەوەی مێژووییدا کە پێشتر ئاماژەمان بۆکردن. ئەو مێژوونووسانەی پشتگیری لە راستی و دروستیی ئەم ئیدعایانە دەکەن، ئەو وەسفەی تۆ بۆ ئەو ئیدعایانە تورەیان دەکات، بەوەی بریتین لە "بیروبۆچوونگەلێ لە رووی ئەوروپاوە سێنتراڵیزە کراون". هەر مێژوونووسێک لەم بوارەدا، بە توندی ئەو بیرۆکەیە رەتدەداتەوە کە لایەنگری لە سێنترالیزمی ئەوروپایی بکات و لە راستیدا دەشێ کەمیان بەم سیفەتە وەسف بکرێن: لایەنگری. ئەوان کاتێ پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە ئەوروپاییەکان دیموکراسی و زانست و فیودالیزم و سەرمایەداری و دەوڵەتی نوێ و ئەم جۆرە شتانەیان داهێنا، لەبەر ئەوەیە وا دەزانن ئەوانە حەقیقەتن.

بۆیە سێنترالیزمی ئەوروپایی بە شتێکی یەجگار ئاڵۆز دادەنرێت. دەکرێ گشت بارگرانییە بەهادارەکانی ئەم وشەیە بە دوور بزانین، وەلێ سێنترالیزمی ئەوروپایی وەکو کۆمەڵی لە بیروبۆچوونی هەستگەرایی (هەستگەرایی) بەلامانەوە دەمێننەوە.

ئەمەیە کێشەی بنەڕەتیی ئەم کتێبە. ئێمە منەی دۆزگەلێ دەکەین کە

بــە راســتیگەلی زانســتی و مێژوویــی بڕواپێکــراو، نــەک لایەنگــری دادەنرێــن. هــەوڵ دەدەیـن بـە یارمەتیـی مێـژوو و زانسـت هەڵەبوونـی ئـەم بەنـاو راسـتییانە بســەلمێنین: چونکــە ئــەم دۆزانــە هەڵــەن.

کەواتــە، چــۆن ئــەم دۆزە مێژووییانــەی ســێنترالیزمی ئەوروپایــی هەڵــەن، واتـە بەڵگـەکان نایانسـەلمێنن، بەڵکـە هەنـدێ جاریـش دژی دەوەسـتنەوە، چـۆن دەتوانـن لـە فیکـری مێژوویـی ئەورپیـدا پەسـەند بکرێـن و بـەردەوام بـن بـەوەی بیروبۆچوونگەلـی پەسـەندکراوبن و بـۆ نەوەگەلـێ بەڵکـە بـۆ سـەدەگەلێ گومانیـان لـە سـەر نەبێـت؟ ئەمـە کێشـەیەکی گرنگـە بـۆ مێـژوو و مێـژووی فیکـرەکان. مامەڵەکـردن لـە تەکیانـدا بـە شـێوەیەک رەزامەنـدی لـە سـەر بێـت، سـنووری ئەم کتێبـە دەبەزێنێـت، چونکـە مێـژووی هەسـتگەرایی و جوگرافیـا دەبێتـە بنەمـای بایەخپێدانـی. وەلـێ لێـرەدا ناتوانیـن خۆمـان لـەم کێشـەیە دوور بگریـن. چونکـە کتێبخانـەکان پـڕن لـەو توێژینـەوە ئەکادیمییانـەی پشـتگیری لـە هەڵوێسـتەکانی سـێنترالیزمی مێژوویـی ئەوروپایـی دەکـەن کـە رەتیاندەدەینـەوە و لـەم کتێبـەدا پوچەڵیـان دەکەینـەوە. هەروەهـا چەنـدە ئـەم هەمـوو کارە و ئەو رێژەی پێویسـتە لـە ئەکادیمییـەکان بگیرێـت کە کۆیانکـردەوە، پووچەڵکردنەوەی ئەم هەڵوێسـتانە، بـە رێگەیەکـی قەناعـەت پێکـەر بـە ئەسـتەم دەکات، لـە رێگـەی ئـەو بەڵگانـەوە کـە لـە سـەر ئـەو راسـتییانە بونیاتنـراون کـە دەکـرێ لـە کتێبێکـدا بخرێنـەڕوو. وێـڕای هێـزی قەناعەتـی ئـەم بەڵگانـە، وەلـێ ناکـرێ بخرێنـە تـای تـەرازووەوە، ئەگـەر بتوانیـن ئەمـە بڵێیـن و چاوەڕوانـی ئـەوەی لێدەکرێـت، تـای تەرازووەکـەی لـە بـەردەم نووسـینە کەڵەکەبـووەکان بـۆ نەوەگەلـێ لـە توێژەرانـی ئەوروپایـی و نووســەرانی بابەتەکانــی خوێنــدن و رۆژنامەوانــان و شــارەزایانی کاروبــارە گشـتییەکان و...هتـددا کـە کەڵەکەبوونـە لـە تاکـەی دیکـەی تەرازووەکـەدا سـەر بـکات.

بۆیـە، پێویسـتە لـە سـەرمان لـەم کتێبـەدا لـە سـەر دوو ئاسـت باسـوخواس بکەیـن: ئاسـتی بنەڕەتـی کـە بریتییـە لـە لایەنـی هەسـتگەرایی: لـە چاخەکانـی ناڤیـن و سـەرەتاکانی سـەدە نوێـکان، لـە نـاوەوە و لـە دەرەوەی ئەورووپـادا، چـی رووی دا و ئـەو پێوەندییانـە چیـن لـەم ماوەیـەدا، لـە نێـوان ئـەو دوو لایەنـەدا خەملێـن؟ و لـە سـەر ئاسـتی دووەم، بـە هەنـدێ لایەنی بەڵگەنامەی پەیوەسـت بە مێـژووی فیکرەکانـی سـێنترالیزمی ئەورووپایـی و رەوتـی کۆمەڵایەتیـی دەوروبـەری ئـەم فیکرانـەدا دەڕوانیـن. ئەمەیـە کـە لـەم بەنـدەدا پێشکەشـی دەکەیـن کـە سرووشـتی فیکرەکانـی تیـۆری بڵاوبوونـەوە و مێژووەکـەی شـیدەکاتەوە. بـە تاوتوێکردنـی پرۆسـەی مۆڵەتـی کۆمەڵایەتـی (social licensing) دەگات کـە دەساودەسـی و نۆرێـن بـەم فیکرانـە دەبەخشـێت. لـە بەنـدی دووەمـدا، گرنگترینی ئـەو ئیدعایانـەی باڵادەسـتیی ئەورووپاییـی بـەر لـە ١٤٩٢ بـاس دەکەیـن، هەروەهـا باسـی رەچەڵەکـە مێژووییەکـەی دەکەیـن.

دیـارە، ئەمـڕۆ تیـۆژەران ئـاگاداری ئـەوەن- بـە پێچەوانـەی ئـەوەی کـە زۆرینەیـان لـە چەنـد دەیەیەکـی رابـردوودا- کـە بیروبۆچوونـە هەسـتگەراییەکان کـە پەیوەسـتبوون بـە راسـتییەکان، لـە مێـژوو و جوگرافیـا و زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـدا، گەلـێ جـار لەبـەر چەندیـن هـۆ پەسـەند دەکرێـن کـە پێوەندییـان بـە بەڵگەکانـەوە نییـە. بیروبۆچوونـە ئەکادیمییـەکان رەگوڕیشـاڵیان لـە فەرهەنگدایـە کـە- لـە هەمـان کاتـدا- پێکیاندەهێنێت. ئەمەیش بۆ راڤەکردنی گرفتـی چوونـە نـاوەوەی بیروبۆچوونـە مێژووییـەکان، بـۆ نـاو سـێنترالیزمی ئەورووپایـی یارمەتیـدەرە و دیارە هێشـتا بۆچوونە میسـۆلۆژیا کۆنـەکان بـڕوادار و پەسـەندکەری خۆیانیـان هەیـە، تەنانـەت دوای فەرامۆشـکردن، یـان رەتدانـەوەی بنەمـای لۆژیکییـان (وەکـو ئـەو ئیدعایانـەی لـە سـەر بڕوابـوون بـە چاخـی کـۆن، وەکـو مێژوویەکـی پیشـەیی بونیاتنـراون)، دیـارە بیروبۆچوونـە نوێـکان بـێ بوونـی بەڵگـەی پاڵپشـت پەسـەند دەکرێـن، چونکـە لەتـەک پرەنسـیپە راسـتەقینەکانی

سێنترالیزمی ئەوروپاییدا دەگونجێن و بەمجۆرە سێنترالیزمی ئەوروپایی هێز و توانستی خۆی بۆ قەناعەتپێکردن دەپارێزێت. وەلێ ئەمە هەموو شتێک نییە. دیارە سێنترالیزمی ئەوروپایی بەوجۆرەی بە شێوەیەکی فراوان لەم کتێبەدا باسوخواسی لە سەر دەکەم، بریتییە لە کۆمەڵێکی تاکانە لە بیروبۆچوونەکان کە هێزێکی دەگمەنیان هەیە و بۆ کاریگەرترین بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی بەلای دەستەبژێری ئەوروپاییەوە، بە بنەمای لۆژیکی و ئەکادیمی و فیکری دادەنرێن. تەنێ باسوخواس لە سەر ئەوە ناکەم، چۆن کۆلۆنیالیستی ئەوروپایی ئاماژەی بە دەستپێکردنی گەشەکردن لە ئەوروپا (و نشوستی غەیری خۆی) لە ١٤٩٢دا کردووە، بەڵکە چۆن لەو کاتەوە، سامان لە ناوچە نائەوروپاییەکانەوە، لە رێگەی کۆلۆنیالیستییەوە وەرگیرابوو کە شێوەگەلی جۆراوجۆری بەخۆوە دەگرت، لەوانە شێوەکانی کۆلۆنیالیستی نوێ کە بۆ گەشەکردنی بەردەوامی ئەوروپا و بۆ هێزی چینی دەستەبژێری ئەوروپایی بنەمای پێویست و گرنگ بوون. بۆیە، گەشەکردنی کۆمەڵێ لە بیروبۆچوونەکان کە لە دەوری سێنترالیزمی ئەوروپایی دەسوورێنەوە و کە پاساو دەهێننەوە و یارمەتیی چالاکییە کۆلۆنیالیستییەکانی ئەوروپا دەدەن، تا ئێستایش گرنگییەکی گەورەیان هەیە. دیارە، سێنترالیزمی ئەوروپایی گەلێ بە سادەیی، بریتییە لە مۆدێلی کۆلۆنیالیستی جیهان. سێنترالیزمی ئەوروپایی بریتییە لە مۆدێلی کۆلۆنیالیستی جیهان، دەقاودەق بە مانای: بریتی نییە لە تەنێ کۆمەڵێ، یان چەند بیروبۆچوونێک. ئەوانە بە درێژایی گوزەری سەردەمەکان، وەکو مۆدێلێک گەشەیان کردووە کە بە جوانی تاشراوبێت، وەکو کۆیەک کە پەیکەرێکی جێگیری هەبێت، لە راستیدا تیۆرێکی گەورە و گشتگرە. چونکە بریتییە لە چێوەی بچووکتری گشتیی تیۆرە زۆرەکان: مێژوویی و جوگرافی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی. دیارە ئەمە بریتییە لە تیۆری مەزن: تیۆری بڵاوبوونەوە.

# تیۆری بڵاوبوونەوە

کاتێ گۆڕانێکی فەرهەنگی لە هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا روودەدات، ئەوا دەکرێ ئەم گۆڕانە دەرەنجامی داهێنانی رووداوێک لەم کۆمەڵگەیەدا بێت. رەنگە دەرەنجامی پرۆسەیەک بێت، لە رێگەیەوە بیرۆکەکە یان کاریگەرییە مژاد (مادی) یەکەی (وەکو ئامێر یان رەفتاری هونەری و...هتد) بۆ ئەم کۆمەڵگەیە بێن، ئەگەرچی لە کۆمەڵگەیەکی دیکە لە بەشێکی دیکەی زەویدا خەملیوە. جۆری یەکەم لە رووداوەکان بە «داهێنانی سەربەخۆ» و ئەوی دی بە «بڵاوبوونەوە» ناودەبرێت.[11] هەردوو جۆرەکە لە پرۆسەکان لە هەموو شوێنێکدا روودەدەن. تا ئێرە، هەموو شتێک بەو شێوەیەن کە خوازراون. وەلێ هەندێ لە توێژەران پێیانوایە، داهێنانی سەربەخۆ نابـاوە. بۆیە ئەوە لە گۆڕانی کورتخایەنی فەرهەنگی و گەشەسەندنی درێژخایەنی فەرهەنگیدا گرنگ نییە. ئەو توێژەرانە لەو بڕوایەدان، خەڵکی زۆربەیان لاساییکەرەوەن و داهێنەرنین. بۆیە بڵاوبوونەوە لە بۆچوونی ئەواندا، بە میکانیزمی بنەڕەتیی گۆڕین دادەنرێت.

هەڵگرانی ئەم راوبۆچوونە بە «بڵاوکەرەوەکان Diffusionists» ناودەبرێن. لە هەر شوێنێک لە هەرێمێکی دیاریکراودا، رووبەڕووی داهێنانێکی فەرهەنگی ببوونایەتەوە، گەلێ جار بە وردییەوە پیایدا دەیانڕوانی، منەی پرۆسەیەکی بڵاوبوونەوەیێکی هاتوویان لە شوێنێکی دیکەوە دەکرد، شوێنێک کە تیایدا خەسڵەتێکی باشی ئێرە لەوێ بەکاربێت. بە نموونە، هەندێ لە دانیشتوانی بەڕەچەڵەک ئەمەریکی و هەندێ لە گەلانی جیهانی کۆن چەکێکیان بەکاردەبرد

[11]. وشەی کۆمەڵگە ««بۆ ئاماژەکردن بە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی بەکاربرا لە هەر قەوارەیەکدابێت. لەم باسوخواسەدا و بۆ ئاسانکردن بە کۆمەڵگەکان»»دا دەڕوانین، بەوەی بریتین لە گوندگولێ کە لە سەر شەقڵێکی گوندنشینی بڵاوبوونەتەوە. لێرەدا ئەو حاڵەتانە پشتگوێ دەخەم کە گۆڕینی فەرهەنگی تیایاندا لە سەر داهێنانی سەربەخۆ لەتەک بڵاوبوونەوەکردندا رووی داوە. بڕوانە بە کارگەلی وەکو:
“Two Views of Diffusion” (1977) and “Diffusionism: A Uniformitarian Critique’ (1987 a).

بە ناوی تفەنگی فوو Blow-gun. بڵاوکەرەوەکان ئەمە وا راڤە دەکەن کە بریتییە لە دەرەنجامی پرۆسەی بڵاوبوونەوە و بڵاوبوونەوە لە جیهانی کۆنەوە بۆ جیهانی نوێ، چونکە لەو بڕوایەدان، گەلانی جیهانی نوێ ئەم داهێنانەیان ئەنجام نەداوە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی شێمانەی ئەوە هەیە، خەسڵەتی داهێنانی خوازراویان بۆ وەها کارێک نەبێت. لەوێ شێوەیەکی گەورەتر هەیە لە ئیدعاکانی بڵاوکەرەوەکان کە پێیانوایە، شارستانییەکانی بەر لە کۆڵۆمبی لە هەردوو ئەمەریکادا، بریتییە لە دەرەنجامی بڵاوبوونەوە کە لە رێگەی ئۆقیانووسی ئارام، یان ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە رووی دا، چونکە ئەم خەسڵەتە شارستانییانە (کشتوکاڵ، بینای پەرستگەکان، نووسین و...هتد) لە جیهانی کۆندا، بەر لەمە بوونیان هەبووە. چونکە شێمانەی ئەوە هەیە، دانیشتوانە بەڕەچەڵەک ئەمەریکییەکان نەگەیشتبوونە ئاستێکی تەواو لە داهێنان کە وایانلێبکات خۆیان بیر لەم شتانە بکەنەوە.[12] هەندێ لە توێژەران، ئەوانەی بە «بڵاوکەرەوە توندڕەوەکان» ناویان دەرکرد، پێیانوایە شارستانی لە شوێنێکەوە لە سەر زەوی بڵاوبوونەوەی کردووە. هەندێکیان پێیانوایە، ئەم شوێنە بریتییە لە میسری کۆن و هەندێکیان دەڵێن بریتییە لە ئاسیای ناوەڕاست (بە نموونە هەرێمی قەوقاز کە ماوەیەکی زۆر، توێژەران وایان دەزانی بریتییە لە نشینگەی ئەسڵیی نەژادی سپی یان قەوقازی).[13]

---

١٢. بڕوانە:

Jett، "Further Information on the Geography of te Blowgun and Its Implications for Transoceanic Contact" (1991)، also see Carter، Man and the Land (1968)، and Edmonson، "Neolithic Diffusion Rates" (1961).

١٣. بە نموونە بڕوانە:

Eliot Smith، The Diffusion of Culture (1933)، Perry، The Primordial Ocean (1935)، and Taylor، Environment and Nation (1945).

ئێلیۆت سمیس جەخت لەوە دەکات، پرۆسەی بڵاوبوونەوەکردنی کۆن کە لە میسر و فینیقیاوە سەرچاوە دەگرێت «بۆ چەندین سەدە بەردەوام بوو، بۆ ئەوەی لە کەناری ئۆقیانووسی ئارامی ئەمەریکادا رۆڵێک بگێڕێت کە بەرپرس بوو لە ...شارستانییەکانی بەر لە کۆلۆمبیی باش» (وەرگیراوە لە Zwernemann، Culture History and African Anthropology، 1983،. P. 15).

دیـاره دیبەیـت لـە نێـوان لایەنگرانـی بڵاوبوونـەوە و نەیارەکانیانـدا کـە بـۆ پتـر لـە سـەدەیەک درێـژەی کێشـا، لـە مرۆڤناسـی و جوگرافیـا و مێـژوو و گشـت کایەکانـدا، بـە شـێوەیەکی فـراوان و بـۆ ماوەیەکـی درێژخایـەن، گرنگـی بـە گەشـەکردنی فەرهەنگـی داوە.[14] ئەوانـەی دژی تیـۆری بڵاوبوونـەوە بـوون کـە گەلـێ جـار پێیـان دەگوترێـت گەشـەخوازان، یـان خاوەنـی تیـۆری داهێنانـی سـەربەخۆ، کەوتنـە ئـەوەی لـە دژی لایەنگرانـی بڵاوبوونـەوە، دوو تۆمەتـی بنەڕەتـی ئاراسـتە بکەن:

١. لایەنگرانـی بڵاوبوونـەوە هەڵگری بۆچوونێکـی نێگەتیڤـن، بەرانبـەر داهێنانی مرۆڤایەتـی. خەڵکـی لـە راسـتیدا داهێنـەرن، بۆیـە دەرەتانـی سـەرهەڵدانی خەسـڵەتگەلی فەرهەنگیـی نـوێ، دەرەنجامـی پرۆسـەی داهێنانـی سـەربەخۆ، گەلـێ گەورەتـرە لـەوەی لایەنگرانـی بڵاوبوونـەوە دەچنـە ژێـری. بۆیـە پێویسـتە لـە هـەر حاڵەتێکدا، توێـژەران دەرەتانـی داهێنانـی سـەربەخۆ بەهێنـد وەربگـرن، بێ گریمانـی ئـەوەی کـە ئـەوە پرۆسـەی بڵاوبوونـەوەە کـە هەڵوێسـتی مەبەسـت و رەچاوکـراو راڤـە دەکات.

٢. دیـارە لایەنگرانـی بڵاوبوونـەوە بریتیـن لـە دەسـتەبژێر. هـەر بڵاوبوونەوەیـێک پێویسـتە لـە شـوێنێکەوە دەسـتپێبکات. داهێنـان لـە کۆمەڵگەیەکـەوە دەستپێدەکات، بـەر لـەوەی لەوانـی دیکـەدا دەسـت بـە بڵاوبوونـەوە و بڵاوبوونەوە بـکات. ئەگـەر گریمانـە بنەڕەتییەکەمـان بـەلاوە پەسـەند بێـت کـە گشـت کۆمەڵگە مرۆڤایەتییـەکان بەڕاسـتی لـە ئەمـڕازە فیکرییەکانیانـدا مرۆڤایەتیـن، کەواتە ئەوان تـا رادەیەکـی زۆر لـە توانسـتیاندا بـۆ داهێنـان لەیەکدی دەچـن. ئـەم گریمانەیـە بـە «یەکێتیـی دەروونیـی نـەژادی مـرۆڤ» ناودەبرێـت: بریتییـە لـە خەسـڵەتێکی

١٤. لەم بارەوە بڕوانە:
Harris، The Rise of Anthropological Theory (1968) and Steward، Theory of Culture Change: The Methodology of Multilinear Evolution (1955).

سەیر لە سەدەی نۆزدەیەمدا و تا ئێستایش بەکار دەبرێت. بۆیە دەکرێ لە هەر شوێنێک لە سەر نەخشەی نەژادی مرۆییدا، چاوەڕوانی روودانی داهێنان بین.[15] لەتەک ئەوەیشدا، لایەنگرانی بڵاوبوونەوە ئیدعای ئەوە دەکەن، تەنێ چەند کۆمەڵگەیەکی دەستەبژێر بەهرەی داهێنانیان هەیە. بە واتایەکی دی، زۆربەی کۆمەڵگەکان، بە هۆی پێشوازیی لە خەسڵەتگەلی نوێ، لە رێگەی بڵاوبوونەوەوە دەگۆڕێن، وەلێ هەندێ شوێن بە شەقڵی خۆیان بە داهێنەر دادەنرێن و ئەوانن سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ خەسڵەتە باشەکان. خەڵکی لەو کۆمەڵگانەدا، توانستیان بۆ داهێنان لەوانی دی لە ناوچەکانی دیکەدا زیاترە. بۆیە کەسانێک هەن دژی بیرۆکەی یەکێتیی دەروونیی نەژادی مرۆیی دەوەستنەوە، چونکە هەندێ لە خەڵکی یان فەرهەنگەکان لەوانی دی زیرەکترن. هەر ئەوانیشن مەڵبەند و نێوەندی هەمیشەن بۆ داهێنان.

ئەمە دەستەبژێرییەکی شوێنەکییە، ئەگەر وێنەی نەخشەیەک بۆ ئەم دیمەنە بکێشین، دەبینین نێوەندێکی هەمیشەیی و قەراخێکی هەمیشەیی هەیە. سەبارەت بە لایەنگرە توندڕەوەکانی بڵاوبوونەوە، لای کەم لە سەردەمی بەر لە مەسیحایەتیدا، هەموو جیهان بەم شێوەیە وێنا دەکەن. لەو بڕوایەدا بوون، نێوەندی هەمیشەیی بۆ داهێنان، بریتییە لە میسر یان «نیشتمانی کۆنی ئارییەکان» (وئەمەیش شوێنێکی خەیاڵییە، دەکەوێتە خۆرئاوای ئاسیا یان باشووری خۆرهەڵاتی ئەورووپاوە) یاخود قەوقاز یان هەر خاڵێکی ناڤینی دی لە جیهانی کۆندا. وەلێ ئیدعای گشتی کە بە خەیاڵی لایەنگرانی بڵاوبوونەوەدا دێت، ئەوەیە کە هەندێ شوێنی کەم، یان با بڵێین یەک شوێن بریتی بووە لە سەرچاوەی یەکەم کە لەوێوە فەرهەنگ بۆ شوێنەکانی

---

١٥. بڕوانە:
Koepping، Adolf Bastian and the Psychic Unity of Mankind (1983)، Stocking Race، Culture، and Evolution (1963)، and Harris، The Rise of Anthropological Theory (1968).

دی بڵاوبۆتــەوە و بڵاوبوونــەوەی کــردووە.

دەبێ ئــەوە روون و ئاشــکرابێت، ئێســتا کــە تیــۆری بڵاوبوونــەوە دەگونجێــت لەتــەک بیرۆکــەی ئــەوەی کــە جیهــان نــاوەوە و دەرەوەی هەیــە. لــە راســتیدا، تیــۆری بڵاوبوونــەوە بریتییــە لــە بنەمــای لۆژیکیــی زانســتی، یــان نیمچــە زانســتی بــۆ بیرۆکــەی نــاوەوە و دەرەوە. هەروەکــو بینیمــان، ئــەم بیرۆکەیــە بــڕوای بــە بوونــی نێوەندێکــی هەمیشــەیی بــۆ جیهــان هەیــە، بــۆ فیکــرە نوێــکان و گەشــەکردنی فەرهەنگــی لــە هــەر شــوێنێکی دیکــەدا روودەدات، بــە هــۆی کاریگەریــی بڵاوبوونــەوەی ئــەم بیرۆکــە نوێیانــەوە لــەم نێوەنــدە هەمیشــەییەوە. لــە دیــدی لایەنگرانــی بڵاوبوونــەوەوە، ئەمەیــە نەخشــەی جیهــان.

ئێســتا دێینــە ســەر پرســێکی سەرســامکەر و ســەیر. رەخنەگرانــی تیــۆری بڵاوبوونــەوە لــە ســەدەی نۆزدەیــەم و تەنانــەت لــە ســەدەی بیستەمیشــدا، بەتــەواوی لــە تێگەیشــتن لــە دەرهاویشــتە تــەواوەکان، بــۆ کاری رەخنەگرانــەی خۆیــان شکســتیان هێنــا. هیــچ کەســێکیان نکوڵییــان لــە بوونی نــاوەوە و دەرەوەی جیهــان نەکــرد. لــە کاتێکــدا رەخنەیــان لــە لایەنگرانــی بڵاوبوونــەوە دەگــرت، لەبــەر ئــەوەی پرەنسیپی یەکێتیــی دەروونیــی نــەژادی مرۆیــی رەتدەدایــەوە، لــەو بڕوایەدابــوون، گەشــەکردنی فەرهەنگــی لــە ئەوروپــادا چەقــی بەســتووە و بەوەیــش ئــەوان پەســەندی دەکــەن- چ ئــەو پەســەندکردنە دەربخــەن یــان دەرینەخــەن- بیرۆکــەی ئــەوەی ئەوروپاییــەکان لــە داهێنانــدا، لەوانــی دی بەتوانســتترن.[16] ئەمە

١٦. گەلێ جار تاقمی دژ بە تیۆری بڵاوبوونەوەکردن بە «گەشەخوازە رۆشنبیرەکان» ناودەبرێن و بەرانبەرەکە بە شێوەیەکی هەمەکی بە « بڵاوبوونەوەکردن دژی گەشەکردن» ناو دەبرێت. وەلێ بەو جۆرەی لێرەدا باسوخواس دەکەم، گەشەخوازەکان تا رادەیەک لایەنگرانی بڵاوبوونەوەکردن بوون و لایەنگرانی بڵاوبوونەوەکردن تا رادەیەک گەشەخوازبوون. وێڕای ئەمە، من دەمەوێت دەستەواژەی «گەشەکردنی فەرهەنگی» لەم کتێبەدا بە مانایەکی فراوانتر و رەوانتر بەکارببەم، واتە بە ئاسانی ئاماژە بۆ گەڕان بە دوای راڤەکردن بۆ پرسیارە گەورەکان لە سەر گۆڕانی فەرهەنگی و مێژوویی دەکات. کێشەی «مێژوویی» دەبێتە کێشەی «گەشەکردنی فەرهەنگی»،کاتێ پرسیاری گشتگرتر دەکەین «بۆچی؟» دیارە هەندێ لە توێژەران کۆکنین لەتەک بەکارهێنانی دەستەواژەی «گەشەکردنی فەرهەنگی» لەلایەن هەندێکیانەوە هەڵگری دەرەنجامی بێ سێ و دووی ئابووری یان ژینگەیی یاخود تەکنەلۆژییە یان دەلالەت لە چەمکی بەرودوایی جێگیری قۆناغە فەرهەنگییەکانە، لە رێگەیانەوە

بە روونی دەردەکەوێت، کاتێ لە سەر سەدە نوێکان دەنووسن و بەتایبەتی کاتێ باسوخواس لە سەر «کاریگەریی پڕوپاگەندەی ئایینی و تازەگەریی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپایی» دەکەن. هەروەها لە نووسینەکانیان لە سەر سەردەمە کۆنەکان هەستی پێدەکەین. دیارە، زانایانی بواری مرۆڤناسی و زانایانی کنەکاری و زانایانی بواری جوگرافیا و مێژوونووسان، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی بیستەمدا چەق نابەستن، لە سەر سەرزەویی ئینجیل و نووسینە ئەکادیمییەکانیان هیچ پەسەندکردنێک بۆ گریمانە ئایینییەکان دەرناخەن. وەلێ بە روونی بیرۆکەی ناوەوە و دەرەوە دەردەکەوێت. ئەوان لە سەر بنەما کشتوکاڵییەکان و لە سەر شارستانی لە خۆرهەڵاتی نزیک و ئەم جۆرە شتانە دەنووسن...و بە رەوانی بۆ باسوخواس لە سەر رەچەڵەکە ئەوروپاییەکان، بۆ شارستانییەکانی دی دەگوێزنەوە.

دیارە، باسوخواسی بنەڕەتیی من بریتییە لە: توێژینەوەی ئەکادیمی. هەموویان بڕوایان بە تیۆری بڵاوبوونەوە هەیە، چونکە بڕوای بە مۆدێلی ناوەوە و دەرەوە و ئەو بیرۆکەیە هەیە کە چۆن جیهان نێوەندێکی هەمیشەیی هەیە، لەوەوە ئەو بیرۆکانە دەردەچن کە توانستی ئەوەیان هەیە، گۆڕانکاری لە فەرهەنگدا بکەن و بەشێکی کەناری هەیە لە ژێر کاریگەریی پرۆسەی بڵاوبوونەوە لە نێوەندەوە دەگۆڕێت. من باسوخواس ناکەم لە سەر ئەوەی تیۆری فەرمی بڵاوبوونەوە- بەو جۆرەی توێژەران لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا پێشکەشیان کرد و بەرگرییان لێکرد- مۆدێلی ناوەوە و دەرەوە، یان ئەفسانەی باڵادەستیی جوگرافیایی بەردەوامی ئەوروپا باسدەکات. بە پێچەوانەوە، ئەو تیۆرە بە هۆی هێزگەلی گەورەی کۆمەڵایەتییەوە لە ئەوروپا و لە کۆمەڵگەی ئەوروپاییدا گەشەیکرد، چووە ناو

---

گشت کۆمەڵە مرۆییەکان رەتدەبن، وەلێ من مەبەستم هیچ یەکێک لەمانە نییە. زۆربەی جوگرافییناسە فەرهەنگییەکان دەستەواژەی «گەشەکردنی فەرهەنگی» بەکار دەهێنن، وەکو من چۆن لێرەدا بەکاریدەهێنم.

جیهانی توێژینەوەی ئەکادیمییەوە. توێژەرانی تیۆری بڵاوبوونەوە و پێودانی ئەم تیۆرە لە کایەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی کە کاریان پێیدەکرد، وەکو کنەکاری و مێژووی جیهان و شتی لەم بابەتانە، روونکردنەوەیان ئەنجام دا.

بەر لەوەی برۆینە پێشەوە، پێویستە هۆشداری ئەوە بدەم، وشەی «لایەنگری بڵاوبوونەوە» هەندێ ئاڵۆزی پێوەیە و پێویستە رێگە نەدەین ئەم ئاڵۆزییە جۆرێ لە پەشۆکی لە ناو ئەم باسوخواسەماندا دروست بکات. لە هەر دیبەیتێکدا ئەگەر خەسڵەتێکی نوێ هەبوو لە شوێنێکدا کە داهێنرابێت لەلایەن تاکگەلی ئەم شوێنە یان بە هۆی بڵاوبوونەوە و بڵاوبوونەوەوە پێشوازی لێکرا، ئەوا ئەو توێژەرانەی پشتگیری لە راوبۆچوونی دووەم دەکەن، ئەوان لایەنگری هەڵوێستی لایەنگرانی بڵاوبوونەوەن. واتە ئەوانە گریمانەی بڵاوبوونەوە و بڵاوبوونەوەیان پێ باشترە دژی داهێنانی سەربەخۆ. ئەمەیش مەرج نییە بەو مانایە بێت، ئارەزوو بکەن بڵاوبوونەوە وەکو دارشتەیەکی سەدەمی بە باشتر بزانن. رەنگە هەندێ جار، ئەم بابەتە کێشەیەکی گەورە بنێتەوە. بە نموونە، هەندێ لە توێژەران مشتومڕی ئەوە دەکەن، خەسڵەتگەلی فەرهەنگیی گرنگ لە خۆرئاوای ئەفەریقیادا هەنە، لە رێگەی ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە و بۆ ئەمەریکا بەر لە ١٤٩٢ بڵاوبوونەتەوە. بێ رەچاوکردنی راستی و دروستیی تیۆرەکەیان یان هەڵەبوونی، ئەوان باس لە هیچ جۆرێ لە شێوەکانی بڵاوبوونەوەی سێنترالیزمی ئەوروپایی ناکەن، هەروەها مەرج نییە تیۆری بڵاوبوونەوەیان بەلاوە باشتر بێت، لە سەر حیسابی داهێنانی سەربەخۆ لە رەوتەکانی دیکەدا. وەلێ زۆربەی توێژەرەکان کە تیۆری بڵاوبوونەوە دەڕاستێنن، ئەوانیش خاوەنی تیۆری بڵاوبوونەوەی سێنترالیزمی ئەوروپایین.

ئێستا دەست بە روونکردنەوەی تیۆری سێنترالیزمی ئەوروپایی دەکەم،

بە بەکارهێنانی دەستەواژەگەلی فەرمی، بەوەی بریتییە لە تیۆرێکی زانستی. بە گوزەری کات، گۆڕان بە سەر ئەم تیۆرەدا هاتووە، وەلێ پەیکەرە بنەڕەتییەکەی وەکو خۆی ماوەتەوە. دەست دەکەم بە روونکردنەوەی ئەوەی کە دەتوانین ناوی بنێین شێوەی کلاسیکیی تیۆرەکە (لە سەدەی نۆزدەیەمدا) و لە بەشێکی دواترلەم بەندە دا، خۆم لە قەرەی باسی شێوەیەکی نوێ دەدەم کە هێندە لە شێوە کلاسیکییەکە جیاواز نییە.

تیۆری بڵاوبوونەوە لە سەر دوو سەلمێنە دامەزراوە: (١) زۆربەی کۆمەڵگە مرۆییەکان توانستی داهێنانیان نییە. (٢) کۆمەڵگە مرۆیی (یان شوێن یاخود فەرهەنگ)ی کەم توانستی داهێنانیان هەیە، بۆیە ئەوانە وەکو نێوەندی هەمیشەیی گۆڕانی فەرهەنگی و پێشکەوتن دەمێننەوە و ئەمەیش بەوەمان دەگەیەنێت، لە سەر ئاستی گۆی زەوی، مۆدێلێک بۆ جیهان کە یەک نێوەندی هەیە، ئەویش تا رادەیەکی زۆر دەبێ ئەوروپای گەورە بێت و یەک لا، واتە ناوەوە و دەرەوە. چەندین گۆڕان هەیە بۆ ئەم مۆدێلە کە دوو بلۆکە. هەندێ جار، دوو بلۆکەکە وا مامەڵە دەکەن، وەکو بڵێی بەتەواوی لەتەک بوونی سنووری دیاریکەری نێوانیان جیاوازبن. (ئەم شێوەیەی مۆدێلەکە بریتییە لە شێوەی ناسراو و هەندێ جار پێیدەڵێن «مۆدێلی نێوەند- قەراخی جیهان»). شێوەیەکی دیکە هەیە، جیهان بە شێوەیەکی جیاواز دەبینێت، نێوەندێکی روون و دیاریکراو هەیە، وەلێ گۆڕانێکی شێنەیی لە دەرەوەیدا هەیە، تا زیاتر بەرەو قەراخ برۆین، لێژبوونەوەیەکی شێنەیی لە ئاستی شارستانی و توانستدا، بۆ پێشکەوتن و داهێنان هەیە. شێوەیەکی دی جیهان وا وێنا دەکات، وەکو بڵێی بە سەر چەند ناوچەیەکدا دابەشبووە، هەریەکەیان گوزارش لە تازەگەری و شارستانی و گەشەکردن دەکات.[١٧]دابەشکردنە کلاسیکییەکە سێ

١٧. رەنگە جاروبار دوو شێوەکە کۆببنەوە: بە نموونە، باکووری رۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەیەمدا، (لە دیدی دانیشتوانەکەیەوە) و ئەفریکا تایبەت و شارستانی و گشت ناوچەکانی دی (لە نیوەی رۆژهەڵاتی گۆی

وەسفکاریی مەزنی هەبوو: »شارستانی» و «دڕندەیی» و «وەحشیگەرایی».

دیارە مۆدێلی کلاسیکیی تیۆری بڵاوبوونەوە، جیهان وا وێنا دەکات، وەکو بڵێی بە سەر دوو بلۆکی سەرەکیدا بەشبووبێت، یەکەم بریتییە لە ئەورووپای گەورە یان ناوەوە کە داهێنان دەکات و پێشدەکەوێت و دووەم بریتییە لە غەیری ئەورووپا یان دەرەوە کە لە رێگەی بڵاوبوونەوە و بڵاوبوونەوە لە ناوەوە، پێشوازی لە داهێنانە پێشکەوتنخوازەکان دەکات. لە سەر ئەم بنەمایە، تیۆری بڵاوبوونەوە لە سەر ئەم دوو بلۆکە و پێوەندیی نێوانیان، جەخت لە سەر حەوت ئیدعای بنەڕەتی دەکاتەوە:

١. دیارە، ئاساییە ئەورووپا پێشدەکەوێت و نوێ دەبێتەوە. واتە رەوتی سرووشتیی پرسەکان لە بلۆکی ئەورووپا (ناوەوە) رێبەرایەتی دەکات، تا داهێنان بکات و شتەکان بەرەو باشتر بگۆڕێت. دیارە ئەورووپا، واتە ئەورووپای مێژوویی دەگۆڕێت.

٢. بلۆکی نائەورووپایی (دەرەوە) بە چەقبەستوویی و تەقلیدیی و دواکەوتوویی دەمێنێتەوە. داهێنان و گۆڕینی شەقڵی پرسەکان نییە و دواتر ناتوانی لە غەیری ئەورووپادا، چاوەڕوانی روودانیان بیت. بلۆکی نائەورووپایی ناگۆڕێت بۆیە نامێژووییە.

گریمانەکانی ٣، ٤ جیاوازیی نێوان دوو بلۆکەکە روووندەکەنەوە.

٣. فاکتەرێکی فیکری یان رۆحی لە پشتی پێشکەوتنی ئەورووپاوە هەیە، ئەوە بریتییە لە سیفەتی «ئەقڵی ئەورووپایی»، «رۆحی ئەورووپایی»، «مرۆڤی خۆرئاوایی»و...هتد. دیارە ئەوە شتێکە ئەفراندن و فانتازیا و داهێنان و پێگەیشتن و ئابروو و مۆراڵی لێدەکەوێتەوە. ئەوە بریتییە لە

زەوی) لە شوێنێک لە ناوەڕاستدا بە شارستانی دادەنرا. دواتر لەم کتێبەدا باسی ئەو پرسانە دەکەین.

«بەهـا ئەوروپاییـەکان».

٤. هـۆی پێشـنەکەوتنی بلۆکـی نائەوروپایـی بریتییـە لـە نەبوونـی هەمـان فاکتـەری فیکـری یـان ڕۆحـی. ئـەم گریمانەیـە لـە جەوهەریدا جەخـت لـە سـەر ئـەوە دەکات کـە شـەقڵی جیهانـی نائەوروپایـی «نەشـونما»، واتـە بیرۆکـەکان و بەهـا ڕۆحییـە سـاغەکانی تیـادا نییـە. چەندیـن جۆرکاری (لـە کۆتایـی سـەدەی نۆزدەیـەم)، لـە تیـۆری بڵاوبوونـەوەی تەقلیدیـی بڵاوبوونـەوەدا، بـۆ ئـەم گریمانـە هەیـە. دوانیـان گرنگیـی تایبـەت بـە خۆیانیـان هەیـە:

آ. بەشـێکی گـەورە لـە جیهانـی نائەوروپایی جەخت لە سـەر ئـەم گریمانەیە دەکات کـە بریتییـە لـە بۆشـایی ئـەم بلۆکـە، لـە دامـەزراوە فەرهەنگییـە بنەڕەتییـەکان تا نزیککەوتـەوە لـەوەی ببێـت بـە بۆشـاییەک لـە خەڵکـی. دەکرێ ئەمـە ناوبنێین بە میسـۆلۆژیای بۆشـایی، بـەلای لایەنگرانـی بڵاوبوونـەوەدا کـە پێوەندیـی تایبەتـی لەتـەک کۆلۆنیالیسـتی نیشـتەجێکردن (گواسـتنەوەی مژادیـی ئەوروپاییـەکان بـۆ هەرێمـە نائەوروپاییـەکان، بـۆ گۆڕینـی دانیشـتوانە ڕەچەڵەکـەکان یـان ڕزگاربـوون لـە دەسـتیان). ئـەم گریمانـەی بۆشـاییە ژمارەیـەک لـە ئیدعـاکان پێشـکەش دەکات کـە یـەک لـە سـەر یـەک هەڵدەچنرێـن: (١) هەرێمـی نائەوروپایـی بـە خاڵـی لـە خەڵکـی هەژمـار دەکرێـت (بۆیـە نیشـتەجێکردنی ئەوروپاییـەکان بـە مانـای گۆڕینـی نائەوروپاییـەکان نییـە). (٢) هەرێـم لـە دانیشـتوانە نیشـتەجێکراوەکان خاڵـی دەکرێـت، ئـەوان کۆچەریـن و بۆیـە نیشـتەجێکردنی ئەوروپایـی هیـچ سـەروەرییەکی سیاسـی پێشـێل نـاکات، چونکـە کۆچەرییـەکان ئیدعـای خاوەندارێتیـی زەوی ناکـەن. (٣) فەرهەنگەکانـی ئـەم هەرێمـە خاوەنـی هیـچ تێگەیشـتنێک بـۆ خاوەندارێتیـی تایبـەت نییـن، بۆیـە هەرێـم بـە خاڵـی لـە هـەر مـاف یـان ئیدعایەکـی خاوەنـداری هەژمـار دەکرێـت (بۆیـە کۆلۆنیالیستەکان دەتوانـن زەوی بـە نیشـتەجێکراوەکان بـدەن، چونکـە موڵکـی کـەس نییـە). دوا

خاڵ بە سەر گشت بلۆکی دەرەکیدا جێبەجێ دەکرێت. دیارە ئەوە بریتییە لە بۆشایی فیکری و داهێنکاری و پیواری بەها رۆحییەکان کە هەندێ جار ئەوروپاییەکان (بە نموونە ماکس ڤیبەر) وەسفی دەکەن، بەوەی بریتییە لە پیواری خەسڵەتی «ژیری».[18]

ب. خەسڵەتی ژیری لە هەندێ لە هەرێمە نائەوروپاییەکان، لە هەندێ سەردەمی مێژووییدا، بە رێگەگەلی دیاریکراو و بۆ پلەیەکی دیاریکراو گریمانە دەکرێت. بۆیە بە نموونە، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە سەردەمەکانی ئینجیلیدا ژیر و پێگەیشتبوو. چین تا رادەیەک، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە مێژووەکەیدا، ئەم خەسڵەتەی هەبوو.[19] هەرچی هەرێمگەلی دیکەی وەکو ئەفەریقیایش، بە شێوەیەکی جێگیر نەیانبوو.

گریمانەکانی ٥، ٦ وەسفی رێگەکانی مامەڵە لە نێوان ناوەوە و دەرەوە دەکەن.

٥. رێگەی سرووشتی کە لە رێگەیەوە بەشی نائەوروپایی دەگۆڕێت و بەرەو باشتر نوێدەبێتەوە، بریتییە لە بڵاوبوونەوەی بیرۆکە پێشکەوتنخوازەکان و داهێنەرانەکان لە ئەوروپا، وەکو چۆن هەوا دەچێتە ناو بۆشاییەوە، رەنگە ئەم بڵاوبوونەوە و بڵاوبوونەوەیە شێوەی بیرۆکەگەلی ئەوروپایی، یان بەرهەمگەلی نوێ بەخۆوە بگرن، تیایاندا ئەو بیرۆکە ئەوروپاییانە بەرجەستە دەبن. رەنگە بڵاوبوونەوە (کۆچ یان نیشتەجێبوون) بۆ خودی

١٨. چەمکی ماکس ڤیبەر «ئەقڵانیەتی ئەوروپی» لە بەندی دووەمدا باسی لە سەر دەکرێت.

١٩. چەمکە جیاوازەکانیش لە چین و هیندیش بەوەی نیمچە هۆشیاربوون یان هۆشیاربوون بۆ ماوەگەلی ناوبەناو، یان هۆشیاربوون لە ناوچەگەلێک دیاریکراو نەک هەمووی، لە هەردوو بەندی دووەم و سێیەمدا باسیان لە سەر دەکەین.

ئەوروپاییـەکان، ئەوانـەی هەڵگـری ئـەم بیرۆکـە نـوێ و داهێنەرانەبێـت.

هەروەهـا تێبینـی ئـەوە دەکەین، گریمانەی پێنجەم بریتییە لە پاساوهێنانەوەی ساکار بـۆ کۆلۆنیالیسـتیی ئەوروپایـی. دیـارە ئـەوە جەخـت لـەوە دەکات کـە چۆن کۆلۆنیالیسـت بـە کۆلۆنیالیستی نیشـتەجێکارییەوە، شارسـتانی بـۆ جیهانی نائەوروپایـی دەبـات. دیـارە، لـە راسـتیدا بریتییـە لـە رێگـەی سرووشـتی بـۆ جیهانـی نائەوروپایـی، بـۆ ئـەوەی پێشـبکەوێت و لـە سسـتی و دواکەوتوویـی و تەقلیدییـی خـۆی بێتـە دەرەوە.

وەلـێ لـە ژێـر بـاری گرانـی کۆلۆنیالیسـتدا، سـامان لـە کۆلۆنیالـە نائەوروپاییەکانـەوە بەتـاڵان دەڕوات و کۆلۆنیالیسـتە ئەوروپاییـەکان پێـی دەوڵەمەنـد دەبـن. بـەلای تیـۆری بڵاوبوونـەوەی سـێنترالیزمی ئەوروپاییـەوە، ئەمـە پێوەندییەکـی سرووشـتی لـە نێـوان نـاوەوە و دەرەوە دادەنرێـت.

٦. بـۆ ئـەوەی کەمـێ قەربەبـووی ئەوروپاییـەکان بکرێتـەوە، بـە هـۆی بڵاوکردنـەوەی بیرۆکـە شارسـتانییەکان لـە جیهانـی نائەوروپاییـدا، دژە بڵاوبوونـەوەی سـامانی مـژادی لـە بەشـی نائەوروپاییـەوە بۆ ئەوروپایـی دەبینین. ئـەم بڵاوبوونەوەیـە بەرهەمـە کشـتوکاڵی و کانـزاکان و کارە هونەرییـەکان و کار و ئـەم جـۆرە شـتانە دەگرێتـەوە. هیـچ شـتێک ناتوانێت قەرەبـووی ئەوروپاییـەکان بکاتـەوە، بەرانبـەر دیاریـی شارسـتانی کـە بـۆ شـوێنە کۆلۆنیالـەکان پێشکەشـی دەکـەن و بەمەیـش چەوسـاندنەوەی ئـەم کۆلۆنیالانـە پاسـاو دەدرێتـەوە. (کۆلۆنیالیسـت زۆرتـر لـەوەی دەیـدات وەردەگرێـت).

هێشـتا شـێوەیەکی دی لـە پێوەندیـی نێوان نـاوەوە و دەرەوە مـاوە. ئەویـش بریتییـە لـە رەنگدانـەوەی بڵاوبوونـەوە و بڵاوبوونـەوەی بیرۆکـە شارسـتانییەکان، لـە ئەوروپـاوە بـۆ ئەوانـی دی (گریمانـەی پێنجـەم).

٧. لەبەر ئەوەی ئەوروپا پێشکەوتووە و جیهانی نائەوروپایی دواکەوتوو، ئەوا هەر بیرۆکەیەک بە هۆی کاریگەریی لە بلۆکی نائەوروپاییەوە لە ئەوروپادا بڵاودەبێتەوە، ئەوە هەردەبێ بیرۆکەگەلی کۆن و دڕندە و کۆنەپەرستانە و ناشارستانی و شەڕەنگێزانە بێت، وەکو جادووی رەش و خوێنمژەکان و درم و نەخۆشییەکان و شتی لەو جۆرانە[٢٠]. ئەم بیرۆکەیە بەندە بە میسۆلۆژیای لایەنگرانی بڵاوبوونەوەوە کە بە «تیۆری پێشینانی هاوچەرخمانەوە» ناودەبرێت کە جەخت لەوە دەکاتەوە، تا دوور بکەوینەوە لە ئەوروپای شارستانییەوە، ئەوا رووبەڕووی خەڵکانێک دەبینەوە، ئەوان بە بەرودوایی گوزارش لە سەردەمگەلێکی پێشوو لە مێژوو و فەرهەنگ دەکەن. بۆیە ئەوانەی بە «خەڵکانی چاخی بەردین» ناودەبرێن، لەو شوێنانەی دەکەونە ئەو دیوی گۆی زەوی، لێکچووی ئەوروپاییەکانی چاخی بەردینی کۆنن. لێرەدا ئیدعاکە بونیاتدەنرێت، لە سەر بنەمای ئەوەی بڵاوبوونەوە و بڵاوبوونەوە بە شێوەی شەپۆلی بەرودوا دێت و لە دەرەوەدا بڵاودەبێتەوە، تا بەرەو دەرەوە بڕۆین، ئەوا لە رووی پەرەسەندنی شارستانییەوە دواکەوتووتر دەبین. بە پێچەوانەوە، شێمانەیەک هەیە کە ئەم خەسڵەتە کۆن و کۆنپەرستانە دەگوێزرێنەوە، بە ئاراستەی پێچەوانەدا بۆ جەوهەری شارستانی دەگەڕێنەوە، بە وەرگرتنی شێوەگەلی کۆنی جادوویی و شەڕەنگێزی، وەکو جادووی رەش و دراکۆلای خوێنمژ.

دەکرێ جیاوازییە بنەڕەتییەکان، لە نێوان ئەم دوو بلۆکەدا، بە شێوەی خشتەی کۆمەڵە دژەکانی خوارەوە بخەینەڕوو، بریتییە لە مۆدێلێک بۆ بیری لایەنگرانی بڵاوبوونەوە لە سەدەی نۆزدەیەمدا:

٢٠. دەستەواژەی «پیاوە دێوەکە» «bogeyman» ئاماژەیە بۆ بۆگینیز Buginese ئەمانەیش گەلێکن لە گەلانی مەلایا کە دەستەویەخە دژی ئەوروپییەکان جەنگین. بۆیە بەو شێوەیە نەنگییان پێکرا. خوێنمژی خەیاڵیی بەناوبانگ ئەلکۆنت دراکۆلا لە دەرەوە، لە (هەرێمێکی چیایی دڕندە لە سەر سنووری ئیمپراتۆریی تورکی)وە هات بۆ بەریتانیا.

| خەسڵەتی کەنار | خەسڵەتی نێوەند |
|---|---|
| لاساییکردنەوە | توانست بۆ داهێنان |
| کەم فیکری و سۆز و خۆڕسکی | پێگەیشتن، فیکر |
| بیرکردنەوەی ماتریالی | بیرکردنەوەی ئەبستراکت |
| بیرکردنەوەی ئەزموونی،پراکتیکی | تیۆرەسازی |
| جەستە،ماتریال | ئەقڵ |
| ئۆتۆماتیکی | سیستم |
| منداڵیی | گەیشتن بەتەمەنی ژیری |
| ئەقڵ لەدەستدان | سەلامەتی ئەقڵ |
| جادووگەری | زانست |
| چەقبەستن | پێشکەوتن |

هەموو ئەوانەی تا ئێستا وەسفم کردوون، بریتییە لە داڕشتەیەکی ساکاری مۆدێلی جیهان بەلای لایەنگرانی بڵاوبوونەوەوە، چەند راستکردنەوەیەکیشی دەخەینە سەر، تا لە خستنەڕوودا زیاتر بچینە پێشەوە و بە شێوەیەکی تایبەت دەبینین، چۆن جیاوازیگەلی گرنگ بۆ تیۆری بڵاوبوونەوە لە نێوان شێوە کۆن و شێوە نوێکەیدا هەنە.

لە باسوخواس لە سەر چییەتیی تیۆری بڵاوبوونەوە و ئەوەی ئەم تیۆرە چی دەکات، زۆرمان پێچوو. لەم کتێبەدا، بە درێژی ئەوە دەخەمە روو کە چۆن تیۆری بڵاوبوونەوە راوبۆچوونەکانمانی لە مێژووی ئەورووپایی و نائەورووپاییدا پێکهێنا. دواتر لەم بەندە و لە بەندی دووەمدا، هەندێ لە کاریگەرییە بەردەستەکییەکان، لە سەر تیۆرەکانی دی دەخەمە روو کە هەندێکیان لە بواری دەروونناسی و هەندێکیان لە بواری جوگرافیا و هەندێکیان لە بواری ئابووری و هەندێکیان لە بواری کۆمەڵناسیدایە.

ئـەم باسوخواسـە دوای ئـەوەی رووبـەڕووی پرسـیارێکی جیـاواز دەبینـەوە مانـادار دەبێت. پرسـیارەکە لـە سـەر ئەوەیـە، چـۆن و بۆچـی تیـۆری بڵاوبوونەوە بـوو بـە تیـۆری بنەڕەتـی لـە فیکـری خۆرئـاوادا؟ ئەمەیـە کـە ئێسـتا ئـاوڕی لێدەدەینــەوە.

## مۆدێلی کۆلۆنیالیست

رەنگـە هـەر شارسـتانییەک بۆچوونێکـی نەژادیـی نێوەنـدی سـەبارەت بـە خـودی رۆڵەکانـی و پێوەندییـان بـە دەرودراوسـێکانیانەوە هەبێـت، ئەمەیش وایان لێدەکات وا بزانـن کـە ئـەوان لـە هـەر کۆمەڵگەیەکـی مرۆیـی دی، باشـتر، زیرەکتر و بوێرتـرن. ئیتـر تیـۆرە هەسـتگەرایییەکان دادەنێـن کـە هـۆکار رووندەکەنـەوە و هەمـوو ئەوانـە دوور دەخەنـەوە کـە دەبنـە هـۆی بەپەروابوونیان. رەنگـە تۆوەکانی تیـۆری بڵاوبوونـەوە لـەم بیروبۆچوونانـەدا ببینینـەوە. ئـەوە بریتییـە لـە بیرۆکـەی ئـەوەی چـۆن گەشـەکردنەکە سرووشـتییە و لـە کۆمەڵگەکەمانـدا پێویسـت بـە هیـچ روونکردنەوەیـەک نـاکات، وەلـێ لـە کۆمەڵگەکانیانـدا ناسرووشـتی و بـێ کاریگەرییـە. ئـەوە بریتییـە لـە بیرۆکـەی ئـەوەی چۆن ئەوانی دی گەشـە دەکەن، دوای ئـەوەی لـە ئێمـەوە وەردەگـرن و لاسـایی بیرەکانمـان دەکەنـەوە و ئـەم جـۆرە شـتانە. وەلـێ ئەمـە پەلکێشـی تیـۆری بڵاوبوونەوەمـان نـاکات، هەروەهـا بۆ تێگەیشـتنمان لـەم تیـۆرە گرنـگ نییـە. دیـارە ئـەم تیـۆرە بەوجـۆرەی باسـی دەکـەم، بریتییـە لـە بەرهەمـی کۆلۆنیالیسـتی نوێـی ئەورووپایـی. دیـارە ئـەوە مۆدێلـی کۆلۆنیالیسـتی جیهانـە.

## بنەماکان

تیـۆری بڵاوبوونـەوە لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا بـووە بـە تیۆرێکـی زانسـتیی پوختـە. بنەماکانـی ئـەم تیـۆرە بـۆ سـەدەکانی شـانزە و حەڤـدە لـە خۆرئـاوای

ئەوروپــا دەگەڕێنــەوە کــە سیســتمێکی بەبیروبــاوەڕ بــۆ ئەفراندنــی جــۆرێ لــە پێوەنــدی، لــە نێــوان کەتــواری گــۆڕینــی نــوێ لــە نــاو ئەوروپــا و بڵاوبوونــەوەی کۆلۆنیالیســت لــە دەرەوەیــدا خەمڵــی. ســەرەتای جیهانــی دوو جەمســەری و جیاوازیــی بەرپــا لــە نێــوان نــاوەوە و دەرەوەدا ســەریهەڵدا، لــە ســەر بنەمــای تیــۆری بڵاوبوونــەوە لــە بیرۆکەیەکــی کــۆن لــە نەســرانیەت و میراتــی ئیمپراتۆریــی رۆمانــی (کــە بــۆ زۆربــەی خۆرئــاوا و باشــووری ئەوروپــا، بــە مانــای ســەرچاوەی هاوبــەش بــوو، بــۆ رەوابوونــی چینــی دەســتەبژێری سیاســی و فیوداڵــەکان). بــە دڵنیاییــەوە، ئــەوە راســت نییــە کــە ئەوروپاییــەکان لــە چاخەکانــی ناڤینــدا، وا دەیانڕوانــی بــە نەســرانیەت و بــە ململانــێ لەتــەک کۆمەڵگەکانــی دەوروبــەردا، گوایــە ســیماکانی دیاریکراوبــن. بیریارەکانــی چاخەکانی ناڤینی ئەوروپــا لــە ســەر هێــزی رێژەیــی و ســامان و لێهاتوویی تەکنەلۆژیــی ســەرکەوتووی نەســرانیەت، لــە کاتــی بەراوردکردنــی لەتــەک شارســتانیی ئیســلامی و خۆرهەڵاتیــدا وێناکردنیــان نەبــووە. وەلــێ بــە دڵنیاییــەوە، بیرۆکەیەکیــان هەبــووە، نــەک لــە ســەر شوناســی بەکۆمەڵیــان، وەلــێ لــە ســەر جیاکردنــەوە لــە نێــوان ئــەو زەوییــەی کــە مەســیحییەکان تیایــدا نیشــتەجێ بــوون و ئــەوەی بــۆ ئــەم هۆیــە، لــە ژێــر چاودێریــی خوداوەنــددا بــووە و لــە نێــوان زەویــی نامەســیحییەکاندا. ســەرەڕای ئەمــە، تەنــێ دوای ١٤٩٢ رووی دا کــە نــاوەوە پێناســەیەکی روونــی جوگرافیایــی دەســتەبەر کــرد، ئەویــش بــە هــۆی کۆلۆنیالیســتەوە لــە ســەردەمی نوێــدا و بــە رادەیەکــی گەورەتــر، لــەوەی بــە هــۆی ئــەو راوبۆچوونــە باوانــەوەی چاخەکانــی ناڤینــەوە بووبێــت.

فیکــرە ئەوروپاییــەکان لــە ســەر پێشــکەوتن و پەرەســەندنی بــێ چەندوچۆنــی ئەوروپــا، بــە فیکرگەلــی دوای چاخەکانــی ناڤیــن دادەنرێــن. ئــەم فیکرانــە لــە ســەدەکانی ناڤینــدا، باسوخواســیان لــە ســەر دەکــرا. هەروەهــا بــە دڵنیاییــەوە،

هیوا و نوێژ و خەبات لە پێناوی چاکسازیدا هەبوو، وەلێ خەڵکانی چاخەکانی ناڤین دەیانویست کۆمەڵگەکەیان لە حاڵەتێکی هاوسەنگیدا ببینن. هەروەها ئایینەکەیان باسی کەوتن (گوناه)[21]و باسی نیاز بۆ قەبوڵکردنی بارودۆخەکان (و یاساکان)ی ئەو سەردەمە دەکرد، ئەگەرچی زۆرینەی خەڵکی لەو کاتەدا، دەرکی ئەوەیان نەدەکرد کەتواری ژیان (بەتایبەتی لە دوو سەدەی چواردەیەم و پانزەیەمدا) بەرەو پێشکەوتن هەنگاوی دەنا. ئەمەیش بە پێچەوانەی بیریارانی ئەوروپا لە دوو سەدەی شانزەیەم و حەڤدەیەمدا کە سەرقاڵی خەملاندنی بیرۆکەی ئەوەبوون کە مێژوو- مێژووەکەیان- بریتییە لە پرۆسەیەکی پێشکەوتنخوازانە. دیارە پێشکەوتنی راستەقینە (یان گۆڕانی بەرودوا) لە کۆمەڵگە کۆلۆنیالەکان لەلایەن ئەو بیریارانەوە هەبووە و بارودۆخی فیکرەکان بە شێوەیەکی لێکدراو و لە پێوەندییەکی تۆکمە بە داگیرکارییەوە دەگۆڕا و ئەوەی لە فرە دەرفەتی بۆ تاکەکان لە چەندین هەرێمدا رەخساندی و شتی لەم بابەتە.

کێشەیەک هەیە کە گرنگترینی ئەو کێشانەیە، لە سەر هەردوو ئاستی ئایینی و مەدەنی،، رووبەڕووی ئەو بیریارە تازەگەرایانە دەبووەوە، ئەویش بریتییە لە نیاز بۆ خەملاندنی سیستمێکی بیروباوەڕی، ئایدیۆلۆژییەک بتوانێت قەناعەت بە توێژە جۆراوجۆرە نەرێتپارێزەکان لە کۆمەڵگەی ئەوروپاییدا بکات، بۆ پەسەندکردنی بیرۆکەی بێ چەندوچۆنی پێشکەوتن، بەڵکە چۆنیەتیی ئەوەی کە سرووشتی و خوازراوە و دواتر قەبوڵکردنی گۆڕانکارییەکان لە سیستمی یاساییدا کە رێگە بە کەڵەکەبوونی خێرای

---

[21]. گوناه یان کەوتن و بێ بەریبوونی ئادەم و حەوا لە چاکەی خودا دوای ئەوەی لە درەختە یاساغەکەیان خوارد و لەوەدا ئاماژەیەک هەیە بۆ کەوتنی مرۆڤایەتی دوای ئەوەی پاکی و بێ تاوانیی خۆی لەدەست دا.

سەرمایەداری دەدات و قەناعەت پێکردنی فیودالّ و خاوەن زەوییەکان بۆ مامەڵەکردن لەتەک زەویدا، بەوەی بریتییە لە کالاّ. هەروەها هاندانیان بۆ سەرمایەگوزاری و وەگەرخستنی ئەوەی هەیانە، لە پرۆژە کە پێویستی بە گیانی سەرچڵی هەیە و پێشکەشکردنی ئەو یاسا و رێوشوێنانەی لە ناو وڵات و لە دەرەوەدا، رێگە بە بەکارهێنانی هێزی کار لە چالاکییە نوێکانی سەرمایەداری دەدەن. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم کێشەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەوروپاییەکان بەو قەناعەتە بگەیەنێت، قەبوڵی گۆڕانکارییە دڵتەزێنەکان بکەن کە بە سەریاندا سەپێنراون. بە هەمان رادەی گرنگی نیاز بۆ روونکردنەوەی پێشکەوتن، بە رێگەگەلێ گونجاو لەتەک ئایینـدا هەبوو. لە رێگەی دیدی رێنمایی خوداوە، هەستان بەم کارە لە مێژووی (ئەوروپا) و وێناکردنی داهێنانە پێشکەوتنخوازە نوێکان، بەوەی بریتین لە بەرهەمی رۆح و ئەقڵی ئەوروپایی، واتە رۆحی مەسیحایەتی. (لە بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا، ئەم بابەتانە باس دەکەین).

بەمجۆرە، بیرۆکەی ناوەوە خەملّی، بەوەی شەقڵی پرسەکان بریتییە لەوەی گەشە بکات (گریمانەی یەکەمی تیۆری بڵاوبوونەوە) و ئەم توانستە بە هۆی فاکتەرگەلی رۆحی و فیکرییەوە، واتە «خەسڵەتی پێگەیشتن لە کەسێتیی ئەوروپاییدا» (گریمانەی سێیەم). لەتەک هاتنی سەدەی هەژدەیەمدا، ئیتر شتێکی سرووشتی بوو لە ناو نێوەندە زانستییەکاندا، کاتێ باسوخواس لە سەر سەدەمکاری لە مێژوو و فەلسەفەدا بکرێت کە نەگەڕێنەوە بۆ خودا و بۆ ئینجیل و وێناکردنە بنەڕەتییەکەی پێشکەوتنی سرووشتیی ئەوروپایی لە جەوهەردا، گۆڕانی بە سەردا نەهات، بەڵکە بەهێزتر و خۆڕاگرتر بوو.[22] ئەم بیرۆکەیە هیچ جۆرە گومانێکی راستەقینەی نەبوو،

٢٢. لە مێژووی بیرۆکەی پێشکەوتن لە فیکری ئەوروپیدا، بە نموونە بڕوانە:
G. H. Mead، Movements of Thought in the Nineteenth Century (1936)، Toulmin and Goodfield، The

لەوەی شارستانییە نائەورووپاییەکان سەبارەت بە گەشەکردنی ئەورووپای مەسیحایەتی لە چاخەکانی ناڤیندا، یان سەبارەت بە پێشکەوتنی نوێ (لە سەدەی شانزەیەمەوە تا سەدەی هەژدەیەم)دا بەشدارییان کردووە، مەگەر لە ڕۆڵی نێگەتیڤانەدا نەبێ، لە فەراهەمکردنی کرێکاران و کاڵا و زەوی بۆ نیشتەجێکردن و بە شێوەیەکی پەراوێزی، لە هەندێ کایەکانی تەکنەلۆژیا و هونەردا. هەروەها هۆشیاریی ئەوە نەبوو کە کۆلۆنیالزم و دەرهاویشتەکانی – لە هاتنی بەلێشاوی سەرمایە و زیادبوونی بزاوتی بازرگانیی ناوەکی و دەرەکیی ئەورووپا و زیادبوونی دەرفەتی کار، لە نێوەندە بازرگانییەکان و جیهانی کۆلۆنیال و ئەوەی کە لەمەیش زیاترە – بۆ پێشکەوتنی ئەورووپا هۆیەکی گرنگ بوو. ئەورووپا لە بەر هۆگەلی ناوەکی و ئایینی، جووڵەکیی خۆی گێڕایەوە کە هیچ پێوەندییان بە دەرەوە نییە. ئەم خافڵکردنە ڕێژەیی و هەمیشەییە بۆ گرنگیی کۆلۆنیالیست، لە رووی مێژووییەوە و تا ئەمێستا، لە چەندین بابەتی جۆراوجۆر لە کتێبەکەدا سەرنجمان رادەکێشێت.

دیارە بیرۆکەی دەرەوە بە ڕێگەیەکی ئاڵۆزتردا رەتبوو. دیبەیتەکانی سەدەی شانزەی ئیسپانیا، سەبارەت بە سرووشتی سوورپێستەکانی جیهانی نوێ: ئایا ئەوانە مرۆڤن؟ ئایا دەتوانن پێشوازی لە ئایینی راستەقینە بکەن؟ ئەگەر وەهایە، ئایا دەکرێ بە کۆیلە بکرێن – بەشێکی کارابوو لە خەملاندنی دەستپێکی تیۆری بڵاوبوونەوە، چونکە هەوڵێک پێکدەهێنێت بۆ حاڵیبوونی ئەو کۆمەڵگانەی شکستیان پێدەدرا و سامانەکانیان چەپاو دەکرا.

~~هەروەها روونیکردەوە کە چۆن کارێکی سرووشتی و خوازیار و~~ قازانجدارە،

Discovery of Time (1965)، Nisbet، History of the Idea of Progress (1980) and Bowler، The Invention of Progress (1989).

راستە بیرۆکەی ئەوەی کە پێشکەوتن سرووشتییە، هەندێ لە بیریاران لە سەروبەندی سەدەی نۆزدەیەمدا بە چاوی گومانەوە پیایاندا دەیانڕوانی (و ئەوانە بەتایبەتی لەتەک بیرۆکەی گەشەکردنی بایۆلۆژیدا ناکۆک بوون) وەلێ ئەمە تەوژمێکی نهێنیی لاواز و پچڕپچڕ بوو. بڕوانە: Stocking، Race، Culture، and Evolution (1987) and Bowler، The Invention of Progress (1989).

سـەبارەت بـەوان خۆبەدەسـتەوەدان، بەڵکـە فەراهەمکردنـی هێـزی کار و زەوی و بەروبـووم بـۆ ئەوروپابوو.[٢٣] راوبۆچوونـی ئەوروپایـی بـە خێرایـی لـە سـەر گەلانـی جیهانـی نـوێ دروسـت بـوو، ئەویـش بـە هـۆی خێرایـی بڵاوبوونـەوە و بڵاوبوونـەوەی کۆلۆنیالیـزم لـەم هەرێمـەدا. پرۆژەکـە سـەرەتا یەجگار قازانجدار بـوو، لـە بـارەی دەسـتپێکەکانی زێـڕ لـە سـەرەتای سـەدەی شـانزەیەمدا (بڕوانـە بەنـدی چـوارەم). هێنـدەی نەبـرد بەرگـری لـە ناوچـە کۆلۆنیالـەکان، لەلایـەن ئیسـپانییەکانەوە شکسـتیان هێنـا و ئـەو ئەمەریکیانـەی مانـەوە، ناچـار کران مل بـە چەوسـاندنەوەی کۆلۆنیالیسـت بـدەن. (لێـرەدا ئامـاژە بـۆ نێوەنـدە سـەرەکییە دەسـتپێکەکانی کۆلۆنیالـی وەکـو مەکسـیکی ناڤیـن، کەنـداوە مەزنەکانـی ئانتلیـز و ئەندیـز دەکـەم). قازانجـی سـەرباری هەبـوو لـە کێڵگـە بەرپـاکان لـە سـەر کۆیلـە، لـە بەرازیـل و کەنداوەکانـی ئەنتلیـز لـە سـەدەی دواتـردا و هەروەهـا ئـەو راسـتییەی کـە دەکـرا کۆیلـە ئەفەریقیاییـەکان بـۆ کارکـردن ناچـار بکرێـن، ئەگەرچـی بەرگرییـان دەکـرد و دواتـر، فەراهەمکردنـی قازانـج بـۆ ئەوروپاییـەکان، ئەمەیـش بیرۆکـەی دەرەوەی بەهێزتـر کـرد. شـەقڵی ئـەو خەڵکـە دەیانخاتـە پلەیەکـی کەمتـر لـە ئەوروپاییـەکان: کەمتـر خولیـای ئازادی و کەمتـر هۆشـیارن و...هتـد و پەرەسـەندن بـۆ ئـەوان لـە سـەر حیسـابی قەبوڵکردنـی نۆرێنـی ئەوروپایـی، واتـە بڵاوبوونـەوە و بڵاوبوونـەوە پەسـەندکرا. بۆ کورتکردنـەوەی ئەم بەشـە، دەکرێ بڵێیـن، ئەزموونـی جیهانـی نـوێ لەتـەک دانیشـتوانە بەڕەچەڵـەک ئەمەریکییـەکان و ئەفەریقاییـەکان و خاوەنـی نـەژادە جۆراوجـۆرەکان لـە ئیسـپانیا و مەکسـیک (Mestizos) و ئەوانـەی کـە نیمچـە ئەفەریقایـی و نیمچـە قەوقـازی (Mulattos) بـوون، لـە ناوچەکانـی کان و ناوچـە کشـتوکاڵییە

٢٣. بڕوانە:
Huddleston، Origins of the American Indians: European Concepts، 1492-1729 (1967)، Williams، The American Indian in Western Legal Thought (1990)، Hulme، Colonial Encounters: Europe and the Native Caribbean 1492-1797 (1992)، Gossett، Race: The History of an Idea in America (1963).

فراوانـەکان و کێڵگـە بازرگانییـەکان، هەوێنـی گریمانەکانـی تیـۆری بڵاوبوونـەوە بـوون (٥، ٤، ٢) کـە جەخـت لـە سـەر پشتبەسـتنی جیهانـی نائەوروپایـی لـە پێشـکەوتنی بـە سـەر ئەوروپـادا دەکات و ئەمەیـش بـۆ کەمیـی لـە خەسـڵەتە رۆحـی و فیکرییـەکان دەگەڕێتـەوە کـە ئەوروپاییـەکان هەیانـە. ئەمەیـش بـووە هـۆی دروسـتبوونی گریمانـەی شەشـەم کـە فراوانبـوون و پاوانخوازیـی ئەوروپایـی بـە سرووشـتی دەزانێـت و بـە شـێوەیەکی سرووشـتی سـامان لـە دەروە بـۆ ئەوروپـا دەگوێزرێتـەوە.[٢٤]

ئـەم چالاکییانـە تەنـێ لـە جیهانـی نـوێ و کەنارەکانـی بازرگانیـی کۆیلـە لـە ئەفەریقیـادا روویـان دا.

شارسـتانیی وەکـو شارسـتانیی سـۆدان و باشـوور و خۆرهەڵاتـی ئەفەریقیـا بـە دەسـتی ئەوروپاییـەکان (لـە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا) تـا سـەدەی نۆزدەیـەم نشوسـتیان نەهێنـا. ئیمپراتۆریـی عوسـمانی لـەو ماوەیـەدا تەنـێ بەهێـز نەبـوو، بەڵکـە ناوچەکانـی خـۆی فراوانکـرد، تـا ناوچەگەلێکـی لـە باشـووری خۆرهەڵاتـی ئەوروپـادا گرتـەوە، لـە هەمـان ئـەو کاتـەدا کـە ئیبریۆنـەکان جیهانـی نوێیـان داگیـر دەکـرد. بـەر لـە سـەدەی هەژدەیـەم، ئیمپراتۆریەتـە مەزنەکانـی دیکـە نەکەوتبوونـە ژێـر دەسـەڵاتی کۆلۆنیالیسـتەوە. چالاکییـە ئەوروپاییـەکان لـە هەریـەک لـە ئاسـیا و ئەفەریقیـادا، شـێوەی بازرگانـی و کۆنترۆڵکردنی بازرگانیـی دەریایـی مـەودا دوورەکان و لێـرە و لـەوێ، هەنـدێ ناوچەگەلـی بچـووک لـە سـەر هەنـدێ لـە کەنـارەکان (بڕوانـە بەنـدی چـوارەم)ی بەخـۆوە گرتبـوو. بەمجۆرە، لـە سـەدەی شـانزە و حەڤـدە و هەژدەیەمـدا، نەدەکرا مۆدێلـی تیـۆری بڵاوبوونـەوە بـە سـەر دەرەوە، بـە سـەر شارسـتانییەکانی جیهانـی کۆنـدا پیـادە

٢٤. دەسـتەواژەیەکی ئیسـپانییە لـە ئیمپراتۆریـی ئیسـپانیدا بەکاربـراوە، بـۆ ئاماژەکـردن بـۆ ئەوانـەی نـەژادی ئەوروپیـی تێکەڵیـان هەیـە و دووڕەگـن و لـە ئەمەریـکای لاتینـدا دەژیـن.

بکرێت، بەوجۆرەی بە سەر ئەمەریکییەکان و ئەفەریقیاییەکاندا پیادە کرا کە وەکو کۆیلە بۆ ئەمەریکا گوازرێنیسانسەوە.

سەبارەت بە شارستانییەکانی نیوەی گۆی زەوی، بە شێوەیەکی سنووردار و دەستپێک بۆ مۆدێلی تیۆری بڵاوبوونەوە لەم ماوەیەدا وەرگیرا. ئەم شارستانییانە دەوڵەمەند و لە رووی تەکنیکەوە پێشکەوتووبوون کە هیچ جێی گومان نییە. سیفەتی ژیری و پێگەیشتن لە وێنەی توانست لە سەر داهێنان دەرکەوت، یان لای کەم لە رابردوودا هەبوو، کاتێ داهێنانە سەرسووڕهێنەرەکان (لە تەکنەلۆژیا و بیناسازی و بانکەکان و ئەم جۆرە شتانە)دا سەریانهەڵدا. وەلێ ئەم شارستانییانە نادیار و ناوەڕۆکی مۆراڵیی سیفەتی پێگەیشتنیان لەدەست دا، ئەمەیش لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا مەسیحی نەبوون. ئەمانە کۆمەڵگەگەلی خۆرهەڵاتی بوون، دیارە ستەمکاربوونە، هەروەها تاکە ئاساییەکان ئازادی و ژیانی سەربەرزانەیان نەبوو (ئەمە و لە کاتێکدا، چینی دەستەبژێر نغرۆی خۆشگوزەرانی و گوناهکاری بوون)...هتد. (لە بەندی دووەمدا، بە درێژی ئەم چەمکە روون دەکەینەوە). ئەم شکستە مۆرالییە هەردەبوا بێ توانستیی ئەو کۆمەڵگانەی لێبکەوێتەوە بۆ گەشەکردن لەو کاتەدا- ئەو کاتەی کە ئەوروپا تیایدا پێشدەکەوت- لە کاتێکدا بریتی بوون لە شارستانیگەلی گەشاوە و پێشکەوتوو لە رابردوودا و ئەمەیش ئەوەیە کە ئەوروپاییەکان نکولی لێناکەن، وەلێ بە شتێکی سەرسووڕهێنەری دادەنێن. ( هەندێ جار هەڵهێنانی ئەم مەتەڵە لەوەدا دەبوو، ئەوان ماوەیەک بەر لە مەسیحایەتی پێشکەوتووبوون، وەلێ کاتێ مەسیحایەتییان رەتدایەوە، خودا پشتی تێکردن).[25] دیارە تەنێ لە سەدەی نۆزدەیەم و لەتەک

٢٥. هەندێ جار ئەو تێگەیشتنە هەبووە کە ئەو شارستانییانە تا رادەیەک کەمێ بەر لە لافاوەکە گەڵاڵە ببوون و رانەماڵران (بە نموونە، بڕوانە (Haskel، Chronology and Keighrely، Outlines of History، 1849)، Universal History، 1848، p. 9) دەبینێت کە نوح بۆ چین کۆچی کرد کە خۆی و نەوەکانی دوای لافاوەکە نیشتنەوە، پاشایەتیی چینیان دامەزراند "یەکەم پێشکەوتن و وا دیارە رۆژهەڵات ئەم بیرۆکەیەی بەلاوە باشترە".

کۆلۆنیالیستی خێرا لە هیند و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا و ناوەڕاستی ئەفەریقیا و چین (وەکو جۆرێ لە کۆلۆنی بەکۆمەڵ)دا، ئیتر گریمانەکانی تیۆری بڵاوبوونەوە بە سەر دەرەوە و بە سەر پێوەندییە سرووشتییەکان لە نێوان ناوەوە و دەرەوەدا، بە سەر گشت ناوچە نائەورووپاییەکاندا دەگشتێنرا. لەم دوا ماوەیەدا، گریمانەکانی تیۆری بڵاوبوونەوە و بیرۆکەی دژە بڵاوبوونەوە بۆ شەڕەنگێزی و دڕندەیی و نەخۆشی لە دەرەوە بۆ ناوەوە، بە قۆناغی گەڵاڵەبوون و گەشەکردنی کۆتاییەکەی خۆیان گەیشتن. بە نموونە "دێو" (لە گەلی مالای لە ئەندۆنیزیاوە) هات، واتە لە دەرەوە. هەروەها دراکۆلا هات کە نیشتمانەکەی دەکەوێتە سەر سنووری ئاسیا.[26]

٢٦. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە و رەنگە بەر لەوەیش، ئەدەب سەبارەت بە ئەستێرەناسی و جادوو و خێو و تارمایی و دڕندەکان و شتی لەو جۆرانە جەختیان دەکرد لە سەر بنەماکان یان سەرچاوە نائەورووپییەکانی ژنە جادووکەرەکان و دڕەندەکان و شەیتانەکان و مردووەکان و مۆمیاکراوە رێکەرەکان و نەفرەتەکان (جادووی رەش» و ئەو شتانەی خاوەنی هێزی لەرادە بەدەری سرووشتی بوون. بەمجۆرە هەموو ئەمە ئاراستەی هەیە بۆ بڵاوبوونەوەکردن لە ناو ئەورووپادا، وەکو جۆرێ لە دژە بڵاوبوونەوەکردن وەکو تەوژمێکی ژێرەکیی هێزەکان بۆ پاوانی ئەورووپی بڕوانە:
Brantlinger، Rule of Darkness: British Literature and Imperialism (1988).

# تیۆری کلاسیکیی بڵاوبوونەوە

سەدەی نۆزدەیەم بریتییە لە سەردەمی کلاسیکیی کۆلۆنیالیزم کە تیۆری بڵاوبوونەوە کردی بەوەی بە "شێوەی کلاسیکی" ناونرا. دوای جەنگەکانی ناپلیۆن، کۆلۆیالیستی بڵاوبوونەوە بە خێراییەکی سەرسوورهێنەرەوە پەلی هاویشت. لە نێوان ١٨١٠ و ١٨٦٠ دا، ئەوروپاییەکان توانییان زۆربەی ئاسیا بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و لە زۆربەی ئەمەریکای باکووردا نیشتەجێ بوون و دەستیان کرد بە چوونەناو ئەفەریقیاوە. لە نێوان ١٨٦٠ و سەرەتای یەکەمین جەنگی جیهانیدا، پاشماوەی ئاسیا و ئەفەریقیا داگیرکران و قازانجی کۆلۆنیالیستی و سەرمایە لە ئاسیا و ئەفەریقیا و ئەمەریکای لاتیندا، دەستیانکرد بە کەڵەکەبوون، هەروەها ناوچەکانی نیشتەجێبوونی ئەوروپایی فراوان بوون، لەتەک ئەو شوێنانەی لەتەک خۆیاندا سامانی زۆریان هێنا. لە دوا نیوەی سەدەکەدا، تێکڕای گەشەکردنی پرۆژە کشتوکاڵییە کۆلۆنیالیستەکان زیاتر بوو و بە سەر گەشەکردنی پیشەسازی لە سەر ئاستی جیهاندا باڵادەست بوو. هەروەها گرنگیی بۆ یەکەم جار لە سەر ئاستی جیهان، دەرهێنانی کانزا کەمبەهاکان سەریهەڵدا.[٢٧] جیاوازیی قووڵ لە سەر گرنگیی گشت ئەمانە هەیە، سەبارەت بە گەشەکردنی فیکری و کۆمەڵایەتیی ئەوروپا لەم ماوەیەدا. لە بەندی چوارەمدا، خۆم دەدەم لە قەرەی ئەم دیبەیتە، وەلێ ئێستا ئەوەندە بەسە، جەخت بکەین لە سەر ئەوەی کاریگەریی گشتیی پاوانکاری و فراوانبوونی ئەوروپایی لە ڕێگەی کۆلۆنیالیستییەوە، بە مانا بەرتەسکەکەی و لە ڕێگەی نیشتەجێبوون و تۆڕێنی ئابووریی نیمچە کۆلۆنیالیستییەوە، هێندە قووڵ بوو تا مۆدێلێکی فیکریی گەورە بخولقێنێت، ئەویش بریتییە لە شێوەی کلاسیکیی تیۆری بڵاوبوونەوە.

---

٢٧. بڕوانە: W. A. Lewis، ed.، Tropical deveiopment، 1880-1913 (1970).

لە نزیکەی ١٨٧٠دا، ڕێککەوتنێکی فراوان لە نێوان بیریارە ئەوروپاییەکاندا، لە سەر سرووشتی بنەڕەتیی جیهان و جووڵەکییەکەی هەبوو. کەمبوون ئەوانەی گومانیان هەبوو لەوەی گەشەکردنی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی- واتە پێشکەوتن- دوو حەقیقەتی بنەڕەتی بن، ئەگەرچی گەلێ جار پرۆسەکانی گەشەکردن، بە شێوەیەکی ئایینی یان میتافیزیکی، یتر لەوەی سرووشتی بێت، هاوشێوەی تیۆرەکەی داروین ڕاڤە دەکران.[٢٨] ئیتر ڕوونبووەوە بەڵکە بوو بە سرووشتی کە ئەوروپاییەکان بچنە ناو ئەزموونی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییەوە، بەوەی هەمیشە بە درێژایی مێژوو پلانی خودا یان سرووشت بووە. هەندێ لە بیریارە مێژووییەکان ئەو پرۆسەیەیان بە بەکارهێنانی دەستەواژەگەلی هەمەکییانەی وەکو گەشەکردنی کۆمەڵگە یان دەوڵەت و هەندێکیان بە شێوەیەکی کەمکردنەوە (reductionist) (بە مانایەک لە ماناکان، دەروونییانەتر) وەسفیانکردووە، لە سەر ئەوەی هەڵکشانێکی فیکرییە، یان بریتییە لە گەشەکردنی جێگیری ئەقڵی مرۆڤایەتی، لەتەک ڕوانین بە کۆلۆنیالیزم و پیشەسازی و شتی دیکەدا، بەوەی بریتین لە بەرهەمی ئەقڵ. وەلێ گەلێ لە بیریاران (و لەوانەیش هێربێرت سپنسەر) ناتەباییەکیان لە نێوان مۆدێلە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکان و لەتەک پێشکەوتندا نەبینی، وا مامەڵەیان کرد، بەوەی بریتییە لە تەوژمی هەڵقوڵاو کە لەتەک خۆیدا هەڵگری گەشەکردنی کۆمەڵگە و ئەقڵ بێت پێکەوە.[٢٩] هەموو ئەمانە سەبارەت

---

٢٨. بڕوانە:
Bowler، Th Invention of Progess (1989)، Stocking، Viet Anthropology (1987)، Mandelbaum، History، Men and Reason (1971).

29. Spencer، The Man Versus the State (1969).
کارلێکی لێکدراو لە نێوان تیۆرە تاکایەتییەکان و هەمەکیی پێشکەوتنی مێژوویی لە ماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا، باسی لێدەکرێت لە:
G. H. Mead، Movements of Thought in the Nineteenth Century (1936) and Mandelbaum، History، Man and Reason Blaut، The National Question: Decolonizing the Theory of Nationalism (1987b).
و چۆن ئەوەی کە زۆربەی تیۆرەکانی پێگەیشتن و گەشەکردنی ئەقڵانی لە یەکێک لە دوو تەوژمە فیکرییەکەدا سەریانهەڵدا، یەکەمیان بریتییە لە دەروونیی کانتیزم و دووەمیش بریتییە لە ڕۆمانسیی هیگڵیزم.

بە ئەوروپا و ئەورووپاییەکان و بێگومان سەبارەت بە ئەنگلۆ- ئەمەریکییەکان روونبوون. بۆیە لەتەک هاتنی حەفتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، بەوپەڕی مەزەنەکردنەوە، گریمانەی بڵاوبوونەوە و بڵاوبوونەوە و بیرۆکەی پێشکەوتنی سرووشتی و هەمیشەیی و هەڵقوڵاو لە ناوەوە لە ئەوروپا (خۆرئاوای ئەوروپا) سەقامگیر بوو و چیتر بیریارانی ئاراستەی باو مشتومڕیان لە سەر حەقیقەتەکەی نەدەکرد.

لە هەمان کاتدا، بۆچوونگەلی نزیک بەیەک لە سەر سرووشت و جووڵەکیی مێژوویی بۆ جیهانی نائەوروپایی هەبوون. لەتەک هاتنی نیوەی سەدەی نۆزدەیەمدا، بۆچوونی ئینجیلی رەتکرایەوە (وەلێ نەک لە بابەتە مێژووییەکانی خوێندندا) و چیتر پێویست بە باسکردنی جیاوازییەکانی نێوان ئەورووپاییەکان و فەرهەنگەکانی دی، لە چەند هەزار ساڵێکی کەمدا نەبوو، مەگەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە، بڕوامان بە بوونی ئەو جیاوازییانە هەبوایە و ئەگەر واماندابنایە کە هەڵگرانی تیۆری رەچەڵەکە جۆراوجۆرە مرۆییەکان راستبوونایە لەوەی رەنگە هەندێ لە کۆمەڵە مرۆییەکان، لە سەردەمێک بەر لە ئادەم و حەوا و بە شێوەیەکی جودا لەوان خوڵقێنرابن. ئەمەیش بواری بۆ گەلێ لە چاوئەندازی لە سەر رێگەی گەلاڵەبوونی جیاوازییە فەرهەنگییەکان رەخساند. رەتکردنەوەی گشتیی بیروباوەڕە ئینجیلییەکان لە سەر سرووشتی رەچەڵەکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لەتەک ئەم گۆڕینەدا جووت دەبێت. ئێستا (دوای نیوەی سەدەکە) وا تەماشای فەرهەنگ دەکرێت، بەوەی بریتییە لە دەرەنجامی گەشەکردن، لە دەستپێکگەلی گەلێ سەرەتاییەوە کە خۆی لە «چاخی بەردین»ی سەرەتاییدا دەبینێتەوە (بەپێی چاخی کۆن، مرۆڤەکان تەکنەلۆژیای پێشکەوتوویان لە کشتوکاڵ و بەکارهێنانی کانزاکاندا هەبووە، هەر لە یەکەم دروستبوونی مرۆڤەوە، لە سیفری خەمڵیندا).

دیاره هۆکارەکانی گەڵاڵەبوونی خێرای بیروباوەڕ لە سەر نائەوروپاییەکان ئاڵۆزن، وەلێ هۆکاری بنەڕەتی و گرنگ بریتییە لە پێشکەوتنی کۆلۆنیالیزم. ئەمەیش بەتایبەتی بە هۆی دوو کاریگەرییەوە دەستەبەربوو، یەکەمیان بریتییە لە زۆریی زانیارییە بەردەستەکییەکان، لە سەر خەڵکی و شوێنە نائەوروپاییەکان، چونکە وەسفێکی یەکانگیر- ئەگەرچی تا رادەیەکی زۆر شێوێنراوە- بۆ یەکەم جار لە ئەدەبی ئەوروپاییدا لە سەر نائەوروپاییەکان دەبینین، لەوەی کە شارستانی و کێوین پێکەوە. وەلێ هۆکاری دووەم بریتی بوو لە گرنگیپێدانی پراکتیکی و سیاسی و ئابووری، بۆ سەلماندنی راستی و دروستیی شتگەلێکی دیاریکراو و ناڕاستیی شتگەلی دی لە سەر جیهانی نائەوروپایی کە پڕە لە مرۆڤ. پێوەندیی تۆکمە ئەم دوو پرۆسەیە بە یەکدییەوە دەبەستەوە.

کۆلۆنیالیزم بە شێوە جۆراوجۆرە- راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانیەوە - بە پلەیەکی بەرز، پرۆژەیەکی پڕقازانج بوو، چونکە بڕە پارەی زۆری وەگەردەخست، لە هەوڵی بۆ زانینی شتی زۆر لە سەر مرۆڤ و سامانە سرووشتییەکان لە هەرێمەکاندا کە بەتەمابوون بەکۆلۆنیالیان بکەن، یاخود کۆنترۆڵیان بکەن، بەڵکە تیایدا نیشتەجێ ببن، هەروەها بۆ زانینی شتی زۆر لە سەر ئەو هەرێمانەی بە کردەوە داگیرکرێنیسانس. ئەمەیش بۆ هەڵسووڕاوکردنی کارگێڕی و چەوساندنەوە و چەپاوکردنی ئابووریی ئەم هەرێمانە. سەدەی نۆزدەیەم بریتییە لە چاخی دۆزینەوەی زانستیی داروین لە بیجل و لیڤینجستۆن لە ئەفەریقیا و پاول لە چیاکانی رۆکی و بەم شێوەیە. وەلێ دامەزراوەگەلێ لە پشتی ئەم هەوڵانەوە هەبوون، هەروەها ئەم دامەزراوانە گرنگیپێدانی پراکتیکییان لەو هەرێمانەدا هەبوو کە توێژینەوەیان لەسەر دەکرا. هەموو ئەمانە لەتەک دەستپێکردنی شاڵاوی

چالاکیی پڕوپاگەندەی ئایینیدا گونجاوبوون کە پشتگیرییان لە هەندێ لە دۆزینەوەکان کرد (لەوانە ئەوەی تایبەت بوو بە لیڤینجستۆن) کە بووە هۆی کۆکردنەوەی زانیاریگەلی گرنگ و درێژ، لە سەر ئەنسۆگرافیا و زمانەکان و جوگرافیا، لە ڕێگەی پڕوپاگەندەکەرە ئایینییەکانەوە کە خۆیان بۆ ئەم دۆزە لە جیهانی نائەورووپاییدا تەرخان کردبوو. هەروەها ڕاپۆرتە دوور و درێژ و وردەکان کە هەردەبوا بەڕێوەبەرە کۆلۆنیالیستەکان پێشکەشی بکەن، گرنگییەکی گەورەیان هەبوو، چونکە زانیارییان لە سەر سیستمی یاسایی تایبەت بە دەوڵەت و یاساکانی سیستمی خانوبەرە و بەرهەمهێنان و شتی زۆری دیکە فەراهەم دەکرد.

زۆربەی ئەو شتانەی لە سەر نائەورووپاییەکان زانران، لەم سەرچاوانەوە وەرگیران. بۆ بەندە گرنگ نییە درێژدادڕی بکەم، لە سەر ڕاستیی ئەوەی ئەو کەسانەی هەستان بە فەراهەمکردنی ئەم زانیارییانە ئەورووپایی بووبن کە خاوەنی بۆچوونگەلی فەرهەنگی و سیاسی و ئایینیی دیاریکراوبن، وایانی لێکردبێت بەرەچەڵەک خاوەنی زەوی بن، لە ڕێگەی لینزگەلێکەوە ناچاری کردبن، لایەنێکی گەورە لە ڕاستییەکان بشێوێنن. ڕەنگە مرۆڤ خۆشەویستییەکی مەزن و ڕێزێکی هەبێت، بۆ ئەو کەسانەی لە نێوانیاندا کار دەکەن، وەلێ چاوەڕوانی ئەوە لەم مرۆڤە ناکرێت، بڕوای بە یەکسانی لە نێوان مەسیحییەکان و نا مەسیحییەکاندا هەبێت. هەروەها بەڕێوەبەرە کۆلۆنیالیستەکان تەنێ هەڵەی فەرهەنگییان نەکردووە، بەڵکە بە گرنگیپێدانی ئابووری و بۆ بەرژەوەندیی چینگەلێکی کۆمەڵایەتی (جووتیارە ئەورووپاییەکان و کۆمپانیاکانی دەرهێنانی کانزا و کۆکەرەوەکانی باج و خەڵکانی دی) کاریان کردووە و بۆچوونی هەبووە، بەئاگاییەوە یان بێ ئاگابوون، لەسەر خەڵکی ڕەشۆک و سامانەکان کە گوزارشی لە لایەنگری و گرنگیپێدان بە

چینی دەستەبژێر لە کۆمەڵگەکەیدا کردووە و بە شێوەیەکی دیاریکراوتر پڕوپاگەندەکەرە ئایینەییەکان و بەڕێوەبەرە کۆلۆنیالیستەکان هەستان بە پەخشکردنی ئەوروپا لە جیهانی نائەوروپاییدا. بۆیە گەلێ لە زانیارییە کۆکراوەکان بەم شێوازە شێواندنی زۆریان تیادابوو. سەرەڕای بەهای ئەو زانیارییە زۆرانە، هەرچی ئەو تیۆرانەیشە لە سەریان بونیاتنراون- و ئەمە زۆربەی تیۆرە مرۆڤناسی و جوگرافیایی و سیاسسی و ئابوورییەکان لە سەدەی نۆزدەیەم لە سەر نائەوروپاییەکان دەگرێتەوە- ئەوانە بە شێوەیەکی ڕێکخراو زانیاریی شێوێنراویان دەخستەڕوو، ئەم شێواندنانە تایبەتن بە تیۆری بڵاوبوونەوە.

گرنگیپێدانی کۆلۆنیالیست جۆرێکی دیکەی لە شێواندنی خستەسەر، ئەویش بریتییە لە خەملاندنی مەعریفە، لە شێوەی تیۆرگەلێ قازانجی بۆ کۆلۆنیالیستی دەبێت. ئیتر تیۆرگەلی زانستی و یاسایی لەلایەن دروستکەرانی سیاسەتەکان و ئەو بیریارانەوە دانرا کە خۆیان دروستکەری سیاسەتەکان بوون، یان ئەوەی لە سیاسەتەوە نزیکبوون. (بە نموونە، لە بەریتانیا ڕێژەیەکی زۆر لە مێژوونووسان کە کاریگەرییان هەبوو و چاوئەندازە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت ڕۆمانووسەکان و شاعیران، پێوەندیی ڕاستەوخۆیان لەتەک کۆمپانیای خۆرهەڵاتی هیند و وەزارەتی ناوچە کۆلۆنیالەکان و بریکارییە گشتی و تایبەتەکانی دیکەی ئیمپراتۆرییەکەدا هەبوو).[٣٠] تێبینی بکە کە من ژمارەیەکی زۆر لە ئیدعاکان، لەوانە بنەما مێژووییە گەورەکان، دەخەمە ژێر چەتری وشەی «تیۆر»ەوە.

---

٣٠. لەوانە:
Malthus، J. S. Mill، T. Macauley، and Thackeray هناوڕب Branrlinger، Rule of Darkness: British Literature and Imperialism، 1830-1914 (1987) هـناوڕب اـهەورەه Williams، British Historians and the West Indies (1966) and Said، Orientaeism (1979).

بیریـاران لـه ئاسـتێکی فراوانـدا تیۆریـان لـه سـەر گەشـەکردنی کۆمەڵایەتـی پێکدەهێنـا و ئـەم تیۆرانـە لـە جەوهەریانـدا، شـتێک نەبـوون جگە لـە دەربڕینێک، بـە مانـای ئـەوەی سـەلمێنەکانی تیـۆری بڵاوبوونـەوە بریتیـن لـە یاسـاگەلی سرووشـتی. هـەر بەوجـۆرەی پێشـتر تێبینیمـان کـرد، دیبەیتەکانـی سـەدەی نۆزدەیـەم، لـە نێـوان هەڵگرانـی تیـۆری «داهێنانـی سـەربەخۆ» و لایەنگرانـی بڵاوبوونـەوەدا، جگـە لـە دیبەیتگەلـێ لـە نێـوان دوو کۆپیـی تیـۆری بڵاوبوونـەوەدا شـتێکی دی نەبـوون. لـە هـەردوو بلۆکەکـەدا، کۆمەڵێکـی گـەورە تیـۆر هەبـوون، ئامانجیان پشـتگیری بوو لە چالاکیی کۆلۆنیالیسـتی و گەشـەپێدان و بەهێزکردنی بڕوابـوون، بـەوەی کـە کۆلۆنیالیسـتیی ئەوروپایـی، لـە رووی زانسـتییەوە بریتییـە لـە پرۆسـەیەکی سرووشـتی، بەڵکـە ئـەوە پرسـێکی بـێ چەندوچۆنـە، لـە یاسـا کۆمەڵایەتییەکانـی پێشـکەوتنی مرۆیـی (پێشـکەوتنی خێـزان و یاسـا و دەوڵـەت و...هتـد)وە هەڵدەقوڵێـت. هەروەهـا لـە سـەر ئاسـتی گشـتی، کارە دەسـتپێکە گرنگـەکان، لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیـەم و لـە کۆتاییەکەیـدا، لـە سـەر مێـژووی کـۆن و نـوێ فیکرگەلـی جۆراوجـۆر و ورد و تاوتوێکراویـان لـە سـەر تیـۆری بڵاوبوونـەوە و بـە دیاریکـراوی لـە سـەر هۆکارەکانـی گەشـەکردنی ئەوروپـا خسـتە روو و کـە چـۆن ئێسـتا سرووشـتی و هەمیشـەیی بـووە، بـە گەلانـی کۆلۆنیالـی بـەراورد بکرێـت. ئـەم بنەمـا مێژووییانـە هێنـدە گرنگـن، بـۆ پشـتگیریکردن لـە چالاکییـە داگیرکارییـەکان لـە نێـوان گەلانـی ئەوروپـادا و دواتـر کاتـێ کـە سیسـتمگەلی فێرکاریـی کۆلۆنیالیزمیـان بـۆ قەناعەتپێکردنـی دانیشـتوانە رەچەڵەکییـەکان دادەڕشـت کـە چـۆن کۆلۆنیالیـزم بریتییـە لـە پرۆسـەیەکی سرووشـتی و بـێ چەندوچـۆن و پێشـکەوتنخوازانە.

لـە بەنـدی دووەمـدا، هـەوڵ دەدەم باسـی چەنـد تیۆرگەلێکـی بڵاوبوونەوە بکەم کـە لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا بەردەسـتەکی بـوون و پێوەندییەکـی تێهەڵکێشـیان

لەتــەک کۆلۆنیالیســتی و توێژینــەوەی ئەکادیمیــدا هەبــوو، بــە چەقبەســتن لــە ســەر ئــەو تیۆرانــە کــە بنەمــای ئەفسانەی باڵادەستیی مێژوویــی و فەرهەنگیــی ئەوروپــا پێکدەهێنــن. لێــرەدا پێویســتم بــەوە دەبێــت، ئــەوە بخەمــە روو، چــۆن تیــۆری کلاســیکیی بڵاوبوونــەوە بــە یەکســانی لەتــەک کۆلۆنیالیزمــی کلاســیکیدا ســەریهەڵدا و بــۆ بەدیهێنانــی ئــەم مەبەســتە، جەخــت لــە ســەر دوو تیــۆر دەکــەم کــە بــۆ روونکردنــەوە، گــوزارش لــەم تەوژمــە دەکــەن.

یەکێــک لــەم تیۆرانەیــە گریمانــی ئــەوە دەکات کە نائەوروپاییەکان گەشــەیان بە چەمکەکانــی خاوەندارێتیــی تایبــەت بــۆ ســەرچاوەگەلی مژادیی گرنگــی وەکو زەوی نــەداوە. دیــارە ئــەو تیــۆرەی جەختــی لــە ســەر خاوەندارێتیــی تایبــەت کردۆتــەوە، لــە ریشــەی کۆنــی ئەوروپاییــەوە و بەتایبەتــی یاســای زەویــی رۆمانــی و هەنــدێ خەســڵەتگەلی ژەرمەنیــی ئیدعاکــراو و تایبــەت بــە تاکەوانییــەوە ســەریهەڵداوە و ئەمەیــە کــە لــە رووی مێژووییــەوە، لــە شارســتانییەکانی دیکــەدا نەبــووە (و دواتــر خەســڵەتگەلە ئەقڵــی و فەرهەنگییــە پەیوەســت بــەم چەمکانەیــان نەبــووە)، بۆیــە شارســتانییە نائەوروپاییــەکان، لــە قۆناغێــک لــە ســەر پلــە پەیژەی گەشەســەندندا مانــەوە، نەیانتوانــی وێنــای خاوەندارێتیــی تایبەتــی راســتەقینە بکــەن. بۆیــە ئــەو خەڵکانــە پێویســتییان بــە ســەپاندنی ســەرمایەداری بــە ســەریاندا هەبــوو. لــە راســتیدا، تیۆرەکــە لــە بنەڕەتــدا لــە رێگەی پارێــزەران و بەڕێوەبــەر و کارگێڕەکان، لــە دامــەزراوە کۆلۆنیالیســتییە ئەوروپاییــەکان و نووســینگە کۆلۆنیالیســتەکاندا گەشــەی کــرد و تەنــێ یــەک ئامانجــی بەردەســتەکییان هەبــوو، ئەویــش بریتییــە لــە بونیاتنانــی بنەمــای یاســایی بــۆ بەگشــتیکردنی زەوی لــە گەلــە کۆلۆنیالــەکان، بــەو وەهمــەی کــە ئــەو گەلانــە مافــی خاوەندارێتیــی ئــەم زەوییەیــان نەبــووە، ئەویــش لەبــەر ئــەوەی هیــچ تێگەیشــتنێکیان لــە ســەر خاوەندارێتیــی زەوی

نەبووە.[31] لەتەک ئەوەیشدا، ئەم تیۆرە توانی ببێت بە سەلمێنراو لە فیکری سەدەی نۆزدەیەمدا، تەنانەت کارڵ مارکسیش رەزامەندی لە سەری دەربڕی وبۆیە تیۆرێکی گەورەی لە سەر گەشەکردنی خاوەندارێتیی تایبەت بەرهەمهێنا - بەشێکی گەورە لە تیۆرەکەی، لە سەر بنەماکانی سەرمایەدارییە - کە لە رێگەیەوە باسی - یان باشتر وایە بڵێین گریمانەی کرد - کە ئەم گەشەکردنە بریتییە لە دیاردەیەکی ئەورووپاییی تایبەت و دیارە کۆلۆنیالیزم لەتەک هەموو خراپییەکیدا، سەرمایەداری لە جیهانی نائەورووپاییدا بڵاوکردەوە، ئەمەیش بریتییە لە پرۆسەی پێویست، وێڕای ئەوەی بووە هۆی ئازاردانی نائەورووپاییەکان. بۆیە تەنانەت مارکسیزم کە رەنگە بە دژەبڕوای سیستمی باو لە ئەورووپا، لە سەدەی نۆزدەیەمدا دابنێین کە تیۆری بڵاوبوونەوە بە شێوەیەکی گەورە لە پێکهاتنیدا بەشداریکرد.[32]

«ئەفسانەی بۆشایی» بریتییە لە وێنەیەکی گرنگ لە وێنەکانی ئەم بیروباوەڕە و بریتییە لە بیرۆکەی تیۆری بڵاوبوونەوە، بەوەی کە ناوچە کۆلۆنیالەکان، یان ئامادە بۆ ئەوە، خەڵکیان تیادا نیشتەجێ نەبووە، یان ئەوەی خەڵکی کۆچەرییان تیادا بووە، خەڵکانێک کە بێ شوێنی نیشتەجێبوونن، بۆیە هیچ مافیان لە زەویدا نییە. یان زەویگەلێک بێ سەروەریی سیاسی و بێ خاوەندارێتیی ئابووری بوونیان هەبووە، ئەرکگەلی کۆلۆنیالیستیی لێکچوویان هەیە و بە هەمان شێواز سەریانهەڵداوە. هەمان

---

٣١. بڕوانە:
Thaper، Ancient Indian Social History: Some Interpretations (1978) and B. “Ideology and the Interpretation of Early Indian History” (1982)، and B. Chandra “Karl Marx، His Theories of Asian Societies، and Colonial Rule” (1981).

لە بەندی دووەمدا، بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێینەوە.

٣٢. بە دیاریکراوی، بڕوانە بابەتەکەی مارکس «دەسەڵاتی بەریتانیا لە هیندا» (١٩٧٩) لە دوا کاردا، مارکس و ئەنجلس بۆچوونێکی نێگەتیڤانەتریان لە سەر کۆلۆنیالیزم بونیاتنا، تا رادەیەک گەشەیان بە بیرۆکەی دواکەوتنی کۆلۆنیالیزم دا: بڕوانە:
Blaut، The National Question: Decolonizing the Theory of Nationalism (1987 b) for a discussion..

شت دەبینین بە سەر بیروباوەڕی تۆکمە جووتدەبێت بە تیۆری پێشووەوە، ئەویش بریتییە لە تیۆری «سەرکوتکاریی خۆرهەڵاتی» (وئەمەیش لە رووی خەملێنەوە کۆنترە، وەلێ بە شێوەیەکی تەواو لە بیری تیۆری بڵاوبوونەوە لە سەدەی نۆزدەیەمدا گەشەیکردووە) و بەپێی ئەم تیۆرە، نائەوروپاییەکان چەمکی ئازادییان نابێت، بۆیە بە دەستی حکومەتە سەرکوتکارییەکانەوە دەناڵێنن کە گشت گەشەکردنێک کۆتوبەند دەکەن، تا ئەوەی ئەوروپاییەکان ئازادی دەهێنن کە خۆی لە شێوەی کۆلۆنیالیزمدا دەبینێتەوە (کە بە دژەئازادی دادەنرێت). ئەو تیۆرانە و تیۆری دیکە کە لە تیۆری بڵاوبوونەوەوە هەڵقولاون، هێشتا تا ئەمڕۆیش کاریان پێدەکرێت، بۆ پاڵپشتیکردن لە بۆچوونی میسۆلۆژیای باڵادەستی و تایبەتمەندیی مێژوویی و فەرهەنگی ئەوروپا. لە بەندی دووەمدا باسی ئەم تیۆرانە دەکەین کە ئامانجی ئەوەیە ئەم قسە پڕوپوچە پوچەڵ بکاتەوە.

قۆناغی تیۆری کلاسیکیی بڵاوبوونەوە بریتییە لە قۆناغی کۆلۆنیالیزمی کلاسیکی، ئەو قۆناغەی تیایدا بڵاوبوونەوەی ئەوروپایی خێرا و بەقازانج بووە، تا ئەوەی باڵادەستیی ئەوروپا وا دەرکەوت کە بریتییە لە یەکێک لە یاساکانی سرووشت. تیۆری بڵاوبوونەوە ئەم راستییە رواڵەتییەی رێکخست، لە شێوەی تیۆرێکی گشتی لە سەر باڵادەستیی مێژوویی و فەرهەنگی و بایۆلۆژیی ئەوروپایی و لە سەر ریسوایی نائەوروپاییەکان و لە سەر بێ چەندوچۆنی و تەندروستیی رەها بۆ پرۆسەی بڵاوبوونەوە و بڵاوبوونەوەی خەسڵەتە ئەوروپاییەکان بۆ نائەوروپاییەکان. تیۆرە گشتییەکەی بڵاوبوونەوە لە شێوەی بیروباوەڕگەلی پراکتیکیی جۆراوجۆر، لە گشت کایەکانی زانستە مرۆییەکان و لە فەلسەفە و لە هونەردا، پەلوپۆی لێبووەوە.[33] هەروەها ئەم

[33] .بڕوانە بەندی دووەم.

بیروباوەڕانــە، لــە چەنــد حاڵەتێکــی دیاریکــراودا پیادەکــران، بــۆ راڤەکــردن و پاســاوهێنانەوە بــۆ کارەکانــی کۆلۆنیالیســتی و ســەرکوتکاری و چەوســاندنەوە و چەپاوکــردن. بەپێــی ئــەو تیــۆرە، هەمــوو ئەمانــە راســت و دروســت و ئەقڵانــی و سرووشــتی بــوون.

## تیۆری نوێی بڵاوبوونەوە

ســەدەی نۆزدەیــەم، یــان بــە وردتــر، ئــەو ماوەیــەی شکســتی ناپلیــۆن لــە ســەرەتای یەکەمیــن جەنگــی جیهانــی جیادەکاتــەوە، بریتــی بــوو لــە مــاوەی ئاشــتی و پێشــکەوتنی رێژەیــی بــۆ ئەوروپاییــەکان. کۆلۆنیالیــزم پاڵپشــتی ئــەم پرۆســەیەی کــرد، لــە رێگــەی فەراهەمکردنــی کەرەســە و بــازاڕ و هێــزی کاری هــەرزان و زەوی، بــۆ ئــەوەی ئەوروپاییــەکان تێیــدا نیشــتەجێ ببــن. هەروەهــا کۆلۆنیالیــزم گەلــێ لــە دژوازییــە ناوەکییەکانــی ئەوروپــای چارەســەرکرد. دیــارە بیرۆکــەی گەشەســەندنی شارســتانیی ئەوروپــا و فراوانبوونــی شــوێن بــۆی، دوو رەهەنــدی جیاوازبــوون بــۆ هێزێکــی مێژوویــی کــە لــەو کاتــەدا بــاو بــوو و ئەمــە بریتــی بــوو لــە بیرۆکــەی بنەڕەتیــی تیــۆری بڵاوبوونــەوە.

وەلــێ هەمــوو ئەمانــە لــە ســەرەتای ســەدەی بیســتەمدا گــۆڕان. جیهــان لــە رووی قەبــارەوە دیاریکــراوە، بۆیــە دەبــوا پاوانخــوازی و فراوانکردنــی شــوێن کۆتایــی پێبێــت. بــە هاتنــی ســاڵی ١٩٠٠ گشــت جیهانــی نائەوروپایــی بــە کۆلۆنیــال، یــان شــوێنی ســەروەری، یاخــود شــوێنگەلی نیمچــە کۆلۆنیــال و ناوچەگەلــی نیشــتەجێبوون بــوو. ئــەم گۆڕینــە لە بــارودۆخ، گۆڕینــی بیرکردنــەوەی لێکەوتەوە: ئێســتا کێشــەی بنەڕەتــی بــوو بــە چەپاوکــردن و پارێــزگاری لــە ســەروەری بــە رووی بەرگریــی نیشــتمانیدا. ئێســتا پرســەکە وایلێهــات، بــە پاوانکارییــەوە پەیوەســت نەبێــت، بــە ئەنــدازەی ئــەوەی پێوەنــدی بــە بەدیهێنانی هاوســەنگییەوە

هەبوو. لە هەمان کاتدا، ململانێکان لە نێوان هێزە ئەوروپاییەکاندا- ململانێ لە سەر ناوچە کۆلۆنیالەکان- بەردەوام بوو و گەورەتر بوو بۆ جەنگی نێوانیان. خێرا دوای یەکەمین جەنگی جیهان، ماوەی بێ بازاڕییە مەزنەکە دەبینین. دواتر، لە دووەمین جەنگی جیهانی، لە نێوان ١٩١٤ و ١٩٤٥دا، ئەقڵە ئەوروپاییەکان چەقیان لە سەر بیرۆکەی پێشکەوتن و پاوانخوازی نەبەست، بەڵکە لە سەر پرسیار لە سەر چۆنیەتی ڕێگەگرتن لە قەیران و ئەویش بریتییە لە چۆنیەتی پارێزگاری و گەڕانەوە بۆ ئاشتی و بووژانەوە. وشەی نهێنی بریتی بوو لە ئارامی و ئاسوودەیی.

بیرۆکەی بنەڕەتیی تیۆری بڵاوبوونەوە لەتەک ئەم حاڵەتە فیکرییەدا نەدەگونجا. بیروباوەڕە باوەکان لەو ماوەیەدا، بریتی بوون لە تیۆرەکانی جێگیربوون و هاوسەنگی، نەک تیۆرەکانی پاوانخوازی. بنەماکانی ئابووری چەقیان لە سەر تیۆرەکانی زانیاری ئابووریی بەریتانی کینز[٣٤] بەست کە لە سەر بیرۆکەی هاوسەنگی بەرپایە. وەلێ لە بواری جوگرافیادا، پرەنسیپی «هەریمگەرایی» باو بوو و ئەویش بریتییە لە بیرۆکەی ئەوەی چۆن بەشگەلی جۆراوجۆر هەیە لە جیهاندا سەقامگیرن و پێکەوە بەستراون و سنووری روونیان هەیە و بەو ئاراستەیە دەڕۆن کە لە سەر ئەو حاڵەتە بمێننەوە. وەلێ زانستی مرۆڤناسی جەختی لە سەر دوو تیۆری هاوسەنگی دەکرد: یەکەمیان بریتییە لە «ئەرککاری» و ئەوەیش مۆدێلێکە بۆ سیستمە کۆمەڵایەتییەکان (و فەرهەنگەکان)، بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانیان، بە سەقامگیر و بە توانست دادەنرێت. دووەمیان بریتییە لە «رێژەیی فەرهەنگی» و لە جەوهەریدا بانگەشە دەکات بۆ ئەوەی هەر فەرهەنگێک بەهای ناوەکیی خۆی هەیە.

٣٤. Keynesian Economics: تیۆری ئابووریی بونیاتنراو لە سەر بنەمای راوبۆچوون و بیرۆکەکانی زانیاریی بەریتانی جۆن ماینەرد کینز بانگەشە بۆ ئابووریی تێکەڵ دەکات کە دەوڵەت و کەرتی تایبەت پێکەوە رۆڵێکی گرنگی تیادا دەگێڕن.

زانیارانـی بـواری مرۆڤناسـی، لـە نـاو گەلانـی ناوچـە کۆلۆنیالەکانـدا کاریـان کـرد و ئـەم دوو تیـۆرە بـە سیاسـەتی کۆلۆنیالیسـتییەوە پەیوەسـت بـوون، لـە سـەر بنەمـای ئـەوەی سـوورە لـە سـەر ڕێگەگرتـن لـە هـەر پشـێوییەکی نیشـتمانی، لـە کاتێکـدا ڕێگـە بـە چەپاوکردنـی زەوی و کانـزاکان و هێـزی کار لەلایـەن ئەوروپاییەکانـەوە دەدات.[35] بۆیـە پرەنسـیپەکانی هاوسـەنگی بڵاوبوونـەوە و ڕەنگـە لـە مـاوەی زۆربـەی نیـوەی یەکـەم لـە سـەدەی بیسـتەم، بـە سـەر فیکـری ئەوروپاییـدا زاڵبووبێتـن.

لەم ماوەیەدا، تیۆری بڵاوبوونەوە تووشـی ئاوابوونی بەشـەکی بووەوە. هێشـتا پرەنسـیپەکانی تیـۆری بڵاوبوونـەوە، بە سـەر بابەتـە مێژوویـی و جوگرافیاییەکانی خوێندنـدا زاڵبـوون، بـە شـێوازی بیرکردنـەوەی سـەدەی نۆزدەیـەم کـە لـە سـەر بڵاوبوونـەوە و بڵاوبوونـەوەی سـوودمەند، بـۆ شارسـتانی لـە ئەفەریقیـا، ئاسـیا و ئەمەریـکای لاتیـن (کـە بـە هاوسـەنگی لێیانـەوە دەهـات)[36] و بیرۆکـەی مەبەسـتخوازی (تیلیۆلۆژی)[37] لـە خۆرئـاوادا چەقیبەسـتبوو و بـەم شـێوەیە. دیـارە، پرەنسـیپە توندڕەوەکانـی تیـۆری بڵاوبوونـەوە لـە فیکـری کۆمەڵایەتیـدا، ئەوەی پێشـتر باسـمانکرد و تا ئێسـتایش گەشـە دەکات و باسوخواسـی لە سـەر دەکرێت.[38] نابـێ بڕوامـان بـەوە هەبێـت کـە نشوسـتی تیـۆری بڵاوبوونـەوە، وەکو پرەنسـیپێک بـۆ جووڵەکییـە فەرهەنگییـەکان، بـە پاشەکشـێیەک لـە بیرۆکـەی

---

٣٥. بڕوانە:
Asad، Anthropology and the Colonial Ecounter (1975)، and Temu an Swai، Historians and Africanist History (1981).

٣٦. ئاماژەیە بۆ گرنگیی ئەو ناوچانە کە سامان و کەسی زۆریان تیادایە و بۆ ئەوروپا گرنگ بوون.

٣٧. Teleology: بریتییە لە بەکارهێنانی مەبەست بۆ ڕوونکردنەوەی هەر دیاردەیەکی سرووشتی.

٣٨. نموونەگەلی گرنگ بریتین لە:
Eliot Smith The Diffusion of Culture (1933), Perry, The Primordial Ocean (1935), Schmidt, The Culture Historical Method of Ethnology (1935), Griftfith Taylor, Environment and Nation (1945).
بڕوانـە ڕەخنـەی The Method and Theory of Ethnology (1965), Lowie, The History of Ethnological Theory (1937), and Harris The Rise of Anthropological Theory (1968).

لایەنگیری دابنرێت. ئەو تێگەیشتنەی گوایە نائەوروپاییەکان کەمتر هۆشیارن و کەمتر داهێنەرن و شتی لەو بابەتە، تا ئێستایش بەهێز و کاریگەرە و رەنگە بەهێزتر بێت، چونکە ئەو ماوەیە بریتی بوو لە ماوەی نازیزم و شتی لەوجۆرە، لە بیروباوەڕ و ئەوەبوو لەو ماوەیەدا، نەژادپەرستیی بۆماوەیی سەریهەڵدا، بەوەی بریتییە لە زانست نەک لایەنگری. لە بەندی دووەمدا دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە.

شێوازێکی نوێ لە تیۆری بڵاوبوونەوە، دوای دووەمین جەنگی جیهانی، لە سەردەمی هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتە کۆلۆنیالیستەکان و سەرهەڵدانی «جیهانێکی سێیەم» لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکاندا ناوبانگی دەرکرد، وەلێ خاوەنی سەروەریی یاسایی بوون. دیارە ئەم پرەنسیپە کە ئەمڕۆ بە «تازەگەری» یان «بڵاوبوونەوەی تازەگەری» ناسراوە، لە کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا سەریهەڵدا. یەکسەر دوای خۆبەدەستەوەدانی یابان لەساڵی ١٩٤٥ دا، بە روونی دەرکەوت، ژمارەیەک لە وڵاتە کۆلۆنیالەکان، رەنگە سەربەخۆیی دەستەبەر بکەن کە ئیتر هێزی رزگاربوون گەلێ بەهێز بوو و دەرەنجامی دووەمین جەنگی جیهانی، گشت هێزە کۆلۆنیالیستەکان، جگە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێ هێز بوون. هەموویان ویستیان دەستبەرداری وڵاتە کۆلۆنیالەکانی خۆیان نەبن، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی قازانجی زۆربوون لە رابردوودا و بەو گریمانەی کە لە ئایندەدا چی لێدێت. هەر هێزێکی کۆلۆنیالیستەیشێوازی راوڕێوی بە شێوازی تایبەتی خۆی بەکار دەهێنا، بۆ دەستبەرنەدان لە وڵاتە کۆلۆنیالەکانی خۆیان، هەندێ جار پەنایان دەبردە بەر بەکارهێنانی هێز، بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی و هەندێ جار سەربەخۆیی سیاسییان بە شێوەی ئاشتییانە پێدەبەخشین، وەلێ بە رک و کینەوە لەو ناوچانەی کە تیایدا دەسەڵاتی

کۆلۆنیالیستی مەحاڵ بوو.[39]

گشت ناوچە کۆلۆنیالەکان، لە ماوەی کۆلۆنیالیزمی کلاسیکیدا، تێربوون بە پەیامێکی ئایدیۆلۆژی کە بریتی بوو لەوەی پێویستە پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەلانی کۆلۆنیال، لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی «تازەگەری» لە هێزی کۆلۆنیالیستییەوە رووبدات. تازەگەری بە مانای بڵاوبوونەوەی ئابووریی نوێ (لە دامەزراوە گەورەکان کە هی کۆلۆنیالیستەکانە) و بڵاوبوونەوەی سیستمێکی کارگێڕیی گشتی و نوێ ( پەیکەری سیاسیی کۆلۆنیالیستی) و هەروەها بڵاوبوونەوەی بونیادی بنەڕەتیی تەکنەلۆژیی نوێ ( پرد و بەنداو و شتی لەو جۆرە، لە ڕێگەی کۆلۆنیالیستەکانەوە دروست دەکرێن) و شتی لەم بابەتە.

ئەمە بە پەیامێکی ئایدیۆلۆژی ناودەبەین، وەلێ لە ڕاستیدا ئەو کۆلۆنیالیستانە بڕوایان بەوە هەبوو کە هەستیان کرد بە ڕاستی، ئەرکەکەیان خۆی لە بڵاوبوونەوەی شارستانییەکەیاندا دەبینییەوە، بەلای ئەو گەلانەوە کە لە ژێر سەرپەرشتیی کۆلۆنیالیستیدان. لە ڕاستیدا، ئەو ئەرکەیان سامانی

٣٩. دیارە، بەندە لێرەدا ئەو رایە باوە رەتدەکەمەوە کە لەنێوان توێژەرە ئەورووپییەکاندا هەیە، گوایە ناوچە کۆلۆنیالەکان بە زۆرەملێ چۆڵ نەکراون. ئەم رایە لەلایەن توێژەرانەوە لە جیهانی پێشووی کۆلۆنیالیستیدا رەتکرایەوە. ڕەنگە ڕاست دەرچێت سەبارەت بە هەندێ دوورگەی بچووک کە چیتر قازانجی باشیان بۆ دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان لێناکەوێتەوە، وەلێ تەنانەت ئەو هۆکارانەیش بە جدی دادەنرێن. پێویستە تێبینی ئەوە بکەین، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆتایی دووەمین جەنگی جیهانیدا، سەربەخۆیی بە هیچ وڵاتێکی کۆلۆنیال نەداوە و دانی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس (بە سەربەخۆییشەوە) بۆ پۆرتۆریکۆ، دوورگەکانی فێرجن، ئەلمارینـاز و...هتددا نەناوە. وەلێ هێزە کۆلۆنیالیستەکانی دیکە، دەبوا هەمان هەڵوێست وەربگرن، ئەگەر توانستی ئەوەیان هەبا، بۆ ئەوەی لە ڕووی هێزی لایەنگری سەربەخۆییەوە ئەو کارە بکەن، ئیتر لەم جۆرە حاڵەتانەدا، وەکو دوورگەکانی ئەندیزی ڕۆژهەڵاتی هۆڵەندی، ئیندۆچینای فەرەنسی، کینیا، ئەنگۆلا، مۆزەمبیق و وڵاتانی دی، کۆلۆنیالیستەکان هەوڵیان دا دەستبەرداری دەستکەوتەکانیان نەبن، بە بەکارهێنانی هێزی چەک و شکستیان هێنا. راوبۆچوونی بەندە پێشکەشکراوە لە:
Blaut، The National Question (1987b)، chap. 4، and Blaut and Figueroa، Aspectos de la cuestion nacional en Puerto Rico (1988).

زۆری بۆ وڵاتەکانیان هێنا و ئەمە گەلێ لۆژیکییە بۆیان (گریمانەی شەشەمی تیۆری بڵاوبوونەوە وەبیربهێنەرەوە). لە دۆخی نوێدا، کۆلۆنیالیستەکان ناچار بوون گەلە کۆلۆنیالیستەکان قەناعەت پێبکەن کە پەیامی «تازەگەری» هێشتا رەوابوونی خۆی هەیە و کاری پێدەکرێت و بۆ بەدیهێنانی ئەمە رەنگە قەناعەتیان بە گەلە کۆلۆنیالەکان کردبێت، تا دەست لە ویستی خۆیان، لە ئایدیالی سەربەخۆیی سیاسی هەڵبگرن و ئایدیالێکی سوودبەخشی دیکەیان بە باشتر دەزانی و ئەویش بریتییە لە گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە ژێر دەسەڵاتی ژیرانە و شارەزایانەی کۆلۆنیالیستدا. وەلێ لە کاتی پێداگرتنیان لە سەر سەربەخۆیی، ئەوا ئەم ئایدیۆلۆژییە دەتوانێت قەناعەت بەو گەلە بکات کە ئازادیی خۆی دەستەبەر دەکات کە تاکە رێگە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بریتییە لە مانەوە لە سەر ئابووریی کۆلۆنیالیستی، واتە رێگەدان بە دامەزراوە کۆلۆنیالیستەکان و بانکەکان بۆ ئەوەی لە سایەی سیستمی نوێدا، درێژە بە کارە (پر قازانج)کەیان بدەن، ئەو سیستمەی کە ئەمڕۆ بە «کۆلۆنیالیستی نوێ» ناودەبرێت.

ئێستا گشت هێزە کۆلۆنیالیستەکان هەڵمەتێکی گەورەیان، بۆ چڕکردنەوەی پرۆسەی گەشەسەندنی ئابووریی کۆلۆنیالیستی دەست پێکردووە.[٤٠] نابێ وا بڕوانین بەم رامانەدا، بەوەی بریتییە لە رامانێکی کەلبییانە (cynical)ی هەلپەرست یان دووڕوو: لە یادت بێت، چۆن تیۆری بڵاوبوونەوەی کردەیی کۆلۆنیالیستی زانی بەوەی پڕقازانجە بۆ کۆلۆنیالیزم و کۆلۆنیال پێکەوە و ئەوەی کە توخمە هونەری و مرۆییە پەیوەستەکان بە چالاکییە گەشەسەندنە

٤٠. نموونەی روونکەرەوە بریتییە لە «پرۆسەی دەستپێکەر» لە پۆرتۆریکۆ و گەشەسەندنی کۆلۆنیالیستی و بەرنامەی رەخساء لە چەند بەشێک لە ئیمپراتۆریی بەریتانی و زیاتربوونی تەرخانکردنی پارە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی و کشتوکاڵی کۆلۆنیالیستی و دروستکردنی زانکۆگەلی کۆلۆنیالیستی و شتی لەم بابەتانە. ئەم بەرنامانە وێڕای ئامانجە سیاسییەکانیان (گەلێ جار هێزی کاری هونەری تیایاندا پەردەپۆش دەکرێت) گەلێ سەرسووڕهێنەر بوون.

کۆلۆنیالیستەکانەوە، بەو قەناعەتە گەیشتن کە کار بۆ بووژاندنەوەی گەلی کۆلۆنیال دەکەن. لە هەمان کاتدا، گەشە بە هەڵمەتێکی هاوتەریب درا، بۆ سەقامگیرکردن و هەمان شێوەیش بۆ گەشەکردنی ئابووری لە وڵاتە سەربەخۆکاندا، لەلایەک لە ڕێگەی نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و لەلایەکی دیکەوە لە ڕێگەی ڕێکەوتنەکانی کۆمەککردنی دوانەیی.[٤١] ئێستا ویلایەتە یەکگرتووەکان بریتییە لە هێزی پێشەنگی ئابووری و لە وڵاتانی تازە گەشەکردووی جیهاندا، دەستیکردووە بە دانانی بەرنامە کۆمەککارییەکانی. نابێ کەرەتێکی دی ئەم راوبۆچوونە وەلاوە بنێین، لەبەر ئەوەی هەلپەرستانە یان دوورووە. لەم ماوەیەدا، ئایدیۆلۆژییەکی گەلێ گەشبینانە هەبوو، پێیوابوو کۆتایی جەنگی جیهانی بریتییە لە سەرەتای چاخی گەشەکردن، چاخێک تیایدا نەتەوە پێشکەوتووەکان کار بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی و گەشەسەندن لە نەتەوە هەژارەکاندا دەکەن.

سیاسەتی دژ بە کۆلۆنیالیستی بڵاوبووەوە و گەلێ لە بزووتنەوەکانی رزگاریخواز و وڵاتانی تازە سەربەخۆ، ئەگەری کۆلۆنیالیزمی نوێیان رەتدایەوە، یان بە دەرکردنی دامەزراوە بیانییەکان (بەوجۆرەی ئەندۆنیزیا ئەنجامی دا) یاخود بە هەڵبژاردنی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی. ئەمەیش تەکانێکی نوێی بە پرۆژەی بڵاوبوونەوەی تازەگەری دا. ئەو هەوڵانەی خوازیاری گەشەکردن بوون، لە ڕێگەی تەشەکردنەوە چڕبوونەوە، بەو هیوایەی سەرکەوتنیان بۆ رەتدانەوەی وڵاتەکان بۆ ئەو ئەگەرانەی دژ بە بیانییەکان و دژ بە سەرمایەداری بوون. وەلێ هەڵبژاردنی هەر یەکێک لەم دوو ئەگەرە، وا دەرکەوت وەکو بلێی بەحزبایەتیبوون لەتەک یەکێتیی سۆڤیەت و چینی لێبکەوێتەوە و لێرەوە بوو گرنگیی پرۆژەی بڵاوبوونەوەی تازەگەری، وەکو

٤١. گەلێ جار ئەم کارە بریتی بوو لە درێژەی راستەوخۆی کاری هونەریی کۆلۆنیالیستی لەتەك هەمان هێزی کاردا و ئێستا «شارەزای بیانی» یان «شارەزای نەتەوە یەکگرتووەکان» و نەك «کارمەندی هونەریی کۆلۆنیالیستی»یە.

یەکێک لە کارەکانی سیاسەتی دەرەکی لە شەڕی سارددا سەریهەڵدا. لە ساڵی ١٩٥٩دا، سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا بایەخێکی گەورەتری بە پرۆژەکەدا، بەلای ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە کە دواتر گرنگییەکی گەورەی بە گەشەکردنی ئابووری و تازەگەری و بە دیاریکراوی لە ئەمەریکای لاتیندا دا کە بانگەشەی بۆ راکێشانی سەرمایەگوزاریی گەورە دەکرد.[٤٢]

تیۆری نوێی بڵاوبوونەوە بریتییە لە کۆمەڵێ فیکر و بیرۆکە کە بارودۆخەکانی لە جیهانی سێیەمدا پێکدەهێنا و پێکیدەهێنێت. دیارە پرۆسەی بڵاوبوونەوەی تازەگەری، بەوجۆرەی دروستکەرانی سیاسەتی گشتی و دامەزراوە تایبەتەکان پیادەی دەکەن و بەوجۆرەی بیریاران پیایدا دەڕوانن (لای کەم لە وڵاتە زلهێزە کۆلۆنیالیستەکانی جاراندا) بە پرۆسەیەک دادەنرێت، وڵاتانی جیهانی سێیەم، لە رێگەیەوە، لە رێگەگەلی رەزامەندی دەربڕین لە سەر بڵاوبوونەوەی بەردەوام و گەشەسەندوو بۆ داهاتە ئابوورییەکان و تەکنەلۆژیا لە وڵاتە کۆلۆنیالیستەکانی جارانەوە، بووژانەوە و خۆشگوزەرانی بەدیدەهێنن. ئەو پرۆسەیەی کە ئێستا هەروەکو جاران، بە گەلێ پڕ قازانج بۆ لایەنی دووەم لێکدەدرێتەوە. دیارە، سیستمی بیروباوەڕی تیۆری بڵاوبوونەوە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی ئەم پرۆسە پڕقازانجە بۆ هەموانە و وەکو سەدەی رابردوو، بە راست و دروست و بە ئەقڵانی و بە سرووشتی دەزانرێت.

دیارە گومان لەوەدا نییە، بیرۆکە باوەکان لە ساڵی ١٩٩٣ دا یەجگار جیاوازن، بە پێچەوانەی ئەوانە جاران لە ساڵی ١٨٩٣دا باوبوون، بۆیە هەڵەیە وا بزانین تیۆری نوێی بڵاوبوونەوە، هەر هەمان تیۆری کلاسیکیی بڵاوبوونەوە بێت. نەژادپەرستیی بایۆلۆژی چیتر بەشێک نییە لە مۆدێلەکە (هەروەکو لە بەندی دووەمدا دەبینین) و تەنێ کەمێ لە بیریارە ئەوروپاییەکان پێیانوایە،

---

٤٢. بۆیە هاوپەیمانی بۆ پێشکەوتن بریتی بوو لە دامەزراوەکانی ئاشتی، بەرزبوونەوەی دانی پارە بە نوێنەرایەتییە هونەرییەکان و ئابوورییەکان بۆ کارگێڕی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و شتی لەو بابەتە.

نائەوروپاییەکان خاوەنی بەهرەی ناوەکی بۆ گەشەکردن نین و دواتر لە کۆتاییدا بە ئاستی ئەوروپاییەکان ناگەن. سەرچاوە ئایینییەکان نەبوون، هەروەها ئەو تێگەیشتنەی کە خودایەکی مەسیحی هەیە، ئەوە کە دەستی بە هەموو شتێک کردووە، لەتەک پێشینانە ئیدعاکراوەکانی ئەوروپاییەکان لە سەرزەویی ئینجیل و ئەوبوو بۆ سەرکەوتنی بەردەوام بە سەر ئەوانی دیدا رێبەرایەتییانی کرد، چیتر باو نەبوو. مەزنیی مێژوویی هەندێ لە شارستانییە نائەوروپاییەکان بۆ پرسێکی بڕواپێکراو (وەلێ لەتەک یەک مەرجی کارا، ئەویش ئەوەیە ئەم شارستانییانە کەمتر هۆشیارن و کەمتر داهێنەرن وەک لە شارستانیی ئەوروپایی، لە بەندی دووەمدا باس لەم بابەتە دەکەین). دوای چارەکە سەدەیەک لە بڕوابوونی کوێرانە، بەوەی بڵاوبوونەوەی تازەگەری گەشەپێدانی ئابووری لە هەموو شوێنێکدا دەهێنێت، دەبینین شارەزا ئەوروپاییەکان و توێژەرە ئەکادیمییەکان، لەم بارەوە راوبۆچوونی خۆیان راستدەکەنەوە، بەتایبەتی لە سەر بڕوای ساویلکەی پێشووی خۆیان، بە بیرۆکەی ئەوەی بڵاوبوونەوەی تەکنۆلۆژیای نوێ لە بواری کشتوکاڵیدا کە بریتییە لە کلیلی گەشەکردنی ئابووری، ئەو کلیلەی بە «دەرچوون بەرەو گەشەکردنی بەردەوام» ناودەبرێت پاشەکشێ دەکەن.

وەلێ وێڕای هەموو ئەمانە، گریمانە بنەڕەتییەکانی تیۆری بڵاوبوونەوە هێشتا بەرپان. هێشتا بڕوایان بەوە هەیە کە ناوەوە یەک سرووشتی فەرهەنگیی بنەڕەتی هەیە و دەرەوەیش سرووشتێکی دیکەی هەیە، وەلێ ئێستا بە وەرگرتنی یابان لە بلۆکی ناوەوەدا. هێشتا بڕوایان وایە، ئەوروپاییەکان لە رابردوودا توانستیان بۆ پێشکەوتن دەربڕی کە لە شارستانییەکانی دیکە لە مێژوودا ئەوە نابینین، تەنێ لە یەک شوێن، یان دوو شوێنی دیکەدا نەبێ. وێڕای ئەوەی کە توێژەرە ئەوروپاییە ئەکادیمییەکان چیتر پێداگری ناکەن لە سەر ئەوەی کە جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان ناوەوەی پێشکەوتوو و دەرەوەی

چەقبەستوودا بەردەوام دەبێت و لە ئایندەی تاهەتاییدا وا دەمێنێتەوە، وەلێ زۆربەیان لە سەر ئێستا و ئایندە دەنووسن، بەوەی ئەم جووڵەکییە بنەڕەتییە بەردەوام دەبێت ( ناوبەناو وێنەکە بە قەبوڵکردنی یابان راستدەکەنەوە و ناوبەناویش رەنگە کۆمەڵگە بچووکەکانی خۆرهەڵاتی ئاسیا لە ناو ناوەوەی چالاکدا وەربگرن). وەلێ ئەمڕۆ و هەروەکو دەیبینین لە بەندی داهاتوودا، کۆمەڵێکی بچووک هەیە، وەلێ تازە گەشەسەندوو لە توێژەرانی ئەکادیمیی ئەورووپایی کە لەتەک بیرۆکە نوێکاندا یەکدەگرنەوە کە لە توێژینەوەی ئەکادیمیی نائەورووپاییی لە کۆمەڵگەکانی دوای کۆلۆنیالیستییەوە هەڵدەقوڵێن و ئەم بیرۆکانە گومانیان لە مۆدێلی بڵاوبوونەوە هەیە و لە سەر باڵادەستیی ناوەوە بە سەر دەرەوەدا، نکوڵی لە وێناکارییە مێژووییەکانیان دەکەن.

## مۆدێلەکانی جیهان و گرنگیپێدانە جیهانییەکان

تیۆری بڵاوبوونەوە تیۆرێکی لاوازە. هەروەکو لەم کتێبەدا باسی دەکەم، گوزارش لە مێژوویەکی باش و جوگرافیایەکی باش ناکات. وەلێ کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر بواری توێژینەوەی ئەکادیمی و بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ هەیە. چۆن ئەو راستییە راڤە بکەین کە خەڵکی بۆ ماوەیەکی تولانی، بڕوایان بە راستی و دروستیی تیۆرێکی خراپ هەبێت؟ پێویستە کەمێ ئاوڕ لەم پرسیارە بدەینەوە، بەر لەوەی بچینە سەر باسوخواس لە سەر سرووشت و گەشەکردنی بڵاوبوونەوە وەکو تیۆرێک و بۆ سەر باسوخواس لە سەر مێژووە هەستگەراییەکەی کە بریتییە لە بابەتی دوا بەندەکانی ئەم کتێبە. گەلێ گرنگە لەوە حاڵی ببین، چۆن ئەم تیۆرەو (هەر تیۆرێک)، لەتەک بیرۆکەگەلی دیکەدا تێهەڵکێش دەبێت و لەتەک بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا یەکدەگرێتەوە.

## ئیتنۆگرافیای بیروباوەڕ

لەم باسەدا بە بیرۆکەگەلەکاندا دەڕوانین، بەوەی بریتین لە راستیگەلی فەرهەنگی. لە سۆنگەی ئیتنۆگرافییەوە پیایاندا دەڕوانین، بەوەی بیروباوەڕگەلێکن ئەو خەڵکانە بڕوایان پێیان هەیە کە سەر بە جۆرگەلی دیاریکراون لە کۆمەڵگەکان و توێژەکان. دەبینین کە چۆن توێژینەوەی بیرۆکەکان جیاوازن، وەکو بیروباوەڕ لە سەر پرسیارکردن لە سەر رادەی راستگۆیی یان راستی و دروستیی بیرۆکەکان، هەروەها تاوتوێکردنی بیرۆکەکان لە هەندێ حاڵەتدا، گرنگییان لە نێوان دوو جۆرە پرسیارکردنەکەدا پتر و بنەڕەتیترە. وێڕای ئەوە، دەبینین بیروباوەڕە زانستییەکان لە پێکهاتەگەلی گەورە، لە سیستمگەلی بیروباوەڕەکاندا خۆیان رێکدەخەن و ئەم سیستمانە وەکو بڵاوبوونەوە پێوەندیگەلی چالاکییان و تەباییان لە نێوان خۆیاندا و یەکگرتنەوە لەتەک بەهاگەلێکدا و گرنگیپێدانگەلی ئەو کۆمەڵە مرۆییانەدا هەیە کە عاشقی راستگۆییانن. کاتێ بەدواداچوون بۆ ئەم دۆزینەوە ئیتنۆگرافییە دەکەین، بۆ سرووشتی بیرۆکەکان وەکو بیروباوەڕ، پێموایە، ئەوسا بۆمان روون دەبێتەوە، بۆچی تیۆری بڵاوبوونەوە مێژووی ژیانێکی هەیە، دەکرێ بە روونی لە رێگەی مێژووی ژیانی کۆمەڵگەی ئەوروپایی و بەتایبەتی کۆلۆنیالیستیی ئەوروپاییەوە، بە شێوەیەکی باشتر لە بەکارهێنانی پرۆسەگەلی فیکری یان کۆمەڵایەتی، لە ناو کۆمەڵگەی ئەکادیمیدا وەسف بکرێت.

دەکرێ بیرۆکە زانستی و بیرۆکە هەستگەراییەکان بەگشتی بە دوو رێگە تاقیبکرێنەوە، یەکەمیان ئاسان و تەقلیدیە. ئەمەیان لە رێگەی مانایانەوە بە بیرۆکەکاندا دەڕوانێت: ئایا لۆژیکیین؟ واتە گوزارش لە بەڵگەگەلێ

دەکـەن، لـە رووی ناوەکییـەوە یەکانگیربـن؟ ئایا راسـت و دروسـتن، لـە رووی ئـەوەی جەختـی لێدەکەنـەوە، لـە سـەر جیهانـی راستەقینە، وا دیارە وەکو بڵێی بـە بەڵگـە پاڵپشـتی کـراون؟ ئـەم تێکەڵکردنـە لـە نێـوان لۆژیـک و پەیکـەری باسـوخواس و مشـتومڕ و بەڵگـە بنەڕەتییەکانـدا، ئەمەیـە هـەوڵ دەدەیـن بـە دوایـدا بگەڕێیـن، کاتـێ بیرۆکـە زانسـتییەکان هەڵدەسـەنگێنین، گشـت ئـەو بیرۆکانـەی پەیوەسـتن بـە حەقیقەتـی هەسـتگەراییەوە. وەلـێ رێگـەی دووەم لـە روانیـن بـە بیرۆکەکانـدا، پێویسـتی بـە پرسـیارگەلێک هەیـە، لـە سـەر ئـەو خەڵکانـەی بڕوایـان بـە بیرۆکەیـەک هەیـە کـە وەکـو خەڵکـی دی، وەکـو بیروبـاوەڕ دەساودەسـی پێدەکـەن و لـە سـەر ئـەو خەڵکانـەی گوێدەگـرن و دواتـر بیرۆکەکـە وەکـو بیروبـاوەڕ قەبـوڵ دەکـەن. دیـارە پرسـیارکردن لـە سـەر ئـەوەی کەسـێک بـڕوای بـە راسـتی و دروسـتیی بیرۆکەیـەک هەبێـت، هەمـان پرسـیارە لـە سـەر راسـتی و دروسـتیی ئـەم بیرۆکەیـە. پرسـیارەکان لـە سـەر پێگـەی بیروباوەڕەکـە، بریتیـن لـە پرسـگەلێ تایبەتـن بـە ئیتنۆگرافیـاوە: بـا ببینیـن بۆچـی خەڵکانێکـی دیاریکـراو بڕوایـان بـە بیرۆکەگەلـی دیاریکـراو هەیـە و چـۆن ئـەو خەڵکـە بیروباوەڕگەلێکـی دیاریکـراو قەبـوڵ یـان رەتدەدەنـەوە و چـۆن بڕوایـان بـە بیروباوەڕگەلێکـی دیاریکـراو لـە ئەقڵـی خۆیانـدا هەیـە، بەلایانـەوە بەسـتراونەتەوە بـە بیروباوەڕگەلـی دیکـەوە و چـۆن بیروباوەڕگەلـی نوێـی پاڵاوتـەی دیکـەی هەڵدەسـەنگێنرێن و دواتـر قەبـوڵ یان رەتدەدرێنـەوە و چـۆن بیروبـاوەڕ بـەم رێگەیـە پەیوەسـت بـە بەشـگەلی دیکـەی فەرهەنگـەوە، بـە بەهـاکان و سیسـتمی کۆمەڵایەتـی و سیسـتمی چینایەتـی و سیاسـی و شـتی لـەم بابەتانـەوە هەژمـار دەکرێـت. ئـەوەی وا لـەم جـۆرە لـە پرسـیارکردن دەکات ببێتە هەڕەشـەیەک، بریتییـە لـە راسـتی و دروسـتیی ئـەوەی گـوزارش لـە بەڵگەیەکـی سـەربەخۆ بـکات و دەکـرێ جێـی متمانـە بێـت، لـەوەی کۆمەڵـێ لـە خەڵکـی

بڕوایان بە بیرۆکەیەک هەبێت، وەکو ئەوەی ڕاست و دروست بن، بە هۆی چەند هۆکارێکەوە کە زۆر پێوەندیی بە لۆژیکەوە نەبێت، وەلێ لە بەر چەند هۆکارێک کە لە فەرهەنگەوە سەرچاوە دەگرن.

ئەوەی شایەنی گرنگیپێدانە ئەوەیە، ئێمە هەست بە نائاسوودەیی یان بە هەڕەشە ناکەین، کاتێ ڕاپۆرتێک دەخوێنینەوە کە زانیارێکی مرۆڤناسی یان جوگرافیناسێکی فەرهەنگی لە سەر بیروباوەڕەکان و بەهاکان و بۆچوونی پروپوچ و شتی لەو بابەتانەی کۆمەڵگەیەکی بچووک نووسیبێتی و لە گۆشەیەکی دوور لەم زەوییەدا نغرۆبێت. بەراستی، ئێمە پێشبینی دەکەین، مرۆڤناسی لە هۆکارە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان ئاگادارمان بکاتەوە کە وا لە "بەرەچەڵەک دانیشتوان" بکات، بەم ڕاوبۆچوونانەوە پێبەندبن، پتر لە دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستیی ئەو بیرۆکانە. شتێکی سرووشتییە لەم جۆرە ڕاستایانەدا، لە سەر بیرۆکەکان وەسفێکمان هەبێت، جیاوازی لە نێوان پرسی بنەڕەتی لۆژیکی و سەلمێنراو بە شتی لێکچوو و پرسی پێوەندی بە فەرهەنگەوە بکات. وەلێ کاتێ ئەم پێڕەوە ئیتنۆگرافییە پیادە دەکرێت بە سەر ئەوەی پێیدەڵێین بیرۆکە "خۆرئاواییەکان"، لە کایەکانی زانست و مێژوو و شتی لەو بابەتە، دەرەنجامەکان نیگەرانکەر دەبن و خودی پرۆژەکە بە جۆرێ لە جۆرەکان ناشایستە بەرچاو دەکەوێت. ئەگەر ئەم دەربڕینە ڕێگەمان پێبدات، بیرۆکەکان بە فەرهەنگ دەوردراون و دەکرێ شتەکانی دەوروبەری و ئەو ڕێگەیەی بەوە، بیرۆکەکان لەم شتانەی دەوروبەر دەچێنرێن تاقیبکەینەوە. ئەمەیە توێژینەوەی ئیتنۆگرافی بۆ بیرۆکەکان. هەموو لایەک لە بواری مرۆڤناسیدا کۆکن، سەبارەت بە دەستەواژەکان، بەوەی سەرەتا "ئیتنۆ" بکرێت بە پاشکۆی وشەیەکی سەدەمی، لە بوارێکی دیاریکراو لە بوارەکانی مەعریفەی وەکو پزیشکی و ڕووەک و جوگرافیا و

شتی لەم بابەتە، کاتێ ئامانجمان تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی ئەم بوارە مەعریفییە بێت، لە سۆنگەی ئیتنۆگرافییەوە. دیارە توێژینەوە و تاوتوێکردنی "پزیشکی" بە نموونە، جیاوازە لە توێژینەوە و تاوتوێکردنی "پزیشکیی ئیتنۆگرافیگ". دووەمیان بریتییە لە بوارێک لە بوارەکانی ئیتنۆگرافی، لە سەر بیروباوەڕە پزیشکییەکان لە فەرهەنگێکدا پرسیار دەکات، چۆن ئەم بیروباوەڕانە پێوەندییان بەوانی دیکەوە دەبێت لەم فەرهەنگەدا و چۆن دەتوانین ئەو بیروباوەڕە پزیشکییانە، لە نێوان فەرهەنگەکانی دی، یان لە نێوان هەندێکیاندا بگشتێنین. کاتێ گشت بوارە زانستییەکانی دی دەخەینە پاڵ پزیشکی ئیتنۆگرافییەوە کە پێشخانی "ئیتنۆ"یان هەبێت، ئەوا ئێمە زانستی ئیتنۆگرافی، بە مانای توێژینەوەی ئیتنۆگرافیی گشت زانستەکان و بە شێوەیەکی فراوان، گشت زانستە هەستگەراییەکان دەستەبەر دەکەین. مێژووی ئیتنۆگرافی.[٤٣] هەروەها جوگرافیای ئیتنۆگرافیش بە بەشێک لەم کۆمەڵەیە دادەنرێن.

دیارە، بابەتی خوێندن و توێژینەوە بەلای زانستی ئیتنۆگرافییەوە، بریتییە لە بیروباوەڕ و گەلێ جار وا دەڕوانین بە بیروباوەڕەکاندا، لە کاتێکدا داڕێژراون لە سەر شێوەی دۆزگەلی هەستگەرایی، جەخت لە سەر خەسڵەتگەلی دیاریکراو بۆ بابەتێک دەکەنەوە. دیارە یەکەی توێژینەوە بنەڕەتییەکان- وێڕای ئەوەی بچووکترنین- لە زانستی ئیتنۆگرافیدا بریتییە لە دۆزێ کەسی بڕوادار و ئەو کەس یان تاقمەی کە دروستی دەکەن و پێوەی پێبەند دەبن. بۆ هەر دۆزێکی هەستگەرایی لە زانستی کۆمەڵایەتیدا، پرسیارێکی دیکە هەیە،

---

٤٣. سەبارەت بە زانستی ئیتنۆلۆژی، بە نموونە بڕوانە بە:
Conklin، "Lexicographical Treatment of Folk Taxonomies" (1969)، Frake، "The Ethnographic Study of Cognitive Systems" (1969)، Blaut، 'Some Principles of Ethnogeography" (1978)، and Spradley ad McCurdy، Anthropology: A Cultural Perspective (1975). بە بۆچوونی بەندە، ناکرێ پۆلێنکارییەکانی «مێژوو» و «زانست» بە شێوەیەکی هەبوون جیابکەینەوە، ئەگەرچی هاکا کرۆنۆلۆژی زانستێکی دیاریکراوبێت.

جیاواز و قووڵ لە سەر راستی و دروستییەکەی. دوو پرسیارەکە بۆ تاھەتایە لێکجیانابن، وەلێ لە کۆتاییەکی شیکاریی تولانیدا پێکەوە دەبەسترێنەوە. ئەم شیکارییە لە کۆتاییدا ھەڵەی گەلێ لە دۆزەکانی لایەنگرانی بڵاوبوونەوە، لە سۆنگەی مێژوونووسان و جوگرافیناسەکانەوە روون دەکاتەوە.

دیارە، تاوتوێکردنی بیروباوەڕ بریتییە لە تاوتوێکردنی ئەو تاقمانەی بڕوایان بەم بیروباوەڕانە ھەیە. چەندین خاڵی گرنگ ھەنە، پێویستە لە سەر ئەو تاقم و کۆمەڵانە بەرجەستە بکرێن: کۆمەڵێک بڕوایان بە بیروباوەڕگەلی دیاریکراو ھەیە، دەکرێ کۆمەڵێک بن لە ھەر جۆرێ. وەلێ لە نێوان جۆرە جیاوازەکاندا، دەبینین گرنگترینیان لە فەرھەنگەکان و چینەکان و پێکھاتەکان کە دەکرێ بیریان لێبکەینەوە، بەوەی بریتیین لە چینگەلی ئیتنۆگرافی. ئەم جۆرانە ئەبستراکت نین، تەنێ لەوەدا نەبێ کە تایبەتن بە پێناسەکردنی یەکەکان و سنوورەکان. فەرھەنگەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازن، وەلێ خودی یەکەی شیکاری راستییەکی تاوتوێکراوە. ھەروەھا تاکەکانیشی راستییەکی بەردەستەکیین. ھیچ بەڵگەکارییەکی فەلسەفی نییە، لە سەر ھەمەکیی فەرھەنگی لە بەرانبەر تاکەکان (مرۆڤەکان) کە ئەم ھەمەکییە پێکدەھێنن، لەوەی ئێستا باسی لە سەر دەکەین. بۆیە زانستی ئیتنۆگرافی بۆ ھەر تاکێک لە مرۆڤ ھەیە و زانستی ئیتنۆگرافی بۆ کۆمەڵەکان ھەیە، وەکو کۆی ھەمەکی. وەلێ لە ناو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا کێشەیەکی گەورەتر ھەیە، کەچی زۆربەی خەڵکی ئەو بیرۆکە گشتییەیان بەلاوە پەسەندە کە دابەشکردنێکی بنەڕەتی لە نێوان دوو چینی کۆمەڵایەتیدا ھەیە. یەکێکیان چینی کرێکار و ئەوی دی بریتییە لە کۆمەڵگەی دەستەبژێر کە ھێزی سیاسی بڵاودەکەنەوە و سامان بەلایانەوە کەڵەکە دەبێت. وایادەنێم زۆربەی کۆمەڵگەکان لەم سەدەیە و لە سەدەی

پێشوویدا، پێڕەوی لە هەمان دابەشکردن دەکەن، بەڵکە بڕیار دەدەم، ناکرێ هەمیشە بزانین ئەوەی ئاخۆ کۆمەڵێک لە کۆمەڵگەیەکدا سەر بە چینی کرێکار (بەرهەمهێن) یان سەر بە چینی دەستەبژێر یاخود چینێکی دیکەی نادیار و ئاڵۆزی بێت، لە بەر ئەوەی سەر بە هیچ یەکێک لەو دوو چینەی پێشوو نەبێت، بەڵکە بڕیار دەدەم، هەمیشە لە توانستدا نابێت بزانین کۆمەڵێک لە ناو کۆمەڵگەیەکدا سەر بە چینی کرێکار (بەرهەمهێن) بێت، یان سەر بە چینی دەستەبژێر، یاخود سەر بە بە چینێکی دیکەی نادیار بێت، لەبەر ئەوەی سەر بە یەکێک لەو دوو چینەی پێشوو نەبێت. بەشێک لە کێشەی پەیوەست بە دۆزەکانەوە کە لێرە لەم کتێبەدا باسیان دەکەین، بریتییە لەو مامۆستایانەی لە سەر کۆمەڵگە و ژینگە سەرقاڵی توێژینەوە و نووسینن. ئەوانە لە چینی دەستەبژێردا ئەندام، کەڵەکەکەری سامان نین، وەلێ توێژەری ئەکادیمی و نووسەرن، ئەوان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا (نەک هەمووی)، بەم چینەوە بەستراونەتەوە و بە هۆی بیری تیژ و رێکوپێکی و دەستپاکییانەوە، ئەوان خولیای رامان و گفتار و نووسینی بیرۆکەگەلێکن کە بۆ چینی دەستەبژێر سوودمەندن. ئەمە بە شێوەیەکی تایبەت، سەبارەت بە بیرۆکەکانی تیۆری بڵاوبوونەوە، بە راست و دروست دادەنرێت.

لە کۆمەڵگە چینایەتییە نەژادییەکاندا، فەرهەنگ و چینی کۆمەڵایەتی یەکدی دەبڕن. دیارە ئەم کتێبە، بە شێوەیەکی گرنگ چەمکی چینی نەژادی بەکار دەبات. بە پێداگرییەوە مشتومڕ دەکەم لە سەر ئەوەی گردبوونەوەکانی دەستەبژێر لە وڵاتە ئەوروپاییەکان، لە کۆیاندا ئەگەرچی جیاوازیی فەرهەنگی (و نەتەوەیی) یان هەیە، وەلێ کۆمەڵگەی بنەڕەتی و هەمیشەیی و پێبەستن بە بیروباوەڕیانەوە و ئەم بیروباوەڕانە تا رادەیەکی زۆر، زانستێکی نەژادناسی و جوگرافیایی ئیتنۆگرافی پێکدەهێنن. ئەمەیش گوزارش لە راستییەک دەکات

لەو ماوەیەی کە چەقی گرنگیدانمان پێکدەهێنێت، بریتییە لە دوو سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم. ئەو راستییە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، ئەو دەستەبژێرە، سەبارەت بە چینە کرێکارییەکان لە وڵاتەکانیان و لە وڵاتانی دیکەی جیهانی نائەوروپاییدا، کۆمەڵێکی هاوبەش لە گرنگیپێدانی هەیە. هەموویان پێکەوە، لە سەر بەرهەمهێنانی سیستمێکی بیروباوەڕی یەکانگیر لە سەر جیهانی ئەوروپایی و جیهانی نائەوروپایی و پێوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوانیان رێککەوتوون. لە راستیدا، گرنگترین گریمانەکان لەم کتێبەدا، بریتییە لە جەختکرن لە سەر ئەوەی بیرۆکەکانی لایەنگرانی بڵاوبوونەوە لە لنگەوقوچکردنی سیستمی بیروباوەڕدان کە لە ژێر کاریگەری و بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەستەبژێری ئەوروپاییدان. ئەگەرچی نابێ بڕوا بەوە بکەین، زانست و مێژوو کە بە هۆی کاریگەریی ئەم چینەوە بەرهەمهاتوون، بە ”لایەنگر“ دابنرێن، دواتر دەبینین بیرۆکەکان لە جوگرافیا و مێژوو و کۆمەڵزانیدا، بە توندی بە هۆی سەرپەرشتی و پارێزگاریی ئەو چینەوە، کەوتۆنەتە ژێر کاریگەرییەوە. بە شێوەیەکی گشتی و لە رێگەی هەڵقوڵانی بیرۆکەکانەوە، بە درێژایی ئەو دوو سەدەیە، ئەوا دەرەنجام بریتییە لە کۆمەڵێ لە بیروباوەڕی تیۆری بڵاوبوونەوە کە پێداگری دەکات و بەردەوام دەبێت، بۆ کاریگەری لە سەر پراکتیزەکارییە کۆمەڵایەتییەکان، وێڕای ئەوەی کە زانستی نین.

بیروباوەڕ لە شێوەی سیستمگەلی بیروباوەڕەکاندا رێکدەخرێت. جیاوازییەکە رێک جیاوازی لە پلەی ئاڵۆزیی رێژەییدا نییە، چونکە زۆربەی بیروباوەڕەکان ساکار و ئاسانن، بریتین لەو بیرۆکانەی دەکرێ بە رستەگەلی روونکردنەوە (هەندێکیان لە رێگەی هۆنراوە یان تابلۆوە) گوزارشیان لێبکرێت و خەڵکی گوزارشیان لێدەکەن، بەوەی بریتین لە جەختکردنەوە بە پلەیەکی زۆر یان کەم، لە متمانە و دڵنیایی لە راستی و دروستییان. ئێمە لێرەدا گرنگی

بە سێ شت دەدەین، پەیوەستن بە رستەگەلی ئەم بیروباوەڕانەوە و ئەو هەڵوێستانەی گوزارشیان لێدەکات. ئەوانە هەستگەراییین (نەک لۆژیکی و نەک هەڵسەنگێنیی پەتی)، و وا گوزارشیان لێدەکرێت کە راست و دروستن، یان رەنگە راست و دروستبن. هەروەها ئەوانەی پێبەستن بەم بیروباوەڕانەوە، لەو بڕوایەدان ئەوانە هەموویان مەعریفی یان جیاکارین، کاتێ دەکرێ وەکو پرەنسیپ ناویان بنێین "بیرۆکە" یان "چەمک". ئەوەی وا لەم یەکانە- کە لە دیاریکردنی وردییاندا قورسن- دەکات گرنگ بن، ئەوەیە کە تاکەکانی مرۆڤ، لە بۆشایی یان لە پەرجووی ئەزموونێکی دەرککاریی ئەمێستاییەوە، بیرلەم بیرۆکانە یان چەمکانە ناکاتەوە. چونکە ئەم یەکانەی بیروباوەڕ، وەکو بیروباوەڕگەلێ لە رێگەی ماوەگەلی تولانییەوە، گەلێ جار بە درێژایی وەچە و لە رێگەی ژمارەی زۆر لە خەڵکییەوە، کەسێتیی خۆیان پێکدەهێنن. گەلێ پێکهاتە لە سیستمی بیروباوەڕدا دەبینین، پێکهاتوون لە زنجیرەگەلێ لە دۆزگەلی یەکانگیر بە یەکدییەوە، لە رێگەی پێداویستی (چونکە...) وە. بەمجۆرە لە سیستمەکانی بیروباوەڕ- و بەندە لەمەدا یەکەم کەس نیم - بە "مشتومڕ" ناویدەبەم. ئەوەی لێرەدا شایستەی تێبینیکردنە، ئەوەیە زنجیرەی دۆزەکان لە مشتومڕ لەوەی کە لە سادەوە بۆ ئاڵۆز گەشە دەکەن و رەنگە ئەمە روو نەدات. هەروەها پێکهاتەیەکی تۆکمەتر لەو سیستمانەدا دەبینین کە بە تیۆرگەل ناودەبرێن. چونکە بیروباوەڕە سادە و ساکارەکان، بە رێگەگەلی جۆراوجۆرەوە لە بونیادگەلی بیروباوەڕانەدا، یان سیستمگەلی بیروباوەڕ کۆدەکرێنەوە. هەر سیستمێکی بیروباوەڕی لە خۆیدا (لە رووی دەروونییەوە)، لە شێوەگەلی جۆراوجۆ لە سیستمگەلی باڵاتردا کۆدەبنەوە.

بەرزترین ئاست گشت بیروباوەڕە هەستگەراییەکان لەخۆ دەگرێت کە کۆمەڵێک بڕوایان پێی هەیە، بەو بیروباوەڕانەیشەوە کە دژوازی یەکدین،

(بۆ تاکێک) یان کۆمەڵێک لە شێوەیەکی هەمەکیدا، بریتییە لە زانستی نەژادناسی (Ethnoscience). ئەم هەمەکییە گشت بیروباوەڕەکان لەخۆ دەگرێت، چ راست و دروستبن، یان ئەوەی وا بۆی دەچن راست و دروستبن، لە سەر جیهانی دەرەکیی سرووشتی و کۆمەڵایەتی. بیروباوەڕگەلێ لە سەر ناخ یان کەس و بیروباوەڕ لە سەر تەکنیکەکان، واتە لە سەر توانستی تاک بۆ مامەڵەکردن و لە سەر جیهان، کاریگەرییان هەبێت. بەوجۆرەی کەسێک زانستی ئیتنۆگرافی بە قاموس و فەرهەنگ بزانێت.

چۆن رێگە بە بیروباوەڕێکی نوێ دەدرێت، بێتە ناو سیستمی بیروباوەڕگەلێکەوە؟ ئەمە پرسیار نییە سەبارەت بە سەرچاوەی بیرۆکە نوێکان، وەلێ پرسیارە لە سەر رەوابوونیان و راست و دروستییان، واتە پرۆسەی مۆڵەتپێدانی کۆمەڵایەتییە کە بەرزی دەکاتەوە بۆ پلەی بیروباوەڕ. ئەو بیروباوەڕەی قەبوڵ دەکرێت، لای کەم لەبەر ئەوەی گریمانەیەکە دەکرێ پشتگیری بکرێت، واتە "بیرۆکەیەکی بەجێیە"، رەنگە ئەوپەڕی پەسەندکراو بێت، لەبەر ئەوەی راست و دروستە. لە پرۆسەی پێدانی ئەم مۆڵەتە کۆمەڵایەتیدا، سێ بڕیاری بەرجەستە و بەرچاو هەنە- هەروەها پێموایە، بریتین لە رێوشوێنی بەرجەستە- یەکەمیان بریتییە لە بڕیاری تایبەت بە تەبایی و رێکەوتن، دووەم تایبەتە بە دڵنیابوون لە راستی و دروستی (ئەم پرسە تایبەتە بە سەلماندنی هەستگەرایی). وەلێ سێیەمیان تایبەتە بە ملدان. لەتەک ئەوەدا بوغرایی ئەکادیمییانە، بە پێچەوانەوە وا لە دڵنیابوون لە راستی و دروستی دەکات، لە نێوان سێ بڕیارەکەدا کەمتر گرنگ بێت.

گشت سیستمەکانی بیروباوەڕ کە کۆمەڵێک لە ناو خۆیاندا بڕوایان پێی هەیە، بە شێوەیەک لە شێوەکان تێهەڵکێشن و بە شێوەیەکی تۆکمە بەیەکدییەوە یەکانگیرن. بە نموونە، رەنگە تیۆرێک لە تیۆرێکی دیکەوە

سەرچاوەی گرتبێت و گەلێ جار پێوەندییەکە لەمە هەڵوەشاوەترە. وەلێ گشت سیستمی بیروباوەڕ، پێوەندییەکی بنەڕەتی و هاوبەشی لەتەک سیستمەکانی بیروباوەڕی دیکەی کۆمەڵێکی دیکەدا هەیە. ئەمە تەبایە، واتە دەتوانێت بە ئاشتی لەتەک ئەوانی دیکەدا، لە هەمان زانستی نەژادناسیدا بوونی هەبێت، چونکە لە رووی مەعریفی، یان فەرهەنگییەوە جیاواز نین. وێڕای ئەوەی هەندێ جار، هەندێ لە بیروباوەڕەکان لەتەک یەکدیدا ناکۆکن، ناکرێ بڕوا بەوە بکەین، پێوەندیی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نەبێت. چونکە گشت بیروباوەڕەکان بەلای کۆمەڵێکەوە، یان بەلای تاکە کەسێکەوە پێکەوە یەکانگیرن و گەلێ جار جۆرە تەباییەک لە نێوانیاندا دەبینین. گەلێ جار سیستمەکانی بیروباوەڕ پشتی یەکدی دەگرن: ئەگەر "ا" راست و دروست بێت، ئەوا شتێکی بەجێیە، وا دابنێین "ب"یش راست و دروستە. یان ئەگەر "ا" راست و دروست بێت، ئەوا هەردەبێ "ب"یش وەهابێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە- چونکە ئەم سیناریۆیە بریتییە لە سیناریۆی ئیتنۆگرافی- بریتییە لە راستی و دروستیی بڕیاردان بە سازان، لە سەر سیستمەکانی بیروباوەڕ. ئەم سازانە بریتی نییە لە پێناسەکردن، یان جەختکردن لە سەر ئەو دۆخەی کۆمەڵێک لە هەمان کاتدا، پێوەی پێبەندبن، بە دوان یان پتر لە بیروباوەڕەکان، چونکە ئەمە بە بەڵگەیەک لە سەر "سازانیان" دادەنرێت. ئەم "سازانە" بریتییە لە بەرهەمی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی گرنگ. ئەم پرۆسەیە کاتێ بە روونی دەردەکەوێت، بیروباوەڕی نوێی دیکە پێشکەش دەکرێن: کاتێ گریمانەیەکی نوێ بەلای کۆمەڵێکەوە سەرهەڵدەدات، پێویستە هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی قەبوڵکردن، یان مۆڵەتی کۆمەڵایەتی بدات. یەکێک لەم تاقیکردنەوانە کە پێویستە بیانبڕێت، بریتییە لە سازانی لەتەک ئەو بیروباوەڕانەدا کە بە کردەوە بوونیان هەیە.

ئـەم پێوەندیـی سـازانە، لـە گشـت پێوەندییەکانـی دی لـە نێـوان تیـۆرەکان و بیروباوەڕەکانـدا، لـە زانسـتی نەژادناسـی کێشـدارترە. سـازان بریتییـە لـەو پـردەی پێویسـتە لـە سـەر بۆشـاییەکان لـە فیکـردا دروسـت بکرێـت. جۆرێکـی روون لـە بۆشـاییەکانمان هەیـە، ئەویـش بریتییـە لـە کەمیـی مەعریفـە. وەلـێ جۆرەکـەی دی- ئەمەیـش بـە هەمـان پلـە روون نییـە، وەلـێ گرنگییەکـی زۆری سـەبارەت بـە باسـوخواس لـەم کتێبـەدا هەیـە- بریتییـە لـەو بۆشـاییە لـە نێـوان تیـۆرەکان (یـان بیروبـاوەڕەکان) کـە گەلـێ جار پڕدەکرێتـەوە، وەلـێ نـەک لـە رێگـەی باسوخواسـەوە. بـە زمانێکـی ئاسـایی، بەجـێ دەردەکەوێـت گریمانـی ئـەوە بکەیـن، تیۆرێـک پشـتگیری لـە یەکێکـی دی دەکات، یـان ئـەوەی وا راڤـە بکرێـت کـە بیروباوەڕێکـی مێژوویـی لـە رێگـەی یەکێکـی دیکـەوە پشـتگیری لێدەکرێـت. پێویسـتە ئـەم پرسـی "بەجێبوونـە" بکەوێتـە ژێـر تاقیکردنـەوەوە، چونکـە یەکێکـە لـە شـێوەکانی سـازان، رێگـە بـە بیـرە عەبەسـییە نابەجێـکان دەدات، بـە باسوخواسـی زانسـتی پوختـە و راسـت و دروسـت دابنرێـن.

بەگشـتی، دوو رێگـەی گرنـگ بـۆ پەڕینـەوە بەسـەر ئـەو بۆشـاییانەدا هەنـە، کاتـێ "بیرۆکـەی بەجێبـوون" دەخەینـە شـوێنی باسوخواسـێکی روونـەوە کـە بتوانـرێ بەرگـری لێبکرێـت، وەکـو هەوڵێـک بـۆ شـاردنەوەی نەبوونـی وەهـا باسوخواسـێک. رێگـەی یەکـەم پێویسـتی بـە هێنانـە نـاوەوەی دۆزگەلـی کۆنـە، لـە شـوێنی دۆزگەلـی بیروبـاوەڕ و ئـەم رێگەیـە لـە بەشـی دواتـردا دەدۆزینـەوە. وەلـێ رێگەکـەی دی لـە خـودی سیسـتمی بیروباوەڕەکـەدا دەبینینـەوە. چونکـە هەڵدەسـێت بـە گۆڕینـی باسوخواسـێکی روون بـە یەکێکـی دیکـەی نادیـار و ناوەڕۆکـی. بـۆ ئـەوەی ئـەوە روون بکەینـەوە، چـۆن کاردەکات، پێویسـتە بیروبـاوەڕە روونـەکان لـە نادیـار و ناوەڕۆکییـەکان جـودا بکەینـەوە.

دیاره بیروبـاوەڕی نادیـار و ناوەڕۆکـی، بـە رادەیـەک بریتییـە لـە پرسـگەلی روون و بەرچـاو کـە پێویسـت بـە ناوبردنیـان نـەکات، پێویسـت بـەوە نـەکات بیـری لێبکرێتـەوە، یـان ئەوەتـا هێنـدە روون یاخـود بڕواپێکـراوە، بریتییـە لـە بیروباوەڕگەلـی ئاسایی و تیۆرگەلـێ رەنگـە لـە راستاکەدا دەرنەکـەون. شتێکی نادیـار نییـە لـە زۆربـەی بیروبـاوەڕە نادیـار و ناوەڕۆکییەکانـدا، ئەوانـە بـە شێوەیەک لـە شێوەکان لـە ناهەستەکیدا پەنهانن، یان بەئەنقەست لـە دەرکەوتن قەدەغەکـراون. خەڵکـی لەبـەر چەندیـن هـۆ، بـە شـێوەیەکی هۆشـەکییانە و وەسفکراو لـە روی زاراوەوە، بیـر لـە هەنـدێ لـە بیروبـاوەڕەکان دەکەنـەوە، پتـر لـە بیروبـاوەڕی دی. دیـارە ئـەو بیروباوەڕانـەی بـە زاراوە وەسـفکراون، بریتیـن لـە بیروبـاوەڕە راسـت و دروسـتەکان، وەلـێ ئەوانـی دی بریتیـن لـە بیروبـاوەڕی نادیـار و ناوەڕۆکـی. لەوەهـا حاڵەتێکدا، هێڵگەلـی جیاکـەرەوە بـۆ گوزارشـکردنی نافەرمـی لـە بیروبـاوەڕ نییـە.

وەلـێ ئـەم هێڵـە جیاکەرەوانـە، لـە حاڵەتـی خستنەڕووی فەرمـی و نووسـراوی بیروباوەڕەکـەدا رووندەبنـەوە. گەلـێ جـار دەربـارەی بیروبـاوەڕی نادیـار و ناوەڕۆکـی نانووسـرێت. تەنانـەت ئەگـەر بـە شـێوەی نووسـراویش دەرکـەوت، ئـەوا شێوەی گریمانـی روون یـان سـەلمێنە بەخـۆوە دەگرێـت. ئـەوەی لێـرەدا دەردەکەوێـت، بریتییـە لـە دەرەنجامـی باسوخواسـی نادیـار و ناوەڕۆکـی، نـەک خـودی باسوخواسـەکە. بە دەگمـەن هـەوڵ بۆ فریـودان یـان شـێواندن دەبینیـن. سـەرەتا نووسـەر بـڕوا دەکات بـەوەی خوێنـەر هەڵگـری هەمـان کۆمـەڵ لـە بیروبـاوەڕە نادیـار و ناوەڕۆکییەکانـە و ئامادەیـە قەبوڵـی "بەجێبـوون"ی ئـەو گریمانانـە بـکات کـە بـە بەڵگـە پشـتگیری نەکـراون. ئیتـر هەردووکیـان لـە هەمـان زانسـتی نەژادناسـی و هەمـان سیسـتمی بەهاکانـدا بەشـداری دەکـەن.

هەروەکو دەبینین، بیروباوەڕی نادیار و ناوەڕۆکی بریتییە لە لاوازترین ئەڵقە لە مۆدێلەکانی تیۆری بڵاوبوونەوە بۆ جیهان. لە راستای ئەم کتێبەدا، رووبەڕووی تیۆرەکانی بڵاوبوونەوە دەبینەوە، لە هەوادا هەڵواسراون، بە بەڵگە و پاساو پشتگیرییان لێنەکراوە. لە راستیدا، لە بەشگەلێکی زۆر لە مۆدێلی جیهان لە دیدی تیۆری بڵاوبوونەوەوەوە، ئەو گریمانانەی وا لەم بیروباوەڕانە دەکەن یەکانگیر و راست و دروستبن کە لە راستیدا بوونیان نییە. لە وتەیەکی دیکەدا، تا رادەیەک، کەم لەم بیروباوەڕانە روون و پاڵپشتکراون. ئەم کەمەیش یەکانگیر نین، بۆیە پێکهاتەکە وەکو کۆیەک ناپووختەیە. تەنێ کاتێ بەلای ئەوانەوە پوختە دەردەکەوێت کە ئامادەگیان بۆ بڕوابوون بە شتی زۆر و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، بە بیروباوەڕی نادیار و ناوەڕۆکی هەبێت.

دڵنیابوون لە راستی و دروستی، بریتییە لە پرسێک بەندە بە هەڵبژاردنی بیروباوەڕێک، بۆ ئەوەی ببینین ئاخۆ لەتەک حەقیقەتدا یەکدەگرێتەوە. چەندین جۆر لە تاقیکردنەوە هەیە و جیاوازیی بۆچوونیش لە سەر سرووشتی پرۆسەی لێکۆڵینەوە و دڵنیابوون لە راستی و دروستی هەیە، وەلێ پێویستە ئەم پرسیارانە پەکمان نەخەن. جۆری ئاسایی لەم پرۆسەیە باسیک لە سەر ئەو بەڵگانە لەخۆ دەگرێت کە پشتگیری دەکات، یان دژی گریمانە نوێکە دەوەستێتەوە، واتە بیروباوەڕی پاڵێوراو. دیارە پرۆسەکە هەمیشە ناپوختەیە، هەر تاکێک لە هەر فەرهەنگێک یان کۆمەڵگەیەکدا، پێویستە لە رێگەی جەختکردنێکی بەشەکی (یان جەختنەکردنی) بیروباوەڕە هەستگەراییەکانەوە رازی بکرێت. سەبارەت بە ئێمە، خاڵی گرنگی تایبەت بە دڵنیابوون لە راستی و دروستی، بریتییە لەوەی ئەم پرۆسەیە گوزارش لە پاڵپشتییەکی تەواو، بۆ گۆڕینی گریمانەیەک بە بیروباوەڕێکی پەسەندکراو ناکات. هەروەها ئەمە پێویستیش نییە.

دیاره، بڕیاردان بە سازان لەوە کاراترە کە تایبەتە بە دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی. ئەمە لە ناو کۆمەڵزانان، هەروەها لە ناو کۆمەڵە تاکەکانیشدا، بە ڕاست و دروست دادەنرێت. بەشێک لە پرۆسەی دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی، لە خۆیدا پرسێکە تایبەت بە بڕیاردان بە سازان. چونکە وشەکان و ڕێوشوێنە وەرگیراوەکان لە پرۆسەی دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی و ئەو پێوەرانەی لە سەر بنەمایان، مۆڵەتی تاقیکردنەوەیەک دەدرێت و شتی لەو بابەتە، لەو بیروباوەڕانە وەرگیراون کە بە کردەوە بوونیان هەیە. تاقیکردنەوەی بیروباوەڕی نوێ بە شێوەیەکی بەشەکی، بە پرسێک دادەنرێت تایبەت بێت بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەتەک بەڵگە نوێکاندا. وەلێ ئەمە ئەو خاڵە بنەڕەتییە نییە، چونکە هەر بیرۆکەیەکی نوێ بەلای هەر کۆمەڵێکەوە، بڕوای بە بیروباوەڕێک هەبێت لە سەر بنەمای ئەو ڕێگەیە، بڕیاری لە سەر دەدرێت کە بەوە لەتەک سیستمی بیروباوەڕدا بیگونجێنێت کە بوونی هەیە، پتر لە پشتبەستنی لە سەر بنەمای ماناکەی کە ڕاستەوخۆ ڕوون و ئاشکرابێت.

لە بواری ئەکادیمیشدا هەمان شت ڕوودەدات. سەلمێنەیەک هەیە دەڵێت، بیروباوەڕی زانستی لە بەرانبەر گریمانە نوێکاندا بەرگری لە خۆی دەکات کە گومانیان لێدەکرێت، وگەلێ جار ئەم بەرگرییە توند و گورزوەشێن و قیرسچمە دەبێت. (وایتهید زانیارانی بە "سەرکردە قیرسچمەکان ناونا: لە وردەکارییەکاندا ڕێگە بە پێشکەوتن دەدەن، لە کاتێکدا لە بەردەم نوێکردنەوەی جەوهەریدا ئەستەنگیان تیادا دادەنرێت").[٤٤] ئەم سەلمێنەیە لە سەر دەستی تۆماس کون، لە ڕێگەی سیناریۆیەکی درامایییەوە بڵاوبووەوە، ئەوە کە ناوی نا تیۆری شۆڕشە زانستییەکان. جەوهەری ئەم تیۆرە ئەوەیە

44. Whitehead، Science and Philosophy (1948)، p. 129.

کە بیروباوەڕە زانستییە گرنگەکان هەڵوێستی فیوداڵی وەردەگرن و لایەنگرانی هێزی ئەکادیمی دەستەبەر دەکەن و بەمجۆرە ئەم بیروباوەڕانە سەقامگیر دەبن و بۆ ماوەیەکی تولانی باڵادەست دەبن، تەنانەت دوای کەڵەکەبوونی بەڵگەکان لە دژیان. جیابوونەوەیەکی مێژوویی بە شێنەیی روودەدات، «شۆڕشێکی زانستی»، ئەم تیۆرەی ئەمێستا یان مۆدێلە بەرپاکە وەلاوە دەنێت و ئەوی دی شوێنی دەگرێتەوە و ئەویش بەش بە حاڵی خۆی، بۆ ماوەیەک باڵادەست دەبێت.[٤٥] وەلێ سەرچاوەی کون (لە بونیاتنانی شۆڕشە زانستییەکان)دا، بریتی بوو لە زانستی فیزیک و کەمێ زانیاریمان لە سەر ئەو پرۆسە گرنگە پێدراوە کە لە رێگەیەوە بیروباوەڕەکان دەستەبەر دەکەن و لە کۆمەڵزانیدا بە مێژوو و جوگرافیای فەرهەنگییەوە باڵادەست دەبن. پرۆسەکە لە بنەڕەتدا لەم بوارانەدا جیاواز دەبێت. لەلایەکەوە بیروباوەڕەکان، لە بەر چەندین هۆ راستەوخۆ باڵادەست دەبن، لە دەرەوەی بواری توێژینەوەی ئەکادیمیدا، گوزارش لە گرنگیپێدانەکانی دەستەبژێر دەکەن. تیۆرێک شوێنی یەکێکی دی دەگرێتەوە، گوزارش لەم گرنگیپێدانانە دەرەکییانە دەکات. واتە، لە کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئەکادیمیدا، بریتی نییە لە شۆڕشێکی فیکری لە سەر شێوازی کون. لەلایەکی دیکەوە، هێرشکردنە سەر تیۆرە کۆنەکان، بە بەکارهێنانی بەڵگەگەلی نوێ ئاسان نییە، ئەویش بە هۆی نەبوونی وردی لە پێڕەوە زانستییەکاندا. لەبەر هۆیەکی دیکەیش، ئەوەیە کە کۆکردنەوەی بەڵگەکان لە ژێر سەرپەرشتی- و هەندێ جار بە بڕیاری- ئەو بیروباوەڕانەی بوونیان هەیە. بۆیە دەبینین، پێکهاتەی بیروباوەڕە گەورەکان وەکو تیۆری بڵاوبوونەوە، بۆ چەندین وەچە بەردەوام دەبێت کە «شۆڕشە زانستییەکان» پاکی و خاوێنییەکەی لێڵ ناکەن.

---

45. Kuhn، The Structure of Scientific Revolutions (1970). More relevant is Fleck's Genesis and Development of a Scientific Fact (1979).

ناوبەناو ئاراستەیەکی لاواز و ناوبەناویش بەهێز بەلای خەڵکییەوە هەیە، بۆ راستکردنەوەی ئەوەی دەیانەوێت بڕوای پێبکەن. بە واتایەکی دی، بیروباوەڕەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕ بە بەهاکان، یان ئەوەی مەعریفە کارلێک دەکات، لەتەک هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمهێنانی ئەوەی تولمان زیرەکانە بە «پۆلێنی بیروباوەڕ- بەها» ناوی دەبات.[٤٦]دیارە چەمکی روون (یان لای کەم ئاسان) «بۆ بەهاکان» بە بڕیارگەلی پێشوەخت دادەنێت، جەختکردنەوە بۆ ئەوەی باش یان خراپە، راست یان هەڵەیە، خوازراو یان نەخوازراوە بەلای تاکەکان و کۆمەڵەکانەوە. دیارە بەهاکان وەکو بیروباوەڕەکان لە شێوەی سیستمدا کۆدەبنەوە. وەلێ سیستمەکانی بەهاکان گەلێ جیاوازن لە سیستمەکانی بیروباوەڕە هەستگەراییەکان. ئەمەی دواییان بە شێوەیەکی گشتی جەخت دەکات لە سەر ئەوەی شتگەلێ راست و دروستن (یان هەڵەن) لە سەر جیهان. وەلێ ئەوەی پێشوویان جەخت لە رادەی لەپێشتردانانی شتەکان (وەک لەوەی نەبن) دەکات، بۆیە کار لە سەر ئەو شتانە دەکات کە بە بیروباوەڕ پاڵپشتی کراون، بۆیە چون دیوی لە سەر حەق بوو، کاتێ وەسفی ئەم جەختکردنانەی دەکرد، بەوەی بریتین لە «خشتەی کارەکان».[٤٧] کاتێ بەم رێگەیە پیایدا دەڕوانین، ئەوا گۆڕەپانی بەهاکان سەربەخۆ و نادیار لێکنادرێنەوە. لە بنەڕەتدا بریتییە لە قۆناغێکی گواستنەوە لە نێوان بیروباوەڕ و پراکتیکدا. دیارە بەهاکان بریتین لە گرنگیپێدانەکان.

بەهاکان لەتەک بیروباوەڕەکان لە پۆلێنی بیروباوەڕ- بەهادا کارلێک دەبن. دەتوانین پلەیەک لە پێودان لە نێوان سیستمی بیروباوەڕ و سیستمی بەهاکان لە ماوەگەلی دیاریکراو (جگە لە ماوەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی

46.Tolman، “A Psychological Model” (1951).

47. Dewey، “The Logic of Judgements of Practice، “in his Essays in Experimental Logic (1916).

یەجگار خێرا) دا بدۆزینەوە. ئەم پێوەندییەی بە جۆرێک و بە سیستمێک لە نێوان دوو سیستمەکە رێکخراوە بە ئامادەبوونێک ناو دەنێم، چونکە بە دوو راستادا کاردەکات. دۆزەکان نابن بە بیروباوەڕی راست و دروست، بێ ئەوەی لەتەک بەهاکان و دواتر لەتەک گرنگیپێدانەکانی کۆمەڵەکەدا یەکسانبن. وەلێ بڕیارە بەهاییەکان ئاماژە بۆ لەپێشترداناني کارێکی ئایندە دەکەن و رەنگە لە هەر کاتێکدا، بڕیارێک لەلایەن کۆمەڵێکەوە رەتبدرێتەوە، ئەگەر ئەم کارەی بانگەشەی بۆ دەکات کارەکەی من نەبێت، ئەمەو ئەگەر هاتو ئەو کارە سەرکەوتوو نەبوو، لەتەک رەچاوکردنی سرووشتی جیهان، بەوجۆرەی لە سیستمی بیروباوەڕەکاندا وێناکراوە. دیارە پرسەکان لەمە ئاڵۆزترن، هەروەها توانستمان بۆ پێشبینیکردنیان سنووردارە. لە سەر چ حاڵەتێک دەبێ سیستمی بیروباوەڕی باڵادەست، لەلای هەر کۆمەڵێکەوە، لەتەک سیستمی بەهاکاندا، بۆ ماوەی درێژخایەن یەکسان بێت و کاتێ هەردووکیان بۆ گەیشتن بەم پلەی یەکسانییە شکست دەهێنن، ئەوا پێویستە لە سەر هەردووکیان ناچار بکرێن، بۆ ئەوەی بگۆڕێن. لە کاتێکدا بەهاکان بریتین لە گوزارشکردن لە گرنگیپێدانە ئەمدنیاییە مژادییەکان، ئەوا سیستمی بیروباوەڕ ئامادە دەبێت، لە کاتە ئاساییەکاندا، مەیلی بەرەو سیستمی بەهاکان و بەرەو گرنگیپێدانە ئەمدنیاییەکان هەبێت پتر لە پێچەوانەکەی.

بڕیار بە سازان لەتەک بەهاکاندا، بریتییە لە بەشێکی گرنگ لە یەکانگیری، لە نێوان بیروباوەڕ و فەرهەنگدا. زانراوە کە بیروباوەڕ بە فەرهەنگەوە بەستراوەتەوە، وەلێ بیرۆکەی ئەوەی کە ئەم گریمانە بەتەواوی بە سەر سیستمەکانی بیروباوەڕەکاندا جووت دەبێت، بەلای توێژەرە ئەکادیمییەکانەوە قەبوڵ ناکرێت، مەگەر بە رێگەیەکی گشتی و ئەبستراکت نەبێ، بۆیە ئەمە گەلێ جار رێگە بە شیکاریی ئەو شێوازە نادات کە بەهاکانی توێژەرێکی

دیاریکراو لە سەری کاریگەر دەبن، لە سەر دۆزە هەستگەراییەکان. وەلێ بەهێزترینی گریمانەکان ئەوەیە، بانگەشە دەکات کە بیرۆکە باشەکان لە کۆمەڵزانیدا، بەپێی پلەی یەکسانییان لەتەک بەهاکان و بە دیاریکراوی لەتەک سیستمی تایبەتی بەهاکان بە چینی دەستەبژێرەوە لە کۆمەڵگە هەڵدەسەنگێنرێن- کە مەرج نییە بریتی بێت لە سیستمی بەهاکانی تایبەت بە توێژەرە ئەکادیمییەکان- و گەلێ جار ئەم پرۆسەی دڵنیابوون لە راستی و دروستییە، دەبێتە هۆی قەبوڵکردن و چەسپاندنی بیرۆکەگەلی نازانستی کە گەلێ جار چاوپۆشی لێدەکرێت، ئەگەرچی بریتییە لە پرەنسیپێکی ئاسایی لە زانستی نەژادناسیدا (ئاساییە، هەر نەبێ کاتێ بە سەر تاکگەلێکدا پیادە دەکرێت، بە پێچەوانەی خۆمانەوە).

وەلێ گریمانێکی بەهێزتر هەیە، لەم کتێبەدا بە بەکارهێنانی بەڵگەگەلی بەردەستەکییەوە بەرگری لێدەکەم. ئەم گریمانە بەرپایە لە سەر بنەمای ئەوەی مۆدێلە راڤەکارەکانی جیهان و گەلێ لە تیۆرە تایبەت و سەلمێنەکان لە بنەڕەتدا قەبوڵ دەکرێن- و لە هەندێ حاڵەتدا «تەنێ»- چونکە لەتەک بەهاکانی چینی دەستەبژێری ئەوروپاییدا دەسازێن و هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە تا ئەمڕۆ، ئەمەبوو دۆخەکە. گەلێ لەم بیروباوەڕانە کە ئاسانە هەڵەبوونیان بسەلمێنرێت، لە سەر مۆدێلەکانی جیهان بونیاتنراون، بەپێی تیۆری بڵاوبوونەوە و ئەمەیش لەبەر ئەوەی ئەو تیۆرانە بریتین لە پرەنسیپی فیکریی نێوەند کە کارەکان و گرنگیپێدانی کۆلۆنیالیستیی ئەوروپایی و ئەوەی دواتری راڤە دەکات و نەرمەقووتی دەکات.

دیارە سازان یان پێودان بریتییە لە بەشی گرنگ لە دڵنیابوون، لە راستی و دروستی. پرسەکە تەنێ ئەوە نییە سیستمەکە یان «دامەزراوە بەرپاکە»، بە ئازادیی را دەربڕینەوە (وێڕای دووبارەبوونەوەی روودانی ئەم پرۆسەیە)

بووەستێت. دیارە بڕیاردان بە سازان یان وەکیەکبوون پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پێبەستکەرە. لە گشت کاتەکاندا بەلای کۆمەڵەی باڵادەستەوە (چینێک یان چینێکی ئیتنۆگرافی) کۆمەڵێکی دیاریکراو لە گرنگیپێدانە ئەمدنیاییە بەردەستەکییەکان دەبینین. هەندێکیان ناکۆکن لەتەک هەندێکیاندا، وەلێ هەموویان بە ئاراستەی پارێزگاری لە هێز و دۆخی چینی دەستەبژێردا دەڕۆن. لەبەر ئەوەی ئەم کۆمەڵەیە بە شێوەیەکی گشتی، توانستی ئەوەی هەیە پاداشت پێشکەش بکات و توانستی سزادان و بڕیاردانی هەیە، لە قەناعەتپێکردنی زۆربەی خەڵکی، بە زۆربەی توێژەرە ئەکادیمییەکانیشەوە سەرکەوتوو دەبێت، لەوەی کە گرنگیپێدانەکانی بریتییە لە گرنگیپێدانی هەموان. ئەم گرنگیپێدانانە بریتییە لە خشتەگەلی کارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان و بریتییە لە گۆڕینێکی سادە، بۆ هێنانە ناوەوەی وشەی «پێویستە» و کردنی بە بەها. کاتێ بە ڕێگەیەکی جێگیر تەماشا دەکەین، دەبینین گرنگیپێدانەکان یەجگار روونن و بەهاکان کە لەوانەوە وەرگیراون، لە سیستمێکی بەهای جێگیردا کۆدەبنەوە، ئەویش بە شێوەیەک لە شێوەکان، بە ڕۆڵی خۆی گوزارش لەم گرنگیپێدانانە دەکات. بۆیە لە گشت کاتەکاندا، دەبینین جۆرێ لە ژینگەمان بۆ ئەو بەهایانە دەبێت، دەوری پرۆسەی دڵنیابوون لە راستی و دروستی دەدەن و لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمیدا، لە سەریان کاریگەر دەبن.

ئەو شێوازەی ئەم کاریگەرییەی پێ پیادە دەکرێت، ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گەلێ ئاڵۆزە، بە پێچەوانەی ئەوەی جاران لە سەدەی رابردوودا سادە و ساکار و روون بوو، کاتێ نەخشەی هێڵە پانەکانی تیۆری بڵاوبوونەوە و بیروباوەڕەکانی دی دەکێشران کە تایبەتبوون بە کۆلۆنیالیستییەوە. لەو رۆژانەدا هەروەکو مارکس دەڵێت، تەنێ ئەوە راست و دروست نەبوو کە

بیرۆکە باڵادەستەکان بریتین لە بیرۆکەگەلی چینی باڵادەست، وەلێ ئەوەیش ڕاست بوو کە کەس جگە لە چینی باڵادەست و یاریدەرەکانیان دەرفەتی ئەوەیان نەبووە، بۆ ئەوەی ئەم بیرۆکانە کاریگەر بکەن دوای بڵاوبوونەوەیان و وتنەوەیان لە وانەکان لە قوتابخانە و زانکۆ مەبەستەکاندا و بەشداریکردنیان لە پێکهێنانی سیاسەت و جێبەجێکردنیدا. لێکچوون یان پێودان لەو کاتانە و لەو شوێنانەدا، بە ڕێگەیەکی گەورە ئەنجام دەدرا، لە ڕێگەی پرۆسەی چارەسەری کۆمەڵایەتییەوە، لە ڕێگەی ئەوانەوە کە بە سیستمی باوی بەهاکانەوە و ئەوانەی لە پێگەیەکی باشدابوون بۆ پێشکەشکردنی گریمانگەلێ پێبەندبوون کە هاکا بیوونایە بە بیروباوەڕ. پێموانییە ئەمڕۆ ئەم پرۆسەیە گەلێ جیاوازبێت، وەلێ ئەگەر لێرەدا بە درێژی باسیان بکەین بۆ دوورمان دەبات. دەکرێ بە ئاسانی تێبینییەکان لە سەر پێشینەی زۆربەی مامۆستاکان تۆمار بکەین (کەمیان کوڕی خێزانی کەمینە هەژارەکەن). شێوازی پاداشتکردن لە زانکۆکان و لایەنە راوێژکارییەکان و توخمگەلی دی پێکەوە، بەم دەرەنجامە دەگات: کەمێ لە کۆمەڵزانە بەتوانستەکان ئەوانن دەیانەوێت بیروباوەڕی نایەکسان یان جیاواز پێشکەش بکەن. ئەمە ئەوە ڕاڤە دەکات، بۆچی، وێڕای پێبەستبوونی بنجبڕانە بە پێڕەوی زانستی و یاساکانی توێژینەوەی ئەکادیمییەوە، هێشتا تیۆرەکانمان لەتەک پێودانی گشتیدا یەکسان دەمێننەوە.

بە کورتی، پرۆسەی بەخشینی ڕەوابوون لە ملکەچپێکردنی هەر بیروباوەڕێکی نوێ بۆ سێ تاقیکردنەوە بەردەوام دەبێت، بریتین لە سازان، دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی، یەکسانی یان پێودان لەتەک سیستمی بەهاکاندا. ڕەنگە لە نێوان هەرسێکیاندا، یەکسانی (لە کاتی ئارامیی ڕێژەییدا)، گرنگیی زیاتری هەبێت. دەکرێ لە هەندێ لەم بۆنانەدا،

چاوپۆشی لە دڵنیابوون و لێکۆڵینەوە لە راستی و دروستیی ئەوە بکرێت، ئاخۆ گریمانەکە لەتەک گرنگیپێدانەکاندا یەکسان بێت و لەتەک بیروباوەڕی باودا پێودان بێت کە رەنگە تیورگەلی روون یان بیروباوەڕی نادیار و ناوەڕۆکیبن، لە سەر شێوەی گریمانگەلی راگەیەنراو یان نادیار و ناوەڕۆکی سەرهەڵبدەن. لە گشت حاڵەتەکاندا، دەبینین ئاسان نییە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان (راستی و دروستییەکی پێڕەوی، گەلێ جار بە راستی و دروستییەکی مەعریفی دەزانرێت) دا، رووبەڕووی پرۆسەی دڵنیابوون لە راستی و دروستی ببینەوە. گەلێ جار لەم بوارانەدا بە سازان بڕیار دەدرێت – ئەگەر بۆ بیروباوەڕە نوێکە نەبوو، ئەوا بۆ ئەو کەسەی پێشکەشی دەکات – و ئەمە بە شتێکی نامۆ هەژمار دەکرێت، بۆ گریمانێک یان تیۆرێکی نوێ وەکو بیروباوەڕێک قەبوڵ بکرێت، ئەگەر هاتو لەتەک کۆمەڵی بیروباوەڕە پەسەندکراوەکان، لە هەمان بواردا ناکۆک بوو. وەلێ حاڵەتەکە هەمیشە ئەوەیە کە کۆمەڵگە و چینی دەستەبژێر پێویستیان بەوەیە، وەرام بۆ ئەو پرسیارە پێویستانە بدۆزنەوە کە رووبەڕوویان دەبێتەوە. بۆیە دژە تەوژمێکی گرنگ هەیە. گریمانە نوێکان کە دەتوانن کێشەی بە کردەوە بەرپا چارەسەر بکەن، هاندەدرێن بەڵکە خەڵاتیش دەکرێن. دەبێ ئەوانە سازان بکەن، وەلێ نەک بە رادەیەکی تەواو.

بە سادەیی، هیچ رێگەیەک نییە توێژەری ئەکادیمیی قاڵ بتوانێت لە رێگەیەوە، رێگە لە بەها لێکچووەکان (یان ئەوانەی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، لە سەریان سازان کراوە) بگرێت، دزە بکەنەوە ناو کارەکەیەوە. ئەمەو وێڕای ئەو راستییەی کە هەموویان دەستپاک و بەئاگا و بەتوانست و لێهاتوون. وەلێ ئەو هۆکارەی باسوخواسەکەم – بە هەڵە – دەردەخات، بەوەی بریتییە لە هێرشبردنە سەر توێژینەوەی ئەکادیمی ئەوەی کە کێشەکە هەمیشە ئەوەیە

کـە لـە بـەر تیشـکی بیروبـاوەڕە روونـەکان و ئـەو ئاراسـتایانەی دەبینرێـت کـە خەڵکـی پێیانـەوە پێبەسـتن بـە هۆشـەکییەوە. دیـارە، ئـەو بوارانـەی کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی تاوتـوێ دەکـەن، بریتیـن لـە چاندنێکـی لاواز بـۆ تیـۆری روون، لـە نـاو جەسـتەی ئـەو بیروباوەڕەدا کە بە رادەیەکی زۆر بـە نادیار و ناوەڕۆکی دادەنرێت. پێـڕەوی زانسـتی ڕێگەمـان لێدەگرێـت، قەبوڵـی باسـوخواس و مشـتومڕەکانی تیـۆرە روونەکـە بکەیـن، تەنـێ لەبـەر ئـەوەی ئەوەمـان دەوێـت. وەلـێ بنەمـای سـەرەکی بـۆ وەهـا تیۆرێـک، بریتییـە لـە پێودانـی لەتـەک بیروباوەڕەکانـی دیکـە لـە سیسـتمەکە و گوزارشـکردن لێـی، لـە چێـوەی «بەجێبـوون»دا. تیۆرێـک بـە بەجـێ یـان پەسـەندکراو دێتـە بەرچـاو، چونکـە لەتـەک تیۆرێکـی دیکـەی پەسـەندکراودا پێودانـە، سـەرەڕای نەبوونـی ئەڵقەیەکی پێوەندیـی روون. زۆربـەی ئەڵقەکانـی پێکەوەبەسـتنەوە لـە جیهانـی نادیارەکانـدا پەنهانـن. دواتـر هەوڵـدان بـۆ دڵنیابـوون لـە راسـتیی گریمانەیـەک، بـە بەکارهێنانـی تێبینیگەلـی دیاریکراو نـەک شـتی دی، بەجـێ دێتـە بەرچـاو.

پێویسـتە ئەوەیـش بڵێیـن، گەلـێ جـار کاری رێکوپێکـی کۆمەڵزانـەکان رێگەیـان لێدەگرێـت لـە سـەلماندنی راسـتی و دروسـتیی تیۆرێـک، لـەوەدا پشـت بـە زیرەکیـی خۆیـان دەبەسـتن، لـە سـەر بنەمـای گوێڕایەڵیـی تیۆرەکـە لەتـەک سیسـتمی بەهاکاندا. دیارە کێشـەکە – و ئەمەیش کێشـەیەکی ترسـناکە – بریتییە لـە رامـان لـەوەی بیروبـاوەڕە روونـەکان نەسـەلمێنراون، بـە بەکارهێنانـی بڕیـاری گوێڕایەڵـی لەتـەک بەهاکانـدا، چونکـە لێدەگەڕێیـن ئـەم بڕیـارە لـە بیروبـاوەڕە نادیـار و ناوەڕۆکییەکانـدا باڵادەسـت بێـت. ئـەو بیروباوەڕانـەی دوای ئـەوە، لـە تیـۆرە روونەکانـدا، پردێـک لـە نێـوان بۆشـاییەکاندا پێکدەهێنـن، ئەمەیـش وایـان لێـدەکات، کـۆک بـن یـان پشـتگیری ئـەو گریمانانەبـن کـە گـوزارش لـە خاڵـی دەسـتپێکی تیۆرگەلێکـی روونـی نوێـی فەرمـی و نافەرمـی بکەن. پێڕەوی زانسـتی و ئەکادیمـی تەنـێ خوازیـاری بنجبڕییـە، سـەبارەت بـە تیـۆرە روونـەکان.

## تیۆری بڵاوبوونەوە وەکو سیستمی بیروباوەڕەکان

تا ئێستا باسوخواسەکە بۆ دانانی بناغە بۆ تێگەیشتن لە سێ لایەن لە سیستمی بیروباوەڕەکانی تیۆری بڵاوبوونەوە وا دارێژراوە: پێکهاتەکەی و پێبەستبوونی بۆ کۆمەڵگەلێکی دیاریکراو و گەشەکردنی. ئەم دوا لایەنە چەندین پرسیاری گرنگی تێدایە، لە سەر هۆکارەکانی بڵاوبوونەوە و بڵاوبوونەوە و بەردەوامیی تیۆری بڵاوبوونەوە. هەرگیز جۆرێک نابێت لە ئاسانکردن کە بڵێین تیۆری بڵاوبوونەوە، وەکو سیستمێکی بیروباوەڕیی گونجاو لەتەک گرنگییەکی بەهێز و بەردەوامی ئەوروپاییدا گەشەی کردووە کە ئەویش کۆلۆنیالیستە. ئەو سامانانەی لە جیهانی نائەوروپاییەوە، لە ١٤٩٢وە تا ئێستا، ڕەوانەی ئەوروپا - بە مانای ئەوروپای گەورە - دەکران، داهاتێکی گرنگ بوو بۆ چینە دەستەبژێرەکان لە ئەوروپا، ئەویش بۆ هێشتنەوەیان لە سەر پێگەیان لە ناو کۆمەڵگەکانیان و هەروەها بۆ پێشکەوتنیان. چەندین بابەتی دی هەنە، هەرگیز باسیان ناکەین و ئەویش ئەوەیە کە ئاخۆ دەکرێ ئەم ڕاوبۆچوونە بگشتێنرێت، بۆ ئەوەی گشت چینەکانی ناو کۆمەڵگەی ئەوروپایی بگرێتەوە. یان ئەوەی ئاخۆ کۆلۆنیالیزم لە زۆربەی کاتەکان و. شوێنەکاندا، دەبێتە گرنگییەک بۆ ئەو چینانەی سەر بە دەستەبژێر نین لە ئەوروپادا. من بە ئاسانی جەخت دەکەم کە: (١) چینی دەستەبژێر لە ئەوروپا پشتی بە کۆلۆنیالیزم بەستووە. (٢) چینی دەستەبژێر کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر گەشەکردنی بیرۆکە ئەوروپاییەکان و بەتایبەتی لە سەر توێژینەوەی ئەکادیمی ئەوروپایی هەبووە. (٣) چینی دەستەبژێر لە ئەوروپادا، گرنگیپێدانێکی کۆمەڵایەتیی هەمیشەیی هەبووە، بۆ خولقاندن و گەشەپێدانی سیستمی تەبای بیروباوەڕەکان، بیرۆکەیەک دابڕێژێت و پاساو بهێنێتەوە و لەوەیش گرنگتر یارمەتی پرۆژەی کۆلۆنیالیست بدات. تا ئەم

پرۆژەیە گەشەی دەکرد و خودی ڕوودانی شتەکە سەبارەت بە بیرۆکەکانی تیۆری بڵاوبوونەوە گۆڕانی بەسەرداهات.

بەشی زۆری ئەم کتێبە، بۆ خستنەڕوو و ڕەخنەگرتن لە بیروباوەڕەکانی تیۆری بڵاوبوونەوە تایبەتکراوە، بۆیە پێویستم بەوە نییە، پیاچوونەوە بۆ سرووشتی ئەم سیستمی بیروباوەڕە بکەم. ئەوەندە دەڵێم، پرەنسیپەکە زۆربەی ئاستە ڕاست و دروستەکان لە جوگرافیای جیهان و مێژووەکەی دەگرێتەوە، بۆ بیرۆکەگەلێ لە سەر جۆرەکیی تاکە ئەوروپاییەکان و نائەوروپاییەکان و ڕوونکردنەوەی ڕووداوە ناوخۆییە تایبەتەکان. بواری بیروباوەڕەکانی تیۆری بڵاوبوونەوە، بەشێکی باشی لە زانستی نەژادناسیی ئەوروپاییدا هەیە. واتە، ئێمە دەبینین برەبەشێکی باش لە دۆزەکانی بیروباوەڕە مۆڵەتپێدراوەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لە زانستی نەژادناسیی ئەوروپاییدا بەکارهاتوو، لە ناو پێکهاتەی بیروباوەڕەکانی تیۆری بڵاوبوونەوەدا هەیە. سەرەڕای بەکارهێنانی لە پێکهاتەگەلی دیکەدا. (هەندێ نموونە لە بەندی دووەمدا باس دەکەین، لەوانە: بیروباوەڕ لە سەر ڕەفتاری دیموگرافی و لە سەر زیرەکی و لە سەر بنەماکانی شارستانی و لە سەر بەپیتبوونی خاکی ناوچەکانی یەکسانە هێڵدا) ئەم ڕاگەیاندنانە لە جەختکردنە میانڕەوەکانەوە کە ڕاستی و دروستی سەدەمکارییان هەیە، تا تیۆرگەلی درێژ و ئاڵۆزی فەرمی و نافەرمی لە هاموشۆدایە. ئەم بیروباوەڕانە لە ڕێگەی گشت ڕێوشوێنەکانی مۆڵەتدان بۆ قەبوڵکردنی ئەم بیروباوەڕانە و باسوخواس لە پێشەوە، دەچنە ناو یاسای تیۆری بڵاوبوونەوەوە. بە گوزەری کات، هەموویان لە بێژنگ دەدرێن، تا ڕادەی گوێڕایەڵی لەتەک بەهاکان و گرنگییپێدانەکانی کۆلۆنیالیزم. یان بە پرۆسەیەکی لەبێژنگدانی ناڕاستەوخۆدا ڕەتدەبن کە بڕیار بە گوێڕایەڵی دەیبەخشێت، لەتەک بیروباوەڕەکانی دیکەدا کە ئەوانیش بە گوێڕایەڵی

وەسـف دەکرێـن. بـە گـوزەری کات، سیسـتمی بیروبـاوەڕەکان بیروباوەڕگەلـی نـوێ بـۆ تیـۆری بڵاوبوونـەوە کۆدەکاتـەوە و لەوانـە رزگاری دەبێـت کـە ناکـۆک دەبـن لەتـەک یاسـا، یـان ئەوانـەی پێوەندیـی خۆیـان بـەوەوە لـە جیهانێکـی بگـۆڕدا لەدەسـت دەدەن. چونکـە کۆلۆنیالیسـت و شـێوە جۆراوجۆرەکانـی، وەکـو کۆلۆنیالیسـتی نـوێ هەوسـی گرنگیپێدانـی چینـی دەسـتەبژێرە و چونکـە گەلـێ جـار بیروبـاوەڕە نادیـار و ناوەڕۆکییـەکان تێبینـی ناکرێـن و رەخنەیـان ئاراسـتە ناکرێـت. دیـارە، کـردەی خستنەسـەر و لابـردن و راسـتکردنەوەی بیروباوەڕەکانـی تیـۆری بڵاوبوونـەوە، تـا ئـەم سـەردەمەیش بەردەوامـە. ئەگـەر ئەمـە ئـەو حاڵەتـە نەبێـت، ئـەوا کـۆی بیروبـاوەڕەکان لـە سـەر مێـژووی سـێنترالیزمی ئەوروپـا کـە لـەم کتێبـەدا سـەرنجمان رادەکێشـێت، هـەر لـە سـەردەمانێکی دوورەوە لابـراون.

بیروباوەڕەکانـی تیـۆری بڵاوبوونـەوە لـە چێـوەی کاتـدا - ئـەو شـتەی گشـت جیهـان و گشـت مێـژوو بـە هـۆی خەمڵێنـی تیۆرێکـی تۆکمـەوە لەخـۆ دەگرێـت، هەروەکـو پێشـتر لـەم بەنـدەدا بینیمـان. دیـارە، تیۆرەکـە بـە کورتـی، پرۆسـەگەلێکی بنەڕەتـی وەسـف دەکات، لـە «نـاوەوە» روودەدەن کـە لـە بنـەڕەت و جەوهـەری ئەوروپایـی بـۆ جیهانـە و وەسـفی ئـەو کردانـە دەکات کـە لـە «دەرەوە»دا روودەدەن کـە بریتییـە لـە بلۆکـی نائەوروپایـی، هەروەهـا وەسـفی داڕشـتەکانی کارلێـک لـە نێـوان دوو بلۆکەکـەدا دەکات و گرنگترینیـان بـێ سـێ ودوو، بریتییـە لـە بڵاوبوونـەوەی بیرۆکـە داهێنـەرەکان و خەڵکـی و کاڵاکان لـە نـاوەوە بـۆ دەرەوە.

دەتوانیـن ئـەو تیـۆرە جیهانییـە کـە دوو رەهەنـدی هەیـە وەسـف بکەیـن: کاتەکـی و شـوێنەکی، بـەوەی بریتییـە لـە «مۆدێلـی جیهـان بـەلای تیـۆری بڵاوبوونـەوە»وە، بریتییـە لـە مۆدێلـی کۆلۆنیالیسـتی جیهـان.

لێرەدا پرسیارێکی روون دەردەکەوێت: شێوەی جیهان چۆن دەبێت، ئەگەر هاتو تیۆری بڵاوبوونەوە نەبێت؟ جیهانێک دەبێت پرۆسەکان لەتەک یەکدیدا، لە بلۆکە جۆراوجۆرەکاندا هاوکات دەبن و باشتر وایە بڵێین، ئەم مۆدێلە لە سەر بنەمای چەمکی توانستە یەکسانەکانی مرۆڤەکان، واتە یەکێتیی دەروونی، لە گشت فەرهەنگەکان و هەرێمەکاندا بەرپا دەبێت و ئەم باسوخواسە روونکردنەوەی هەر جیاوازییەکی شوێنەکی دەخوازێت، سەبارەت بە گەشەکردنی فەرهەنگی و رێک گەشەکردنی ئابووری. بە شێوەیەکی دی، یەکسانی بە دۆخێکی سرووشتی دادەنرێت، وەلێ دەبێ جیاوازییەکان روون بکرێنەوە. تیۆری بڵاوبوونەوە بە پێچەوانەوە، پێشبینی نەبوونی یەکسانیی بنەڕەتی، لە نێوان ناوەوە و دەرەوە، لە جیهان و لە مرۆڤایەتیدادا دەکات. دیارە پرەنسیپی یەکێتیی مرۆڤایەتی Uniformitarianism[٤٨] بریتی نییە لە پرەنسیپی یەکسانیی مرۆڤایەتی.

لە سەر چێوەکانی کات- شوێنی بچووکتر لەم جیهانە، دەبینین سیستمی بیروباوەڕەکانی تیۆری بڵاوبوونەوە بە توندی دابەشبووە، چەند بەشێکی پێکەوە یەکانگیرن، لە شێوەی تیۆرگەلی فەرمی جواندا و بەشگەلی دیکەی پەرتن، وا دەردەکەون پێکەوە سازان بن، وەلێ بیروباوەڕگەلی پەرشوبڵاون. ئەمە لە دەرەوەی باسی ئەم کتێبەماندا دەبێت، ئەگەر هەوڵ بدەین، گشت بەشەکان و ئاستەکان و سیستمە بەشەکییەکان، لە مۆدێلی تیۆری بڵاوبوونەوەدا وەسف بکەین، وەکو کۆیەک پلە بە پلە، لە مۆدێلی جیهانییەوە بۆ ئاستی رووداوگەل، لە سەر ئاستی کات و شوێن. وەلێ دەتوانین دەست پێبکەین.

٤٨. Uniformitarianism: ئەمە تیۆرێکە لە فەلسەفەی زانستی، ئاماژە بۆ پرەنسیپی ئەوە دەکات کە هەمان ئەو کردانەی جیهانیان پێکهێنا ئێستا روودەدەن، وەکو چۆن جاران روویان دەدا و هەمان یاساکانی فیزیک بە سەر گشت بەشە زانراوەکانی گەردووندا جووتدەبێت.

# بەندی دووەم

## میسۆلۆژیای بەرجووی ئەوروپایی

زۆربەی مێژوونووسە ئەوروپاییەکان بڕوایان بە تیۆری "پەرجووی ئەوروپایی" هەیە. بریتییە لەو تیۆرەی ئیدعا دەکات، ئەوروپا لە داڕشتنی شارستانییەکەیدا، لە گشت شارستانییەکانی دیکە لەپێشترە و ئەمە هەر لە دێر زەمانەوە، واتە کەمێ بەر لە چاخە ناڤینە کۆنەکانەوە روویداوە، ئەمەیش خەسڵەتی تایبەتمەندی و جیاکردنەوەی پێ بەخشی، هەروەها مێژوو و جوگرافیای جیهانی دوای ١٤٩٢ راڤە دەکات کە خۆی لە نوێکردنەوەی ئەوروپا و سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزم و شکستی جیهاندا دەبینێتەوە. زۆربەی مێژوونووسان هیچ جۆرە پەرجوویەک لەم پرۆسەیەدا نابینن، وەلێ وتەی «پەرچووی ئەوروپایی» لە هەشتاکانی ئەم سەدەیەدا، بوو بە دروشمێکی ناسراو بۆ گشت ئەو تیۆرانەی گریمانی رێنیسانسی دانسقەی ئەوروپای بەر لە ١٤٩٢ دەکەن. ئەم وتە نوێیە لە کتێبێکی ئیریک ل. چۆنزەوە وەرگیراوە کە لە ساڵی ١٩٨١، لە ژێر ناوی پەرجووی ئەوروپاییدا پەخشکرا.[٤٩]

مێژوونووسان لە نێوان خۆیاندا کۆکنین لە سەر پرسیاری: بۆچی پەرجووەکە رووی دا؟ بۆچی ئەوروپا بەم شێوەیە پێکهات کە رەنگە وەکو پەرجوو وابێت؟ ئایا لەبەر ئەوە بووە کە ئەوروپاییەکان بە شێوەی بۆماوەیی تایبەتمەندییان هەیە؟ ئایا ئەوان لە رووی فەرهەنگەوە تایبەتمەندییان هەیە؟ لە ژینگەیەکی تایبەتدا دەژین؟ ئایا لە ئەوروپا یان بۆ ئەوروپاییەکان شتێکی نایاب، لە ساتە وەختێکی مێژوویی تایبەتدا رووی دا کە دواتر ئەو تایبەتمەندییەی بە سەر کۆمەڵگەکانی دیکەدا پێ بەخشی؟

٤٩. وێڕای ئەوەی کە کتێبی پەرجووی ئەوروپیی ئیریک چۆنز لە ساڵی ١٩٨١دا، دەستەواژەی «پەرجووی ئەوروپی» بڵاوکردەوە، وەلێ بۆ ماوەیەکی تولانی و بە هەمان مانا بەکارهاتووە: رابوونی دانسقەی ئەوروپای بەر لە چاخە ناڤینەکان یان لە سەروبەندیاندا. هەموو مێژوونووسێک ئەمە وەسف ناکات، بەوەی بریتییە لە «پەرجوو»، وەلێ دەستەواژەکە بە شێوەیەکی فراوان بە بەڵگەی کۆنگرەی نێودەوڵەتی، بە ناوی « پەرجووی ئەوروپی» قەبوڵ کرا کە لە زانکۆی کامبریج لە ساڵی ١٩٨٥دا بەسترا.

هەروەها مێژوونووسان کۆکنین لە سەر کاتی روودانی پەرجووەکە یان سەرەتاکەی. ئایا لە چاخەکانی بەر لە مێژوودا روویداوە کە تا ئێستایش هەندێ بە «ئارییایی»، یان فەرهەنگی ئیندۆ- ئەوروپایی ناوی دەبەن؟ ئایا لە چاخەکانی کەمێ بەر لە مێژوو «چاخی ئاسنینی ئەوروپایی»دا، رووی دا؟ ئایا لەتەک یۆناندا؟ لەتەک رۆماندا؟ لە سەرەتای چاخەکانی ناڤیندا دەستی پێکرد؟ ئایا لە مێژوودا، پرۆسەیەکی بەردەوام بوو، یان زنجیرەیەک لە پەرجوو بوو، هەریەکەیان ئەوروپایان بە شێنەیی و هەنگاو بە هەنگاو بردە پێشەوە، تا پێشی گشت مرۆڤایەتی بداتەوە؟

مێژوونووسان باسی ئەم پرسانە دەکەن و بریتین لە پرسگەلێ دەربارەی هۆکارەکان و کاتەکان، وەلێ پرسیارناکەن دەربارەی ئەوەی ئاخۆ ئەم پەرجووە روویداوە یان نا. یان با وردتربین، ئەوان دەرەتانی ئەوەی رێنیسانسی ئەوروپا نەک ئەوانی دی لە شارستانییەکان بەهێند وەرناگرن کە تا ساڵی ١٤٩٢ دەستی پێنەکردووە و ئەوەی لە ئاکامی تایبەتمەندیی ئەوروپایی نەبووە، لە رووی ئەقڵ و فەرهەنگ و ژینگەوە، بەڵکە بە هۆی سامان و تالان و چەپاوکردنەوە بووە کە بە هۆی سەرکەوتنەکانیان و چەپاوکردنی ئەمەریکای کۆلۆنیال و دواتر ئەفەریقیا و دواتر ئاسیا دەستەبەریان کردووە. ئەم شێمانەیە بە هیچ جۆرێ باس لەوە ناکات، لەتەک ئەوەی تاقمێکی کەم لە مێژوونووسان (بە دەستنیشانکراوی، چانیت ئەبو لەغد، سەمیر ئەمین، ئەندرێ جەندەر فرانک، ئیمانوئیل والەر ستاین) لەم ساڵانەی دواییدا دەستیاندایە ئەوە[50].

٥٠. روونە کە بابەتەکەم لە ساڵی ١٩٧٦دا، لە ژێر ناوی «سەرمایەداری لە کوێ لەدیاکبوو؟» یەکەم بڵاوکراوە بوو، بەتەواوی «تیۆری پەرجەوو» بێ کۆتوبەند رەتبداتەوە. سەمیر ئەمین لە ساڵی ١٩٩٦ لە قسەیەکیدا لە سەر بابەتێکی دواتری بەندە، ئاماژە بۆ رەزامەندیی خۆی لە سەر هەڵوێستی رەتدانەوە دەکات.
Amin, “Colonialism and the Rise of Capitalism: A Comment,” 1990، Blaut,) “Colonialism and the Rise of Capatalism,” 1989، also see Blaut, “Fourteen Ninety-Two،” 1992، and Amin, “On Jim Blaut’s Fourteen Ninety-Two” 1992).

هەندێکی کەم لە مێژوونووسان هەڵوێستی نزیک لەوەیان وەرگرت: لە بەشێکی دواتری ئەم بەندەدا، باس لە راوبۆچوونیان دەکەین.

دیاره، ئەرکی من لەم بەندە و لە بەندی سێیەمدا («بەر لە ١٤٩٢»)، بریتییە لە خستنەڕووی ئەوەی چۆن بەر لە ١٤٩٢، ئەوروپاییەکان لە نائەوروپاییەکان جیاواز نەبوونە. پێشکەوتووتر نەبوونە و نوێگەراتر یان گەشەسەندووتر نەبوونە. دواتر لە بەندی چوارەم («دوای ١٤٩٢»)، ئەوە دەخەمە روو، چۆن سامانە زەوتکراوەکان بوونەتە هۆی رێنیسانسی ئەوروپا و نۆرێنی بۆ چەندوچۆنی بە سەر جیهاندا، ئەوەیش رووندەکەمەوە، چۆن سیفەتە ناوەکییەکانی ئەوروپا ١٤٩٢ و دواتر بنەماکانی کۆلۆنیالیزم راڤە ناکەن.

دوو رێگەی بنەڕەتی هەیە بۆ رەتدانەوەی هەڵەی پەرجووی ئەوروپایی و ئەوەی کە ئەوروپا لە شارستانییەکانی جیهان، بەر لە ١٤٩٢ پێش ئەوانی دی نەکەوتووە. باشترین رێگە ئەوەیە، بە راستییەکانی مێژوودا بڕوانین و ئەوە روونبکەینەوە کە چۆن پرۆسە گەشەسەندنکارییەکان کە لە ئەوروپا، لە سەردەمی چاخەکانی ناڤیندا و پێشتر روویان دا، وەکو ئەو کردانە وەهابوونە کە لە شوێنەکانی دی لە جیهاندا، لە رووی ئاراستە و تێکڕای گەشەسەندنەوە روودەدەن. هەوڵ دەدەم ئەمە بە شێوەیەکی ورد، لە بەندی سێیەمدا روون بکەمەوە کە لە چاخەکانی ناڤین لە ئەوروپا و ئەفەریقیا و ئاسیادا، بەراوردی دیمەنەکە دەکات و چۆن وەرچەرخانێک لە سیستمی فیوداڵییەوە بۆ کۆلۆنیالیزم، لە چەندین بەش لە نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەوی بەر لە ١٤٩٢دا هەبووە.

میسۆلۆژیای رێنیسانسی دانسقەی ئەوروپا و پەرجووەکەی، بە قووڵی لە رامانی مێژوویی ئەوروپاییدا چێنراوە، تا رادەی ئەوەی ئەگەر ئێمە باسوخواسێک پێشکەش بکەین، بونیاتنراو لە سەر راستی و دروستییەکان، رەنگە قەناعەت لای کەس دروست نەکات. هەروەکو لە بەندی یەکەمدا بینیمان،

چەندین وەچە لە مێژوونووسان بەرگرییان لەو تیۆرە باڵادەستە کرد، بێ هیچ تیۆرێکی بەرهەڵسنکار، هەروەها پاڵپشتکراوە بە گەلێ لەو بیرۆکانەی بۆ پلەی راستی و دروستی، لە فەرهەنگی ئەوروپاییدا بەرزبوونەتەوە، بەوەیش پێودان دەبێت لەتەک گرنگیپێدانەکانی وڵاتە ئەوروپاییەکان (و دامەزراوە گەورەکان)دا و لە مامەڵەکردنیان لەتەک جیهانی نائەوروپاییدا پشتگیرییان لێدەکات. لەبەر ئەم هۆیانە، بڕیارم دا جۆرێکی دی لە باسوخواس بەکارببەم، ئەویش بریتییە لە خستنەڕووی هەڵەکان، یان بەڵگە ساختەکان، لە تیۆری بنەڕەتی بۆ چەسپاندنی بناغە، بۆ پێشکەشکردنی بەڵگە هەستگەراییەکان.

لەم بەندەدا، ئەو هەوڵە ئاشنا و بەکارهاتوانە لەلایەن مێژوونووسانی ئەمڕۆوە تاقیدەکەمەوە، بۆ پشتگیری لە تیۆری پەرجووی ئەوروپایی و هەوڵیش دەدەم ئەوە بخەمە روو، چۆن جێی قەناعەت نین. ئەم ئەرکە تا رادەیەک ئاڵۆزە، سەبارەت بە کتێبێکی بچووکی وەکو ئەم کتێبە، بە هۆی ژمارە جۆراوجۆرەکانی باسوخواسەکانەوە کە دەساودەسیان پێدەکرێت و ژمارەی ئەو مێژوونووسانەی لە سەر تیۆری پەرجووی ئەوروپایی و چۆنیەتی پشتگیریکردنی کتێب و بابەت دەنووسن. کەواتە، چۆن کار بکەین؟ قۆناغ بە قۆناغ دەچمە پێشەوە. یەکەم: باسوخواسێکی کورت پێشکەش دەکەم، لە سەر ئەو رێگەیانەی بە هۆیانەوە مێژوونووسان بۆ بەرژەوەندیی پەرجووی ئەوروپایی لە دەیە نوێکاندا باسوخواس دەکەن و ئەوەیش دەخەمە روو کە هاکا بۆچوونێکی گرنگی هەموارکراو خەریکە سەرهەڵبدات. دووەم: لە شێوەی لیستێک یان پۆلێنکردنێکدا، گرنگترینی ئەم باسوخواسانە دەخەمە روو کە پشتگیری لەم بۆچوونە میسۆلۆژیاییە دەکەن کە ئەمڕۆ دەخرێتەڕوو و هەروەها هەوڵ دەدەم ئەوە روونبکەمەوە، هیچ یەکێک لەم باسوخواسانە قەناعەتمان پێناهێنن. لە قۆناغی سێیەمدا، ئەو باسوخواسە هەستگەراییە کورت دەکەمەوە، لە دوو بەشدا (بابەتەکان لە دوو بەندی سێیەم و چوارەم

بەرودوا) کە دژی تیۆری «پەرجوو»ە: بەڵگە بۆ ئەوەی ئەوروپا (لە سەر ئاستی کیشوەری) بەر لە ١٤٩٢ پێش ئەفەریقیا و ئاسیا نەکەوتووە، دواتر لە سەر ئەوەی کە کۆلۆنیالیستی دوای ١٤٩٢، هۆکاری ڕێنیسانسی دەستەبژێریی ئەوروپا بووە، بەڵگە دەهێنمەوە.

## دروستکەرانی وتە پڕوپوچەکە و ڕەخنەگران

هەروەکو لە بەندی یەکەمدا بینیمان، بیرۆکەی پێشکەوتنی ئەوروپا و گەشەسەندنی پتر لەوانی دی لە شارستانییەکانی بەرلە ١٤٩٢دا، بریتییە لە بیرۆکەی بنەڕەتیی تیۆری بڵاوبوونەوەی سێنترالیزمی کلاسیکیی ئەوروپایی. بۆیە هەرگیز سەرچاوەکانی تیۆری پەرجووی ئەوروپایی لەبەرچاو ناگرین، چونکە لە سەردەمە کۆنەکانەوە بە میرات ماونەتەوە. بەهەر حاڵ، دوای دووەمین جەنگی جیهانی، ئەم پرەنسیپە شێوازێکی نوێ و ڕوونی بەخۆوەگرت. یەکەم: ئیدعا نەژادپەرستییەکانی بە شێوەیەکی بنجبڕانە ڕەتدایەوە و هیچ دەنگێک نابینین بانگەشە بۆ نزمیی پێگەی نائەوروپاییەکان، بە شێوەیەکی بۆماوەیی سەبارەت بە ئەوروپاییەکان بکات و ئەم کەموکورتییەیش ئەوە کە دواکەوتنیان لە ڕووی مێژووییەوە ڕاڤە دەکات. هەروەها ئێستا دەبینین، مێژوونووسان ئەو بیرۆکەیە پەسەند دەکەن کە تایبەتمەندییە مێژووییەکانی ئەوروپا گوزارش لە ڕاستی و دروستیگەلێک و ڕووداوگەلێک دەکەن، لە سەردەمە پێشووەکاندا ڕوویانداوە. تایبەتمەندیی ئەوروپایی بە هۆی ئەوەوەیە، ئەوروپا زووتر بە قۆناغێک لە پێشکەوتن گەیشتووە کە خەڵکانی دیکەیش ئارەزوو دەکەن لە ئایندەدا پێیبگەن. دیارە ئەوە لەپێشتربوونە، نەک تایبەتمەندییەکی خۆڕسکی. دووەم: فرەبوونێکی خێرا لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمیی مێژووییدا، سەبارەت بە جیهانی نائەوروپایی دوای ١٩٤٥ هەبوو، بونیاتنراو لە سەر گرنگیپێدانە سیاسی و ئابوورییە بەقازانجەکان و بە شێوەیەکی بەشەکی هەڵقوڵاو لە بەرنامەگەلێ لە ژێر سەرپەرشتیی

حکومەتـەکان و ئـەو دامودەزگایانـەدا کـە لـە پێشکەشـکردنی توێژینـەوە لـە سـەر ناوچـە دەرەکییـە بیانییـەکان پسـپۆرن، وەلـێ ئـەم توێژینەوانـە زانیاریـی زۆریـان خستەسـەر کـە لـە وڵاتـە خۆرئاواییەکانـدا هەبـوون، لـە سـەر مێـژووی ناخۆرئاوایـی. زانیارییـە نوێـکان بـە شـێوەیەکی سـنووردار بەکاربـران. چیرۆکـە خۆرئاواییـەکان دوورخرانـەوە، وەلـێ بیرۆکـە بنەڕەتییـەکان لـە سـەر جیهانـی ناخۆرئاوایـی گۆڕانـی بەسـەردا نەهـات. سـێیەم کـە گرنگترینیانـە: جیهانـی دوای جەنـگ هـات، تاوەکـو تیۆرێکـی نـوێ و گرنگـی "نوێکردنـەوە" بهێنێـت، ئەمەیـش بانگەشـەی ئـەوە دەکات، ئـەوە بڵاوبوونـەوەی بیرۆکـەکان و کاریگەریـی ئەوروپاییـە کـە لـە چاخـی نوێـی گەشەسـەندندا، دەبێتـە هـۆی پێشـکەوتنی ئابووریـی جیهانـی ناخۆرئاوایـی. ئـەم تیـۆرە کاریگەریـی زۆری لـە نووسـینەوەی مێـژوودا هەبـوو.

## نوێکردنەوە وەکو مێژوو

تیـۆری "نوێکردنـەوە" لەتـەک ئەمێسـتا و ئاینـدەدا مامەڵـەی کـرد، وەلـێ لـە بنەڕەتـدا مێژوویـی بـوو. دیـارە پرەنسـیپە بنەڕەتییەکـەی بریتییـە لـە وێناکردنـی ئـەوەی کـە بـووە هـۆی باڵادەسـتیی ئەوروپـا لـە رابـردوودا، دەکـرێ ئێسـتا لـە جیهانـی نائەوروپاییـدا بڵاوبکرێتـەوە، بـۆ یارمەتیدانـی بـۆ ئـەوەی بـەو بـگات. هەروەهـا لـە بەنـدی پێشـوودا بینیمـان، ئـەم پرەنسـیپە نوێیـە، بـە دوو قۆناغـی گەشەسـەندوودا رەتبـوو: یەکـەم هـی دوای دووەمیـن جەنگـی جیهانـی و مـاوەی دژە کۆلۆنیالیسـتی و دووەم بریتییـە لـە چڕکردنـەوەی هەوڵەکانـی بڵاوبوونـەوە و بڵاوبوونـەوە، دوای رێنیسانسـی وڵاتـە سۆشیالیسـتەکان لـە جیهانـی سـێیەمدا و بەتایبەتـی دوای ئـەوەی شۆڕشـی کوبـا لـە سـاڵی ١٩٥٩دا سـەرکەوت.

گەلـێ لـە کارە مێژووییـەکان لـە شەسـتەکانی ئـەم سـەدەیەدا، وەکـو بەشـێک لـەم پرۆسـە فیکرییـە دەرکەوتـن. ئامانجـی سـەرەکیی ئـەوە، بریتـی

بـوو لـە خسـتنەڕووی مۆدێلـی ئەوروپایـی لـە گەشـەکردن- بـە گەشـەکردنی سـەرمایەدارییەوە بەتایبەتی- بەوەی بریتییە لە کێرڤی سرووشـتیی گەشـەکردنی مرۆیـی. گەلـێ لـەم کارانـە بـوون بـە دەرەنجامـی ئایدیۆلـۆژی، بـەوەی کێرڤـی سرووشـتی و گونجـاو بـۆ پێشـکەوتن لـە ئاینـدەدا، لـە پاشـکۆیەتیی جیهانـی سـێیەمدایە بۆ مۆدێلـی ئەوروپایـی (دیـارە نـەک لـە سـەر شـێوەی گۆێڕایەڵیـی کوێرانـە) کاریگەرترینـی ئـەم کارانە بۆ نووسـەر رۆسـتۆ "قۆناغەکانی گەشـەکردنی ئابـووری: بەیاننامـەی ناکۆمۆنیسـتی"ی سـاڵی ١٩٦٠ دەگەڕێتـەوە. ئـەم کتێبـە جەختکردنەوەیەکـی روون بـوو کـە دارِشـتەی پێشـووی ئەوروپـا بـۆ گەشـەکردن و تەنانـەت کۆلۆنیالیسـتی، بریتییـە لـە تاکـە دارِشـتەی پراکتیکـی، سـەبارەت بـە گەشـەکردنی ئاینـدە بـۆ غەیـری ئەوروپـا. رۆسـتۆ مێـژووی جیهـان و گەشـەکردنی جیهانـی، لـە یـەک باسوخواسـی بونیاتنـراو لـە سـەر تیـۆری بڵاوبوونـەوە پێکـەوە بەسـتەوە.[٥١]

وەلـێ کێشـەیەک هەبـوو، رێـک ئەوەبـوو، هانـدەر لـە پشـتی رێنیسانسـی دانسـقەی ئەوروپـاوە چـی بـوو؟ ئێسـتا وا پێویسـت دەکات، بـۆ سـاتەوەختی مـاوەی تیـۆری کلاسـیکیی بڵاوبوونـەوە بگەڕێینـەوە. مێژوونووسـە ئەوروپاییـەکان لـە سـەدەی رابـردوودا (وا بزانـم) لـە سـەر قەبوڵکردنـی بیرۆکـە بنەڕەتییەکـە کـۆک بـوون کـە ئەوروپـا بـە سرووشـتە دانسـقەکەی خـۆی گەشەسـەندوو بـووە. گەلێکیـان باسـیان لـە هانـدەری بنەڕەتـی، لـە پشـتی ئـەو پرۆسـەیەوە نەکـردووە: هەندێکیـان پشـتیان بـە بـڕوای ئایینـی و هەندێکـی دیکەیـان پشـتیان بـە بیرۆکـە میتافیزیکییـەکان (وەکـو "رۆح"ی گەشەسـەندوو بـەلای هیگڵـەوە) و هەندێکیـان پشـتیان بـە بیرۆکەی سـمیس، یـان بیرۆکەی بەرژەوەندخوازیـی چالاکی و ئامانجی

---

٥١. کارێکی گرنگی دی بریتییە لە:
Cyril Black's The Dynamics of Modernization: A Study in Comparative History (1966).
چەند کارێکی دی لە بواری دیکە هەر لەم بەندەدا باس دەکەین.

تاکڕەویی مرۆڤایەتی بەستبوو. ئەم تاقمەی دواییان، ئەمەیان بە ژینگە یان ڕەفتاری دیمۆگرافی یاخود ململانێی چینایەتی یاخود هەر شتێکی دیکەوە بەستەوە. وەلێ پێموایە، گشت ئەم هۆکارانە تێگەیشتنێکی هاوبەشیان بۆ هاندەری ئەم گەشەسەندنە پێکهێنا، بریتییە لە هێزێکی ئاراستەکراو، وەکو خۆرەبا، سەبارەت بەوە، حەقیقەتە بەشەکییەکان (ئابووری، دەروونی، ژینگەیی و...هتد) دیاردەیەکی لاوەکی بوون. دوای دووەمین جەنگی جیهانی، کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە بیروباوەڕ دەرکەوتن. ئێستا وا دەڕوانرێت بە کێشەی ڕاڤەکردنی ڕێنیسانسی ئەورووپادا، بەوەی بریتییە لە کێشەیەکی هەمەکی. واتە گشت دیاردەکان بە جووڵەکییە بنەڕەتییەکەیشیانەوە، پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەبێت، یان یەکێکی دی دەڵێت، پێویستە بخرێتە ناو مۆدێلێکی ڕوونەوە، تیایدا گۆڕانکارییە ڕوونەکان یان "فاکتەرەکان" بزانرێت. بێگومان چەندین هۆکار لە پشتی ئەم شێوازە نوێیەوە هەبوون، لەوانە پێگەیشتنی خودی پێڕەوی مێژوو و لەدەستدانی بڕوا (لە چاخی ئاژاوەدا)، بە بیرۆکەی پێشکەوتنی بێ چەندوچۆن و عەلمانیبوونی فیکری ئەورووپایی و گەشەکردنی پێڕەوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.[٥٢] ئیتر ئەمە چۆن ڕاڤە بکرێت، ئەوەی

---

٥٢. ڕەنگە هۆکارەکەی بریتی بێت لە پێگەیشتنی توێژینەوە مێژووییەکان، وەکو لقێک لە قەکانی مەعریفە و هۆکارێکی دی بریتییە لە کارتێکردن و ئەوە بە شێوەیەکی هەمەکی سوودمەند نییە بۆ پێڕەوی زانستیی پۆزێتیڤ بۆ مێژوو کە بووە هۆی هەوڵ بۆ دیاریکردنی گۆڕانکارییەکان و «فاکتەرەکان» و ئەگەر توانرا پۆلێنکردنی هەر یەکەیان بکرێت. هۆکارێکی دی بریتییە لە بڕوانەبوون بە بیرۆکەی پێشکەوتنی بێ چەندوچۆن لە سەدەی نۆزدەیەمدا، دوای نزیکەی نیو سەدە لە ئاژاوە و جەنگ، پێشکەوتن دەرنەکەوت بۆ ئەوەی شتێکی سرووشتی و بێ چەندوچۆن بێت، دەبوا ڕاڤەبکرێت و بەرهەمبهێنرێت. هۆکارێکی دی بریتییە لە بەعەلمانیەتکردنی فیکری ئەورووپی بە مێژوویشەوە، تا ئەوەی ڕووداوە مرۆییەکان گریمانە نەکران لە هێزێکی سەرووترەوە گوزارش لە ڕێنماییکردنێک بکەن. هۆکارێکی دیکەیش ڕەنگە گەلێ گرنگ بێت، بریتی بوو لە پێشکەوتنی گشتیی لقە ئەکادیمییەکانی زانست و چوونەناوەوەیان بۆ ناو (و پشتبەستنیان بە) سیاسەتی ناوەوە و دەرەوە. ئەمە ئەوەیشی دەگرتەوە کە هەر لقێک جیهان بە ڕادەیەک لە لایەنگری بۆ مادەکەی دەبینێت وەکو فاکتەرێک (بۆ ئابوورییەکان فاکتەری بازاڕ و بۆ دەروونناسەکان هاندەر وەکو فاکتەرێک و بۆ کۆمەڵزانەکان فاکتەری دیمۆگرافی و فاکتەری پەیکەری کۆمەڵایەتی، بۆ جوگرافیزانەکان فاکتەری سەرچاوەکان و...هتد) و ڕووی لەوە کرد باسوخواس بکات و مۆدێلە مێژووییەکان بەباشتر دابنێت کە مامەڵەیان لەتەک فاکتەرەکەی ئێمەدا کرد، بەوەی چالاکە و فاکتەرەکانی دی لاوەکین. چونکە گەلێ لە کۆمەڵزانەکان مێژوویان بەم شێوازە نووسییەوە کە ڕەنگە ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی تایبەت بخوازێت.

دەرکەوت بریتی بوو لە کۆمەڵێ لە مۆدێلە مێژووییەکان و کۆمەڵێکی دی (وەکو تیۆرەکانی ڤیبەر)ی نوێ هەوڵیان دا، بە روونی، لە بەر رۆشنایی فاکتەرگەلێکی سەدەمکاریی دیاریکراودا، "پەرجووی ئەوروپایی" روون بکەنەوە. ئەمە ئەو شێوە نوێیەبوو بۆ تیۆری بڵاوبوونەوە. دیارە کاریگەریی بۆچوونی نوێکردنەوە، بە هیچ شێوەیەک لە توێژینەوەی ئەکادیمیی مێژووییدا باڵادەست نەبوو، وەلێ لەو نووسینانەدا وەها بوو کە هەوڵیان دا، وەرچەرخانە گەورەکان لە مێژووی ئەوروپایی و بەتایبەتی کێشەی روونکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی چاخەکانی ناڤین روون بکەنەوە کە رێنیسانسی سەرمایەداری و نوێکردنەوە، واتە "پەرجووی ئەوروپایی" لێکەوتەوە.[٥٣] لەمەودوا هەر لەم بەندەدا، گەلێ جار بۆ ئەم گریمانە راڤەکارییانە دەگەڕێینەوە.

---

٥٣. مەبەستم ئەوە نییە، ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، هەموو ئەمە بریتی بوو لە تیۆرێکی نۆرێندار بۆ مادەی مێژوو وەکو هەمەکی. زۆرینەی هەرە زۆری توێژەرە مێژوونووسەکان کاریان لە سەر کێشەگەلی بچووکتر کرد، بە سڵەوە لە رووداوەکان قووڵدەبوونەوە و گەشەیان بە راڤەگەلی سنووردارەدا بۆ ئەو رووداوانە. دیدی تازەگەری کاریگەری لە سەر هەندێ لە گشتاندنە بچووکەکان هەبوو، بە نموونە خستنەڕووی راڤەکاریگەلێ کە تیایدا ئەو فاکتەرانە لەپێشتر دانران کە یارمەتی نوێکردنەوەیان دا، فاکتەرگەلێکی وەکو ژمارەی دانیشتوان و تەکنەلۆژیا و شتی لەو بابەتانە. هەندێ ناوچەی توێژینەوە هەبوون، کە ئاگادار ی مێژووی غەیری ئەوروپا نەبوون، ( روونتر هەروەکو دەیبینین لە توێژینەوەکانی مێژووی تەکنۆلۆژیی ئەوروپیدا) سەرچاوەیەکی گرنگ بوو بۆ هەڵەکردن. وێڕای ئەوە بۆچوونگەلی جۆراوجۆر هەبوون (وهێشتا هەن) لە بواری مێژووی پیشەیی جۆراوجۆر و گەورەدا، کەواتە ئەوە پرسێکە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت کە ماوەیەکی مێژوویی جوگرافیایی دیاریکراو وەسف بکەین، بەوەی تیۆرێکی دیاریکراو (یان «مۆدێلێک») تیایدا کاربەدەست بووە. پێموایە گرنگیپێدانم بە توێژینەوە تایبەتەکان بە کێشەی «پەرجووی ئەوروپی»، رەنگە بمگەیەنێت بەوەی بە توندی پێدابگرم لە سەر گرنگیی راوبۆچوونی نوێکردنەوە لە مێژوودا، بە شێوەیەکی هەمەکی. هەروەها پێویستە تێبینیی ئەوە بکەین نووسەرە گەورەکان لە سەر «کێشەی دیاریکراو لە راڤەکردنی رابوونی دانسقەی ئەوروپا، بریتی بوون لە مێژوونووسانی پسپۆر: مێژوونووسانی ئابووریناس، مێژوونووسانی کۆمەڵزان، و بەمجۆرە نەک تەنێ مێژوونووس.

پێڕەوی نوێکردنەوە کەوتە بەر ڕێژنەی پەلاماردان، چونکە هیچ ڕۆڵێکی بە ناوچە نائەوروپاییەکان نەدا، چ لە رابردوو و چ لە ئەمێستادا، جگە لە ڕۆڵی ئایندەی نێگەتیڤ بۆ بڵاوبوونەوە نەبێ کە لە ئەوروپاوە دێت. ئەم پێڕەوە ئیدعای ئەوە دەکات، پرۆسە گرنگەکانی گەشەسەندن لە ئەوروپای مەزندا، بەر لە ١٤٩٢ ڕوویانداوە. ماوەی نێوان ١٤٩٢ تا دووەمین جەنگی جیهانی ئیدعای بەردەوامیی پرۆسەکانی گەشەسەندن و نەشونماکردنی لە ئەوروپادا کرد و چۆن ئەوەی کە کۆلۆنیالیستی بوو بەری ئەم پێشکەوتنەی بەرەو ناوچە نائەوروپاییەکان برد. وەلێ سەبارەت بە ئەمێستا و ئایندە، ئەوا پێشکەوتن سەبارەت بە ناوچە نائەوروپاییەکان (جیهانی سێیەم) بە مانای داهێنانی بەردەوام بووە، لە ڕێگەی ئەو میکانیزمە میراتییانەوە کە لە سەردەمی کۆلۆنیالیستییەوە ماونەتەوە. ئەم گریمانانە لە نێوان بیریارانی جیهانی سێیەمدا برەویان پەیدا نەکرد، هەروەها ئەو گەشەسەندنە، لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە جیهانی سێیەمدا بەرودوایە، لە ماوەی دوای کۆلۆنیالیستیدا، بووە هۆی سەرهەڵدانی بیری ڕەخنەگرانە کە ئەم ئیدعایانە بەوەیشەوە کە لە مێژوویەکی نوێدا هەیە ڕەتدەداتەوە.

کێرڤی بنەڕەتیی فیکر بەمجۆرە پێشکەوت: سەبارەت بە ماوەی بەر لە کۆلۆنیالیستی شتێکی زەروری بوو، چیان بە بەری مێژووی هەر ناوچەیەکدا کرد، بۆ زانینی چۆنیەتیی بەشداریکردنی لە مێژووی جیهاندا وەکو کۆیەک (مێژووی کۆلۆنیالیستی، سەبارەت بە هەندێ ناوچە کۆلۆنیالەکان، مێژووی بەر لە کۆلۆنیالیستی وەلاوەنا، بەڵکە مێژووی هەندێکی دیکەی شێواند. بۆیە و هەرجارێ ئیمیلکار کابرال، بە گاڵتەئامێزییەکی زۆرەوە واتەنی. کاتێ

ناوچە کۆلۆنیالەکان سەربەخۆیی خۆیان دەستەبەر دەکەن، ئەوا کەرەتێکی دی دەچنەوە ناو مێژووەوە).[٥٤] وەلێ سەبارەت بە ماوەی کۆلۆنیالیستی، ئەو بۆچوونەی پێیوایە خودی کۆلۆنیالیزم سەرچاوەی هەر پێشکەوتنێک بووە، بە بۆچوونێکی راست و دروست دانانرێت، هەربۆیە پێویستە مێژوو بنووسرێتەوە، بۆ روونکردنەوەی ئەوەی چۆن کۆلۆنیالیستی هەژاری هێنا نەک پێشکەوتن. لە سەر ئاستی جیهاندا، هەردەبوا مۆدێلگەلی دی گەشە بکەن، بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن کۆلۆنیالیستی- دوور لە بیرۆکەی بڵاوبوونەوەی نوێکردنەوە لە کۆمەڵگە نائەوروپاییەکاندا- تێکەڵەیەکی لە داهێنانگەلی نوێ و خراپی بڵاوکردەوە کە لە گەلێ شوێنی جیهاندا، بووە هۆی پرۆسەی دواکەوتن نەک گەشەکردن.[٥٥] ئەم فیکرە دواتر لە ئەفەریقیا و ئاسیادا بە «تیۆری دواکەوتن» و لە ئەمەریکای لاتین بە «تیۆری پاشکۆیەتی» ناسرا. کە لە مێژووی سێنترالیزمی ئەوروپاییدا، یەکەمین رەخنەی جدی لێکەوتەوە.

دەتوانین کاریگەریی ئەم رەخنەیە لە نووسینە دەستپێکەکانی ژمارەیەکی کەم لە مێژوونووساندا ببینین، زۆربەیان لە دارودەستەی کۆلۆنیالیستین

54. Cabral، Unity and Struggle (1979).

٥٥. بیریارانی جیهانی سێیەم بەو ئاراستەیەدا چوون کە دوو باسوخواس پێشکەش بە ئەمێستا و ئاییندە بکەن. ئەوانەی پشتگیرییان لە بیرۆکەی شێوەی سەرمایەداری کرد بۆ گەشەکردن، گوتیان گەشەکردنی ئابووری پێویستە بەرگری لە سەرمایەداریی خۆماڵی تێدابێت بە رووی بڵاوبوونەوەکردنی وەرسکەر لە ئابووریی وڵاتدا، هەروەها دەبوا باڵادەستیی سیاسی و ئابووریی وڵاتان و کۆمپانیا ئەوروپییەکان رەتبکاتەوە. وەلێ سەبارەت بە سۆشیالیستەکان، ئەوا روون بوو کە پێویستە نۆرێنی ئابووری و سیاسیی سەرمایەداریی جیهانی رەتبکرێتەوە. هەردوو تاقمەکە گەیشتنە ئەوەی کە دەبێ بڕوایان بە، یان «تیۆری پاشکۆبوون» یان «تیۆری دواکەوتن» هەبێت کە بریتی بوو لە تیۆری مێژوو و تیۆری پرۆسە کۆمەڵایەتییە نوێباوەکان. کەمینەیەکی تا رادەیەک بچووک لە بیریارانی جیهانی سێیەم، گەلێ جار گوزارشیان لە بیرۆکە و گرنگیپێدانەکانی توێژە دەوڵەمەندەکان و باڵی راستڕەو دەکرد، هەروەها پێشوازییان لە نۆرێنی ئابووریی لەلایەن گرنگیپێدانەکانی سەرمایەداریی بیانییەوە دەکرد. چونکە توێژگەلێکی کۆمەڵایەتیی دەوڵەمەند کۆنترۆڵی زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەمیان کرد، بۆچوونی ئەم کەمینەیە گەلێ جار ئەو بوو، نەخشەی سیاسی دادەڕشت. هەروەها لە خولە ئەکادیمییەکان لە جیهانی یەکەمدا، ناوبانگی دەرکرد کە شایستەی بوو.

کە گەلێ جار لە تاراوگەدا دەیاننووسی و بابەتی سەرەکییان بریتی بوو لە پتەوکردنی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی کۆلۆنیالیستی، لە سەر شوێن و گەلێکی دیاریکراو. هەندێ لە نووسەران: دوبوا، بالم دیت، بایکار، روی، ڤان لۆر، چامز، جۆرج بادمورو ئیریک ویلیامز گەشەیان بە باسوخواسەکان دا، لە سەر پرۆسە کۆلۆنیالیستییەکان لە سەر ئاستی جیهان و لە سەر رۆڵی کۆلۆنیالیستی لە ماوەی دوای چاخەکانی ناڤین و رێنیسانسی نوێی سەرمایەداری و ئەوروپادا، چامز روونیکردەوە، کۆیلەکانی کەنداوی کاریبی رۆڵیان لە پێشکەوتنی سەرمایەداریدا هەبووە کە جیاواز نییە لەو رۆڵەی چینی کرێکار لە ئەوروپادا گێڕاویەتی. وەلێ کاری ویلیامز کاریگەریی بەهێزتری لە مێژووی سێنترالیزمی ئەوروپاییدا هەبوو. ئەوەبوو روونیکردەوە، سامان لە کۆیلایەتی و کشتوکاڵی بەرپا لە سەر کۆیلە، فاکتەری سەرەکی بوو، بۆ کەڵەکەبوونی ئەو سەرمایەدارییەی، بە رۆڵی خۆی رێگەی بۆ شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیادا خۆشکرد. ئەو باسوخواسە بریتی بوو لە خستنەڕووی یەکەم کە رۆڵی نێوەندی بۆ جیهانی نائەوروپایی رووندەکاتەوە، لە خودی پرۆسەی نوێکردنەوەدا و دواتر کارەکانی مێژوونووسە ئەوروپاییەکان بەلامانەوە کۆبوونەوە کە هەوڵ دەدەن پرۆسەی بەناوبانگ بە «پرۆسەی ویلیامز» جێبەجێ بکەن.[٥٦] لە سەروبەند و دوای ماوەی دژە کۆلۆنیالیستی، ئەم کارە مێژووییە گرنگانە فراوان بوون و ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران دەستیاندایە پەلاماردانی راستەوخۆ، بۆ سەر مێژووی تیۆری بڵاوبوونەوە لە ماوەی کۆلۆنیالیستیدا.

٥٦. بڕوانە:
James، A History of Pan-African Revolt (1938)، The Black Jacobins (1938) “The tlantic Slave Trade and Slavery” (1970)، Williams، Capitalism and Slavery (1970).

ئەم بابەتانە لە بەندی چوارەمدا باسدەکەین.

زۆربـەی ئـەم بابەتانـە لـە بەندەکانـی دواتـردا بـاس دەکەیـن. وەلـێ دەمەوێت لێـرەدا ژمارەیـەک لـە خاڵـە بەردەسـتەکییەکان، لـە سـەر ئـەم رەخنەیـە پێشـکەش بکـەم. یەکـەم: ژمارەیـەک لـە مێژوونووسـان لـە جیهانـی ئەوروپایـی (برنیـل، فرانـک، والرسـتاین و کەسـانی دی) هاتنـە پـاڵ مێژوونووسـانی جیهانـی سـێیەم، وەکـو کەسـێتیی نێوەنـدی لـەم بزاڤـەدا. دووەم: لـە کاتێکـدا رەخنەکـە بەشـێکی زۆری لـە گرنگیپێدانـی خـۆی لـە سـەر مـاوەی بـەر لـە ١٤٩٢ چڕکـردەوە و روونیانکـردەوە، گەشـەکردن لـە جیهانـی نائەوروپاییـدا روویـداوە، بـە نموونـە شـارما و حەبیـب بـە بەڵگـە، گەشـەکردنی کۆمەڵگـەی فیوداڵـی و دوای فیۆداڵییـان لـە هینـد، لـە سـەردەمی چاخەکانـی ناڤینـدا سـەلماند. لـە کاتێکـدا گرنگیپێدانێکـی ئەکادیمییانـەی کـەم لـە بـواری بزاڤـی رەخنەگرتنـدا، بـە ماوەیەکـی کەمـی بـەر لـە ١٤٩٢ لـە ئەوروپـا دەبینیـن. ئـەو کارە سـەرەکییەی لـە روانگـەی نائەوروپاییـەوە، مامەڵـەی لەتـەک ئـەم گرفتـەدا کـرد، بریتـی بـوو لـە «کەڵەکەبـوون لـە سـەر ئاسـتی جیهـان»ی ئەمیـن لـە کاردا کـە لـە ١٩٧٤دا پەخشـکرا.[٥٧] ئەمە بـە چەمکێـک دادەنرێـت، چونکـە ئـەم دوو مێژوونووسـە بەناوبانگـە، سـەر بـە جیهانـی سـێیەم بـوون و ئەوروپایـی نەبـوون، دواتـر مێژووی ئەوروپایـی گوێـی بـە گرنگیپێدانەکەیـان نـەدا. وێـڕای ئـەوە، ئەمـە بـە شـتێکی سـەیر دادەنرێـت. دیـارە جەوهـەری پرەنسـیپی نوێکردنـەوە لـە مێـژوودا، ئـەو ئیدعایـە بـوو کـە ئەوروپـا بـەر لـە هەرێمەکانـی دی، دەسـتی بـە نوێکردنـەوە کـرد و بـەر لـەوەی لـە رووی کۆڵنیالییـەوە دەسـت بـە سـەر هەرێمەکانـی دیکـەدا بگرێـت. بـۆ ئـەوەی ئـەم پرۆسـەیە پوچـەڵ بکەینـەوە، پێویسـتە (هەروەکـو چـۆن ئێسـتا لـەم کتێبـەدا هـەوڵ دەدەم) ئـەوە بخەینـە روو کـە ئەوروپـا بـەر لـە ١٤٩٢، تەنـێ نەبـوو لـە گەشـەکردنیدا. دیارە بەشـێ لـەم ئیدعایـە، روونکردنەوەی

57. Amin، Accumulation on a World Scale (1974) and later works. My articles "Geographic Models of Imperialism" (1970) and "Where was Capitalism born?' (1976).

ئەم دوو نووسینە، ئێسکە پەیکەرێکیان بۆ تیۆرێکی گشتی پێکهێنا.

ئـەوە لەخـۆ دەگرێـت کـە چـۆن هەرێمەکانـی دی گەشەسـەندوو بوونـە. وەلـێ پێویسـتە بەشێکیشـی بـاس لـە پوچەڵکردنـەوەی ئـەو گریمانانـە بـکات کـە لـە سـەر بیرۆکـەی «پەرجـوو» بونیاتنـراون کـە ئیدعـا دەکات، ئەوروپـا هـەر لـە دێر زەمانـەوە، یـان لـە چاخەکانـی ناڤینـی ئەوروپـاوە، مەیلێکـی پێشـکەوتنخوازانەی هەبـووە.

خۆلادانێکـی دیکـە هەیـە بـۆ راسـتی و دروسـتی لـە نەبوونـی گرنگیپێـدان بـە ئەوروپـا بـەر لـە ١٤٩٢، لەلایـەن مێژوونووسـانەوە، لـە ئاراسـتەی تەقلیدیـدا کـە تیـۆری دواکەوتــن یــان پاشــکۆبوون و رەخنــەی کۆلۆنیالیســتی پێکــەوە گـرێ دەدات. ئەویـش تایبەتـە بـە پێوەندیـی سـەرنجڕاکێش، لـە نێـوان بـواری توێژینــەوەی ئەکادیمــی لــە جیهانــی ســێیەم کــە لــە بنەڕەتــدا مارکســییانەیە و توێژینــەوەی ئەکادیمیــی مارکســی لــە ئەوروپــادا. مارکســییە ئەوروپاییــەکان لــە نێــوان رەخنەگــرە بنەڕەتییەکانــی کۆلۆنیالیســتی و لــە نێــوان بەشــداربووە ســەرەکییەکانی تیــۆری پاشــکۆیی- دواکەوتــن بــوون. هەروەهــا تیــۆری مارکســیزم هــەر لــە کۆنــەوە، شــەقڵێکی بەهێــزی دژ بــە کۆلۆنیالیــزم بەمیــرات بۆمایــەوە، بـۆ کۆلۆنیالیسـتی و گومانێکـی قـووڵ سـەبارەت بـەو تیۆرانـەی پێشکەشـکران، لەلایـەن مێژوونووسـانی تەوژمـی بـاو لـە ئەوروپـا لـە سـەدەی نۆزدەیەمدا.[٥٨] وەلـێ سـەیرە کـە زۆربـەی نووسـینی مێژوونووسـە مارکسـییە ئەوروپاییـەکان، لـە سـەر ئەوروپـای بـەر لـە ١٤٩٢، سـەرقاڵی باسـوخواس لـە بەرژەوەندیـی پرەنسـیپی تاقانەیـی ئەوروپـا بـوون.

مێژوونووسـە ئەوروپاییەکانـی تەوژمـی بـاو بەشـدارییان لە رەخنەی پرەنسـیپی بنەڕەتیـی سـێنترالیزمی ئەوروپاییـدا کـرد و ئەمـە سـەیر نەبـوو، چونکـە توێـژەرە ئەکادیمییـەکان هـەوڵ دەدەن، بـە دوای راسـتی و دروسـتیدا بگەڕێن و ئەگەر هاتو گونجـا و لەتـەک بۆچوونـە ئایدیۆلـۆژی یـان فەرهەنگییەکانیانـدا یەکیگرتەوە، ئەوا

٥٨. مامەڵە لەتەک ئەم بابەتەدا دەکەم لە: The National Question (1987b) دا.

قەبوڵی بکەن. ئەوان تا رادەیەک سەرکەوتوو دەبن. بۆیە دەبینین ژمارەیەک لە توێژەرە ئەکادیمییە ئەوروپاییەکان کە پسپۆڕن لە جیهانی نائەوروپاییدا، پەردەیان لە سەر هەندێ بەڵگەی گرنگ، دژی مۆدێلی سێنترالیزمی ئەوروپایی لە مێژووی جیهانی بەر لە ١٤٩٢دا، هەڵماڵی. کارەکەی مێژوونووسی هۆڵەندی ڤان لۆر لە سییەکانی ئەم سەدەیەدا، سەبارەت بە مێژووی باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، بە نموونەیەکی کلاسیکیی ئەم دژە سیستمە لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمیدا هەژمار دەکرێت.[٥٩] نموونەیەکی دیکەمان هەیە، سەبارەت بە مێژووی چین. بەر لە نیو سەدە دیڤنداک هەستا بە خستنەڕووی راستیگەلێکی گرنگ، سەبارەت بە گەشتە چینییە درێژخایەنەکان لە چاخەکانی ناڤیندا. بەمزوانە، نیدهام و یاریدەرەکانی زنجیرەیەک لە توێژینەوەیان لە سەر مێژووی زانستی چینی و تەکنۆلۆژیای چینی بەرهەمهێنا، کاریگەریی قووڵیان لە سەر مۆدێلی سێنترالیزمی ئەوروپایی هەیە (و هەروەکو لەمەودا دەیبینین)، مێژوونووسەکانی سێنترالیزمی ئەوروپاییان ناچارکرد، دەست لە بەشێکی زۆری ئیدعا تایبەتەکانی خۆیان هەڵبگرن، سەبارەت بە تەکنەلۆژیای ئەوروپایی لە چاخەکانی ناڤیندا. وەلێ توێژەرانی دیی وەکو ونیلی و ئیلڤن کە قووڵبوونەتەوە لە مێژووی هەستگەرایی چیندا، لەتەک ئاوڕنەدانەوە بۆ پرسیارە ئایدیۆلۆژییەکان، جۆرێکی دیکەیان لە بەڵگەکان، لە سەر مەیلی پێشکەوتنخوازانەی چین خستە روو، هەر لە دێر زەمانەوە و لە چاخەکانی ناڤیندا.[٦٠] هەموو ئەمانە تیۆری پەرجوو تێکدەشکێنن، وێڕای ئەوەی دواتر لەم بەندەدا دەبینین، چۆن مێژوونووسانی سێنترالیزمی ئەمەریکی چوندین رێگەیان بۆ راستکردنەوەی زۆربەی ئەم تێکشاندنە دۆزییەوە.

٥٩. بڕوانە:
Van Leuŕs 1934 essay "On Early Indonesian trade،" reprinted in his imdonesian Trade and Society (1955).

٦٠. بڕوانە:
Duyvendak، Ma Huan Re-examined (1933)، Needham and collaborators Science and Civilization in China، published in 6 volumes between 1965 and 1984، wheatly، The Golden Khersonese (1961) and The Pivot of the Four Quarters (1971)، Elvin، The Pattern of the Chinese Past (1973).

رەخنـە لـە مێـژووی سـێنترالیزمی ئەوروپایـی بـە بابەتێکـی گـەورە دادەنرێـت و ئامانجمـان لـەم بەشـە، کـە تەنـێ یـەک بەشـە، بریتییـە لـە رەخنـە لـە تیۆرەکانی پەرجـووی ئەوروپایـی لـە سـەر جیهـان بـەر لـە ١٤٩٢ و ئـەو تیۆرانەی پەیوەسـتن پێـوەی کـە مامەڵـە لەتـەک مێـژووی نوێـی جیهانـدا دەکـەن، لـە سـەر بنەمـای ئـەوەی جیهانـی نائەوروپایـی و کۆلۆنیالیسـتی، لـە پرۆسـەکانی گەشـەکردندا دوو پەراوێزبوونـە. رەخنـە لـەم بابەتانـەدا زۆر گەشـەیان نەکردبوو. چەنـد نموونەیەکی کـەم دەهێنمـەوە، بـۆ بەشـداریکردنگەلی نوێـی گرنـگ و هەندێکـی دی لـەم کتێبـەدا وەکو بەڵگـە دەیانهێنمـەوە. نوێترینـی کتێبەکانـی چانێـت ئەبولگد بـەر لـە نۆرێنـی ئەوروپایـی: سیسـتمی جیهـان لـە ١٢٥٠-١٣٥٠ی بـەر لـە زاییـن کـە لـە سـاڵی ١٩٨٩دا دەرچـووە، بـە توێژینەوەیەکـی گرنـگ دادەنرێـت (بـە شـێوەیەکی بنجبڕانـە پێموایـە) ئـەوە دەخاتـە روو کـە چـۆن ئەوروپـا چیتـر لـە ١٣٥٠ی بـەر لـە زایینـدا، لـە شارسـتانییەکانی دیکـە پێشـکەوتووتر و گەشەسـەندووتر نەبـووە. دوای پێشکەشـکردنی ئـەم پرۆسـەیە، ئەوبولگـد راڤەکردنێکـی بەشـەکی و سـەرەتایی بـۆ رێنیسانسـی دەسـتەبژێری و پێشـەنگیی ئەوروپـا و تێکشـکانی خۆرهەڵات دوای ١٣٥٠ی خسـتە روو. پێشـنیاز دەکات، لێکدوورکەوتنەوە لە نێوان ١٣٥٠ و ١٤٩٢دا رووی دا. (لـەم کتێبـەدا بـاس لـەوە دەکـەم، لێکدوورکەوتنـەوە تەنـێ دوای ١٤٩٢ رووی دا، لەتـەک سـەرەتاکانی کەڵەکەبوونـە گـەورەکان، لـە نیـوەی خۆرئـاوای گـۆی زەویـدا، ئـەم دەسـتەبەرکردنە کتوپـڕە، بـۆ شارسـتانییە نائەوروپاییـەکان لـە نیـوەی خۆرهەڵاتـی گـۆی زەوی نەگوازرایـەوە و دواتـر یەکـەم و بنجبڕتریـن تایبەتمەنـدی و لەپێشـتربوونی بـە سـەر شارسـتانییەکانی دیکـە، بـە ئەوروپاییـەکان بەخشـی. بڕوانـە بەنـدی چـوارەم). سـەمیر ئەمیـن لـە کارە نوێکانیـدا، بـاس لـەوە دەکات، ئەوروپـا لـە کۆتایـی سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، لـە ئەفەریقیـا و ئاسـیا پێشـکەوتووتر نەبـووە، وەلـێ ناسـەقامگیربووە، ئەویـش بـە

هـۆی پێگـە پەراوێزییەکەیـەوە، لـە سـەر لێـواری چێـوەی شارسـتانیی گـۆی زەویـدا. کۆمەڵگـە چینایەتییـەکان لـە چاخەکانـی ناڤیـن، لـە ئەوروپـادا بنگرتـوو و سـەقامگیر و بەهێـز نەبـوون، بەوجـۆرەی لـە شـوێنەکانی دیکـەدا وەهـا بـوو. دواتـر، ئەوروپـا لـە رووی سـەرمایەدارییەوە و بـە ئامادەگییەکـی زۆرتـرەوە، دەسـتی بـە گـۆڕان کرد.[٦١] وێـڕای ئـەوەی ئـەم باسوخواسـە، هیـچ سـیفەتێکی «پەرجوویـی» بـە ئەوروپـای بـەر لـە ١٤٩٢ نـادات، وەلـێ رێگـە بـە مانـەوەی یەکێـک لـە بیروباوەڕە کۆنـەکان دەدات، ئەویش ئەوەیـە کـە ئەوروپـا بـە درێژایی چاخەکانـی ناڤیـن، پتـر لەوانـی دی جووڵەکـی بـووە. کتێبـی نوێـی مارتیـن برنـال بـە نـاوی ئەسـینای رەش، پێوەندییەکـی سـادەی بـە بابەتـی ئـەم کتێبـە هەیـە و بـە باسوخواسـەکانی بـە کـردەوە پێکـەوە بـە یەکانگیـر لێکدەدرێنـەوە. برنـال روونـی دەکاتـەوە، چـۆن مێژوونووسـە ئەوروپاییـەکان ئـەو میسـۆلۆژیایەیان لـە سـەر ئەوروپـای کـۆن خوڵقانـدووە کـە بەپێـی ئـەوە، بنەمـاکان و داهێنانـە ئەفەریقیایـی و ئاسـیاییەکان لـە مێـژوو دوورخراونەتـەوە، وێـڕای ئـەوەی بـە نموونـە، ژنـە خواوەنـدی ئەسـینا ئەفەریقیایـی بـووە. کارەکـەی بیرنـار ئـەو تیۆرە باوانـەی لـە سـەر تاکانەیـی ئیدعاکـراو بـۆ ئەوروپـای کـۆن دەرخسـت و ئەمەیـش رەگوڕیشـاڵە نەژادییـە سـێنترالیزمییەکان و ئایدیۆلۆژیـی گەلـێ لـە توێژینـەوەی ئەکادیمیـی ئەوروپایـی دەردەخـات کـە بنەمـای مۆدێلـی تیـۆری کلاسـیکیی بڵاوبوونـەوە پێکدەهێنێت.[٦٢] وەلـێ کتێبـی «الاستشـراق» Orientalism ی ئیـدوارد سـەعید، ئـەو بەشـەی کـە لـە سـاڵی ١٩٧٩دا پەخشـکرا، بـە رەخنەیەکـی بنەڕەتـی بـۆ ئـەو پرۆسـەیە دادەنرێت کـە لـە رێگەیـەوە، سـێنترالیزمی ئەوروپایی و ئایدیۆلۆژیـی نەرێتپارێـز، بـە سـەر توێژینـەوەی ئەکادیمیـی ئەوروپایـی لـە سـەر

٦١. بڕوانە:
Amin، Unequal Development (1979)، Eurocentrism (1988)، “Colonialism and the Rise of Capitalism، A Comment” (1990).

٦٢. بڕوانە:
Bernal، Black Athena، vol. 1 (1987) and vol. 2 (1991).

خۆرهەڵاتی نزیک و ئاسیادا باڵادەست بوو و هەروەها گەلێ گرنگە کە پێوەندیی بەم باسوخواسەی ئەم کتێبەوە هەیە. دواتر ئاماژە بە کارگەلی دیکەی هاوشێوەی دەکەین.[٦٣]

## دژە رەخنە

بەم دواییە، نووسین بە لێشاو هەبوو لەو جۆرەی کە بە توندی بەرگری لە بۆچوونی سێنترالیزمی تەقلیدیی ئەورووپایی دەکەن، لەتەک پشتگیریکردنی ئەم نووسینانە، لە تیۆری پەرجووی ئەورووپایی لە هەندێ شێوە جۆراوجۆرەکانیدا. لەم بەندەدا باسی گەلێ لەم نووسینانە دەکەین. لە هەمان تەوژمی ئەم نووسینانەدا، دەبینین دژە هێرش هەیە بەرانبەر ئەو تیۆرانەی دیاریکراوترن، پرسیار سەبارەت راوبۆچوونە ئەورووپاییيە تەقلیدیەکان لە سەر کۆیلایەتی و کۆلۆنیالیستی و شتی لەو بابەتە دەکات (بڕوانە بە بەندی چوارەمدا) کە بریتین لەو راوبۆچوونانەی پێیانوایە ئەم کردە و رووداوانانە، لە پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا پەراوێزی و لاوەکی بوونە. هەروەها تیۆرگەلی نوێ پێشکەش و باس دەکەین (یان شێوەگەلی راستکەرەوەی تیۆرگەلی کۆن) لە سەر هۆکاری دیاریکراو، لە پشتی تاکانەیی ئەورووپا. هەست بەوە دەکەم، ئەمە بریتییە لە بزاڤێکی شرۆڤەکاریی ئەکادیمی کە لەتەک ئاراستە

---

٦٣. پێویستە لێرەدا ئاماژە بە کتێبی «ئەورووپا و گەلان بێ مێژوون»ی ئێریک وۆڵفقیساڵی ١٩٨٢ بکەین کە باسێکی سوودبەخش و گرنگ لە سەر مێژووی شارستانییە ئەورووپی و نا ئەورووپییەکان پێشکەش دەکات و ئەوە روون دەکاتەوە کە قەناعەت پێکەر نییە کە تیۆری ئەوەی شارستانییە نا ئەورووپیەکان لە رووی مێژووەوە چەقیو و گەشەنەکردوو بوونە (واتە ئەوانە «گەلانی بێ مێژوو بوون»). بەهەر حاڵ، وۆڵف بەر لەوەی پرسیار لە سەر بیروباوەڕی گرنگی سێنترالیزمی ئەورووپی بکات، بەوەی کە ئەورووپییەکان گەشەکردووتر بوونە لەوانی دی لە چەندین بواردا، هەڵوەستە دەکات کە بە گرنگ لێکدەدرێتەوە بۆ تیۆری «پەرجووی ئەورووپی» و بۆیە ئەو راستەوخۆ رووبەڕووی تیۆرەکە نابێتەوە. (پێویستە لێرەدا تێبیی ئەوە بکەین، چیتر زۆربەی مێژوونووەکانی تەوژمی باو باسوخواس ناکەن لە سەر ئەوەی شارستانییە نائەورووپییەکان وا لێکدەدرێتەوە یان ئەوەی گەشەکردوو نەبوونە واتە «نامێژوویی» بوونە و باس دەکەن لە سەر تێکڕا خاوەکان بۆ گۆڕینی ئەو «ئەستەنگانەی» لەمپەرن لە بەردەم گۆڕیندا و شتی لەو بابەتە. ئەوە بریتییە لە جیاوازی لە دەربڕین و هەمیشە جیاوازی لە باسوخواسدا نییە).

سیاسییەکاندا، سەبارەت بە جیهانی سێیەم کۆکبێت. بەهەر حاڵ، دەیەی هەشتاکان ژمارەیەکی لە نووسینەکانی لەم جۆرەی بەخۆوە بینی کە وا دیارە دژە هێرشێکی وشیارانەی دژی مێژووی رەخنەگرانە بەرجەستە دەکات کە پێشتر باسکرا.[٦٤]

هەندێ لە نووسەران لە کارە نوێکاندا، ئاگایانە سەرقاڵی وەها دژە هێرشێکن. هەندێکیان مارکسین و پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە ئەوە پرەنسیپی مارکسیی راست و دروست و بنەڕەتی و حەقیقییە کە دان بە لەپێشتربوونی ئەوروپا لە رابردوو و ئەمێستادا دەنێت. رۆبێرت بیرنەر بوێرانە باس دەکات کە سەرمایەداری بە هۆی ئەوروپاییەکانەوە، لە باکووری خۆرئاواوە داهێنرا، بێ یارمەتی کەس و بۆیە (دوای ٦٠٠ساڵ) پێویستە دان بە بەردەوامیی لەپێشتربوونی ئەوروپادا بنێین. ژمارەیەکی دی لە مارکسییەکانی

٦٤.بە کارێکی ترسناک دادەنرێت، هەوڵی ئەوە بدەین گۆڕانکارییە گەورەکان روون بکەینەوە، لەوەی کە باوە لەناو توێژینەوەی ئەکادیمی و بەتایبەتی کاتێ گۆڕانکارییەکان لە قۆناغی خەملیندابن، بۆیە ئەم راڤەکردنە ئەوە تێناپەڕێنێت کە مەزەنەکاری یان گریمانە بێت. هەڵوێستە ئەکادیمییەکان بەرانبەر بە جیهانی سێیەم، لە ماوەی رووبەڕووبوونەوە لەتەک کۆلۆنیالیستی و خەباتی مافی مەدەنیدا گەلێ پۆزێتیڤ بوون. دۆخەکە دوای کۆتایی حەفتاکان گۆڕانی بەسەرداهات. ئەو راوبۆچوونانە تۆکمەتر بوون کە نەرێپارێزتر بوون لە جیهانی رۆژئاوادا و ئەستەنگگەلی چاوەڕواننەکراو سەریانهەڵدا، لە خودی جیهانی سێیەمدا: ململانێ نەتەوەییەکان و شکستی بەرنامەکانی گەشەپێدان و شتی دی. توێژینەوەی ئەکادیمیی رۆژئاوایی لە راوبۆچوونی کۆنباوی ئەورووپی و پێوەندیی بەوانی دیکەوە بێ بەری نەبوو، بە راوبۆچوونی تیۆری بڵاوبوونەوەکردن لە کۆلۆنیالیستیدا و دەردەکەوێت ئەم مۆدێلە کۆنە هەرگیز وەلاوە نەنرا، بەڵکە کەرەتێکی دی باڵادەست بووەوە. توێژەرە ئەکادیمییەکان تیۆری پاشکۆیەتی و راوبۆچوونە لێکچووەکانیان وەلاوە نا. وەلێ سەبارەت بە مارکسییەکان، پرۆسەکە دراماتیکییانەتر بوو، چونکە چاوەڕوانکراو نەبوو. بە کورتی، مارکسییەکان لە هەوادارانی سێنترالیزمی ئەورووپی رۆڵی جیهانی سێیەمیان وەلاوە نا، و ئێستا بوون بە تاکە مارکسییەکان لە جیهانی ئەکادیمیدا کە راوبۆچوونێک دەردەبڕن لە سەر پرسگەلێ تایبەت بە جیهانی سێیەم. ئەوە بووە بە شتێکی باو کەرەتێکی دی جەخت بکرێتەوە، لە سەر ئەوەی رەنگە چینی کرێکار لە وڵاتە سەرمایەدارییە گەشەسەندووەکاندا بە سۆشیالیستی بگەن، ئەویش لەبەر ئەوەی هەر قۆناغێک لە مێژوو لەم بەشە لە جیهان (ناوەوە) دەست پێدەکات، بەر لەوەی بە هەموو جیهان ()دەرەوە)دا بڵاوببێتەوە. لە بلۆکی نەرێتپارێزدا راوبۆچوونەکانی سێنترالیزمی ئەورووپی تەنێ دەسەڵاتی خۆی بەدەست نەهێنایەوە، بەڵکە ئێستا ئەوە چرپە بەر گوێمان دەکەوێت، لە سەر راوبۆچوونگەلێ کە دوورنین لە نەژادپەرستییەوە: راوبۆچوونگەلێ لە سەر ئەوەی گەلانی جیهانی سێیەم دەرەتانی گەشەکردنیان نییە.

وەکو بیری ئەندرسۆن و بیل وارون هەڵوێستی لێکچووی ئەمەیان هەیە.[٦٥] لە نێوان تەوژمە باوەکەی مێژوونووساندا دەبینین، دراماتیکیترینی رووداوەکان بریتییە لە سەرهەڵدانی کتێبی پەرجووی ئەوروپایی لە ساڵی ١٩٨١ی ئیریک جۆنز. ئەم کتێبە بە گێڕانەوەیەکی نائاسایی، بۆ بڕەبەشێکی گەورە لە بیرۆکەکانی سەردەمی کۆلۆنیالی دادەنرێت، لە سەر لەپێشتربوونی ئەوروپا و دواکەوتن و هەژاریی نائەوروپا بۆ نەشونماکردن. ئەوەی پتر نائاساییە، بریتییە لە پێشوازیی پۆزێتیڤی گەلێ لە توێژەرە ئەکادیمییەکان لەم کتێبە، وەکو ئەوەی بڵێی ماوەیەکی تولانی بێت، ئەم پرەنسیپە کۆنانە باتڵبوونیان نەسەلمێنرابێت.

ئێستا بزاڤێک هەیە بڕوای بە هەوڵی دۆزینەوەی سیفەتگەلێکە کە لە فەرهەنگی کۆنی ئەوروپایی و لە چاخەکانی ناڤیندا بوونیان هەبووە و لە فەرهەنگەکانی دیکەدا بوونیان نەبووە و بە هۆکارگەلێکیان بۆ گەشەکردنی ئەوروپا دادەنێت. سیفەتگەلێ لە خێزانی ئەوروپایی و سیستمی سیاسیی ئەوروپایی و ئەقڵی ئەوروپایی و لەم جۆرە بابەتانە. ئەم بزاڤە بە چالاکیی ژیان دەبووژێتەوە، بە راوبۆچوونەکانی ماکس ڤیبەر لە سەرووی سەدەکەوە لە سەر "نەشونمای" ئیدعاکراوی ئەوروپا و شتی دی. بە راستی زۆربەی (و نەک هەموو) ئەو توێژەرانە دەکرێ بە "ڤیبەرییەکان" ناوببەین، بە دانەپاڵییان بۆ "ڤیبەر" و گەلێکیان بەم رێگەیە خۆیان دەناسێنن، لەوانە، مایکڵ مان و جۆن هۆل. دواتر لە بەشی دووەمی ئەم بەندەدا، باسی راوبۆچوونەکانی ڤیبەر دەکەم و هەوڵ دەدەم راوبۆچوونە نوێیە گرنگەکان

---

٦٥. بڕوانە:
Brenner، "The Origins of Capitalist Development: A Critique of Neo-Smithian Marxism" (1977)، "Agrarian class structures and economic development in preindustrial Europe" (1985)، "The Agrarian roots of European capitalism" (1985b)، Anderson، Passages from Antiquity to Feudalism (1974)، Lineages of the Absolute State (1974)، Warren، Imperialism: Pioneer of Capitalism (1980).

پوختــه بکـەم کـه بانگەشـه بـۆ پـەرجـووی ئەوروپاییـی بـەر لـه ١٤٩٢ دەکـەن و هــەوڵ دەدەم هەڵەبوونــی ئــەم راوبۆچوونانــه روون بکەمــەوە.

## میسۆلۆژیا

میسـۆلۆژیای پـەرجـووی ئەوروپایـی چـەق لـه سـەر بیرۆکـەی ئـەوە دەبەسـتێت کــه رێنیسانســی ئەوروپایــی لــه هێزگەلــی مێژووییــەوە بەرهەمهاتــووە کــه لــه نــاو خــودی ئەوروپــادا پێکهاتــووە. هەروەهــا رێنیسانســی ئەوروپــا بــه ســەر شارسـتانییەکانی دیکـەدا لـه رووی ئاسـتی پێشـکەوتن یـان تێکڕاکـەی یاخـود هەردووکیانـەوە پێکـەوە، بـەر لـه سـپێدەی چاخـی نوێ، بـەر لـه ١٤٩٢ دەسـتی پێکـردووە. واتـه تازەگـەری لـه ئەوروپـا دوای ١٤٩٢ رووی دا، بـه هـۆی ئـەم هێزە ناوەکییـه کۆنانـەوە، نـەک بـه هـۆی هاتنـی بەلێشـاوی سـامان و داهێنانـەکان لـه جیهانـی نائەوروپاییـیـەوە. وێـڕای ئـەوەی مێـژووی دوای ١٤٩٢، سـەبارەت بـه جیهانـی نائەوروپایـی (کۆلۆنیـال) لـه سـەر بنەمـای هاتنـی بەلێشـاوی تازەگـەری لـه ئەوروپـاوە بونیاتنرابـوو. دیـارە جەوهـەری ئـەم میسـۆلۆژیایە، بریتییـه لـه کۆمەڵـێ لـه ئیدعـا، لـه سـەر ئەوروپـای کـۆن و ئەوروپـا لـه چاخەکانـی ناڤینـدا کـه لـه ئیدعـای ئـەوەی ئەوروپـا لـه ١٤٩٢دا تازەگەرتـر بـووە، یـان ئـەوەی بـه شـێوەیەکی خێراتـر لـه پاشـماوەکەی دیکـەی جیهـان پێشـدەکەوت پوختـه دەبنـەوە.

ئەمـه بـه واتـا تەقلیدیـی وشـەکه بـه میسـۆلۆژیای دادەنرێت: ئـەوە داسـتانی رێنیسانسـی فەرهەنگێکـه رۆڵەکانـی بڕوایـان پێـی هەیـه. هەروەهـا بریتییـه لـه پڕوپووچییـەک بونیاتنـراو لـه سـەر بیرۆکەیەکـی هەڵـه. لـه باسـی داهاتـوودا، تانوپـۆی ئـەم میسـۆلۆژیایه شـرۆڤه دەکـەم و روونـی دەکەمـەوە، چـۆن ئـەو تاڵـه دەزوانـەی پێکیدەهێنـن یەجـگار لاوازن. بـه دڵنیاییـەوە، دەزانـم ژمـارەی

دۆزەکانی بیروباوەڕەکان کە ئەم میسۆلۆژیایە پێکدەهێنن لە هەژمار نایەن.
یەکێک لە هۆکارە زۆرەکان بۆ سەلماندنی ئەم میسۆلۆژیایە و تۆکمەبوونی بریتییە، لەوەی کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە بیروباوەڕی تاکەوانی، هەنە پشتگیری لێدەکەن و ئەوەی کە مێژوونووسانی سەردەمێکی دیاریکراو دەتوانن باتڵبوونی چەند لایەنێکی بسەلمێنن. وێڕای ئەوە، لایەنگرانی ئەم میسۆلۆژیایە ئاوەڕ لەو لایەنانە نادەنەوە، بەڵکە ئاوەڕ لە بیروباوەرگەلێکی دیکە بۆ چەسپاندنی دەدەنەوە.

کێشەیەکی سەرەکیی دی هەیە، تایبەتە بەو شێوازەی لە ڕێگەیەوە مۆڵەتی کۆمەڵایەتی بە بیروباوەڕەکان دەدرێت. چونکە لە حاڵەتی پشتگیریکردنی میسۆلۆژیایەکەدا، ئەو بیروباوەڕانە پەسەند دەکرێن، وەلێ ئەگەر پشتگیری نەکەن، ئەوا ڕەتدەکرێنەوە و ڕێگەیان لێدەگیرێت. بەشێک لە کێشەی پێدانی مۆڵەت بە بیروباوەڕ (یان پێدانەوە یاخود وەرگرتنەوەی مۆڵەت و...هتد) لەمپەرێکی ترسناک دەخاتە بەردەم هەوڵەکانی ڕەخنە لە تیۆری پەرجووەکە. گەلێ لە بیروباوەڕانەی پشتگیری لەم تیۆرە دەکەن بە نادیار و ناڕوون دادەنرێن، واتە ناچنە ناو چێوەی ڕەوتی ئەکادیمیی مێژوونووسانەوە و هەندێ جار بە شێوەیەکی گشتی، ناچنە ناو ڕەوتی هۆشیاریشەوە. ( ئەو باسە وەبیری خۆتدا بهێنەوە، لە سەر بیروباوەڕە نادیار و ناوەڕۆکییەکان، لە بەندی یەکەمدا). هەر لە منداڵییەوە شتی زۆر لەم بیروباوەڕانەوە فێر دەبین. هەندێکی دیکەیان، سەرەتا بە «بەجێ» دەردەکەون، چونکە لەتەک بەها قووڵەکانی فەرهەنگ، یان لەتەک بیروباوەڕگەلی دیی پەسەندکراو (مێژوویی، پرۆسەیی، ئایینی و شتی لەم بابەتانە) دا گونجاو دەبن. بۆیە قەناعەتی تەواو بەوەی ئەورووپای کۆن و ئەورووپای چاخەکانی ناڤین پێشکەوتووتر بوونە لە شارستانییەکانی دی، ئەمە بە بیروباوەڕگەلی روون پاڵپشتیکراوە کە

بە ریزکراوی لەتەک بیروباوەڕە ناوەڕۆکی و نادیارەکاندا بوونیان هەیە- گەلێ جار تێبینی ناکرێت و پرسیار لەو بارەوە لە سەریان ناکرێت- بەتایبەتی لەلایەن ئەوروپاییە پێشکەوتنخوازەکانەوە «ئەوانەی پێشینانی ئێمە بوون». بە پێچەوانەوە ریزکراوەکانی بیروباوەڕە ناوەڕۆکی و نادیارەکان لە سەر ناوچە نائەوروپاییەکان، لە سەر بیرۆکەگەلی وەکو نامۆیی و وەحشیگەری و توندوتیژی و خواردنی گۆشتی مرۆڤ و گزی و دەبەنگی و چاوبرسێتی و تەماح و بێزراوی و چڵکنی و نەخۆشی و...هتد، لەخۆ دەگرێت. هەر ئەو ریزکراوەیشە، پشتی بیروباوەڕی گشتی دەگرێت، گوایە جیهانی نائەوروپایی نەیتوانیوە جگە لەوەی دواکەوتووبێت، ببێت بە شتێکی دی. تا بڕۆینە پێشەوە، نموونەی ئەم جۆرانە لە بیروباوەڕە ناوەڕۆکی و نادیارەکان، بە هەر دوو شێوەی پۆزێتیڤ و نێگەتیڤ، پتر دەردەکەون.

لێرەدا هەرگیز بە درێژی باسی یەک جۆر لە بیروباوەڕە روونەکان، لە سەر تایبەتمەندی و جیاوازیی ئەوروپا ناکەین. ئەویش بریتییە لە وتاری ئاییني روون و راشکاوانەی بەرپا لە سەر بنەمای بڕوا، بەوەی خودایەکی مەسیحیی هەیە، گەلەکەی بە سەر گەلانی دیکەدا باڵادەست بکات. وێڕای ئەوەی ئێمە لە چەندین راستادا ئاماژە بەمە دەکەین، وەلێ ئەوە بریتی نییە لەو باسوخواسانەی کە دەکرێ بخرێنە ژێر شرۆڤەکردن و رەخنەوە، چونکە لە سەر بڕوا بونیاتنراون، ناکرێ بە شێوەیەکی هەستگەرایی تاقیبکرێنەوە کە هەندێ بڕوایان پێدەکەن و لە کاتێکدا هەندێکی بڕوای پێناکەن و ئەمەیە ئەوپەڕی ئەو رادەیەی دەکرێ لەم بارەوە پێیبگەین. بەوەوە دەوەستین کە بڵێین ئێستا باسوخواسی ئاییني تا رادەیەک تا سەدەی نۆزدەیەم، لە سەر ئاستی جیهان پەسەندکراو بوو، تەنانەت باسوخواسەکانی دی سەبارەت بە بیریارە ئەوروپاییەکان زەروری نەبوونە. بەڕاستی بۆچی دەربارەی هۆکارەکانی

تایبەتمەندی و جیاوازیی ئەوروپاییە مەسیحییەکان دەپرسین، لە کاتێکدا دەزانین بێ بڕواکان ناچنە بەهەشتەوە، هەروەها لە ژیانی ئەمدنیایشدا، لە خێروبێری خودا بێ بەری دەبن؟ شتێکی ئاساییە وەسفی بێ بڕواکان بکەین، بەوەی ئاستی زیرەکییان کەمترە و شانسیان کەمترە و لەم جۆرە شتانە. مادامێک توێژەرە ئەکادیمییەکان و خوێندەواران لە ناو خەڵکدا، بڕوایان بەوە هەیە کە ئایین بنەمای هەموو شتەکان بە زانستیشەوە پێکیاندەهێنێت و دیارە خودا بۆ بڕیاردان لە سەر کاروبارە مرۆییەکان دێتە ناوەوە، ئیتر بە ئاسانی دەتوانین گریمانی ئەوە بکەین، ئەوروپاییەکان جیاوازن، چونکە ئەمە ویستی خوداوەندە. دیارە ناتوانین چاوەڕوانی ئەوەبین خودای مەسیحایەتی بۆ مەسیحییەکان و بە دیاریکراوی بۆ ئەو مەسیحییانەی دەکات کە بە ڕێگەیەکی ڕاست و دروست دەیپەرستن. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا، کاتێ تیۆری بڵاوبوونەوەی سێنترالیزمی ئەوروپایی لەوپەڕی باڵادەستیی خۆیدابوو، ئەوروپاییەکان گومانیان لە جیاوازیی خۆیان لەوانی دی نەبوو، وێڕای ئەوەی باسوخواسە روون و ڕاشکاوە ئایینییەکان، لە ڕەوتی توێژینەوەی ئەکادیمیدا بەرەو نەمان دەچوون، هێشتا بە شێوازە نادیار و ناوەڕۆکییەکەی وەکو بیروباوەڕی ناوەڕۆکی مابوون. پێموایە بەشی زۆر لە باسوخواسەکانی جیاوازیی ئەوروپاییەکان لە سەر بنەمای بڕوای ئایینی بەرپابوون. ئەگەر ژینگەی ئەوروپایی جیاواز بوو، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە خودا وایلێکردووە. ئەگەر نەژادی سپیپێست جیاوازە، ئەو لەبەر ئەوەیە کە خودا وای ئەفراندووە. ئەگەر ئەوروپاییەکان گەشەکردووترن پتر لەوانی دی، لەتەک نەبوونی ڕاڤەکردنێکی روون بۆ ئەوە، دەتوانین بەو دەرەنجامە بگەین کە ئەمە دەستکردی خودایە و شتی لەم جۆرە شتانە. نازانم تا چ ڕادەیەک هێشتا ئەمجۆرە لە پاڕانەوەی ناوەڕۆکی و نادیار لە خوداوەند-

وەلێ بە شێوەیەکی نادیار و ناوەڕۆکی – لە رامانی توێژەرە هاوچەرخەکانی سێنترالیزمی ئەوروپاییدا بوونی هەیە، وەلێ من دڵنیام لەوەی گەلێ جار وایە. لە کاتێکی دیکەدا، باس لە بیرۆکەکانی نوێژەرانی وەکو (لین وایتی کوڕ و ڤێرنەر) دەکەین کە بە روونی راوبۆچوونەکانیان لە سەر مێژوو و بیروباوەڕە ئایینییەکانیان پێکەوە گرێدەدەن. هەروەها ئاراستەی باسوخواسە سەدەمکارییەکان، بەلای ئەو بیریارانەوە دەبینین، وەلێ هەرگیز تۆمەتبار ناکرێن. هەندێ جار توێژەرێکی ئەکادیمی ئەم باسوخواسە دەخاتە روو، وەلێ بێ ئاگایانە و بە شێوەیەکی ناوەڕۆکی و نادیار. ئەو حاڵەتانەی بەڕاستی نیگەرانکەرن، ئەوانەن کە ریاکارییەکی بەئاگا و بەئەنقەست دەردەبڕن.

## بایۆلۆژیا

لە بنەڕەتدا دوو جۆر بەڵگەمان بەدەستەوەیە، بۆ راڤەکردنی تاکانەیی و جیاوازیی ئەوروپا و ئەوروپاییەکان بەکار دەبرێن. جۆرێک پشت بە هێزێک یان فاکتەرێکی نافەرهەنگی دەبەستێت، بەوەی بریتییە لە هۆکاریی سەرەکی و دووەمیان ئەم هۆکارە لە خودی فەرهەنگەکەدا دەبینێتەوە. ئەگەر پرەنسیپی خۆتێقورتانی خوداوەندی وەلاوە بنێین (ئەوەی کە دەکرێ بە شێوەیەکی گشتی بیری لێبکەینەوە، بەوەی بریتییە لە هۆکارێک لە دەرەوەی فەرهەنگی مرۆییدا، سەرەڕای ئەوەی ئەم خاڵە لە رووی لاهوتییەوە)، دوو جۆر لە سەدەمکاریی دەرەکیی نافەرهەنگی دەبینین کە زیاتر باون. یەکەمیان بریتییە لە پێکهاتەی بایۆلۆژیی مرۆڤ و دووەم بریتییە لە ژینگەی سرووشتی.

# وەچە

ئیدعـا بایۆلۆژییـەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی جەخـت لـەوە دەکەنـەوە، ئەوروپاییـەکان لـە رووی بایۆلۆژییـەوە لەوانـی دی جیـاوازن. نەژادگەریـی بایۆلـۆژی بریتییـە لـە شـێوەی تەقلیـدی و شـێوازیی ئـەم ئیدعایـە. دیـارە ئـەوە بیرۆکـەی ئەوەیـە کـە ئەوروپاییـەکان سـیفەتگەلی بۆماوەیـی تایبەتیـان هەیـە و دواتـر بـە توانسـتگەلی گەورەتـر لەوانـەی لای ئەوانـی دی هەیـە لەدایکبوونـە. ئەوروپاییـەکان زیرەکتـر و باشـتر و بوێرتـرن لەوانـی دی، بـە هـۆی سـیفەتگەلە بۆماوەییەکانیانـەوە و بـە شـێوەیەکی گشـتی، ئـەو وەسـفکردنە شـرۆڤەکارییەی بەکارهاتـووە، بریتـی نەبـووە لـە «ئەوروپاییـەکان»، وەلـێ لـە «ئەندامانـی وەچـەی سـپیپێسـت» پێکهاتـووە، کەچـی جیاوازیـی لـە نێوانیانـدا گەلـێ گرنـگ نەبـووە. وەلـێ ئـەو نائەوروپاییانـەی پۆلێـن دەکـران، بـەوەی ئەندامـی وەچـەی سـپیپێسـتن (کـە وا ناودەبرێـن)، وێـڕای ئەمـە پلەیـان نزمتـر بـووە، لەبـەر ئـەوەی سـەر بـە وەچەگەلـی لاوەکیـن کـە لـە پلـەی دووەمـدان. هەنـدێ جـار، خـودی ئەوروپاییـەکان دابەشـدەبوون بەسـەر ئـەوەی جیـاواز بێـت و ئـەوەی لـە پلەیەکـی کەمتـردا بێـت، چونکـە ئەوانـە وەچـەی لاوەکـی بوونـە. لـە سـەرەتاکانی سـەدەی نۆزدەیەمـدا، ئـەوەی زانراوبـوو ئەوەبـوو، سـپیپێسـتەکان پێکهاتـوون لـە هەمـان جـۆرە بایۆلۆژییەکانـی وەچەکانـی دی. تیـۆری «فرەیـی بۆماوەیـی» ئیدعـا دەکات کـە بەڵگـەی هەیـە، هەندێکیـان زانسـتی و هەندێکیـان بەڵگـەی ئایینـی تایبـەت بـە ئینجیلن.[٦٦] گرنگییـە بنەڕەتییەکـەی خـۆی لـە بەکارهێنانیـدا، وەکـو نەرمەقووتکردنێـک بـۆ کۆیلایەتـی دەبینێتـەوە: ئەگـەر ئەفەریقیاییـەکان مـرۆڤ نەبـوون بـە مانـا راسـتەقینەکەی، ئـەی بۆچـی بەکۆیلەکردنیـان بـە کارێکـی شـەڕەنگێز دادەنرێـت. ئـەم تیـۆرە لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا بـەرەو ئاوابـوون

٦٦. بڕوانە بەندی دووەم، دووەم تێبینی.

ڕۆیشت، ئەویش لەبەر ئەوەی خراپەی بەرانبەر بیری نوێی لیبرالی دەکرد کە دژی کۆیلایەتی بوو. ئەوەی شوێنی گرتەوە لەو باشتر نەبوو. بریتییە لەو پرەنسیپەی بە نەژادپەرستیی تەقلیدی ناویدەبەین. ئەمەیش بریتییە لە بڕوابوون بەوەی وەچە مرۆییە جۆراوجۆرەکان، بەهرەی جۆراوجۆریان هەیە. ڕێک وەکو جیاوازییەکانی نێوان وەچە جۆراوجۆرەکانی ئاژەڵە ماڵییەکان- جیاوازی لە زیرەکی و دڕندەیی و بوێری و ئەو جۆرە شتانە- ئەم بەهرە جیاوازانە، بە دەرەنجامی بۆماوەیی بایۆلۆژی دادەنرێن. هەبوون ئیدعای ئەوەیان دەکرد، ئەفەریقیاییەکان زیرەکییەکی کەمتر لە ئەوروپاییەکانیان پێ بەخشراوە، بۆیە شتێکی سرووشتی و مۆرالی بوو لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە، هەستن بە داگیرکردنی ئەفەریقیا و ئەوان لە بری ئەفەریقیاییەکان کە توانستی خۆڕسکییان نییە بڕیار بدەن، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانە بدەن بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان. یان لەبەر ئەوەی زیرەکییان کەمتر بووە لە ئەوروپاییەکان، ئەمەیش بوونی ماوەیەک بۆ سەرپەرشتیکردنیان لەلایەن ئەوروپاییەکانەوە دەسەپێنێت کە ئەمەیش زەروری بووە، بۆ ئەوەی ئەو ئەفەریقیاییانەی رامانیان خاوە، فێری ئەوە ببن چۆن خۆیان بەڕێوەببەن. بە کورتی، ئەرکی سەرەکیی نەژادپەرستی بریتی بوو لە پاساو بۆ کۆلۆنیالیست و گشت جۆرەکانی چەوساندنەوەی دیکە کە بە سەر نائەوروپاییەکاندا پیادەکراوە، بەوانەیشەوە کە سەر بە توێژەکانی کەمایەتییەکان بوون لە وڵاتانی وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

بەنزیکبوونەوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، نەژادپەرستی خەرمانەیەکی نیمچە زانستی بۆ حەقیقەتی رواڵەتی دەستەبەر کرد. زانیاران ئیدعای ئەوەیان کرد، بەڵگەی زۆریان بەدەستەوەیە کە نەژادەکان بەتایبەتی لە رووی پلەی زیرەکییەوە جیاوازن. هەروەها ئێستا بە یاسا بۆماوەییەکانی

مەندل چەکداربوونە، بۆیە کارێکی بەجێیە، سەبارەت بەو زانیارانەی خۆیان نەژادپەرست بوون، جەخت لەوە بکەنەوە کە لە سەر راستی و دروستیی تیۆرەکانی نەژادپەرستی بەڵگەیان هەیە کە بڕوایان پێیان هەبوو. پەردە لە سەر ئەم بەڵگە ئیدعاکراوانە هەڵماڵرا، بەوەی لە پرۆسەیەکی لەسەرخۆدا نیمچە زانستین، تا دووەمین جەنگی جیهانی بەردەوام بوو. بەڕاستی، تا ئەمڕۆ هێشتا هەندێ لەوانە دەبینین کە بە «زانیارە نەژادپەرستەکان» ناودەبرێن. ئەوەی پێویستمانە تێبینی بکەین لە سەر نەژادپەرستیی زانستی، ئەوەیە کە رێگەیەکی نوێی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ شتێک فەراهەمکرد کە ئەورووپاییەکان پێیانوایە لە گشت جیهاندا راست و دروستە. ئەمە لەلایەکەوە ئەوە دەگەیەنێت کە زۆر یارمەتیی چڕکردنەوەی نەژادپەرستی نەداوە کە لە راستیدا لەتەک سەرەتای سەدەدا، گەیشتە لووتکەی گرنگیی ئەکادیمییانە و فیکرییانە، ئەویش لە بەر چەند هۆیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە گەورەبوونی گرنگیی کۆلۆنیالیستی. لەلایەکی دیکەوە، باتڵبوونی نەژادپەرستیی زانستی تایبەت نەبوو بە ئاوابوونی جەماوەریی نەژادپەرستی لەم سەدەیەدا. نەژادپەرستی لە رەگوڕیشاڵی بەر لە زانستییەوە سەرچاوە دەگرێت و توانی بۆ ماوەیەکی تولانی بمێنێتەوە، چونکە چ بە پشتگیریی زانست یان بێ پشتگیریی زانست سوودبەخش بووە.

ئەمە وامان لێناکات، نکوڵی لەوە بکەین کە چۆن نەژادپەرستیی زانستی پاڵنەرێکی بەهێزی بە بیروباوەڕە نەژادپەرستییەکان لە کۆمەڵگەدا بەخشی. هەرچی زانستیشە پێگەیەکی مەزن و نۆرێنێکی تیایدا دەستەبەرکرد کە بەڵگە زانستییەکان ئاستێکی گەورەیان لە گرنگی هەبوو.[٦٧] بە رێگەگەلی تایبەت

٦٧. بڕوانە:
Bowler، The Invention of Progress (1989)، Harris، The Rise of Anthropological Theory (1968)، Gossett، Race: The History of an Idea in America (1963)، Jackson، Rac and Racism: Essays in Social Geography (1987)، Stocking. Race، Culture، and Evolution (1968)، Trigger، A History of Archeological Thought (1989).

یارمەتیی زۆری نەژادپەرستیی زانستی دا. لێرەدا نموونەیەکی گرنگمان هەیە، تایبەتە بە جیاوازی و ناکۆکییە گریمانەییەکانەوە لە بەهرەکاندا، لە نێوان نەژادە لاوەکییە گریمانەییەکانیشەوە، لە ناو ئەوەدا کە پێیدەڵێین نەژادی سپی. ئاراستەکانی دوژمنکاری بۆ سامی، لە پاڵ ئەو دوژمنکارییەی بۆ ئیسلام هەیە و ئەوەی تایبەتە بە کۆلۆنیالیستی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بووە هۆی فرەبوونی ژمارەی تیۆرەکان، لە سەر کەمیی نەژادی لاوەکی کە بە «سامی» ناودەبرێت (دیارە «سامی» ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی بە زمانێکی سامیی وەکو عیبری یان عەرەبی ئاخاوتن بکات). ئەم بنەما نەژادپەرستییە بۆ دوژمنایەتیکردنی سامیزم، بۆ باسوخواسە گشتییەکان لە سەر جیاوازیی ئەوروپاییەکان لە مێژوودا، لەوانی دی لە غەیری ئەوروپاییەکان گەلێ گرنگە.[٦٨] گەلانی سامی بەوە ناسراون کە سەر بە نەژادی سپیین. ئێستا دەکرێ ئیدعای ئەوە بکرێت کە تەنێ ئەوروپاییەکان سەر بە نەژادی لاوەکیی راستەقینە و جیاواز و تایبەتی سپیپێست بن. سامییەکان بە پلەیەکی کەمتر. هەروەها گەلانی ناسامی لە خۆرئاوای ئاسیا (ئێرانییەکان و تورکەکان و...هتد). هەروەها لە هەڵوێستگەلی دیاریکراودا، ئیدعای ئەوە دەکرا کە نەژادپەرستیی زانستی، کەمیی ئەوروپاییەکان لە ناوچە خۆرهەڵاتییەکان یان باشوورییەکاندای سەلماند، وەچەی باکووری بەریتانی و ئەڵەمانی پتر جیاواز و تایبەتن، وەک لە ئیتاڵی و سلاڤی و ئەوانی دی. نموونەیەکی بەناوبانگ لە سەر ئەم جۆرە لە ئیدعایانە هەیە، ئەویش بریتییە لە زنجیرەیەک گەوایی نیمچە زانستی کە پێشکەش بە کۆنگرێسی ئەمەریکی کران، لە کاتێکدا تیایندا باس لە یەکەمین یاسا گرنگەکان دەکرا کە تایبەت بوون بە کۆچکردن لە بیستەکاندا. ئەوەبوو زانیاران لە بەردەم کۆنگرێسدا، جەختیان دەکرد لەوەی ئەوروپاییە باشوورییەکان خەڵکانێک بوون کە شارستانییەکی

٦٨.. بڕوانە: Bernal، Black Athena، vol. 1 (1987).

کەمتریان هەیە و بۆیە پێویستە لە کۆچی ئازاد بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان دووربخرێنەوە، تا بتوانن پارێزگاریی لە جۆری وەچەی بەرزی نەژادی ئەمەریکی بکەن.[٦٩]

ئەمڕۆ ژمارەیەکی کەم لە ئەوروپاییە خوێندەوارەکان پێیانوایە، جیاوازیی جینێتیکیی بۆماوەیی لە نێوان نەژادەکاندا هەیە، سەبارەت بە زیرەکی یان هەر سیفەتێکی دی کە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دوابخات یان پێشیبخات. ئەگەرچی کەمینەیەک لە خەڵکی، بڕوایان بە نەژادپەرستیی تەقلیدی هەیە، چونکە زۆربەیان ئەم بۆچوونانە بۆ خۆیان دەپارێزن، بۆ رەتدانەوەی ئاراستەکراو بۆ ئەم پرەنسیپەی ئەمڕۆ کە رووبەڕووی بێزراویی زۆر دەبێتەوە. ئەگەر ئەم کتێبە کتێبێک بوایە لە سەر مێژووی بیرۆکەکان، ئەوا بۆ ئەم وەرچەرخانە، دەستمان بە راڤەکردنێک دەکرد. واتە ئاوابوون و داڕمانی نەژادپەرستیی تەقلیدی، بە درێژایی ماوەیەک کە لە دوو وەچە لە توێژەرە ئەکادیمییەکان تێناپەڕێت. لە بیستەکاندا، بڕوابوون بە کاریگەریی زۆر یان کەمی جیاوازییە بۆماوەییەکان یان نەژژادپەرستییەکان باوبوو. دوای ١٩٤٥ بە دەگمەن دەبینین کەسێ بەرگری لەم تیۆرە بکات. رەنگە هۆکاری سەرەکی بریتی بێت لە نازیزم. نازییەکان ئایدیۆلۆژییەکەی خۆیان لە سەر ئەم بیروباوەڕە داڕشت، ئیدعای ئەوەیان دەکرد، خاوەنی بەژنوباڵا بەرزەکان و چاوی شین و قژی زەرد و نەژادێکی جیاواز (سەروەر) بوون، بۆیە جۆرە پلە نزمترەکان لە ئەوروپاییەکان، واتە ئەوانەی بە وەچە سپییە لاوەکییەکان ناودەبرێن، دەبێ لە پلەی دووەمدابن- وەکو نەژادی سامی و ئەوانی دی - کە پێویستە لەلایەن نەژادی سەروەرەوە بەڕێوەببرێن. وێڕای ئەوە، ئەم نەژادە سەروەرە، مافی ئەوەیان هەبوو لە وەچە لاوەکییەکان کە لە پلەی

٦٩. بڕوانە:.Bernal، Black Athena، vol. 1 (1987)

دووەمدابـوون، لـە ڕێگـەی جینۆسـاید و کۆمەڵکوژییـەوە خۆیـان ڕزگاربکـەن. بۆیـە ئـەو کاتـە و تـا ئێسـتایش وا بـە نەژادپەرسـتیدا دەڕوانـن، بـەوەی بریتییـە لـە پێکهاتەیەکـی ترسـناک بـۆ ئایدیۆلـۆژی نازیـزم. ڕاسـتە تـا ئێسـتا کۆمەڵێکـی بچووکی نەژادپەرست هەیە، هێشـتا بانگەشـە بۆ نەژادپەرسـتیی تەقلیدی دەکەن و ژمارەیەکـی یەجـگار کەمیـش لـە ئەکادیمییـەکان، هێشـتا بانگەشـە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە کەڵکـی مـاوە. بۆیـە پێویسـتی بـۆ بەگژاچوونـەوەی ئـەم پرنسـیپە، بەتـەواوی بـە کۆتایـی نەگەیشـتووە. وەلـێ ئـەم پرسـە بـە گرنـگ دانانرێـت، کاتێ قسـە لـە سـەر لایەنارییەکانـی سـێنترالیزمی ئەوروپایـی دەکەیـن، ئەویـش بـە هـۆی بوونـی پرەنسـیپێکی دیکـە کـە شـوێنی نەژادپەرسـتیی تەقلیدیـی گرتـەوە و هەمـان ئـەرک ڕادەپەڕێنێـت و ڕەنگـە ڕەگوڕیشـاڵی لـە زانسـتی جینێتیکیـدا نەبینینـەوە، وەلـێ لـە فەرهەنگدا دەیبینینـەوە. دەتوانیـن بڵێیـن ئـەم پرەنسـیپە بریتییـە لـە نەژادپەرسـتیی فەرهەنگـی.[٧٠]

نەژادپەرسـتیی تەقلیدی تا بیسـتەکانیش بڵاو و باوبوو، ئەو ماوەیەی کە بنەما ڕوون و نادیـار و ناوەڕۆکییەکانـی زۆربـەی ئەو ئیدعایانە چەسـپین کە بانگەشـەیان بـۆ باڵادەسـتیی ئەوروپاییـەکان دەکـرد. هەروەهـا توێـژەرە ئەکادیمییەکانیـش وەرامـی پێشـوەختیان بـۆ پرسـیار لـە سـەر ڕێنیسانسـی ئەوروپایـی هەبـوو، بـە پێچەوانـەی ئەوانـی دیکـەوە. وەرامەکەیـش بریتییـە لـەوەی ئەوروپاییـەکان دەسـتیان پێکـرد، لـە کاتێکـدا تایبەتمەنـدی و جیاوازییەکـی جینێتیکییـان هەبوو، گـەورە یـان بچـووک، دواتـر و بـە درێژایـی مێـژوو هەمیشـە- ئەمیش بـە ڕادەیەکی گـەورە یـان بچـووک- لـە ژێـر کاریگەریـی باڵادەسـتیی جینێتیکیـدا بـوون، لـەو پرسـانەی تایبـەت بـوون بـە فیکـر، ئەمەیـش وای لێیانکـرد بتوانـن بە توانسـتێکی زۆر و داهێنەرانـەوە بڕیـار بـدەن. لێـرەدا هۆکارێکـی گرنـگ لـە ئارادایـە: بۆچـی

٧٠. بڕوانە: Blaut،“The Theory of Cultural Racism” (1992).

لەو کاتەدا پرسیاری: بۆچی، گرنگ نەدەهاتە بەرچاو؟ وەرامەکە لە رووی سەلمینەوە روون دادەنرا. تەنانەت نەژادپەرستە میانڕەوەکانی وەکو ماکس ڤیبەر (کە دواتر راوبۆچوونەکانی تاقیدەکەینەوە) وایان گریمان دەکرد کە باڵادەستیی ئەورووپا بە هۆی پاشخانی جینۆتایپی ئەورووپاییەکانەوە بووە کە وایلێکردن هەمیشە «نەشونماکەرتر»بن (وشە باشترەکەی ڤیبەر) تا رادەیەک، بۆیە بە شێوەیەک لە شێوەکان پێشکەوتووترین. هەروەها ئەوەی سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە، هێشتا توێژەرە ئەکادیمییە نوێکان، پارێزگاری لە چەمکی باڵادەستیی ئەقڵیی ئەورووپا دەکەن، ئەو چەمکەی لە ڤیبەرەوە سەرچاوە دەگرێت و لە رێگەیەوە بۆ فیکری کۆمەڵایەتی لە سەدەی نۆزدەیەم دەڕوات. وەلێ بە توندی نکوڵی دەکەن لەوەی کە باڵادەستیی نەژادپەرستی بریتییە لە سەرچاوەی ئەو «نەشونما»یە. دیارە ئەو گلانە فیکرییەی پێویستە بچنە ناویەوە، تا یەکێک و نەک ئەوی دی بپارێزن، کاتێ باسی ئەم پرسە دەکەین سەرنجمان رادەکێشێت.

لە نێوان ئەو مێژوونووسانەی تیۆرەکانیان لە سەر «پەرجووی ئەورووپایی» پشتگیری دەکرێت، لە گەلێ شوێندا ماکس ڤیبەر تەنێ کەسە، باسوخواسی نەژادپەرستیی تەقلیدی بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا بەکار دەبات. وەلێ ڤیبەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دەینووسی، کاتێ نەژادپەرستیی تەقلیدی لەلایەن زۆربەی ئەکادیمییە ئەورووپاییەکانەوە پەسەند بوو. باسوخواسەکانی ڤیبەر بە میانڕەوییەکی نەژادپەرستی دادەنرێت. بە کردەوە لە سەر «هیستیریای بۆماوەیی بەلای جوولەکەوە» نووسی و بنەمای باسوخواسەکەی ئەوەبوو کە ئایینی هیندی لە بەردەم گەشەکردندا ئەستەنگ بوو.[71] هەروەها ئەفەریقیاییەکانی بێ توانست بۆ

---

٧١. «نۆرالژی (ئازاری دەمار)ی بۆماوەیی، بۆ ئاراستەی بەهێزی ئیدعاکراو بۆ هیستیریا و هیپنۆتیزمی خۆیەتیی هیندییەکان...» (Max Weber، The Religion ofIndia (1967)، p. 387) ئەم گریمانە بە بنەڕەتی دادەنرێت، بۆ شیکاریی ڤیبەر بۆ براهمیزم وەکو هۆکارێکی سەرەکی بۆ دواکەوتنی هیند.

کارکردن لە کارخانەکاندا دانا، لە بەر هۆکاری جینۆتایپی.[٧٢] وەلێ چینییەکان «خاوییان تێدایە، کاتێ تووشی ورووژێنەرێکی (فیکری)ی نائاسایی دەبنەوە» «ساویلکەیی» یاخود «ملکەچبوون»یان هەیە و ئەمەیە وا لە ڤیبەر دەکات، گومانی ئەوەی هەبێت کە ئەوە بە شێوەیەکی هەمەکی یان بەشەکی سیفەتگەلی بۆماوەیی بن.[٧٣] وەلێ نەشونمای ئەوروپا بنەمایەکی بۆماوەیی دیاریکراوی هەیە.[٧٤] وەلێ راستییەک دەمێنێتەوە کە ڤیبەر قورساییەکی گەورەی بە فاکتەرە نانەژادپەرستییەکان بەخشی. ڤیبەر سەبارەت بە سەردەمەکەمان، بە نەژادپەرستێکی میانڕەو دادەنرێت.

نەژادپەرستیی میانڕەو بەلای توێژەرە ئەکادیمییەکانەوە، بە کێشەیەکی ترسناکتر لە نەژادپەرستیی تەقلیدی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی بریتییە لە تیۆرێکی نادیار و ناوەڕۆکی. تێبینیی ئەوەمان کرد، ڤیبەر بڕوای بە گرنگیی جیاوازییە نەژادییەکان هەبوو، وەلێ بە دەگمەن ئاماژەی بەم پرسە کردووە. وەلێ وا دەردەکەوێت، لە گەلێ لە باسوخواسەکانی لە سەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، بە شێوەیەکی گشتی و گەشەکردنی بەراورد لە نێوان ئەوروپا

٧٢. «رەشپێستەکان لە دێر زەماندا دەرکەوتن کە گونجاونین بۆ کارکردن لە کارخانەکان و بەکاربردنی مەشینەکاندا، گەلێ جار لە خەودا، تووشی لەهۆشخۆچوون و بوورانەوە دەبوون. یەک حاڵەت هەیە لە مێژووی ئابووریدا کە جیاوازییە نەژادپەرستییە راستەقینەکان هەبوون (Weber، General Economic History (1981)، p. 379) وێڕای ئەوەی ڤیبەر لێرەدا دەڵێت، ئەمە "یەک حاڵەتە" بۆ کاریگەرییە نەژادپەرستییەکان، تێبینی کرد ئەم حاڵەتە بە کارا دەزانرێت، سەبارەت بە شیکردنەوەکەی ڤیبەر بۆ "نەشونماکردن" و "نوێکردنەوە"، دیارە "جیاوازییە نەژادپەرستییەکان" لێرەدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەفریکاییەکان دادەبڕێت. دیارە ئەوە حاڵەتێکی روونە بۆ نەژادپەرستییەکی میانڕەو وەلێ گەلێ گرنگ. لە سەر ئەم شێوازە "بینی کە سوورپێستە بەڕەچەڵەک ئەمەریکییەکان بۆ کارکردن لە کێڵگەکاندا گونجاو نەبوونە" (p. 299).)

73. Weber، The Religion of China (1951)، pp. 231-232.

ڤیبەر پێیوایە ئەمانەن "سیفەتە نەژادپەرستییەکانی چینییەکان" (p. 230) ئەگەرچی فاکتەرگەلی فەرهەنگیش دەستیان تیایدا هەیە.

74. Weber، The Religion of China (1951)، pp. 231-232:

ڤیبەر لێرەدا دەڵێت "دیارە شتێکی سرووشتییە مەزەنەی ئەوە بکەین، گرنگترین هۆ بۆ "نەشونمای رۆژئاوا بریتییە لە جیاوازییەکانی بۆماوەیی" و "گرنگیی بۆماوەیی بایۆلۆژی" چونکە پێیوایە ئەوانە زۆرن" (p. 30) وەلێ تا ئێستا ئێمە نازانین چۆن ئەم کاریگەرییە بپێوین، بۆیە پێویستە لە بنەڕەتدا گرنگی بە فاکتەرە فەرهەنگییەکان بدەین (pp. 30-31). ئەمە نموونەیەکە بۆ نەژادپەرستیی میانڕەو (بەو جۆرەی خۆم ناوم ناوە) لەو کاتەدا کە کاری تیادا بڵاوکرایەوە (1904-1905).

و ئەوانـی دیکـەدا بەتایبەتـی، بریتـی بـووە لـە بەشـێکی نادیـار و ناوەڕۆکیـی ڕانەگەینـراو. ئەمـە بـە نموونەیـەک دادەنرێـت، لـەوەی لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا، بـواری توێژینـەوەی ئەکادیمـی لـە سـەری بـوو. بۆیـە نەژادپەرسـتی لـەو بـوارەی توێژینـەوەدا، دیاریکردنـی ئەسـتەنگ بـوو، هەروەهـا باسوخواسـەکان لەلایـەن ئـەو توێژەرانـەوە سـەریانهەڵنەدا، بـەوەی نەژادپەرسـتین، ئەویـش لەبـەر ئـەوەی بـە ڕاشـکاوی باسـی نەژادپەرسـتییان نەکردبـوو، بـەوەی بریتیـن لـە فاکتـەر. وەلـێ ئـەوەی ترسـناکترە، بریتییـە لـەو کاریگەرییـەی ماوەتـەوە، لـەوەی بـە نەژادپەرسـتیی یەجـگار میانـڕەو ناوبـراوە. ژمارەیەکـی زۆر و ڕەنگـە زۆرینەبـن، لـە تەوژمـی سـەرەکیی توێـژەران لـە ماوەی بیسـتەکاندا، بڕوایـان وابوو جیاوازییـە نەژادییـەکان گەلـێ کەمبوونـە و دیـارە توانسـتەکانی تـاک و دەرەتانـە پەنهانەکانـی، ئاسـانکاری ناکـەن، بـۆ پێشـبینیکردنی ڕەگەزەکـەی و کاریگەریـی جیاوازییـەکان لـە نێـوان نەژادەکانـدا دەرناکـەون، مەگـەر لـە ئامارگیرییـەکان کـە بـۆ کۆمەڵـە گـەورەکان ئەنجـام دەدرێـن: بـە نموونـە «فاکتەرەکانـی زیرەکـی» بـەلای سپیپێسـتەکانەوە بەرزتـرن لـەوەی بـەلای ڕەشپێسـتەکانەوە هەنـە. ئـەم بۆچوونـە پێـودان بـوو لەتـەک بەرهەڵسـتکاریی تونـد بـۆ نەژادپەرسـتی، وەلـێ باشـتر نەبـوو لـە نەژادپەرسـتیی تەقلیـدی، کاتـێ بـە سـەر پرسـیارە تایبەتـەکان بـە گەشـەکردنی کۆمەڵایەتـی و بـەراورد لـە نێـوان مێـژووی ئەوروپاییـەکان و ئەوانـی دیکـەدا پراکتیـزە دەکرێـت. ئەمـە لەبەر ئـەوەی باسوخواسـە مێژووییەکان پێویسـتیان بـە جیاوازیـی گـەورەی نـەژادی نەبـوو. ئەگـەر سپیپێسـتەکان لـە ناڤیـن، بـە پێچەوانـەی ئەوانـی دیکـەوە، بـا بڵێیـن لـە توانسـتی داهێنانـدا، تایبەتمەندییەکـی سـادەیان هەبـوو، ئـەوا دەبینیـن ئـەم تایبەتمەندییـە سـاکارە دەتوانێـت بـە درێژایـی سـاڵان کاریگەربێـت و ڕێگـە بـە ئەوروپاییـەکان بـدات، بـە پێچەوانـەی ئەوانـی دیکـەوە، شارسـتانییەکی مـەزن بونیـات بنێـن. ئـەم

نەژادپەرستییە میانڕەوە لە نەژادپەرستیی باو ترسناکتر بوو، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕێگەی بە توێژەران دا، بە ڕووی نەژادپەرستیی ئاشکرادا هەڵوێستی ئازاد وەربگرن، لە کاتێکدا هێشتا لە ڕووی بۆماوەییەوە، بڕوای بە باڵادەستیی سپیپێستەکان بە سەر ئەوانی دیکەدا هەیە، ئەویش لە بوارەکانی توێژینەوە جۆراوجۆرەکانی وەکو مرۆڤناسی و جوگرافیا و مێژوو و شتی لەم بابەتانە. ئیتر ڕۆڵی نەژادی کەمکردەوە و کردی بە «فاکتەرێک» لە نێوان گەلێ لە فاکتەردا، وەلێ ڕاڤەکارییە نەژادییەکان، ئەوانەی تایبەت بە بالادەستیی ئەورووپای ئیدعاکراو بوون، ئەوانەی وەلاوە نەنا.[٧٥]

ڕنگە، لێرەدا هێندەیش پێویست نەبێت بڵێین، بەڵگەیەک نییە بڕوای پێبکەین، پشتگیریی لە بیرۆکەی ئەوە بکات کە نەژادەکان لە ڕووی میراتیی جینییەوە جیاوازبن، جگە لە پرسگەلێکی سادەی وەکو ڕەنگی پێست نەبێ. تەنانەت خودی بیرۆکەی نەژاد، بە ئەبستراکتێکی ئاڵۆز و بێ سوود دابنرێت. بۆیە، لێرەدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان، گشتاندنی گرنگ بریتییە لە: جیاوازییە نەژادییەکان شتێک دەربارەی فەرهەنگ و گەشەکردنی فەرهەنگی ڕاڤە ناکەن.[٧٦]

٧٥. باسی ئەم پرسیارەم نەکرد ئەوەی کە نەژادپەرستیی بایۆلۆژی تا ئەمڕۆ گرنگیی خۆی لەدەست نەدابێت وەکو تیۆرێکی نادیار و ناوەڕۆکی، واتە پەسەندی بکەین وەلێ بێ ئاگایانە. پێموایە کە وەهایە. هەندێ لە مێژوونووسانی سێنترالیزمی ئەورووپی پەیوەستن بە هەڵوێستییان، سەبارەت بە جیاوازییە تاکەوانییەکان، لە نێوان ئەورووپییەکان و ئەوانی دیکەدا کە یەجگار توندڕەوانەیە و یەجگار نەژارپەرستە کە ئاسان نییە دوور بکەوینەوە لە دەرەنجامی ئەوەی ئەوان کەمتر پێبەندن بە تیۆرێکی ژێرەکی ناوەڕۆکیی نەژادییەوە، ڕەنگە بێ ئاگایانە پێیانوایە کەموکورتییەکە بەلای نا ئەورووپییەکانەوە لە ڕووی جینۆتایپەوە دیاریکراوە.

٧٦. لە نێوان سەرچاوە زۆرەکان لە سەر هەڵەی نەژادییەوە، بڕوانە:
Franz Boaś classic book, Race, Language, and Culture (1948)، also Blum, Pseudoscience and Mental Ability, (1978), Gossett، Race (1965), Haller, Outcasts from Evolution (1971), Jackson، Race and Racism (1987), Magubane، The Ties that Bind: African-American Consciousness and Africa (1987), Gill and Levidow, Anti-Racist Science Teaching (1987).

## دیمۆگرافیا

لە راڤەکردنی پەرجووی ئەوروپاییدا، رەفتاری دیمۆگرافی بە دووەم فاکتەری بایۆلۆژیی گرنگ هەژمار دەکرێت. وەلێ لێرەدا سەدەمکاری گومانی لەسەرە. شێوەی دیاریکراوی تیۆرەکە کە مایەی گرنگیپێدانە ئەوە کە ئیدعای ئەوە دەکات، ئەوروپاییەکان کۆنترۆڵی گەشەکردنی دانیشتوانی خۆیان کرد، لە کاتێکدا گەلانی دی ئەو کارەیان نەکرد، بۆیە ئەوروپا تووشی کێشەی زۆربوونی دانیشتوان نەبووەوە و تووشی ئەوە نەبوو کە مێژوونووسان ناوی دەنێن «کارەساتەکانی ماڵتۆس» کە گوایە رێگە لە پێشکەوتن لە کۆمەڵگە نائەوروپاییەکاندا دەگرێت. تیۆری ماڵتۆس لە جەوهەریدا پێیوایە، زۆربەی خەڵکی کۆنترۆڵی ئارەزووە سێکسییەکانیان ناکەن، بۆیە دەبینین منداڵی زۆریان هەیە. ئەو دۆخەی کە تێکدەچێت کارەساتی لێدەکەوێتەوە لە جۆرێکی وەکو قاتوقڕی و نەخۆشی کە ژمارەی دانیشتوان کەمدەکەنەوە، دواتر خولەکە سەرلەنوێ دووبارە دەبێتەوە، خەڵکی منداڵی زۆرتر بەدنیا دەهێنن کە پێویستە لە سەریان ئەم ئەڵقە بۆشە دووبارە دەبێتەوە. ماڵتۆس ئارەزووە سێکسییەکان کە کۆنترۆڵ ناکرێن، بە گشتی لە نێوان مرۆڤەکاندا دادەنێت، ئەگەرچی توێژە خوێندەوارەکان تاڕادەیەک توانستی کۆنترۆڵکردنی خۆیانیان هەیە. راڤەکارییە نوێکانی پەرجووی ئەوروپایی لە خاڵێکی گرنگدا راستکردنەوەیان بۆکراوە. ئەوە جەخت دەکات لەوەی ئەوروپاییەکان مۆدێلێکی فەرهەنگییان بۆ رێگەگرتن لە ژمارەی منداڵ هەبوو، هەرچی ئەوانی دیکەیش بوون، ئەم مۆدێلەیان نەبوو، دواتر بە درێژایی مێژوو پارێزگارییان لە ژمارەی دانیشتوان کرد، تا رادەیەک لەتەک داهاتیاندا گونجاوبێت. ئەمە سەرەڕای کارەساتە دووبارەبووەکانی ماڵتۆس: ئەو کارەساتانەی لە راڤەکردنی چەندین راستی لە مێژووی ئەوروپاییدا بە گرنگ هەژمار دەکرێن، وەلێ

ئەمانە بە شێوەیەکی گەورەتر گرنگییان لە هێزی فاکتەرە ئیدعاکراوەکان و هەمیشەییەکانی مالتۆس کەمتر بووە - کەمی کۆنترۆڵکردنی دیمۆگرافی و زۆربوونی دانیشتوان و ناکامی - لە کۆمەڵگە نائەوروپاییەکاندا. وێڕای ئەوەی سەبارەت بەو مێژوونووسانە، لە هەر شوێنێکدا پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی، یان هەر بارودۆخێکی کامەرانی هەبووبێت، بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستەکانی بژێوی ئەوروپاییەکان، بە پێچەوانەی ئەوانی دیکەوە، ڕێگەیان بە زیادبوونی دانیشتوان و ئەو حاڵەتە نەداوە کە بۆ لەناوبردنی بەرووبوومی پێشکەوتن لێیکەوتۆتەوە. پێویستمان بەوەیە تێبینی بکەین، ئەم باسوخواسە نەک لە ڕووی بایۆلۆژییەوە، وەلێ لە ڕووی نەشونماوە جەخت لە زاوزێ دەکات. ئەوان ئیدعا دەکەن، یاخود گریمانی ئەوە دەکەن، ئەوروپاییەکان بە پێچەوانەی ئەوانی دیکەوە، بیر لە کێشەی دانیشتوان دەکەنەوە. بۆیە باسوخواسە دیمۆگرافییەکان لە سەر تایبەتمەندی و جیاوازیی ئەوروپا، هەمیشە بۆ فەرهەنگ یان سێکس دەگەڕێتەوە. چونکە ئەوروپاییەکان، یان بە هۆی باڵادەستییان لە ڕووی بۆماوەییەوە، یاخود لە ڕووی فەرهەنگییەوە، پتر نەشونمایان کردووە. ئەگەر نائەوروپاییەکان توانستی کۆنترۆڵکردنی ئارەزووە سێکسییەکانیان نەبووە و ئەگەر وەکو دڕندە و کێوی لە جەنگەڵەکاندا ڕەفتاریان کردبێت، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەوان لە ڕووی بۆماوەییەوە، لە پلەیەکی نزمتردان، یان ئەوەتا خواروخێچییەکی فەرهەنگییان هەیە. لەو باسوخواسانەی گەلێ جار ئەمڕۆ ڕووبەڕوومان دەبنەوە، یان بەڵگەی فەرهەنگی بۆ دەهێننەوە، یاخود لێیدەگەڕێن بە ناڕوونی بۆمان بمێنێتەوە. وەلێ کێشەیەک هەیە: گەلێ لە مێژوونووسان لەو بڕوایەدان، دیمۆگرافی بە فاکتەرێکی سەدەمکاریی سەربەخۆ دادەنرێت. ئەم بیروباوەڕە چەق لە سەر باسوخواسی نیمچە بایۆلۆژی دەبەستێت و ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی

خەڵکی بە شێوەیەکی بەشەکی لە کۆنترۆڵکردنی ئارەزووە سێکسییەکانیاندا سەردەکەون و سەرکەوتنێکی بەشەکی یاخود شکستێکی تەواو لە کۆنترۆڵکردن و دوورکەوتنەوەی کاتی لە ماوەکانی زاوزێدا.[٧٧] بۆیە گەلێ لە وانەی پشتگیری لە بۆچوونی پڕوپوچی پەرجوو دەکەن کە ئەوروپاییەکان دەرفەتێکی گەورەی سەرکەوتنیان هەبووە، وێڕای ئەوەی بریتییە لە سەرکەوتنێکی بەشەکی لە کۆنترۆڵکردنی رەفتاریان، بە پێچەوانەی ئەوانی دیکەوە. بە نموونە، ئیریک جۆنز ئیدعا دەکات کە ئەمەیە بە «جۆرەکیی ئەوروپایی» ناودەبرێت:

٧٧. بیرۆکەی ئەوەی کە هەڵسوکەوتی دیمۆگرافی ناکەوێتە ژێر گائلەی بڕیاردان و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییەوە، بریتییە لە حەقیقەت یان فاکتەری بایۆلۆژیی بنەڕەتی و دیارە گوزارش لە بنەمای بیری زۆربەی مێژوونووسەکانی سێنترالیزمی ئەوروپی دەکات (ئیریک جۆنز، مایکڵ مان و جۆن هول). دیارە گریمانی بنەڕەتی ئەوەی کە ژمارەی دانیشتوان هەردەبێ لە پشتی سنوورە بەجێکانەوە نەشونما بکات و دواتر زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان پێویستە ئەو دەرەنجامە بێت، مەگەر ئەوەی کۆمەڵگەکان بە شێوەیەکی تێبینیکراو چارەسەری نادیمۆگرافی بدۆزنەوە لە رێگەی زیاترکردنی خۆراک بۆ بژێویی ژمارەی روو لە زیادبوونی دانیشتوان. بە نموونە بڕوانە بە مایکڵماندا «سەرچاوەکانی هێزی کۆمەڵایەتی، بەشی یەکەم (١٩٨٦) ئەگەر داهاتە کشتوکاڵییەکان لە ئەوروپا لە چاخەکانی ناڤیندا زیادیان کرد «ئەوا کیشوەرەکە هەر سەدەیەک یان لەو نزیکانە خولێکی ماڵتۆسی بەخۆوە دەبینێت و نەدەبووە هۆی سەرهەڵدانی سەرمایەداری» ((p. 402. گەلێ جار ناوبەناو لە ناو بزاڤی ژنان و رادیکالییەکاندا، رووبەڕووی ئەم بۆچوونە دەبنەوە. تێبینی بکە ئەم بۆچوونەی دواتر کە خاتوونێکی سەرکردەی مارکسی پێشکەشیکرد "گریمان (لەتەک بڕوابوونمان بە بوونی هاندەری سێکسی بەلای هەموانەوە...) کە ژمارەی هەمەکیی دووگیانی لە سەرژمێریی دانیشتوانێکی دیاریکراو، لە بنەڕەتدا لە ژمارەی خوازراو زیاتر دەبێت و ئەمەیش لە چێوەی پەیکەرێکی هاندەرانەی دیاریکراودا، ئەو زیادبوونە بێ ئەنقەستە گەورەیە و هەرگیز ئەمڕازگەلی باش و بەردەستەکی نابێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستەکە...دواتر مۆدێلێکی دیاریکراو بۆ بەپیتبوون وەردەگیرێت لەبەر ئەوەی "ژێر"ە، جگە لە زیادبوونێکی کەم نەبێ، وەلێ جۆراوجۆر لە (لەدایکبووەکان)" سیکۆمبی "مارکسیزم و دیمۆگرافی" .p 31 (1983)

دیارە ئاراستەکە بریتییە لە باسکردنی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی ئەوروپی لە چاخەکانی ناڤیندا، وەلێ تیۆرەکەی بیرنەر لە سەر رابوونی ئەوروپی بۆ سەرمایەداری پێشکەشکرا. زۆربەی رادیکاڵەکان و سەرکردەکانی بزاوتی ژنان، تیۆری ماڵتۆس رەتدەدەنەوە هەروەها بۆچوونەکەی سیکۆمبیش رەتدەدەنەوە، لە سەر بنەمای ئەوەی لە ژێر کاریگەریی هەمان تیۆردایە.

> ئەورووپـا خێـرا سـامانەکانی ژینگەکـەی، بـە هەمـان ئـەو تێکڕایـەی کـە بەدەسـتی دەهێنـا، لـە وێنەیەکـی دوو بەرانبـەری هەڵەشـەیی بـۆ ژیانـی گشـتی (بە مانـای زیادبوونـی مرۆڤەکان) دا بـە فیـرۆ نـەدا.[٧٨]

لــە وتەیەکــی دیکــەدا، ئەورووپاییــەکان بــێ بیرکردنــەوە وەکــو ئەوانــی دی زاوزێ ناکـەن. جۆنـز هەمـان خـاڵ بـە ڕێگەگەلـی جۆراوجـۆر ڕووندەکاتـەوە، ئـەو بـە نموونـە دەڵێـت، جووتیـارە چینییـەکان زاوزێیـان لـە چاککردنـی بارودۆخـی ئابـووری و سیاسـیی خۆیانیـان بـەلاوە باشـترە،[٧٩] هەروەها دەبینیـن جـۆن هـول هەمـان بۆچوونـی هەیـە:

> دیــارە فراوانبوونــی ئابووریــی ئەورووپایــی (لــە ڕێگــەی زەوییــە چێنراوەکانــەوە) بــە شــێوەی چینــی تەقلیدیــی دواکەوتــوو ڕووینــەداوە، چونکــە گەشــەی دانیشــتوان بەرهەمــی هەڵنەدەلووشــی. ڕێــژەی نێــوان دانیشــتوان و زەوییــە چێنــراوەکان، بــە هــۆی پاکداوێنیــی ڕێژەیــی خێزانــی ئەورووپاییــەوە بــە باشــی مایــەوە.[٨٠]

چونکـە ئەورووپاییـەکان لـە ڕووی سێکسـەوە "پاکداوێنـن". بۆیـە ئـەوان بـە دەسـتی زیادبوونـی دانیشـتوانەوە ناناڵێنـن.

خاڵێکـی دی شایسـتەی تێبینیکردنـە، بریتییـە لـەوەی مێژوونووسـان، هیـچ ئەسـتەنگێک لـە هێنانـەوەی نەشـونمای دانیشـتوان، وەکـو فاکتەرێکـی پۆزێتیـڤ

---

٧٨. بڕوانە: Jones, The European Miracle (1981), p. 3 بەشێک لە پەرەگرافەکە وەرگیراوە.

٧٩. بڕوانە: Jones, The European Miracle (1981), p. 219

٨٠. بڕوانە:
Hall، Powers and Liberties: The Causes and Consequences of the Rise of the West (1985), p. 131. italics added.

لە مێژووی ئەوروپاییدا نابینن، ئاماژە بە پێشکەوتن بکات. بە نموونە، نەشونمای دانیشتوان لە ئەوروپا هەر لە سەدەی یانزەیەمەوە دەبینرێت، بەوەی بریتییە لە بەڵگە بۆ ئەوەی ئەوروپای چاخەکانی ناڤین، بە ڕێگەیەکی ڕاست و دروست پێشدەکەوت. بە پێچەوانەی نەشونمای دانیشتوان لە کۆمەڵگە نائەوروپاییەکاندا، چونکە بە شێوەیەکی نێگەتیڤ دەبینرا، وەکو دەرەنجامی یاساکانی ماڵتۆس لە "زیادبوونی دانیشتوان"دا، تا پتر بچینە پێشەوە، ڕووبەڕووی چەند نموونەیەک دەبینینەوە، لەم جۆرە لە باسوخواسە یەکلایەنەکان.

ئێستا بەڵگەی زۆر هەنە، لە سەر ئەوەی گشت کۆمەڵگەکان پراکتیکی ڕێکخستنی دانیشتوان دەکەن.[٨١] وا دیارە ئەوان ئەمە بە لێهاتوویی لە سەر ئاستی گشتی ئەنجام دەدون. وێڕای ئەوەی ڕەنگە خێزانە تاکەکییەکان سەربکەون یان شکست بهێنن، بۆ کۆنترۆڵکردن لە ڕوودانی دووگیانیدا- ئەویش بە هۆی ئەوەی ئەمرازەکانی ڕێکخستنی دووگیانی، یان سەردەگرێت، یاخود بە هەڵەدا دەچێت- ئیتر وەکو دەردەکەوێت، گشت کۆمەڵگە بە سەرکەوتنێکی بەرچاوەوە، توانستی هاندانی نەشونمای دانیشتوانی هەیە، یان ئەوەی ڕێگەی لێبگرێت.[٨٢] دیارە شێمانەی ئەوە کەمە کە نەشونمای دانیشتوان ڕووبدات، لە کاتی ئەوەدا کە لە ئایندەدا کۆمەڵگە بە دەستییەوە بناڵێنێت. با بە وردییەکی زیاترەوە، پرسەکە دیاری بکەین، تاکەکانی

٨١. هەروەها ف. حەسەن ئاماژە بەوە دەکات کە «پراکتیزەکردنی ڕێکخستنی وەچە، بە شێوەیەک لە شێوەکان لە نێوان گردبوونەوە مرۆییەکاندا، بریتییە لە ڕەفتارێکی باو» .(“Hassan، Demographic Archeology”، 1978، p. 71).

٨٢. دیارە هەندێ لە خێزانەکان منداڵی زیاتریان دەبێت ئەگەر بیانەوێت و هەندێکی دی کەمتر، بە هۆی لێنەهاتوویی ئەمرازەکانی ڕێکخستنی وەچەوە، وەلێ مامناوەند سەبارەت بەو کۆمەڵانەی قەوارەیان گەورەترە، ئەوا پێودان لەتەک بەهاکان و ئامانجەکانی کۆمەڵەکەدا دەبێت. ئەمرازەکان جۆراوجۆر دەبن لە نێوان جیاوازیی تەمەنی هاوسەرگیری و جیاوازیی مارەیی تا ئاڵۆزکردنی یاساکانی هاوسەرگیری (پێناسەی ئەوەی کێ بە کەڵکی ئەوە دێت لە سیستمێکی خێزانیدا کێ بهێنێت) تا ڕێکخستنی کاتی پێوەندییە سێکسییەکان، تا بەکارهێنانی دژە ئەمرازەکانی بەپیتبوون و لەباربردن تا زیندە بەچاڵکردنی منداڵانی شیرەخۆر و پراکتیزەکانی دیکە.

کۆمەڵگە رەفتاری دیموگرافیی خۆیان لە ماوەی دوو وەچەدا دەگۆڕن، کاتێ بەلایانەوە روون دەبێتەوە و هەست بە گۆڕانکارییەکانی دەوروبەریی خۆیان دەکەن، لە شێمانەکانی مانەوەی منداڵانی شیرەخۆر لە ژیاندا و گەیشتنیان بە تەمەنی باڵقی و بەمجۆرە ئەم گۆڕانە بەلایانەوە خۆشەویست دەبێت. بەم دواییە دەرکەوت کە ئەمە بە کردەوە بریتییە لە دۆخەکە.[٨٣] وەلێ بەڵگە کەڵەکەبووەکان بەرە لە ژێر پێی تیۆرە نوێ و کۆنەکانی ماڵتۆسدا رادەکێشن، چ بۆ ئەوروپاییەکان و چ بۆ نائەوروپاییەکان. دیارە باسوخواسی ئەوەی کە نەشونمای دانیشتوان بریتییە لە پرۆسەیەکی ئۆتۆماتیکیی بایۆلۆژی روودەدات، چ ئەوەندە خۆراک هەبێت بەشی خۆراکخۆرە سەربارەکان نەکات، یان هەروا بە ئاسانی بە هەڵە دانەنرابێت.[٨٤]

کاتێ بەڵگەکان کەڵەکەبوون کە دەیسەلمێنن ئەوروپاییە کۆنەکان ئەمرازەکانی رێکخستنی وەچەیان بەکارهێنا، هەندێ لە توێژەران بڕیاریان دا، مۆدێلە کۆنەکانی تیۆری ماڵتۆس دۆخەکە لە ئەوروپادا راڤە ناکەن. قەوارەی خێزان بچووک بوو، هەروەها ئەمرازەکانی رێکخستنی وەچە و شتی لەو بابەتە، لە چاخەکانی ناڤیندا بەکاربران. ئەمەیش بووە هۆی رەتدانەوەی تیۆرێکی تەقلیدی کە بریتییە لە بیرۆکەی ئەوەی مۆدێلێک هەیە، دەکرێ ناوی بنێین کۆمەڵگەکانی بەر لە پیشەسازی (یان کۆمەڵگە تەقلیدیەکان،

٨٣. گشت توێژینەوەکان لە هیندەوە دێن، چونکە ئایدیۆلۆژیی کۆلۆنیالیستی راهاتووە لە سەر ئەوەی ئیدعای ئەوە بکات، هەژاری بریتییە لە دەرەنجامی زۆریی ژمارەی منداڵان. ئێستا دیمۆگرافیستەکان و کۆمەڵزانان سەلماندییان ئەم بۆچوونە پڕوپوچە باتڵە. بە نموونە بڕوانە بە:
Mamdani، Th Myth of Population Control (1972)، and Nag. "How Modernization Can Also Increase Fertility" (1980). For Africa، see، for example، Kitching، "Proto-Industrialization and Demographic Chango" (1983)، Swindell، "Domestic Production، Labor Mobility، and Population Change in West Africa، 199-1980" (1981)m Cordell and Gregory، the introduction to African Population and Capitalism (1987).

٨٤. بە نموونە، بڕوانە بە چەندین توێژینەوەدا کە نەرمیی تێکڕاکانی لەدایکبوونەکان:
Nag "How Modernization Can also increase fertility" (1980)، Collyer، Birth Rates in Latin America (1965)، and Harewood، "Population Growth in Grenada" (1966).

یاخـود کۆمەڵگـە گوندەنشـینەکان) کـە بـۆ سـەرژمێریی دانیشـتوان و خێزانـە گـەورەکان و...هتـد تێکـڕای بەرزیـان تیادایـە)، بۆیـە ئاراسـتەیەکی ماڵتۆسـیمان بـەرەو زیادبوونـی دانیشـتوان بینـی. وا دیـارە زۆربـەی مێژوونووسـانی ئەمـڕۆ، هێشـتا بـە تیۆرەکـەی ماڵتۆسـەوە بەسـتراونەتەوە و هێشـتا بڕوایـان وایـە، گۆڕانـی کۆمەڵایەتیـی ئەورووپـا لـە چاخەکانـی ناڤینـدا، لـە بنەڕەتـدا یـان لای کـەم بـە شـێوەیەکی بەشـەکی، بـە هـۆی خولەکانـی زیادبوونـی دانیشـتوان بـەلای ماڵتۆسـەوە دەرکەوتووە.[٨٥] وەلـێ ئێسـتا هەنـدێ لـە مێژوونووسـان ئـەم بۆچوونـە رەتدەکەنـەوە، چونکـە ئـەوان وا بـە ژمـارەی دانیشـتواندا دەڕوانـن، بـەوەی بگۆڕێکـی پاشـکۆیە، نـەک بگۆڕێکـی سـەربەخۆ.

وەلـێ لـە ئەورووپـادا تەنـێ ئـەم دژە تیـۆرە نوێیـەی تیـۆری ماڵتـۆس شـێوەیەکی نوێـی بـۆ راڤەکردنـی "پەرجـوو"ی ئەورووپایـی وەرگـرت. دیـارە ئـەوە لـە رووی مێژووییـەوە، جەختـی لێکرابـووەوە کـە گەلـی ئەورووپایـی کۆنتڕۆڵـی ژمـارەی دانیشـتوانی خـۆی کـردووە. ئەورووپاییـەکان توانییـان خـۆراک و کالا و سامانی کەڵەکەبـووی زۆر بپارێـزن، ئەویـش بـە هـۆی کۆنتڕۆڵکردنـی دۆخـی ژمـارەی دانیشـتوانەوە. هەروەهـا مێژوونووسـانیش دەڵێـن، ئـەم مۆدێلـە بریتـی بـوو لـە مۆدێلێکـی ئەورووپاییـی بـێ هاوتـا و هۆکارێکـی گرنـگ بـوو، وای لـە ئەورووپاییـەکان کـرد سـامان کەڵەکـە بکـەن و ئەمەبـش دواتـر نوێکردنـەوە و سـەرمایەداری لێکەوتـەوە. وەلـێ نائەورووپاییـەکان بەردەوامبـوون لـە سـەر مۆدێلە تەقلیدیەکەیـان، لـە کاتێکـدا زۆربوونـی دانیشـتوان گشـت بەرەکانـی پێشـکەوتنی ماشـییەوە. ئـەو مێژوونووسـانەی سـێنترالیزمی ئەورووپایـی – و بـە هەمـان شـێوازی تیـۆری مێـژووی تونێـل– خافـڵ بـوون لـەوەی بـواری توێژینـەوەی ئەکادیمیـی نـوێ لـە دیمۆگرافـی و هەندێکـی لـە دیمۆگرافیـی مێژووییـدا– و لـە

٨٥. بڕوانە:
R. Hihon. بەتایبەتی پێشەکییەکەی Aston and Philipin، eds., The Brenner Debate (1985)

هەندێ شوێنی دیکەی نائەوروپایی لە جیهان، لە هیندەوە تا بەربادوس - بە ئاقاری تێکشکاندنی چەمکەکانی تیۆری مالتۆسدا دەڕۆیشتن، چونکە بەتەواوی بە سەر ناوچە نائەوروپاییەکاندا جێبەجێ نابێت، بەوجۆرەی کە دەیەیەک لەوەوبەرەوە، لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمیی ئەوروپاییدا دۆخەکەی تیادابوو.[٨٦]

دواتر، واتە لە کۆتایی ئەم بەندەدا، پرسێک باس دەکەین، پەیوەستە بەوانەی پێش خۆیەوە، ئەویش ئەو تیۆرانەیە کە تایبەت بە بێ هاوتایی خێزانی ئەوروپایین، . وەلێ ئێستا ئەوەندە بەسە کە بە ئاسانی بڵێین، ئەو ئیدعا دیمۆگرافییانەی پشتگیری لە پەرجووی ئەوروپایی دەکەن، بە هیچ شێوەیەک قەناعەت بە کەس ناکەن. ئەمە بۆ ئەو تیۆرانەیش راست و دروستە کە لە سەر بڕوابوون بە هێزە رووخێنەرەکانی مالتۆس بونیاتنراون، ئەوەی جەخت لەوە دەکات، چۆن ئەوروپاییەکان بێ هاوتان، چۆن زانییان خۆیان لەو هێزانە دووربگرن.

## ژینگە

بێ چەندوچۆنیی ژینگە: ئەو تیۆرەی ئیدعا دەکات، ژینگەی سرووشتی بە توندی کاریگەری لە سەر شت هەیە و ئەوەی کە ئێستا مرۆڤایەتی و مێژووی مرۆڤایەتی ئەو جەماوەرییەی نییە و لەتەک ئەوەدا، هێشتا بە رێکوپێکی لە راڤەکارییەکانی "پەرجووی ئەوروپایی"دا بەکاردەبرێت. وەلێ پێویستە ئەم خاڵە راست نەکەینەوە. چونکە بێ چوندوچونیی ژینگە لە شێوە بەکارهاتووەکەیدا، لەو باسوخواسانەی ئەمڕۆدا، تەنێ لە چێوەیەکی

٨٦. رەنگە ئامادەگیی زیاتری هەبووبێت، چونکە راڤەکردنی هەژاری لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا لەلایەن راڤەکردنەکەی مالتۆسەوە بوو بە بابەتێکی ئاڵۆز بۆ توێژەران و بەرنامەدارێژەران لەو وڵاتانەدا و هێندە گرنگ بوو روونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن هەژاری لە وڵاتەکەنیاندا، تا رادەیەک بە هۆی رەفتارە دیمۆگرافییە ناساغەکانی تاکە ئاساییەکانەوە بووە.

دیاریکراودا، بریتییە لە "بێ چەندچوونییەک". ئەوە ئیدعا ناکات کە ژینگە هەموو شتێک راڤە دەکات، یان ئەوەی بریتییە لە گرنگترین فاکتەر. ئەوە بێ چەندوچوونییەکە بەو مانایەی وەکو هۆکار یان "فاکتەر"ێکی کەم و جودای ناپەیوەست بە فەرهەنگەوە، مامەڵە لەتەک ژینگەدا دەکات. واتە شتێکە لە دەرەوەی فەرهەنگ و لە دەرەوەوە کاریگەری لە سەری هەیە. هەروەها دەبینین هەر مێژوونووسێکی سێنترالیزمی ئەوروپایی، یەکێک یان پتر لە باسوخواسە ژینگەییەکان، یاخود فاکتەرەکانی ئەم تێکەڵەیەی دەخاتە سەر کە باڵادەستیی ئەوروپا وەکو کۆ راڤە دەکات. تەنانەت ئەو مێژوونووسانەی دەیانەوێت هەڵوێستی خۆیان لە سەر بنەمایەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یاخود فیکری بونیات بنێن، تەنێ ئەوان دەتوانن (باری نائاسایی هەیە وەلێ کەمە) یەکێک یان پتر لە باسوخواسە ژینگەییەکان بخەنە ناو دەفرەکەوە، بۆ ئەوەی بۆنوبەرامەیەکی پێ ببەخشن.

دەتوانین باسوخواسە ژینگەییەکان بۆ دوو کۆمەڵە پۆلێن بکەین: یەکەم کۆمەڵی لە ئیدعا لەخۆ دەگرێت، لە سەر ئەو خەسڵەتانەی ژینگەی ئەوروپایی جیا دەکەنەوە و ئەوەی کە چۆن یارمەتیدەر بێت لە روونکردنەوەی رێنیسانسی ئەوروپادا. دووەم: ئەو باسوخواسانە لەخۆ دەگرێت کە باس لە ژینگە خراپەکانی ناوچەکانی دی دەکەن و چۆن لەوێ لە بەردەم گەشەکردندا بوون بە ئەستەنگ. ئەم دوو جۆرە لە باسوخواس- رەنگە و ئای لەمە کە سەیرە- لە رووی شێوەوە یەجگار جیاوازبن. لێگەڕێن با لە دووەمیانەوە دەست پێبکەین.

دوو تیۆری تەقلیدی لە سەر ژینگە هەنە، هەمیشە و تا ئێستایش بەکار دەبرێن، ئەویش بۆ روونکردنەوەی ئەو دواکەوتنە (ئیدعاکراوەی) ئەفەریقیا و ئاسیا. تیۆری یەکەم پێیوایە هەرێمە گەرمەسێرەکان لە پلەیەکی

کەمتردان وەک لە هەرێمە ساردەکان. ئەم تیۆرە لە بەشێکی گەورەتردا بۆ دوورخستنەوەی ئەفەریقیا بەکاردێت. وەلێ دووەمیان پێیوایە، گەلانی هەرێمە بیابانییەکان بێ بەریین لە پێشکەوتن، چونکە وشکانی پێویستی بە ئاودێرییە کە ئەویش بە رۆڵی خۆی و لەتەک چەند سیفەتێکی دیکەدا، پێویستییان بە ئاودێرییە بۆ ژیان لە دۆڵ و شیو و پێدەشتەکانی رووبارەکاندا کە ئاودێریی دەکرێن، هەردەبێ جۆرێ لە شارستانی لێبکەوێتەوە، دەکرێ بە چەقبەستنێکی مێژوویی ناویببەین. ئەم تیۆرە شارستانییەکانی ئاسیا و میسر دووردەخاتەوە. (لە راستیدا زۆربەی ئاسیا وشکانی نییە). ئەم دوو تیۆرە و کەمێ کورتتر لە راڤەکارییە ژینگەییەکانی دواکەوتنی ئەفەریقیا و ئاسیا باس دەکەین.

## ئەفەریقیای گەرمەسێر و بێزراو

بیرۆکەی ئەوەی گوایە کەشوهەوای ناوچە گەرمەسێرەکان خراپن و ئەوەی کە دەبێتە رێگر لە بەردەم هەنگاونانی شارستانی بەرەو پێشەوە، بە بیرۆکەیەکی یەجگار کۆن لە فیکری ئەوروپاییدا هەژمار دەکرێت.[٨٧]بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە سەدەی نۆزدەیەمدا بڵاوبووەوە، ئەویش بۆ روونکردنەوەی (ئەو ئیدعایەی) گوایە ئەفەریقیا بە بێ شارستانی مایەوە و دواتر ئاساییە مل بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی بدات. ئەمە یەکێک بوو لە تیۆرە جەوهەرییەکانی تیۆری تەقلیدیی بڵاوبوونەوە.[٨٨]هەروەها هەمیشە بەسترابووەوە بە تیۆرگەلێک، لە سەر بێ هاوتایی ئەوروپا و پەرجووی ئەوروپاییەوە، ئەمەو وێڕای ئەوەی مێژوونووسان گرنگییەکی ئەوتۆیان بە بیرۆکەی هۆکارەکانی نارێنیسانسی

٨٧. بە نموونە، (Montesquien، in The Spirit of the Laws([1748] 1949)) ”خەڵکە چالاکترەکە لە کەشوهەوای سارددا“ ((PT. XIV.2) ”لە وڵاتانی گەرمەسێردا جەستە خاو دەبێتەوە و مرۆڤ تەمەڵ و سست و لاڵ و دەبەنگ دەبێت (PT. XV.7).)

٨٨. ئەفریکا هەمیشە بە مانای «ئەفریکا باشووری بژاپۆنەکان»ە، لەو راستایەی کە رەخنەی لێدەگرم، بۆیە لەم باسەدا بە هەمان مانا «ئەفریکا» بەکاردەبەم.

ئەفەریقیا نەدەدا. پرسەکە لە خۆیدا روون بوو و هەوڵەکان لە سەر پرسیاری گرنگتر چڕببوونەوە: بۆچی رێنیسانس لە ئاسیا (وباکووری ئەفەریقیا) دا رووی نەدا؟ وهێشتا تیۆری کەشوهەوای گەرمەسێریی خراپ، لە باسوخواسەکانی مێژوونووساندا بەکار دەبرێت. بە نموونە، دەبینین لە باسەکانی جۆنز لە سەر پەرجووی ئەوروپاییدا بایەخی پێدراوە. هەروەها گرنگ دادەنرێت لە بوارێکی تایبەتدا، ئەویش بریتییە لەو دیمانانەی لە نێوان مێژوونووساندا لە سەر کۆیلایەتیی ئەفەریقیا و بازرگانیی کۆیلە و سیستمی کشتوکاڵی بەرپا لە سەر کۆیلە ساز دەکرێن. بە پێچەوانەوە، جوگرافیناسەکان کە زانیارییان هەیە لە سەر ژینگەی سرووشتی ململانێی نێوانیان و نێوان تیۆرە بێ چەند و چوونە ژینگەییاکاندا بۆ ماوەیەکی تولانی توندبووەوە و بە جدی دەستوپەنجەیان لەتەک تیۆری کەشوهەوای گەرەمسێری خراپدا نەرم نەکرد.[٨٩]

تیۆری کەشوهەوای خراپی گەرمەسێر، سێ ئاراستەی لاوەکیی تایبەت لەخۆ دەگرێت. یەکەمیان پەیوەستە بە ئیدعای کاریگەریی خراپی کەشوهەوا گەرمەسێرییە گەرم و شێدارەکان، لە سەر ئەقڵ و جەستەی مرۆڤ. وەلێ دووەم پەیوەستە بە پلەی دووەم لە کەشوهەوا گەرمەسێرییەکان کە لە رووی بەرهەمی خۆراکەوە هەیانە. سێیەمیش پەیوەستە بەوەی ئیدعای ئەوە دەکات، نەخۆشی لەو هەرێمانەدا بڵاودەبێتەوە. تا چلەکان و دەوروبەری، هەندێ لە دووفاقی لە نێوان ئەوروپاییەکاندا هەبوو، سەبارەت بە بۆچوونی ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت بە لێهاتوویی لە کەشوهەوای گەرمەسێری شێداردا، وەکو کەشوهەواکانی دیکە کاربکات. بۆچوونی زۆرینە ئەوەبوو کە ئەفەریکییەکان ناتوانن لە ژێر تیشکی گەرمی خۆردا کار بکەن و ئەوەیش- پاساوێکی گونجاوە

٨٩. بڕوانە:.Blaut، “The Ecology of Tropical Farming Systems” (1963).

بۆ کشتوکاڵی بەرپا لە سەر کۆیلە– وەلێ بەلای ئەوروپاییەکانەوە هەمان توانست نییە، ئەویش وێڕای بوونی هەندێ باسوخواسی تیۆری بڵاوبوونەوەی بەرپا لە سەر بیرۆکەی ئەوەی بارودۆخی گەرمەسێر دەبێتە هۆی سستی و خاوبوونەوە و...هتد بەلای هەموانەوە. بۆیە نیاز بۆ کۆنترۆڵکردنی لە دوورەوەی شارستانییەکان کە کەشوهەوای فێنکیان هەیە هەڵقوڵا. هێدی هێدی لە ڕێگەی چەندین سەرچاوەوە لە بەڵگەکان، بە توێژینەوە فسیۆلۆژییەکانیشەوە روون بووەوە کە جەستەی مرۆڤ بە گشت رەنگەکانییەوە، دەتوانێت بە لێهاتووی لە ناوچە گەرمەسێرەکاندا، وەکو شوێنەکانی دیکە کار بکات. ئەمە ئەگەر کاتی تەواو بدرێت بەو جەستانە، بۆ ئەوەی خۆیان لەتەک بارودۆخ و کەشوهەوای گەرمەسێردا بگونجێنن.[90] وێڕای ئەو ئیدعایەی پێیوایە، خەڵکی لە هەرێمە گەرمەسێرە شێدارەکاندا، ناتوانن بە هەمان رادەی لێهاتوویی خەڵکانی هەرێمە فێنکەکان بیر بکەنەوە– خۆری ناوچەکانی یەکسانەهێڵ "ئەقڵ خاو دەکاتەوە"[91]– ئەو ئیدعایەی کە ئەوروپاییەکان لە سەدەی رابردوودا ئافەرینیان کرد کە پەیوەستبوو بە هەندێ تیۆرگەلی زانراو، لە سەر باڵادەستیی شارستانیی ئەوروپایی (بە نموونە لەتەک هانتنگتۆن و مارکارم) لە نیوەی یەکەم لە سەدەی بیستەمدا. وەلێ ئێستا ئەم تیۆرە رووبەڕووی رەتدانەوە بۆتەوە، چونکە بە بەڵگە نەسەلمێنراوە. ئێریک جۆنز یەکێکە لە مێژوونووسە ئەوروپاییە هاوچەرخەکان کە نازانن تیۆری "وزەی کەشوهەوا" (بەوجۆرەی لە کۆندا ناودەبرا) پوچەڵکراوەتەوە.

---

٩٠. بە نموونە، بڕوانە:

Collins and Roberts، eds.، Capacity for work in the tropics (1988)

کە شکست دەهێنێت لە دۆزینەوەی بەڵگەی قەناعەتپێکەر کە پێشنیازی کاریگەرییە خراپەکانی گەرمەسێری دەکات.

٩١. خاوبوونەوەی ئەقڵ: دەستەواژەیەکی مەجازییە، ئاماژە بۆ گەرمیی زۆری خۆر و کاریگەریی لە سەر توانستی جەستەی مرۆڤ بۆ کارکردن و رامان دەکات.

جۆنـز تەنـێ راسـتی و دروسـتیی ئـەم تیـۆرە پەسـەند نـاکات، بەڵکـە گرنگییەکـی زۆری پێـدەدات، ئـەو دەڵێـت:

> شارستانییەکان خەملێـن و لـە ناوچـە فێنکەکانـی پانهێڵـدا لـە دێـر زەمانـەوە داڕوخـان، ئەویـش وێـڕای ئـەوەی وا دەردەکەوتـن، وەکـو بڵێـی زیاتـر و زیاتـر هەمیشـە بـەرەو باکـوور لـە جوڵەدابـن. دیـارە، راڤەکردنـی ئـەوە بـەو جـۆرەی توێژینەوەکانـی جـاران دەیانخسـتە روو، بـە پلـەی یەکـەم بـە کەشـوهەوایی دادەنـرا. (گیلفیـلان ١٩٢٠: لامبیـرت ١٩٧١). لەلایەکـەوە تێکـڕای پلـەی گەرمـا و تێکـڕای بەرهەمـی وزەی مرۆیـی پێکـەوە دەبەسـتێتەوە و لەلایەکی دیکـەوە ئیدعای ئەوە دەکات، مـرۆڤ لـە ناوچـە فێنکەکانـدا، رووبـەڕووی نەخۆشـیی مشـەخۆرەکان دەبـووەوە، ئـەم پرسـەیش بـووە هـۆی ئـەوەی ئـەم کۆمەڵگانـە، بـە حاڵەتێـک لـە وەسـتان لـە نەشـونماکردن و دواتـر بـە چەقبەسـتن بگـەن.[٩٢]

ئـەوەی لێـرەدا شایسـتەی ئاماژەبۆکردنـە ئەوەیـە، "توێژینـەوە کۆنـەکان" پشـتگیری لـە هیـچ یەکێـک لەمانـە ناکـەن. هەمیشـە توێژینـەوە ئەکادیمییـەکان تیـۆری "وزەی کەشـوهەوایی" رەتدەکەنـەوە کـە هـەر لـە پەنجاکانـەوە بـە جدی بەرگـری لێیاننەکـردووە. بـێ چەندوچۆنیـی کەشـوهەوا وەکـو کـۆ، بـە وتارێـک دادەنرێت کە کۆتایی پێهاتبێت. هیچ "گواسـتنەوەیەک" بۆ شارسـتانی روونەداوە (شارسـتانییە کۆنـەکان کەوتوونەتـە سـەر پانهێڵـی ٤٥ لـە یەکسـانەهێڵا). دیـارە

---

٩٢. دوو بەڵگەی:
Colfillan، "The cold ward course of progress،" 1920، and Lambert، "The role of climate in the economic development of nations،" 1971.

گوزارش لە ئەدەبی نوێی توێژینەوەی ئەکادیمی دەکەن.

بیرۆکـەی پڕبوونـی هەرێمـە گەرمەسـێرەکان بـە مشـەخۆر کـە دەبێتـە هـۆی چەقبەسـتنی فەرهەنـگ، بـە بیرۆکەیەکـی هەڵـە دادەنرێـت (دواتـر گرنگـی بـەم بیرۆکەیـە دەدەیـن). بـڕوای گشـتیی جۆنـز بـەوەی کەشـوهەوا گەرمـەکان، بریتییە لـە کەشـوهەواگەلێ دەبنـە هـۆی "سسـتی و لاوازی"، لەلایـەن ئەکادیمییـەوە پاڵپشـتێکی گـەورەی نییـە و دواتـر پشـتگیری لـەو بیرۆکەیـە نـاکات، گوایـە کەشـوهەوای ئەوروپـا بۆتـە هـۆی پەرجـووی ئەوروپایی.[٩٣] هیـچ بنەمایەکمـان نییـە تـا باسـوخواس بکەیـن لـە سـەر ئـەوەی کەشـوهەوای پانهێڵەکانـی ناقیـن لـە کەشـوهەوا یەکسـانە هێڵـەکان، سـەبارەت بـە کاریگەریـی دەروونـی و جەستەیی لـە سـەر مـرۆڤ باشـتربێت.

تویـژەرە ئەکادیمییـە ئەوروپاییـەکان لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا، باسـی بیرۆکـەی ژینگەکانـی راسـتەهێڵیان کـرد. هەندێکیـان باسـی ئەوەیـان کـرد، هەرێمەکانـی ناوچەی راسـتەهێڵ سـەوزەڵان و دەوڵەمەندن. وەلێ ئەم پێشـنیازەیان بەکارهێنا، نـەک وەکـو بنەمایـەک بـۆ جەختکـردن لـە سـەر دەرەتانـی گەشـەکردنی زۆر، وەلـێ بـە پێچەوانـەوە، ئەویش ئەوەبـوو چۆن ژینگەکانـی راسـتەهێڵ تـا رادەیەک دەوڵەمەندبوونـە، ئـەوە نەورووژێنێـت کـە ئەرنۆڵـد توینبـی بـە بەرهەڵسـتکاریی پەنهانـی مرۆڤایەتـی نـاوی نـا. بۆیـە، گەشـەکردن رووی نـەدا، تەنـێ لـە ژێـر سەرپەرشـتیی کۆلۆنیالیسـتیدا نەبـێ. دواتـر لـەم بەنـدەدا، مامەڵـە لەتـەک ئـەم پرۆسـەیەدا دەکەیـن. دیـارە لێـرەدا گرنگیدانمـان لـە سـەر پرۆسـە تـەواو پێچەوانەکـە چڕ دەبێتـەوە کـە بـە سـادەیی، جەخـت لـەوە دەکات کـە ژینگەکانـی راسـتەهێڵ نغـرۆی هەژاریـی دەرەتانـە کشـتوکاڵییەکانیان و ئەمەیشـە رێگـە لـەو هەرێمانـە دەگرێـت گەشـە بکـەن. (دیـارە دەسـتەواژەی "هەرێمـە شـێدارەکانی

٩٣. بەپێـی جۆنـز «کەشـوهەوای لاوازی» هینـد یەکێکـە لـە هۆکارەکانـی دواکەوتنـی هینـد» و ئـەوەی لـە دوای ئەوروپـاوە بێـت:

Jones، The European Miracle (1981)، p. 198.

راستەهێلاً" ئاماژەیە بۆ ئەو هەرێمانەی وەرزی ساردیان تیادا نییە و تێکڕای بارینی باران مامناوەندی تا بەرزە، بە نزیکەی ٧٥٠ ملیمەتر لە بارانی ساڵانە. زۆربەی ناوچە رووتەنی و نیمچە بیابانییەکانی ئەفەریقیا، هەروەها ناوچەکانی باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا و زۆربەی باشوور و ناوەڕاستی ئەمەریکا) دەکەونە ناو هەرێمە شێدارەکانی راستەهێڵەوە. بەپێی ئەم پرۆسەیە، ناکرێ لە پارچە زەوییەکی دیاریکراو لەم ناوچە شێدارانەی راستەهێڵدا، خۆراکی زۆر بەرهەم بهێنرێت.

ئێستا ئەستەمە بەپێی ئەم بەڵگانە، پشتگیری لەم پرۆسەیە بکرێت – بەرهەمی کەمی کشتوکاڵی لە ناوچەکانی راستەهێڵدا– چونکە چڕیی دانیشتوان لە ناوچە شێدارەکانی راستەهێڵدا، لە نێوان یەجگار نزم (لە دەشتاییەکانی رووباری ئەمازۆن بە نموونە) تا بەرز (لە جاوا، بەنگلادیش، سلڤادۆر، بەربادۆس، رواندا و هەرێمگەلی زۆری دیکە). ئەم باسە پشت بە تیۆرێک لە سەر سرووشتی خاک، لە ناوچەکانی راستەهێڵدا دەبەستێت. بۆ ئەوەی پرسەکان لە شوێنی خۆیاندا دابنێین، توێژینەوەی زانستی بۆ خاکی ناوچەکانی راستەهێلاً، بە بوارێکی توێژینەوەی یەجگار نوێ دادەنرێت، چونکە بەشداریی کەممان هەیە کە دەرەنجامەکانیان سنووردارن، بۆ بەر لە دووەمین جەنگی جیهانی دەگەڕێنەوە، ئەمەو ئەگەر ئەو توێژینەوە تایبەتانەمان، لە سەر خاکی بەکارهاتوو لە دانەوێڵە کشتوکاڵییان و بەتایبەتی لە قامیشە شەکر دوورخستەوە.[٩٤] دیارە، دەکرا زانیارییە گرنگەکانی تایبەت

٩٤. لە نێوان کارە پێشەنگەکان کە گرنگییان هەیە سەبارەت بە کشتوکاڵیی جووتیاران، دەتوانین ناوی ئەمانە بهێنین:
Fred Hardy's "Some Aspects of tropical soils" (1936)
و هەندێ لە بابەتە جۆراوجۆرکانی Robert Pendeleton ی راکو Tropical Agriculture بەتایبەتی:
Pendleton، "Land use in North-Eastern thailand،" 1943، and Prescotr and Pendleton and Lateritic Soil، 1952، and G. Milne "A Soil reconnaissance Journey through parts of Tanganyika Territory" (1947).
یەکەم کتێبی توێژینەوەی گشتگر لە سەر خاکی ناوچەی راستەهێڵ زانیارییەکی نوێ بەرجەستە دەکات کە بریتییە لە:
Mohr and Van Baren، Tropical SAoils (1954).

بـە سـەلماندن، یـان نەسـەلماندنی تیـۆرە تەقلیدیـەکان دەسـتەبەر ببـن، لـە ڕێگـەی گـەڕان لـە چەندیـن مەڵبەنـدی توێژینـەوە، لـە کۆتایـی چلـەکان و دواتـر، دوای ئـەوە هێـدی هێـدی لـە کۆمەڵگـەی ئەکادیمیـدا بڵاوبـووەوە. دەرەنجامەکـە ئەوەبـوو کـە هەنـدێ لـە مێژوونووسـان (لـە نێوانیانـدا نووسـەرانی ئەمێسـتا لـە سـەر "پەرجووەکـە") دەتوانـن تـا ئێسـتا تیـۆرە جوانـەکان، لـە سـەر سرووشـتی خراپـی ئیدعاکـراو بـۆ خاکـی ناوچەکانـی راسـتەهێڵ بەکارببـەن. هەنـدێ لـەم تیۆرانـە بەمدواییـە پوچەڵکرانـەوە و هەندێکیـان ئێسـتا لـە قۆناغـی ڕەتدانـەوە نزیـک بوونەتـەوە و هەندێکیشـیان هێشـتا وەکـو قەڵایەکـی پۆڵاییـن، لـە بـواری توێژینـەوە ئەکادیمییەکانـدا ماونەتـەوە، چونکـە تـا ئێسـتا بـەدرۆ نەخراونەتـەوە. ئەمـە داوامـان لێـدەکات لـە سـەر ئـەم تیۆرانـە لـەم خاڵـە لـە باسوخواسـدا، قسـەی هونەریـی کورتمـان هەبێـت.

دیـارە، تیـۆرە کلاسـیکییە کۆنەکـە، لـە سـەر خاکـی ناوچەکانـی راسـتەهێڵ دەڵێـت، گوایـە بـە هـۆی گەرمـای زۆر و بارانـی زۆر لـە ناوچـە شـێدارەکانی راسـتەهێڵدا، خاکەکـەی ناتوانێـت چینـی سـەرەوەی ئۆرگانـی کەڵەکـە بـکات، ئەویش بـۆ شـیکردنەوەی مـڕادە ئۆرگانییـەکان بـە خێرایی کە بە هـۆی دزەکردنی ئـاوی بـاران تیایدا خێـرا دەپاڵێورێـت. بۆیـە لـە رووی توخمـە خۆراکییەکانـەوە، خاکـی ناوچەکانـی راسـتەهێڵ بـە هـەژار دادەنرێـت. هەروەهـا رووبـەڕووی فاکتـەرە توندەکانـی رووتەنـی دەبێتـەوە. لەلایەکـەوە بـە هـۆی لێژیـی زەوی لـە ناوچەکانـی راسـتەهێڵ و لەلایەکـی دیکـەوە بـە هـۆی بارینـی بارانـی زۆر، ئەمەیـش کاریگـەری لـە سـەر خـاک دەبێـت و دەبێتـە هـۆی راماڵینـی توێـژی سـەرەوەی.

ئـەو دوو گریمانـە بنەڕەتییـە، لـە سـەر بەپیتبوونـی خـاک و رووتبوونـەوەی، لەتـەک گریمانەیەکـی فەرهەنگیدا، لە ڕێگەی باسوخواسـی داهاتـووەوە جووتکران. بـە هـۆی کەمپیتـی و تووشـبوونی خاکـی ناوچەکانـی راسـتەهێڵ بـە راماڵیـن،

پێویستە لە سەر جووتیاران دەست بدەنە ئەوەی بە "کشتوکاڵیی جێگۆڕکێ" ناودەبرێت. (سیستمێکی کشتوکاڵییە، تیایدا کێڵگە لە ڕێگەی چۆڵکردنی پارچەیەک لە دارستان بە سووتاندنی ئامادە دەکرێت، دواتر دوای ڕەتبوونی ساڵێک یان دوو ساڵ، واز لەم زەوییە دەهێنن و ڕوو دەکەنە چۆڵکردنی پارچەیەکی دی و بەمجۆرە لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا، لە گواستنەوە و جێگۆڕکێ لە ناو کێڵگەکاندا). دیارە تیۆری تەقلیدی (بەو جۆرەی بەر لە پەنجاکان و ئەو دەوروبەرە خرایە ڕوو) زنجیرەیەک لە گشتاندن، لە سەر کاریگەرییە بەکۆمەڵەکانی خاکی ناوچەکانی ڕاستەهێڵی بێ پیت پێشکەش دەکات، ڕووبەڕووی هۆکارەکانی ڕاماڵین و کشتوکاڵیی جێگۆڕکێ بووەوە. ئیدعای ئەوە کرا، جووتیاران نەیانتوانی بۆ پارچە زەوییە ئەسڵییەکە بگەڕێنەوە، دوای ئەوەی بە وەردی بۆ چەند کاتێک هێشتییانەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی خاکەکە یەجگار هەژارە، ئەمەیش لە دەرەتانی نوێبوونەوە و بووژانەوەی کەمدەکاتەوە، چونکە سووتاندنی زەوی دەبێتە هۆی ئەوەی بەتەواوی خاکەکە نابوت ببێت. تەنانەت لە ژینگە دەوڵەمەندەکانیشدا کە جووتیاران دەتوانن بگەڕێنەوە بۆی و دووبارە بەکاربهێننەوە، تێبینی دەکەین هێدی هێدی لەتەک بەردەوامیی زنجیرەی کشتوکاڵ و چۆڵکردن و گواستنەوەدا، بەرهەم کەمدەکات و خاکەکە هەژار دەبێت، تا دەگاتە قۆناغی بێ کەڵکبوون بۆ بەکارهێنان. هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە گوندنشینەکان، هەرگیز توانستی ئەوەیان نەبێ، بۆ هەمیشە لە یەک هەرێمدا بمێننەوە و ئەوەی کە خودی ئەو گوندانە دەگوێزنەوە بۆ شوێنی دی، هەرجارێ ڕووبەرێکی زۆر لە دارستان بەکارببەن، دواتر جێیدەهێڵن بۆ گەڕان بە شوێنی خام و بەکارنەهاتوودا کە دەکرێ بۆ کاری چاندن چاکسازی بکرێت. بەوەیش دەرەنجامەکە وێرانکەر دەبێت. کۆمەڵەی دانیشتوانی پەرشوبڵاومان

دەبێت کە پشت بە کۆچکردن دەبەستن، لەتەک دەرفەتێکی کەم کە هەر وەکو ئەوەیە نەبێ، بۆ گەشەپێدانی بازرگانی بە شێوەیەکی فراوان، لە نێوان شارەکان و وڵاتە سەقامگیرەکاندا.

لەم ئاستەدا کوێرانە خۆیان لەو باسوخواسانەوە ئاڵاندووە کە لە سەر مێژوو و جوگرافیای جیهان ئەنجامدراون. زۆربەی ناوچە ئەفەریقیاییە رووتەنی و نیمچە بیابانییەکان دەکەونە ناوچەی راستەهێڵەوە. بۆیە پێویستە کشتوکاڵیی جێگۆڕکێ بەکارببرێت و بەوەیش هەرگیز گەشەکردن لە ئارادا نابێت. تەنانەت ئەگەر شارستانییەک توانیبێتی دەربکەوێت، ئەوا درەنگ یان زوو هەرەس دەهێنێت. (هەرەسهێنانی شارستانیی تەقلیدیی مایا کە زەوییەکەی نزمانی بوو، هەمیشە وەکو بەڵگەیەک بەکار دەبرێت، بۆ ئەم دەرەنجامە مێژووییە و هێشتا تا ئێستا هەندێ لە توێژەران بەکاریدەبەن).

ئەم مۆدێلە تەقلیدیەی خاکی ناوچەکانی راستەهێڵ و کشتوکاڵی جێگۆڕکێ بە شێنەیی راستدەکرانەوە، هەرکاتێ زانیاریی زۆرتر، لە بواری خاک و کشتوکاڵی لە ناوچەکانی راستەهێڵ، لە بەردەستی توێژەراندا ببوایە. بە گەیشتنی شەستەکان، ئیتر بۆ کۆمەڵگەی پسپۆڕ زانربوو (وێڕای ئەوەی کە بۆ زۆربەی مێژوونووس و کۆمەڵزانەکان وەها نەبوو) کە کشتوکاڵیی جێگۆڕکێ، لە سایەی بارودۆخی سرووشتی و نموونەیی و بڵاودا، خاک وێران ناکات.[٩٥] جووتیاران کە پشت بە کشتوکاڵیی جێگۆڕکێ دەبەستن، بە هۆی خراپبوونی خاکەوە گوندەکانیان ناگوێزنەوە. (زانراوە کە کشتوکاڵیی جێگۆڕکێ، بۆ چەندین سەدە لە ئەورووپا بڵاوبووەوە و هیچ زیانێکیشی بۆ ژینگە نەبوو). لێرەدا فیکرێکی فەرهەنگیی دیکە دەرکەوت، ئەویش ئەوەیە،

٩٥. بڕوانە:
Nye and Greenland، The soil under shifting cultivation (1960)، Blaur، "The nature and effects of shifting agriculture" (1962)، Ahn، West African Soils (1970).

ئەگەر چڕیی دانیشتوان نزم بێت، تەنانەت جووتیارانیش دەتوانن بۆ چەندین ساڵی دیاریکراو و خوازراو کێڵگەکان جێبهێڵن، بۆ ئەوەی خاک بتوانێت، کەرەتێکی دی ببووژێتەوە. کەواتە کشتوکاڵیی جێگۆڕکێ وەکو سیستمێکی کشتوکاڵی دەمێنێتەوە کە هاوسەنگی بەدیدەهێنێت و دواتر هەرگیز لە سەر کاتی درێژخایەندا شتێک بە ناوی خراپبوونی ژینگە نابێت.

تەنانەت ئەم راستکردنەوەیەیش هەرگیز لە بڕیاری مێژوو لە سەر ئەفەریقیا و هەندێ هەرێمی ناوچەکانی راستەهێڵی دیکە ناگۆڕێت: هێشتا هەندێ لە مێژوونووسان بڕوایان وایە، هەر شارستانییەک کە لەم ناوچانەی راستەهێڵدا بەرپاببێت، ناتوانێت، لە سایەی بارودۆخی ئاساییدا، بە پلەیەک لە بەرزی بگات، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە کەمیی ژمارەی دانیشتوان لە بەرهەمهێنەکانی خۆراک وا دیارە ناتوانێت بنەما بۆ بونیاتنانی شارستانییەکی کاریگەر فەراهەم بکات و ئەوەی لەمە دەکەوێتەوە لە هەبوونی مەڵبەندگەلی شارستانی و نێوەندگەلی ئایینی و وڵاتان و شتی لەو بابەتە. (وەکو ئەو حاڵەتەی لە شارستانیی مایادا هەیە کە زەوییەکانی لە نزمامییدان، هەندێ لە مێژوونووسان بەردەوامن لە سەر ئیدعای ئەوەی، کشتوکاڵیی جێگۆڕکێ هۆکار بوو لە پشتی خراپبوونی هۆکارەکانی مانەوەی ئەم شارستانییە، لە کاتێکدا هەندێکی دی ئیدعای ئەوە دەکەن، هەرەسهێنان و کۆچی مەڵبەندە فەرهەنگییەکانی وەکو تیکاڵ[٩٦] بە هۆی پرۆسەگەلی دیکەوە بوو). بەهەر حاڵ، سەروەریی بۆچوونی ماڵتۆس لە سەر جووتیاران، بووە هۆی گریمانەیەکی گشتی، بەوەی ژمارەی دانیشتوان لە دەرەوەی چێوەی کۆنترۆڵکردندا نەشونما دەکات و ئەوەی کە رەنگە هەرێمەکانی کشتوکاڵیی جێگۆڕکێی ناوچەکانی راستەهێڵ، لە ناوچەگەلی وەکو ئەفەریقیادا گەشە نەکات.

٩٦. تیکاڵ: شارێکی کۆنە نێوەندێکی فەرهەنگیی بوو لە شارستانیی مایا «گواتیمالای ئێستا».

دیاره، هێشتا مۆدێلەکە بەم شێوەیە لە نێوان مێژوونووساندا بوونی هەیە و لە ئەدەبی پەرجووی ئەوروپاییدا، بە شتێکی باو دادەنرێت، وەکو بنەمایەکی ژینگەیی بۆ ئیدعای ئەوەی ئەفەریقیا ناتوانێت بە هەمان شێوەکەی ئەوروپا "رێنیسانس" بکات. دەبینین ئەمە لە کارەکانی هەندێ لە مێژوونووسە نائەفەریقیاییە پسپۆڕەکان لە کاروباری ئەفەریقیادا روونە.[97]

ئێستا بەڵگەمان بەدەستەوەیە، یارمەتیمان دەدات بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو تیۆرە کە بەرپایە لە سەر چەمکی ئەوەی خاکی ناوچەکانی راستەهێڵ بە کەڵکی کشتوکاڵ نایەن، بۆیە ئەمە لە بەردەم گشت پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا، دەبێتە هۆی ئەستەنگ. یەکەم، ئێستا دەزانین خاکی ناوچەکانی راستەهێڵا، لە پلەیەکی نزمتردا نییە، جیاوازە بە هۆی تێکڕای بەرزی فاکتەرە کەشوهەوایی و کیمیاوییەکانەوە، لە ژێر هەلومەرجی شێداری ناوچەکانی راستەهێڵدا. بەرهەمی خاک لە بەردە ژێرەکییەکانەوە، لە کەشوهەوا ساردەکان خێراترە. بۆیە خاک بەپیتبوونی خۆی بە رادەیەکی گەورە لە توانەوەی کانزاکان و بە رادەیەکی کەمتر لە کەڵەکەبوونی مژادە ئۆرگانییەکان دەپارێزێت. ئیتر فاکتەرەکانی راماڵین بەو ئاراستەدا دەڕۆن کە ترسناکترین، وەلێ توانستی خاکی ناوچەکانی راستەهێڵ بۆ نوێبوونەوە خێرایە. دیارە خاکی ناوچەکانی راستەهێڵ کە پێکهاتووە لە بەردە دەوڵەمەندەکان، بەو کانزایانەی دەبنە حۆراک بۆ رووەکەکان گەلێ بەپیتە. وەلێ ئەوانەی لە سەر بەردە نادەوڵەمەندەکان بە مژادە خۆراکییەکان پێکهاتوون بێپیتن. هیچ بنەمایەک بۆ بەراورد لە نێوان "تێکڕا"ی ناوچەکانی راستەهێڵ و ناوچە کوێستانییەکاندا نییە. هیچیان لەوی دیکەیان باشتر نین، ئەو دوانە جیاوازن.

---

٩٧. بڕوانە:
Way of death (1988)، Curtin، The rice and fall of the plantatiar complex roberrs، The hutchinson history of the world (1987)، pp. 54-56، McNeill، A Worli history (1967)، pp. 273-278.

هەروەها ئەو بەڵگەیەمان بەدەستەوەیە کە بۆ ڕەتدانەوەی بۆچوونە کۆنەکەی تایبەت بە کشتوکاڵیی جێگۆڕکی یارمەتیمان دەدات. چونک جووتیاران لە خاکە هەژارەکان و لاوازەکاندا بەکاریدەبەن، لەتەک ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاگرەکان لە ژێر کۆنترۆڵدابن. ئەوان ژمارەیەکی زۆر لە تەکنۆلۆژی، بە کۆدی ئاژەڵی و رووەکییەوە، بۆ یارمەتیدانی ژیانی سرووشتیی رووەک، بۆ نوێبوونەوە و بۆ زیادکردنی بەپیتبوونی خاک لە کێڵگە چێنراوەکاندا بەکاردەبەن. کاتێ کەموکورتی هەبێت لە زەویدا، ئەوا خولی جێگۆڕکێکە کورت دەکرێتەوە، بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زۆر، لەتەک بەکارهێنانی هێزی کاری پتر لە کارەکانی وەکو لابردنی گژوگیا زەرەرمەندەکان و بەکارهێنانی بنەتۆوی دانەوێڵەی جۆراوجۆر و شتی زۆری دیکەی لەو بابەتە.[٩٨] دیارە پێوەندیی لە نێوان کشتوکاڵیی جێگۆڕکێ و چڕیی دانیشتوانی نزمدا، بۆ فاکتەرگەلی مێژوویی نەک ئیکۆلۆژی دەگەڕێتەوە. ئەمە لە بەشێک لە هەردوو ئەمەریکا، لە ژمارەی دانیشتوانی دوای کۆلۆمبسدا ڕەنگدەداتەوە. (پێدەشتەکانی ئەمازۆن کە ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ملیۆنێکە کە ڕەنگە لە ١٤٩٢دا، حەوت ئەوەندەی ئەم ژمارەیە بووبێت).[٩٩] لە بەشێکی دیکەدا، گوزارش لەو حەقیقەتە پشتگوێخراوە دەکات کە جووتیاران لە زۆربەی هەرێمەکاندا، لە کێڵگە گەورە ئەمەریکییەکانی ناوچەکانی راستەهێڵدا، مەڕومالاتیان لە زەوییە باشەکان دوورخستەوە، ئەمەیش دەرفەتێکی بۆ سەرهەڵدانی ئامارگەلێ ڕەخساند، گوزارش لە چڕیی نزمی دانیشتوان بکەن: ئیتر مەڕومالات شوێنی مرۆڤیان گرتەوە.[١٠٠] هەمان پرۆسە رووی دا لەو هەرێمانەی کە سپیپێستەکان تیایاندا

---

٩٨. بڕوانە:
Wilken، Good Farmers: TraditionalAgricultural Resource Management in Mexico and Central America (1987)، also Nye and Greenland، The soil under shifting agriculture (1960)، Blaut، “The ecology of tropical farming sysrems” (1963).

99. Denevan، The Native Population of the Americas in 1492 (1976).

١٠٠. بڕوانە: Cockburn and Hecht، The Fate of the Forest (1989).

نیشتەجێ بوون، لە ناوچەگەلی دیکە لە ناوچەکانی راستەهێڵ. لە ئەفەریقیادا زۆربەی جووتیاران شێوازگەلێ لە کشتوکاڵ پێڕەو دەکەن کە نابێ بەوە وەسف بکرێن کە کشتوکاڵیی جێگۆڕکێن، جگە لەو هەرێمە پەراوێزانەی وەکو دەوروبەری چیاکان و زەوییە نیمچە چۆڵ و خاپوورەکان نەبێ.[١٠١] ئەمانە گەلێ جار سیستمگەلی کشتوکاڵیی دیکەی، وەکو گۆلە بەتاتەی شیرینی نیمچە هەمیشەیی و چاندنی نەمامی درەختەکان یان کشتوکاڵ بەراو یان کشتوکاڵیی تێکەڵ بەکاردەبەن، یاخود بریتین لە سیستمگەلێ تیایاندا ماوەی کشتوکاڵی ماوەی بوار تێدەپەڕێنێت، هەروەها تیایاندا پارێزگاری لە بەپیتبوون دەکرێت، لە رێگەی چەندین پراکتیزەکردنی جۆراوجۆرەوە، لەوانە بەکارهێنانی کۆدی ئاژەڵی و رووەکی. وەلێ ئەو گشتاندنەی گرنگترە، بریتییە لەم شتە سادەیە: لە هەر شوێنێکدا رامالین و داخورانی خاک و برسێتی و کشتوکاڵیی هەژارتر هەبوو، ئەوە گوزارش لە هۆکارگەلی فەرهەنگی لە مێژووی نوێ، یان لە مێژووی کۆلۆنیالیستی دەکات و گوزارش لە لایەنگەلی کەموکورتیی پەنهان لە کشتوکاڵی لە ناوچەکانی راستەهێڵ ناکات، هەروەها گوزارش لە نەزانییەکی تەکنەلۆژی ناکات لەلایەن جووتیارانەوە.

هەندێ لە مێژوونووسان چەند تیۆرێکی جۆراوجۆر دەهێننەوە، لە سەر شێمانەی کەمیی بەرهەمهێنانی خۆراک لە ناوچە شێدارەکانی راستەهێڵدا، بە شێوەیەکی گشتی و ئەفەریقیا بەتایبەتی. هەندێکیان ئیدعای ئەوە دەکەن، ئەفەریقاییەکان توانستی ئەوەیان نەبووە، تەنانەت لە هەرێمە شێدارەکانی ناوچەکانی راستەهێڵدا کشتوکاڵ بکەن، تا ئەوەی لەلایەن نائەفەریقاییەکانەوە تەکنەلۆژیا داهێنرا و لە کیشوەرەکەیاندا بڵاوبووەوە. یەکێک لە شێوەکانی

١٠١. ئەو ناوچە پەراوێزانە زۆربەیان بریتین لە هەرێمگەلێ کە کشتوکاڵیان تیادا دەکرێت، بە باشتری دەزانن لە سیستمێک کەمتر چڕ بێت لە بەکارهێنانی زەویدا، ئەویش لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە مرۆییەکان لە زەوییە نوێکان دوورخرانەوە، لە رێگەی هێزگەلی مێژوویییەوە کە لە بنەڕەتدا بریتین لە کۆلۆنیالیستان.

ئەم باسە ئیدعای ئەوە دەکات، کاری ئاسن لە پتر لە ٢٠٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە هێنراوەتە ئەفەریقیاوە، رەنگە لە رێگەی رۆمانەکانەوە بووبێت و تەنێ ئەوسا ئەفەریقیاییەکان توانستی ئەوەیان هەبوو، چارەسەری دارستانەکانی ناوچەکانی راستەهێڵ بکەن.[١٠٢] چونکە کشتوکاڵی جێگۆڕکێ لە ئەورووپای کۆندا، بە ئامێری بەردین جێبەجێکراوە و چونکە کارەکانی ئاسن لە ئەفەریقیادا سەریهەڵدا- رەنگە دوای داهێنانی سەربەخۆ- دەوروبەری ساڵی ٨٠٠ی بەر لە زایین یان بەر لەوە، ئەم تیۆرە بە باتڵ دادەنێت.

تیۆرێکی سەیرترمان هەیە، لە سەر ئەو راستییە بونیاتنراوە کە هەندێ لە دانەوێڵەی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، بەر لە دوو هەزار ساڵ لە ناو خۆرهەڵاتی ئەفەریقیادا بڵاوببووەوە. هەندێ لە مێژوونووسەکان جەخت دەکەن، لە سەر زیندووکردنەوەی ئەوەی ئەفەریقیاییەکان نەیانتوانیوە لە دارستانەکانی ناوچەکانی راستەهێڵدا کشتوکاڵ بکەن، تا ئەوەی دانەوێڵەکانی ناوچەی راستەهێڵ لە سەر دەستی نائەفەریقیاییەکان راستکرانەوە، تا لە دارستانەکانی ئەفەریقیادا بە کەڵکی کشتوکاڵ بێن.[١٠٣] لە ماوەیەکی دوورەوە زانراوە، ئەفەریقیاییەکان هەستان بە راستکردنەوەی ژمارەیەکی

---

١٠٢. وەکو نموونەیەک بۆ دوو مۆدێلەکەی J. M. Roberts مێژوونووس لە ئۆکسفۆرد لە کتێبە بەناوبانگەکەی لە سەر مێژووی جیهان (son history of the world) ئەم راگەیاندنە بڵاودەکاتەوە کە بەڵگەیە بۆ نەزانی "رەنگە گرنگیی گەورە بۆ بڵاوبوونەوەی کاری ئاسن [لە ناوچەکانی راستەهێڵ لە ئەفەریکا] بریتی بێت لەو جیاوازییەی لە کشتوکاڵدا دروستیکرد. ئیتر وایکرد چوونەناوەوەی دارستان بڕەخسێت، کێڵانی نوێی زەوی. (کە دەکرێ ببەسترێتەوە بە گەیشتنی دانەوێڵەی نوێی کشتوکاڵی لە ئاسیاوە...)...ئەمە کەڕەتێکی دی پێشنیازی فاکتەری دیاریکەری گرنگی ژینگەی ئەفریکایی دەکات. زۆربەی مێژووی کیشوەرەکە بریتییە لە داستانی هاتن بەدەم کاریگەرییە دەرەکییەکانەوە [بە کاری ئاسن و دانەوێڵەی نوێوە.((p. 511-512"] جووتیارە ئەفریکاییەکان وەکو ئەوانی دی لە ئەورووپا و چەندین هەرێمی دیکە، کاری کشتوکاڵییان دەکرد بە بەکارهێنانی ئامێرگەلی بەردین، بەر لە بەکارهێنانی ئاسن و بەردەوامبوون لەوەدا کاتێ دەستکەوتنی ئاسن. لە چاخی کاری ئاسن لە ئەفریکای ناوچەکانی راستەرەهێڵدا ئەستەم بو. بە نموونە، بڕوانە:
Wai-Andah، "West Africa before the seven century" (1981) and Sinclair، "Archeology in Eastern Africa، (1991).

١٠٣. بە نموونە، بڕوانە:
Roberts (note 53 above)، also Irwin، "Sub-Saharan Africa،" in Garraty and Gay، eds. The Columbia History of the World (1981)، p. 299.

زۆر لـه دانەوێڵەکانیـان، بـۆ هەرێمەکانـی ناوچـە شـێدارەکانی راسـتەهێڵ و بـە دیاریکـراوی جۆرگەلێـک لـە پەتاتـەی شـیرین کـە لـەوێ بـە کاڵای خۆراکیـی سـەرەکی دادەنرێت.[١٠٤] ئـەم دوو بۆچوونـە پووچـەی تیـۆری بڵاوبوونـەوەە، وەکـو بڵێـی بەسـتراونەتەوە بـە بۆچوونێکـی گرنگـی کۆلۆنیالیسـتییانەوە، بە پاسـاوێکی گرنـگ بـۆ سیسـتمی رەگەزپەرسـتی لـە باشـووری ئەفەریقیـادا دادەنرێـت. ئـەم بۆچوونـە پێیوایـە، فەرهەنگـە ئەفەریقیاییـە گەشەسـەندووەکان لـە پـاڵ کشـتوکاڵ، بازرگانـی و وڵاتانـدا، بـەرەو باشـوور لـە نـاو کیشـوەرەکەدا فـراوان بـوون، لـە رووی مێژووییـەوە بۆچوونێـک و بڕوایەکـی کۆنـە، ئەویـش بـە هـۆی سرووشـتی ناهەمـواری لایەنـی راسـتەهێڵی کیشـوەرەکەیە کـە لـە بـەردەم رۆیشـتن بـەرەو باشـووردا ببـووە ئەسـتەنگ. بەپێـی بۆچوونـە پووچەکـەی ئـەم بۆشاییە (بڕوانـە بەنـدی یەکـەم) نەگەیشـتنە (زۆربـەی) باشـووری ئەفەریقیـا، لە کاتێکـدا ئەوروپاییـەکان ئـەم هەرێمەیـان کۆنتـرۆڵ کـرد و لایەنگرانـی بیرۆکـەی باڵادەسـتیی سپیپێسـتەکان لـە باشـووری ئەفەریقیـا ئیدعـای ئـەوە دەکـەن، لـە سـەر بنەمـای لەپێشـتربوونی سپیپێسـتەکان بـۆ گەیشـتن بـەم هەرێمـە، بـەوەی گوایـە سپیپێسـتەکان مافـی سیاسـی و ئابوورییـان هەیـە، بـۆ ئـەوەی ببـن بـە خاوەنـی باشـووری ئەفەریقیـا.[١٠٥] لـە راسـتیدا گەلانـی کشـتوکاڵی لـە ئەفەریقیـادا، هـەر لـە هـەزاران سـاڵەوە فراوانبـوون، چونکـە کنەکارییـە نوێکان دەریانخسـتووە، هەرێمـە باراناوەکانـی دارسـتان، لای کـەم سـێ هـەزار سـاڵ لەمەوبـەرەوە، جووتیـاران تیایـدا نیشـتەجێ بوونـە، بۆیـە یەکـەم سپیپێسـتەکان نەگەیشـتنە باشـووری ئەفەریقیـا.

١٠٤. بە نموونە، بڕوانە بە کاری کلاسیکیی:
Irvine، A Textbook of West African Agriculture (1934)، Coursey، Yams (1967).
١٠٥. بەپێـی، Jones, The European Miracle (1981 "گەلانـی رەشپێسـت...تا ئێسـتا بـەرەو رۆژهـەڵات و باشـوورۆ بـەرەو ناوچەکانـی بستەباڵاکان و بوشـمان دەڕۆن، کاتـێ جووتیـارە هۆڵەندییـەکان لـە سـییەکانی سـەدەی نۆزدەیەمـدا بـەرەو باکـوور کۆچیـان کـرد" (p.155). هەروەهـا بڕوانـە: Roberts The Hutchinson History of the World (1987)، p. 178

جۆرێکی دی لە بۆچوونی پڕوپوچی سرووشتی خراپی ناوچەکانی راستەهێڵ هەیە کە بە سەر ئەفەریقیادا پیادە دەکرێت. ئەویش ئەو تێگەیشتنەیە کە جیاوازیی تێکڕاکانی بارانبارین لە ناوچەکانی راستەهێڵی ئەفەریقیادا، بە شێوەیەکی وێرانکەر یەجگار بەرزە، تا ئەو رادەیەی، لە کاتگەلی دیاریکراوی بەر لە سەردەمی کۆلۆنیالیستیدا، بە شێوەیەکی جێگیر، رێگەی بە کاری کشتوکاڵی نەداوە، هەروەها قاتوقڕی بڵاوبۆتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە باسوخواس، لە سەر داکەوتوویی ئەفەریقیا. هەندێ لە مێژوونووسان پێیانوایە، (لە نێوانیاندا فیلیپ کورتین) کە ئاراستەیەکی بنەڕەتی هەبووە، بەرەو جموجوڵی دانیشتوانەکەی و بازرگانیی ناوخۆیی کۆیلە، سەبارەت بەوانی دی (لە هەموویان راشکاوانەتر باسی ئەمەی کردبێت جۆزێف میلەرە) کە دڕندەیی و هەروەها مرۆڤخواردن هەبووە.[١٠٦] ئەو مێژوونووسانەی لە مێژووی سێنترالیزمی ئەوروپاییی ئەفەریقیاییدا، بە خاوەنی "قوتابخانەی رەها" ناویان دەبەم کە ئەوروپاییەکان لە زۆربەی بەرپرسیارەتییەکانیان لە سەر کۆیلایەتی و کێشە نوێکانی ئەفەریقیا بێ بەریدەکەن، ئەویش لە رێگەی دۆزینەوەی راڤەکردنەکان بۆ وەها پرسگەلێک لە ناو خودی ئەفەریقیادا و گەلێ جار لە ژینگەی ئەفەریقیاییدا هەیە. مێژوونووسانی پەرجووی ئەورووپی بە رێکوپێکی ئەو باسوخواسانە بۆ مەبەستگەلی بەراوردکاری بەکاردەبەن. ئەوەتا حاڵەتی گۆڕانی تێکڕای بارانبارین کە لە گشت هەرێمە نیمچە بیابانییەکاندا، بە ناوچەی کەناریشەوە لە باشووری بیابانەکان لە ئەفەریقیادا و هەروەها پێدەشتە مەزنەکان لە ناوەڕاستی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ناوچەی ئەستبس لە روسیا و شوێنگەلی دیکەدا، بە کێشەیەکی ترسناک دادەنرێت. ئەفەریقیا بێ هاوتا نییە. دیارە

106. Curtin، Economic Chango in Pre-Colonial Africa (1975)، Curtin، The Rice and Fall of the Plantation Complex (1990)، Miller، Way of Death (1988).

ئەو ناوچانەی شێدارترن لەو کیشوەرەدا، کێشەیەکی تایبەتیان لە ئاڵۆزیی کەشوهەوادا نییە. ئەوە بۆچوونی پڕوپوچی مێژوونووسانە و ئەوە تەقلیدیە و سەر لەنوێ دوای قاتوقڕییە نوێکەی سۆدان و کەنار زیندووکراوەتەوە. ئەمەی دواییان گوزارش لە وشکەساڵی لە هەرێمەکەدا ناکات. بەڵکە گوزارش لە کێشەگەلی مرۆیی دەکات کە زۆربەیان لە ماوەی کۆلۆنیالیستییەوە بە میرات ماونەتەوە کە بوونە بە کارەسات، کاتێ خولی بارانبارین بە قۆناغە وشکەساڵییەکانیدا رەتدەبوو.[107]

هەمان ئەو باسوخواسانە، بەشەکانی دیکەیش لە ناوچەکانی راستەهێڵ دەگرنەوە. دەبینین لە ئاسیای باشوور و باشووری خۆرهەڵاتدا، کشتوکاڵیی بەردەوام و سەقامگیر لە زەوییە یەجگار بەپیتەکان و کشتوکاڵیی جێگۆڕکێ و تەنانەت نەمامی درەختەکان دەبینین لەو زەوییانەی کەمتر بەپیتن. دیارە ئەزموونی کۆلۆنیالیستی لە ماوەی دوو سەدەی رابردوودا، تا رادەیەک وێنەکەی شێواندووە، چونکە جموجووڵی دانیشتوانی و زۆربوونی دانیشتوانی بەرز لە هەندێ لە ناوچەکاندا هەبووە، ئەمەو جگە لە شێواندنی سیستمە کشتوکاڵییەکان، بە هۆی کەمیی زەوی و گوشاری ناژینگەیی دیکەوە. وەلێ هێشتا ئەم گشتاندنەمان هەیە سەبارەت بە ژینگە: ئەویش ئەوەیە بارودۆخەکانی ناوچەکانی راستەهێڵا، بە مانای وزەگەلی لاوازی کشتوکاڵی نییە.[108]

---

107. Wisner and Mbithi، "Drought in Eastern Kenya" (1974)، Wisner، Powe and Need in Africa (1989)، O'Keefe and Wisner، "African Drought: The State of the Game" (1975).

١٠٨. لێرەدا هەمان ئەو باسوخواسانە پیادە دەکرێن و بۆ کشتوکاڵی لە نیوەی رۆژئاوای گۆی زەویدا، پێویست بە هیچ مەرجێک ناکات. لە بەشگەلێکی یەجگار دیاریکراو لە دارستانەکانی ناوچەکانی راستەهێڵ لە باشووری ئەمەریکادا ژینگەکە بە لاواز دادەنرێت، وەکو دەرەنجامێک بۆ بارودۆخی جیۆلۆجیی ناوخۆیی (ئەو بەردانەی دەبنە هۆی بوونی لیتە خاک لە هەندێ لە ناوچەکاندا بێ پیتن و لە هەندێ ناوچەی دیکەدا لمە) ئەمەیش بووە هۆی بونیاتنانی سیستمگەلی جێگۆڕکێی دانەوێڵە کشتوکاڵییەکان (یان نەمامی درەختەکان). وەلێ ئەو ناوچانە لەم دابەشکردنەی ئێستا بۆ ژینگەکانی ناوچەکانی راستەهێی دارستان ریزپەڕن. بە شێوەیەکی گشتی، راماڵینە گەورەکانی دارستانەکانی ناوچەکانی راستەهێڵ لە ئەمازۆن و گینیا، ناوچەگەلی کشتوکاڵیی

ئەی دەربارەی دژە تیۆرەکە چی، کە بریتی بوو لەوەی ناوچەکانی راستەهێڵ بە بەپیت و دەوڵەمەند دادەنرێن؟ ئەم تیۆرە لە سەر ئاستێکی فراوان، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم پەسەند بوو. هەروەها ئەم دەرەنجامە سرووشتییە: لەبەر ئەوەی دەکرێ بەری زەوی بە ئاسانی لە کەشوهەوای ناوچەکانی راستەهێڵدا دەستەبەر ببێت، ئیتر پێویست ناکات مرۆڤ هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی بدات، بۆیە ئەوان دواتر پێشناکەون. ئەم باسوخواسە لەتەک تیۆرگەلی دیکەدا تانوپۆکران. باکل بوو کە وەها تیۆرێکی دانا.[109] وەلێ مارکس شتی دیکەی لە پەراوێزی بەشی یەکەم لە "سەرمایە"دا دارشت کە تۆکمەترە و هیچ بوارێک بۆ گومان ناهێڵێتەوە کە هەرێمەکانی ناوچەکانی راستەهێڵ بەرەو سەرمایەداری گەشە ناکەن، چونکە "سرووشت لێرە سەخاوەتمەندە...هیچ زەرورەتێک بە سەر مرۆڤدا ناسەپێنێت، بۆ ئەوەی گەشە بە خۆی بدات.[110] وا دیارە ئەم قسەلەسەرکردنە کورتە، بریتییە لە بۆنەی یەکەم کە تیایدا مارکس ئەم پرسیارەی روونکردەوە: بۆچی هەرێمە شێدارەکانی ناوچەکانی راستەهێڵ بە ئەفەریقیاوە، وەکو ئەوروپا گەشەیان نەکرد.

---

بە هۆی فاکتەرگەلی مێژوویی فەرهەنگییەوە و بەتایبەتی کەمیی ژمارەی دانیشتوان و زۆرییبوونی بەرچاوی کێڵگەکانی مەڕوماڵاتەوە جێگۆڕکێی دروستکرد. لە راستیدا، کێڵگەی مەڕوماڵات نەک کشتوکاڵیی جێگۆڕکێی ئەوەبوو بووە هۆی خراپبوونی ژینگەی کشتوکاڵی لە ماوەی درێژخایەن لە هەرێمەکانی ناوچەکانی راستەهێڵدا، بە هۆی: (جووتیارەکان بە شێوەیەکی فراوان دارستان دەسووتێنن و بێ هیچ جۆرە بەرزەفتێک، ئەویش بۆ زۆرکردنی رووبەری لەوەڕ. (٢) لەوەڕی بەدەستهاتوو دەبێتە هۆی خراپبوونی خاک، بە هۆی گژوگیای وشکی لەوەڕگەوە کە وەکو دارستانی ئەسڵی پارێزگاری لە ژینگەی خاکەکە ناکات. بە پێچەوانەوە جووتیارە جێگۆڕکێکارەکان لە ژێر هەلومەرجی دیاریکراو و تەنێ لە ناوچەگەلی بچووکدا دەسووتێنن و هاندەدەن بۆ دووبارە نەشونماکردنی دارستان. ئەگەر دارستان نەمایە، ئەوا رێوشوێنەکانی ژیانیشیان نەدەما. نابێ لە سەر راماڵینی درەختەکانی دارستان لە هەر شوێنێک لە ناوچە شێدارەکانی راستەهێڵا، سەرزەنشتی جووتیارە جێگۆڕکێکارەکان بکەین. بڕوانە:

Hecht and Cockburn، The Fate of the Forest (1989)، Blaut، "The Nature and Effects of Shifting Agriculture" (1963).

109 - Buckle، The History of Citlivization in England، 2nd ed.، (1913)، chap.

هەروەها بڕوانە: Bowler، The Invention of Progress (1989)، pp. 28-29

110. Marx، Capital، vol. 1 (1976)، p. 513n.

هێشتا تا ئەمڕۆ، تیۆری ناوچە پڕ لە پیت و بەرەکەتەکانی راستەهێڵ بەکاردەبرێت، لە هەندێ لەو تیۆرانەی هەوڵدەدەن رێنیسانسی بێ هاوتای ئەورووپا روونبکەنەوە. پێموایە هەر منداڵێکی ئەورووپایی لە سەردەمی ئێمەدا، کۆپییەک لە وێنە جووڵەدارەکانی بینیبێت کە خەڵکە بەرەچەڵەک دانیشتوانەکەی بینیبێت، کە لە ژێر دارێکی گوێزی هیندیدا دانیشتوون و بە ئۆقرەییەوە چاوەڕوانی ئەوەبوون خواردن بە سەریاندا ببارێت. دیارە ئەمە ئاسەواری بیرۆکەکانی کاتە بەسەرچووەکان، یان تیۆرێکی نادیار و ناوەڕۆکی نییە. ئیریک جۆنز تیۆری ناوچە بەپیت و بەرەکەتەکانی راستەهێڵا، لە پەرجووی ئەورووپاییدا بەکارنابات. (لە خۆرئاوای ئەفەریقیادا "ژیان ئاسان بوو")[١١١]هەروەها ناوبەناو لەلایەن ئەو مارکسییانەوە بەکاردێت کە تەبان لە سەر وتارەکەی مارکس، لە قسە لەسەرکردنەکەی کە پێشتر هێنراوەتەوە.[١١٢]رەنگە نیاز بەوە نەبێت قەبوڵنەکردنی تیۆری ناوچە بەپیت و بەرەکەتەکانی راستەهێڵ روون بکرێتەوە، چونکە- هەروەکو بینیمان- چەندین کەڕەت توێژەران پێداگرییان لە سەر هەژاریی ناوچەکانی راستەهێڵ کردووە، ئەم ناوچانە بەبۆچوونی ئەوان خراپ و وشکانیین. مانایەک نابینین لە بۆچوونی یەکەم یان دووەمدا و دەبینین هەردووکیان بۆ هەمان ئامانج بەکاردەبرێن: ئەویش بریتییە لە دەرخستنی ئەوەی لە رووی مێژووییەوە، هەرێمەکانی ناوچەکانی راستەهێڵا، لە پلەیەکی نزمتردا دێن.

١١١. بەپیتوبەرەکەتی و فراوانی زەوی لە ئەفریکادا وا لە کشتوکاڵ دەکات جێگۆڕکێ بێت و دواتر بنەماگەلی سست و لاواز دەبینین ولاتانی لەسەر بونیات دەنرێن. رەنگە وەها شتێک راست بێت، سەبارەت بە کشتوکاڵی ریشەکێشکردن و سووتاندن»، John Hall، Powers and Liberties (1985)، p. 27 ("ریشەکێشکردن و سووتاندن" بریتییە لە کشتوکاڵی جێگۆڕکێ).

١١٢. Laibman، “Modes of Production and Theories of Transition” (1984)، p. 284 وێڕای ئەوە، باسوخواسە هەمەکییەکەی Laibman بەهیچ جۆرێ بریتی نییە لە سێنترالیزمی ئەورووپا.

لە کۆتاییدا، دێینە سەر ئەو تیۆرەی ئیدعای بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان، لە ژینگەی ناوچەکانی راستەهێڵدا دەکات کە ئەمەیش پرۆسەی گەشەسەندنی مێژوویی خاو دەکاتەوە یان رایدەگرێت و قەدەغەی دەکات. هەندێ لە مێژوونووسان دوای رەچاوکردنی ئەفەریقیا بەتایبەتی، گەشەیان بەم باسوخواسە دا. وەلێ ئەوانی دی، بە سەر هەرێمەکانی ناوچەکانی راستەهێڵدا پیادەی دەکەن. سەبارەت بە ئیریک جۆنز، ئەوە هۆکارێکی سەرەکییە لە پشتی بەردەوامیی دواکەوتن لە ئاسیا و ئەفەریقیا، بە بەراورد لەتەک ئەوروپادا. چونکە وەکو تیۆری هەرێمە خراپەکانی ناوچەکانی راستەهێڵ کە پێشتر باسکرا، ئەم تیۆرە لە فیکری ئەوروپاییدا بە تەقلیدی دادەنرێت و ئەوەیش راستییەکی یەجگار گرنگە، بۆ ئەوەی بتوانین لە هۆکاری بەردەوامیی ئەم تیۆرە تا ئەمێستا و بەکارهێنانی لە مۆدێلی پەرجووی ئەوروپاییدا تێبگەین.

یەکێک لە بنەما سەلمێنراوەکانی تیۆری بڵاوبوونەوەی تەقلیدی، هەروەکو لە بەندی یەکەمدا بینیمان، بریتییە لە بیرۆکەی ئەوەی گەلێ جار نەخۆشییەکان و شتە شەڕەنگێزەکانی دی، بە شێوازێکی پێچەوانە، لە ناوچە نائەوروپاییەکانەوە لە ئەوروپادا بڵاودەبنەوە. بۆیە گەلێ لە توێژەران (لە ناو یاندا، باکل وەکو نموونە) گریمانی ئەوە دەکەن، ناوچە نائەوروپاییەکان بریتین لە سەرچاوەی سرووشتی، بۆ گەلێ لە نەخۆشییە یەجگار ترسناکەکان.[113] هێشتا ئەم بۆچوونە سەلمێنراوە، لەناوماندا بەرپایە. دیارە نەخۆشییەکان لە تاعوونەوە تا ئەیدز، هێشتا گریمانی ئەوە دەکات – چونکە ئەمە هەمیشە بە گریمانە دادەنرێت، چ بەڵگەدار بێت یان نەبێت

113. Buckle، History of Civilization in England، vol. 1، 2nd ed. (1913)، p. 93:
ژینگە گەورەکان کە ئەوروپایان گرتەوە لە ماوەگەلی جیاوازدا لە رۆژهەڵاتەوە کە بە سەرچاوەی سەرەکییان دادەنرێت کە کوشندەتربوون. بەڕاستی لە نێوان ئەم نەخۆشییە کوشندانەدا کە ئێستا لە ئەوروپادا هەنە، بە دەگمەن یەکێکیان دەبینین یەکەم کەڕەت لەوێ سەریهەڵدابێت و لەوەیش خراپتر ئەوەیە کە لە وڵاتانی ناوچەکانی راستەهێڵەوە لە سەدەی یەکەم لە سەردەمی مەسیحایەتی و دوای ئەوە هەنارده کراون.

- کە لە جیهانی نائەوروپاییەوە بێت.[١١٤]

راپۆرتەکانی گەڕیدە ئەوروپاییەکان پشتگیرییان لە چینی باڵا، لە کۆمەڵگە چەپەڵەکانی دەرەوەی ئەوروپا کرد کە ئەم بۆچوونە بنەڕەتییە، لە ماوەی دوو سەدەی هەژدە و نۆزدەدا بێزاری دەکردن. ئەمە دیاردەیەکی چینایەتی و فەرهەنگی بوو پێکەوە: دەردەکەوێت رێگە نامۆکانی ژیان هەردەبێ ناتەندروستبن. وەلێ ئەم بیروباوەڕانە پاڵپشتێکی گەورەی لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەستەبەر کرد، کاتێ سامان و پرۆسەکانی نوێکردنەوە لە ئەوروپا (لە بەشی زۆری)دا نەشونمایان کرد و بووە هۆی باشبوونێکی گەورە لە هەلومەرجەکانی تەندروستیدا، گوزارش لە باشبوونێکی گەورە دەکات، لە بارودۆخەکانی بژێوی و تەندروستیی گشتی و دواتر پێشکەوتن لە بواری پزیشکیدا. بۆیە ئەوروپا وا دەرکەوت کە بریتییە لە چاکبوونەوە لە رووی تەندروستییەوە، بە پێچەوانەی غەیری خۆیەوە. تا ئێستایش ئەم هەڵەیە باو و بڵاوە. چونکە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان هەژارن. چونکە هەژاری لەتەک تەندروستیی دەردەداردا دێت. وەلێ بە هەڵە وا لێکدەدرێتەوە کە تێکچوونی باری تەندروستی، لە ژینگە سرووشتییەکانی ئەو هەرێمانە، یان لە فەرهەنگی دانیشتوانەکانیان، نەک لە هەژارییەوە هەڵدەقولێت. بەڕاستی نەخۆشییەکان لە هیند و ئەفەریقیا و چین و شوێنەکانی دی بڵاوبوونەوە،

---

١١٤. تیۆری ئەوەی کە ڤایرۆسی HIV کە مرۆڤ تووشی ئەیدز دەکات، جۆرێکە لە نەخۆشییە ئەفریکاییەکان کە دادەبارێتە سەر جیهانی ئەوروپی و رەنگە ئەمە نوێترین بۆچوونی پڕوپوچ بێت لە پێڕەویکردن لە تیۆری کۆنباوی بڵاوبوونەوەکردن. ئەگەر ئەم ڤایرۆسە یەکەم کەڕەت لە ئەفریکادا سەریهەڵدا یان نا، ئەو پرسەی تا ئێستا یەکلایی نەبۆتەوە، بۆچوونە پڕوپوچەکە جۆرگەلی زۆری خراپی بەخۆوە گرت، وەکو بڕوای (کۆنباوی) بونیاتنەنراو لە سەر بەڵگە کە ئەیدز لە مەیموونەوە بۆ مرۆڤ بە هۆی کاری سێکسیی سەیروسەمەرەوە لە ناو هۆزە مغمورە ئەفریکاییەکاندا گوازراوەتەوە. (راپۆرتێک لە سەر ئەم بۆچوونە پڕوپوچە پێشکەشکرا لە:
Shanoon and Pyle، “The Origin and Diffusion of AIDS، “1989.

بڕوانە بە رەخنەی ئەم پەڕەیەدا لە:
Watts and Okello، “Medical Geography and AIDS،” 1990.

هەروەها بڕوانە: R. C. and R. J. Chirimunta، AIDS Africa and mcism، 2nd ed.، 1989

وەلێ خودی ئەوروپا لە سەدەیەکەوە یان پێشتر (ئەوە راستییەکە بە شێوەیەکی بەشەکی لە رێگەی راستییە دیمۆگرافییەکان لە تێکڕای تەمەنی ئەوروپاییی ئاساییەکان تا سەدەی هەژدەیەم زانراوە) پڕبوو لە نەخۆشی.

لە هەمان ئەو ماوەیەدا، ناوچە کۆلۆنیالەکان فراوان دەبوون و روون بوو ئەو ئەوروپاییانەی لە شوێنە کۆلۆنیالەکاندا دەژیان، رەنگە بووبن بە نێچیری جۆرەکانی نەخۆشیی نامۆ بۆیان. ئەو حاڵەتەی توندڕەوانەتر بوو، بریتی بوو لە خۆرئاوای ئەفەریقیا کە لەو کاتەدا بە «گۆڕستانی پیاوی سپیپێست» ناودەبرا. لەوێدا شوێنی نیشتەجێبوونە بچووکەکانی کەنار ئاسوودە نەبوون- ئەو ناوچە کۆلۆنیالییانەی، لە هەرێمە ئەفەریقیاییە رووتەنی و نیمچە بیابانییەکان کە فراوان نەببوون، مەگەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا نەبێ- وێڕای ئەو ئاسەوارە گەورانەی بزاوتی کۆیلەکان (زۆربەی لەم نشینگانەدا بوون) کە هەموو ئەمانە، بارودۆخگەلی نالەباریان پێکدەهێنا، سەرەڕای بڕوای ئەوروپاییەکان بەوەی کە سەرچاوەی کێشەکە، بریتییە لە سرووشتی نالەباری خودی ئەفەریقیا.

زۆربەی نەخۆشییە گرنگەکان کە تووشی مرۆڤ و ئاژەڵی ماڵی دەبن، مەرج نییە هی ناوچەکانی راستەهێڵ بن، ئاوڵە، گرانەتا، هەوکردنی سی، دیفتریا، سوورێژە، تاعونی لمی، گوانە پیسە[115] و نەخۆشییەکانی دی کە لە ژینگەی جۆراوجۆردا هەنە و توندیی ئەو نەخۆشییانە لە ژمارەی دانیشتوانی شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی جیاوازە، گوزارش لە بارودۆخگەلی مرۆیی وەکو هەژاری و شلۆقی و شتی لەو بابەتە دەکەن، پتر لە هەر شتێکی دی. ئەمە تا رادەیەک بە راست دادەنرێت، تەنانەت بەوەیش کە بە «نەخۆشییەکانی ناوچەکانی راستەهێڵی وکو مەلاریا (کە لە راستیدا بەکارهات، بۆ ئەوەی

115. Anthrax: نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە، رەشە وڵاخ تووشی دەبێت و بۆ مرۆڤیش دەگوێزرێتەوە. وەرگێڕ.

ناوچەگەلی دەرەوەی ناوچەکانی راستەهێڵ بە نییۆرکیشەوە بگرێتەوە). هەندێ لە جۆرەکانی مەلاریا لە زۆربەی کەشوهەواکاندا، بەندن بە ئاوی وەستاوەوە و دواتر بە کشتوکاڵیی بەراوەوە. شێوەگەلی دی بەوانەی کە ترسناکترن، بەندن بە بارودۆخی دارستانەکانی ناوچەکانی راستەهێڵەوە، وەکو ئەو مێشوولەیەی هەڵگری ئەو نەخۆشییەیە کە لەتەک نەشونمای برۆملاید لە سەر درەختەکاندا زیاد دەکات. راستە ئەو شێوانەی مەلاریا، بەتایبەتی بەندن بە کشتوکاڵی جێگۆڕکێوە، لە ناوچە شێدارەکانی راستەهێڵدا. وەلێ جووتیاران کاتێکی تا رادەیەک کەم لە دارستاندا بەسەر دەبەن، ئەمەو ئەگەر هاتو بە راستی دارستانێک لە ئارادابێت. دواتر ئەوان گەشە بە جۆرێک لە بەرگری دەدەن، لەتەکیدا مەلاریا ناتوانێت گردبوونەوەکانیان تێکبدات (بەو جۆرەی بازرگانی و ئەو کەسانەی لە سوپای کۆلۆنیالیستی و شتی لەم بابەتانەدا، کۆمەڵگەکانی بیانییەکان وێران دەکەن).

دوای لەبەرچاوگرتنی گشت ئەم پرسانە، ئەم پرسیارە راست دەبێتەوە: ئایا دوای ئەمە، شتێک دەبێت تا ناوی بنێین «سرووشتی ناتەندروستی هەرێمەکانی ناوچەکانی راستەهێڵا»؟ رەنگە وەرامەکەی نەخێر بێت.

سەرەڕای قەبوڵکردنی ئەم گشتاندنە بە شێوەیەکی فراوان، دەبینین هەندێ لە مێژوونووسان بە توندی پەیوەستن بە بیرۆکەی ئەوەی کە ئەفەریقیا هەمیشە و بە شێوەیەکی بەردەوام بریتی بووە لە شوێنێکی ئالوودە. ئەمە بە هۆکارێک دادەنرێت، بۆ ئیدعای پەراوێزبوونی رۆڵی ئەفەریقیا لە مێژووی جیهان، یان لای کەم لە مێژووی نوێی جیهاندا. بەپێی ولیەم ماکنیل، نەخۆشی پتر لە هەر شتێکی دی، لە پشتی مانەوەی ئەفەریقیادا بە دواکەوتوویی، لە رەوتی شارستانیدا بووە، کاتێ بە ناوچە ساردەکانی دیکە

بـەراورد بکرێت.[116] بـە بۆچوونـی مێژوونـووەکان کـە هەڵگـری ئـەم بۆچوونـەن – بەتایبەتـی کریتـن– خۆرئـاوای ئەفەریقیـا و ناوەڕاسـتی کـە لـە سـەدەی شـانزەیەم و دواتـردا پڕبـوون لـە نەخۆشـییەکان، بریتییـە لـەو بەشـە گرنگـە لـە راڤەکردنـی راستییەکان و چـۆن ئـەوەی ئـەم هەرێمـە لـە ئابووریـی کشـتوکاڵیی ئەتڵەسـیدا، بـوو بـە سـەرچاوەیەک بـۆ کۆیلـەکان و چـۆن لـە بـری ئـەوەی لەتـەک ئابووریـی ئەتڵەسـیدا «رابپەڕێـت»، بـە دواکەوتوویـی مایـەوە. گرنگـە ئـەم تیـۆرە لـە شـوێنی خۆیـدا دابنێیـن، سـەبارەت بـەو رووبەڕووبوونـەوە ناوبراوە لـە سـەرەتای ئـەم بەنـدەدا، لـە نێـوان مێژوونووسـە ئەوروپاییـە تەقلیدیـەکان و قوتابخانـەی تێهەڵچوونـەوەی جیهانـی سـێیەم. توێـژەرە تەقلیدیـەکان (لای کـەم ئەوانـەی سـەر بـە قوتابخانـەی رەهـا بـوون) ئیدعـا دەکـەن، ژمـارەی دانیشـتوانی ئەفەریقیـا لـە سـەدەی شـانزەیەمدا کـەم و کۆچـەری بوونـە، هەروەکـو لـە رووی شارسـتانییەوە پێشـکەوتوو نەبـووە، وێـڕای بڵاوبوونـەوەی چەندیـن دیـاردەی وەکـو پەلاماردانـی کۆیلـەکان و بازرگانیـی کۆیلـە، وەکـو سـیماگەلی گرنـگ بـۆ ئـەم کۆمەڵگەیـە. ئەفەریقیـا لـەم ئاسـتە نزمـە لـە شارسـتانیدا گەشـەی نەکـرد و ئەویـش لـە بنەڕەتـدا بـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی ئـەو نەخۆشـییانەی تووشـی مـرۆڤ و ئـاژەڵ دەبـن، لـە پـاڵ فاکتەرگەلـی دیکـەی ژینگەیـی، لـەو جـۆرەی کـە پێشـتر باسـکران. بۆیـە شـتێکی سرووشـتییە ئەفەریقیـا ببێـت بـە سـەرچاوەی بنەڕەتـی بـۆ کشـتوکاڵیی بەرپـا لـە سـەر کۆیلـەکان و هەروەهـا سرووشـتییە کـە بازرگانیـی کۆیلـە لـە کەتـواری ژیانـی ئەفەریقیاییـدا نەگۆڕێـت.

مێژوونووسـانی جیهانـی سـێیەم هەمـوو ئەوانـە رەتدەکەنـەوە. ژمـارەی دانیشـتوان لـە ئەفەریقیـا بـەر لـە بازرگانیـی کۆیلـە زۆربـوو کـە بـە تـەواوی کیشـوەرەکەی لەناوبـرد و چەندیـن دەوڵـەت و شارسـتانی وێرانکـرد و بـووە هـۆی

116. McNeill، Plagues and Peoples (1976)، p. 43.

چۆڵبوونی گەلێ لە هەرێمەکان لە دانیشتوان، دواتر بووە هۆی دواکەوتنێکی کارەساتبار. بازرگانیی کۆیلە لە بنەڕەتدا گوزارش لە هێزی ئەوروپا دەکات، بە بەراورد لەتەک کۆمەڵگە ئەفەریقیاییەکانی کەنار لە سەدەی حەڤدەیەم و دواتریش، ئەویش وەکو دەرەنجامێک بۆ کێڵگە ئەمریکاییە سوودبەرەکان - بەوجۆرەی لە بەندی چوارەمدا باسی دەکەین- و راستیی ئەوەی کە وڵاتە بەهێزەکانی خۆرئاوای ئەفەریقیا، لە رووی سەربازی و بازرگانییەوە، زۆربەیان لە کەنارەوە دووربوون. بە هۆی ئەو کاولکارییەی بازرگانیی کۆیلە و چۆڵکردنی ناوچەگەلی زۆرەوە، نەخۆشی توندتر بوو کە لە بنەڕەتدا کشتوکاڵییان تیادا دەکرا (ئێستا بوونە بە دارستان و دەوەن) و شەڕەکان و هەرەسی ئابووری و...هتد. نموونەیەکی گرنگی ئەم وێرانکارییە، بەندە بە مێشی تیسی تیسی و نەخۆشیی خەواڵوویی ئەفەریقیاییەوە. توێژەرە تەقلیدیەکان ئیدعای ئەوە دەکەن، نەخۆشیی تووشبوون بە تیسی تیسی رێگەی لە ئەفەریقیاییەکان گرت، لە کۆندا گەشە بە پەروەردەی ئاژەڵ و ئاژەڵداری بدەن و گەلێ جار بەشداری لە کزبوونی مێژووییدا دەکرد. وەرامم ئەوەیە کە نەخۆشیی خەواڵوویی وەکو تیراوێ، بریتییە لە نەخۆشییەک، ئەم نەخۆشییە لە رێگەی ئاژەڵە شیردەرەکانەوە دەگوازرێتەوە. کۆچی دانیشتوان بووە هۆی بڵاوبوونەوەی زەوی خراپ و کۆمەڵێکی زۆر لە ئاژەڵە شیردەرەکان کە رەنگە نەخۆشییەکە هەڵبگرن. ئەمەیش بە رۆڵی خۆی، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەو بارودۆخانەی کە تیایدا مێشی تیسی تیسی گەشە دەکات. ئەو پرسەی کە بووە هۆی گۆڕینی نەخۆشیی خەواڵوویی بۆ نەخۆشییەکی جێگیر کە خەڵکی و مەڕوماڵات تووشی دەبن، هەربۆیە گەشەیان بە جۆرێکی دیکە لە بەرگری لە دژی دا و دواتر لەتەک ئاوەدانکردنەوەی زەویدا بە نەخۆشییەکی کوشندە دانرا، هەر لە کۆتایی سەدەی رابردووەوە،

ئـەو پرسـەی کـە لەمپـەری لـە ڕێگـەی گەشـەکردنی کشـتوکاڵ، لـە هەنـدێ لـە ناوچەکانـی ئەفەریقیـادا دروسـتکرد. بەڵگـەی زۆر هەنـە لـە سـەر ئـەوەی فراوانبـوون لـە ناوچەکانـی دەوەن و گژوگیـادا، بـووە هـۆی فراوانبوونـی تووشـبوون بـە نەخۆشـیی مێشـی تیسـی تیسـی و دواتـر بـە تووشـبوون بـە نەهامەتـی و ناکامیـی کۆمەڵایەتـی و ئابووری.[١١٧] بەڵگەیەکـی لاوازی پێچەوانـەی ئەمـە هەیـە، لـە سـەر مێـژووی بارودۆخـە تەندروسـتییەکان لـە ئەفەریقیـادا و لـە نێـوان بەرەچەڵـەک ئەفەریقیاییـەکان (و نـەک سـەردانکەرە کۆلۆنیالیسـتەکان) و هـۆکار زۆرە وامـان لێـدەکات گومـان لـە لایەنداریـی گریمانـە میراتییەکانـی تیـۆری بڵاوبوونـەوە لـەم پرسـەدا بکەیـن. بەهـەر حـاڵ، ناتوانیـن بڵێیـن نەخۆشـی بریتیی بـووە لـەو هێـزە سـەربەخۆیەی لـە بـەردەم گەشـەکردن لـە ناوچـە ئەفەریقیاییـە ڕووتەنـی و نیمچـە بیابانییەکاندا»ئەسـتەنگی دروسـتکرد».

## ئاسیای وشکوبرنگی سەرکوتکار

ئاسـیا بـە ناوچەیەکـی گـەورەی فـرە ژینگـە دادەنرێـت. لیسـتێکی درێـژ و جۆراوجـۆر لـە باسوخواسـە ژینگەییـە تەقلیدیـەکان هەیـە، زۆربەیـان تایبەتـن بـە بەشـێک لـە ئاسـیا و بەشـەکانی دیکـە ناگرێتـەوە. لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا، شـێوازێکی ئایینـی بـۆ بـێ چەندوچۆنیـی ژینگەیـی لـە جوگرافیـادا باوبـوو و ئامادەکردنـی ڕاڤەیـەک بـۆ گشـت ئـەم جۆراوجۆرییـە، بـە کارێکـی بەجـێ هاتـە بەرچـاو: ئەویـش ئەوەیـە کـە خـودا لەمپەرگەلـی سرووشـتیی جۆراوجـۆری لـە بـەردەم گەلـە جۆراوجۆرەکانـی ئاسـیادا دانـاوە، گەرمـا لـە شـوێنێک و سـەرما لـەوی دی و وشکەسـاڵی لـە بەشـێکی دی. ئەمڕۆ دەبینیـن لە ناو مێژوونووسـاندا، نووسـین لـە سـەر پەرجـووی ئەورووپایـی بـاوە، نـەک لـە سـەر ئـەوەی بـۆ

١١٧. بە نموونە، بڕوانە:
Giblin، “Trypanosomiasis Control in African History: An Evaded Issue?” (1990)، Turshen، “Population Growth and the Deterioration of Health: Mainland Tanzania، 1920-1960” (1987).

خەوشـە ژینگەییەکانـی ئەورووپـا بەرپایـە، وەلـێ لـە سـەر ئـەوەی بریتییـە لـە کۆمەڵـێ لـە بڕگـە و بڕیارگەلـی جیـاواز و جـودا، هەریەکەیـان چـەق لـە سـەر ئەورووپـا دەبەسـتێت و هــەر یەکەیـان بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو لــە مێـژووی ئەورووپـا دەگەڕێتـەوە. دیـارە ئەورووپـا یـان بەشـێک لـە ئەورووپـا، لـە کاتێکـی دیاریکـراودا، لــە سـیفەتە ژینگەییـەکان «ا» و «ب» و «ج»دا، بـە سـەر گشـت ئاسـیادا باڵادەسـت بـووە. یـان بـە ڕێگەیـەک کـە زیاتـر گـوزارش لـەم جۆرە لـە باسوخواسـەکان بکات، لەمپەرگەلـی ژینگەیـی لـە هەرێمێکـی ئاسـیادا و لەمپەرگەلـی سیاسـی لـەوی دیکـەدا و ئەسـتەنگگەلی ئایینـی لـە هەرێمێکـی دیکـەدا و بەمجـۆرە لـە جـۆرێ لـە باسوخواسـی گشـتگردا دەبینیـن.

لـە بـەر ئـەم هۆکارانـە، هەرگیـز گشـت تیـۆرە ژینگەییـە پسـپۆرەکان بەسـەر ناکەمـەوە، ئەگەرچـی ئاسـیا بـە بـەراورد لەتـەک ئەورووپـادا دواکەوتـووە. لـە بەشـی داهاتـووی ئـەم بەنـدە («ئەورووپـای فێنـک»)دا، بـەرودوا مامەڵـە لەتـەک برگـە و بڕیـارە بەراوردکارییـەکان لـە سـەر کەشوهەوا و شـێوەکانی زەوی و شـتی دیکـە، لـە بەشـی دواتـری ئـەم بەندەدا دەکـەم.

وەلـێ بەهەرحـاڵ، ئەمـڕۆ تیۆرێـک هەیـە بەنـدە بەمـەوە، پتـر بـەکار دەبرێـت، بەوجـۆرەی لـە سـەدەی رابـردوودا دەکـرا، ئەویـش ئەوەیـە کـە وەکـو کۆیـەک لـە ڕێگـەی بڕیارێکـی هەمەکـی و کارەسـاتبار، مامەڵـە لەتـەک ئاسـیادا دەکات. ئـەم تیـۆرە شـێوازگەلی جۆراوجـۆری بەخۆوەگـرت، بە ناوگەلی جۆراوجۆرەوە ناسـراوە، لەوانــە «شــێوازی بەرهەمهێنانــی ئاسـیایی» و «کۆمەڵگــەی هایدرۆلیکــی» و «سـەرکوتکاریی خۆرهەڵاتــی». گەلـێ جـار وا تەماشـای ئـەم تیـۆرە ناکرێـت، بـەوەی نموونەیـەک بێـت بـۆ بـێ چەندوچۆنیـی ژینگەیـی، چونکـە بـە تەکنەلۆژیا دەسـت بـە باسوخواسـەکەی دەکات، ئیدعـای ئـەوە دەکات، ئـەو کۆمەڵگانـەی لـە سـەر ئاودێـری («هایدرۆلیکـی») بونیاتنراون، سیفەتگەلی دیاریکـراو و تایبەتیان هەیـە، ڕێگـە لـە گەشـەکردنی مێژوویـی دەگـرن. وەلـێ یەکێـک لـە رەگوریشـەی

ئـەو باسوخواسـە ژینگەییـە. بریتییـە لـە ئیدعـای ئـەوەی، وشـکوبرنگی لـە ئاسـیادا، ئاودێـری کـردووە بـە شـتێکی پێویسـت. بۆیـە رەنگـە بپرسـین، چـۆن وەهـا تیـۆرێـک دەتوانێـت بـە سـەر ناوچەگەلێکدا جێبەجـێ بکرێـت کـە بـە هیـچ جـۆرێ لـە ئاسـیادا وشـکوبرنگ نییـە. (ئیدعـای ئەمـە وەکـو راڤەکردنێـک بـۆ سـتالینیزم لـە روسـیای سـارد و شـێداردا دەکرێت)،[118] بـا لـەم دژوازییـە تێبگەیـن و دواتـر لـەوە حالـی بیـن، بۆچـی ئـەم تیـۆرە لاوازە لـە گشـت شـێوازەکانیان و هەمەجۆرییەکانیـان کـە پێویسـت بـەوە بـکات، بـە کورتـی چاوێـک بـە مێـژووی بیروباوەڕەکـەدا بخشـێنین.

نووسـەرە ئەوروپاییـەکان لـە نیـوەی هـەزارەی رابـردوودا، روویـان لـە روانیـن بـە ئاسـیادا کـرد، وەکـو کۆمەڵگەیـەک توانسـتی گـۆڕانـی تیـادا نەبێـت، هەروەهـا گەلانیشـی کۆتوبەندکراوبـن. بـا دوورتـر بڕۆیـن، ئەگـەر توێژینەوەمـان لـە سـەر گەشـەکردنی ئـەم بیروبـاوەڕە کـرد، وەلـێ لەتـەک سـەدەی هەژدەیەمـدا، ئـەم راوبۆچوونـە بـووە بەشـێکی گرنـگ لـە تیـۆری بڵاوبوونەوە.[119] بـەر لـەم بیروبـاوەڕە بـەوەی بریتییـە لـە راسـتییەکی سـەلمێنراو، کەمتـر پرسـیار دەربـارەی دەکرێـت و هـەوڵ بـۆ راڤەکردنـی ئـەم «سـەرکوتکارییە خۆرهەڵاتی»یـە خۆیەتییـە دراوە، بەوجـۆرەی لـە چەندیـن لایـەن لـە ئاییـن و نـەژاد و ژینگـەوە ناونـراوە. وا دیـارە لـە بنەڕەتـدا ئـەم بیروبـاوەڕە، بـە سـەر ئیمپراتۆریـی عوسـمانیدا پیـادە کـراوە کـە لـەو سـەردەمەدا، هەڕەشـەی سیاسـی و سـەربازی بـوو بـۆ سـەر هەنـدێ لـە کۆمەڵگـە ئەوروپاییـەکان، هەروەهـا هەڕەشـەی بازرگانـی بـوو بـۆ سـەر نائەوروپاییـەکان، هەرووەهـا فراوانبوونـی کۆلۆنیالیسـتی راسـتەوخۆی ئەوروپایـی بـوو لـە هینـد و باشـووری خۆرهەڵاتـی ئاسـیا، لـە کۆتایـی سـەدەی هەژدەیەمـدا ئەرکگەلـی نوێـی بـۆ ئـەم پرەنسـیپە داڕشـت. چەمکـی سـەرکوتکاریی خۆرهەڵاتی،

118. Wittfogel، Oriental Despotism (1957).

١١٩. بڕوانە:
Venturi “The History of the Concept of “Oriental Despotism” in Europe” (1963)، P. Anderson، Lineages of the Absolute State (1974)، B. Chandra، “Karl Marx، His Theories of Asian Societies، and Colonial Rule” (1981).

تەنێ وەکو پاساوێک بۆ فراوانبوونی کۆلۆنیالیستی سوودمەند نەبوو، وەلێ بوو بە بنەمایەک بۆ پرەنسیپگەلی یاسایی کۆلۆنیالیستی کە لەو سەردەمدا دروست دەکران. لە ئاسیا بڕیارێک درا، ڕێگە لە خاوەندارییی تایبەت بۆ زەوی دەگرێت، ئەویش بە هۆی ئەوەی فەرمانڕەوای دیکتاتۆر خاوەنی هەموو شتێک بوو. بۆیە کاتێ ئێمەی ئەورووپایی کە فەرمانڕەوا لادەبەین، ئەوا ئێمە خاوەنی هەموو شتێکین. کاتێ وڵاتێکی دیکتاتۆری داگیر دەکەین، ئەوا ئێمە مافی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بە سەر خەڵکێکەوە دەستەبەر دەکەین کە لە بنەڕەتدا ئازاد نەبوونە. (وەلێ دەسەڵاتی ئەورووپایی- وێڕای نەبوونی دیموکراسی لە ناوچە کۆلۆنیالە سەرکوتکارییەکاندا- وا وەسف دەکران، بەوەی ئازادی دەبەخشن).

گەلێ جار شێوازی نوێی سەرکوتکاریی خۆرهەڵات بە «خۆرهەڵاتی ئینجیلی» یەوە بەسترابووەوە. کاتێ کۆمەڵگە ئاسیاییەکان بە «کزبوون» وەسف دەکرێن و ئەوە دادپەروەرانە بوو کە جەخت بکرێت لە سەر ئەوەی، ئەوان هەروەکو چاخی کۆن (چاخی کۆن وەبیر دەهێنینەوە کە قسە لە سەر بوونی شارگەلی مەزن و ئیمپراتۆرییەکان و کشتوکاڵی و...هتد دەکات) کەسێتیی خۆیان پاراستووە. لە کاتێکدا زەروری بوو، شتە سەیرە نوێکانی وەکو تاج مەحەل و وڵاتە نوێکانی ئاسیا راڤە بکرێن، روانین پیایاندا ئەستەم نەبوو، بەوەی بریتین لە پێشکەوتنی کەم لە سەر شارستانیی ئینجیلیی ئەسڵی و دۆزینەوەی راڤەگەلی لاوەکی بۆ ئەو راستییە روونە کە شارستانییە ئاسیاییەکان، تا رادەیەک گەشەیان کرد، وەلێ دواتر لە دێر زەمانەوە، لەو گەشەکردنە وەستان و دواتر بە ئینجیلی و وەستاوی مانەوە.[١٢٠]

١٢٠. بڕیارگەلی لێکچوو هێشتا چاوئەندازکارانی پەرجووی ئەورووپی پێشکەشی دەکەن. بە نموونە:
John Hall، Powers and Liberties (1985)، p. 12.

”کۆمەڵگەی چینی لە هەمان قۆناغدا بۆ ماوەیەک پتر لە دوو هەزار ساڵ مایەوە، لە کاتێکدا ئەورووپا بە بەراورد وەکو قارەمانی کێبەرکێی لەمپەرکان پێشکەوت“.

پێموایە، ڕەنگە پێوەندیی جۆگرافی لە نێوان وشکوبرنگی و «خۆرهەڵات» دا، لەلایەکیەوە بۆ ئەو وێنانە بگەڕێتەوە کە ئینجیل پێشکەشیانی کرد بۆ هەرێمە وشکوبرنگەکانی وەکو میزۆپۆتامیا و میسر. لەلایەکی دیکەوە گومان لەو ڕاستییە نییە کە لە سەرەتای ئەورووپای نوێوە، تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم، ئەو بڕوایە هەبوو کە «خۆرهەڵات» بریتییە لە هەرێمە وشکوبرنگەکانی خۆرئاوای ئاسیا و جیهانی عوسمانی و هەرێمی ناوخۆی ئێرانی لە ئاسیادا. ئەویش لەبەر ئەوەی خۆرهەڵاتی دوور، لە هیندەوە تا یابان، هێشتا لە گرنگیپێدانی ئەورووپایی دووربوو. بەهەرحاڵ، جوگرافیزانەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، وەکو کارڵ ریتەر جۆرێکی دیاریکراو لە سیستمی جوگرافیی فەرهەنگیان وەسف دەکرد، ئەوەیش بریتییە لەوەی پەیوەستە بە شارستانییەکانی ئاسیاوە، لە دۆڵەکانی ڕووبارە گەورەکان لە ئاسیای وشکوبرنگ و باکووری خۆرهەڵاتی ئەفەریقیا و ڕێک مەبەست نیل و دیجلە و فورات و ئیندۆ و دۆڵگەلی بچووکترە کە هەمان پێگەیان هەبێت و سیفەتە ئاسیاییە تەقلیدیە سەرکوتکارییەکان بە هەرێمگەلێ لەم جۆرانە دەدەن. وا دەردەکەوێت ئەوان تا ڕادەیەک، ئەم مۆدێلەیان فراوانترکردبێت، بۆ ئەوەی دۆڵی ڕووبارەکان لە ناوچە شێدارترەکان لە ئاسیا بگرێتەوە، لە ڕێگەی هەنگاوێکی لۆژیکییەوە، لە بیرۆکەی شارستانییەکانی میزۆپۆتامیا کە لە ئاسیادا، بەگشتی پشت بە ئاودێری دەبەستن.

پێوەندی لە نێوان سەرکوتکاریی خۆرهەڵات و شارستانییەکانی دۆڵی ڕووبار لە میسرەوە تا چین، لە سەدەی نۆزدەیەمدا باوبوو.[١٢١] مارکس و

١٢١. هەروەها بەر لەوە، مۆنتیسکیو، برنێر، ئادەم سمیس و هیگڵ باسیان کردووە (بە نموونە بڕوانە:
Introduction، "and "The Oriental World" in Hegel′s Philosophy of History، 1956)."

هەروەها بڕوانە بە پێداچوونەوە مێژووییەکاندا لە:
The HHistory of the Concept of Oriental Despotism in Europe" (1963)، P. Anderso، Lineages of the Absolute State (1974)، and B. Chandra، "Karl Marx، his Theories of Asian Societies، and Colonial Review" (1981).

ئەنجلس دەستی ئەم بیرۆکەیەیان گرت و هەنگاوێک کە پێشتر دیاریکرابوو بەروە پێشەوە بردیان، ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی تیۆرێکەوە، تیایدا بیرۆکەی سەرکوتکاریی خۆرهەڵاتی لە سەر گریمانگەلێ، لە سەر زەویی دێم و بەراو دامەزرا.[١٢٢] مارکس و ئەنجلس لە پەنجاکانی سەدەی حەڤدەیەم[١٢٣] و بۆ یەکەم جار پرسیاریان لە سەر چۆنیەتیی جێبەجێکردنی تیۆرە بنەڕەتییەکەیان، لە سەر گەشەکردنی مێژوویی لە سەر ئاستی جیهان ئاراستەکرد. پێویستە یەکەم جار بگوترێ، ڕەنگە ئەو دوانە پتر لە هەر بیریارێکی ئەوروپایی، گومانیان هەبووبێت سەربارەت بە سەردەمەکەیان، لە گشت تیۆرە کۆمەڵایەتییە تەقلیدیەکان کە تایبەتن بە چینی دەستەبژێر (هەروەها پێداگرییان کرد) کە لەو کاتەدا باو بوو. وەلێ گومانەکەیان سنوورێکی هەبوو، چونکە هەردووکیان بەرهەمی فێرکاریی باڵای ئەڵەمانی بوون و چونکە ئەوەی هەردووکیان شتێکیان لە سەر جیهانی دەرەوەی ئەوروپا نەدەزانی، بە پێچەوانەی ئەوەی لە ڕێگەی ڕۆژنامە و کتێب و بەڵگەی فەرمییەوە دەیانزانی کە بۆچوونی کۆلۆنیالیستی، بە گشت لایەنگرییەکانییەوە پێشکەش دەکات. دواتر مارکس و ئەنجلس بە جدی پرسیاریان سەبارەت بەو پرەنسیپە باوەی ئەو کاتە نەکردووە، بەوەی خۆرهەڵات سەرکوتکارانە و تا ڕادەیەکیش لە رووی مێژووییەوە وەستاو و پێشنەکەوتوو بوو. وەلێ گومانیان لە تیۆری کۆمەڵایەتیی ئەوروپایی بە بنەما چینایەتییەکانیەوە، لە دژی ڕاڤەکارییە ڕاهاتووەکان بە سەرکوتکاری و وەستاویی ئاسیاوە پاراستیانی. ئاسیاییەکان لە ئەوروپاییەکان نەشونمایان کەمتر نەبوو، یان کەمتر ئارەزوومەندی خەبات لە دژی چەپاوکردنی ئابووری نەبوون. ئەم

١٢٢. کەسێک مژدەی ئەم بیرۆکەیەی دا. ڕەنگە مارکس ئەم بیرۆکەیەی لە کارڵ ریتەرەوە وەرگرتبێت کە لە بەرلین مامۆستای جوگیافیای بوو.

١٢٣. مارکس و ئەنجلس لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەو کارەیان ئەنجامدا، کەچی لە کتێبەکەدا، بە هەڵە سەدەی حەڤدەیەم نووسراوە. وەرگێڕ.

بیرکردنەوەیە وای لە مارکس و ئەنجلس کرد، ئەو بۆچوونەیان بەلاوە دروست ببێت کە هۆکاری ستەمکاری و پێشنەکەوتنی ئاسیا، کۆمەڵگەی مرۆیی نەبوو، بەڵکە ژینگەی سرووشتی بوو. لە ئاسیادا گەشەکردنی کۆمەلایەتی نەبووە هۆی خاوەندارێتیی تاکەکیی بۆ زەوی: فەرمانڕەوا بە ستەمکاری خاوەنی زەوی بوو، جگە لە زەوی ئەوقاف کە خاوەندارێتیی هاوبەش بوو. بۆیە دەبینین ئەنجلس دەڵێت:

> دیارە نەبوونی خاوەندارێتیی زەوی بە راستی بە کلیلی گشت خۆرهەلات دادەنرێت. لێرەدایە مێژووە سیاسی و ئایینییەکەی. وەلێ چۆن ئەوە رووی دا کە خۆرهەلاتییەکان، تەنانەت لە شێوازە فیۆداڵییەکەیشدا نەگەیشتنە خاوەندارێتیی زەوی؟ پێموایە ئەمە لە بنەڕەتدا بۆ کەشوهەوا لەتەک پێوەندیدا لەتەک سرووشتی خاک دەگەڕێتەوە. بەتایبەتی لەتەک رووبەرە بیابانییەکاندا کە لە بیابان لە ناوچەی عەرەبی و ئێرانی و هیند و تارتارییەوە، تا سەرووی پێدەشتەکانی ئاسیا درێژدەبێتەوە. لێرەدا ئاودێریی دەستکرد بریتییە لە مەرجی یەکەمی کشتوکاڵ..لە حکومەتی خۆرهەلاتیدا پتر لە سێ ئیدارە نەبوو: ئابووری (زەوتکردنی ناوەکی)، شەڕ (زەوتکردنی ناوەکی و دەرەکی) و کارە گشتییەکان.[١٢٤]

ئەم تیۆرە بە شێوەیەکی دەستپێک، لە رێگەی مارکس و ئەنجلسەوە خرایە روو و لە نووسینەکانی دواتردا راستکردنەوەی بۆکرا، چونکە رەتدانەوەی

124.- Marx and Engels‹ Selected Correspondence (1975).

ئـەوە لەلایـەن ئەنجلسـەوە، لـە دوا نووسـینەکانیدا دەردەکەوێت.[125] ئـەوەی بـە ڕاسـتی گرنگـی پێدەدەیـن، بریتییـە لـە ڕاسـتیی بەردەوامبوونـی کاریگەریـی پێکهاتـەی ژینگەیـی ئەمـڕۆ، تەنانـەت لەتـەک ڕوونـی هەڵـەی مارکس و ئەنجلس لـە تێگەیشـتنیان لـە سـەر وشـکوبرنگیی ئاسـیادا. لەتـەک ئـەوەدا ئـەم تیـۆرە لـە سـەر باسوخواسـە مارکسـییە نوێـکان، لـە سـەر ڕێنیسانسـی سـەرمایەداری لـە ئەوروپـادا، کاریگەرییەکـی هەبـوو و لـە سـەر ئیدعاکـردن، بـەوەی لـە ئاسـیادا ڕانەپەڕیوە.[126] ئـەوەی پتـر گرنگـە ئەوەیـە، ئـەم بیرۆکەیـە لـە وەرچەرخانێکـی سەرسـوورهێنەری فیکریـدا، چـووە نـاو تانوپـۆی گشـتیی ئەدەبـی پەرجـووی ئەوروپاییـەوە.

ڕەنگـە هەریـەک لـە ماکـس ڤیبـەر لـە سـەرەتای ئـەم سـەدەیە و کارڵ ڤینفۆجـل لـە ناوەڕاسـتیدا، بـە دوو نموونـەی گرنـگ دادبنرێـن، لـە گۆڕینـی ئـەم پرەنسـیپە کۆنـە، بـۆ باسـێکی ژینگەیـی نوێـی پەرجـووی ئەوروپایـی. ڤیبـەر شـتی زۆری پێنەبـوو، تـا لـە سـەر خـودی ژینگـە بیڵێـت. پشـتی بـە هەنـدێ بیرۆکـەی توێژینـەوەی جۆراوجـۆر دەبەسـت کـە لـە سـەرەتای سـەدەکە لـە ئەوروپـادا بـە بیرۆکـە مارکسییەکانیشـەوە باوبـوون، .ڤیبـەر ئیدعـای ئـەوەی دەکـرد، بەڕاسـتی گەشـەکردنی خاوەندارێتیـی تایبەتـی لـە چاخـە ئەوروپاییـە کۆنـەکان و چاخەکانـی ناڤینـدا، یەکێـک بـوو لـە سـیما بنەڕەتییـەکان، بـۆ گەشـەکردن بـەرەو سـەرمایەداری. هەروەهـا جەختـی لەوەیـش دەکـرد، ئـەوەی بینـی بریتییـە لـە جیاوازیـی بنەڕەتـی لـە نێـوان ڕێنیسانسـی خاوەندارییـی فیودالی

١٢٥. مارکس و ئەنجلس فاکتەرگەلی دیکەیان بەهێند وەرگرت و ڕاست وایە بڵێین شیکارییەکەیان بە شێوەیەکی تیاراماو مایەوە. پێموایە ئەنجلس لە بیرۆکەی «سەرکوتکاریی ڕۆژهەڵاتی» لە دوا ساتەکانی ژیانیدا پاشەکشێی کرد. بڕوانە باسی ئەم بابەتە لە:
P. Anderson، Lineages of the Absolute State (1974)، Blaut، “Colonialism and the Rise of Capitalism” (1989)، and B. Chandra، “Karl Marx، His Theories of Asian Societies، and Colonial Rule” (1981).

١٢٦. بڕوانە:
Laibman، “Modes of Production and Theories of Transition” (1984)، and Bailey and Liobera، The Asiatic Mode of Production (1981).

(سیستمی کۆمەڵایەتی ئابووریی لە چاخەکانی ناڤین و سەرەتاکانی سەردەمی نوێدا) کە نزیک بوو و بەرەو خاوەندارییی تایبەتی کامڵ دەڕۆیشت و لە نێوان دژە شێوەیەکی دیکەدا، بەستییەوە بە شارستانییەکانی میزۆپۆتامیا و ڕووبارەکانی ئاسیا (و میسری کۆن)وە. بینی کە ئەم شێوازە کۆمەڵایەتییە، بە شێوەیەکی تۆکمە لەتەک پێویستیی بۆ ئاودێری لەو ژینگانەدا یەکانگیرە و دواتر بە شێوازێکی سەدەمکارییانە بە ژینگەوە بەستراوەتەوە. ئەو کۆمەڵگانە، هەرجاریێ ئەو واتەنی سەرکوتکارییین، هەروەها زەویی کامڵ و پوختە نەبوون بە دەستی بەرپرسانەوە، بەڵکە لە ڕێگەی سوودوەرگرتنی خاوەندارییی کاتییەوە، لە بەرامبەر خزمەتدا، وەکو ئەمڕازێک بۆ کۆکردنەوەی داهاتێکی مژادی لە ڕێگەی کریێ و پیاوانی ڕەشبگیریی سەربازییەوە و شتی لەم بابەتانەوە پێیان درابوو. ئاودێری پێویستی بە تەرخانکردنی هێزی کاری بەکۆمەڵە، لە ژێر دەسەڵاتی سەرکوتکاریدا، ئەویش بۆ ئەنجامدانی کاروباری ئاو و پارێزگاری لە ئاوەڕۆ و جۆگەکان. وەلێ لە دارستانەکانی ئەوروپادا، پێویست بە وەها دەسەڵاتێکی سەرکوتکارانە بە سەر جووتیارانەوە نەبوو.[١٢٧]

بۆیە، خاوەندارە بچووکەکان لە جووتیاران و تاکەکان لە یۆنان و لە هەر شوێنێکی دی لە ئەوروپادا، بوون بە نیشانەیەکی جیاواز بۆ کۆمەڵگەی لادێ. لە بری ئەوەی شارەکان ببن بە بارەگایەک بۆ هێزی سەرکوتکاری، بەڕاستی بوون بە شارنشینی و شارستانی. بۆیە و بە شێوەیەکی گشتی، ڕەوتێکی خۆرئاوایی تایبەت بەرەو شاری نوێ و کۆمەڵگەی سەرمایەداری هەبوو:

---

١٢٧. بڕوانە:
Weber< The Agrarian Sociology of Ancient Civilizations (1976)، pp. 84، 131، 157، The Religion of China (1951)، pp. 16، 21، 25، and “The Origin of Seigneurial Proprietorship، “Part 1، chap. 3، esp. pp. 56-57 in General Economic History (1981).

هەروەها بڕوانە:

McNeill، Plagues and Peoples (1976)، pp. 93، 207، 259.

> ئەو فاکتەرە بنەڕەتییەی بووە هۆی جیاوازیی گەشەکردنی خۆرهەڵاتی نزیک لە (یۆنان)، بریتی بوو لە نیاز بۆ سیستمەکانی ئاودێری. دەرەنجامی ئەوە شارەکان، لە رێگەی بونیاتنانی جۆگەکان و رێکخستنی بەردەوامی ئاو و رووبارەکانەوە، بە یەکدییەوە بەسترانەوە و هەموو ئەمانە پێویستیان بە بیرۆکراتیی یەکگرتوو هەبوو. یەک کەسێتییەک هەبوو بۆ گەشەکردن پێویستبوو و پرۆسەی بەسوغرەگرتنی تاکی پێوە بەسترابووەوە. لە یۆنان لە لاکەی دیکەدا، رووبارگەلێکە خاوەندارییان دانا و پرۆسەی گەشەکردن دەستی پێکرد کە بە بوونی ئاپورەی جووتیارە خاوەن موڵکە بچووکەکان کۆتاییهات کە خۆبەخۆ چەکیان فەراهەمکرد و دواتر هێزە بنەڕەتییەکە، هەردەبوا بۆ ئەو چینە بگوێزرێتەوە، بەوەیش شارستانییەک و ژیارێکی شارنشینی خەریکبوو سەریهەڵدەدا کە کۆمەڵگەی یۆنانی جیاکردەوە و بووە هۆی جیاوازیی گەشەکردنی سەرمایەداری لە یۆنان، لەوەی لە خۆرهەڵاتی نزیکدا هەبوو.[١٢٨]

پێرەوەکەی ڤیبەر لە جیاکردنەوە، لە نێوان کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، بوو بە یەکێک لە ئیدعا بنەڕەتییەکانی تیۆری پەرجوو، بەوجۆرەی لە سەردەمی ئێمەدا پێشکەشکرا. وەلێ ڤیبەر کاتێ ئەم قەڵا فیکرییەی

128. Weber، The Agrarian Sociology of Ancient Civilization (1976)، pp. 157-158.

هەروەها لە لاپەڕەی 84 دا "کشتوکاڵ بنەمای ئابووری بوو [لە میسردا]، چونکە فاکتەرێکی گرنگبوو، لە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی زەویدا. هەر شوێنێکی نوێی نیشتەجێبوون پێویستی بە دروستکردنی جۆگەیەک بوو...دروستکردنی جۆگە بریتییە لە پرۆسەیەک، جۆرێ لە رێکخستنی کۆمەڵایەتیی هاوبەشی دەوێت لە سەر ئاستێکی فراوان، کە تا رادەیەک لە چالاکیی تاکەکەسی جیاوازە بۆ لابردنی دارستانێکی خام. کەواتە لێرەدا هۆکاری ئابووریی بنەڕەتی لە گۆڕێدای،ە بۆ هەڵوێستە باڵادەستەکەی خاوەنداری لە وڵاتی میزۆپۆتامیا [و] میسردا.

بونیاتنـا، بابەتێکی گرنگی لـە شـوێنەکەیدا خافڵکرد، ئەویش بریتیبـوو لـەوەی بۆچـی ئـەو کۆمەڵگانـەی پشـت بـە ئاودێـری دەبەسـتن، ئـەو سـیفەتانەیان دەستەبەرکرد کـە تایبەتبـوون بەوانـە کـە بریتیـن لـە سـەرکوتکاری و وەسـتان و چەقبەسـتن، لەوەیـش زیاتـر نەبوونـی خاوەندارێـی تایبـەت و گەشـەکردنی شارسـتانییانەی پوختـە و شـتی لـەم بابەتـە. ئـەم خستنەسـەرە هونـەری و ژینگەییـە گرنگـەی تیۆرەکـە، لـە سـاڵی ١٩٥٥دا، لـە سـەر دەسـتی کارڵ ویتفۆجل لـە کتێبەکەیـدا، «سـەرکوتکاریی خۆرهەڵاتـی» دا خرایـە روو.

ویتفۆجـل کـە کۆنە مارکسـی بوو، دەسـتی بە باسوخواسـەکەی خـۆی کرد، بەو گریمانـە مارکسـییەی کـە پێشـتر باسـمانکرد، بـە هەوڵـی روونکردنـەوەی ئـەوەی ئـەو کۆمەڵگانـەی لـە سـەر ئاودێـری بەرپـان «کۆمەڵگـە هایدرۆلیکییـەکان»، بەوجۆرەی ناویانی نا، هەردەبێ سـەرکوتکارییانە بن و خەسـڵەتگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسـیی ئەوتۆیـان هەبێـت کـە نووسـەرەکانی سـەرەتا بـە سـەرکوتکاریی خۆرهەڵاتییـەوە بەسـتییانەوە. هەمـان شـت ئـەو کۆمەڵگانەیـش دەگرێتـەوە کـە سـیفەتگەلی کۆمەڵگـە هایدرۆلیکییەکانیـان هەیـە، لـە رێگـەی بڵاوبوونـەوە و بڵاوبوونـەوەوە. (بۆیـە بەپێـی ویتفۆجـل، روسـیای سـۆڤییەتیی ناهایدرۆلیکـی بـە سـەرکوتکاری بـوو). ویتفۆجـل پێـڕەوی لـە رەوتـی ژینگەیـی کـرد، وەلـێ لـە مارکـس و ڤیبـەر زانیاریـی زۆرتـری لـە سـەر جوگرافیـای سرووشـتی هەبـوو و لەتـەک ئەوەیشـدا ئـەم توانسـتە، تـا رادەیەکـی زۆر سـاویلکانە بـوو. ویتفۆجـل پێیوابـوو، بـە دڵنیاییـەوە ئاودانـی پارچەیـەک زەوی بەرهەمـی پتـر دەکات. هەنـدێ لـە کۆمەڵگـەکان ئەوەیـان هەڵبـژارد کـە کشـتوکاڵیی بـەراو پێـڕەو بکـەن و بەمەیـش پێدەشـتی رووبـارە گـەورەکان لـە ئاسـیادا پڕبـوون لـە دانیشـتوان. وەلـێ بەپێـی ویفۆجـل، ئاودێـری پێویسـتی بـە کارگەلـی گشـتیی بـەراو دەبێـت، بـۆ بەرپاکـردن و پاراسـتن و پارێـزگاری لـە جۆگـەکان و دواتـر ئەمـە پێویسـتی

بە دامەزراوەیەکی سیاسیی دەبێت، بەرپا لە سەر سیستمی فەرمانکردن- و دەڵێت ئەمەیە بنەمای دەوڵەت، وەکو شێوەیەکی سیاسی- و ئەم دامەزراوە ڕێکخستنی کاروباری دابەشکردنی ئاو لە ئەستۆ دەگرێت.

بۆیە، هەردەبێ کۆمەڵگە هایدرۆلیکییەکان بە سەرکوتکار دابنرێن. هەرجارێ چەندین توێژەر روونیانکردۆتەوە، چەندین هەڵە لەم باسوخواسەدا هەیە. سیان لەم هەڵانە، بەندن بە گریمانەی ژینگەییەوە و ئەوە بریتییە لە بیرۆکەی ئەوەی هەردەبێ ئاودێری، یەجگار بەرهەم زۆر بکات و دواتر ببێتە هۆی گەشەکردنی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی چینایەتیی ئاڵۆز و ببێتە هۆی پێکهاتنی دەوڵەت و شتی لەم بابەتە. یەکەم هەڵە: ئاودێری یەجگار بەرهەم زیاد دەکات، کاتێ ئەو فاکتەرە ژینگەییەی زیادبوونی بەرهەمی دانەوێڵە، بریتییە لە کەمیی ئاو. وەلێ گەلێ جار- لە ئاسیا وەکو شوێنەکانی دی - ئەوە بریتی نییە لە حاڵەتەکە. ئەمەیش بەو مانایەیە کە گەشەکردنی سیستمە گەورەکانی ئاودێری بە بەدەنگەوەهاتنی سرووشتی ژینگە دانانرێت. بەگشتی، سیستمی ئاودێری دەتوانێت لە سەر ئاستێکی بچووک لە پێدەشتی رووبارێکدا، شێوەی سیستمێکی گەورە بەخۆوە بگرێت و ئەمە وەکو ئاسەوارێک، نەک هۆکارێک بۆ دووبەرەکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی روودەدات. گوشار بۆ رادەستکردنی زێدە بەرهەم پاڵ بە پرۆسەکەوە دەنێت و تۆڕی ئاودێری فراوان دەکات و بە شێوەیەکی لۆژیکی دەبێتە هۆی دووبەرەکییەکی گەورە. بە رێگەیەکی دی، پێش سیستمە گەورەکانی ئاودێری دەکەوێت، ستەمکاریی بەرپا، یان ئاڵۆزکردنی کۆمەڵایەتی راڤەیان دەکات، نەک سەپاندنی بارودۆخی ژینگەیی. (ویتفۆجل بە ئاراستەی پێچەوانەدا باسوخواس دەکات: نیاز بۆ ئاودێری لە هەرێمێکی وشکدا، کۆمەڵگە بەرەو ئەوە دەبات، گەشە بە پەیکەرە فەرمانڕەوا و ستەمکارەکان بدات، ئەویش تا بۆی بڕەخسێت،

سیستمی ئاودێری بەڕێوەببات و دواتر ببێتە هۆی چەوساندنەوەی چینایەتی و دەوڵەت و شارستانییە خۆرهەڵاتییە سەرکوتکارییەکان). لێرەدا گشتاندنی ژینگەیی بریتییە لە پێوەندیی نێوان بەرهەمی زەوی و ژمارەی دانیشتوان کە بە بنەمای گەشەپێدانی پەیکەرە قووچەکییە کۆمەڵایەتییەکان و شتگەلی وەکو نێوەندەکانی ئاهەنگگێڕانی ئایینی و دەوڵەتان دادەنرێت. وەلێ ئاودێری توانستێکی خەیاڵیی نییە، بۆ ئەوەی زەوی بە بەرهەمهێن بکات. هەندێ لە زەوییەکان، بێ ئەوەیش بەرهەمهێنن. سەبارەت بە میزۆپۆتامیا و رووباری نیل، ئێمە نازانین ئاخۆ چینە دەسەڵاتدارەکان زیادکردنی بەرهەمیان سەپاندبێت، ئەمەیش بووە هۆی بوونی سیستمگەلی گەورەی ئاودێری، یان ئەوەی پرۆسەکە، بە راستای پێچەوانەدا رۆیشتبێت. دووەم هەڵە بریتییە لە بڕوابوون بەوەی ئاودێریی پێدەشتە وشکەکانی دەوروبەری رووبارەکان، تێکڕای بەرهەمهێنانی ئەو پێدەشتانەی، بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزکردەوە. ئاودێری دەرفەتی رەخساند، تا کشتوکاڵ لە زەوییە بیابانییەکاندا پیادە بکرێت، وەلێ هەروەکو دەزانین، کەمی لە گەیاندنی ئاو و کەمی لە داهاتی دانەوێڵە هەبوو. وەلێ ئەوەی دەیزانین ئەوەیە، بەرهەمهێنانی بەرز و قەوارە کۆمەڵگەییە گەورەکان (سەبارەت بە ژمارە و چڕیی دانیشتوانەوە) لە هەرێمە شێدارەکان و بەتایبەتی لەو هەرێمانەدا هەبوو کە مەرەزەیان دەکرد، چونکە هیچ زەرورەتێک نەبوو بۆ بوونی سیستمگەلی گەشەسەندووی ئاودێری بۆ کشتوکاڵ (و هەندێ جار تەنێ باراناو کێڵگەکانی، وەکو پێدەشتی ئیراوادی و بەشێک لە باکووری لۆزۆنی پڕ دەکرد). سێیەم هەڵە: هۆیەکی باش هەیە بۆ بڕوابوون بەوەی، هەندێ شارستانیی کۆن نەک لە سەر ئاودێری، بەڵکە لە سەر ئاوی ئاوەڕۆ بەرپا نەبوونە، ئەوەیش کارێکی ژینگەییە، گەلێ جار لە سەر ئاستێکی فراوان پێویستی بە کاروباری ئاو نییە.

بەر لە سیستمەکانی ئاوی ئاوەڕۆ، لە شارستانیی یەکەمی میزۆئەمەریکیدا، سیستمگەلی ئاودێری هەبووە. ڕەنگە سیستمەکانی سەرەتای ئاودێری، لە نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەوی، لە شوێنگەلی وەکو نیل و دیجلە و فورات و ئیندۆ و ئەلوای و ئەسفەر و نەیجەر و...هتد، لە بنەڕەتدا بریتیبوون لە سیستمگەلی ئاوەڕۆ کە بواریان بۆ هەرێمەکانی زۆنگاوە رووبارییەکان دەکردەوە و ڕەنگە گەشەیان بە حکومەتگەلێ دابێت، بەر لەوەی کۆمەڵگەکان ببن بە پێبەست بە بەرپاکردنی کارگەلی ئەندازیاریی گەورە و دواتر ببن بە هایدرۆلیکی». [129]

بیرۆکەکانی باسوخواسی ژینگەیی ویتفۆجل هێندە لەم سەردەمەی ئێمەدا گرنگە، چونکە بیرۆکە کۆنەکانی مارکس و ئەنجلس، لە سەر وشکەساڵی و ئاوداری و سەرکوتکاری و وەستان و چەقبەستن زیندوو دەکاتەوە، ئەویش بۆ بەراوردکردنی لەتەک باسوخواسەکانی ڤیبەر، لە سەر سەرکوتکاریی خۆرهەڵاتی و ئەوەیش بەمە بۆ مێژوونووسانی پەرجووی ئەوروپایی بە بنەما دادەنرێت، ئەمڕۆ وێڕای ئەوەی گەلێکیان هەستاون بە ئەنجامدانی چەندین ڕاستکردنەوەی گرنگ لە سەریان. چەمکی بنەڕەتیی بریتییە لە بیرۆکەی ڕوانین- چ بە شێوەی ڕوون و بەرچاو یان نادیار و ناوەڕۆکی- بە کۆمەڵگەی هایدرۆلیکیدا، بەوەی بریتییە لە بەرهەمهێنانی سرووشتیی پێدەشتەکانی رووبارە وشکەکان لە ئاسیا (و نیل)دا. ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە بۆ باسوخواسگەلی تیۆری «پەرجوو»، لە نووسینەکانی مێژوونووسانی وەکو ئێریک جۆنز و مایکل مان

١٢٩. بە نموونە، بڕوانە:
Denevan، The Aboriginal Culture Geography of the Lianos de Mojos of Bolivia (1966)، and “Hydraulic in the American Tropics” (1966).

دەربارەی چاندنی دانەوێڵە وشکە کۆنەکان، یان چاندنی بەرزاییەکان لە هەرێمەکانی ناوچەکانی ڕاستەهێڵ.
Golson، “No Room at the Top: Agricultural Intensification in the New Guinea Highlands” (1977).
سەبارەت بە بەکارهێنانی ئاوەڕۆ لە زەویی چیاکاندا لە نیو جینی Doolittle، Canal Irrigation in Prehistoric Mexico (1990) لە سەر بەکارهێنانی ئاوەڕۆ و کشتوکاڵ لە مەکسیک Harrison and Turner، Pre-Hispanic Maya Agriculture (1978)، لە سەر بەکارهێنانی ئاوەڕۆ لە زەویی نزم بەلای مایاوە.

و جۆن هۆل راماندەکێشێت کە پێویستە لە سەرمان بە وردی هەڵوەستەیان لە سەر بکەین.

ئیریک جۆنز لە پەرجووی ئەوروپاییدا، جەخت دەکات لە سەر ئەوەی وا لێکدەدرێتەوە کە بریتییە لە جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان کۆمەڵگە کشتوکاڵییە بەرپاکان لە سەر باراناو لە ئەوروپا و کۆمەڵگەکانی ئاودێری لە ئاسیادا. دەڵێت ویتفۆجل لە سەر حەق بووە. کۆمەڵگەکانی ئاودێری ناڵاندویانە بە دەست «دەرهاویشتە سیاسییەکانی کۆمەڵگەیەک کە کۆمەڵێکی گەورەی لە جووتیارانی هەبوو کە کۆنترۆڵکرێنیسانس»:

> کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی ئەوروپایی، بە هۆی ژینگەیەکی بەرهەمهێن لە زەویی دارستانەکان و کشتوکاڵێکی بەرپا لە سەر باراناو، توانی خۆی لە مێژوویەکی لێکچوو لە پێڕەوی دەسەڵاتخوازی- جۆرێ لە مشەخۆریی سیاسی- دوور بگرێت.[130]

جۆنز تیۆرەکەی خۆی دەخاتە سەر هەموو ئەمانە کە ئەو جووتیارانەی لە ئاوی وەستاوی گەرمدا کاردەکەن، رووبەڕووی نەخۆشییەکان دەبنەوە و ئەمەیش هەروەکو پێشتر بینیمان هەڵەیە، دەرهاویشتەکانی هەژاری و دەرهاویشتەکانی پێگە ژینگەییەکان تێکەڵ دەکات.

دوای کەمێکی دی، باس لەو داستانە خەیاڵییە دەکەین (لەبەر ئەوەی وەهایە) کە دەرهاویشتە کۆمەڵایەتییە جوانەکان و «کشتوکاڵیی بەرپا لە سەر باراناو» پێکەوە دەبەستێتەوە. وەلێ لێرەدا پێویستە لە سەرمان، تێبینیی گشت ئاسەوارە ترسناکە ئیدعاکراوەکان لەلایەن جۆنزەوە- وەکو ویتفۆجل

130. Jones، The European Miracle (1981)، pp. 8-9.

بەر لەو- بکەین، لە سەر ئەو کۆمەڵگانەی لە سەر ئاودێری بەرپان، لە راستیدا ئەمە بریتییە لە سیفەتە سرووشتییەکانی کۆمەڵگەی چینایەتیی کۆن و شارستانیی کۆن. واتە کاتێ ئەو شارستانییانە دەرکەوتن، ئەوا ئێمە - وەکو بەشێک ل پرۆسەکە- کەمییەک لە ئازادیی جووتیاران و بەسیجکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دەبینین، بۆ مەبەستگەلی جۆراوجۆر و شتی لەم بابەتە. وێنەی رۆمانسییانەی جووتیارە ئازادەکان بریتییە لەو وێنەیەی لە سەردەمەکانی بەر لە کۆیلایەتی و بەر لە سیستمی فیۆداڵی وەرگیراوە. دوای کۆلۆنیالیستیی فەرەنسی رۆمانی، ئازادیی جووتیارە ئەوروپاییەکان، وەکو هەر جووتیارێکی دی لە پێدەشتەکانی رووبارەکانی ئاسیا، یاخود هەر شوێنێکی دی کۆتوبەندکرا. دیارە کشتوکاڵی بەرپا لە سەر باراناو، لە پاڵی سنوورەکانی دارستانەکاندا، یەکێک بوو لە تایبەتمەندییەکانی ناوچەگەلێکی زۆر لە ئاسیا.

جۆن هۆل لە کتێبەکەی «هێزەکان و ئازادییەکان: هۆکارەکان و دەرەنجامەکانی رێنیسانسی خۆرئاوا» دا، دەیەوێت خۆی لە «وەهمی» ویتفۆجل (هەرجارێ خۆی ناوی لێدەنێت) لە سەر رەمەکی سەرکوتکاریی کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی دووربخاتەوە. دواتر بە وردی بەشێکی باش لە تیۆرەکەی ویتفۆجل، لە سەر هۆکارەکانی «پەرجووی ئەوروپایی» ئاوێتەی ناو پێکهاتەکەی دەکات. هۆل- وەکو زۆربەی مێژوونووسانی پەرجووەکە- هەوڵدەدات فراوانترین بواری رەخساو لە باسوخواسە تەقلیدیەکانی پەرجووەکە بەکارببات، دواتر ئەو باسوخواسانە بەرەو پێشەوە دەبات، بە ئیدعای ئەوەی گرنگترن. ئەو پێیوایە هێزە سیاسییەکان و هێزە دیمۆگرافییەکانی ماڵتۆس گرنگترن، وێڕای ئەوەی تێگەیشتنی ڤیبەر وا دەبینێت لە سەر «نەشونما»ی ئەوروپایی کە فاکتەرێکی قووڵتر بێت. هۆل ئەو دارشتەیە

پەسەند ناکات کە دەمانباتە سەر گشتاندنی سەرکوتکاری، لە سەر گشت دەوڵەتەکانی خۆرهەڵات. نەخێر، بەڵکە توندوتیژ و بێ بەزەییانە بوونە و ئارەزوویان نەکردووە و توانستییان نەبووە، هانی پێشکەوتنی ئابووری بدەن و بوونە هۆی وەستان و چەقبەستنی کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی (یان لە ئەڵقەی دووبارەدا رەوتیان کردووە) وەلێ ستەمکارانە نەبوونە. ئەو بەمە دەیەوێ بڵێت، دەوڵەتەکانی خۆرهەڵات بەهێز نەبوونە، ئەگەرچی بە رواڵەت وا دەردەکەوتن. دواتر دەبینین چۆن دەڵێت دەوڵەتە ئەوروپاییەکان لە چاخەکانی ناڤیندا، وەکو سیفەتێکی ئۆرگانی، جۆرێ لە هێزی ناوەکییان هەبووە، لەتەک گۆڕانێکی پێشکەوتوانە کە سیماکانی لە چاخەکانی ناڤیندا دارێژراوە. بۆیە و بەپێی هۆل، سەرکوتکاریی خۆرهەڵاتی هەبووە، وەلێ سەرکوتکەرەکان لاوازبوونە.[131] دوای ئەوە، هۆل ئاودێری دەخاتە روو، بەوەی بریتییە لە فاکتەرێکی دیکەی سەربەخۆ:

> (لە ئەوروپادا) نیاز بە ئاودێری نەبووە. رەنگە ئەمە هاندەر بووبێت، یان لای کەم رێگەی بە شارستانیی کشتوکاڵییەکی نانێوەندی بەرپا لە سەر پێشدەستیی تاکەکەسی دابێت.[132]

بۆیە، نیاز بۆ ئاودێری لە ئاسیادا، بریتی بوو لە نیازێکی ژینگەیی. دواتر بە دەرەنجامێک دەگەین کە بریتییە لە هاوکێشە کۆنەکەی ویتفۆجل، بەوەی ئاودێری (بە پێچەوانەی «پێشدەستییە تاکە کەسییەکە») یەکسانە بە سەرکوتکاری. دواتر هۆل لە لیستە درێژەکەیدا، دەچێتە سەر فاکتەرگەلی دیکە.

131. Hall، Powers and Liberties (1985)، pp. 12-13، 27-28، 36، 42-43، 53، 59، 99، 102، 137.

١٣٢. Hall، Powers and Liberties (1985)، p. 11، هەروەها بڕوانە: pp. 41، 123، 132.

مایکل مان چاوئەندازێکی هاوچەرخی دیکەیە لە چاوئەندازەکانی «پەرجووی ئەوروپایی»، ئەویش لیستێکی درێژی لەو فاکتەرانە هەیە کە پێیوایە بەشدارییان لە پەرجووەکەدا کردووە.[١٣٣] ئەو بەرەو ئەوە دەڕوات، جەخت لە گرنگیی هێزە سیاسییەکە و بەتایبەتی هێزە سەربازییەکەی ئەوروپای کۆن بکات. مان هەوڵێکی بێ وچان دەدات، بۆ ئەوەی خۆی لە ویتفۆجل دووربخاتەوە، وەلێ لە کۆتاییدا زۆربەی مۆدێلەکەی ویتفۆجل دابین دەکات- رەنگە بتوانم ناوی بە مۆدێلەکەی مارکس- ڤیبەر- ویتفۆجل- ببەم لە تیۆرەکەیدا. ئەویش وەکو مارکس و ڤیبەر و ویتفۆجل و جۆنز و هۆل، دەستنیشانکردنی کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییە کۆنەکان (لە میسرەوە تا چین) قەبوڵ دەکات، بەوەی کۆتکراوە و گەشەی نەکردووە، وەلێ ئاماژە دەکات، بۆ ئەوەی ئەم سەرکوتکارییە بۆ ئەوە گەشەی نەکرد، تاوەکو لە سەر ئاستێکی فراوان، شێوەی هێزێکی سیاسی سەربازی بەخۆوەبگرێت. وێڕای ئەوەی شارستانییە خۆرهەڵاتییە کۆنەکان، لە سەر کشتوکاڵی بەراو چەقیان بەستبوو، هەروەها شێوەگەلیان لە سامانەکان، لە ناوچەکانی کەناری دۆڵەکانی رووبارەکاندا بەکارهێنا. لەبەر ئەم هۆیانە، مان ئیدعای ئەوە دەکات، ویتفۆجل «لە مۆدێلەکەیدا گەلێ درێژدادڕی کردووە».[١٣٤] کۆمەڵگە کۆنە بەرپاکان لە سەر ئاودێریی سەرکوتکارانە بوون، وەلێ بەهێز نەبوون، ئەمە سەبارەت بە مان گرنگترە. دواتر مان مۆدێلەکەی دادەڕێژێتەوە و بەتەواوی دەیخاتە ناو تیۆرەکەی خۆیەوە. دیارە جیاوازیی گرنگ ئەوەیە کە لە نێوان کۆمەڵگە کشتوکاڵییە بەراوەکان، واتە بەرپاکان لە سەر ئاودێریدا و ئەوەی لە سەر باراناو بەرپایە، واتە دێمە. کۆمەڵگە ئاسیاییەکان پۆلێن دەکرێن

---

133. Mann، The Sources of Social Power (1986).

هەروەها بڕوانە بە بابەتەکەیدا:

European Development: Approaching a Historical Explanation” (1988).

134. Mann، The Sources of Social Power (1986)، p. 94.-

بـەوەی لەپێشـترن و ئەوروپاییـەکان بـە دوایانـدا هاتـوون. سـەبارەت بـە مـان، راسـتیی ئـەوەی کـە جووتیـارە ئەوروپاییـەکان، هـەر لـە کاتـی یۆنانییەکانـەوە گاسـنیان بەکارهێنـاوە و زەوییـان چانـدووە، نـەک بـە سیسـتمی ئاودێـری (بـەراو)، وەلـێ پشـتییان بـە «بارانـاو» (دێـم) بەسـتووە، ئەمـە گرنگتریـن هـۆکارە لـە پێـش ئاسـیا و ئەفەریقیـای باکووردا، پاڵـی بـە ئەوروپـاوە نابێـت. ئەوەبـوو یەکـەم پەرجـووی گـەورە. چونکـە پتـر لـە ناوچەکانـی دی، ئەوروپـای بـردە پێشـەوە و تـا ئەمڕۆیـش هـەروا مایـەوە.

لێـرەدا، بـە کورتـی باسـی مان دەکەین. بـە شارسـتانییەکانی خۆرهەڵاتی نزیک دەسـت پێدەکەیـن کـە لـە سـەر ئاودێـری بەرپـان. بـە بڕوابـوون بـەوەی ئاودێـری بریتـی بـووە لـەو داهێنانـەی بـووە هـۆی پێشـکەوتنی ئـەم شارسـتانییانە بۆ پلەی یەکـەم، مـان وا باسدەکات، تـا رادەیـەک ئـەم بنەمایـە بـووە هـۆی زیندانیکردنـی دانیشـتوان لـە «قەفـەس»دا. ئامانجـی ئـەو وێنـە رەوانبێژییـە، بریتییـە لـە روونکردنـەوەی بیرۆکـەی ئـەوەی چـۆن خەڵکـی زیندانیکـراو و کۆتوبەندکـراو بـوون، ئەمەیش لـە بەدیهێنانـی هـەر پێشـکەوتنێکی کۆمەڵایەتیدا، ئەسـتەنگی بۆ دروسـت دەکـردن. (ئـەوە وێنەیەکـی رەوانبێژییـە نـەک باسـوخواس و مشـتومڕ). مـان دەڵێـت، نزیکـەی ١٨٠٠ی بـەر لـە زاییـن، «ئیمپراتۆرییـە نۆرێنـدارەکان لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، بـە هـۆی دوو بەرهەڵسـتکاری گـەورەوە لەرزین...لـە باکـوورەوە» لـە کۆلۆنیالیسـتە ئینـدۆ- ئەوروپاییـەکان- ئەمـە وا دەردەکەوێـت کـە بریتییـە لـە کۆپییـەک لـە تیـۆرە لاوازەکـەی «کـۆڕەوە ئارییاییـەکان- کـە لەتـەک خۆیانـدا، دوو شۆڕشـیان هێنـا، بریتیـن لـە: بەکارهێنانـی گالیسـکە لـە شـەڕدا و بەکارهێنانـی ئامێـرە ئاسـنینەکان و بەتایبەتـی گاسـن. «بالانسـی هێـز بـەرەو باکـوور گوازرایەوە». [١٣٥] مـان پێیوایـە، ئـەو گەلـە باکوورییانـە گالیسـکەی

135. Mann، The Sources of Social Power (1986)، p. 179.

شەڕ و کاری ئاسنیان دانەهێناوە (کە ڕەنگە لە ئەنادۆڵەوە هاتبن)، وەلێ بێ وەستان (یان لۆژیک) ڕەتدەبێت، لە سەر ئەو بۆچوونەی، گوایە گەلانی باکوور، ئیندۆ- ئەوروپایی کۆنترۆڵی پێوەرە سیاسی سەربازی و پێوەرە بەرهەمێنانەکان کردووە. لەو خاڵە بە دواوە، لە نێوان دوو شارستانیدا بەراورد دەکات، بۆ ئەوەی خاڵەکانی جیاوانی روون بکاتەوە:»ئەوانەی بەراون لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوانەی گاسن بەکار دەهێنن و ئەوانەی لە باکووردا: یۆنان و بە شێوەیەکی فراوانتر ئەوروپا، پشت بە باراناو دەبەستن. هەروەها لەبەر ئەوەی ئەوروپاییەکان گاسنیان بەکارهێنا و لە کشتوکاڵدا پشتیان بە باراناو بەست، سەرەتا یۆنانیان بە دیموکراسی و چینەکان و خاوەنداریی تایبەتەوە (بە شێوەی گەورە یان بچووک) و زانست و ڕێزنان لە ئەقڵی مرۆییەوە گەیاندە شارستانیی نوێ.[١٣٦] بۆچی؟ دیارە جەوهەری ئەم مۆدێلە بریتییە لە وێنەی خێزانی سەربەخۆی سەرقاڵ بە کاری کشتوکاڵییەوە. ئاوی لە ئاسمانەوە بۆ دادەبەزێنرێت، نەک لە ڕێگەی سیستمێکی ئاودێرییەوە کە بە ڕێگەیەکی سەرکوتکراوی بڕیاری لە سەر درابێت. مان دەڵێت، ئاسن زۆربوو، بۆیە جووتیار، بۆ دەستەبەرکردنی بە مەبەستی دروستکردنی گاسن و بێلأ، پشتی بە شارەکان یان تۆڕە بازرگانییە درێژخایەنەکان نەدەبەست. ئەم جووتیارە سەربەخۆیە و ئەم جووتیارەی خاوەنی موڵکی بچووکە (بەو جۆرەی ڤیبەر ناوی دەنێت)، بریتییە لە مۆدێلی ئەوروپاییی دیموکراتی و شارستانی و لێوانلێو لە وزە و روو لە پێشەوەیە.

١٣٦. بەڕاستی، مان دەستپێکردنی ئەوروپای کۆن بۆ گالیسکەی جەنگی دەگێڕێنێتەوە و بۆ کشتوکاڵی پشتبەستوو بە باراناو و گاسن، وەلێ کۆکە لە سەر ئەوەی هەردوو داهێنانەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستیان پێکرد و ئەمەیش وام لێدەکات، بیر لەوە بکەمەوە کە بنەماکانی بیرکردنەوەی سەدەمکاریی بنەڕەتی بەلای مانەوە بەتایبەتی، چەمکی نەشونمای ئەوروپی و بێ ڕەچاوکردنی داهێنەرانی ئەم شتانە، بەرپایە لە سەر بیرۆکەی ئەوەی کە ئەوروپییەکان بوون ئەو شتانەیان ئەنجام دا. ئەم چەمکە ڤیبەرییە بە بنەمایەک دادەنرێت، سەبارەت بە مان و لە بەشێکی دواتری ئەم بەندەدا روون دەکرێتەوە.

هەمـوو ئەمانـە نابەجێـن. یەکـەم، ئـەوە گاڵتەجاڕیـی جوگرافییاییـە، مەزەنـەی ئـەوە بکەیـن، خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت هەرێمێـک بـووە نەیزانیـوە بـە گاسـن کشـتوکاڵ بـکات، چونکـە دانیشـتوانەکەی لـە دۆڵ و پێدەشـتەکانی رووبارەکانـدا، پشـتیان بـە کشـتوکاڵی بـەراو بەسـتبێت. گاسـن لـە کشـتوکاڵیی بـەراودا بەکارهاتـووە. هەروەهـا کشـتوکاڵیی پشتبەسـتوو بـە بارانـاو، نـەک لـە میسـر یـان میزۆپۆتامیـا، وەلـێ لـە زۆربـەی وڵاتـی شـام و ئەنـادۆل و ئێـران و بـە دڵنیاییـەوە لـە ناوچەکانـی خۆرهەڵاتـی ئاسـیا، هەروەهـا لـە ئەفەریقیـادا بڵاوببـووەوە. کاروبـاری ئاسـن لەلایـەن ئەوروپاییەکانەوە دانەهێنـرا و ئەوروپایی و نائەوروپایـی بـە یەکسـانی بەکاریـان دەهێنـا. هەمـان شـتیش سـەبارەت بە گاسـن راسـتە کـە گرنـگ بـووە، بـە نموونـە لـە چینـی کـۆن، بەوجـۆرەی لـە ئەوروپـای کۆنـدا بەکارهاتووە.[١٣٧] (دیـارە ئـەوە بۆچوونێکـی پڕوپوچـی کۆنـە، گوایـە ئینـدۆ - ئەوروپاییـە نوێکان، واتـە ئارياییـەکان گاسـنیان لـەو دەڤەرانـەدا بەکارهێنـاوە کـە تیایـدا نیشـتەجێ بـوون، یـان ئەوانـەی کـە شکسـتیان پێهێنـاون). دیـارە خەڵتـەی ئاسـنی خـاو کـە توانسـتی کارپێکردنـی هەیـە، ئەوەنـدە زۆر نییـە، بـەو جـۆرەی مـان لێکیدەداتـەوە (جگـە لـە هەرێمگەلێکـی دیاریکـراو نەبـێ کـە خاکەکـەی بـە ئاسـن و ئەلەمنیـۆم لـە ناوچـە شـێدارەکاندا دەوڵەمەنـدە).

وەلـێ زۆربـەی بەشـەکانی بۆچوونەکـەی مـان کـە سـاویلکە بێـت، بریتییـە لـە بـێ چەندوچۆنیـی ژینگەیـی. وێنـەی دەڤەرێکـی وشـکوبرنگمان هەیـە کـە تەنـێ بـە کەڵکـی کشـتوکاڵی بـەراو دێـت کـە دەبـوا لـە بـەردەم پێشـکەوتنی شارسـتانیدا رێگربوایـە. وێنـەی دەڤەرێکـی دیکەمـان هەیـە کـە خاکـی بـاش و پـڕ لـە دارسـتانی هەیـە، جووتیـاران تیایـدا بـە زۆرییەکـی بـێ هاوتـاوە بەرهـەم دەهێنـن، هەروەهـا لـە ژینگەکەیانـدا شـێوازێکی دیموکراسـی و بوێـر و زیرەکـی

137. Bray، Agriculture، vol. 6، part 2، of Needham and collaborators، Socience and Civilization in China (1984).

ئـەو کۆمەڵگەیـە دەسـتەبەر دەکـەن کـە بـەرەو پێشـەوە بـەرەو تازەگـەری هەنگاو دەنێـت. لێگەڕێـن کەمـێ زانیـاری بخەمـە سـەر ئـەم دوو وێنەیـە:

بـە بۆچوونـی زۆرێـک لـە چاوئەندازانـی پەرجووەکـەوە، تـا رادەیـەک ئاودێـری بــە بەرهەمهێــن دانانرێــت. چونکــە جۆنــز و مــان و کەســانێکی دی جەخــت دەکــەن کــە ئــەو زەوییانــەی پشــت بــە بارانــاو دەبەســتن، خۆراکــی زۆرتــر بەرهــەم دەهێنــن، ســەبارەت بــە ژمارەیــەک لەوانــەی کاری پێدەکــەن. ئەمــە راسـت نییـە. لـە راسـتیدا گەشـە بـە ئاودێـری درا، بـۆ ئـەوەی خـۆراک زیاتـر بکرێـت چ سـەرچاوەی ئـەم پرۆسـەیە لـە خواسـتی خـودی دانیشـتوانی گونـد، یـان بریتـی بێـت لـە خواسـتی سـەرووی بونیادێکـی ئایینـی یـان سیاسـیی. کاتـێ هەرێمێـک پشـت بـە ئاودێـری دەبەسـتێت، دەگاتـە قۆناغـی کەمیـی ترسـناک لـە زەویـدا، ئەمەیـش بەمدوایـە لـە راسـتای گەشـەکردنی جوگرافیـای و کۆمەڵایەتیـدا (لـە سـەر یـەک راسـتای گەشـەکردندا) روودەدات، ئـەوا بەرهەمـی تـاک لـەم حاڵەتـەدا دادەبەزێـت. ئەمـە روونـە، بـەو مانایـەی پاڵـە و جووتیـاران کاتێکـی زۆر لـە سـاڵ، لـە بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵیدا و کاتێکـی کەمتـر لـە چالاکییـە ناکشـتوکاڵییەکاندا بـە ژیانـی فەرهەنگیشـەوە لـە گونـددا و کارکـردن لـە سـەر شـتگەلێکی وەکـو دروسـتکردنی مۆنیمێنـت بەسـەردەبەن. هێـدی هێـدی، ئـەم هەڵوێسـتە دەبێتـە هـۆی هەرەسهێنانی سیسـتمی کشـتوکاڵی، لەتـەک زیادبوونـی رێـژەی خـوێ لـە خاکـدا، بەڵکـە رەنگـە ببێتـە هـۆی مـردن لـە برسـاندا. بـا ئەمـە بـەراورد بکەیـن لەتـەک ئـەو کشـتوکاڵەی پشـت بـە ئاودێـری نابەسـتێت. ئاسـاییە خـاک ڤیتامینـی کـەم بێـت (ئاودێـری کانـزا و ڤیتامینـە تـەواوەکان لـە ئـاودا لەتـەک خۆیـدا دەهێنێـت، هەروەهـا خاکەلیتـە بڕێکـی زۆر لـە ڤیتامیـن و کانـزای تێدایـە). ئاساییشـە کەمـی هەبێـت لـە رێـژەی شـێ، لەتـەک پشتبەسـتن بـە بـاران کـە ناکرێ پێشـبینی بکرێـت. بۆیـە رێـژەی بەپیتبـوون لـەو زەوییـەی

پشـت بـه ئاودێـری نابەسـتێت، لەتـەک یەکسـانی لەتـەک توخمەکانـی دیکـەدا (کـە گەلـێ جـار وەهـا نابێـت) بـە نـزم دادەنرێـت. راسـتە ئێسـتا جووتیارانـی چاخـی یەکەمـی ئاسـنین، دارسـتانەکانیان لادەبـرد و کێڵگـەی نوێیـان دروسـت دەکـرد، بەوەیـش بەرهەمهێنانێکـی بەرزیـان لـەم زەوییـە خامـە بەدیدەهێنـا، وەلـێ ئـەوە، لـە دۆڵـە نیمچـە وشـکوبرنگەکانی یۆنانـدا، دیاردەیەکـی کاتـی بـوو، هیـچ جـۆرە کاریگەرییەکـی نەبـوو. جووتیـارە سـەرەتاییەکانی ئەوروپـا روویـان لـە جێگیربـوون لـە زەویـی خاکەلیتـە و نزماییـەکان کـرد و ئاودێـری و ئـاوی ئاوەڕۆیـان بەکاردەهێنـا، ئەویـش لەبـەر ئـەوەی تێکـڕای بەرهەمیـان زیـاد دەکـرد.

بەشـێکی دی لەو میسـۆلۆژیایە بریتی بوو لەو تێگەیشـتنەی گوایە کشـتوکاڵی ئەوروپایـی، بـە پێچەوانـەی کشـتوکاڵی ئاسـیاییەوە، تـا رادەیـەک یارمەتیی ژیانی سـەربەخۆی دەدا. جووتیـارە سـەرەتاییەکانی ئەوروپـا بەوجـۆرەی مـان وێنـای دەکـرد، بـە دابـڕاوی و دوور لـە یەکدییـەوە دەژیـان، دارسـتان چواردەوریانـی دابـوو. لـەو حاڵەتانـەی بـەم شـێوازە تیایـدا دەژیـان، وەکـو ئەوروپـا لـە ئاسـیادا دیاردەیەکـی سـنووری هەبـوو. گەلـێ جـار جووتیـارەکان، گونـدی گـەورە یـان چەنـد گونـدی بچووکـی لێکـدراو یـان بـە درێـژی، ئەویـش بەپێـی بارودۆخەکـە بـە کۆمـەڵ دەژیـان. هیـچ جێگـەی گومـان نییـە، کۆمەڵـگە کشـتوکاڵییەکان لـە ناوچـە بەرزەکانـدا لـە ئاسـیا، وەکـو لێکچووەکانیـان لـە ئەوروپـا وابـوون. لـە هەمـان بەنـددا، بـۆ ئـەم پرسـە دەگەڕێینـەوە، کاتـێ باسـی بۆچوونـی پڕوپوچـی بـێ هاوتایـی خێزانـی ئەوروپایـی دەکەیـن. وەلـێ ئێسـتا ئـەو بیرۆکەیـە پۆلێـن دەکـەم، گوایـە کۆمەڵـگە سـەرەتاییە کشـتوکاڵییە ئەوروپاییـەکان بـێ هاوتابوون، پشـتیان بـە خۆیـان بەسـتووە و لـە کۆمەڵگەکانـی ناوچەکانـی دی پێشـکەوتووتر بـوون، بـەوەی کـە بۆچوونێکـی پڕوپوچـە.

دیارە، هەڵـەی بنەڕەتـی کـە بیریارەکانـی سـەدەی نۆزدەیـەم و ڤیبەرییـەکان تێکەوتـن کـە ئێسـتا بـە شـێوازێکی ئامێـری لەلایـەن مێژوونووسـانی وەکـو جۆنـز و هـۆل و مانـەوە دووبـارە دەبێتـەوە، ئەوەیـە کـە بڕوابکەیـن یـان گریمانـی ئـەوە بکەیـن، یـەک جـۆر لـە ژینگـە، جۆرێکـی دیاریکـراو لـە کۆمەڵگـە بەرهـەم دەهێنێـت و ئـەوە کـە بـە درێژایـی مێـژوو بـەردەوام دەبێـت. بـە ئاسـانی ناتوانیـن بـەراورد بکەیـن، لـە نێـوان شارسـتانییە کۆنـەکان کـە لـە سـەر ئاودێـری لـە ئاسـیا و باکـووری ئەفەریقیـادا بەرپابـوون، لەتـەک ئەوانـەی کشـتوکاڵ تیایانـدا پشـتی بـە ئاودێـری نەدەبەسـت، وەکـو شارسـتانییە ئەورووپاییـەکان- یـان باشـتر وایـە بڵێیـن ئاسـیا- و گریمـان دوو جـۆری جیـاواز لـە شارسـتانی هەبـن، بـە درێژایـی مێـژوو بەمجـۆرە بـەردەوام ببـن. فەرهەنـگ دەگۆڕێـت. جووتیـاران لـە ژینگەیەکـەوە بـۆ ژینگەیەکـی دی دەگوێزنـەوە. جووتیـاران لـە گەلـێ شـوێندا، کشـتوکاڵیی بـەراو دەکـەن و ئەوانـەی پشـت بـەوە نابەسـتن، ئەویـش لـە سـەر جۆرگەلـی زۆر لـە خـاک، کاتـێ زەویـی گونجـاو و لەباریـان هەبێت.[١٣٨] بۆیـە، ئـەو تیـۆرەی جەخـت لـەوە دەکات کـە شارسـتانییە کشـتوکاڵییەکان، لـە ئاسـیای رووتەنـی و بـێ بارانـدا، شـێوازێک لـە کۆمەڵگـەی وەسـتاوی سـەرکوتکارانە بەرهـەم دەهێنێـت کـە هەرگیـز بـە ئاراسـتەی تازەگەریـدا گەشـە نـاکات. ئـەم تیـۆرە لـە جەوهەریـدا بۆچوونێکـی پڕوپوچـە.

138. Blaut، “Two Views of Diffusion” (1977).

# ئەوروپای فێنک

پێشتر بینیمان چۆن مێژوونووسان مۆدێلێکی پڕوپوچیان بۆ کۆمەڵگەی ئەوروپایی دارشت کە کشتوکاڵ تیایدا پشتی بە باراناو دەبەستێت، بەو گریمانەی باراناو سوود دەهێنێت کە لەو کۆمەڵگانەدا نییە کە کشتوکاڵ تیایاندا پشت بە ئاودێری دەبەستێت. هەروەها چۆن کە تەنێ ئەوروپاییەکان کشتوکاڵی پشتبەستوو بە باراناویان ئەنجامداوە. مێژوونووسانی وەکو مان و جۆنز و هۆل گەشەیان بەم باسوخواسە دا. چونکە پشتبەستنی ئەوروپا لە کشتوکاڵدا بە باراناو، وێڕای ئیدعای باشی و بەپیتیی خاکەکەی، بووە هۆی بەرهەمێکی کشتوکاڵی نابەردەستەکی لە شوێنێکی دیکەدا. سەرەڕای ئەوەی ئەو مێژوونووسانە لەپێشتربوون بە ئیدعای بێ هاوتایی ئەقڵی ئەوروپایی دەدەن، بەوەی گەشەکردوو و داهێنەرە، ئەوان بەشێکی زۆر لەم لەپێشتربوونە بە ژینگەی سرووشتیی ئەوروپا دەدەن.

بە نموونە، مان وێنەیەک بۆ جووڵە بەرەو باکووری خۆرئاوا دەکێشێت لە مێژووی ئەوروپاییدا و هەر ئەوەیە کە لە بەندی یەکەمدا وەسفمان کرد، بەوەی بریتییە لە مۆدێلی شەمەندەفەری خێرای خۆرهەڵات کە ئەم کۆمەڵگە گوندنشینە لە چاخەکانی ناڤیندا دەگوێزێتەوە و هەر ئەوەی کە بێ هاوتا و داهێنەر و راهاتوو بە خودی خۆی بوو و بەرەو باکووری خۆرئاوای دەبات و ئەم مۆدێلە لە چاخی ئاسنیندا دەرکەوت، بە هۆی تێکەڵکردنی بێ هاوتای ئەوروپایی، لە نێوان کشتوکاڵ و ئاسن و زەوی کە بە باراناو ئاو دەدرێت. دوای مۆدێلەکەی، واتە «پەرجووەکە»، لە سەر گەشەکردنی کۆمەڵگەی ئەوروپایی لەم وێنەیە ئاڵۆزترە، وەلێ بەشێکی بنەڕەتی لەم مۆدێلە، بریتییە لە جووڵەی جوگرافیی جێگیر و خۆبەختکەر و لێوانلێو

لـە ڕووداوە مێژوویيـەکان، ئەوەيـە کـە بـە «تـەوژمـی» باکـووری خۆرئـاوا نـاو دەبرێـت و ئـەوە خاوەنـی بەرەيەکـە، هەميشـە بـەرەو باکووری خۆرئـاوا هەنـگاو دەنێـت. بـە خۆدوورگرتـن لـە بیَ چەندوچونيـی فەلسـەفی، ئـەو لەتـەک ئـەوەدا، بـە گشـت پرۆسـەکە شـەقڵێکی هيگلـی دەبەخشـێت.[139] يەکێک لـە دوو هـۆکارە بنەڕەتييەکـەی ئـەم جووڵەيـە بـەرەو باکـووری خۆرئـاوا، بريتييـە لـە ژينگـەی بـەرزی باکووری خۆرئـاوای ئەوروپـا. هەروەهـا هـۆکاری ئـەم بەرزيـی ژينگەيەييە، بريتييـە لـە «خاکـە بەپيتـە شـێدار و قووڵەکـەی».[140]

وەکـو مـان، جـۆن هۆليـش «خاکەليتـە لـە باکـووری ئەوروپا»[141] دەنرخێنێـت، وێـڕای ئـەوەی خاکەکەيـش لـە باکـووری خۆرئـاوای ئەوروپـا «ليتـە و بەرهەمهێـن و پشـت بـە بارانـاو دەبەسـتێت» (هيـچ هۆيـەک نەبـووە بـۆ ئاودێری).[142] ئێريـک جۆنـز هەمـان ئيدعـا لـە پـەرجووی ئەوروپاييدا دەکات، وەلیَ بە راسـتکردنەوەيەکی کەمــەوە. ئـەو لـە سـەر «ژينگـەی بەرهەمهێنـی ئەوروپـا و بەرپـا لـە سـەر زەويـی دارسـتان و کشـتوکاڵی پشتبەسـتوو بـە بارانـاو»[143] و «لـە سـەر هاوينـی بـاش و باراناويـی ئەوروپا»[144] دەنووسـێت. جۆنـز (بـە پێچەوانـەی مـان و هـۆل) دان بـە راسـتيی ئـەوەدا دەنێـت، زەويـی ئاسـيا پشـت بـە ژمـارەی زۆری دانيشـتوان دەبەسـتێت کـە کاری کشـتوکاڵی دەکـەن، لەتـەک ئامـاژە بـۆ ئـەوەی زەوييەکـە بەرهەمـی زياتـر دەبێـت و تێبينـی ئـەوە دەکات، زەويـی بەرهەمهێنـی ئەوروپـا برتييـە لـە هەرێمگەلـی جـودا و بچـووک، دواتـر دەبينيـن يەکێـک لـە ميسـۆلۆژيايەکانی سـتەمکاريی خۆرهەڵاتـی دەخاتـە روو:

139 . Mann، The Sources of Social Power (1986)، pp. 247، 406، 408، 412، 504-510، 520، 530، 539-540.
140. Mann، The Sources of Social Power (1986)، p. 509.
141. Hall، Powers and Liberties (1985)، p. 99.
142. Hall، Powers and Liberties (1985)، p. 110.
143. Jones، The European Miracle (1981)، p. 10.
144. Jones، The European Miracle (1981)، p. 47.

> کشتوکاڵی هایدرۆلیکیی ناکردەیی، پەراوێزێکی لە ئازادی بە وزەکانی ئەوروپاییەکان بەخشی، بۆ ئەوەی بۆ مەبەستگەلی دی بەکار بێت. رەنگە ژمارەی جووتیارانی ئەوروپا، لە ژمارەی جووتیارانی چین و هیند کەمتر بێت، وەلێ ئەوان بە بەراورد لەتەک هاوکارەکانیان لە هیند و چین، لە کارەکانی کۆنترۆڵکردنی ئاودا، کاتی کەمتر لە کاری کشتوکاڵیدا بەسەر دەبەن.[١٤٥]

لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەیە کە جووتیارە ئەوروپاییەکان پێویستیان بە بەسەربردنی کاتی زۆر لە کاری کشتوکاڵیدا نەبووە، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان و بەدیهێنانی بڕەبەشی زێدە، لە کاتێکدا ئاسیاییەکان ناچار بوون، لە پێناوی هەمان دەرەنجامدا کار بکەن. ئەمە بە قەشمەری دادەنرێت، مەگەر ئەوەی دەست لە پێرەوە مێژووییەکە هەڵبگرین و هەوڵ بدەین بەراوردێکی ناعادیلانە ئەنجام بدەین، لە نێوان جووتیارە ئاسیاییەکاندا، لە سایەی بارودۆخگەلی نوێ، لە کەمی لە زەوی و لە نێوان جووتیارە ئەوروپاییەکان، لە سایەی بارودۆخگەلی سنووریدا، یاخود جووتیارە ئەوروپاییەکان کە لە چاخی نوێدا، خاوەنی سەرمایەن. بە شێوازێکی دی، ئەمە مانای نییە لە سایەی تەکنیکی کشتوکاڵیدا- ئاودێری کە مەبەستی فرەبوونی بەرهەمهێنانی کرێکارە و ئەوە بەدیدەهێنێت- و لە سایەی هەر مۆدێلێک بۆ جووتیاری کۆن و هەژار و داماوی ئەوروپاییدا کە لە ژێری بارێکی سەنگیندایە کە بەرگەی ناگرێت.

145. Jones، The European Miracle (1981)، p. 8.
جۆنز هەمان ئەو هەڵە باوە دەکات بە گریمانەی دابەزینی بەرهەمی ئەو کەسەی لە بواری کشتوکاڵدا کار دەکات لە کشتوکاڵی بەرپا لە سەر ئاودێری، بە بەراورد لەتەک ئەوەی لە سەر ئەوە بەرپا نییە. ئەمە دۆخەکە نییە. تەنانەت لەتەک ئەو ئاژەڵانەیش کە بۆ راکێشان بەکاردەبرێن، بەرهەمی کشتوکاڵی لە چاخەکانی ناڤیندا بۆ کرێکار نزم بوو. هەروەها ئاژەڵان بۆ راکێشان بەکار دەبرێن لە کشتوکاڵی بەرپا لە سەر ئاودێری و بە رادەیەکی فراوان هەروەها لە هەندێ لە سیستمە کشتوکاڵییەکان لە ناوچەکانی پڕ لە ئاو لە ئاسیادا کە مەرەزە دەکەن.

دیاره «خاکی شێدار» کە ئەو مێژوونووسانە باسی لێدەکەن، ڕێژەی شێ و ترشییەکان بە جۆرێ تیایدا بەرز دەبێتەوە کە کارکردن تیایدا ئەستەمە، بە هۆی کەمیی بەپیتبوونیەوە، مەگەر دوای بەکارهێنانی کۆد نەبێ. «دیارە هاوینی باش و باراناوی» لە ڕاستیدا بریتییە لە کەشوهەوایەکی شێدار، دەبێتە هۆی ڕێگەگرتن لە وزەی خۆر، هەروەها ڕەنگە دانەوێڵەکان ئەوە بەرهەم نەهێنن کە لێیان چاوەڕوان دەکرێت (ئەوە لە یاد نەکەن کە چۆن خستنەڕووی پەتاتە دوای ١٤٩٢ گرنگ بوو)، هەروەها خاکەکە وشک نابێتەوە، ئەمەو ئەگەر وشکبووەوە، مەگەر لە کاتێکی درەنگ لە بەهاردا نەبێ، من نامەوێ لە پێگەی هەڵوێستەکە کەم بکەمەوە یان تڕۆی بکەم. خاک لە باکووری خۆرئاوای ئەوروپادا، بە هەموو جۆرەکانییەوە، لە خاکی دەڤەرەکانی دیکە جیاواز نییە. ئەگەر دەستەواژەگەلی ژینگەییمان بەکارهێنا، دەتوانین بڵێین دەڤەرە گەرمە وشکەکان کە باران تیایاندا دەبارێت، یان ئەوانەی پشت بە ئاودێری یاخود ئاوی ئاوەڕۆ دەبەستن، بەرەو ئەوە دەڕۆن، بەرهەمهێنانیان بەرز بێت. دیارە خاڵەکەی من ئاراستەکارانەترە. شتێک نییە تایبەت بە ژینگەی کشتوکاڵیی ئەوروپا، بتوانین ڕاڤەی بکەین، بەوەی بە پەرجوو ناودەبرێت، یان ئەو بڕوایەمان لادروست بکات (بەوجۆرەی ئەو نووسەرانە بڕوایان پێی هەیە کە لەوانەوە زانیارییەکان دەگوێزمەوە) کە مێژووی ئەوروپایی بە درێژایی خۆی لە مێژووی ئاسیایی باشتربووە، بە هۆی ئەوەی گوایە ژینگەی کشتوکاڵیی ئەوروپاییەوە.

ئیدعای ئەوەی گوایە ژینگەی ئەوروپایی تایبەتمەندە، لە چێوەی کشتوکاڵدا سنووردارە. باسوخواسەکەمان لە سەر کشتوکاڵ بە کۆتایی دەگەیەنم، بە وتەیەکی کورت لە سەر چوار لە بڕگەکانی بەراوردکاری کە مێژوونووسانی هاوچەرخ لە سەر «پەرجووی ئەوروپایی» پێشکەشیان کردووە.

یەکــەم: بریتییــە لــە باسوخواســی «لووتکــەکان (نیمچــە کەنــداوەکان) و کەنداوە تەقلیدیـەکان» کـە بـەلای زۆربـەی منداڵانـی قوتابخانـە ئەوروپاییـەکان و ئینـدۆ- ئەمەریکییەکانـەوە زانـراوە. گریمـان پێکهێنانـی نیمچـە دوورگـەکان و دوورگـەکان لـە ئەوروپـا، وێـڕای رووبارەکانـی کـە بـە کەڵکـی کەشـتیڕانی دێـن، بارودۆخێکـی سرووشـتییان بـۆ پێوەنـدی و بازرگانـی فەراهـەم کردبێـت، ئـەو بارودۆخـەی کـە بـۆ غەیـری ئـەوان دەسـتەبەر نەبووبێـت. ئەمەیـش بـووە هـۆی رێنیسانسـی بـازاڕەکان و دواتـر بـووە هـۆی سـەرمایەداری لـە ئەوروپادا.[١٤٦] هەڵـەی لـەوەدا دەردەکەوێت کـە راسـتەوخۆ، وەکـو جلوبەرگـی ئیمپراتۆرەکـە لـە چیرۆکـە بەناوبانگەکـەی هانـز ئەندەرسـۆن، تەماشـای بکەیـت.[١٤٧]

بـە نموونـە، لـە چاخەکانـی ناڤینـدا، گەیشـتن بـە ناوچـە زۆرەکانـی ئاسـیا، لـە رێگـەی دەریـاوە بـە درێژایـی کەنارەکانـی ئۆقیانووسـی هینـدی و بەشـێکی زۆر لـە دەریـای باشـووری چیـن، گەلـێ ئاسـانتربوو، وەک لـە ئەوروپـای ئەتڵەسـی. (ئەگـەر بـای وەرزی کێشـەیەک لـە ئۆقیانووسـی هیندیـدا دروسـت دەکات، ئـەوا باوبـۆران لـە باکـووری ئۆقیانووسـی ئەتڵەسـیدا، کێشـەیەکی گەورەتـری لێدەبێتــەوە).

شـارە بازرگانیـەکان بـە درێژایـی کەنـاری هیندیـدا بڵاوبوونـەوە و کەشـتییە بازرگانییـەکان بـەم کەنـارەدا، بـۆ ئەندۆنیزیا و نیمچـە دوورگـەی عەرەب هامشـویان دەکـرد کـە کاڵای زۆریـان باردەکـرد، وەکو برنج و ئاسـن، وێڕای کاڵای گران بەهای دیکـە، ئەمـە بـەر لـەوەی کەشـتییە ئیتاڵییـەکان بازرگانیـی کاڵا رێکخـراوەکان،

146. Mann، "European Development" (1988)، p. 10, The Sources of Social Power (1986)، p. 406, Jones, The European Miracle (1981), pp. 90, 227, Crone, Preindustrial Societies (1989), p. 150, McNeill, Plagues and Peoples (1976), p. 295.

١٤٧. جلوبەرگـی ئیمپراتـۆر: ئاماژەیـە بـۆ چیرۆکـی جلوبەرگـە نوێکـەی ئیمپراتـۆر کـە نووسـەری دانیمارکـی هانـز ئەندەرسـۆن نووسـی، بـاس لـە ئیمپراتۆرێکـی گەمـژە دەکات کـە دوو گزیبـاز بەکـرێ دەگرێـت کـە گفتیـان پێـدا جوانتریـن و بەهادارتریـن جلـی لـە باشـترین کوتـاڵ بـۆ بـدوورن.

لـه نێـوان دەریـای ناوەڕاسـت و باکـووری خۆرئـاوای ئەتڵەسـیدا بکەنـەوە. مـن لێرەدا لـه پێگـەی شـارەزایی کەشـتیڕانی بـۆ راوچییانـی ئۆقیانووسـی ئەتڵەسـی، یـان بازرگانانـی ئایزلەنـدە، یاخـود پێوەندیـی هانـز Hanseatic league [148] کـەم ناکەمـەوە، کاتـێ تێبینـی دەکـەم کـە هەرێمگەلـی دیکـە بـە هەمـان لێهاتوویـی ئەورووپایـی، لـە مـاوە نزیکـەکان بـە یەکدی، دەریایـان بەکارهێنـاوە.

وەلـێ ئـەو رووبارانـەی بـە کەڵکـی کەشـتیرانی دێـن کـە بەخشـراون بـە ئەورووپـا یەجـگار سەرسـووڕهێنەرن، وەلـێ بـێ هاوتـا نیـن. ئەوانـە باشـترنین لـە رووبارەکانـی چیـن یـان هینـد. کەشـتیڕانی لـە دوورگەکانـی باشـووری خۆرهەڵاتـی ئاسـیا، کاری کەشـتیڕانی تیایانـدا خۆشـترە، وەک لـە رووبارێکـی وەکـو رایـن یـان دانـوب. دیـارە ئـەوە پرسـێکە، بەنـدە بـە دابەزیـن بـۆ کەتـوار و دەسـتهەڵگرتن لــە بەراوردکارییــەکان. هەڵــەی باسوخواســی "لووتکــەکان و دوورگــەکان"ی: هەڵەیەکـی دیکـە، بـە دوای خۆیـدا دەهێنێـت: بریتییـە لـە بیرۆکـەی ئـەوەی ئەورووپـا هـەر لـە کۆنـەوە لـە غەیـری خـۆی لـە شارسـتانییەکان جیـاواز بـووە کـە ناچاربـوون بـۆ گواسـتنەوەی کاڵاکان، سـوود لـە رێگـەی وشـکانی وەربگـرن. گەلـێ لـە مێژوونووسـانی "پەرجووەکـە" تیـۆری گرانیـی هاتوچـۆی وشـکانیی، زیاتـر لـە هاتوچـۆی دەریایـی دووبـارە دەکەنـەوە. لـە راسـتیدا ژمارەیەکـی زۆر لـە بەراوردکارییـەکان هەنـە. ئەوسـا مـان و غەیـری مـان، بیرۆکـە کۆنـەکان، لـە سـەر ئـەو ئاژەڵانـە بـە بەڵگـە دەهێننـەوە کـە لـە راکێشـانی قورساییەکاندا بـەکار دەبرێـن کـە لـە رووبەرگەلـی سـنووردارردا ئاڵـف دەخـۆن (هەنـدێ دەڵێـن ئەوانـە نزیکـەی ١٠٠ بـۆ ١٥٠ کیلۆمەتـرن)، ئـەوان ئـەو راسـتییە نازانـن کـە ئـەو ئاژەڵانـە لـە رێگـەدا دەلەوەڕێـن و لێـرەدا بـە ئاسـانی لـە رێگـەی ئاورێشـم لـە ئاسـیا و

١٤٨. Hanseatic league : هاوپەیمانییەکی فیدراڵی لە چاخەکانی ناڤین، لە نێوان شارەکانی رۆژئاوای ئەڵەمانیا و وڵاتانی دراوسێدا.

کاروانە سۆدانییەکان تێدەگەین.[149] کەناڵە ئاوییەکان لە چین بەتوانستتربوون، لە ڕێگەکانی بارکردنی بازنەیی کەنارەکان لە ئەوروپا. هەروەها هاتوچۆی ئاوی- بەتایبەتی لەتەک با و لە بەرزایی ڕووبارەکاندا- هەر لە نزیکەی ١٠٠٠ ساڵەوە، تایبەتمەندییان بە سەر هاتوچۆی وشکانیدا نەبووە.

ئێریک جۆنز لە پەرجووی ئەوروپاییدا ئیدعای ئەوە دەکات، ئاسیا پتر لە ئەوروپا بە دەستی کارەساتە سرووشتییەکان بە گشت جۆرەکانیەوە ناڵاندویەتی، ئەمەیش لە ئاسیادا کاریگەریی نێگەتیڤی لە سەر پرۆسەی گەشەکردن هەبووە.[150] باسوخواسەکە بەو خاڵە دەگات کە تیایدا ئیدعا دەکات، ترسناکترینی کارەساتە سرووشتییەکان هێندە مەزن بوو کە مرۆڤە ئاساییەکانی تۆقاند، ئەمەیش کاریگەریی لە سەر ڕەفتاری دیمۆگرافییان هەبوو، چونکە پەرەیان بە ئەزموونەکانیان نەدا. ئەگەر ڕاستیی زانیارییە کەمە مێژووییەکانمان، لە سەر ئەم بابەتە وەلاوە نا، ئەوا گەورەترین هەڵە بریتییە لە پێوەر. دیارە "ئەوروپا" بەلای جۆنزەوە، بریتییە لە خۆرئاوا و ناوەڕاستی ئەوروپا. ڕەنگە ئەم دەڤەرە هێندەی نیمچە کیشوەری هیند ببێت و ڕەنگە چواریەکی قەبارەی ئەو ڕووبەرەی لە ئاسیادا خەڵکی لە سەرە. بۆیە، بە ڕەچاوکردنی یەکسانیی گشت بارودۆخەکانی دی، ڕەنگە تووشی چواریەکی کارەساتە سرووشتییەکان ببێتەوە.

ئەوە ڕاستە کە لافاوەکان مەترسییان زۆرترە، لەو هەرێمانەی کە تیایاندا خەڵکی دۆڵ و پێدەشتی ڕووبارەکان دەچێنن، وەلێ دانیشتوان هەڵدەستن

149. Mann، The Sources of Social Power (1986، chap. 5).

لە ڕاستیدا، مان تیۆری کۆنی جەنگ لە سەر بنەمای ئەم جۆرە لە لێکدانەوەکان بونیات دەنێت و ئەو لێرەدا لەو ڕاستییە خۆی گێل دەکات کە سوپاکان کاتی خۆی وەکو ئێستا لە ڕێگەدا، خۆراکی خۆیان و ئاژەڵەکانیان دابین دەکەن.

150. Jones، The European Miracle (1981)، chap. 2 and elsewhere. Hall، Powers and Liberties (1985)، p. 132.

هەمان ئیدعا دەخاتە ڕوو و جۆنز بە بەڵگە دەهێنێتەوە.

بـه ئەنجامدانـی راسـتکردنەوە، بـۆ کەمکردنـەوەی قەبـارەی ئـەم مەترسـییە، بـە جـۆرێ لـە مـاوەی درێژخایەنـدا، رێگـر نەبێـت یـان کاریگەریـی نێگەتیڤـی لـە سـەر پێشـکەوتن نەبێـت. پێموایـە، مەترسـییەکانی کەشـوهەوای زسـتان لـە گوندەکانـی ئەوروپـادا، بـە ئەنـدازەی قەبـارەی مەترسـییەکانی لافـاو بـوو لـە ئاسـیادا، سـەبارەت بـە تـاک. باوبۆرانـەکان خراپترنەبـوون لـە باوبۆرانەکانـی باکـووری ئۆقیانووسـی ئەتڵەسـی لـە زسـتاندا. لـە راسـتیدا هیـچ بەڵگەیـەک بـە دەسـتەوە نییـە کـە ئـەو تیـۆرە پشـتی پـێ ببەسـتێت، هەروەهـا وەکـو باسوخواسـێک دوورە لـە راسـتییەوە، جەخـت لـە سـەر «پەرجـووی ئەوروپایـی» بـکات.

چەندیـن کـەڕەت مێژوونووسـانی پەرجووەکـە ئامـاژە بـۆ تایبەتمەندیـی ژینگەی ئەوروپایـی دەکـەن، ئیدعـا دەکـەن ئەمـە دەرەتانـی بـێ هاوتـای ئەوروپـای، بـۆ بازرگانیـی ناوخـۆ و دواتـر بـۆ سـەرمایەداری لێدەکەوێتەوە.[151] تەنـێ پێویسـتمان بەوەیـە تێبینـی بکەیـن، چـۆن ئەوروپـا فرەییەکـی زۆری لـە ژینگـەکان و بەرهەمـە سرووشـتییەکاندا نییـە، بـە بـەراورد لەتـەک هەرێمەکانـی دیکـەدا بـە هەمـان قەبـارە. بـە نموونـە، چیـن هەمـان فرەیـی ژینگەیـی لـە هێڵـە ناڤینەکانـی پانیـدا هەیـە، وێـڕای کەنـاری باشـووری ناوچەکانـی راسـتەهێڵ.

وەلـێ دوا بۆچوونـی پڕوپوچـی ژینگەیـی کـە لێـرەدا باسـی دەکەیـن، ئـەو ئیدعایەیـە کـە تایبەتمەنـدی و جیاوازیـی هەڵەتـی (تۆبۆگرافـی) ئەوروپـا بـە فرەیـی «هەرێمـە بنەڕەتییەکانیـەوە» تیایـدا کـە چیـاکان و جەنگەڵـەکان لـە یەکدییـان جیـا دەکەنـەوە، بۆتـە هـۆی ئـەوەی کۆمەڵگـەی کۆنـی ئەوروپایـی و لـە چاخەکانـی ناڤینـدا، بـە چەندیـن سـیمای گریمانکـراوی جیاببێتـەوە،

151. Hall، Powers and Liberties (1985)، p. 111، Jones The European Miracle (1981)، pp. 90، 105، 107، 226-227، Mann، “European Development: Approaching a Historical Explanation” (1988)، p. 10، Mann، The Sources of Social Power (1986)، p. 406.

وەکـو: گەشـەکردنی سیسـتمێکی بـێ هاوتـای بازرگانـی و بەرپابوونـی وڵاتانـی مامناوەنـدی لـە رووی قەبـارەوە و ئـەو سـوودە ئیدعاکراوانـەی لەمانـە دەکەونەوە. بـۆ بەسـتنەوەی ئـەم بەشـە بـە بەشـگەلێ لـە ئەدەبـی «پەرجووەکـەوە» کـە ئیدعـای بـێ هاوتایـی ئەوروپـا، لـە گەشـەکردنی ئابـووری و سیاسـیدا دەکات، لـە رووی جوگرافییـەوە تـا کۆتایـی ئـەم بەنـدە، باسـکردنی دوا دەخـەم. ئێسـتا بـەوەوە دەوەسـتم بڵێـم، بیرۆکـەی «جەوهـەر» بۆچوونێکـی پڕوپوچـە، ئەگەریش راسـت بێـت، باشـتر وایـە بـە سـەر کیشـوەرەکانی دیکەیشـدا جێبەجـێ بکرێـت.

## ئەقڵگەرایی

ئێسـتا دەگوێزینـەوە بـۆ ئـەو تیۆرانـەی بانگەشـەی تایبەتمەنـدی و جیـاوازی و باڵادەسـتیی مێژوویـی ئەوروپـا، یـان لەپێشـتربوونی دەکـەن، واتـە- پەرجـووی ئەوروپـا- کـە چـەق لـە سـەر بایۆلـۆژی یـان ژینگـە نابەسـتێت، بەڵکـە لـە سـەر فەرهەنـگ. یەکـەم مامەڵـە لەتـەک ئـەو تیۆرانـەدا دەکـەم کـە بـە چەمکـی باڵادەسـتیی ئەقڵـی «ئەقڵگەرایـی»ی ئەوروپاییـەکان دەسـت پێـدەکات. لـەو تیۆرانـەدا هەمیشـە «ئەقڵگەرایـی» سـیفەتگەلی زۆری دەروونـی هەیـە کـە توانسـتی داهێنـان (یـان پێشـکەوتنخواز) لەخـۆ دەگـرن. ئەوانەیـش بریتیـن لـە توانسـتی بیرکردنـەوەی ئەبسـتراکت و بڕیاردانـی مۆراڵـی. دۆزەکـە ئـەوە نییـە کـە ئاخـۆ ئـەم پرسـانە هۆکارگەلـی گرنگیـی مێژوویـین یـان نـا، بەڵکـە بریتیـن لـەوەی ئایـا ئەوروپاییـەکان پتـر لـە کۆمەڵگـە مرۆییەکانـی دی ئەقڵانیتـرن؟ هەروەهـا ئایـا ئـەو سـیفەتە بریتییـە لـە هـۆکاری بنەڕەتـی، یـان یەکێکـە لـە هـۆکارە بنەڕەتییەکانـی رێنیسانسـی بـێ هاوتـای ئەوروپـا؟ دیـارە جەختکـردن لـە سـەر ئـەوەی ئەوروپاییـەکان لـە نائەوروپاییـەکان زیرەکتـرن، وەکـو بڵێـی هـەر لـە کۆنـەوە وەهابووبێـت و مێژووەکـەی بـۆ چاخـی ڤیکتـۆری بگەڕێتـەوە، وەلـێ تەمومـژاوی و گومڕاکارانەیـە. تیـۆرەکان لـە سـەر سـیفەتی «ئەقڵگەرایـی

خۆرئاوایی» و شتی لەو بابەتە، بۆ وەچەکان لە توێژەرانی ئەمڕۆ، هەروەکو رابردوو بە گرنگ دەزانن. ئەستەمە ئەو تیۆرانە بناسین کە تایبەتن بەوە، چونکە شێوازێکی دی بەخۆوە دەگرن. بە نموونە، رەنگە شیکاری لە سەر تەکنەلۆژیا چڕ ببێتەوە و چەقببەستێت، باس لەوە بکات کە داهێنانە تەکنەلۆژییە ئەوروپاییەکان بوونە هۆی جموجوڵی پێشکەوتنانەی جۆراوجۆر لە مێژووی ئەوروپاییدا. بە روانین پیایدا لە نزیکەوە، دەبینین گەلێ جار ئەم شیکردنەوە تەکنۆلۆژییانەیە دەمانبەنە سەر تیۆرێک لە سەر توانستی ئەوروپاییەکان بۆ داهێنان، واتە ئەقڵگەراییان. بە هەمان شێوە، رەنگە شیکردنەوە بە دەوڵەت یان بازاڕی ئازاد یاخود بە خێزان دەست پێبکات، وەلێ گەلێ جار (نەک هەمیشە) دەیداتە پاڵ سیفەتی بنەڕەتیی ئەقڵگەرایی و هەندێ جار راستای باسوخواسەکە بە پێچەوانەوە دەبێت. تیۆرە نەژادپەرستە تەقلیدیەکان بریتی بوون لە تیۆرگەلی ئەقڵانی: لە بەر ئەوەی سپیپێستیت، ئەوا هەردەبێ تۆ زیرەکتربیت. هەندێ (و نەک هەموو) تیۆرەکانی مارکس بریتین لە تیۆرگەلی ئەقڵانی: شکستی سیستمی فیوداڵی جڵەوی بۆ وزە داهێنەرەکان شلکرد کە دواتر بوونە هۆی داهێنانی تەکنەلۆژی و...هتد. گریمانی باڵادەستیی ئەقڵی بۆ یەک ماوە و بۆ یەک شوێن، پرسەکان ئاڵۆزتر دەکەن، وەکو کلیلێکی جادوویی هەموو پرۆسەکەی دەست پێکردبێت، وەکو برکلیزی ئەسینا[١٥٢] و شوێنکاری گۆتێنبێرگ[١٥٣] و... هتد. هەوڵدەدەم ئەم پرسانە پۆلێن بکەم، لە رێگەی مامەڵەکردن لەتەک، یەکەم لەتەک «تیۆرەکانی ئەقڵگەرایی»، دواتر دەگوێزینەوە بۆ جۆرەکانی دی، لە تیۆرە تەکنەلۆژییەکان و دامەزراوەییەکان، هەندێکیان رەگوڕیشاڵیان لە سیفەتی ئەقڵگەراییی ئەوروپاییدا هەیە.

١٥٢. برکلیزی ئەسینا: ئاماژەیە بۆ بریکلیزی سەرکردەی یۆنانی کە ئەسینای کرد بە بەهێزترین و قەشەنگترین و دەوڵەمەندترین شار. رابوونی فەرهەنگی و تەلارسازی و سیاسیی ئەسینا بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، چونکە لە سەردەمی ئەودا بارسینون بونیاتنرا.

١٥٣. گۆتینبێرگ: داهێنانی ئامێری چاپکردن بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

# تیۆری ئەقڵگەرایی

زۆربەی توێژەرە ئەوروپاییەکان لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، ئەو گریمانە بنەڕەتییەیان قەبوڵ کرد کە ئەوروپاییەکان لە نائەوروپاییەکان ئەقڵانیترن. ئەوەیش لە ڕێگەی کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە تیۆرە مێملەکانەوە ڕوونکراوەتەوە، بەناوبانگترینیان بریتییە لە نەژادپەرستیی بایۆلۆژی، وەلێ من پێموایە زۆربەی ئەوروپاییەکان، بێ ڕەچاوکردنی ڕاڤەکردن، ئەم گریمانەیان قەبوڵکرد. ڕوون بوو کە دەوڵەتە ئەوروپاییەکان ئاستێکی بەرزیان لە سامان و شارستانیی پتر لە وڵاتانی دی بەدیهێنا و بەوەیش، لە ڕێگەی داهێنان و ئەفراندنەوە، بە پشتبەستن بە خۆیان گەیشتن. وێڕای ئەوەی ئێستا ئەوروپاییەکان لە هەموو جیهاندا باڵادەستن، ئەمەیش هەندێ باڵادەستیی فیکری و ڕەنگە مۆراڵیشی لێبکەوێتەوە. ئەمە لە ترۆپکی پرەنسیپی تیۆری تەقلیدیی بڵاوبوونەوەدا بوو (لە بەندی یەکەمدا باسکرا) و هەندێ خەڵک گومانیان لە گریمانە بنەڕەتییەکانی پرەنسیپەکە هەبوو: ئەوروپا گەشە دەکات، لە کاتێکدا ئەم گەشەکردنە لە ناوچەکانی دیکەدا نابینین، یان ئەوەی بە شێنەیی ڕوودەدات. گەشەکردنی ئەوروپا لە بنەڕەتدا، چەق لە سەر پرەنسیپی فیکری یان ڕۆحی دەبەستێت. تەنیا ڕێگە بۆ گەشەکردنی ناوچە نائەوروپاییەکان، بریتییە لە ڕێگەی پێشوازیکردن لە فیکرە ئەوروپاییە ئەقڵانییەکان کە ئەوروپاییەکان لە کەسانی وەکو کارگێڕە کۆلۆنیالیستەکان و نیشتەجێبووەکان و جووتیاران و پڕوپاگەندەکەرە ئایینییەکان و بەڵێندەرانی کاڵا جۆراوجۆرەکانەوە هێنایان.

زۆربەی بیریارە ئەوروپاییەکان، لەم کاتەدا پرەنسیپی «یەکێتیی دەروونیی نەژادی مرۆڤ»یان قەبوڵکرد، لای کەم تا ئەو ڕادەیەی تیایدا کۆکن، لە سەر ئەوەی گشت مرۆڤایەتی لە توانستێکی گشتی لە سەر گەشەکردن بەرەو تازەگەری بەشداری دەکەن. ئەم بیروباوەڕە لە شێوەی تیۆرێکی

بڵاوبوونەوەکردوودا خەملّی، وێڕای ئەوەی لە سەر ئاستی جیهان، لە بەشی یەکەمی ئەم سەدەیەدا قەبوڵ نەکرا کە دەتوانین بە چەمکی دووفاقیی گەشەسەندنی ئەقڵگەراییی مرۆڤایەتی ناوی بنێین.

یەکەم دووفاقی بریتی بوو لە جیاکاری لە نێوان ئەقڵیەتی منداڵ و ئەقڵیەتی کەسی باڵقدا. ئەقڵی مرۆڤ لە حاڵەتی بەر لە مێژووەوە گەشەی کرد کە وەکو پێگەی کۆرپەیی ئەقڵ وابوو. مێژووی ئەوروپایی روون دەکرایەوە، بەوەی بەری گەشەکردنی ئەقڵی مرۆییە، یاخود بەوەی پێوەندییەکی تۆکمەی پێوەی هەبووە لە پرۆسەیەکدا کە لە بنەڕەتدا وەکو گەشەکردنی دەروونی دادەنرێت، لە منداڵییەوە بۆ تەمەنی ژیری. تا مێژوو پێشتر بکەوێت، ئەوروپاییەکان ئەقڵانیتر دەبن، رێک وەکو ئەوەی منداڵان لە کاتی نەشونماکردنیاندا، بە تەمەنی باڵقی دەگەن. کۆنەکان تەنێ زیرەکییان کەمتر نەبووە، بەڵکە پتر لە ئەقڵیان، لە ژێر کۆنترۆڵی سۆز و هەستەکانیاندا بوون، رێک وەکو دۆخی منداڵان لە چاخی نوێدا. لەتەک هەندێ راستکردنەوەدا، هەمان راوبۆچوون سەبارەت بە ژنە ئەوروپاییەکان هەبوو کە زیرەکییان کەمتربوو و پتر لە پیاوان سۆزیان تیادا هەیە، واتە لە پیاوان نەشونمایان کەمترە. وەلێ ژنانیش توانییان گەشەکردنی ئەقڵ تاقیبکەنەوە، دواتر بە پلەیەک لە نەشونماکردن دەگەن، وایان لێدەکات دەنگ بدەن و پۆستە گشتییەکان بە دەستەوە بگرن و...هتد.

لە چێوەی هەمان تیۆردا، وا تەماشای نائەوروپاییەکان دەکرا، گوایە لە رووی دەروونییەوە تێوەنەگلاون، یان ئەوەی لێکچووی کەسی ساوان. وەلێ لەتەک بڕوابوون بە یەکێتیی دەروونی مرۆڤایەتی، ئیتر نائەوروپاییەکان دەتوانن بە قۆناغی ژیری و بە تازەگەری بگەن، ئەویش لە رێگەی کۆمەڵێ لە ئەزموونی فێرکارییەوە کە لە بنەڕەتدا کۆلۆنیالیستییانەن. (دیارە دەستەواژەی

«سەرپەرشتیی کۆلۆنیالیستی» نیشانەبوو لە سەر ئەم بڕوایەی، لە زۆربەی بڕیارەکانی مێژوو و جوگرافیای ئەو کاتەدا رووبەڕوومان دەبێتەوە). ئەوە تەنێ بڕوابوون نەبوو، بەوەی «دانیشتوانە ئەسڵییەکان وەکو ساوا بن»، بەڵکە دەبوا بیرۆکەی پێنەگەیشتنی نائەوروپاییەکان پرەنسیپێکی زانستیی دیاریکراو بێت کە خێرا بڵاوبوونەوە دەکات و بڵاودەبێتەوە: نائەوروپاییەکان وەکو ساوا بیردەکەنەوە و لە رێگەی ئەوروپاییەکانەوە، دەچنە سەر رێگەی ئەقڵگەرایی. دیارە چەندین ئاست لە نائەوروپاییەکاندا هەبوو. «بەربەرییەکان» ئەقڵیەتی منداڵیان هەبوو. وا تەماشای گەلان دەکرا کە نوێنەرایەتیی کێشەکانی وەکو هیندییەکان و عوسمانییەکان و چینییەکانیان دەکرد، وەکو بڵێی تەنێ لە چەند لایەنێکی دیاریکراوەوە ساوا بن. پتر لە ئەوروپاییەکان، سۆز و هەست و نەست بەڕێوەی دەبردن. (شۆڕشی دژ بە کۆلۆنیالیست، گوزارش لە کەمئەقڵی و پێنەگەیشتن و کرچوکاڵی دەکات، چونکە بریتییە لە تەقینەوەی هەست و سۆزی ساوایانە). وەلێ سەبارەت بە رامانی زانستی و فەلسەفیی ئەبستراکت، خەڵکانی ئەو فەرهەنگانە، لە ئاستێکی پێگەیشتنی ئەوتۆدا نەبوون، وەلێ رەنگە لە هەندێ لایەنی وەکو هونەر و کاری دەستەوە، هەرزەکاری بەهرەداربن.

کەواتە، مۆدێلێکمان هەیە جەوهەرەکەی بریتییە لە پیاوی ئەوروپاییی ئەقڵانی و نوێ. مێژوو بریتییە لە گەشەکردنی ئەم پیاوە، تا دەگاتە قۆناغی پێگەیشتنی ئەقڵی. لە نێوان ئەو و لە نێوان پیاوی ئەوروپاییی کۆندا، هەروەها لە نێوان ئەو و لە نێوان ساوا ئەوروپاییەکان لە چاخی نوێدا، لە نێوان ئەو و نێوان ژنانی ئەوروپاییدا و لە نێوان ئەو و نێوان نائەوروپاییدا بەراوردکراوە. بەراوردەکە فراوانتر بوو تا ژێرەکان بگرێتەوە لە هەندێ لەو قوتابخانانەی کە دەبینین لە رووی ئەقڵەوە کۆتوبەندکراون،

ئەمەیش وەکو شێوازێکی چارەسەرکردن بەکاردەهات.[154] ئەوەی پێویستمانە لێرەدا جەختی لەسەر بکەین، بریتییە لە راستیی ئەوەی ئەم بیرۆکانە بە تیۆرێکی گشتی دابنرێن. بۆیە راست بوو ئاڵوگۆڕکردنی پرەنسیپەکان، لە نێوان رەهەندە جۆراوجۆرەکاندا بۆ بەراوردکردن. ئەوەی لێرەدا هاوڕەوتی ئامانجەکانمان بێت، بریتییە لە لکاندنی سیفەتی گەشەکردنی ئەقڵی بە مێژووی ئەوروپایی و دواکەوتوویی بۆ نائەوروپاییەکان لە رابردوو و لە ئەمێستادا، بۆیە ئەوروپاییەکان خاوەنی ئەقڵگەراییێکی بێ هاوتابوون.

هەڵەیە وێنەیەکی گۆڕدراو لە سەر تیۆرەکانی توێژینەوە، بۆ چەند وەچەیەکی پێشووتر بخەینە روو، چونکە ئەو مۆدێلەی پێشکەشی دەکەم، وا دەردەکەوێت وەکو بڵێی ئاوهایە. زۆربەی توێژەران بە دەقاودەقی بڕوایان نەکرد بەوەی بە نموونە، سوورپێستێک ئەقڵی ساوایەکی بووبێت، یان ئەوەی خەملێنی گەشەکردنی ئەقڵ لە منداڵییەوە بۆ باڵقی، گەشەکردنی ئەقڵ بۆ نەژادی مرۆڤ کورت و پوختە دەکات. وەلێ مۆدێلەکە بە سەر فیکری ئەوروپاییەوە هێزێکی باڵادەستی هەبوو و بە رێگەگەلی دیاریکراو و ورد. دیارە هاوکێشەی ساوا و مرۆڤی کۆنی نائەوروپایی، بە شێوەیەکی روون پەسەندکراوبوو، لە راستای نائەکادیمیدا (رۆژنامەکان و داستانەکانی تەرەزان و شتی لەم بابەتەدا). سیاسەتی فێرکاریی ئەمەریکی بەرامبەر بە سوورپێستەکان و گەلانی دیکەی ژێردەستە، بە روونی لە سەر ئەم مۆدێلە بوونیاتنرێنیسانس، تەنانەت ئەگەر کۆپییەکی شەفافی ئەویش بێت. ژمارەیەکی زۆر لە نووسین، لە مێژوو و جوگرافیا و گشت زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لایەنگەلێکیان لەم مۆدێلە بەکارهێنا و لە راستیدا ژمارەیەک لە تیۆرە باو و بڵاوبووەکان و پەسەندکراوەکان، بریتین لە شێوەگەلێ بۆ هەمان مۆدێل. لێرەدا سێ نموونە بۆ بەدیهاتنی سوود دەخەینە روو:

---

١٥٤. هەندێ جار «ئەقڵی تاوانکاری» دەبینرا، بەوەی گوزارش لە رەهەندێکی دیکە لە جیاوازی دەکات.

زۆربەی زانیارانانی مرۆڤناسی بیرۆکەی ئەوەیان پەسەندکرد کە دوو جۆر ئەقڵی جیاواز هەنە: یەکەم ئەوەیە کە بە «ئەقڵی سەرەتایی» ناودەبرێت و بریتییە لە ئەقڵی گەلانی خێڵەکی لە هەموو شوێنێک (و هەندێ لە جووتیارانیشیان خستۆە سەری). ئەم «ئەقڵە سەرەتاییە» بە روونی وەسفکراوە- بەناوبانگترینی ئەم وەسفانە، لە کتێبە گرنگەکەی لیڤی برۆلدایە کە چۆن دانیشتوانە ئەسڵییەکان بیر دەکەنەوە- بەوەی توانستی بیرکردنەوەیان نییە، لە بیرگەلی ئەبستراکت و تیۆریی باڵا بۆ کۆنترۆڵکردنی سۆز لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان و شتی لەم بابەتە.[١٥٥] هەندێ لە زانیارەکانی بواری مرۆڤناسی دژی ئەم چەمکە وەستانەوە (لە هەموویان بەناوبانگتر بوس و رادین و مید).[١٥٦] هەندێ لە زانایانی بواری مرۆڤناسیش، بە هەندێ راستکردنەوەوە و هەندێکیش بەو جۆرەی هەیە، پەسەندیان کرد. شێوەی کرچوکاڵی تیۆرەکەی لیڤی برول کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر دەروونناسان و گشت زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو. چەمکی «زمانە سەرەتاییەکان» کە توانستی گوزارشکردنی لە بیری ئەبستراکت و تیۆری باڵای نەبوو، پەیوەست بوو بەم تیۆرەوە. ئەم چەمکە کۆنە (کە لە یەک شێوەدا، بەلای ولیەم ڤۆن هەمبولتەوە بەکارهات) پەیوەست بوو بە گریمانەی ئەوەی مرۆڤەکان ناتوانن لە دەرەوەی چێوەی ئەوەدا بیربکەنەوە کە زمانەکەیان دیاری دەکات و دواتر زمانی سەرەتایی ئەقڵێکی سەرەتایی لەخۆ دەگرێت.[١٥٧]

---

155. Levy-Bruhl, How Natives Think (1966).

١٥٦. بە نموونە، بڕوانە:
Boas، The Mind of Primitive Man (1938)، Radin، Primicive Man as Philosopher (1927)، M. Mead، Growing Up in New Guinea (1930).

157. Stocking، Victorian Anthropology (1987)، p. 598، Bowler، The Invention Progress (1989), p. 66, Whitman “From Philogy to Anthropology in Mid-Nineteenth Century Germany” (1984), Bernal, Black Athena، vol. 1 (1987), Said, Orientalism (1978).

دەربڕینێکی نوێ بۆ ئەم تیۆرە لە دیمانەیەکی سۆڤیەتی لە سەر ”سەرکوتکاریی رۆژهەڵاتی“دا هاتووە:
(Lelekov، “Round-Table: State and Law in the Ancient Orient،” 1978). لیلیکۆڤی مێژوونووس ئیدعای ئەوە دەکات، ئەو وشانەی بە مانای ”ئازادی“ و ”حەق“ن، لە زمان یان زمانە ئیندۆ- ئەوروپییەکاندا و نەک لە زمانەکانی رۆژهەڵاتی نزیکدا بنەڕەتی بوونە. جەخت لەوە دەکات، پێویستە ئەمە کاریگەری هەبووبێت لە سەر ”رامانی کۆمەڵایەتی“ (p. 109). زمانەوان ((V. Ivanov (p. 193) ئەم بۆچوونەی پوچەڵپرۆسەوە.

لەمەیش دوورتر بریتییە لە تیۆری کۆنی فیلۆلۆژی، لە سەر جیاوازیی خۆڕسکیی ئیندۆ- ئەوروپایی کە لایەنگرانی زۆری هەبوو. ئەم تیۆرە چەمکی زمانی سەرەتایی فراوانتر کرد، تا گشت زمانە نائەوروپاییەکان لە جیهاندا بگرێتەوە. وەلێ سێیەم نموونە بریتییە لە خێزانێکی گەورە لە تیۆرەکان لە بواری دروونناسیدا و ئەمەیە کە بیرۆکەی گەشەکردنی ئەقڵی بەلای تاکەوەی بەکارهێنا، بەوەی لەتەک گەشەکردنی ئەقڵیی نەژاددا جووتە و ئەوەی گەلە سەرەتاییەکان لە چاخی نوێدا، ئەقڵیەتی ساوایان و کۆنەکانیان هەبووە و لە هەندێ کاتدا، ئەم چەمکە فراوان بووە، تاوەکو پێکهاتەی دەروونیی گریمانەکراو (و کەمی) بەلای گەلانی نائەوروپاییەوە، بە شێوەیەکی گشتی لەخۆ بگرێت. ئەم تیۆرە لە سەدەی بیستەمدا، لە رێگەی تیۆری شیکاریی دەروونییەوە، لە سەر دەستی کارل یۆنج و شوێنکەوتوانییەوە سەریهەڵدا. یۆنج چووە ناو فەرهەنگە ناخۆرئاواییەکانەوە (عەرەب و هیندییەکان و ئەفەریقاییەکان و ئەمەریکییەکان و...هتد)، بەو دەرەنجامە گەیشت کە مرۆڤی نوێی ئەوروپایی، تەنێ ئەوە گەشەی بە ویژدانێکی تاکەوانی داوە، منێکی خۆیەتی، توانست لە سەر بیرکردنەوە، توانست لە سەر ئەوەی خۆی بە تاکێکی جودا لە جیهانی دەرەکی دابنێت. تەنێ خودی مرۆڤی ئەوروپایی لە رووی ئەقڵەوە ژیر و هۆشیارە.[١٥٨]

---

١٥٨. بڕوانە (1988) Dalal، "The Racism of Jung". لە کاری یۆنج بەتایبەتی Psychological Types (1971) (بە نموونە: "[ئەگەر] گەڕاینەوە بۆ دواوە بۆ دەروونناسیی سەرەتایی، هیچ ئاسەوارێک بۆ چەمکی تاک نابینین". p.10 Memoriees، Dreams، Reflections (1963) and "The Dreamlike World of India،" in Civilization in Transition (1927).
هەروەها بڕوانە بە کاری خوێندکارەکەی یۆنجدا (Erich Neumann، The Origins and History of Consciouness 1954)، بە نموونە "گەشەکردنی هۆش وەکو شێوەیەک لە گەشەکردنی داهێنەرانە، بریتییە لە دەستکەوتێکی تایبەت بە مرۆڤی رۆژئاوایی...کەسێتیی داهێنەر بریتییە لە سیمایەکی بنەڕەتی بۆ پرەنسیپەکانی فەرهەنگی رۆژئاوا...لە فرهەنگە نەگۆڕەکان یان کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا کە سیما ئەسڵییەکانی فەرهەنگ لە مرۆڤایەتیدا هێشتا پارێزراون، قۆناغە سەرەتاییەکانی دەروونی مرۆڤ باون" .(pp. xvili-xix).

ئـەم بۆچوونـە رووبـەڕووی گەلـێ گۆڕانکاریـی گرنـگ بـووەوە، ئەوەبـوو لـە نـاو مۆدێلـی «نوێکردنـەوە»دا توێنرایـەوە و ئەوەیـش کۆمەڵـێ بیرۆکەیـە، هەروەکـو بینیمـان، بـۆ ئـەوە هاتـوون لـە پەنجاکانـدا و تـا رادەیەکیـش تا ئەمـڕۆ، کۆنترۆڵـی فیکـری کۆمەڵایەتیـی ئەوروپایـی بکـەن. «تۆرێنـی کۆلۆنیالیسـتی» بـواری بـە «بڵاوبوونـەوەی داهێنانـە نوێـکان» دا. چیتـر نائەوروپاییـەکان «دانیشـتوانی ئەسـڵی» نیـن و چیتـر دەرەتانـی ئـەوە نییـە بـە «سـاوا» وەسـف بکرێـن. چەمکـی ئەقڵیەتـی تەقلیـدی، شـوێنی چەمکگەلێکـی وەکـو «ئەقڵـی سـەرەتایی» و «زمانـی سـەرەتایی» گرتـەوە. نائەوروپاییـەکان لـە دوو پرسـدا بـە تەقلیـدی دادەنرێـن: ئـەوان «توانسـتە نوێکانـی ئەقـڵ»، واتـە توانسـت بـۆ رامانـی تیـۆری و زانسـتییان نییـە، هەروەهـا «رەفتارگەلـی نوێ»یـان نییـە، لـەو جـۆرەی تـاک بـۆ دەسـتەبەرکردنی شـتگەلی بەرزتـر هانـدەدات و ئـەم کۆنـە رەتبکاتـەوە و شـتی لـەم بابەتـە.

هێشـتا ئەمـە دەردەکەوێـت بـەوەی بریتییـە لـە ئەقڵـی سـەرەتایی، وەلـێ جیاوازییەکـی گرنـگ هەیـە. «ئەقڵـە تەقلیدیـەکان» چاوەڕوانـن لـە خەوەکەیـان بێـدار ببنـەوە، بـۆ ئـەوەی بچنـە نـاو چاخـی تازەگەرییـەوە. وێنـەی گەورەتـر بریتییـە لـە وێنـەی دیمەنێکـی سرووشـتیی گـەورەی کۆمەڵگـە تەقلیدیـەکان، خەڵکانـی خـاوەن ئەقڵیەتـی تەقلیدییـان تێدایـە و ئـەوە نوێکردنەوەیـە کـە لـە پارچەکانـی ئـەو وێنەیـەدا ژیـان دەبەخشـێت. رەنگـە ئەقڵیەتـەکان بگۆڕێـن. رەنگـە پەیکـەری کۆمەڵایەتـی بگۆڕێـت و رەنگـە فیکرگەلـی نـوێ بڵاوببنـەوە لـەو کۆمەڵگانـەی بـە کـردەوە نوێدەکرێنـەوە لـەو ئەوروپـا نوێیـە و شـتی لـەم بابەتـە. ئـەوەت لەبیـر بێـت کـە پرەنسـیپی نوێکردنـەوە، لـە جیهانـی ئەمـڕۆی دوای سـەردەمی کۆلۆنیالیسـتیدا، تەنـێ چەمکـی بڵاوبوونـەوەی شـوێنەکی بـۆ فیکـرە ئەوروپاییـەکان و لێکچوویـان نییـە. بەڵکـە بریتییـە لـە چەمکێکـی مێژووییـش:

نوێکردنەوە وەکو مێژوو. دەستەواژەی «کۆمەڵگەی تەقلیدی» و «ئەقڵیەتی تەقلیدی»، بۆ وەسفکردنی ئەوروپای کۆن بەکاردەهێنرێت و وا تەماشای رێنیسانسی ئەوروپا کرا، بەوەی بریتییە لە پرۆسەیەکی نوێکردنەوە، هەروەها سەرەتای ئەم پرۆسەیە گەلێ باسکرا: کەی ئەوروپا لە رێنیسانسی لە تەقلیدییەوە بەرەو نوێکردنەوە دەستی پێکرد. لێرەدا مێژوو لە بەر هەمان هۆ بانگەشە دەکرێت: ئەوروپا پێشکەوت و ئێستا جیهانی نائەوروپایی- وەلێ نەک بە پاشکۆیی- بە هەمان ئەو حاڵەتەدا دەڕوات. دواتر دێینە سەر ئەم خاڵە. وەلێ یەکەم دەمەوێت قسەم لە سەر پرەنسیپە سەدەمکارییە بنەڕەتییەکان هەبێت کە پێموایە بەرەو ئاراستەکەی دیکەمان دبات. ئەوە روونەکەمەوە کە چۆن قوتابخانەکانی دەروونناسی و کۆمەڵزانی و بوارەکانی دیکە سەریانهەڵدا و ئیدعای ئەوە دەکەن، روونکردنەوەی زانستی فەراهەم دەکەن لە سەر ئەوەی رێک بریتییە لە «ئەقڵی تەقلیدی» و چۆن بەرهەمی کاری ئەو توێژەرانە، بە گەڕانەوە بۆ مێژوو دزە دەکات، چونکە رێگەی خۆی لە نووسینە نوێکان لە سەر پەرجووی ئەوروپایی دەدۆزێتەوە.

تیۆرە بنەڕەتییەکەی جان پیاجێ[١٥٩] لە سەر گەشەکردنی ئەقڵ- کە لە بواری دەروونناسیدا کەسێتییەکی گرنگە- زنجیرەیەک لە «قوناغی» جێگیری، لە سەر گەشەکردنی ئەقڵی گریمان کردووە کە لە رێگەیانەوە ساوایانی پیادا رەتدەبن. پیاجێ لە ژێر کاریگەریی لیڤی برول و پرەنسیپی ئەقڵی سەرەتاییدا بوو و لە کۆتایی ١٩٧١دا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە:

١٥٩. جان بیاجێ: فەیلەسوف و زانیاری سویسری، باشەی زانینی گەشەکردنی ئەقڵ و قۆناغەکانی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، لە رێگەی توێژینەوە و تاقیکردنەوەکانی لە سەر منداڵ و هەروەها فەلسەفەکەی کە بە زانیاریی بۆماوەیی ناسراوە.

> دیـاره ئەمـە لێکدانـەوەی ئێمەیـە کـە لـە سـەر کاری ئیتنۆگرافـی هەمانـە، لـە چەندیـن کۆمەڵگـەدا رامانـی کەسـی ژێـر ئاسـتی پرۆسـە «بەردەسـتەکییەکان» نەبەزێنێـت، بۆیـە ئـەو ناگاتـە ئاسـتی پرۆسـە لۆژیکییـەکان کـە لای ئێمـە، لـە نێـوان تەمەنـی دوانـزە و پانـزەدا گەشـە دەکـەن.[160]

«پرۆسـە لۆژیکییـەکان» بـە مانـای رامانـی لۆژیکییـە. وەلـێ «پرۆسـە بەردەسـتەکییەکان» بریتیـن لـە رامانـی منداڵـی، قۆناغـی بـەر لـە رامانـی لۆژیکی و ئـەوە توانسـتی ئـەوەی نییـە، مامەڵـە لەتـەک ئەبسـتراکت و تیـۆردا بـکات. ئێسـتا پیاجێ بـووە بـە دەروونناسـێکی گـەورە، وەلـێ زانیاریـی راسـتەوخۆی- و ئیدعـای نەکـرد کـە هەیەتـی- لـە سـەر دەروونناسـیی نائەوروپایـی نەبـوو. لـە سـۆنگەی مۆدێلـی گەشـەکردنی دووفاقیـی تەقلیدیـەوە باسـوخواس دەکات کـە منـداڵ و کەسـی سـەرەتایی یەکسـانن (و ئـەوە نزیکـەی ٣٠ سـاڵ دوای ئـەوە کـەوت کـە بـە ئیتنۆگرافییـەوە بەنـدە).

وەلـێ گەلـێ لـە قوتابییەکانـی ویسـتیان تیۆرەکـەی خۆیـان بـە پرەنسـیپی نوێکردنـەوەوە ببەسـتنەوە. ئیتـر خۆیـان لـە بابەتەکـە دا و دەسـتیانکرد بـە توێژینـەوە، بۆ زانینی ئەوەی ئاخۆ نائەوروپاییەکان (بەتایبەتی ئەفەریقیاییەکان) بـە کـردەوە توانسـتیی ئەقڵیـی کەمتریـان هەیـە. ئەمـە بـە سـووککردن دانانرێـت، ئەگـەر بڵێیـن گشـت ئـەم توێژینەوانـە، هەمـان هەڵەیـان ئەنجامدایـەوە و هەمـان دەرەنجامـی چاوەڕوانکراویـان لێکەوتۆتـەوە. تاقیکردنەوەکانـی توانسـتی ئەقڵییـان بەکارهێنـا کـە پیاجێ لەتـەک منداڵـە ئەوروپاییەکانـدا بەکاریهێنـا، بـە دەگمـەن راسـتیانی دەکـردەوە و هەسـتا بـە پیادەکردنـی ئـەم تاقیکردنەوانـە، بـە سـەر سـاوایان و کەسـانی باڵقـی نائەوروپاییـدا و ئـەوەی چاوەڕوانکراوبـوو بینییـان،

160. Piaget، Psychology and Epistemology (1971)، p. 61.

لەوەی ئەو خەڵکانە خاوەنی هێزە ئەقڵییە هۆشیارەکان نین. ئێستا ئیتر هەڵەکە زانراوە و ئەمڕۆ زۆربەی دەروونناسان لە شاگردانی پیاجێ، هەردەبێ جەخت لە ساوایی ئەقڵی نائەوروپاییەکان بکەنەوە. لەو سەردەمەدا، لە پاڵی توێژنەوە بەرپاکان لە سەر فیکری پیاجێ لە شەستەکان و حەفتاکاندا، توێژینەوەگەلی ژمارەیەک لە دەروونناسان لە قوتابخانەگەلی فیکری دیکەی (وەکو قوتابخانەی هاینز ڤیرنەر) سەریانهەڵدا کە پرەنسیپی ئەقڵی سەرەتایی کۆنیان بە حەقیقەت دانا،[١٦١] لە پاڵی توێژینەوەگلێ کە هی دەروونناسانی باشووری ئەفەریقیا بوون، بەراوردیان دەکرد لە نێوان چەند نموونەیەک لە سپیپێست و رەشپێستدا و چەند ئەوروپاییەکیش ژمارەی دانیشتوانی ئەفەریقیایان تاوتوێ دەکرد و هەندێ لە دەروونناسانی ئیسرائیلی کە لە نێوان توانستی ئەقڵیی عەرەب و جوولەکەدا بەراوردیان دەکرد، دەروونناسە ئەوروپاییەکان، لەتەک کەمترین حاڵەتی ریزپەڕدا بینییان، ئەو نموونە نائەوروپاییانە هەمان کەمییان لە توانستی ئەقڵدا هەیە و دواتر ئەوان «تەقلیدین».[١٦٢] لە زۆربەی ئەو توێژینەوانەدا، تا رادەیەک دەرفەت بە «دانیشتوانە ئەسڵییەکان» نەدراوە، چونکە تاقیکردنەوەکان ئەوروپایی بوون و لەلایەن ئەوروپاییەکان، یان لەلایەن یاریدەرەکانیانەوە، لە ویستگەگەلی ئەوروپاییدا ئەنجامدراون. هەر ئەوەندەی هەڵەکە دەرکەوت، بواری «زانستی هەمان فەرهەنگی بەراورد» ناوێکی خراپی دەستەبەرکرد- وەکو پاساوێکی نووسین بۆ نەژادپەرستی- تا هەشتاکان، کاتێ ئەم ئاراستەیە گۆڕا. دیارە پرسەکە لێرەدا ئەوەیە، لە کاتێکدا ئەمڕۆ دەروونناسانی بەراوردکار لە ناو فەرهەنگەکاندا، بە روونی نکوڵی دەکەن، لەوەی نەشونمای نائەوروپاییەکان لە

١٦١. بەنموونە، بڕوانە:.Werner and Kaplan، Symbol Formation (1964)

١٦٢. بۆ چەندین نموونەی جوان بۆ ئەم دیاردەیە، بە بەشی ١٦ی یەکەم (تا ١٩٨٥)ی خولی دەروونناسی لە نێوان فەرهەنگەکاندا بڕوانە. ئەم ماوەیە شتێکی وەکو دەیەکی بابەتە هەستگەراییەکان لەم خولە ئەمەریکییەدا توێژینەوەگەلێ بوون، هەندێ لە سپیپێستەکان لە باشووری ئەفریکادا، بە هەوڵی روونکردنەوەی کەمئەقڵیی رەشپێستەکان ئەنجامیان دا.

ئەوروپاییەکان کەمترە، ئیتر کۆمەڵێ توێژینەوەیان بڵاوکردەوە، تا ئەمڕۆیش لە ڕێگەی غەیری خۆیانەوە بۆ سەلماندنی پێچەوانەکەی بەکار دەبرێن.

بیروباوەڕی ئەقڵگەرایی کاریگەریی زیاتری لە سەر دۆزەکانی کۆمەڵناسی و ئابووریناسی هەبوو کە لە پرەنسیپی نوێکردنەوەوە نزیکتربوون. بەتایبەتی لە نیوان ئەو ئەکادیمییانەدا کە سەرقاڵی دروستکردن و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە بوون کە لە پەنجاکان و شەستەکاندا، بۆ گەشەپێدانی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان داڕێژران. وەکو لە بەندی یەکەمدا بینیمان، ئەم بوارە لە فیکرەکان، بۆ سیاسەتەکانی نوێکردنەوە گرنگ بوو، هەرنەبێ لە بەر سێ هۆکار: یەکەمیان کە چالاکترینیانە، بریتییە لە نیاز بۆ بەخشینی سیفەتی ڕەوایی بە تیۆری بڵاوبوونەوە. دووەم بریتییە لە بڵاوبوونەوەی فیکرەکان و تەکنۆلۆژیا نوێکان، وەکو پرەنسیپ گەلێ هەرزانتربوو، لەو گەشەکردنەی تەوژمی گەورەی سەرمایە و گەشەپێدانی پیشەسازی و شتی لەو بابەتە لەخۆ دەگرێت. سێیەم لە سەر هەمان ریتمە، گەشەکردن لە سەر ئاستی فیکرەکان و توێژینەوە و فراوانبوون و فێرکاری نەبوو و بەمەیش دەبێتە هەڕەشە، هەرگیز مەترسیی شۆڕش و دژە شۆڕش بەرهەم ناهێنێت کە بۆ گۆڕینی پێوەندیی نێوەندەکانی هێز و کاراکردنی پرۆسەکانی چاکسازی و شتی لەو بابەتە لە هەوڵدان. لەبەر ئەم هۆیانە، هانی توێژەران درا، بەوەی خەڵاتی باش کران و پلەی باشیان بۆ بەرهەمهێنانی شیکارییەکان پێدرا کە بۆ نوێکردنەوە دەبێتە هۆی سیاسەتگەلێ، هی ئەوەبن بۆ بەدیهێنانی گەشەکردن جێبەجێ بکرێن، ئەویش لە بنەڕەتدا، لە ڕێگەی کاریگەری لە سەر ئاستی فیکرەکان.

ئیڤێرت ڕۆجەرزی کۆمەڵناس لە بواری گوندەکان و دێڤید ماکلیلاندی دەروونناسی کۆمەڵایەتی و وایڤیرت هاگنی ئابووریناس بەشدارییی بەرچاویان کرد کە بە کورتی باسیان دەکەم: ڕۆجەرز یەکێک بوو لە سەرکردەکان،

لـه بزاوتـی پۆلێنکردنـی ئەقڵـی گوندنشـینان بـۆ هانـدەر لـه سـەر بەرزبوونـەوە («کۆسـمۆپۆلیتی») و ئـەوی دیـی ناداهێنەرانه و «دواکەوتـوو». چەمکی زیندوو بریتییـه لـه بیرۆکـەی بڵاوبوونـەوەی ئەقڵانییـەت، لـه نـاو کۆمەڵگـه گوندنشـینه نائەوروپاییەکانـدا. دیـارە کلیلـی گەشـەکردن (لەتـەک هەنـدێ خۆداریـدا)، بریتییـه لـه گواسـتنەوەی فیکـرە نوێـکان، بـۆ بونیاتنـەرە داهێنـەرەکان. دیـارە حەقیقەتـی ئـەوەی زۆربـەی فیکـرەکان لـه خـۆدا هـی جێبەجێکـردن نەبـوون (دواتـر بەجـێ نەبـوون) و داوای بڕوابـوون بـەو فیکرانـه لـه جووتیـاران دەکات، نـەک زانیاریـی زیاتـر، وەلـێ هێزێکـی زیاتـر و خاوەندارێتیـی زەوی، وەلـێ ئـەم حەقیقەتـه پشـتگوێخرا و خۆیـان لێـی گێلکـرد. ماکلیلانـد ئیدعـای ئـەوە دەکات، گەلانـی ناخۆرئاوایـی بـه هـۆی نەبوونـی هانـدەری گونجـاوەوە، نـوێ نەبوونەتـەوە کـه بریتییـه لـه «نیـاز بـۆ ئەنجامـدان» و ئـەوان کاتـێ دەچنـه نـاو چاخـی تازەگەرییـەوە کـه ئـەو نیـازە بـۆ جێبەجێکـردن دەسـتەبەر دەکـەن کـه لـه سـەرەتای گەشـەکردنی ئەوروپـادا، هـەر لـه سـەردەمی یۆنانـی کـۆن و دواتریـەوە، گرنگییەکـی گـەورەی هەبـوو. هاگـن تیۆرێکـی تۆکمـەی بەرهەمهێنـا وەلـێ بـێ بەڵگـە، ئیدعـای ئـەوە دەکات، گەلانـی نائەوروپایـی و وردتـر بڵێیـن جووتیـاران، ئەقڵیەتێکـی تەقلیدییـان هەیـە، بەرهەڵسـتی لـه گشـت شـێوەکانی گۆڕیـن دەکات. ئـەم مۆدێلـه بـه ئەقڵـی (گریمانەیـی کـه لـه کەتـواردا نەبێـت) جووتیارێکـی ناهۆشـیار و ناداهێنـەر و ملکەچـی دەسـەڵاتی پیاوسـالاری (هـەر بۆیـه منداڵـه داهێنـەرەکان زەبـوون دەکات) هەروەهـا ئارەزووی گۆڕینـی نییه. ئەو سـێ توێـژەرە و ژمارەیـەک لـه یاریدەرەکانیـان، مۆدێلێکی گشـتییان لـه ئەقڵیەتی جووتیـار بەرهەمهێنـا کـه سـیفەته ئەقڵـی و رەفتارییـه (سـۆزدار) ییەکانـی پێکـەوە کـەم بـوو، وەلـێ هێندەیـش لـه ناکامییـەوە نزیـک نەبوو.[١٦٣] یەکێـک لـه

163. Rogers, The Diffusion of Innovations (1962): Rogers and Shoemaker Communication of Innovations (1971)، pp. 187-191, McClelland, The Achieving Society (1961), Hagen, On the Theory of Social Change (1962) and "A Framework for Analyzing Ecoomic and Political Change," in Brookings Institution، ed., Development of the Emerging Countries: An Agenda for Research (1962), pp. 1-39. لێدوانەکانی سەرەتام وەکو بەڵگە هێنایەوە، دوای ئەوە کارگەلی دیکە سەریانهەڵدا.

دەرهاویشتەکانی ئەم پرەنسیپە، بریتییە لە تیۆری «مەعریفە»ی مارجلین ستیڤان کە بریتییە لە تێهەڵکێشی نێوان بیرۆکەی «ئەقڵی سەرەتایی» کۆن و بیرۆکە نوێکان لە سەر تەقلیدیی کە لە جەوهەریدا باس لەوە دەکات، ئەقڵی خۆرئاوایی- بەوجۆرەی لە رووی مێژووییەوە وەها بووە - کردەیی و ئەقلانی و لە رووی فیکرەوە قیرسچمەیە -»مەعریفە»- لە کاتێکدا ئەقڵی نا خۆرئاوایی لە کاری پیشەیی و هونەر (پیشە هونەرییەکان) دا داهێنان دەکات، نەک لە زانستدا. ئەوەی مارجلین خستییە سەر ئەم بیروباوەڕە کۆنە، ئەوەیە کە هەندێ لە (پیشە هونەرییە) ناخۆرئاواییەکان پێویستە بچنە ناو «مەعریفەی خۆرئاوایی»وە، ئەویش لەبەر ئەوەی (پیشە هونەرییەکان) کەمتر ئەقڵ بەکار دەبەن، وەلێ شاعیرانەترن، بۆیە شێمانەی ئەوەی ژینگەی سرووشتی وێران بکات و ببێتە هۆی کاولکارییەکی دەروونی بۆ گەلەکانی، ئەوە شێمانەیەکی بچووکە. دیارە ئەوە جیاکەرەوەیەکە وەکو ئەو دووفاقییە کۆنەی نێوان فیکری زانستی و فیکری بەردەستەکیی پڕ لە سۆزداری.[١٦٤] بیرۆکەکانی مارجلین نموونەیەکی بە جیهانی گەشەکردنی ئابووری بەخشی کە چاوئەندازیی زۆر هەڵدەگرێت (ئەوە وەکو هاجن بیریاری ئابووریی گەشەکردنە)، لە سەر نەبوونی ئەقڵگەرایی لە جیهانی ناخۆرئاواییدا.

رەنگە لە بابەتەکە دوور بکەوینەوە، ئەگەر هاتو باسوخواسە هاوتەریبەکانمان لە گشت بوارەکانی فیکری کۆمەڵایەتیدا تاقیبکەینەوە. ئەوەی دێت بەسە: لە جوگرافیادا، پێڕەوی بڵاوبوونەوەی فیکرە داهێنەرەکان گرنگ بوون، هەر لە شەستەکانەوە و تا ئەمڕۆ بەمجۆرە مایەوە. هێشتا خودی گریمانە کۆنەکان، لە سەر گوندی تەقلیدیی ناخۆرئاوایی باڵادەستن. تا ئەوەی هەندێ لە جوگرافیناسەکان ئیدعای ئەوە دەکەن، نائەوروپاییەکان لە رووی ئەقڵەوە، توانستی بەکارهێنانی گشت ئەمڕازە رەخساوەکانیان نییە، بۆ ئەوەی لەتەک

164. S. Marglin، "Losing Touch: The Cultural Conditions of Worker Accommodation and Resistance،" in F. and S. Marglin، eds.، Domination knowledge: Development، Culture، and Resistance (1990).

مەترسییە سرووشتییەکانی وەکو وشکەساڵی و باوبۆراندا خۆیان بگونجێنن. جوگرافیزان رۆبێرت ساک تیۆری سێنترالیزمی کۆنی ئەوروپایی لە سەر مەعریفەی شوێنەکی خستە روو: زۆربەی گەلانی ناخۆرئاوایی (سەرەتاییەکان و زۆربەی گوندنشینان) ناتوانن بیر لە دەستەواژە شوێنەکییەکان بکەنەوە، بەوجۆرەی کەسانی ئەقڵانیی هۆشیارە خۆرئاواییە نوێکان ئەنجامی دەدەن. لە نێوان ئەو کەسێتییە گرنگانەی پشتییان پێدەبەستێت- باسوخواسی پشتبەستوو بە کەسەکان، نەک بەرپا لە سەر بەڵگە- لیڤی برۆل و پیاجێ.[١٦٥]لە بواری فێرکاریدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، شێوە نوێکانی تیۆری دووفاقیی گەشەکردنی نەشونمای خۆرئاوایی، لە زۆر لایەنەوە بە تاقیکردنەوەکانیشەوە کاریگەرییان هەیە.[١٦٦]پێوەندییەکی بەهێز لە بواری

165. Sack، Conceptions of Space in Social Thoughr (1980).

هەروەها لێرەدا جوگرافیزانە بەرچاوەکان لە مۆدێلی تیۆری بڵاوبوونەوەکردن.
L. Brown (The Diffusion of innovations، 1981) and P. Gould (Spatial Diffusion، 1969).

لە سەر کۆنباوی لە کشتوکاڵ سەبارەت بە مەترسییە سرووشتییەکان. بڕوانە: G. White، ed.، Natural Hazards (1974).

وەکو نموونەیەک لە سەر توێژینەوە زۆرەکان لە سەر ئەدەب. ئەو باسوخواسانە و غەیری ئەوانەیش، بە هۆی پێنەگەیشتنی ئەقڵیی نا ئەوروپییەکانەوە رەخنەیان لێگیرا، لە:
Blaut، “Two Views of Diffusion” (1977), “Diffusionism: A Unitarian Critique” (1987a), and “Natural Mapping” (1991).

١٦٦. لە بواری خوێندن لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا تاقیکردنەوە یەکگرتووەکانی کۆلێژەکان (SAT, ACT) سیفەتگەلی تایبەتیان هەیە بە فەرهەنگێکی دیاریکراو و رەگەزێکی دیاریکراو، وەکو لاوازیی ئاستی ژنان لە پیاوان، وێڕای ئەوەی ئاستی بەرزتر دەستەبەر دەکەن، سەبارەت بە پلەکانی زانکۆ، لە کاتێکدا نمرەی تاقیکردنەوەکانی (ACT, SAT) بۆ ئەوانەی بە زمانی ئیسپانی ئاخاوتن دەکەن (ئەمەریکییەکان بەم شێوەیە، ئەفریکاییەکانیان تاوتوێ نەکردووە) و ئەوە نزمە هیچ پێوەندی بەرامبەریان لەتەک راپەڕاندنی کارەکانیان لە کۆلێژدا نییە. بۆیە تاقیکردنەوەکان لە پێگەی مێینە و کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان کەم دەکاتەوە. بۆچی وێڕای ئەمە لە سەر ئاستی جیهان تاقیکردنەوە بەکاردەبرێت؟ ئەمە پرسیارێکی سەرسووڕهێنەرە. هەمان لایەنگیری لە تاقیکردنەوەکانی کارگەکانی زیرەکیدا دەبینین، تەنانەت ئەو تاقیکردنەوانە رێگەیان لێگیرا، وەکو ئەمڕازگەلی دەستنیشانکردن لە قوتابخانەکانی کالیفۆرنیادا. لایەنگیرییەکانی ”ئەقڵی سەرەتایی“ و ” زمانە سەرەتاییەکان“ ناوبەناو کۆدەکرێنەوە، وەکو لە دیبەیتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کە بە ”تەنێ ئینگلیزی“ ناودەبرێت و لە سەر ئەو پرسیارەی بەندە بەوەی، ئایا ئەدەبی نائەوروپی شایستەی ئەوەیە، لە پاڵ ئەدەبی ئەوروپیدا بکەوێتە ناو پێڕەوەکانی کۆلێژەکانەوە. لە بۆستن لە ماوەیەکی نەچەندان دوورەوە 30%ی منداڵە ئیسپانییەکان کە تەمەنیان لە نێوان شەش و هەشتدایە، نەچوونە بۆ قوتابخانە، بە هۆی بێ توانستییان بۆ ئاخاوتن بە زمانی ئینگلیزی و مۆرکی دواکەوتوویی ئەقڵییان پێوەنراوە و بۆستن ئیدعای کرد کە بۆ فێرکردنی ئەو منداڵانە لە ”قوتابخانەی تایبەت“دا ئەمڕازگەلی زۆری هەیە. تاقیکردنەوەکان بە شێوەیەکی گشتی لە خوێندن لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بە یەجگار نەژتدپەرست دەمێنێتەوە.

فەلسەفەدا هەیە، لە نێوان تەوژمی فیکرەکان لە سەر ئەقڵگەرایی کە پێشتر باسکرا و لە نێوان لەدایکبوونی نوێی دووفاقیی ئەقڵ- جەستە، وەکو ئەوەی لە لاساییکردنەوەکانی دێکارت و کانت و بە دیاریکراوی، لە فیکرە نوێکانی کانتدا دەیبینین.[١٦٧]

ناڵێم بیروباوەڕی پێنەگەیشتنی گەلانی ناخۆرئاوایی لە رووی ئەقڵەوە، بەتەواوی بە سەر بواری توێژینەوەی ئەکادیمیی نوێدا بالادەستە، یان ئەوەی کەسێک بە شێوەیەکی گشتی، لە دارشتە کۆنەکان لاری نەبێت. بەهەرحالأ، بیروباوەڕەکە تا رادەیەک لە گشت بوارەکانی فیکردا بە بالادەستی دەمێنێتەوە، رەنگە تەنێ لە بواری مرۆڤناسی و ئابووریدا نەبێ. مرۆڤناسی، بە هەندێ هەڵپەوە، لە دەیە نوێکاندا، پارێزگاری لە بیرۆکەی ئەوە کردووە کە ئەقڵە سەرەتاییەکان سەرەتایی نین.[١٦٨]هەندێ لە قوتابخانە ئابوورییەکان پێویستی زۆریان بە پرەنسیپی ئەقڵگەرایی ئابووریی گشتگر هەیە، وەکو سەلمێنەیەک بۆ تیۆرەکانیان، ئەمەیش وایان لێدەکات، ناچاربن سیفەتی ئەقڵگەرایی بە هەموان ببەخشن.

167. Rorty، Philosophy and the Mirror of Nature (1980)، and earlier works by Dewey (for instance The Quest for Certainty، 1929)، Whitehead (for instance، Modes of Thought، 1938)، and G. H. Mead (for instance، Philosophy of the Act، 1938).

١٦٨. ئەمە هەڵسەنگاندنێکی گشتییە. هەندێ لە زانایانی بواری ئەنترۆپۆلۆژی بەردەوامن لە بڕوابوون بە پرەنسیپی «ئەقڵی سەرەتایی» یان «ئەقڵی کۆنباو»ی نزیک لێیانەوە، نموونەیەک بۆ ئەمەی دواییان، کتێبی بەناوبانگی فۆستر و کاریگەر فەرهەنگە کۆنباوەکانە (١٩٦٢)، نموونەیەک بۆ پێشووترەکە کاری هۆل بایکە «بنەماکانی فیکری سەرەتایی» (١٩٧٩). بۆ رەخنە بڕوانە:
Schweder، “Cultural Psychology: What is it?” (1990).

# ئەقڵگەرایی و پەرجووی ئەوروپایی

گەلێ جار ناوی «ڤیبیریزم» لە بیرۆکەی ئەقڵگەراییی ئەوروپایی دەنێن، ئەویش لەبەر ئەوەی ماکس ڤیبەر ئەم بیرۆکەیە لە راڤەکارییە جۆراوجۆرەکان، لە سەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی ئەوروپایی و بڕیارە نێگەتیڤەکان، سەبارەت بە پێنەگەیشتنی ئەقڵ لە کۆمەڵگەکانی دیکەدا بەکاردەهێنێت. بەهەرحاڵاً، بیروباوەڕی ژێری لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بڵاوبوو، کاتێ نووسینە گرنگەکانی ڤیبەر لە سەر ئەم بابەتە پەخشکرا. وەلێ بیروباوەڕە کۆنەکەی رێکخست و خستییە سەری، بۆیە بەڕاستی دەکرێ، لە سۆنگەی ئەمێستاوە، ناوی ڤیبەر بەم بیروباوەڕەوە بنێین. هەروەها دەکرێ ئەم بیروباوەڕە وا دابنێین، بە مانایەکی دی سەر بە ڤیبەرە و رەنگە مانایەکی گرنگتربێت: ئەویش ئەوەیە، ڤیبەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی ئەوروپایی لە چێوەیەکدا داناوە، جەخت دەکات لە سەر پرۆسەی نوێکردنەوە و بەراورد دەکات لەتەکیدا لە ئەوروپا و لە نێوان «لاسایکردنەوە» کە هەندێ جار بە لاساییکردنەوەی شارستانییە ئاسیاییەکان ناودەبرێت. کاتێ مۆدێلی نوێکردنەوە لە ناو توێژەران، لە دوای دووەمین جەنگی جیهانی جێگەی خۆی گرت، ماکس ڤیبەر بریتی بوو لە سەرچاوەی کۆمەڵایەتیی بنەڕەتیی یەجگار روون و لۆژیکیتر. لەو کاتەوە و دوای ئەوە، ئەو توێژەرانەی لە سەر رێنیسانسی ئەوروپا نووسییان و جەختکردنەوەیان لە سەر سیفەتی ئەقڵگەرایی یان سیفەتە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو دامەزراوانەیان هەڵبژارد کە ڤیبەر پێیوابوو بنەڕەتین (بریتین لە بەرهەمی سیفەتی ئەقڵگەراییی ئەوروپایی)، ئیتر بە جۆرێ لە جۆرەکان، (تەنانەت ئەگەر لایەنێکیان لە مۆدێلەکەی ڤیبەریش رەتکردبێتەوە)، بە ڤیبەرییەکان ناودەبران. گرنگیی ڤیبەر لە باسوخواسەکانمان لە سەر تیۆرەکانی ئێستا لە سەر «پەرجووی ئەوروپایی»، لەو راستییەدا

خۆی دەبینێتــەوە کــە ئــەو قوتابخانــە فیکرییانــەی کاریگەریــی زۆرتــر و ڕەنگــە نۆرینــی زۆرتریــان هەبێــت، ســەبارەت بــە «پەرجووەکــە»، ئەمــڕۆ بریتییــە لــە ڤیبەریــزم. بۆیــە ڕاوبۆچوونەکانــی ڤیبــەر لــە ســەر ئەقڵگەرایــی، هەرنەبــێ پێویستی بە باسێکی کورت هەیە:

ڤیبــەر کۆمەڵگــەی ســەرمایەداریی خۆرئــاوای، لــە کۆتایــی ســەدەی نۆزدەیەمــەوە، تــا ســەرەتای ســەدەی بیســتەمی شــرۆڤە کــرد و تیشــکی خســتە ســەر وردەکارییــەکان و دیدێکــی تیــژی بەکارهێنــا، ناوبەنــاو هەنــدێ خەڵتــەی تێدەکــەوت. پێبەندبــوو بــەو بوغرایییــەوە کــە ئەوســا کاتەکــەی و پێگەکــەی و چینەکــەی هەیبــوو، کاتــێ بیــری کــردەوە کــە ســەرمایەداریی ئەوروپایــی بریتییــە لــە کەڵەکەبوونــی پرۆســەی گەشــەکردنی کۆمەڵایەتــی، کــە لــە بنەڕەتــدا بریتــی بــوو لــە گەشەســەندنێکی فیکــری و بەرزبوونەوەیــەک بــۆ «باڵقبوونــی» مرۆیــی بــە مانــی فیکــر و مۆراڵا، لــە کۆمەڵگــەی کۆنــەوە بــۆ نــوێ. (گومانــی هەبــوو لــە ســەر شــێمانەی پرۆســەیەکی دیکــەی بەرزبوونــەوە لــە ئاینــدەدا) لــە هــەر یەکێــک لــە قۆناغەکانــی ئــەم گەشــەکردنەدا، خەڵکــی شــێوەگەلی کۆمەڵایەتیــی نوێیــان داهێنــا، وەکــو شــێوە بەرزەکانــی دەوڵــەت و سیســتمی یاســایی و بیرۆکراتــی و ئابووری و شار و شتی لەم بابەتانە. وەلێ ئەو شێوانە بەرهەمی پێگەیشتنی ئەقڵــی بــوون، پتــر لــەوەی بــە هــۆی هۆکارەکانــی گەشەســەندنەوە بــن. وەلــێ هەنگاونــان بــەرەو کۆمەڵگەیەکــی هۆشــیارتر، شــوێنی خــۆی لــە ئەوروپــا و لــە نێــوان ئەوروپاییەکانــدا گــرت. وەلــێ لــە دەرەوەی تونێلــی زەمەنــی ئەوروپاییــدا، گشت کۆمەڵگەکان لە پلەی جۆراوجۆر لە لاساییکردنەوە و لە سەر ئاستگەلی جیاواز لە پێنەگەیشتندا بوون.

ڤیبــەر خــۆی لــە پرســیارە تایبەتەکــە نــەدا کــە بۆچــی ئەوروپاییــەکان پێگەیشــتنی ئەقڵیــی خۆیــان خســتەڕوو، بــەوەی بریتییــە لــە هــۆکاری بنەڕەتیــی

بە لێشاو لە پێگەی یەکەم. چەندین فاکتەری هێنایەوە لەوانە، هەروەکو پێشتر تێبینیمان کرد، هۆکارگەلی نەژادی و ژینگەیی و فەرهەنگی هەبوون. وەلێ بە دەگمەن ڤیبەر باسی سەرچاوەی هۆکارەکان دەکات، واتە هەوڵی راڤەکردنی پێگەیشتنی ئەقڵیی بۆ هاوتای ئەوروپاییەکان کە لە دێر زەمانەوە وەسفی خۆیانی پێدەکەن، واتە بەر لە ماوەی ریفۆرمی ئایینیی پرۆتستانتی و تازەگەری.[١٦٩]هۆکار لە پشتی ئەمەوە، بریتییە لە راوبۆچوونی، لە سەر سەدەمکاریی کۆمەڵایەتی و فیکرەکان و بەهاکان و گەشەکردنی ئەو فیکر و بەهایانە وا مامەڵەیان لەتەکدا کرا، وەکو بڵێی بریتین لە هۆکارگەلی بنەڕەتی بۆ پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان و پەیکەرو کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕینی کۆمەڵایەتی. لەتەک بڕوابوونمان بەم چەمکە. کەواتە چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێت، بە دوای هۆکارە نائایدیۆلۆژییەکانی فیکرەکان و بەهاکاندا بگەڕێت. لە کاتێکدا گومان لەوەدا نییە، هۆکارگەلی دیکە هەبوونە.

ڤیبەر هەموو ئەوانەی وەسفکردووە کە بۆ جیاوازییەکان، لە نێوان کۆمەڵگەی ئەوروپاییی گەشەسەندوو و هۆشیار و لە نێوان کۆمەڵگەی ئاسیایی تەقلیدیی نائەقڵانیدا، بە هۆکاری بنەڕەتی زانیوە (بە دەگمەن ئاوڕی لە ئەمەریکا و ئەفەریکا داوەتەوە). گەلێ بە وردی وەسفی ئەم جیاوازییە ئیدعاکراوانەی کردووە و لە کتێبەکەیدا، مێژووی ئابووریی گشتی و ئاکاری پرۆستانتی و رۆحی سەرمایەداری لە هەموو باسەکانی گرنگترن. گەشەسەندنی پێگەیشتن لە ناو ئەوروپاییەکاندا- چۆن ئەمە رووی دا- بووە

١٦٩ .ی‌بەكەسانێپ ەل ادیەكەییزادنەئواچ ەل یدنەوێن یەگێپ و ەوانێهراكەب ی«نتشیەگێپ» رەبیڤ یەوەئ یرایسرپ ەب تەرابەس
و سەرچاوە جەختێلەنکراوەیەوە، بە نموونە بڕوانە:
Cohen’s Introduction to the 1981 ed. of Weber’s General Economic History (1981)، pp. xxv-xxvii، L with Max Weber and Karl Marx (1982)، pp. 40-42، 53-54، n. 49، Freund، The Sociology of Max Weber (1968)، pp. 140-149. in Weber، see General Economic History (1981)، chaps. 29، 30، The Protestant Ethic and the Spirit of Capitalism (1958)، pp. 13-31، 59-60، 79، 118-120، 191، n. 19، 265، n. 31، The Religion of China (1951)، chap. 8، The Religion of India (1967)، p. 387، and other works.

هۆی جۆرێکی تایبەت لە «ئاکاری ئابووری» و ئەمەیش بریتییە لە کۆمەڵێ بەها و خواست و پرۆسەی فیکریی لۆژیکی کە پەیوەستە بە ریفۆرمی ئایینی (و بەتایبەتی بەریتانی)وە سەریهەڵدا و سەرمایەداری بەرهەمهێنا. دیارە، لێرەدا خاڵی بنەڕەتی بریتییە لەوەی ژیری و پێگەیشتن «ئاکاری ئابووری»ی سەرمایەداری و بزاوتی پرۆستانتی پێکەوە بەرهەمهێنا. ڤیبەر (بەوجۆرەی هەندێ بۆیدەچن) راڤەکاری سەرمایەداری و تازەگەری نەبوو لە دیدێکی ئایینیی بەرتەسکەوە. ئەو بانگەشەی ئایین بۆ راڤەکردنی چەندین لایەن لە لایەنە تەقلیدیە ئاسیاییە ئیدعاکراوەکان دەکات و هەروەها لایەنی سەرەتایی کە لە بنەڕەتدا بۆ ئایین دروست بووە (بە نموونە سەبارەت بە «تەقلیدییی جادوویی» هیندییەکان و چینییەکان دەنووسێت).[170]

پێگەیشتنی ئەوروپاییەکان جیاوازییگەلی مێژوویی گرنگی دیکە، لە نێوان ئەوروپا و نائەوروپادا دەخاتە روو. چونکە ئەوروپاییەکان حەز لە ئازادی دەکەن، نەبەستراونەتەوە بە سەرکوتکاریی خۆرهەڵاتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی شاری ئەوروپا لە شاری ئاسیا ئازادتتر بێت. ڤیبەر روانی بە شێوەی دووەمی شاردا، بەوەی (لە جەوهەریدا) بریتییە لە قەوارەیەکی مژادی کە ئیمپراتۆرییەکی باڵادەست کۆنترۆڵی دەکات، وەلێ شێوەی یەکەم بریتییە لە شێوەی نوێی کۆمەڵگە لە چاخەکانی ناڤیندا، وەکو زەمینەخۆشکەرێک بۆ تازەگەری سەریهەڵداوە.[171] (هەروەها لە بەندی سێیەمدا، باس لەوە دەکەین کە شارەکانی ئاسیا بەوجۆرە نەبوونە کە ڤیبەر وەسفیان دەکات. هەندێکیان شاربوون، لە وڵاتگەلێکی ئازاد و هەندێکیان ئازادبوون، لە ژێر سێبەری ئیمپراتۆرییەکی لەبەریەکهەڵوەشاوەدا. لە لایەنەکەی دیکەدا، شارەکانی ئەوروپا

---

170. Weber، General Economic History (1981)، p. 161. Also see pp. 339، 355-368.
ڤیبەر ژمارەیەکی زۆر لە قسەکردن لە سەر پێنەگەیشتنی ئەقڵیی ئاسیاییەکان دەخاتەڕوو.
171. Weber, Economy and Society، vol. 2 (1968)، pp. 1212-1374.

لـەوە سـەربەخۆییان کەمتربووە کـە ڤیبەر بۆی چووە). سیستـمەکانی خاوەنداریی زەویـش جیاوازبـووە، بـە هـۆی جیـاوازی لـە ژیـری و پێگەیشـتندا: تەنـێ لـە ئەورووپـادا، هەرجاری ڤیبـەر واتەنـی (لێـرەدا بۆچوونێکـی ئەورووپاییـی تەقلیدیـی پەتـی دەخاتـە روو)، بـە راسـتی واتـای خاوەنداریـی تایبەتـی دەردەکەوێت. بـە راسـتی فیودالّـەکان بـە خاوەنداریـی تایبـەت دادەنرێن. وا تەماشـای خاوەنداریـی ئاسیایی دەکرا، بـەوەی سـادە و سـاکار، بـە تایبەتمەندکردنـی زەوی دادەنرێت، وەکـو سـەرچاوەیەک بـۆ داهـات، بـۆ کەسـە خـاوەن پێگـە بـەرزەکان، وەکـو شـێوەیەک لـە شـێوەکانی مووچـە کـە لـە بەرامبـەر خزمەتـدا دەدرێت و گەلـێ جار بۆ دەولّـەت دەگەڕێتـەوە. وەلـێ فیودالّـە ئەورووپاییـەکان بـە یاسایی و بـە کـردەوە، لـە سـەر بنەمـای خزمەتـی سوودوەرگرتن لـە شـوێن دەبەخشـران و لـە هـەردوو کیشـوەرەکەدا، ئـەو جۆرانـە لـە خاوەنـداری بـەرەو ئـەوە هەنگاویـان دەنـا، بـە میراتـی ببـن و هێـدی هێـدی بـە خاوەنداریـی تایبـەت ببـن (بڕوانـە بەنـدی سـێیەم). دیـارە، ڤیبـەر قسـە لـە سـەر جیاوازیگەلـی دیکـەی ئیدعاکراو، لـە نێـوان ئەورووپـا و نائەورووپـادا دەکات، وەلـێ ئـەو نموونانـەی لێـرەدا خراونەتـە روو، بەشـی خسـتنەڕووی پێـڕەوە گشـتییەکەی دەکـەن.

ڤیبـەر خاوەنـی زۆربـەی ئەو باسوخواسانە نەبوو، وێڕای ئەوەی بە شـێوەیەکی جـوان پۆلێنیکـردن و گەشـەیپێدان. وەلـێ هەمیشـە باشـی بـۆ ڤیبـەر دەگەڕێتـەوە و تیۆرەکـەی بـە گرنگتریـن روونکردنـەوەی «پەرجـووی» ئەورووپایـی دادەنرێت. دەکرێ بـە ئاسـانی شـێوەی بنەڕەتـی چڕبکەینـەوە. هـۆی بنەڕەتـی بریتییـە لـە ژیریـی و پێگەیشـتن. کاریگەریـی جیاوازیـی پلـەی ژیـری، سـەبارەت بـە ئەورووپـا، بـە مانـای پێشـکەوتنی هەمیشـەیی و تازەگـەری و سـەرمایەدارییە. لـە غەیـری ئـەودا، چەقبەسـتن و تەقلیدیـی و لاسـاییکردنەوە و سـیفەتگەلی فەرهەنگـی نائەقلانیـی زۆری وەکـو بۆچوونـە پڕوپووچـەکان هەیـە. لێـرەدا، مۆدێلەکـە بـە

ئاسانی بریتییە لە تیۆری بڵاوبوونەوە: ژیری و دواتر تازەگەری هەمیشە لە ئەوروپادا دەبینین. جیهانی نائەوروپایی پێشناکەوێت، مەگەر لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی سیفەتە ئەوروپاییەکانەوە نەبێ.

ئەمڕۆ بواری بەکارهێنانی بیروباوەڕی «پێگەیشتنی خۆرئاوایی» فراوان بووە، لە ڕاڤەکاریگەلێک لە سەر ڕێنیسانسی بێ هاوتای ئەوروپایی و «پەرجووەکەی»دا. چیتر ژیری و پێگەیشتنی جیاوازی ئەوروپاییەکان نادرێتە پاڵی باڵادەستیی نەژادی، ئەگەر بە شێوەیەکی ناوەڕۆکی و نادیاریش بێت، وەلێ چۆن مێژوونووسان دەتوانن جەخت لە سەر یەکێک بکەن نەک یەکێکی دی و ئەوە ئەو پرسیارە نییە کە دەکرێ بە ئاسانی وەرام بدرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی، سەدەمکاری تایبەت کرا بۆ ئەو ناوچانەی لە مێژووی کۆندا تەمومژاوی بوون، ڕەنگە لەتەک تیاڕامانی ناوبەناو بۆ گوندنشینە ئەوروپاییە ئازادە دێرینەکان، یان بۆ شەڕەنگێزیی سەرکوتکاریی خۆرهەڵاتی و لەتەک هەڵگۆزینی سرووتی ماکس ڤیبەر. پێموایە بۆ گەلێ لە مێژوونووسان بیرۆکەی ژیری و پێگەیشتنی ئەوروپایی بە سەلمێنە دابنرێت. ئەوروپاییەکان- لە بەر هەرهۆیەک بێت- بەم شێوازە حاڵی کران.

ئیریک جۆنز لە ژیری و پێگەیشتن، وەکو ڕاڤەکردنێک بۆ باڵادەستیی مێژوویی ئەوروپا، لە پەرجووی ئەوروپاییدا ورد دەبێتەوە. چونکە ئیدعای ئەوە دەکرێت، کەموکورتییەکی بنەڕەتی لە ژیری و پێگەیشتن لە نێوان ئاسیاییەکان و ئەفەریقاییەکاندا هەیە. هەروەها جەختکردنەوەی چڕوپڕ پێشکەش دەکات، لەتەک هەوڵێکی بچووک، بۆ ڕاڤەکردنی ئەو نائەقڵگەراییە ئیدعاکراوە، تا ئەو ڕادەیەی ئەستەم دەبێت، گومان نەمێنێت لەوەی ڕەنگە جۆنز، لە ناو مێژوونووسە نوێکانی «پەرجوو»، لایەنداریی قووڵی بووبێت. ئەفەریقاییەکان لە باسوخواسێکی کورت، بە هۆی نەبوونی هیچ گرنگییەکی

مێژووییـــان دوورخرانـــەوە. ئـەو وەســفیان دەکات، بــەوەی زیاتــر لــەوەی لــە مرۆڤبـن، لـە دڕنـدە دەچـن:

> مـرۆڤ لـە ئەفەریقیـا خـۆی لەتـەک سرووشـتدا گونجانـد. راوچـی هەسـتیکرد بەشـێکە لـە ژینگـە و نـەک لـە دەرەوەیـدا بـە سەرسـووڕمانەوە پیایـدا بڕوانێـت، بـە دڵنیاییـەوە نـە لـە سـەریەوەیەتی یـان بـە سـەریدا باڵادەسـت بێـت. بوونەوەرانێـک هەبـوون گۆشـتخۆربوون، لـە پشـتی مرۆڤـەوە وەکـو نێچیـر هەوڵییـان داوە. وروژێنتریـن هێمـا بـۆ سـۆزەکان لـەم یەکـە ژینگەییـەدا، بریتییـە لـە ڕێبەرانـی هەنگوین...ئـەو باڵندانـەی لەتـەک مرۆڤـدا دەژیـن. ئەوانـە دەفـڕن و بـە دەنگـی بـەرز جریـوە دەکـەن، بـەرەو ئـەو درەختانـەی کـە کـورەی هەنگـی کێوییـان تیادایـە، پێـش کۆمەڵـێ لـە راوچییـان دەکـەون، دوای ئـەوەی مـرۆڤ ئـەو کورانـە دەبڕێـت، ئـەوان مۆمەکـەی دەخـۆن (١٥٤)[١٧٢]

دیـارە، ئـەوە وێنـەی تەرەزانەکانـە. زۆربـەی ئەفەریقیاییـەکان جووتیاربـوون نـەک راوچـی (پێشتر باسی ئەمەمـان کـرد). دیـارە چۆلەکـەی پـاساری کـە لـە سـەر گۆشـتی ئاژەڵـی تۆپیـو دەژی، ئەویـش لـە دەوروبـەری لەندەنـدا هاوژینـی مرۆڤـە، وەلـێ جۆنـز سـەبارەت بـە ئەفەریقیاییـەکان، تەنـێ قسـە لـە سـەر ئەمـە دەکات. (بـە شـێوەیەکی لێکچوو، ئاژەڵناسی[١٧٣]سـەبارەت بـە ئاسیاییەکان دەهێنێتەوە):[١٧٤]

---

١٧٢. ژمارەی نێوان دوو کەوانەکان، بریتین لە ژمارەی لاپەڕەکانی پەرجووی ئەورووپی.

١٧٣. Ethology زانستی تاوتوێکردنی رەفتاری ئاژەڵان لە ژینگە سرووشتییەکەیدا.

١٧٤. دەسـتەواژەی زانیارانـی ژینگـە «پێوەندیـی چەپاوکـردن» ئامـاژە بـۆ شـێوەی هاوکاریـی ناوخۆیـی دیاریکـراو تیایـدا لـە نێـوان ئاژەڵانـدا دەکات و ئەمـە مـرۆڤ ناگرێتـەوە.

> هاندەرێکـی کـەم یـان گوشـارێک بـۆ گەشـەکردن یـان داهێنـان هەبوو..وەلـێ چ گوشـارێک...کاریگەرییەکەی لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی کۆیلەکانـەوە، لـە بـری چاککردنـی شـێوازەکان دەڕەوییەوە...بـە شـێوەیەکی دیکـە شـۆڕش بـۆ بڕگەکانـی خۆشـگوزەرانی پـارەی خەرجکرد...بـە هـۆی ململانێ و پەلاماردانـی کۆیلەکانـەوە: (لـەوێ) نائاسایشـی بڵاوبـووەوە (١٥٥ – ١٥٦).

بۆیـە، ئەفەریقیاییەکانـی سـیفەتی داهێنانیـان نەبـوو، وەکـو کۆیلەفـرۆش و کۆیلـە حەزیـان لـە خۆشـگوزەرانی دەکـرد. هەروەهـا ڕاوچیـی لێکچـووی ئـەو ئاژەڵانەبـوون کـە ڕاویـان دەکـردن. «بۆیـە دەرەتانـی چ گەشـەکردنێکی ڕەمەکیـی تایبـەت بـە خۆیـان روون نەبـوو» (١٥٦).

ئاسـیاییەکان بـە شـێوەیەکی لۆژیکـی بیرناکەنـەوە. «نەبوونێکـی ڕێژەیـی هەیـە بـۆ ڕێوڕەسـمەکانی توێژینـەوەی هەسـتگەرایی و ڕەخنـەی تایبـەت کـە پەیوەسـتە بـە ڕێوڕەسـمی یۆنانـی– جوولەکـە– مەسـیحایەتی»یەوە (١٦١). هەروەهـا «کەمییـەک هەیـە، سـەبارەت بـە ڕێوڕەسـمەکانی دیبەیتـە لۆژیکییـە روونـەکان» کـە ڕەنگـە «شکسـتی» زانسـتی ئاسـیایی ڕاڤـە بـکات» (١٦٢). «ڕەنگـە چەمکـی کۆدەنگـی لـە تێگەیشـتنی سرووشـتدا، وەکـو شـتێکی گاڵتەجـاری دەربکەوێـت» (١٦٢). واتـە، ڕەنگـە ئاسـیاییەکان بـۆ وردبینیـی زانسـتییانە بۆ جیاکردنـەوە، لـە نێـوان ڕاسـتیی زانسـتی و سـاختەدا، توانسـتیان نەبووبێـت. نامۆراڵـی بوون:»دامـزراوە ئاسـیاییەکان سـەرکوتی داهێنانیـان کـرد، یـان بـە بەرهەمـی خۆشـگوزەرانیی هەسـتەکی گۆڕییـان» (٢٣١).

ئاسـیاییەکان ڕەفتـار و بەهـای خۆیـان هەبـوو کە پێشـکەوتنی زەبـوون دەکرد. «فەلسـەفە خۆرهەڵاتییـەکان جەخـت لـە سـەر سـۆزەکان و بەهـاکان و کاروبـارە

گەردوونییەکان دەکەن» لە سەر حیسابی فیکری هەستگەرایی (١٦١). خۆرهەڵاتییەکان سست و تەمەڵن (١٦٣). ئەوان (وەکو ئەفەریقیاییەکان) «حەز لە خۆشگوزەرانی دەکەن» (١٧٠)، هەروەها حەز لە کڕینی شتگەلێکی وەکو پەڕی باڵندە...بەردە بەنرخەکان...داوودەرمانێک دەکەن کە هیچ ڕێسایەکی داوودەرمان نەیبێت» (١٦٤). «ڕۆحێکی ریاکار»یان هەیە، هەروەها سوپاکانیان ئەفسەری «بنجبڕی بچووکییان» نییە (١٦٧). ئەوانە ناوەکیخوازن، تەماشای ناوەوە دەکەن، ئەوانە «کۆمەڵگەی بێ جووڵەن و بە ئەزموونی ورووژێنەردا رەتنابن» و لە «دابڕانێک»دا دەژین بە سەر خۆیاندا سەپاندوویانە (١٧٠). هاندەری دۆزینەوەیان نییە (١٦٨، ١٧٧، ٢٠٣، ٢٣١). شەڕی بێ مانایان بەرپاکردووە (١٦٩، ١٨٨، ١٩٧)، سیستمێکی یاسایی نووسراویان نییە (١٦٤، ١٨٨، ١٩٧). هەروەها تێگەیشتنێکیان لە سەر سنووری سیاسی نییە (١٦٧، ١٩٤). دز و جەردە و چەتەیان زۆرە (١٨٩، ١٩٩، ٢٠٩ - ٢٣٠).

لە زۆربەی برگەکانی وەکو ئەم جۆرەدا (کە تەنێ نموونەیەکیانم خستەروو) جۆنز بە شێوەیەکی گشتی و بە درێژایی گشت سەردەمەکان لە مێژوویاندا، ئاماژە بۆ ئاسیاییەکان دەکات.[١٧٥] هەندێ برگە هەنە پتر دیاریکراون. کۆمەڵگەی ئیسلامی لە سەردەمێکی دیاریکراودا داهێنەر بووە. تەکنەلۆژیای لە غەیری خۆی لە کۆمەڵگەکانی وەردەگرت و پارێزگاری لە زانستە کۆنەکانی یۆنان دەکرد. (ئەوەیە بیروباوەڕی سێنترالیزمی ئەوروپاییی ئایدیالی: عەرەب بە درێژایی چاخەکانی تاریکی، پارێزگارییان لە زانستی یۆنانی کرد، دواتر بۆ گەشەکردنی پتر، دووبارە رادەستی ئەوروپایان کردەوە،

١٧٥. ئەوەی سیمایەکی قێزەون لە کۆمەڵگەی ئاسیادا ببینین و لەتەک سیمایەکی پەسەندی کۆمەڵگەی نوێی ئەوروپیی دوای شۆڕشی پیشەسازیدا بەراوردی بکەین، دواتر هەردوو وا مامەڵە لەتەک سیماکەدا بکرێت، وەکو ئەوەی سیفەتگەلی هەمیشەیی ئەم کۆمەڵگانەبن و بەوەیش وێنەیەکی سەرەتایی لە سەر ئاسیاییەکان و تازەگەرییەکی جوان لە سەر ئەوروپییەکان بخەینە روو، ئەمەیش بە مۆدێلێک بۆ شێوازی جۆنز دادەنرێت.

شتێکە لە نووسینگەی کەلوپەلە ونبووەکان دەچێت). ئیمپراتۆریی عوسمانی (کە تاکە نموونە و راستەقینە بوو لە سەر فەرهەنگی ئیسلامی، بەو جۆرەی جۆنز بینی و وەسفی دەکات، بەوەی بریتییە لە سومبلی ئیسلام بەگشتی و لە هەر سەردەمێکدا) لە سەر فیکری داهێنەرانە. نائەقڵانی و دواکەوتوویی و دارمان «بەرچاوتاریکییەکی لە فیکری تەمومژاوی بەرهەمهێنا» (١٨٣). عوسمانییەکان تەنانەت «راستییە سەرەتاییەکانی جوگرافیا»شیان نەدەزانی (١٨٤) و نەیانتوانی تەنانەت نەخشەی باش ئەنجام بدەن (١٧٩) (خودی جۆنز زۆر لە سەر جوگرافیا و نەخشەکان نازانێت). گەلێ جار فەرمانڕەواکان «دەغەزار»، «مەینۆش» بوون، «ئەقڵیان تەواو نەبوو»، چەقاوەسوو بوون «سەرکوتکارانە و بە تۆقاندن فەرمانڕەواییان دەکرد (١٨٦- ١٨٧)، «فەلسەفەکەیان» لە سەر دزی و راووڕووت بەرپابوو کە یاسا نەیدەتوانی بەرهەڵستییان بکات» (١٨٧-١٨٩).

وەلێ کۆمەڵگەی هیندی، لە رووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە «چەقی بەستبوو» (١٩٢)، بەهاگەلی زیانمەندی بۆ پێشکەوتنی ئابووری هەبوو. ئایین بۆ گشت کارەکان بانگەشە دەکرا، وەلێ ئامۆژگاریی راوێژکارە ئایینییەکان «بێزراو یان هەڕەمەکی» بوو (١٩٥). فەرمانڕەوا مەغۆلەکان[176] وەکو عوسمانییەکان بێ فەڕبوون و کۆمەڵگەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەویست، «خۆپەرستییەکی هەستیاریان هەبوو»، بۆ ژنان و زێڕ و خشڵ، هەروەها ئارەزووی کۆکردنەوەی ئاژەڵ، پیلان و خیانەتیان هەبوو (١٩٦). هەموو دەوڵەت لە سەر راووڕووت و زەوتکردن بەرپابوو. تەکنەلۆژیا «وەستاو» بوو و تەنانەت لاسایی دەرەوەیشیان نەدەکردەوە (١٩٩). هەرجارێ جۆنز واتەنی، لەبەر بەلاڕێبردنێکی سەیر، «سیستمێکی یاسایی نووسراو» نەبوو (١٩٧).

---

١٧٦. ئیمپراتۆریی ئیسلامیی مەغۆل کە لە نێوان کۆتایی سەدەی حەڤدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا، نیمچە دوورگەی هیندییان بەڕێوەدەبرد.

چیـن لـە رووی داهێنـان و تەکنۆلۆژیـاوە، تـا سـەرەتاکانی چاخەکانـی ناڤیـن پێشـکەوتوو بـوو، کاتـێ پێشـکەوتن وەسـتا. دوای ئـەوە «پاشەکشـێ» هەبـوو (٢٠٣)، تەنانـەت هەنـدێ لـە لێهاتوییـەکان فەرامۆشـکران. چینییـەکان وایانلێهـات «بـە نـاوەوەدا دەیانڕوانـی» (٢٠٣، ٢١٦، ٢٢٠). چیـن یەجـگار لـە تەکنەلـۆژی و لـە بازرگانـی و لـە دۆزینـەوەکان «دوورکەوتـەوە». تەنانـەت لـە بـواری کشتوکاڵیشـدا، گەشـەی تەکنەلـۆژی وەسـتا و خۆشـبەختانە، ئـەوەی بـە شـێوەیەکی کاتـی چینییەکانـی لـە تەنگوچەڵەمەکـە رزگارکـرد، بریتـی بـوو لـە چاندنـی زەویـی نـوێ، لەتـەک بڕینـی هەڕەمەکیـی دارسـتانەکان، لەتـەک گەیشـتنی بەروبوومـی جیهانـی نـوێ لـە کاتێکـی لەبـاردا، وەکـو گەنمـە شـامی و پەتاتـەی شـیرین، وێـڕای ئـەوەی بڕینـەوەی ئـەو دارسـتانانە بریتـی بـوو لـە «یەکێـک لـە کارە دەبەنگییـە گەورەکانـی ژینگـەی توخمـی مـرۆڤ» ئـەو دەبەنگییـەی بـووە هـۆی «رووتاندنـەوەی خـاک و پێکهێنانـی لیتـە و لافـاو» (٢١٣). (روونـە کـە لابردنـی درەختـی دارسـتانەکانی ئەوروپـا و ئەمەریـکای باکـوور کارێکـی دەبەنگانـە نەبـوو»). جووتیـاران لـە سـایەی «رق و کینـە و گومـان» دا دەژیـان، وەکـو جووتیـاری دەبەنـگ وابـوون (٢١٢-٢١٧)، هەروەهـا دەبەنـگ بـوون لـە لەپیشـتر دانانـی «بەرزتریـن تێکـڕا بەرزەکانـی زاوزێ» بـە سـەر «خۆشـگوزەرانی»دا (٢١٨).

دەوڵەتـی سـەرکوتکار سـەبارەت بـە فەرمانڕەوایـان، وەکـو «ترومپـای داهـات» وابـوو، هیـچ خزمەتگوزارییەکـی پێشـکەش نەدەکـرد (٢٠٦)، (جارێکـی دی) خولیابـوون بـۆ خۆشـگوزەرانی هەبـوو و هەڵوێسـتی «باڵادەسـتیی پووچـی فەرهەنگـی» (٢٠٥) و چینێکی فەرمانڕەوای گەنـدەڵ و بەرتیلخـۆر و مشـەخۆر. چینییـەکان «نەرێتـی ناکۆمەڵایەتی»یـان هەبـوو (٧) هەروەهـا بیمـار و نەخـۆش بـوون.

جۆنـز ئاژەڵناسـی لـە وەسـفکردنی ئاسـیاییەکان و ئەفەریقیاییەکانـدا دەخوازێـت، دادگا خۆرهەڵاتییـەکان شـوێنی خسـتنەڕووی «پێوەندییەکانـی کۆنترۆڵکـردن» بـوون (١٠٩ - ٢٠٩). فرەژنـی «دەلالەتێکـی ئاژەڵناسـی» هەبوو، وەکو چۆن «کۆکردنـەوەی کۆیلـە» بـە مەبەسـتی «خۆنوانـدن» بـوو. «گرنگیدانێکـی گـەورە لـە هێماکانـی خۆبەدەسـتەوەدانی وەکـو لاربوونـەوە و کرنووشـبردن و دانەوینـدا هەبـوو» (٢٠٩). لـە هینـد «حیسـابگەلی لێکچـوو هەبوون کـە رەفتـاری دیمۆگرافـی و رێزگرتـن لـە مانگای لەخـۆ دەگرت» (١٩). پێوەندییەکانـی چەپاوکـردن Commensalism لـە ئەفەریقیـادا وەبیـری خـۆت بهێنــەوە.

ئـەو بیروباوەڕانـە لـە سـەر کەموکورتیی مۆراڵـی و فیکری بـۆ نائەوروپاییەکان، بریتییە لە لایەنگرییەکانی سـەردەمی کۆنی کۆلۆنیالیسـتی کە جۆنز وەریدەگرێت. پێیوابـوو پەرجـووی ئەوروپایـی کـە بـە جـدی هەنـدێ لـە مێژوونووسـان بـە شـێوەیەکی بەشـەکی مامەڵەیـان لەتەکدا کـرد، بریتییـە لـە رەنگدانـەوەی ئـەو پلەیـەی هێشـتا ئـەو لایەنگرییانانـە، لـە توناوتوونەکانـی توێژینـەوەی ئەکادیمـی، بـە شـێوەی بیروباوەڕگەلـی نادیـار و ناوەڕۆکیدایـە.

گەلـێ لـە مێژوونووسـانی "پەرجـووی" ئەوانـی دی، هـەوڵ دەدەن سـیفەتی پێگەیشـتنی ئەوروپایـی بخەنـە سـەر بنەماکانـی تیـۆرە راڤەکارییەکانیـان، یـان نزیکبوونـەوە لێیـان. دەکـرێ مایکل مـان وا دابنێیـن کـە نوێنەرێکـی مۆدێلـی ئـەم رەنگەیـە. ئێمـە تیـۆرە بچووکەکەیمـان باسـکرد کـە لـە سـەر ئینـدۆ- ئەوروپاییـە باشـەکان دایڕشـت کـە لـە چاخـی ئاسـنین لـە دارسـتانەکانی باکـووردا ژیـاون. هەروەهـا چـۆن سـەربەخۆ و سـەرچڵ و ئازادیخـواز بوونـە (گشـت چەمکـەکان لـە مـاوەی یەکەمـی توێژینـەوەی ئەکادیمـی، هـەر لـە سـەدەی نۆزدەیەمـەوە و گشـتیان لـە سـەر بەڵگـە بونیاتنـراو نیـن، چ سـەبارەت بـە ئەوروپـا یـان غەیـری ئەوروپـا). مـان بـە رەوانـی لـە یۆنانی کۆنـەوە دەگوێزێتـەوە کە پێیوایـە بەرهەمی

رەگوڕیشاڵی یەکەمی ژیری و پێگەیشتنی ئیندۆ- ئەوروپایییە. یۆنانییەکان هەموو ئەو شتانەیان خوڵقاند کە پێویستیان بە بەکارهێنانی ئەقڵ هەیە، هەر لە زانستەوە تا دیموکراسی و مۆراڵ (ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی). گەلانی دیکەی دەریای سپیی ناوەڕاست، بە بەراوردێکی لەتەک ئیدۆ- ئەوروپاییە ئەقڵانییەکان کە لە باکوورەوە هاتن کەمتر بەشدارییان کرد. (تەنانەت کاریگەریی رۆمانی کە جووتیاری ئەوروپایی بە سوخرە دەگرت و وا تەماشا دەکرا کە "نائەوروپایی" بێت.[١٧٧] دوای ئەوە رەوتی کار و پرسەکان بەرەو باکووری خۆرئاوا دەڕوات کە ئەوروپاییەکان درەختەکان لە دارستانەکاندا لادەبەن و ئەوەی مان بە "باڵی پێشەوە" ناوی دەبات لە کۆمەڵگەی ئەوروپاییدا، بەرەو پێشەوە بۆ ناوچەیەک دەبەن کە هەروەکو دەردەکەوێت، وەکو بڵێی مەبەستی چارەنووسە: بەریتانیایە.[١٧٨] لە سەرەتاکانی چاخەکانی ناڤیندا، نزیکەی ٨٠٠ی دوای زایین، قۆناغێکی نوێ لە ژیری و پێگەیشتن سەرهەڵدەدات، هەڵگری فەرهەنگی کۆن و مەسیحایەتیی نوێیە. ئێستا ئەوروپاییەکان نیگەرانیی ئەقڵانیی خۆیان و توانستی بێ هاوتای خۆیان بۆ داهێنان دەردەخەن، بەوەیش سیستمێکی کشتوکاڵیی شۆڕشگێڕانە و بگرە لەوەیش زیاتر بەرهەم دەهێنن. دیارە، راڤەکردنەکە بریتییە لە سیفەتی کۆنی ژیری و پێگەیشتن و ئەقڵگەراییی مەسیحایەتیی نوێ و ژینگەی جوانی ئەوروپا.[١٧٩] ئەمە سەبارەت بە مان، بە جەوهەری پەرجووی ئەوروپایی

---

١٧٧. فیوداڵەکان لە نێوان خێڵەکانی ئەڵەمانی رۆژئاوادا، نموونەیەکی سەرەتایی فیوداڵی دواتر بوون کە بریتی بوون لە تێکەیەک لە خواستێکی یەجگار کۆنی بنگرتوو لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی «ئەوروپی» و «هەلپەرستیی نائەوروپی»:
Mann، "European Development" (1988)، p. 16.

178. Mann، "European Development" (1988)، p. 17.

هەروەها بڕوانە: The Sources of Social Power (1986)، بە نموونە لاپەڕەی 404، 377، 213، 195، 190، 510، 412 ("لە کۆتایی گشت ئەو کردانەدا، دەوڵەتێکی دوورگەیی چالاکی قەوارە مامناوەندی هەیە کە خاکێکی شێداری هەیە و شوێنێکی ستراتیجی بۆ دەستپێکردن هەیە: بەریتانیای گەورە" p. 510).

179. Mann، "European Development" (1988)، pp. 8-9، 11-12، 15-18 and The Sources of Social Power (1986)، pp. 377-378، 379-398، 402-408، 412، 500-510.

سەبارەت بە پێگەیشتن و گرنگیی مێژوویی ئەوروپا، بڕوانە:
McNeill، Plagues and Peoples (1976)، pp. 41، 97. 106-107، 236، 238، 249، 256، 259، 264.

دادەنرێـت. تاكـە لایـەن لـەم وێناكردنـەدا كـە پێویسـتی بـەوە هەیـە قسـەی سـەرباری لـە سـەر بكرێـت، بریتییـە لـە تیـۆری تەكنەلـۆژی لـە چاخەكانـی ناڤینـدا. لـە بەشـی داهاتـوودا قسـە لـە سـەر ئەمـە دەكەیـن.

لیـن وایتـی كـوڕ بـە شـێوەیەكی یەجـگار كاریگەرانـە، لـە بیروبـاوەڕی ژێـری و پێگەیشـتندا بەشـداریكرد، بـە تیۆرەكـەی لـە سـەر توانسـتە بـێ هاوتەكـەی ئەوروپاییـەكان لـە چاخەكانـی ناڤینـدا، لـە سـەر داهێنانـە تەكنۆلۆژییـەكان. ئەمەیـش تیۆرێكـە لـە بەشـی داهاتـوودا باسـی دەكەیـن. جـۆن هـۆل بـە كۆپییەكـی دیكـە بەشـداری دەكات، لـە گەلـێ لـە لایەنەكانییـەوە لێكچـووی تیۆرەكـەی مانـە، جگـە لـە جەختكردنـی لـە سـەر داهێنانـی سیاسـەتی هۆشـیاری ئەوروپاییـەكان نەبـێ، هەروەهـا لێكچـووی تیۆرەكـەی ئیریـك جۆنـزە لـە بڕیـارە نێگەتیڤەكانـی لـە سـەر مێـژووی ئاسـیا. لێـرەدا بـواری ئـەوەم نابێـت، تەنانـەت بـەو شـێوازەدا بچمـەوە كـە مێژوونووسـە هاوچەرخەكانـی تیـۆری ژێـری و پێگەیشـتنی خۆرئـاوا، وەكـو بنەمایـەك بـۆ تیۆرەكانیـان، لـە سـەر پەرجـووی ئەوروپایـی دەیهێننـەوە. پێویسـتە تێبینـی ئـەوە بكـەم، هەنـدێ لەوانـە ماركسـی یـان نزیكـن لـە ماركسـییەوە. بـواری باسـوخواس لەتـەك بیتـی ئەندرسـۆن، هەروەهـا م. قاینلیـدا دەبێـت، بـە نموونـە، لـە پێگەیشـتن لـە یۆنانـی كۆنـەوە، بـۆ پێشـكەوتنی ئەوروپایـی لـە چاخەكانـی ناڤینـدا، وەلـێ رۆبێـرت برینـەر بـە تیـۆری ماركسـیی ئەقڵانییەكـی یەجـگار جیاواز بەشـداری دەكات. تەنانەت پێگەیشـتنێكی ئەقڵیـش نەبـووە، ئەوەیـش لـە پـڕ رووی دا، سـەرمایەداری لـە نێـوان جووتیـارە ئینگلیزەكانـدا سـەریهەڵدا، لـە خاوەندارانـی بچووكـی زەوی كـە یەكسـەر بـوون بـە داهێنـەری سـەرنجڕاكێش، بەوەیـش شـۆڕشـی تەكنەلـۆژی دەسـتیپێكرد كـە تـا ئێسـتایش تـەواو نەبـووە.[١٨٠]

180. P. Anderson، Passages from Antiquity yo Feudalism (1974)، part 3، Finaly، The Use and Abuse of History (1975)، chap. 6، Aston and Philp in The Brenner Debate (1985)،pp. 32-33، 42-51، 59، 63n، 214-215، 234-236، 306-316.

# تەکنەلۆژیا

لـە نێـوان ئـەو ڕێگـە دیاریکراوانـەی ڕوانیـن بـە مێـژوودا، بێ چەندوچۆنیـی تەکنۆلـۆژی، لەتـەک بۆچوونـی تونیلیـی مێـژوو لـە سـێنترالیزمی ئەوروپاییـدا، لـە هەموویـان گونجاوتـرە. خاوەنـی شـێوە و سـرووش و سـاردیی ڕاسـتیی زانسـتییە. "لێـرەدا (ا) لـەم مێـژووەدا داهێنـرا و ئـەم دەرەنجامانـەی لێکەوتـەوە". بـێ گومـان قسـە دەکەیـن لـە سـەر ئـەو پرسـانەی بـە تەکنەلۆژیـاوە بەنـدن، دەکـرێ ئـەوە ڕەتبکەینـەوە، سـێنترالیزمی نـەژادی بخەینـە نـاو وێنەکەوە: "ئەمـە ڕاسـتییەکی وشـکوبرنگە، هیـچ مشـتومڕێک هەڵناگرێـت". هەروەهـا بـە هەمـان ئەنـدازە، دەلالەتـی تەکنۆلۆژیـا مشـتومڕ هەڵناگرێـت: چونکـە ئامێـرە نوێکـە، خۆراکـی پتـر بەرهـەم دەهێنێـت، چەکـی نـوێ دەبێتـە هـۆی تووشـبوونی پتـر، لـە کاتێکدا ڕەنگـە شـێوەی نوێی کۆمەڵایەتـی دەلالەتـی مێژوویـی هەبێـت، یـان ڕەنگـە هیـچ دەلالەتێکـی نەبێـت. وەلـێ بـێ چەندوچۆنیـی هێـزی گـەورەی خـۆی، لـەو هەڵـە بەناوبانگـەوە وەردەگرێـت کـە بـە "گـۆڕینـی مێـژوو" ناودەبرێـت. کاتـێ ئەقڵمـان دەبەینـەوە بـۆ ئەوروپـای چاخەکانـی ناڤیـن، ئـەوا ئێمـە بـەو سـەردەمانەدا ڕەتدەبیـن کـە تیایانـدا ئەوروپاییـەکان، لـە ڕووی تەکنەلۆژییـەوە، بـە سـەر نائەوروپاییەکانـدا پێشـکەوتووبوون و حـەز دەکەیـن پێشـبینی ئـەوە بکەیـن، باڵادەسـتی، یەکێـک بـووە لـە شـەقڵی پرسـەکان لـە پێشـتردا. وەلـێ ئەوروپـا دوای شـۆڕشـی پیشەسـازی، بـە سـەر ئاسـیا و ئەفەریقیـادا پێشـکەوت. تەنانـەت ئەوروپـا پێشـنەکەوت بـە سـەر شارسـتانییەکانی دیکـەدا، لـە ڕووی تەکنەلـۆژی یـان زانسـتییەوە، مەگـەر لـە سـەدەی حەڤدەیەمـدا، یـان تەنانـەت دوای ئـەوە نەبـێ. بـە بەکارهێنانـی "گۆڕینـی مێـژوو"، ئـەوا سـیفەتە جوانـە تەکنەلۆژییەکانـی ئەوروپـای نـوێ بـە سـەر چاخەکانـی ناڤینـدا دەبڕیـن. دیـارە ئـەوە تەنـێ هەنگاوێکـی بچووکـە، بـۆ ئـەوەی بـە دەرەنجامێـک بگەیـن، چونکـە

روونـه کـه تەکنەلـۆژی هۆیەکـی بەهێـزە لـە مێـژوودا و چونکـە ئەورووپـا هەمیشـە بـە تەکنەلـۆژی هەژمـار دەکرێـت، ئـا لێرەدایە رەگوڕیشـاڵی پەرجـووی ئەورووپایی.

وەلـێ ئامێـرەکان خۆیـان بەرهـەم ناهێنـن و خۆیـان داناهێنـن. کاتـێ بـاس لـە بـێ چەندوچۆنیـی تەکنەلۆژیـا دەکەیـن، پێویسـتە لـە سـەرمان، تەنـێ هۆکارەکانـی سـەرهەڵدانی تەکنەلۆژیـا روون نەکەینـەوە، وەلـێ پێویسـتە ئەوەیـش روون بکەینـەوە، بۆچـی و لـە رێگـەی کێـوە داهێنـران. (پێموایـە) گشـت باسوخواسـەکانی بـێ چەندوچۆنیـی تەکنەلـۆژی، تـا رادەیـەک کۆتایـی هاتـووە کـە بەشـێک بـوو لـە راڤەکردنـی پێشـکەوتنی مێژوویـی ئەورووپـا، بـەوەی باسوخواسـەکان لـە سـەر داهێنـەرەکان بێـت نـەک داهێنـراوەکان. بـە جـۆرێ لـە ئیدعـای بەرپـا لـە سـەر تیۆرەکـەی ڤیبـەر کۆتایـی دێـت، بـەوەی ئەورووپاییـەکان پتـر داهێنـان و جوانـکاری دەکـەن و لـە نائەورووپاییـەکان "هۆشـیارترن". کەواتـە، بـێ چەندوچۆنیـی تەکنەلـۆژی جیـاوازە لـە تیۆرەکانـی دیکـەی مێـژووی تونێلـی، لـە ئیدعایـان گوایـە ئەورووپاییـە ئەقڵانییـەکان کۆمەڵگـەی خۆیـان پێشخسـتووە بـۆ پێشـەوە، لـە رێگـەی داهێنانـی تەکنەلۆژیـای نوێـوە، نـەک لـە رێگـەی داهێنانـی سیسـتمگەلی سیاسـیی نـوێ و شـێوەگەلی نوێـی سیسـتمی کۆمەڵایەتـی و ئایینگەلـی نـوێ، یـان هـەر شـتێکی دی.

هەنـدێ لـە مێژوونووسـانی سـێنترالیزمی ئەورووپایـی ئیدعاگەلـێ دەخەنـە روو، گوایـە تەکنەلۆژیـا بریتـی بـووە لـە بزوێنـەری بنەڕەتـی لـە گشـت سـەردەمەکاندا، هـەر لـە سـەردەمی چاخـی بەردینـی نوێـوە و دواتریـش. ئەسـتەمە ئەمـڕۆ ئـەو بەڵگەیـە لەبەرچـاو نەگریـن کـە لـە چاخـە کۆنەکانـدا، داهێنانگەلـی مەزنـی تەکنەلـۆژی، لـە بـواری کشـتوکاڵ و هاتوچـۆ و بوارەکانـی دیکـە لـە باشـوور و خۆرهەڵاتـەوە بـۆ ئەورووپـا هەبـووە، واتـە باسوخواسـە تەکنەلۆژییـەکان، لەتـەک هاتنـی چاخەکانـی ناڤینـدا دەسـت پێدەکـەن. لەتـەک ئـەوەدا ریزپەریـش هەیـە.

هەروەکو پێشتر تێبینیمان کرد، ئەوا مایکل مان چەمکە کۆنەکەی زیندوو کردەوە، بەوەی داهێنانی ئاسن گۆڕانێکی تەواوی لە کۆمەڵگەی گوندنشینیی ئەورووپاییدا دروستکرد، بە ڕێگەیەک کە لە هیچ شوێنێکی دی نەکرابێت، ئەوەبوو جۆرێ لە کۆمەڵگەی بەرهەمهێنا کە داهێنەر و خولیای خاوەنداری و...هتد بوو، ڕەگوڕیشاڵی دەگەڕایەوە بۆ ئەو جووتیارانەی بە زمانی ئیندۆ- ئەورووپایی ئاخاوتنیان دەکرد کە گاسنیان بەکاردەهێنا، هەروەها بە هاوتەریبی ئیدعای ئەوە دەکات، سەرکوتکاریی خۆرهەڵاتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کۆندا، داهێنانی تەکنەلۆژی پەکخست، چونکە جووتیارەکان لە ژێر باری گرانی ئەو سیستمە سیاسییەدا بوون کە تەکنەلۆژیای ئاودێری سەپاندی. وەلێ ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەکان دژی ئەم تیۆرە دەوەستنەوە. زانیاریی زۆر لە سەر گەشەکردنی تەکنەلۆژی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەو ماوەیەدا هەیە (هەر لە کۆتایی چاخی بەردینی نوێوە، تا دوای چاخی ئاسنین") ئەمەیش چەمکی بێ توانستی بۆ داهێنان، بە شتێکی نابەجێ دەکات. وەلێ کاری ئاسن لە ئەورووپادا دانەهێنرا. ڕەنگە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاتبێت، وەلێ هەندێ بەڵگە هەنە، لە سەر شوێنێکی دوور، ڕەنگە (خۆرئاوای ئەفەریقیا) بێت. گاسن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکارهاتووە چ ئەوەی بەرپابێت لە سەر ئاودێری یان نا، هەروەها لە کشتوکاڵیی ئەورووپاییشدا بەکارهاتووە. ڕەنگە بەر لە ئەورپا، گاسن لە چیندا بەکارهاتبێت. بۆیە ئەو باسوخواسەی مان (و کەسانی دی) خستییانە روو راست نین، هەروەها دەرەنجامە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیش دوورن لە راستییەوە.

دیارە، گەلێ لە مێژوونووسانی "پەرجوو" ئامادەن لە یۆنانییە کۆنەکانەوە دەستپێبکەن و ئەم گەلە وا پێناسە دەکەن کە داهێنەری ئەورووپاییی ئەسڵین. وەلێ یۆنانییەکان لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیدا پتر لە دەرودراوسێکانیان

لە باشوور و خۆرهەڵات بەشدارییان نەکرد. بۆیە ئەم جۆرە باسوخواسانە دەخرێنە سەر بیرۆکەی "ژیری و پێگەیشتنی" ئەبستراکت، ئەویش بە هۆیەکی شێمانەیی پتر لە کەتواری، هەروەکو پێشتر باسمانکرد. ڕۆمانەکانیش بەش بە حاڵی خۆیان، هەروەها دەرودراوسێکانیان، تا ڕادەیەکی مامناوەندی داهێنەربوون. لە چاخە تاریکەکانی ئەوروپادا، بەوجۆرەی هەموان لە سەری کۆکن، بە دەگمەن گەشەکردنی تەکنەلۆژی کاریگەری هەبووە و لە ڕاستیدا لە ئەفەریقیا و ئاسیادا هەنگاوی باشی دەنا. پێموایە، ئەمڕۆ زۆربەی مێژوونووسان ناکۆکن، لەتەک مایکڵ مان و غەیری ئەو لە ئیدعای بوونی پێشکەوتنی بێ هاوتای تەکنەلۆژی لە ئەوروپای بەر لە چاخەکانی ناڤین، وێڕای بڵاوبوونەوەی ئەم بۆچوونە تا چەند دەیەیەکی کەمی ڕابردووەوە. زۆرن ئەوانەی دژی ئیریک جۆنز، دەربارەی پەرجووی ئەوروپایی دەوەستنەوە، کاتێ دەڵێت ئەوروپا بە "شارستانییەکی بێ هاوتا لە کەڵەکەبوونی بەردەوامی مەعریفەی تەکنەلۆژی" (لاپەڕە ٤٥)دا هەژمار دەکرێت، چونکە هیچ شتێکی ناوێزە و نائاسایی لەم پرۆسەیە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بوونی نییە.

باسوخواسە تەکنەلۆژییەکان، لە چاخەکانی ناڤیندا بەرجەستەبوون. لێرەدا گەلێ جار لە ناو مێژوونووسانی "پەرجوو"ی ئەوروپاییدا، ڕووبەڕووی چەمکی "دەستپێکردنی تەکنەلۆژی بەرەو تازەگەری" دەبینەوە. باسوخواسە باوەکە ئەم شێوازە بەخۆوە دەگرێت: ئەوروپاییەکانی باکوور بە ڕاستی، تا کۆتایی چاخەکانی تاریکی، گەلێکی دواکەوتوو بوون، کاتێ لە سەرەتاکانی چاخەکانی ناڤیندا، جۆرێ لە بێداربوونەوە ڕووی دا، دەبینین ئەوروپاییەکانی باکوور لە پڕ دەردەکەون، بەوجۆرەی ئەمڕۆ دەیانناسین: جووڵەکیترین و پێشکەوتووترین و داهێنەرترین و ڕاپەڕیوترین گەلی جیهانن. کلیلی ئەو ڕاپەڕینە، بریتییە لە کۆمەڵێ لە داهێنانی تەکنەلۆژی لە چاخەکانی ناڤین،

لە بنەڕەتدا چەقیان لە سەر داهێنانە ئەوروپاییەکان بەستبوو، لە کاتێکدا ئەو مێژوونووسانە ناوچە نائەوروپاییەکانیان خافڵ کردبوو. بۆیە شێوەیەکی تەقلیدیی تیۆری مێژووی تونێلییان لە سێنترالیزمی ئەوروپایی خستە روو.

لین وایتی کوڕ، مێژوونووسێکی ئەمەریکییە، کتێبی "تەکنەلۆژیی چاخەکانی ناڤین و گۆڕینی کۆمەڵایەتی" ئەو، ئەو جۆرە لە بێ چەندوچۆنیی تەکنەلۆژی لە باسوخواسەکانی مێژووی تونێلی، رەنگە لە شێوە روونەکەیدا دەخاتە روو. ئەم کتێبەی لە ساڵی ١٩٦٢دا بڵاوکردەوە و کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو. باسوخواسەکانی لە سەر تیۆرگەلی زۆری مێژوونووسانی "پەرجوو" بونیاتنران، بە مان و جۆنز و هۆلەوە (ئەوانەی کە نەک تەنێ لە نووسینەکانیاندا، ئەو کتێبە وەکو بەڵگە دەهێننەوە، بەڵکە لە گەلێ لە باسوخواسە تەکنەلۆژییەکاندا پشتی پێدەبەستن کە بۆ پشتگیرکردن لە تیۆرەکانیان بەکاری دەهێنن). دیارە ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ روونکردنەوەی ئەوەی چۆن لە چاخەکانی ناڤیندا، داهێنانی تەکنەلۆژییانە بریتییە لە هۆکاریی سەرەکیی رێنیسانسی ئەوروپا. وایت لیستێک لە داهێنانە ئیدعاکراوەکانی ئەوروپا باسدەکات و کاریگەری و ئاسەوارە جوانەکانی هەر یەکەیان لە مێژووی ئەوروپاییدا رووندەکاتەوە. لێرەدا، نموونەیەکی پرەنسیپیمان هەیە: داهێنانی بارهەڵگری ئاسنین لە چاخەکانی ناڤیندا "کاریگەرییەکی هاندەرانەی بۆ مێژوو" هەبوو. ئەوەبوو رێگە بە جۆرێکی نوێ لە جەنگ درا، تیایدا ئاژەڵ بەکاربرا و ئەمەیش دیاردەی سوارچاکی چاخەکانی ناڤینی خوڵقاند، هەروەها بووە هۆی پەیدابوونی سیستمی فیوداڵی (بەوەی سوارچاکەکان بوون بە خاوەنی زەویی خام). بەمەیش "پیاو لە سەر پشتی ئەسپ بینرا کە لە هەزارەی پێشوودا، بە هۆی داهێنانی بارهەڵگرەوە ناسیمان".[١٨١]

181. White، Medieval Technology and Social Change (1962)، p. 38)، also McNeill، Plagues and Peoples (1976)، p. 234.

وەلێ باسوخواسە بنەڕەتییەکانی وایت، گرنگی بە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان و بەتایبەتی بە تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی دەدەن. وایت ئیدعای ئەوە دەکات، شۆڕشی کشتوکاڵی لە ئەوروپا (یان باشتر وایە بڵێین لە باکووری ئەوروپا) لە سەرەتاکانی چاخەکانی ناڤیندا رووی دا، ئەوەیش بووە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی گشتگر کۆمەڵگەی ئەوروپایی بگۆڕێت و لە راڤەکردنی تازەگەری و رێنیسانسی سەرمایەداریدا، بە بەشێکی گەورە ببێت. هەروەها پێیوایە، سێ داهێنانی ئەوروپایی بریتی بوون لە ناوەڕۆکی بابەتەکە: گاسنی قورس و لەغاوی ئەسپ (دواتر بەکارهێنانی هێزی ئەسپ) و خولی سیانی لە کێڵگەدا.

چەند گایەک گاسنی قورسیان رادەکێشا (گەلێ جار ژمارەیان هەشت گا دەبوو) و سەرچاوەی ئەم داهێنانە بەپێی وایت، بۆ ئەوروپای سەدەی شانزەیەم دەگەڕێتەوە، دواتر خێرا لە باکووری خۆرئاوای ئەوروپادا بڵاوبووەوە. "ئەمەیش لە سەدەی هەشتەم.[182]لە بەهێزبوونی بنەماڵەی کارۆلین" دا بەشداریی باشی کرد.[183]وایت باشی پێکاوە، کاتێ سەرنج رادەکێشێت، وەکو ئەوەی ئەوانەی پێش ئەو ئەنجامیان دا، بۆ گرنگیی گاسنی قورس، وەکو داهێنانێکی کشتوکاڵی لە شوێنە ساردتر و شێدارترەکانی ئەوروپادا.

گاسن تایبەتمەندییەکی گەورەی هەبوو بۆ هەڵگەندن و کێڵانی خاکە لیتەی پێدەشتەکانی باکووری ئەوروپا و ئەو کارە قووڵانە لە خاکدا بۆ کەشوهەوای شێداری باکووری ئەوروپا گەلێ گرنگ بوو. لە راستیدا لە خاکی شێداردا پێویست بوو، بۆ فراوانبوونی شوێنەکی بۆ کاری کشتوکاڵی.

182. White، Medival Technology and Social Change (1962)، p. 54.

١٨٣. بنەماڵەی کارۆلینگ: خێزانێکی نەجیبزادە بوون بە رەچەڵەک ژەرمەنیی رۆژئاوایی بوون، لە سەدەی حەوتەمدا، دەسەڵاتی خۆیان بە سەر ئەوروپادا سەپاند. رێورەسمی دەسەڵاتی بۆماوەیی، وەکو مافێکی خواوەندیی بەخشراو بۆ فەرمانڕەوایان چەسپی، ئەوەبوو هێزی خۆی لە هاوپەیمانی لەتەک کڵێسەدا هەڵدەگۆزی.

بەمجۆرە بەکارهێنانی گاسنی قورس بووە هۆی ئەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی بەگشتی لە چاخەکانی ناڤیندا زیاد بکات. وەلێ لە راستیدا گاسنی قورس لە ئەوروپا لە چاخەکانی ناڤیندا دانەهێنراوە. ئەو گاسنەی کە بە بیست و چوار گا رادەکێشرا، بەر لە لەدایکبوونی عیسا بەکار دەبرا.[184] باشووری ئەوروپا گاسنی سووکتریان بەکار دەهێنا، چونکە خاکەکەی سووکتر و وشکتر بوو، وەلێ تەکنەلۆژیاکە جیاواز نەبوو. دیارە بە دڵنیاییەوە، گاسنی قورس یان ئەوەیە لە باکووری ئەوروپا لە شوێنێکی دی بڵاوبۆتەوە، یان ئەوەتا خۆگونجانێکی خۆماڵی بووە، بۆ شێوەی ئامێرێک زۆر بەکارهاتبێت. کەواتە، ئەمە شۆڕشێکی تەکنەلۆژیی ئەوروپایی نەبووە. بۆیە دەکرێ باشەکە لە ئاسەواری ئەو داهێنانە لە باکووری ئەوروپادا بۆ ئەو هێزە کۆمەڵایانییانە بگەڕێتەوە کە بوونە هۆی پێشکەشکردنی گاسنی قورس، نەک خودی تەکنەلۆژیا. بە نموونە، دەزانین گەشەی فیوداڵ لە کشتوکاڵدا، بووە هۆی فراوانبوونێکی زۆر، وەکو هاندەرێک بۆ ئەو کەسایەتییە دەوڵەمەندانەی حەزیان دەکرد سامان و هێزی خۆیان زیاتر بکەن، لە رێگەی فراوانکردنی شوێنی نۆرینیان لەلایەک و وەکو کاردانەوەی جووتیاران بۆ خواستە زۆربووەکانیان و پێداگرتنیان لە بەرامبەر بە دەوڵەمەندەکان، بۆ دەستەبەرکردنی زێدە بەرهەم لەلایەکی دیکەوە، ئەو خواستانەی کەڵەکە بوون، وای کرد بە رادەیەک بەدیهێنانی ئەستەم بێت، چونکە خێزانی کشتوکاڵی رووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە، مەگەر ئەوەی جووتیاران رێگەیەک بۆ زیادکردنی بەرهەم بدۆزنەوە. روونە کە وایت هەر ئاسەوارێکی مێژوویی بۆ گاسن گەڕانەوە، پێویستە بگەڕێتەوە بۆ فیوداڵی، وەکو سیستمێکی کۆمەڵایەتی. هەروەها ئەو ئاسەوارانەی پێشکەشی کردن بە راستی پەرجووە.

184. Kosambi، Ancient India (1969)، p. 89، R. S. Sharma، Light on Early Indian Society and Economy (1966)، p. 57.

هەرجارێ وایت واتەنی، بڕوابوون بە بیرۆکەی گاسنی قورس بووە هۆی گەشەی زۆر لە ژمارەی دانیشتوان و دواتر گواستنەوە هەبوو بۆ سیستمی "کێڵگەی کراوە" لە کشتوکاڵدا، چونکە بەپێی وایت، قەرداری داهێنانی "شێوازە کۆمەڵگەییەکان" communal patternsی هاوکاریی مرۆیی بوو (ئەگەر ئەو شێوازانەی بژێوی پێشتر نەزانرابن و لە هیچ شوێنێکی دیکەدا پێیان ئاشنا نەبووبن). ئەوە بریتی بوو لە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، وەکو "داڕشتنەوەی کۆمەڵگەی گوندنشین" بوو. "جەوهەری ئابووریی زەویی خام" بوو، لەتەک پشتگوێخستنی ئەو راستییەی کە زەویی خام موڵکی دەوڵەمەندەکان بوو نەک جووتیاران.[185] لەوەیش گرنگتر بریتییە لە "گۆڕانی ئاراستەکانی جووتیارانی باکوور بەرەو سرووشت و دواتر ئەوەی بۆ ئێمەیە" (جەخت لە من دەکەمەوە). بۆچی؟ بۆ ناچاربوونی گەلێ لە خێزانەکان، بۆ هاوکاریکردن بۆ دانانی گاسنێک و بۆیە بڕەبەشەکانیان بەسترابووەوە بە بەشداریی کۆمەڵایەتییان، نەک بە پێداویستییەکانیانەوە ("ناتوانرێ خەیاڵی گۆڕانێکی جەوهەری لە بیرۆکەی پێوەندیی مرۆڤ بە زەوییەوە بکرێت: مرۆڤ بەشێک بوو لە سرووشت، ئێستا بووە بە چەپاوکەری").[186]

وەلێ هەموو ئەوە بۆچوونی پڕوپوچن. هیچ بنەمایەک بۆ ئەم باسوخواسە تەکنەلۆژییانە و نە بۆ لێکدانەوە کۆمەڵایەتییەکان نییە. کتێبی دۆمزدای رێژەی نێوان خێزانەکان و تیپەکانی گاسن بە ٢:٣ و ٣:٥ دادەنێت.[187] دیارە سیستمی کێڵگەی کراوە کۆن بوو و لە ئەورووپادا بڵاوبووەوە و لە ئاسیا و

185 White، Medieval Technology and Social Change (1962)، p. 44.

186 White، Medieval Technology and Social Change (1962)، p. 56، McNeill، Plagues and Peoples (1976)، p. 237.

١٨٧. بڕوانە:

C. T. Smith، An Historical Geography of Western Europe (1967)، p. 203، Darby، The Domesday Geography of Eastern England (1952).

لـە باكـووری ئەفەریقیـادا، هـەر لـە دێـر زەمانـەوە پێـی ئاشـنان.[188] گوندەكانی باكـوور كـە تیپگەلـی گـەورەو و گاسـنگەلی قورسـیان لـە گوندەكانـی باشـوور بەكاردەهێنـا، هەرەوەزیتربـوون لـە گوندەكانـی باشـوور كـە گاسـنی سـووكیان بـەكار دەهێنـا. خاوەنداریێتیـی هاوبەشـی كێڵگـەكان لـە هەنـدێ لـە كۆمەڵگەكاندا، هاوكارییەكـی گەورەیـان پێكنەهێنـا، پتـر لـەوەی لـە سیسـتمی كێڵگـەی كـراوە لە ئەوروپـادا دەیبینیـن. ئابووریـی خۆرئـاوا بریتـی بـوو لـە سیسـتمێكی كۆمەڵایەتی، نـەك داهێنانێكـی تەكنۆلـۆژی و شـتی لـەم بابەتـە.

هەنـگاوی دووەم و شۆڕشـگێڕانە بـەلای وایتـەوە، بـە "دۆزینـەوەی هێـزی ئەسـپ "ناونرا.[189] ماوەیەكـی زۆرە ئەسـپ دۆزراوەتـەوە. داهێنانـی گرنگ سـەبارەت بـە وایـت، بریتـی بـوو لـە جڵـەوی نوێـی ئەسـپ كـە پێیوایـە رەنگـە لـە خۆرئـاوا، لـە كاتێكـی بـەر لـە سـەدەی نۆیەمـەوە گەشـەی كردبێـت. بەپێـی وایـت، جڵـەوی ئەسـپ كشـتوكاڵ و گواسـتنەوەی دانەوێڵـەی لـە باكـووری ئەوروپـادا گـۆڕی، ئەویش لە رێگەی دانانی ئەسـپ لە شـوێنی گا، بۆ راكێشـانی گاسـن و گالیسـكە. ئەسـپ هەمـان ئـەو كێشـە رادەكێشـێت كـە گا رایدەكێشـێت و وەلـێ خێراتـر بـە رێـژەی ٥٠٪. وایـت لـەم راسـتییەوە، چەندیـن دەرەنجامـی گرنـگ هەڵدەگۆزێـت. دەڵێـت زۆربوونێكـی گـەورە لـە بەرهەمـی كشـتوكاڵیدا هەبـوو. بازرگانـی بـە شـێوەیەكی چڕوپـڕ فراوانتـر بـوو، ئەویـش بـە هـۆی هەرزانـی تێچـووی هاتوچـۆی پشتبەسـتوو بـە ئەسـپ، بـە بـەراورد لەتـەك ئـەوەی پشـتی بـە گا دەبەسـت. قـەوارەی گونـدەكان گەورەتـر بـوون، تـا رادەیـەك وەكـو شـاریان لێهـات، ئەویـش بـۆ دەرەتانـی فراوانبوونـی بـواری گواسـتنەوە لـە ماڵـەوە بـۆ كێڵگـە. فراوانبوونـی گونـدەكان بـووە هـۆی "ژیانێكـی شارسـتانییانەی پتـر" رێگـەی بـە

---

188. Orwin and Orwin، The Open Fields (1967)، chap. 3، C. T. Smith، An Historical Geography of Western Europe (1967)، chap. 4.
189. White، Medieval Technology and Social Change (1962)، p. 57.

گونـد دەدا، کڵێسـا و خـان و قوتابخانـەی هەبێـت (ئێسـتا منـداڵان دەتوانـن "زانسـت وەربگرن")[190]. ئێسـتا دەکـرێ "هەواڵـەکان لـە هەرێمـە دوورەکانـەوە" بگـەن. دیارە ئـەوە گۆڕانێکـی گشـتگری گرنگـی قووڵـە. ئەمـە گوندنشـینی کـرد بـە "شارنشـینی" و "ئامادەگیـی دەروونـی" بـە جووتیـاران بەخشـی بـۆ "گۆڕیـن لـە فەرهەنگـی خۆرئاوایـی لـە گونـدەوە بـۆ شـار"[191]. هەموو ئەمـە و پتـر لـە داهێنانێـک: لەغـاوی ئەسـپ.

وەلـێ لەغـاوی ئەسـپ هـەر لـە دێـر زەمانـەوە، لـە ئاسـیای ئەوروپاییـدا بـاو و بڵاوبـوو، رەنگـە بـۆ هێورکردنـەوەی سـەرچڵیی حوشـتر نـەک ئەسـپ داهێنرابێت[192]. وەلـێ گریمانـەی پێشـوەخت بـۆ تایبەتمەندیـی ئەسـپ بـە سـەر گادا، لـە کاری کێڵان و هاتوچۆدا پوچەڵکرایەوە: رەنگـە ئەسـپ لێهاتووتربێـت، وەلـێ بایەخـدان پێـی تێچوونـی زۆرتربـوو و پێویسـتی بـە تەرخانکردنـی زەوی هەبـوو، بـۆ چاندنـی دانەوێڵەیـەک کـە خواردنـی ئـاژەڵ بێـت. لـە بەریتانیـادا ئەسـپ شـوێنی گای نەگرتـەوە. قەبـارەی گونـد هیـچ پێوەندییەکـی بـە هێـزی ئەسـپەوە نەبـوو. لـە گەلـێ شـوێن لـە جیهانـدا، وەکـو ئـەو شـوێنانەی ئەسـپ تیایانـدا بەکارنەدەهێنـرا، گونـدەکان لەوانـەی باکووری ئەوروپـا گەورەتـر بـوون. لـە وڵاتێکـی وەکـو چینـدا، دانەوێڵـە بـۆ شـوێنی دوور، لـە رێگـەی جۆگەکانـەوە دەگوێزرایـەوە، گەلـێ لێهاتوانەتـر لـە گواسـتنەوەی لـە رێگـەی گالیسـکەوە کـە ئەسـپ رایدەکێشـا. بۆیـە و بـۆ جـاری دووەم، هیـچ مانایـەک بـۆ باسوخواسـە تەکنیکییـەکان، یـان لێکدانـەوە کۆمەڵایەتییـەکان نادۆزینـەوە.

لـە کۆتاییـدا، دەبینیـن وایـت قسـە لـە سـەر ئاسـەوارە جوانەکانـی سیسـتمی

---

190. White، Medieval Technology and Social Change (1962)، p. 67.
191. White، Medieval Technology and Social Change (1962)، p. 68.
192. Bray، Science and Civilization in China، vol. 6، part 2، Agriculture (1984)، p. 304-328.

خولی سیانیی کشتوکاڵی[193] three-field system دەکات. بەشێک لەم باسوخواسە، بۆ هەر منداڵێکی ئەوروپایی لە تەمەنی قوتابخانەدا زانراوە، کاتێ دەزانێت خولی سیانیی کشتوکاڵی، بە پێشکەوتنێکی گەورە بە سەر خولی دوانیدا دانراوە- چونکە رێژەی زەویی نەچێنراو وەردی کەمکردەوە، لە نیوەوە بۆ نزیکەی سێیەک. وەلێ وایت زۆریی خێروبێری سەربار دەخاتە سەری. دەکرێ چاندنی لەرزانە (شۆفان) بڵاوببێتەوە، مادامێک بە شێوەیەکی زۆر، هێزی ئەسپ بەکاردەبرێت. لە کتێبەکەیدا، "تەکنەلۆژیای چاخەکانی ناڤین و گۆڕانی کۆمەڵایەتی" و رێک لەو بەندەی باس لە "خولی سیانی و خۆراکی چاککراو" دەکات، ئیدعای ئەوە دەکات، سیستمی سیانی رێگە بە جووتیاران دەدات، بە شێوەیەک لە شێوەکان باقلەمەنی بچێنن و ئەمەیش بووە هۆی چاککردنی سیستمی خۆراکی ئەوروپاییەکان کە ئەمەیش بەش بە حاڵی خۆی بووە هۆی "راڤەکردنی زۆربوونی لەرادە بەدەری دانیشتوان و نەشونماکردن و زۆربوونی ژمارەی شارەکان و زۆربوونی بەرهەمی پیشەسازی و درێژبوونەوەی بازرگانی و رۆحی پڕ لە چالاکی کە ژیانی بە جومگەکانی ئەم چاخە بەخشی". بە کورتی، لین وایتی کوڕ دەڵێت "چاخەکانی ناڤین پڕبوون لە ژیان".[194]

وەلێ ناتوانین هیچ یەکێک لەمانە بە جدی وەربگرین. بنەمایەک نییە بۆ باسوخواسەکەی وایت، بەوەی تێکڕای زۆربوونی دانیشتوان لاواز بووبێت، بە هۆی سیستمی خۆراکیی ناهاوسەنگەوە (کاتێ دەڵێت رێژەی کاربۆهیدرات، لە سەرحیسابی پرۆتین زیاتر دەکات). ئەو جووتیارانەی سیستمی خولی دوانییان بەکار دەهێنا، پرۆتینیان لەدەست نەدا، چونکە چاندنی پاقلەمەنی،

١٩٣. سیستمێکە بۆ کشتوکاڵ، ئەو سیستمە کۆنە دەگۆڕێت کە لە سەر بنەمای خولی دوانی two-field system بەرپایە کە نیوەی زەوییەکەی بەکاردەهێنا و نیوەکەی دیکەی بە وەردی دەهێشتەوە، بە بەکارهێنانی دوو لە سەر سێی زەوییەکە و هێشتنەوەی سێیەکی زەویەکە بە وەردی. (سەرچاوەکان).
194. White، Medieval Technology and Social Change (1962)، p. 76.

بـەر لـە سیسـتمی سـیانی بـوو، هەروەهـا دانەوێڵـەکان پرۆتینیـان تیادابـوو، هەروەهـا میـوە و بـە زۆری بەروبوومـی ئاژەڵیـان دەخـوارد. سیسـتمی سـیانی شۆڕشـێکی تەکنەلـۆژی نەبـوو. یەکـەم: تەنانـەت سیسـتمەکانی خولـە چـڕەکان، بـەو سیستمانەیشـەوە کـە تیایالنـدا زەویـی وەرد و بیـار و نەچێنـراو نییـە، لـە بەشـگەلێکی زۆر لـە جیهانـدا بـەر لـە چاخەکانـی ناڤیـن بـەکار دەبـران و پێموایـە لـە چەنـد بەشـێک لـە ئەوروپـادا (وەکـو ناوچەکانـی پێدەشـتی ئەلبـو) باوبـووە، چونکـە خاکـی قووڵـی دەوڵەمەنـد، مـژادی خۆراکـی تیادابـوو و هەروەها ڕێگـە هەبـوو بـۆ گەیاندنـی ئـاو بـۆ زەوییـە کشـتوکاڵییەکان. دووەم: سیسـتمی دوانییـان پـێ باشـتربوو و لـە گەلـێ لـە ژینگـەکان نەگـۆڕدرا و لـەو ناوچانـەی کـە بـە وەرد هێشـتنەوەی زەوی بـێ چانـدن، بـۆ لـەوەڕی ئـاژەڵ پێویسـت بـوو. دیـارە وێنەکـە ئاڵـۆزە، وەلـێ گشـتاندنەکە روونـە: سیسـتمی سـیانی شۆڕشـێکی تەکنیکـی نەبـوو، هەروەهـا سـەرچاوەی گۆڕانـی کۆمەڵایەتیـش نەبـوو. وێـڕای بوونـی سیسـتمگەلی لێکچووی لـە کیشـوەرەکانی دیکـەدا، واتـە ناتوانیـن بڵێیـن بریتـی بـووە لـە داهێنانێکـی ئەوروپاییـی بـێ هاوتـا.

لـە تەکنەلۆژیـای چاخەکانـی ناڤیـن و گۆڕانـی کۆمەڵایەتیـدا، وایـت کەمتر قسـە لـە سـەر هۆکارەکانـی تەکنەلۆژیـای شۆڕشـگێڕانە دەکات. لـە شـوێنێکی دیکـەدا، ئـەم کارە ئەنجـام دەدات و دەبینیـن لـە راسـتیدا باسوخواسـە بنەڕەتییەکانـی ڤیبەرین.[195] بـێ چەندوچۆنـی تەکنەلـۆژی لـە بـێ چەندوچۆنیـی ئایدیۆلۆژیـدا دەتوێتـەوە کـە چـەق لـە سـەر توانسـتی ئەوروپاییـەکان بـۆ داهێنـان- ژیـری و پێگەیشـتنیان- دەبەسـتێت. لـە بنەڕەتـدا وایـت ئەمـە بـۆ ئایيـن: بـە شـێوەیەکی کـەم بـۆ "مەبەسـتاریی جوولەکـە- مەسـیحایەتی و لـە بەشـێکی زۆریـدا بـۆ "مەسـیحایەتیی خۆرئاوایـی" دەگێڕێتـەوە. یەکـەم بریتییـە لـە بنەمـای "بـڕوای بێ

195. White، Machina Ex Deo (1968).

بەتایبەتی بڕوانە بابەتە بەناوبانگەکەی:.The Historical Roots of Our Ecological Crisis" (chap. 5)

هاوتـای ئەوروپاییـەکان، بـە پێشـکەوتنی بـەردەوام و بێ دابـڕان" کـە بـڕوا بـە باشـییەکانی توانسـت بـۆ داهێنـان و تەکنەلۆژیـای لێدەکەوێتەوە.[196] وەلـێ دووەم "بەدیهێنانێکـی سەرپشـکانەی سـەیر بەرهـەم دەهێنێت، بۆ باوەڕی مەسـیحایەتی، سـەبارەت بـە بەرزیـی مـرۆڤ و پێدانـی رەوایـی بـە سـەروەریی مـرۆڤ بـە سـەر سرووشـتدا"، واتـە جیاکردنـەوە لـە نێـوان مـرۆڤ و سرووشـتدا. سرووشـت سـەبارەت بـە ئایینـی مەسـیحایەتیی خۆرئـاوا، بـە وەسـتاو و چەقبەسـتوو و بێ بەهـا دادەنرێت. بـە راسـتی کفـرە "وا مامەڵـە لەتـەک سرووشـتدا بکرێـت، بـەوەی بریتییـە لـە رۆح".[197] ئەمەیـش ئـارەزوو و مـاف دەدات بـە مەسـیحایەتیی خۆرئـاوا، بـۆ ئـەوەی بڕیـار بـدات و بەکاربهێنێـت و سرووشـت بگۆڕێـت و تەکنەلۆژیـای نـوێ دابهێنێـت. دیـارە لێـرەدا هەڵـەکان هـاوار دەکـەن. یەکـەم: نەزانـی هەیـە لـە سـەر زانیاریـی ئایینـە نامەسـیحییەکان. دووەم: وایـت ژیـان بـە بۆچوونێکـی پروپوچـی سـێنترالیزمی نـەژادی دەبەخشـێت، بـەوەی بتپەرسـتە کۆنـەکان و شـوێنکەوتوانی ئایینـە نوێیـە نامەسـیحییەکان ناتـوان مـرۆڤ و سرووشـت لـە یەکدی جیابکەنـەوە و بەشـداری لـە بۆچوونێکـی سـەرەتاییدا دەکـەن، بەوەی رۆح لـە هەمـوو شـتێکدا هەیـە. لـە راسـتیدا ئەوروپاییـەکان لـە چاخەکانـی ناڤینـدا لەو بڕوایـەدا بـوون، رۆح لـە هەمووشـتێکدا نیشـتەجێیە. (ئـەوە ویسـتی خودایـە). وا مامەڵەیـان لەتـەک مرۆڤـدا نەدەکـرد کـە بەتـەواوی لـە سرووشـت جودابێـت. ئـەو دووفاقییـە بریتییـە لـە بەرهەمـی چاخـە نوێـکان، بـە هـۆی مامەڵەکـردن لەتـەک سرووشـتدا، بـەوەی بریتییـە لـە کاڵایـەک و رێنیسانسـی سـەرمایەداری. دیـارە دووفاقییەکـە بیروبۆچوونێکـە لـە فیکـری دوای دێـکارت و رگوڕیشـاڵی قووڵـی لـە "مەسـیحایەتیی خۆرئاوایـی"دا نییـە. مەسـیحییەکان لـە چاخەکانـی ناڤینـدا، پێیانوابـوو جیهـان بریتییـە لـە قەوارەیـەک، زنجیرەیەکـی بـەردەوام لـە

196. White، "The Historical Roots of Our Ecological Crisis." In White، Machina Ex (137) Deo (1967)، p. 85.
197. White، Machina Ex Deo (1967)، p. 90.

بوون. خەڵکی لە چاخەکانی ناڤیندا، بە شێوەیەکی گشتی بەوجۆرەی وایت ئیدعا دەکات، بڕوایان بە "پێشکەوتنی بەردەوام و هەمیشەیی نەبوو، بڕوایان بە گوناه هەبوو، بە شێوەیەکی گشتی بەوەی پرۆسەی ئەفراندن کامڵ و پوختە بووە. وایت بە ئاسانی مێژوو دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی ئیدعای ئەوەی بۆ بڕەخسێت کە ئاراستە ئەوروپاییەکان سەبارەت بە تەکنەلۆژی و گۆڕانی تەکنەلۆژی بنەڕەتییە و بە سیفەتگەلی رەسەن لە فەرهەنگی ئەوروپاییەکان و تەنێ ئەوروپاییەکان هەژمار دەکرێت. بۆچوونە بنەڕەتییەکەی، بریتییە لە تیۆری مێژووی تونێلیی بنەڕەتی: ئەوروپاییەکان لە توانستیان بۆ داهێناندا بێ هاوتان، بۆیە تەکنەلۆژیایەکی بێ هاوتا دادەهێنن و هەربۆیە پێشدەکەون.

پێموایە، رەنگە گشت ئیدعاکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی ئەوروپایی لە چاخەکانی ناڤیندا، پاساوی بۆ بهێنرێتەوە و بە هەمان شێوە هەڵەکانیان جێگیر بکرێن. پێموایە ئەوە روون دەبێتەوە کە گشت شارستانییەکان، لەم نیوەیەی گۆی زەوییدا، تەکنەلۆژیای نوێیان دادەهێنا و لە ناو خۆیاندا دەساودەسیان پێدەکرد. ئەم دەساودەسییە بریتییە لە میکانیزمی ئاسایی بۆ ئەو بڵاوبوونەوەیەی، لە سەر دوو شێواز لە کەتواردا بوو: تەکنیکی کشتوکاڵی کە لە کێڵگەگەلی دیکەوە گوازرایەوە و تەکنیکگەلی دی (بەوەیشەوە کە تایبەتە بە کشتوکاڵیی بازرگانییەوە) کە جموجوڵ دەکات، لە رێگەی تۆڕی شارستانی لە بازرگانی و هاتوچۆوە، یان ناوبەناو (هەروەکو تەکنەلۆژیای سەربازی) لە جوڵەدایە بەپێی نەخشە لە حاڵەتی کۆلۆنیالیستیدا. بۆیە کەڵەکەبوونێک لە تەکنەلۆژیا، لە ئەوروپا و ئەفەریقیا و ئاسیادا دەبینم. دیارە تەنێ دوای ١٤٩٢ و لەتەک دەرهاویشتە شۆڕشگێڕانەی ئەم مێژووەدا، تەکنەلۆژیای ئەوروپایی توانی بە سەر ئاسیا و ئەفەریقیادا پێشبکەوێت. ئایا گەشەکردنی تەکنەلۆژی لە چاخەکانی ناڤیندا، توانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی

گەورە لە چاخەکانی ناڤیندا ئەنجام بدات؟ وەرامی ئەم پرسیارە بۆ ئەوانی دێ جێدەهێڵم. دیارە ئامانجی من لەم کتێبەدا، ئەوەیە بەرگری لە هیچ تیۆرێک بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی نەکەم، تەنێ دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە، پرۆسەکان ئەوروپاییی پەتی نەبوون.

لە بەندی سێیەمدا، ئەم پرسە باس دەکەم و ئەوە دەخەمە روو کە چۆن سیما تەکنەلۆژی و ئابوورییەکان، لە ئەوروپا لە چاخەکانی ناڤین و لە ئەفەریقیا و لە ئاسیا و چۆن پرۆسەکانی گۆڕین لە هەر سێ کیشوەرەکەدا، لە رووی تەکنەلۆژیا و ئابوورییەوە سەریانهەڵدا.

بەر لەوەی بابەتی تەکنەلۆژیا جێبهێڵین، شتێک هەیە پێویستە دەربارەی پرسێکی سەیر بگوترێت، ئەویش ئەوەیە کە بە "پێکهاتەی چینی" ناوی دەبەم. شتی زۆر لە سەر مێژووی تەکنەلۆژیا لە چیندا، هەر لە کۆتایی دووەمین جەنگی جیهانییەوە و ئەمەیش لە رێگەی جۆزێف نیدهام و هاوڕێکانییەوە زانراوە.[١٩٨] لە سەردەمەکانی پێشوودا بەلای چاوئەندازانی پەرجووی ئەوروپاییەوە، خواستی پشتگوێخستنی ئاراستە تەکنەلۆژییەکانی چین هەبوو. (ڤیبەر کەمتر لە غەیری خۆی ئەم کارەی کرد).[١٩٩] مۆدێلی باو بریتی بوو لە دانپیادانان بە لەپێشتربوونی چین لە هەندێ لە داهێنانەکاندا، وەلێ ئیدعاکان باس لە روودانی گەشەکردنە تەکنەلۆژییە بنەڕەتییەکان لە ئەوروپا و دەریای ناوەڕاستدا دەکەن. هەرجارێ داهێنانی چینیی بەرچاو هەبوایە، گەلێ جار ئیدعای ئەوە دەکرا کە چینییەکان شتی وەک گەمەیان داهێناوە، لە کاتێکدا ئەوروپاییەکان ئەو شتانەیان بەکارهێناوە. (دیارە

198. Needham et al.، Science and Civilization in China (1967-1984).

١٩٩. ئەمڕۆ هەندێ لە مێژوونووسان ئەم بەڵگەیە پشتگوێ دەخەن و چەمکە کۆنەکان دەربارەی ئەوەی چین لێهاتوویی تەکنەلۆژی نەبووە، دووبارە دەکەنەوە. بە نموونە بڕوانە:
Roberts، The Hutchinson History of the World (1987)، pp. 493-495، 502.

نموونەکە بریتییە لە باروت، چونکە گریمانی ئەوە دەکرا، چینییەکان تەنیٚ یارییە ئاگرینەکانیان داهێنابێت). دەتوانین ئەم گریمانانە، لە مۆدێلێکی تەقلیدیی تیۆری بڵاوبوونەوە، سەبارەت بە چینییەکان کۆبکەینەوە: بەو جۆرەی لە چاخە کۆنەکاندا بووە، پێشکەوتنیان هەبووە، وەلیٚ خێراییەکەیان خاوبووەوە، تا وەستا و سەر لەنویٚ دەستیان پێکردەوە، کاتیٚ ئەوروپاییەکان فیکری نوێیان هێنا.

ئێستا زانراوە کە ئەوە هیچ جۆرە گومانێک هەڵناگرێت کە تەکنەلۆژیای چینی یەکسان بووە، لەتەک ئەوەی لە بەشی خۆرئاوا لە جیهانی کۆندا هەبووە، ناوبەناو تایبەتمەندتر و ناوبەناو لە پلەیەکی کەمتردا بووە، ئەویش لە چاخەکانی ناڤین و بەر لەوەیشدا.[٢٠٠] ئەم زانیارییە نوێیە، بۆ گەلیٚ لە تیۆرەکانی پەرجووی ئەوروپایی وێرانکەرە، ئەوانەی ئیدعای ئەوە دەکەن، پێشکەوتنی کۆنی ئەوروپا لە چاخەکانی ناڤین لە بواری تەکنەلۆژیدا هۆیەکی چالاک بووە لە پشتی "پەرجووەکەوە". (ئەگەر چینییەکان هەڵدەستان بە ئەنجامدانی هەمان ئەو شتانە و لە هەمان کاتدا، ئەوا باسوخواس سەبارەت بە بیٚ هاوتایی ئەوروپا هەرەسی دەهێنا). دەرەنجامەکە بریتی بوو لە راستکردنەوەی گەلیٚ لە تیۆرەکانی پەرجووەکە، بۆ ئەوەی ئەو راستییە نوێیانە لەبەرچاو بگرێت. بە دیاریکراوی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە پێشکەش دەکات: ئەگەر گەشەکردنی تەکنەلۆژی لە چین لە چاخەکانی ناڤیندا، ناچارمان بکات بپرسین، بۆچی چین پەرجووی خۆی نەبوو، ئەوا دەتوانین لای کەم جەخت لەوە بکەین، چین تاکە شارستانی بوو لە دەرەوەی ئەوروپادا کە دەربارەی ئەو، ئەو پرسیارانە دارێژران". بە شێوازێکی دیکە، باڵادەستیی ئەوروپا بە سەر غەیری خۆیدا، گومانی تێدا

٢٠٠. گەلیٚ جار دەستەواژەی «چاخەکانی ناڤین» بۆ زۆربەی بەشەکانی نیوەی رۆژهەڵات، یان گشت گۆی زەوی بەکار دەبرێت.

نەبوو. ئەمە گونجاوبوو سەبارەت بەو کەسانەی بیانەوێت روونی بکەنەوە، چۆن ناوچەگەلی وەکو هیند و ئەفەریقیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هیچ دەرەتانێکی گەشەکردنیان نەبووە.

گەشەکردنە تەکنەلۆژییەکان هەرچۆنێک بووبن کە لە چین لە چاخەکانی ناڤیندا روویان دا، گرنگ ئەوەیە کە وەستان". لەو هاوکێشەیەدا بە رێگەگەلی جۆراوجۆر و لە بوارگەلی تەکنەلۆژیی جۆراوجۆردا، گوزارش لەم باسوخواسە کراوە، وەلێ باسوخواسە سیاسییەکە باوە: سیفەتێکی دیاریکراو لە فەرهەنگی چینی لە چاخەکانی ناڤیندا هەیە، ئەم گەشەکردنەی وا لێکرد بە قۆناغی چەقبەستن بگات. بە شێوەیەکی دی، ئەوەی لێرەدا دەتوانرێت بسەلمێنرێت، بریتییە لەو بیروبڕوا کۆنە لە سەر چەقبەستنی خۆرهەڵات. بە شێوەیەکی نموونەیی، ڤیبەر لە سەر ئەوە راهات، ئەو خاڵە پێشکەش بکات: گەلێ جار گشت ئەو ئیدعایانە دەخرێنە روو کە ڤیبەر لە سەر هۆکارەکانی گەشەنەکردنی چین لێرەدا خستنیە روو. هەندێ لە مێژوونووسان لە بەکارهێنانی ئیدعاکەی ڤیبەر، بۆ ریسواکردنی کاریگەریی کۆنفۆشیۆسیزم تۆبە دەکەن. هەندێکی دی وایان پێ باشە، چاو لە تیۆری سێنترالیزمی نەژادیی ڤیبەر خافڵ نەکەن، کاتێ وەسفی کەسێتیی چینی دەکات. وەلێ هێشتا باسوخواسەکانی ڤیبەر، لە سەر شار و خاوەندارێتی زەوی و بیرۆکراسی و ئیمپراتۆری، بە رێکوپێکی بەکار دەبرێن. شاری چینی "ئازاد" نەبوو و چینی بۆرژوای راستەقینەی تیادا نەبوو. سیستمی خاوەندارێتی زەویی چینی لە خاوەندارێتی تایبەتەوە نزیک نەبوو. بیرۆکراسیی چینی و دەوڵەتی چینیی بەرپا لە سەر سیستمی ئیمپراتۆری، سیفەتی "ژیری و پێگەیشتن"ی نەبوو، دواتر دەرفەتی بۆ کۆمەڵگە نەڕەخساند تا پێشبکەوێت.

دەتوانین لە دوو هەنگاودا، وەرامی ئەم باسوخواسە بدەینەوە: یەکەم، بەوجۆرەی بۆرسل روونیکردەوە، لە راستیدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە، چۆن و بۆچی ئەو گەشەکردنە چینییانە روویان دا، نەک چۆن و بۆچی وەستان (ئەمەو ئەگەر بە راستی وەستابن). بە شێوەیەکی دی، پێویستە مێژوونووسان روونی بکەنەوە، چۆن چین توانی لە رووی تەکنەلۆژییەوە ببێت بە کۆمەڵگەیەکی داهێنەر، تا لە بوارەگەلی تەکنەلۆژیی جۆراوجۆردا، شارستانییەکانی دیکەی بۆ چەندین سەدە تێپەڕاند. دیارە ڤیبەر لەم پرسەدا یارمەتیمان نادات. نەخشەکەی ڤیبەر بریتییە لە روونکردنەوەی وەستانەکە و ئەوەی قسەی لە سەر دەکەین، بریتییە لە پێشکەوتنی زۆر، نەک دواکەوتن و وەستان.

هەنگاوی دووەم لە باسوخواسەکە، پێویستی بە چڕبوونەوەیە لە سەر ماوە دیاریکراوەکە، کاتێ بەپێی مێژوونووسانی پەرجووی ئەوروپایی، گریمانی ئەوە کرا کە پێشکەوتنی چینی وەستابێت. بەپێ ئیلڤین چێوەی بەربڵاوی گەشەکردنە تەکنەلۆژییەکانی چین، لە سەرەتای سەدەی چواردەیەمدایە. رەنگە چین لەو کاتەدا، لە رووی کشتوکاڵەوە پێشکەوتووترین و لە رووی بازرگانییەوە لە جیهاندا لە پێش هەموانەوە بووبێت. تەکنەلۆژیی پیشەسازیی چینی هاوەڕەوتی بواری پیشەسازیی کوتاڵ نەبوو. سەعاتە میکانیکییەکان زانران.[201] کەشتییە چینییە بازرگانییەکان، لە کەنارەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، لە ئۆقیانووسی هیندیدا تەراتێنیان دەکرد. تفەنگی چینی لە پلەی یەکەمدا بوو. تەکنەلۆژیای جۆگەکان دڵفرێن بوون...و بەمجۆرە. بە شێوەیەکی گشتی، گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بە بنەماڵەی مینج، بە پێشکەوتنێکی شێنەیی لە تەکنەلۆژیادا بەسترابووەوە، وێڕای بەردەوامبوونی

201. Needham et al.، Science and Civilization in China، vol. 4، pard (1965)، chap. 27.

لە بوارگەلی دیکەدا (دروستکردنی کەشتی و تۆپ و چاپخانە، بە هۆی پیتە کانزاییە بزۆکەکانەوە- کە رەنگە نزیکەی ١٤٠٠، لە کۆریادا داهێنرابێت[٢٠٢]- وەلێ ئەوروپا لەم کاتەدا گەشەی تەکنەلۆژیی گەورەی بەخۆوە نەدەبینی. ئەوروپا دوای ١٣٥٠ تووشی حاڵەتێک لە چەقبەستنی ئابووری و تەکنەلۆژی بوو. بەڵگەی کەم لە سەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لە ئەوروپا بەر لە ١٤٩٢ بە دەستەوەن. چاخی رێنیسانس بریتی نەبوو لە شۆڕشێکی تەکنەلۆژی، بەو جۆرەی مێژوونووسان ئاماژەی بۆ دەکەن.[٢٠٣] دوای ١٤٩٢ گەشەکردنە ئەوروپاییەکان لە هەندێ بواری تەکنیکیدا دەستیانپێکرد (بەتایبەتی لە بواری دروستکردنی کەشتیدا). وەلێ ئەگەر گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییە شۆڕشگێڕییەکان لە سەدەی هەژدەیەمەوە دەستی پێکردبێت، ئەوە پرسێکە لە نێوان مێژوونووسە ئەوروپاییەکاندا، مشتومڕی لێدەکەوێتەوە.

ئەمە بە بەراورد لەتەک چیندا، چ شتێک بەڵگەیە بۆی؟ دەردەکەوێت کە هیچ کێشەی "وەستان و چەقبەستن" نییە. خاوییەک لە پێشکەوتن لە ماوەی دوو سەدە لە سیناریۆیەکی زانراودا، سەبارەت بە گشت فەرهەنگە مرۆییەکان هەبووە. ئەویش بە هۆی ئەوەی پێشکەوتن، بە یەک ریتم بەرەو پێشەوە ناڕوات، ئەوە بنەما و رێسایە. دیارە ئەوە کێشەیەک روون دەکاتەوە کە مێژوونووسانی جیهانی سێیەم پێی لە سەر دادەگرن، لە کاتێکدا مێژوونووسە ئەوروپاییەکان پشتگوێی دەخەن. بە هۆی فراوانیی بازرگانیی ئەوروپاییەوە لە سەدەی شانزەیەمدا- لەم کتێبەدا باسی ئەوە دەکەین کە ساڵی ١٤٩٢ بریتییە لە لەدایکبوونی راستەقینەی ئەو

202. Needham et al.، Science and Civilization in China vol. 4، part 2 (1965)، p. 33.

ئارنۆڵد پاسی داهێنان لە کۆریادا دەبینێت. Pacey’s Technology in World History (1990)، p. 56.

٢٠٣. بە نموونە، بڕوانە:

Lopez، “Hard Times and Investment in Culture” (1953)، Thorndyke، “Renaissance or Prenaissance?” (1943).

پرۆسـەیە- کۆمەڵگـە ئەوروپاییـیـە بازرگانییـە سـەرچڵەکان، لـە چەندین شـوێنی جیـاوازدا و بەتایبەتـی لـە مانێـلا و هەنـدێ بەنـدەری باشـووری چیـنـدا، لەتـەک چیـنـدا دەسـتیان کـرد بـە کێبڕکـێ و بازرگانـی. بۆچـی کۆمەڵگـەی بازرگانیـی چینـی کۆنترۆڵـی ئـەو بازرگانییـەی نەکـرد؟ بۆچـی باڵادەسـتیی بازرگانـی بـە جێگیـری بـەرەو ئەوروپـا ڕۆیشـت، نـەک بـەرەو چیـن (یـان ناوچـە ئاسـیاییەکانی دیکـە)؟ بـە ڕێگـەی جیـاواز، هیـچ وەسـتان یـان چەقبەسـتنێک نییـە، تـا ڕاڤـەی بکەیـن. وەلـێ کێشـەی ئـەوە هەیـە، چـۆن و بۆچـی ئەوروپاییـەکان بـە کـردەوە، کۆنترۆڵـی بازرگانیـی مـەودا دوورەکانیـان لـە ئاسـیادا دوای نزیکـەی ١٦٠٠ کـردووە. وەکـو سـەرەتایەک بـۆ باسـکردن لـە بەندەکانـی داهاتـوودا، بـە کورتـی قسـە لـە سـەر ئـەوە دەکـەم، ئـەو پرۆسـەیە لـە هیـچ شارسـتانییەکی ئاسـیاییدا، گـوزارش لـە هیـچ "ئەسـتەنگەلێکی" فەرهەنگیـی ناوخۆیـی نـاکات. بـە پێچەوانـە، گـوزارش لـە زۆربوونـی خێـرا و زۆری باڵانسـی قازانجـەکان و سیسـتمی پـرۆژە ئەوروپاییـەکان دەکات، لـە ڕێـگ دەریاکانـەوە دوای ١٤٩٢ کـە غەیـری ئـەوان نەیانتوانـی وەگەریبخـەن، بـە هـۆی هاتنـی بـە لێشـاو وبەردەوامـی زێـڕ و زیـوەوە لـە جیهانـی نـوێ بـۆ گەنجینەکانـی بازرگانیـی ئەوروپایـی (ئـەوە پرسـێکە لـە بەنـدی چوارەمدابـە تێروتەسـەلی باسـی دەکەیـن).

لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی پانزەیەمدا، ژمارەیەک لە کەشـتیی جەنگیی چینی و دیپلۆماسـی و بازرگانـی ڕەوانـەی باشـووری خۆرهەڵاتـی ئاسـیا و ئۆقیانووسـی هینـدی کـران. لـە سـەر ئـەو کەشـتییانە سـەدان پیاو هەبـوون. هەندێکیـان هێندە گەورەبـوون کـە ڕووبەرەکـەی باخچـەی سـەوزەواتی لـە سـەر بـوو. لـە بەنـدی داهاتـوودا، بـاس لـە گرنگیـی ئـەو گەشـتانە دەکەیـن. ئـەوەی ئێسـتا مەبەسـتمە، بریتییـە لـەوەی تێبینـی ئـەو ڕەفتـارە بکەیـن کـە مێژوونووسـانی پەرجـووی ئەوروپایـی، لـە ڕێگەیـەوە هـەوڵ دەدەن گونجانێـک لـە نێـوان ئـەو ڕاسـتییانە و

تیۆرەکانیانـدا دروست بکـەن، لـە هـۆی دواکەوتنـی پێشـکەوتنی چینـی. دیـارە قسـە لەسـەرکردنی ئایدیالـی ئەمەیە:"وەلـێ وەسـتان". لـە راسـتیدا دوا گەشـت لــە نزیکــەی ١٤٤٠دا کۆتاییهــات، وەلــێ ئامانجەکانــی خــۆی پێــکا. کەشـتییە بازرگانییـە چینییـەکان بـەردەوام بـوون لـە بازرگانـی لـە باشـووری خۆرهەڵاتـی ئاسیا. وەلـێ هیـچ شـتێک نەوەسـتا. پیاوانـی ئایینـی بۆ ماوەیـەک (سـەرەتای سـەدەی شـانزەیەم) رێگەیـان لـە بـاری چینـی دەگـرت، وەلـێ ئـەم رێگەگرتنـە ئەمرازێـک بـوو بـۆ هێنانـی بەرتیـل (ئاسـانکاری) کـە لـە هیـچ حاڵەتێکـدا، بـە زۆری هێـز نەسـەپێنرابوو. سـەبارەت بـە مێژوونووسـانی "پەرجـوو" ئەوەیـە کـە راسـتیی رێگەگرتنـی ئیمپراتـۆری، بەڵگەیـە بـۆ ئـەوەی کـە چیـن لـە پێشـکەوتن وەسـتا و تەنـێ بـۆ ئەوروپـا دەرەتانـی روودانـی "پەرجـوو" رەخسـا. ئەمـە لەتـەک راسـتییەکاندا یەکناگرێتـەوە.

رەنگـە چینییـەکان تفەنگیـان داهێنابێـت. ئـەوان بەهەرحـاڵ، لـە تەکنەلۆژیـای چەکـە ئاگرینیەکانـدا، وەکـو هـەر فەرهەنگێکـی دی، تـا کۆتایـی چاخەکانـی ناڤین پێشـکەوتووبوون. رێـک وەکـو شـێوازی مێژوونووسـانی پەرجـووی ئەوروپایـی، لـە مامەڵەکـردن لەتـەک بـواری تەکنەلۆژیـادا (وەکـو بوارەکانـی دی)، رۆمانـی کارلـۆ کیپـۆلا بـۆ ئـەم پرۆسـەیە، لـە کتێبـە بەناوبانـگ و کاریگەرەکـەی "چەکـەکان و رێسـا و یاسـاکان و ئیمپراتۆرییەکانـدا، داهێنانـی تەکنەلـۆژی و قۆناغـی یەکـەم لە بڵاوبوونـەوەی ئەوروپایـی ١٤٠٠-١٧٠٠ دەبینیـن. ئـەو سـەرەتا ئـەو بڕوایـەی هەیـە کـە "چەکـە چینییـەکان، لای کـەم تـا سـەرەتای سـەدەی پانزەیـەم، لـە هەمـان ئاسـتی باشـیی چەکـە خۆرئاواییەکانـدا بـووە، ئەگـەر باشـتر نەبووبێت".[204] وەلـێ کاتـێ پورتوگالییـەکان لـە دەڤەرەکەیانـدا دەرکەوتـن و وەکـو سـڵاو تۆپیـان تەقانـد لـە سـەدەیەکی دواتـردا (١٥١٧)، چینییـەکان بـە شـێوەیەکی جادوویـی بـەرەودواوە چـوون:

204. Cipolla، Guns، Sails، Empires (1965)، p. 106.

زرمــەی تۆپەکانــی ئەوروپــا چینییەکانــی راچڵەکانـد...
لــە ســەر ئــەو راســتییە بێزارکــەرە، بــە دەرکەوتنــی خەڵکــی
بێگانــە لــە کەنارەکانیانــدا، بــە پشــتیوانیی و هەڕەشــەی چەکــی
کوشــندە و تایبــەت و جودا...چۆن مامەڵــە لەتــەک "شــەیتانە
بێگانــەکان"دا بکەیــن؟ ئایــا بەرامبەریــان بوەســتینەوە، یــان
پشــتگوێیان بخەیــن؟ ئایا پێڕەوی لــە شــێوازە تەکنیکییەکانیان
بکەیــن و دەســت لــە دابونەریتــە خۆماڵییەکانمــان هەڵبگریــن،
یــان هیــچ پێوەندییەکیــان پێــوە نەکەیــن و بــە دوای پەناگەیەکدا
بگەڕێیــن، وەکــو خەونێــک بــۆ دابــڕان؟ ببیــن یــان نەبیــن؟ ئەمــە
کارەســاتێکی دڵتەزێنــە چارەســەری نییــە.[٢٠٥]

بەمجــۆرە، وێنــە رەوانبێژییــەکان لــە ئەفسانەناســیی چەقبەســتن و وەســتانی ئاســیا و پەرجــووی ئەوروپاییــدا، شــوێنی راســتی دەگرنــەوە. دیــارە "پێکهاتــەی چینــی" راســتگۆیی خــۆی لەدەســت دەدات. وەلــێ گومانــم لــەوە نییــە کــە "پێکهاتــەی هینــدی" و "پێکهاتــەی ئیســلامی" و "پێکهاتــەی ئەفەریقیایــی"، بەمجــۆرە چــالاک دەکرێــن، بــۆ ئــەوەی پشــتگیری لــە مێــژووی ســێنترالیزمی ئەوروپایــی بکــەن، لــە کاتێکــدا پتــر لــە گەشــەکردنی تەکنەلۆژیــی هینــدی و خۆرهەڵاتــی- ناوەڕاســتی و ئەفەریقیــای بــەر لــە ســاڵی ١٤٩٢ شــارەزا دەبیــن.

205. Cipolla، Guns، Saiols، Empires (1965)، pp. 108-109.

## کۆمەڵگە:

لە بەندی سێیەمدا، چاوێک بە کۆمەڵگەی ئەوروپایی لە چاخەکانی ناڤیندا دەخشێنین و بەراوردێک لە نێوانی و نێوان هەردوو کۆمەڵگەی ئاسیایی و ئەفەریقیایی، لە هەمان ماوەدا دەکەین، ئەویش لە ڕێگەی سیفەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە لە پرۆسەی گۆڕین بەرەو سەرمایەداری و تازەگەریدا گرنگ دەردەکەون. لەو سیفەتانە (شێوەکان و ڕاستییەکان)ی چینی کۆمەڵایەتی و دەوڵەت و خاوەنداریی زەوی و بازرگانی و شارستانی. دیارە ئەرکی ئێستامان لەخۆبردەترە، لە رووی ئەوەوە کە رەخنە لەو تیۆرانە دەگرێت کە ئیدعا دەکەن، بەر لە کۆتایی چاخەکانی ناڤین، واتە بەر لە ١٤٩٢، سیفەتێکی کۆمەڵایەتی یان پتر، هۆکار بووە لە پشتی ڕێنیسانسی ئەوروپاوە بە سەر شارستانییەکانی دیکەدا. بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە، دەتوانین کەمێ لەو سیفەتانە هەڵبژێرین کە مێژوونووسانی ئەمڕۆ، لە هەڵگرانی تیۆری پەرجووی ئەوروپایی ئیدعا دەکەن، بەوەی پاڵێوراو و باشترە بۆ بینینی ئەم رۆڵە پێشەنگییە مێژووییە، ئەم بزوێنەر و هاندەرە سەدەمییە لە پشتی "دەرچوون" بەرەو تازەگەری. دیارە ئەو سیفەتە باشانە، بریتین لە: دەوڵەت و کڵێسا و چینی کۆمەڵایەتی و خێزان. گەلێ جار خودی ئەو سیفەتانە دەبینین، لە بەر رۆشنایی هێزە بنەڕەتییەکانی وەکو ژیری و پێگەیشتنی ئەوروپایی و تەکنەلۆژیای ئەوروپایی و بێ هاوتایی دیمۆگرافیی ئەوروپایی، واتە باڵادەستیی ژینگەی ئەوروپایی راڤە دەکرێن. بە تێروتەسەلی باسوخواس لە سەر ئەو سیفەتانە کرا. بۆیە باسوخواسی داهاتوو کورت و چڕوپڕ دەبێت.

## دەوڵەت:

جۆرێ لە باسوخواس سەبارەت بە مۆدێلی نەتەوە/دەوڵەتی ئەوروپاییی نوێ دەست پێدەکات کە خاوەنی قەبارەی مامناوەندی و پوختە و دیموکراسین کە دوای رێنیسانسی سەرمایەداری و تازەگەری و دوای هەردوو شۆڕشی فەرەنسی و ئەمەریکی سەریانهەڵدا. کەس نکوڵی لە بێ هاوتایی ئەم شێوازە ناکات. وەلێ مێژوونووسانی پەرجووی ئەوروپایی ئیدعایەک یان دوو ئیدعا، دەربارەی شێوەی ئەو دەوڵەتە دەخەنە روو: یان ئەوەتا گەلێ زوو لە مێژووی ئەوروپاییدا سەریهەڵداوە، ئەمەیش بەستێنی بۆ رەخساندبێت، تاوەکو رۆڵێکی سەدەمکارییانە لە نوێکردنەوەدا بگێڕێت، یان ئەوەتا لە فەرهەنگی ئەوروپاییدا سەقامگیربووبێت، شێوەیەکی دەوڵەت بە شێوەی سرووشتی و لۆژیکی لە رێگەی ئەوروپاییە ئازادیخوازەکان و سەربەخۆخوازەکانی دژ بە سەرکوتکاری، لە چاخەکانی ناڤیندا یان بەر لەوە سەریهەڵدابێت. هەندێ جار هەردوو ئیدعاکە پێشکەش دەکرا: گۆڕانێک بۆ هەموو شتێک لە ژێری و پێگەیشتنی مۆراڵیی ئەوروپایی و لە هەمان کاتدا باسوخواسێکی گشتگر، لە سەر ئاستی خودی دەوڵەت دەبینین.

بە نموونە، دەبینین ئیریک جۆنز رێک لە کتێبی "پەرجووی ئەوروپایی" دا، ئەم کارە دەکات. جۆنز دەڵێت، سیستمی سیاسی لە ئەوروپا لە چاخەکانی ناڤیندا، لە "دڵی پەرجووی ئەوروپایی"یەوە نزیک بووە.[٢٠٦] لێرەدا باسوخواس لە نێوان لایەنگریی تەقلیدی، بۆ خۆشویستنی خۆڕسکانەی و بێ هاوتای ئەوروپا، بۆ ئازادی و هەندێ باسوخواسی ژینگەیی سەیر کۆدەبنەوە. بە دووەمیان دەست پێدەکەین. جۆنز ئەو باسوخواسە بەناوبانگە دەهێنێتەوە کە ئەوروپا لە کۆندا، ژمارەیەک لە ناوچەی سێنترالیزمی بەپیتی هەبووە کە بوونە بە بنەمایەک بۆ فەرهەنگێکی هەرێمایەتی. دواتر دەیکات بە

206. Jones، The European Miracle (1981)، p. 124.

باسوخواسێکی سەرنجڕاکێش، لە سەر کاریگەریی ئەو ناوچە سێنترالیزمیە ژینگەییانە کە شتێکی سرووشتییە، ببن بە مۆدێلێک بۆ دەوڵەتێکی قەبارە مامناوەندی، بە پێچەوانەی مۆدێلی "ئیمپراتۆری"ی کۆمەڵگەکانی ئاسیا، هەرجاریێ خۆی واتەنی. بە بۆچوونی جۆنز، ئیمپراتۆرییەکان خۆڕسکانە سەرکوتکارن، هەروەها خۆڕسکانە دەست دەخەنە ناو گەشەکردنی ئابوورییەوە. دیارە ئەوە جوگرافیای ئەوروپایە کە لەم چارەنووسە رزگاری کردووە. ئەگەر ژمارەیەک لە وڵاتانی نوێی ئەوروپا "ناوچەگەلی سێنترالیزمی" ژینگەیی بوون و زۆربەیان نەیانبوو، ئەوا کەمێک لەو ناوچە سێنترالیزمییانە بوون بە دەوڵەت، دیارە ئەم مۆدێلە بریتییە لە مۆدێلێکی ژینگەیی وەلێ باتڵە. بەهەر حاڵ، ناوچەگەلی سێنترالیزمی لێکچوو، لە ناوچەگەلی دیکە لە جیهاندا دەبینین. چونکە بە نموونە، یەکەی جودای قەوارە مامناوەندی کە لە رووی کشتوکاڵییەوە، خاوەنی ژینگەیەکی بەرهەمهێن بێت، لە باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیادا، بە نێوەندە چۆڵەوانییە سەرەکییەکانەوە نموونەییە کە خۆبەخۆ بەرپان وەکو ئیراوادی و حەوزی چاوفرایا و ناوەڕاستی میکۆنگ و رووباری سوور و تەنانەت لە هەرێمی جزیریدا، لەتەک نێوەندگەلێ لە سۆمەترە (دوان یان سیان) و جاوا (سیان) و بالی و لۆمبۆک و سۆلا ویسی و لۆزۆن و شوێنی دی. هیند و چینیش بە میانڕەوی بە هەمان شێوە بەشبوون. نێوەندە جیاوازەکان لە ئەفەریقیادا، لە ناو ناوچەگەلی زۆردا، ناوەڕاستی نەیجەر و چاد و کۆنگۆ و وڵاتی ئەودیو دوو رووبارەکە و پێدەشتی ئێرانی و غەیری ئەوانە لە خۆرئاوای ئاسیا دەگرێتەوە.[٢٠٧]

٢٠٧. لە نێوان وڵاتە نوێکان کە دەوری ناوچەگەلی نێوەندی ژینگەییان نەداوە: ئیسپانیا، ئیتاڵیا، ئەڵەمانیا، پۆڵەندا، یۆنان، سوید، روسیا و...هتد. رەنگە بەر لە سەدەی بیستەم ناوچەگەلێ لە بەریتانیای مەزن (باشووری ئینگلتەرە) و فەرەنسا (حەوزی پاریس) ئەم مۆدێلە ئەبستراکتە بیانگرێتەوە، دیارە ئەوە مۆدێلێکی سوودمەندە بۆ هەندێ لە ئامانجەکان، نەک بە مەبەستی روونکردنەوەی مێژووی سیاسیی کیشوەرەکە. هەندێ ناوچەی نێوەند بریتین لە توخمگەلی وڵاتان و هەندێکیان وەها نین. ناوچەگەلێکی وەکو باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیای نوێ، بۆرما، تایلاند و کەمبۆدیا وەکو حاڵەتی ئەوروپی بۆ ئەم مۆدێلە دەگونجێن.

دووەم: جۆنز وێنەیەک بۆ ئەو وڵاتە ئەوروپاییانە بونیات دەنێت کە بە سرووشتی پێکدێن و بە "سیستمی دەوڵەتان" ناودەبرێن، ئەمەیش بریتییە لە تۆڕێک لە کۆمەڵێ وڵاتانی سەربەخۆ، تا رادەیەک قەبارەیان هێندەی یەکە. ئەو دەوڵەتانە لە چاخەکانی ناڤیندا، بە ئاراستەی یەکدی رۆیشتن، وەکو بلێی تاکگەلی مێمڵ نەبن بەڵکە هاوکاربن، پێکەوە بەرەو پێشەوە، وەکو تیمێک بەرەو تازەگەری دەڕۆیشتن. بۆیە جۆنز بە قووڵی جیاوازی دەکات لە چاخەکانی ناڤیندا، ئەوەی بەرز دەبێتەوە تا بە شێوەی نەتەوە- دەوڵەتە نوێکان و کۆمەڵەی نەتەوەکان بگات. لە کاتێکدا مێژوو دەگۆڕێت، ئەوا لە چاخی ناڤیندا، مۆرکی باشییەکانی دەوڵەتی نوێ، بە حکومەتە ئەوروپاییەکان دەدات: خزمەتگوزاریی گشتییان فەراهەم کرد و هانی گەشەکردنی ئازادیی ئابووریيان دا و ئەوان پێشەنگی دیموکراسی بوون و شتی لەم بابەتە. هەموو ئەمانە بە هۆی ژینگە و بە هۆی ئەوروپاییە ئازادیخوازەکانەوە بوو کە تیایدا دەژیان. لە راستیدا، جۆری دەوڵەت و سیستمی دەوڵەت کە وەسفی دەکات، تا دەوروبەری سەدەی حەڤدەیەم دەرناکەوێت؟ جۆنز سیفەتگەلی ئەوروپای نوێ دەبینێت، بە کردەوە و بە هەڵە ئیدعا دەکات کە هەر لە کۆنەوە هەبوونە- لەوانە ژینگەیی کە هەمیشە هەبووە- دواتر ئیدعای ئەوە دەکات، هەمیشە سیستمی نوێی سیاسیی دیموکراسی، لە ئەوروپادا (نەک لە غەیری ئەوروپادا) بوونی هەبووە. لە راستیدا، ئەوروپا لە چاخەکانی ناڤیندا، تێکەڵەیەک بووە لە یەکە سیاسییە فیوداڵییە نیمچە دەسەڵاتدارەکان. دیارە ئەوە نەخشەیەکی شێواوە، چونکە نەدەکرا دەوڵەتگەلی لەو جۆرە بناسین، وێڕای کەمیی سیفەتەکانی دەوڵەتی نوێ، بەو جۆرەی لەلایەن جۆنزەوە، ئەو حکومەتانەی پێ وەسف دەکرێت.

بۆ ئەوەی لە عەبەسیەتی ئەم مۆدێلەی مێژووی سیاسی حاڵی ببین،

پێویستە تێبینی ئەو ڕێگەیە بکەین کە بەوە جۆنز قسە لە سەر دەوڵەتە نائەوروپاییەکان دەکات، دەبوا بەربەری و سەرکوتکار بوونایە. لەو ناوچانەدا نائەقڵانی لەتەک خراپییەکانی ژینگە کۆدەبنەوە، بۆ ئەوەی ئەوە بەرهەمبهێنن کە بە پێچەوانەی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان و سیستمە جوانەکەیانە: ئیمپراتۆریی خۆرهەڵاتی گەورە. بۆچی ئاسیا لە ڕووی سیاسییەوە، وەکو ئەوروپا گەشەی نەکرد؟ "ساوابوونی" سیاسیی ئاسیا لەلایەن جۆنزەوە ڕاڤە دەکرێت، لە بەر تیشکی: (١) کەموکورتیی دەروونی، واتە نائەقڵانی لە پرسە چالاکە فیکرییەکان و داهێنان و جۆرێ لە شکستی مۆراڵی لە ڕەفتارەکاندا، پەیوەستە بە ئارەزووی گەشەکردن، بەرهەڵستیی نۆرێن، ویستی خۆهەڵکێشان بە سەر چێژە ئاژەڵییەکان و شتی لەو بابەتە. (٢) ژینگەیەکی سرووشتی لە پلەی دووەمدا. دیارە ئاسەوارەکانی ئەو خەوشانە (و هەندێکی دی کەمتر لەوان) بوونە هۆی گەشەنەکردنی ئاسیا لە ڕووی سیاسییەوە و پێشنەکەوتنی، بریتین لە (١) زۆربوونی دانیشتوان کە لە دەسەڵاتدا نەبێت و کۆنترۆڵ نەکرێت، (٢) حکومەتێکی خراپ، "سەرکوتکاریی خۆرهەڵاتی"، یان هەرچاری جۆنز پێی باشترە ناوی بنێت ئیمپراتۆری. باسوخواسی سەرەکی لە کتێبی پەرجووی ئەوروپاییدا، پشتگیری لە تیۆرەکە دەکات، سەبارەت بە چۆنیەتی ئەوەی سیستمی نێودەوڵەتیی ئەوروپا دەبێتە هۆی گەشەکردن و ئەوەیش بریتییە لە دژە تیۆری جۆنز، لە سەر سرووشتی شەڕەنگێزی دەوڵەتی ئیمپراتۆریی ئاسیایی. بەهەر حاڵ، لە کۆتاییدا، دەبینین دژە تیۆرەکە وەکو تیۆرە بنەڕەتییەکە فشەڵە. لە ڕاستیدا، جۆنز هیچ ڕاڤەکردنێک بە دەستەوە نادات، لە سەر هۆی بوونی ئەو ئیمپراتۆرییە گەورانە لە ئاسیا نەک لە ئەوروپادا، قەناعەتمان لا دروست بکات. هەروەها هیچ جۆرە باسوخواسێکی پەسەندکراو پێشکەش ناکات، لەبەر ئەوەی دەوڵەتە گەورەکان بۆ گەشەکردن،

لە دەوڵەتە مامناوەندی یان بچووکەکان خراپترن. (هەروەها خافڵبوو لەو گەشەکردنە راستەقینەیەی لە ئاسیا و دەوڵەتە نائیمپراتۆرییە زۆرەکانی ناو ئەو کیشوەرە روویان دا). کاتێ تیۆرەکەی جۆنز دەربارەی ئیمپراتۆرییە ئاسیاییەکان تاقیدەکەینەوە، دەبینین هیچ پێوەندییەکی بە قەبارە یان جۆری دەوڵەتەوە نییە، وەلێ پێوەندییەکی گەورەی بە بیرۆکەی سرووشتی سیاسی لە کۆمەڵگە نائەوروپاییەکاندا هەیە. دیارە ئەوە بیرۆکە کۆنەکەی سەرکوتکاریی خۆرهەڵاتییە". ئاسیاییەکان و گشت نائەوروپاییەکان، بە دەستی حکومەتە شەڕەنگێزەکان و نابەرپرسەکان و حولحولییەکان و سەرکوتکار و بێزراوەکانەوە ناڵاندیان. تەنێ ئەوروپاییەکانن کە تێدەگەن، بۆیە ئەوان چێژ لە ئازادی وەردەگرن.

دیارە، ئەوە تیۆرێکی سەیر نییە، لە نێوان ئەو مێژوونووسانەی ئارەزوو دەکەن بیسەلمێنن، پرۆسەکان و شێوە سیاسییە ئەوروپاییەکان بریتی بوونە لەو هێزەی "پەرجوو"ی چاخەکانی ناڤینی لێکەوتەوە. دیارە شێوەی سەرەکیی تیۆرەکە تەقلیدیە. سێ گریمانە لەخۆ دەگرێت: ژیری و پێگەیشتنی رەسەنی ئەوروپاییەکان بەرەو شێوە سیاسییە دیموکراسییە نوێکان هانیان دەدەات (یان بەرەو رەفتاری ئابووریی سەربەخۆ، بۆیە ئاراستەیەک بۆ بەباشترزانینی دەوڵەتە بچووکەکان دەبینین)، لە کاتێکدا نائەوروپاییەکان، بە بای خەیاڵیاندا نایەت، بە دەستی شێوەی دەوڵەتی ئیمپراتۆری و سەرکوتکاری و هەندێ کات بە دەستی بەهێز، وەلێ هەمیشە ستەمکارەوە بناڵێنن، هەروەها ژینگەی سرووشتیی ئەوروپا جۆرێ لە هێزی هاندەر و بێ هاوتا بە تازەگەریی سیاسی دەبەخشێت (نێوەندە ژینگەییەکان و خاکی بەپیت و دەرەتانی گەیشتن بە لووتکە و دوورگەکان). گریمانەگەلی دیکە لە زۆربەی باسوخواسەکاندا دەردەکەون، وەلێ وا دیارە ئەم سیانەیان زۆرتر بەکاردەبرێن.

ئەو گریمانانە لەتەک پرەنسیپێکی پێڕەویی یەجگار گرنگدا یەکدەگرنەوە: ئەو هێزە هۆکارانە چەندەبن، وەلێ هەر لە کۆنەوە، واتە پرۆسەی نوێکردنەوەی جووڵاندووە، بەر لە کۆتایی چاخەکانی ناڤینەوە بوونیان هەبووە. دیارە، ئەمە کرۆکی بابەتەکەیە. لەم کتێبەدا باس لەوە دەکەم کە تازەگەری (یان ئەوەی حەز دەکەین وەها ناوی ببەین) لە ئەوروپا لە چاخەکانی ناڤیندا هەبووە، وەلێ تەنێ لە ئەوروپای چاخەکانی ناڤیندا نەبووە. بۆیە رووداوەکان، دوای ١٤٩٢ دەستیان بە تازەگەری نەکرد، وەلێ وایانکرد گۆڕانکارییە ئەوروپاییەکان روو لە زیادبوونی گەورە و کاریگەری بکەن، ئەمەیش هەردەبوا کۆمەڵگەیەکی "راپەڕیو" و بێ هاوتا بەرهەم بهێنێت. بۆیە ئێمە لە سۆنگەی هەمەکیی ئەوەوە باسدەکەین، ئەوروپا هیچ جۆرە دەرەتانێک و توانستێکی بۆ رێنیسانس نەبوو، گەورەتر لەوەی ناوچە نائەوروپاییەکان لە سەردەمی چاخەکانی ناڤیندا هەیانبوو. دیارە راستیی بوونی هێزگەلێ، هانیان دابێت بە ئاراستەی دیموکراسی و دەوڵەتی نوێ لە ئەوروپای چاخەکانی ناڤیندا، لە هیچ شتێکدا بە مانای بێ هاوتایی ئەوروپا نییە.

جۆنز هۆل مۆدێلە سەرەکییەکەی جۆنز بەکار دەبات و پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت کە بە "ئەستەنگەکان" ناوی دەبات کە رێگەیان لە چین و هیند و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ئیسلامی گرت، بە شێوەی دەوڵەتی نوێ بگەن. بە کورتی: چین لە ژێر کۆتی ئیمپراتۆریدا نالاندی. هەروەها هیند بە دەستی تایفەگەریی چینی داخراوەوە نالاندی[٢٠٨] (وسیاسەتیان نەبوو).[٢٠٩]

---

٢٠٨. تایفەگەریی چینی داخراو: ئەندرێ بیتای ئەم چەمکە وا پێناسە دەکات کە بریتییە لە تاقمێکی بچووک و دیاریکراو لە کەسانێک بڕوایان بە باڵادەستیی سیستمی هاوسەرگیریی ناوخۆیی و ئەندامبوونی میراتی و شێوازێکی دیاریکراو لە ژیاندا هەبێت، ناوبەناو پسپۆریی میراتی لە پیشەیەکیشدا دەگرێتەوە، گەلێ جار پەیوەستن بە سرووتێکی تا رادەیەک جیاوازەوە بۆ پێگە، لە چێوەی سیستمێکی بەرودوایی پشت بە چەمکی پاکوخاوێنی و چەپەڵییەوە دەبەستێت. (بڕوانە فەرهەنگی کۆمەڵزانیی جۆردین مارشال، پێداچوونەوە و پێشکەشکردنی محەمەد مەحمود جەوهەری).

٢٠٩. سەبارەت بەم پێوەندییە، بڕوانە:.Dirks‹ The Hollow Crown (1987).

سیاسـەتە هەرێمایەتییـە سیاسـییەکان، سیسـتمی خێڵەکایەتییـان لێکەوتـەوە. هـۆل شـێوەگەلێکی مۆدێلـی بـۆ هەریەکێـک لـەو شارسـتانییانە وەسـف دەکات، گریمانـەی ئـەوە دەکات چەقبەسـتوو و جێگیربوونـە و بـە شـێوە ئەوروپاییەکانـی دوای چاخەکانـی ناڤیـن بەراوردیـان دەکات، لەتـەک ئامـاژە بـۆ ئـەوەی هـەر لـە دێـر زەمانـەوە بوونیـان هەبـووە، دواتـر باسوخواسـێک دەنێتـەوە، گوایـە ناوچـە نائەوروپاییـەکان دەرەتـان و توانسـتیان نەبـووە، وایـان لێبـکات ئامادەگییـان بـۆ رووداونـی "پەرجـوو" هەبێـت، لـە کاتێکـدا ئـەو دەرەتـان و توانسـتانە لـە ئەوروپـادا هەبـوون.[٢١٠]

مایـکل مـان گرنگـی بـە توانسـتی ئەبسـتراکتی "هێـز" لـە بـری "دەوڵـەت" دەدات کـە روونتـرە. وەلـێ تیۆرەکـەی لـە جەوهـەردا، لەتەک پێشـووتردا جیاوازی نییـە. مانیـش وەکـو ژمارەیـەک لـە مێژوونووسـانی "پەرجـوو" هەوڵـدەدات ئـاژاوەی سیاسـیی سیسـتمی فیوداڵـی لـە سـەرەتاکانی چاخەکانـی ناڤیـن، لەتەک پەرشـوبڵاویی سیاسـەتەکانی و ناوچەکانـی دەسـەڵاتی، لـە رێگەی باسـکردنێک لە سـەر سـەرەتاکانی تازەگـەری شرۆڤە بـکات. ئامـاژەی ئـەوە دەکات کـە بچووکیـی یەکـە کۆمەڵایەتییـە سیاسـییەکان لـە ئەوروپـادا "چڕ"تـر بـووە و مانایەکـی گەورەتـری هەبـووە، هەروەهـا بەرگەگرتنـی دەرەتـان و توانسـتی گەشـەکردن لـە حکومەتـە ئیمپراتۆرییـە گـەورە ئیدعاکـراوەکان لـە غەیـری ئەوروپـادا زۆرتـر بـووە. دیارە تێگەیشـتنی مـان لـە سـەر "چڕکردنـەوە" لـە بنەڕەتـدا تێگەیشـتنە لـە بەهـا نـەک حەقیقەت.[٢١١] لـەم راسـتایەدا، دەتوانیـن پڕوپووچـی بەڵێننامـەی مـەزن (ماجنـا کارتـا)[٢١٢] بـە یـادی خۆمانـدا بهێنینـەوە: وەسـفی گواسـتنەوەی دەسـەڵاتی لـە پاشـاوە بـۆ بارۆنـەکان دەکرد، بـەوەی بزاوتێکە بەرەو دیموکراسـی،

210. Hall، Powers and Liberties (1985)، "States and Societies: The Miracle in Historical Perspective" (1988).

211. Mann، The Sources of Social Power (1986)، "European Development" (1988).

٢١٢. ماجنـا کارتـا: بریتییـە لـە وشـەیەکی لاتینـی بـە مانـای بەڵێننامـەی مـەزن و دەگەڕێتـەوە بـۆ دەسـتوری ئینگلیـزی کـە لـە ١٢١٥دا دەرچـوو. کـە پاشـا جـۆن ملکەچـی یاسـا دەبێـت و ئـەوە یەکـەم بەڵێننامەیـە لەلایـەن کۆمەڵـێ لـە بارۆنەکانـەوە بـە سـەر پاشـادا دەسـەپێنرێت، وەکـو هەوڵێـک بـۆ کەمکردنـەوەی باڵادەسـتیی ئـەو و پارێـزگاری لـە دەسـەرەکانی خۆیـان.

وێڕای ئەوەی بارۆنەکان لەو کاتەدا دیموکراسی نەبوون، هەروەها ئەوەی پێ باشتربوو، هەژاران لە دژی دەسەڵاتی ئەوان، پشتی پاشا بگرن. (دواتر دەسەڵاتی پاشایەتی وەسفکرا، بەوەی هەنگاوێکی نوێیە بەرەو دیموکراسی، وەلێ بە دوو ئاراستەدا کار ناکات).[٢١٣] بیچلەر تا رادەیەک هەمان مۆدێل بەکار دەبات- وێڕای ئەوەی بە پێچەوانەی هۆل و مان و وەکو جۆنز، لە رۆڵی مەسیحایەتی لە گەشەکردنی سیاسیدا کەمدەکاتەوە- لەتەک باسێکی سەربارردا کە بریتییە لەوەی پێیوایە ئۆرستۆکراسیی ئەوروپایی لە چاخەکانی ناڤیندا (لە بنەڕەتدا بریتی بووە لە ئیندۆ- ئەوروپاییەکی "ئۆرستۆکراسیی جەنگاوەر") هەرخۆی لە خوێندنەوەیەکی سەیری مێژوودا، بریتی بوو لە سەرچاوەی سەرەکیی دیموکراسی، ئیدعای ئەوە دەکەن، ئۆرستۆکراسییەکان لەتەک یەکدیدا، تەنێ بە شێوەیەکی دیموکراسییانە (رێز) مامەڵەیان نەکردووە، وەلێ رێزیان لە مافی جووتیاران گرتووە.[٢١٤]

وێڕای ئەمە، دیموکراسی لە چاخەکانی ناڤیندا نەبووە: دەوڵەتە ئەوروپاییەکان وەکو ناوچەکانی دی سەرکوتکار بوون. رێک بەوجۆرەی سەبارەت بە یۆنانییە کۆنەکان تێبینیمان کرد، شێوازە سیاسییەکانی ئەوروپا هاوشێوەیان لە شوێنەکانی دیکەدا هەبوو. ئەگەر سیستمی شار- دەوڵەتەکان (رەنگە) نزیکتربووبن لە دیموکراسییەوە- هەندێکیان کۆماری و هەندێکیان بازرگانی بوون- تەنێ پێویستمان بەوەیە تێبینی بکەین، ئەم سیستمە بە گشت جۆرەکانیەوە، بە درێژایی کەنارە هیندییەکان و ئۆقیانووسی ئارامدا هەبوون. هەروەها شێوازی کۆماری لە ئاسیا و لە ئەفەریقیایشدا هەبوو.

٢١٣. ئەمە تاکە نموونە نییە بۆ ئەو باسوخواسانەی چەق لە سەر دەوڵەتی ئەورووپی دەبەستن، لەو شێوازەی کە یەکدی پێ هەڵدەوەشێننەوە. دەڵێن دەوڵەتی رۆمانی (لەلایەن هۆل لە نێوان کەسانێکی زۆرەوە) داهێنانێکی گرنگ بوو و سەرچاوەیەک بوو بۆ گەلێ لە سیما سیاسییەکان کە تەنێ و تەنێ وەسفی ئەوروپا دەکەن، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی رۆمانی لەلایەن ئەوانی دیکەوە مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت (لەوانە مان) بەوەی بریتییە لە «دەوڵەتێکی ئیمپریالی»، وەکو دەوڵەتی سەرکوتکاریی رۆژهەڵاتی. گریمانی ئەوە هەیە، ئەوروپا لە رووی سیاسییەوە باڵادەست بووبێت، لە رێگەی دوورکەوتنەوە لە شێوازی ئیمپریالیی دەوڵەت و گەشەپێدانی جۆرێ لە دەوڵەت کە قەوارەی بچووکتر بێت، وەلێ تا رادەیەک لە بری ئەوە دیموکراسیتر بێت.
214. Baechler، "The Origins of Modernity: Caste and Feudality (India، Europe and Japan)" (1988).

# کڵێسا:

گەلێ لە تیۆرەکان رۆڵێکی نێگەتیڤ بە کڵێسا دەدەن، بەوەی بریتییە لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، بەشداری لە نوێکردنەوەی ئەوروپا و رێنیسانسی سەرمایەداریدا کردووە.[٢١٥] (گەلێ لە تیۆرەکانی دیکە هەمان ئەم رۆڵە بۆ مەسیحایەتی دەگێڕنەوە، وەلی من هەرگیز قسەم لە سەری نییە). بێ گومان کڵێسا ئەم رۆڵەی دەگێڕا. کێشەکان لە شوێنێکی دیکەدا بوون. زۆربەیان گرنگیی بەو پرسیارە تایبەتە دەدەن کە ئاخر کڵێسا (یان کڵێساکان)، لە رێگەی دامەزراوە ئایینی یان دامەزراوەکانی دیکە لە فەرهەنگیان، شتێکیان بە ئەوروپا و ئەوروپاییەکان بەخشی کە بەلای غەیری ئەوانەوە نەبوو. بە نموونە، ئیدعایەک هەیە گوایە کڵێسای کاسۆلیکی لە چاخەکانی ناڤیندا، ئەوروپایان لە بوارەکانی فەرهەنگیدا یەکخست، تا ئەو رادەیەی لە شوێنێکی دیکەدا بەدی نەدەکرا. وەلێ لەو ناوچانەی دیکەدا، پرۆسەگەلی هاوتەریب و لێکچوو هەبوون. بە نموونە، ئەو ئیمپراتۆرییانە دەبینین کە تووشی سەرزەنشتی زۆر بوونەوە، وەکو ئیمپراتۆریی چینی بە رێگگەلی زۆر لە نێوانیاندا یەکێتییەکی فەراهەم کرد، هەروەها ئایینی ئیسلامیش بۆ جیهانی ئیسلامی فەراهەم کرد. هەروەها باسی ئەوە دەکرا، گوایە کڵێسا لە چاخەکانی ناڤیندا، قەرەبووی پەرشوبڵاویی سیاسی لە ئەوروپادا کرد، رێگەی بۆ گەشەکردنی یەکێتیی ئەوروپا رەخساند، وێڕای نەبوونی مۆدێلێکی روون بۆ دەوڵەتێکی بەهێز. راستە، پرسیارێک هەیە: ئایا (بەمە) کڵێسا هەندێ تایبەتمەندی و جیاوازیی گەشەپێدانی بە ئەوروپا، نەک بەوانی دی بەخشی لە شارستانییەکان کە بەوانە گەلێ جار، بە درێژایی زۆربەی

٢١٥. بە نموونە، بڕوانە:
White، Machina Ex Deo (1968)، Mann، The Sources of Social Power (1986)، "European Development" (1988)، Hall، Power and Liberties (1985)، Baechler، "The Origins of Modernity" (1988)، K. E. Werner، "Political and Social Structures of the West" (1988)، and Hallam، "The Medival Social Picture" (1975).

سەردەمە مێژووییەکان، یەکێتییەکی سیاسی دروست بوو؟ پێموایە وەرامەکە دەبێ ئەوەبێت کە کڵێسا هەندێ سیفەتی فەرهەنگیی تایبەتی نەبەخشی کە لە شارستانییەکانی دیکەدا نەبن کە بە هۆیانەوە ئەوروپا توانی بە پێشەنگی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بگات.

بۆیە، لە راستیدا بنەمایەک نابینم بۆ پێشنیازی ئەوەی، کڵێسای چاخەکانی ناڤین بووبێتە هۆی جیاوازیی مێژوویی ئەوروپا، بە شێوەیەک کە دامەزراوە ئایینییەکانی شارستانییەکانی دی پێی هەڵنەسن. بە نموونە، جۆن هۆل جەخت دەکات، لە سەر ئەوەی "مەسیحایەتی باشترین زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەتان فەراهەم کرد".[216] مایکل مان ئیدعای ئەوە دەکات، کڵێسای چاخەکانی ناڤین "هانی هۆکاری باشتربوونی مۆراڵی و کۆمەڵایەتی دا، تەنانەت دژی دەسەڵاتی ئەمدنیاییش"، ئەوە دۆزێکە دەکرێ دەربارەی پرسیار بکەین، نەک تەنێ بەوەی بەراوردکارییە، بەڵکە وەکو جەختکردنەوەیەکی کردەیی، لە سەر ئەو رۆڵەی کڵێسا لە ئەوروپادا گێڕای.[217] سەبارەت بە حەلام "کڵێسای لاتینی لە چاخەکانی ناڤیندا، سەرچاوەی بیرۆکەی نوێی سەرمایەداری بوو".[218] ڤێرنەر بەرگری لە "روودانی پەرجووی ئەوروپایی دەکات، بە هۆی بوونی جیهانێکی مەسیحی کە بیرۆباوەڕی کاسۆلیکی لە خۆرئاوا بە سەریدا زاڵە".[219] ئەم فیکرانە وەکو بەراوردکاری لەتەک ئایینەکانی دیکە

216. Hall، Powers and Liberties (1985)، p. 135.

217. Mann، "European Development" (1988)، p. 12.

218. Hallam، "The Medieval Social Picture" (1975)، p. 49.

219. K. E. Werner. "Political and Social Structures of the West" (1988)، p. 172.

ئەم ئەڵەمانییە پسپۆڕە لە مێژووی چاخەکانی ناڤیندا، باس لەوە دەکات کە هێزی سێنترالیزمی "پەرجووەکە"، بریتییە لە مەسیحایەتی. لێرەدا ئاماژە بۆ کڵێسەی کاسۆلیکی و بۆ کۆمەڵێ لە بیروباوەڕی (کاسۆلیکی دواتر پرۆتستانتی دواتر)، و بۆ دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکات کە لە ژێر کاریگەریی کڵێسە و بڕوادابوون و هەروەها بڕوای ئەوروپییەکان کە بە بۆچوونی ئەو پێوەندییەکی تۆکمەی هەبووە بە توانستیان بۆ داهێنان، ناڕازیبوونیان و پێگەیشتنیان. هەروەها دان بەوەدا دەنێت، گەلێ لە فاکتەر کاریان دەکرد بۆ روودانی رابوون لە ئەوروپادا و ئەو سێ و دوو لەوە ناکات ئیدعای رۆڵی ژینگەی سرووشتی بکات. وەلێ روونە کە ئەم تیۆرە بونیاتنراوە، لە بنەڕەتدا لە سەر ئایین و پتر لەوەیش ئێمە دەتوانین هەست بەوە بکەین، خودی ئەم توێژەرە دەستێکی خودای مەسیحی لە رابوونی ئەوروپای مەسیحایەتیدا دەبینێت.

و شارستانییەکانی دیکەدا شکست دەهێنن، هەروەها لەبەر ئەوەیش شکست دەهێنن، چونکە ڕێنیسانسی بڕواپێکراوی ئەوروپا، نەک لە چاخەکانی ناڤیندا، بەڵکە دوای ئەوە ڕوویداوە. وەلێ ئەوەی کە مەسیحایەتی یارمەتیدەر بووبێت لە ڕێنیسانسیدا، ئەمە لەم باسەمانەوە دوورە.

---

یەکەم، هەڵوێستێکی لە سەر کایگەریی پارێزگاریی مێژووی ئەوروپی لە بەردەوامیی دامەزراوەکان لە پێشکەوتن بەهێز دەخاتەڕوو، هەر لە سەردەمی ئیمپراتۆریی ڕۆمانییەوە تا چاخەکانی ناڤین و چۆن ئەم دوا ئیمپراتۆرییە کڵێسەی دامەزراند و ئەو دامەزراوانەی چەسپاند کە تا چاخەکانی ناڤین بەردەوام بوون و شەقڵی سەردەمەکەی بەو سەردەمە بەخشی. کڵێسەی کاسۆلیکی یەکێک بوو لەو دامەزراوە گرنگانە. ڤێرنەر ئاواتەخوازە کڵێسە وا وێنا بکات، بەوەی کاریگەرییەکی بەهێزی لە مێژوودا هەیە، هەر لە کاتی دامەزراندنیەوە. ئەو پێیوایە ڕابوونی ئەوروپا وەکو پرۆسەیەک، هەمیشە ئایینی مەسیحایەتی ڕێنمای بووە وەکو دامەزراوەیەک و بیرۆباوەڕێک. ئەگەر ڤیرنەر تیۆرێک پێشکەش دەکات لە سەر مێژوو کە ڕۆڵێکی سەرەکی بە ئایین دەدات، ئەوا لەم کتێبەدا باسی ڕاوبۆچوونەکانیم نەدەکرد. ڕەزامەندیم دەردەبڕی کە ڕۆڵەکەی گرنگیی شایستەی خۆی لەلایەن مێژوونووسە نەریتپارێزەکان و مارکسییەکانەوە وەرنەگرتووە. هۆکاری مامەڵەکردنم لەتەک ڕاوبۆچوونەکانی ڤیرنەر ئەوەیە کە بیروباوەڕی خۆی بە ڕوونی دەخاتە ڕوو کە ئایین نییە بە شێوەیەکی گشتی، وەلێ ئایینی مەسیحی کە ڕۆڵی کاریگەر و چالاکی لە ڕووی مێژووییەوە لە "پەرجووی ئەوروپی" دا گێڕا. ڕاوبۆچوونەکانی ڤیرنەر بریتییە لە ڕاوبۆچوونە سێنترالیزمیە ئەوروپییە ڕوونەکان. ڕەنگە گرنگترین قسەکردن لە سەری ئەمەی خوارەوە بێت:
[ئەگەر] پێویست بکات حیکمەتێک هەڵبژێرین، ئەوە لە خۆیدا توانستی گوزارشکردنی هەیە لە سەر فاکتەری سەرەکی، لەوەی تێدەگەین بریتییە لە "پەرجووی ئەوروپی"،ئەوا دەمانتوانی دەستەواژەی فەلسەفی..."نائاسوو دەیی"..."نیگەرانی"، پشێوی...هەڵبژێرین، لە کاتێکدا ئاسیا و حیکمەتەکەی و ڕاکێشەرەکەی، ئایینە مەزنەکان و فەلسەفەکانیان خەبات دەکەن بەرەو هونەری گەڕان بە دوای نێوەندی ڕۆح، جیهان، ئاسوودەیی لە خودادا، گەیشتن، دیارە کەسی ئەوروپیی پەرجووی ئەوروپی پیاوێکە هەمیشە لەسەر پێیە...وەلێ لە کوێ دەبێ بگەڕێین بە دوای هاندەر یان هاندەرەکانی ئەو ئەقڵیەتە؟ ئەوەی نیگەرانی دروست دەکات لە ئازاری گوناهدا دەبینێت...لە کاتی گەڕان بە دوای بەخشین و تۆبە و نیعمەتی خودایی کە گرنگیی پاککردنەوەی ڕۆح تا ئێستا گرنگیی خۆی هەبووە، کە پێشتر نەبیسترابێت، بۆ تاک دوور لە چینە کۆمەڵایەتییەکەی، ئەو تاکەی کە... [خۆی ناداتە دەستی] چارەنووسەوە...وا دیارە مانای بەرپرسیارێتی سەبارەت بە من، بریتییە لە یەکێک لە خاڵەکانی هێزی ئەوروپییەکان کە شایستەی "پەرجوو"ەکەن (p. 185). بۆیە: ئایینی ئەوروپا، مەسیحایەتی، جۆرێ لە پێگەیشتن لە "پیاوی ئەوروپی"دا دەچێنێت کە سەرچاوە بنەڕەتییەکەی "پەرجووی ئەوروپی" ڕاڤە دەکات.

ڕەخنە لەمە بریتییە لە هەمان ئەو ڕەخنەیەی سەبارەت بە واتاکانی "ژیری و پێگەیشتنی" بێ هاوتای ئەوروپا پێشکەشکرا، ئەگەر هاتو ئەم سیفەتە گریمانەیە لە ئایینەوە هات (ڤیرنەر)، یان لە هۆزە ئەوروپییەکانەوە دوای چاخی بەردینی کۆن (مان)، یاخود لە هەر سەرچاوەیەکی دیکەوە، ئەوا ڕەخنەی بنەڕەتی بریتییە لە: چۆن دەتوانیت پاساوێک بهێنیتەوە بۆ ڕاگەیاندنێک وا لە ئەوروپییەکان بکات زیرەکتر، باشتر، بوێرتربن لە غەیری خۆیان. ئەگەر سەلمێنە بنەڕەتییەکەت پەسەند کرد، بەوەی گشت کۆمەڵگە مرۆییەکان هەمان بڕەبەشیان لە ئەقڵ هەیە؟ دیارە ئەوە شتێکە کە باشە بدەین بە ئەقڵی مرۆڤ لە سەدەمکارییە بنەڕەتییەکەی گۆڕانی فەرهەنگی، لە ڕێگەی داهێنانی شتگەلی کۆمەڵایەتی و تەکنیکی و فیکریی پەتی، وەلێ شتێکی جیاواز و گوماناوی ئەوەیە، باشە بدەین بە ئەقڵی نەژادی مرۆیی لە کۆمەڵگەگەلێکی دیاریکراودا- نەک ئەوانی دیکە- بە هەموو ئەو سیفەتانە لە توانست بۆ داهێنان، نیگەرانی، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، خولیابوونی فیکری و ڕێزگرتن لەوانی دی و شتی لەم بابەتە، ئەوانە سیفەتگەلێکن دەکرێ لە حیکمەتی "ژیری و پێگەیشتن"دا چڕیان بکەینە. ئەوروپییەکان و غەیری ئەوانیش بە ڕادەی ژیری و پێگەیشتن گەیشتوون.

زەروری نییە باسی بۆچوونە بەناوبانگەکەی ڤیبەر بکەین، لە سەر رۆڵی ئایین لە رێنیسانسی ئەوروپادا، یان بۆچوونە بەناوبانگەی دیکەی لە سەر ئەو رۆڵە تایبەتەی بزاوتی چاکسازیی ئایینیی پرۆتستانتی لە رێنیسانسی سەرمایەداریدا گێڕای. ڤیبەر ئەو راوبۆچوونانەی هەبوو کە پێشتر رەخنەم لێگرتبوو. وەلێ رۆڵی سەدەمکاریی ئایین، بابەتی باسوخواسی ئەم کتێبە نییە، لێرەدا گرنگی بە بۆچوونی گشتگری شارستانییە ئەوروپاییەکان و غەیری ئەوان و جووڵەکییەکانیان دەدرێت.

## چینی کۆمەڵایەتی

سێ جۆر لە باسوخواسی پەیوەست بە چینی کۆمەڵایەتی بە باسوخواسەکەمانەوە بەندن، یەکەم: بریتییە لە باسێکی دوو ئاستی، لە سەر باڵادەستیی مێژوویی کۆنی ئەوروپا لە چاخەکانی ناڤیندا کە دەکرێ بەمجۆرە چڕ بکرێتەوە: (١) هەرێمگەل و گەلانی بێ چینایەتی (یان "بەر لە چینایەتی") کە هیچ پێوەندی بە باڵادەستیی ئەوروپا و پێشکەوتنی مێژوویی جیهانییەوە نییە، چونکە کۆمەڵگە بێ چینایەتییەکان هەردەبێ گەشەنەکردوو و سەرەتاییبن. (٢) بۆیە کێشە راستەقینەکان کە پێویستیان بە راڤەکردن هەیە، ئەوانن کە دەوروخولی پرسیارەکە دەدەن، دەربارەی ئەوەی هەندێ لە کۆمەڵگە چینایەتییەکان (ئەوروپاییەکان) بە گەشەسەندوو هەژمار دەکرێن، لە کاتێکدا ئەوانی دی (لە بنەڕەتدا ئاسیاییەکان) وەستاو و دواکەوتوون. ناوچەی باشوری بیابانەکان لە ئەفەریقیا بە بێ چینایەتی دادەنرێت. بۆیە ئەوە لە دەرەوەی بابەتی مێژووی جیهاندایە. هێشتا ئەم تیۆرە لە سەر ئاستێکی فراوان، لە هەندێ لە کارە شیکارییەکاندا بەکار دەبرێت (لەوانە ئیریک جۆنز لە کتێبی پەرجووی ئەوروپاییدا) و لە هەندێ لە بڕیارەکان لە سەر مێژووی جیهان (هەروەکو لە بەندی یەکەمدا

ئاماژەمان بۆکرد)، هەندێ جاریش (رەنگە زۆربەی) ئەتڵەسە نوێکانی مێژووی جیهان. (نەخشە بۆ ئەفەریقیا لە گەلێ لەم ئەتڵەسانەدا نییە، هەر لە دوا قۆناغی چاخی بەردینی کۆنەوە تا ١٤٩٢).[٢٢٠] لەبری پێشکەشکردنی باسوخواسێکی تولانی بۆ ئەم پرسە، تەنێ هەندێ قسەی لە سەر دەکەم: ئەفەریقیا لە ١٤٩٢دا، بێ چینایەتی نەبوو (لە بەندی سێیەمدا، بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێینەوە)، کۆمەڵگە بێ چینایەتییەکان بە وەستاو و چەقبەستوو دانانرێن،[٢٢١] هەروەها ئەو مێژوونووسانەی ئەم جۆرە باسوخواسانە لە سەر بێ چینایەتی پێشکەش دەکەن، لەتەک خۆیاندا ناکۆک دەبن، کاتێ رایدەگەیەنن گەلانی ئەوروپایی بێ چینایەتی، لە سەردەمە کۆنەکان و چاخەکانی ناڤیندا -"هۆزە بەربەرییەکان"، ئەڵەمانییەکان و کلتس و سلاڤەکان و...هتد- گەلێ پێشکەوتوو بوونە، دوای وەرگرتنی بیرۆکەی چینەکان و هەندێ شتیی کەم لە رۆمانەکان، ئەو ئەوروپاییە گەشەسەندوو و داهێنەر و سەرچڵانە کە خولیای گەڕان بە دوای دەستکەوتدا بوون، بەرەو تازەگەری دەست بەکاربوونە.

گونجاو و ئاساییە پێکهاتەی چینایەتیی کۆمەڵگەیەک بخەینە ژێر تاقیکردنەوەوە و بپرسین چۆن چینە جۆراوجۆرەکان لەتەک یەکدیدا کارلێک بوونە، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری پەسەند بکەن یان بەرهەڵستی بکەن و بەرەو چ ئاراستەیەک؟ لە نەبوونی وەها تاقیکردنەوەیەکدا، گەلێ جار شیکارییەک دەبینین، بەوە لایداوە بەلای لکاندنی سەدەمکاری بە پاشاکان و تاکگەلی دیکە، تەنێ لە چینی دەستەبژێردا. تیۆری چەقبەستن لە دەوری وەچە[٢٢٢] کاتێ

---

٢٢٠. بە نموونە، بڕوانە:
Palmer، Atlas of Modern History (1957)، Bj?rklund، H?lmhoe، R?hr، and Lie، Historical Atlas of the World (1970)، and Kinder and Hilgemann، The Anchor Atlas of World History، vol. 1 (1974).

٢٢١. باس لەمە دەکەم لە:.The Natio T 1 ll 1 Question (1987b).

٢٢٢. چەقبەستن لە دەوری وەچە: دەستەواژەیەکە بە مانای رەفتاری پێڕەوکراو بۆ دەسەڵاتڕانی بە سەر کۆمەڵگەکانی دیکەدا، لە سایەی گریمانگەلی فەرهەنگی و لایەنگیریی تایبەت بە توێژەر. (بڕوانە فەرهەنگی کۆمەڵزانیی جۆردن مارشال، پێداچوونەوە و پێشکەشکردنی محەمەد مەحمود جەوهەری).

دەبێت بە کێشە کە جەختکردن هەبێت لە سەر ئەوەی چینێک لە ئەوروپادا، کارێکی چالاک ئەنجام بدات و ئەو چینە لە شارستانییەکانی دەرەوەی ئەوروپادا نەبێت. ئەو جۆرە لە جۆرکی لە باسوخواسە باوەکان لە ئەدەبی پەرجووی ئەوروپاییدا، وێڕای ئەوەی مێژوونووسە نەرێتپارێزەکان بە باشتری دەزانن، هەروەها لە ناو ئەو مارکسییانەیشدا هەیە کە لە سەر "قۆناغەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی" پەنا بە دارشتە کۆنەکان دەبەن. باسوخواسی پادگۆگ بە باشترین نوێنەری ئەو بیرۆکەیە دادەنرێت کە مۆدێلی بەرهەمهێنانی بەرپا لە سەر کۆیلە لە شێوە روونەکەیدا- لەتەک نۆرێنی کۆیلایەتی بە سەر بەرهەمهێنانی کاڵا و لەتەک خواستی پێشکەوتنی ئابووری و گەشەکردنی خاوەندارێتی تایبەت و خەباتی چینەکاندا- لە سەردەمە کۆنەکاندا، تەنێ لە یۆنان و رۆمادا بینراوە و نەبوونی ئەو سیفەتە لە ئاسیادا، ئەوە کە کەمێ ئاراستەی کۆمەڵگەکانی ئاسیا بەرەو "وەستان و چەقبەستن" راڤە دەکات.[٢٢٣]

هەندێ لە مارکسییەکان، تا رادەیەک هەمان باسوخواس بەکاردەبەن، بۆ جەختکردن لە سەر ئەوەی سیستمی کشتوکاڵی بەرپا لە سەر کۆیلە، لە سەردەمەکانی دواتردا سەرمایەداری نەبووە، بەو جۆرەی کە پێویستە، ئەویش لەبەر ئەوەی کرێکارەکان کۆیلەبوون نەک کرێگرتە. ئەم خاڵە لە بەندی چوارەمدا باس دەکەین). ئەم پرسە بە گرنگ هەژماردەکرێت، وەلێ من دوای ئەم قسە لەسەرکردنە وەلاوەی دەنێم: پێموایە ئەو توێژەرە ئەکادیمییانەی جەخت لەوە دەکەن کە چینی کۆیلە گرنگییان زۆرتر بووە لە دەریای ناوەڕاستی کلاسیکدا پتر لە ئاسیا، دەکەونە هەڵەیەکی دەستپێکەوە کە تێکەوتنی ئاسانە، ئەگەر جوگرافیزان نەبیت. رەنگە تەنێ پرسیارێک بێت لە سەر ئاستی جوگرافیا. رەنگە ئیمپراتۆریی ئەسینا یەکێک بێت لە

223. Padgug، "The Problem of the Theory of SAlavery and Slave Society" (1976).

سەدان لە قەبارەی ئیمپراتۆریی چین. رەنگە لە هەرێمە بچووکە یەجگار گەشەسەندووەکان لە چیندا، کۆیلایەتی بە هەمان گرنگی بووبێت کە لە ئەتیکا یان لە هەرێمە کشتوکاڵییەکان لە ئیتاڵیای رۆمانیدا هەبوو.

جین بیچلەر کە کۆمەڵزان و مێژوونووسێکی فەرەنسییە، باس لەوە دەکات کە چینێکی ئەوروپایی بێ هاوتا کە ئۆرستۆکراتییە، لە چاخەکانی ناڤیندا هێزی بنەڕەتی بوو کە بووە هۆی پەرجووی ئەوروپایی.[224] ئەفەریقیا وەلاوە دەنێت، دواتر پرسیار دەکات، لە سەر هۆکاری سەرهەڵدانی تازەگەری لە ئەوروپادا نەک لە ئاسیا.[225] لەتەک پەسەندکردنی گەلێ لە باسوخواسە پێوەرییەکان، وەکو راڤەکردنگەلی بەشەکی، دەبینین باس دەکات کە هۆکاری هەرە گرنگ لە پشتی رووداني پەرجووەکەوە، بریتییە لە بوونی ئۆرستۆکراتیی راستەقینە لە ئەوروپادا. بیچلەر وەسفی کۆمەڵگەی ئیندۆ - ئەوروپایی کۆن دەکات کە خاوەنی چینێکی ئۆرستۆکراتیی جەنگاوەر بووە. لە هینددا، چینی ئۆرستۆکراتی گەندەڵ ببوو، وەلێ نەک لە ئەوروپادا.[226] دەبینین بە سڵەوە چینی ئۆرستۆکراتی و سیفەتە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکانی لە چاخەکانی ناڤیندا پێناسە دەکات و بە "فیودالی" وەسفی دەکات، تەنێ بۆ ئەوەی لە چینی خاوەن موڵکەکان جیایبکاتەوە کە هێزی دەرەبەگایەتیی سەرباری هەبوو. ئۆرستۆکراتییەکان بریتی بوون لە کۆمەڵێ هاوڕێ، هەموو ئەوانە دەچوونە ریزیانەوە کە جێی متمانەی لایەنگری بۆ دەرەبەگایەتی بوونایە، دیارە ئەوە لە خۆیدا دیموکراتییانە بوو. هەروەکو دەڵێت هیچ هێزێکی سیاسی لە کۆمەڵگەدا نەبوو، ئەمەیش لە کەسێتییە

224. Baechler، "The Origins of Modernity" (1988).

225. Baechler، "The Origins of Modernity" (1988)، p. 39.

پێشنیاز دەکات، پێویستە ئێمە "ئەوروپای بەربەری لە سەردەمی هۆلشتات [نزیکەی 600ی بەر لە زایین...] لە پاڵ ئەفریکادا دابنێین کە لە سەدەی هەژدەیم [دوای زایین]دا، لە سەر لێواری داگیرکاری بوو.

٢٢٦. بیچلەر ئۆرستۆکراتییەکی راستەقینەیش لە ژاپۆندا دەدۆزێتەوە، وەلێ پێیوایە ژاپۆن شکستیهێنا لەوەی لە بەر چەند هۆکارێکی جۆراوجۆر، لاسایی ئەوروپا بکاتەوە.

بۆ هاوتاکەیدا، فاکتەرێکی گرنگ بوو. لە شوێنانی دی، ئۆرستۆکراتی لە ژێر باری گرانی حکومەت (ئیمپراتۆریی سەرکوتکار)دا کۆتوبەند بوو، یان گەندەڵ ببوو و شێوەی چینی داخراوی بەخۆوە دەگرت، بەوجۆرەی لە هینددا هەبوو، لەم جۆرە حاڵەتانەدا، نوێکردنەوە نەبوو. ئۆرستۆکراتیی ئەوروپایی جۆرێکی دیاریکراوبوو لە هێزی تایبەت، سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بوو بۆ هێزی سەرمایەداری. (لێرەدا بیچلەر دژی خۆی دەوەستێتەوە، چونکە لە راستیدا لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا، بە راستی ئۆروستۆکراتی بریتی بوو لە هێزی سیاسی. دیارە ئەو بە ئاسانی تێبینی دەکات کە کاتێک بۆ پشێویی و ئاژاوەی سیاسی هەبووە، دواتر دەچێتە سەر پرسگەلی دیکە).[٢٢٧]بە کورتی، ئۆرستوکراتی دیموکراتی و خاوەنداریی سەرەتایی سەرمایەداری داهێنا. هەروەها جووتیارە ئەوروپاییەکان لە سەرەتادا خاوەنی سەرمایە بوون. بیچلەر ئەو بیرۆکەیە وەلاوە دەنێت کە تاقمی جووتیارە ئەوروپاییەکان تاقمێکی کۆتکراو و ستەملێکراوبووبن لە چاخەکانی ناڤیندا و سیفەتگەلی ریزپەڕیان پێدەدات: گوند خۆی بەڕێوە دەبرد، جۆرێ لە "کۆماری" بوو بە تایبەتمەندیگەلێ کە بۆنی ژیانی شارستانی لێدەهات.[٢٢٨]"جووتیار نموونەیەکی بچووکی خاوەن پرۆژە بوو"[٢٢٩]بە هاتنی سەدەی چواردەیەم، ئەم جووتیارەی مژدەی سەرمایەداری پێبوو، بریتی بوو لە جووتیاری راستەقینەی ئەوروپا. گوند بریتی بوو لە دیموکراتییەکی بچووک. جووتیاران خاوەنی بڕیار و سەربەخۆبوون. بیچلەر بە ئاسانی کۆیلایەتی و گرنگیی ئەو راستییە پشتگوێ دەخات کە لۆردەکان خاوەنی زەوی بوون و جووتیارانیان چەپاو دەکرد و

---

٢٢٧. بیچلەر لەو بڕوایەدایە، ئاژاوەی سیاسی لە چاخەکانی تاریکیدا بە ئاسانی رێگەی لە بەردەم دەوڵەتگەلی بەهێز لە ئەوروپادا خۆشکرد. «بێ چەندوچۆن» «بونیاتنانەوەی حکومەتە گەورەکان» دەبێت (Baechler، "The Origins of Modernity" 1988، p. 50)وەلێ ئەوەیش بێ چەندوچۆنە سەبارەت بە هیند کە ئاژاوەی سیاسی لە 1000 ساڵی رابردووەوە هەرگیز چارەسەر نەکراوە و دواتر بوونی حکومەت.. لە هینددا بە وەهم دەبێت". (p. 45).

228. Baechler, "The Origins of Modernity" (1988)، p. 59.

229. Baechler, "The Origins of Modernity" (1988)، p. 53.

دەیانچەوساندنەوە و کۆنترۆڵی ژیانیانیان کردبوو. بەمجۆرە سیستمی فیوداڵی دەبێت بە جۆرێ لە کۆمەڵگەی دیموکراتی کە چینی ئۆرستۆکراتی رۆڵێکی دیموکراتییانەی تیادا دەگێڕن و جووتیاران تیایدا چێژ لە ئازادی وەردەگرن. ئەمەو وێڕای ئەوەی ئەو جووتیارانە لە قووڵایی چاخەکانی ناڤیندا، گشت ئەو سیفەتانەیان هەبوو کە جووتیاری سەرمایەداری هەیبوو کە لە سەدەی هەژدەیەم و دواتردا هەیبوو، وەگەرخستن و وەبەرهێنان و ئاراستەی قازانج و کەڵەکەبوونی سەرمایە. (هەروەها هێندە زیرەک بوون، تا وا لە بیچلەر بکەن بڵێت، ئەوان خۆیان دوور لە سیستمی خێزانی بڵاو extended بگرن)[٢٣٠]. هەموو ئەمانە بە وەهم هەژمار دەکرێن. دیارە ئەوە بریتییە لە گۆڕینی مێژوو کە جیهانی نوێ (بە دیاریکراوی جووتیاری نوێی سەرمایەداری) بۆ دواوە بۆ چاخەکانی ناڤین دەبات.

بیچلەر خاڵەکانی جیاوازیی نێوان گشت ئەمانە و هیند بەرجەستە دەکات. وێناکردنی بۆ هیند گەلێ سەیرە. بە درێژایی مێژوو، لە هینددا چینێکی ئۆرستۆکراتی نەبووە، ئەویش بە هۆی بوونی چینێکی داخراو و ئەمە "هۆکاری قووڵتر" بوو لە پشتی شکستهێنانی لە گەشەکردندا.[٢٣١] (لە هیند چینێکی ئۆرستۆکراتیی بەهێز هەبوو). کۆمەڵگەی هیندی هیچ رەهەندێکی سیاسی نەبوو:"حکومەت لە هینددا...کەتوار نەبوو". بۆیە "مانای شوناس

---

٢٣٠. خێزانی بڵاو: ئەو خێزانەیە لە سەر بنەمای چەند یەکەیەکی خێزانی بەریا دەبێت کە نشینگەی هاوبەش و خزمایەتی پێکەوەیان دەبەستێتەوە، ئەم شێوازە کاتی خۆی لە کۆمەڵگەدا باو بووە، وەلێ لە کۆمەڵگەی گوندنشیندا بڵاوە، بە هۆی هەرەسهێنانی گرنگییەکەی لە کۆمەڵگەدا، بە هۆی گۆڕان لە کشتوکاڵەوە بۆ پیشەسازی. ئەمەیش دەکرێ بە دوو بەشەوە، یەکێکیان بلاوی سادە کە هەردوو باپیرە و دوو هاوسەرەکە و منداڵەکانیان و هاوسەری منداڵکانیان دەگرێتەوە، خێزانی بڵاوی پێکهاتە کە هەردوو باپیرە و دوو هاوسەرەکە و منداڵەکانیان و هاوسەری منداڵەکانیان و کوڕ و کچە زاکان و زاواکان و مامەکان دەگرێتەوە، ئەمەیش بە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوام دادەنرێت بۆ تاهەتایە کە لە سێ وەچە یان زیاتر پێکدێت و خەسڵەتی ئەوەیە، چاودێری شێوازی رەفتاری تاکەکانی خێزان و پێبەستبوونیان بە بەها فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگەوە بکرێت و بە یەکەیەکی ئابووریی هەرەوەزی دادەنرێت کە دامەزراوەی خێزان سەرۆکایەتی دەکات، بە هۆی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی تۆکمەی نێوان تاکەکانی خێزانەوە، تاکەکانی هەست بە ئاسوودەیی دەکەن. وەرگێڕ.

231. Baechler، "The Origins of Modernity" (1988)، p. 56.

لـه هینـددا نابـێ سیاسـی بێـت" – و نالّێـن دیموکراتـی بێت.[232] (قسـەی پڕوپوچـە). چینـی داخـراو بـۆ ئـەوە خەمڵـی، شـوێنی حکومەتـی نەبـوو بگرێتـەوە. (قسـەیەکی پڕوپوچتـر). چینـی جووتیـاران نەبـوو، تەنـێ "کرێـکاری کشـتوکاڵی" هەبوو.[233] چـۆن شـتی وا دەبێـت؟ چونکـە جووتیـارە راسـتەقینەکان ئـەوان خاوەنـی پـرۆژەکان و بڕیاردەر بـوون و ئەوەیـش شـتێکە دەبـێ لـە هینـددا نەبێـت (وەلـێ لـە راسـتیدا دۆخێکـی لێکچـوو لـە ئەوروپـادا هەبـوو). بیچلـەر هیندێکـی خەیاڵـی بـەکار دەبـات: لـە ئەوروپـادا ئۆرسـتۆکراتی و کۆمەڵگـەی ئازاد هەبـوو کـە دروسـتیکرد (و هاوپەیمانـە جووتیارەکانـی) سـەرچاوەی سـەرەکیی "پەرجوو"ەکـە بـوون. وەلـێ هـەردوو چینـی ئۆرسـتۆکراتی و جووتیـاران ئـەو سـیفەتە ئارەزووکراوانەیـان نەبـوو، لەوەیـش گرنگتـر، لـە هەرێمگەلـی دیکـە و لـە هەمـان کاتـدا، هەروەکـو لـە بەنـدی سـێیەمدا دەیبینیـن، چینگەلـی هاوشـێوە هەبـوون.

لـە تیۆرەکـەی مارکسـدا، چەمکـی چیـن بریتییـە لـە بەشـێک لـە چەمکێکـی گەورەتـر کـە دەرهاویشـتەی زیاتـری هەیـە، ئەویـش ململانێـی چینایەتییـە، وەکـو مارکـس و ئەنجلـس دەڵێـن، ململانێـی چینایەتـی بریتییـە لـە بزوێنـەری پێشـکەوتن لـە گشـت کۆمەڵگـە چینایەتییەکانـدا. ئەمـڕۆ زۆربـەی مارکسـییەکان گەشـەی فەرهەنگـی ئاڵۆزتـر لەمـە دەبینـن، وەلـێ لەتـەک ئـەوەدا، لـە جەختکردن لـە سـەر بیرۆکـە و پرۆسـەی ململانێـی چینایەتـی بـەردەوام دەبـن. هەروەهـا پێویسـتە تێبینـی ئـەوە بکەیـن، هیـچ شـتێک نییـە لـەم چەمکـەدا، پێوەندیـی بـە سـێنترالیزمی ئەوروپاییـەوە هەبێـت، مەگـەر ئـەوەی گریمانـی ئـەوە بکەیـن کـە ململانێـی راسـتەقینەی چینایەتـی یـان قۆناغێـک لـەوە یـان شـێوەیەک لـە شـێوەکانی، تەنـێ لـە ئەوروپـادا روودەدات. گەلـێ لـە مارکسـییەکان بـەم ئاراسـتەدا دەڕۆن. بەپێـی مۆریـس جودێـر، بـە نموونـە، خۆرئـاوا گـوزارش لـە

232. Baechler، "The Origins of Modernity" (1988)، p. 45.
233. Baechler، "The Origins of Modernity" (1988)، p. 53.

"خاوێنترین وێنەکانی ململانێی چینایەتی" دەکات، تەنێ ئەوە کە مەرجەکانی بەرزبوونەوەی بەدیهێناوە...ڕێکخستنی چینایەتی".[234] ڕەنگە کاریگەرترینی پێکهاتەکانی ئەو جۆرەکییە لە باسوخواسەکان، بریتی بێت لە تیۆری ڕۆبێرت برینەر لە سەر ڕێنیسانسی سەرمایەداری.[235] برینەر هەوڵدەدات ئەوە بخاتە ڕوو کە ڕێنیسانسی سەرمایەداریی بەر لە ١٤٩٢، بە هۆی ململانێی چینایەتییەوە بووە، وەلێ ململانێی چینایەتی تەنێ لە ئەوروپادا. دواتر ئەو باسوخواسە بەکار دەبات، وەکو بەڵگەیەک دژی ئەوەی کە بە "تیۆری جیهانی سێیەم Third-Worldism" ناوی دەبات. ئەو بڕوایەی بەوەی کە غەیری ئەوروپا گرنگییەکی زۆری لە مێژوودا هەبووە و هێشتا تا ئێستایش لە ڕووی سیاسییەوە وەهایە. ئەو دەرەنجامە بە شێوەیەکی گەورە کاریگەری هەبوو، نەک تەنێ لە سەر فیکری مارکسی، بەڵکە لە سەر فیکری نەرێتپارێز لە مێژوو و لە جوگرافیا و کۆمەڵزانی و تیۆری گەشەکردنی ئابووریشدا. بە دڵنیاییەوە، تیۆرەکەی برینەر شایستەی گرنیپێدانی ئێمەیە لەم کتێبدا، هەروەها بە هیچ شێوەیەک تیۆرێکی ئاڵۆز نییە.

بەپێی برینەر، ململانێی چینایەتی لە نێوان لۆردەکان و ڕەنجبەران و جووتیاراندا،[236] وێڕای کەمیی ژمارەی دانیشتوان، بووە هۆی ئەوەی سیستمی فیودالی، لە باکووری خۆرئاوای ئەوروپادا پاشەکشێ بکات. (برینەر باس لە ناوچە نائەوروپاییەکان ناکات، هەروەها بەدەگمەن ناوی باشووری

234. Godelier، Sobre el Modo de Production Asiatico (1969)، p. 58.

235. Brenner، "The Origins of Capitalist Development: A Critique of Neo-Smithian Marxism" (1977)، "Agrarian Class Structure and Economic Development in Pre-Industrial" (1985، originally published 1976)، and "The Agrarian Roots of European Capitalism" (1985).

دوای دەرچوونی یەکەم بابەت لە ساڵی ١٩٧٦دا، لە خولی ڕابردوو و ئەمێستادا، کۆمەڵێ لە توێژینەوەی ڕەخنەگرانە لەم خولەدا پەخشکران و بیرنەر لە بابەتێکدا لە ساڵی ١٩٨٢ وەرامیدایەوە، The Agrarian Roots of European "Capitalism" دواتر ئەمە پەخشکرا The Brenner Debate: Agrarian Class Structure and Economic Development in Pre-Industrial Europe لە ساڵی ١٩٨٥دا کە دوو بابەتی لە خۆ دەگرت لە خولی ڕابردوو و ئەمێستا و توێژینەوەی ڕەخنەگرانەی دیکە کە ئەستۆن و فیلبن نووسییان.

٢٣٦. ئاماژەیە بۆ جووتیاران کە لە سیستمی فیودالیدا زەوییان دەچاند و پێوەندییان بە دەرەبەگەوە، وەکو پێوەندییەکی کۆیلایەتی وەهابوو و لە جەوهەریدا کاری زۆرەملێ بوو لە زەویی دەرەبەگدا، لە بەرانبەر پاراستن و مافی چاندنی کێڵگەکان کە بە کرێ لە دەرەبەگ وەردەگیرا.

ئەوروپایش دەهێنێت). لە زۆربەی بەشەکانی باکووری خۆرئاوای ئەوروپادا، جووتیاران لەو ململانێ چینایەتییەدا سەرکەوتن و بوون بە خاوەن زەویی بچووک، لەتەک رازیبوونیان لە بژێویی ژیانی گوندنشینییان و ئارەزووی داهێنانیان نەدەکرد. تەنێ لە بەریتانیادا، لۆردەکان توانییان دەست بە سەر زەوییەکاندا بگرن و جووتیاران بەردەوام بوون لەوەی کرێگرتەبن. بەمەیش چینی جووتیاران جیاوازبوون و چینێکیان لە کرێکارانی بێ زەوی و چینێکی گەورە لە رەنجدەرانی کرێگرتەیان بەرهەمهێنا کە هێندە دەوڵەمەندبوون، بتوانن موڵکی گەورە بەکرێ بگرن و ناچاریانکردن (چونکە پێویست بوو بەهای کرێکە بدەن) کە بازرگانی بکەن و لە رووی تەکنەلۆژییەوە داهێنان بکەن و بەمەیش بوون بە خاوەنی سەرمایە. (برینەر پێیوایە رەنجبەرەکان و لۆردەکان و جووتیارەکان کە خاوەنی زەوی بوون داهێنانیان نەکرد و شارەکان تەنانەت شارەکانی ئینگلتەرەیش، رۆڵێکی بچووکیان لە رێنیسانسی سەرمایەداریدا هەبوو). بەمەیش خاوەن زەوییە بچووکە کرێگرتە ئینگلیزەکان بوون بە دامەزرێنەری سەرمایەداری و بە شێوەیەکی دیکە: سەرمایەداری سەریهەڵدا، چونکە جووتیارە ئینگلیزەکان، لە ململانێی چینایەتیدا دۆڕاندیان. لە راستیدا، جووتیارەکان لە وڵاتانی دیکەدا لە هەرێمەکە خاوەن زەوی نەبوون، هەروەها سەرمایەداری خێرا لە شارەکان و دەوروبەریان پتر لە ناوچە گوندنشینەکان گەشەی کرد، وەلێ داهێنانە تەکنەلۆژییەکان کە برینەر پێیوایە، لە هەردوو سەدەی چواردە و پانزەیەمدا، لە ناو جووتیارە ئینگلیزەکاندا هەبوون، بە کردەوە دوای ئەم مێژووە بە ماوەیەکی زۆر رووی دا، ئەمەیش وای لێدەکات لەتەک تیۆرەکەیدا یەکنەگرێتەوە. گرنگتر لەوە ئەوەیە، کشتوکاڵیی بازرگانی و سەرەتاکانی سەرمایەداریی شارستانی بە گەشەکردن لەو ماوەیەدا، لە باشووری ئەوروپا و لە کیشوەرگەلی دیکەدا دەستیپێکرد (هەروەکو دواتر باسی دەکەین). بە ئاسانی تیۆرەکەی برینەر

بریتییە لە تیۆرێکی هەڵە.[٢٣٧]

## خێزان

شتی نوێ نییە سەبارەت بەو بڕوایەی گوایە خێزانی ئەوروپایی لە جۆرەکانی خێزانەکانی دیکە، لە شوێنەکانی دیکە هۆشیارتر و شارستانیترە. وەلێ وا دەردەکەوێت، ئەم بڕوایە لە پشتەوە دیار نەمابێت، کاتێ تیۆری تازەگەری باڵادەست بوو. جۆرێک لە نیمچە کۆکبوون لە نێوان کۆمەڵزانانندا هەبوو کە جیاوازییەکان لە جۆری خێزاندا پێویستە، لە یەکانگیرییەک لە "تەقلیدیی" "بۆ نوێ" یان فرەییەک لە "میللی" "بۆ شارنشینی"دا تانوپۆ بکرێت. دەبوا خێزانە تەقلیدیەکان گوزارش لە پێوەندیی خزمایەتیی بەهێز، لە سەر ئاستێکی فراوانتر لە خێزانی ناوکی nucleus بکەن،[٢٣٨]ئیتر بەو

---

٢٣٧. بە بۆچوونی من، ناوبانگی ئەو تیۆرە لاوازە لە بنەڕەتدا بۆ دوو پرس دەگەڕێتەوە، یەکەم: وا خرایە روو گوایە بۆچوونێکی مارکسییانەیە، دامەزراوە لە سەر بیرۆکەی ململانێی چینایەتی و دەیسەلمێنێت کە بریتییە لە تیۆرێکی کۆنباو، ئەگەرچی لە لایەنداریەکەیدا گوندنشینی بوو. بەوە دەگەین کە تیۆرەکانی ململانێی چینایەتی دەرەنجامگەلی کۆنباوی لێدەکەوێتەوە. دووەم: برینەر تیۆرکەی خۆی « بنەماکانی گەشەی سەرمایەداری» بەکار دەبات The Origins of») Capitalist Development: A Critique of Neo-Smithian Marxism‹" 1977‹ pp. 77-92)بۆ هێرشکردنە سەر تیرگەلێک کە لەناو خەڵکیدا کەمتر باوبن، وەکو "تیۆری جیهانی سێیەم" و لایەنگەلی جۆراوجۆری تیۆری پاشکۆیی و تیۆری دواکەوتن و بەتایبەتی سیانی دیکە لە مارکسییە نوێکان--Swezzy‹ Frank‹ Wallerstein کە باسدەکەن، گوایە کۆلۆنیالیستیی ئەوروپی پێوەندییەکی تۆکمەی بە رابوونی سەرمایەداریی دواترەوە هەبووە. برینەر مێژوونووسێکی زیرەک و پسپۆرە لە تیۆری خەرجکاریی سێنترالیزمی ئەوروپی. ناوچە نائەوروپییەکان رۆڵێکی گرنگیان لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لە هیچ ماوەیەکی مێژوویدا نەبووە. ئەوە راست نییە گوایە کۆلۆنیالیست خوازیاری پێوەندیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بێت- بڕوانە بەندی چوارەم – ئیدعای ئەوە دەکات، جیهانی نائەوروپی کاریگەریی بازرگانی لە سەر ئەوروپا هەبووە، لە کاتێکدا رابوونی سەرمایەداری بەرهەمهێنی بازرگانی نەبوو، ئەوەبوو لە گوندەکانی ئینگلتەرەدا رووی دا و گوزارشی لە ململانێی چینایەتی کرد نەک بازرگانی. بڕوانە بە رەخنەی برینەردا لە:
Brenner collected in Aston and Philpin (1985) by Hillton, Croot and Parker‹ Wunder, Leroy, Ladurie, Bois, Cooper, and other, and others.

هەروەها بڕوانە:
Torras, "Class struggle in Catalonia" (1980) and Hoyle, "Tenure and the land market in early modern England: Or a late contribution to the Brenner debate." (1990).

٢٣٨. خێزانی ناوکی: بریتییە لەو خێزانەی لە ژن و مێر و منداڵەکانیان پێکدێت و هەمان خەسڵەتی کۆمەڵە سەرەتاییەکانی هەیە، ئەو شێوازەیە لە زۆربەی وڵاتە بیانییەکاندا باوە و لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا کەمە، یەکێتیی خێزان لە نێوان تاکەکانی خێزاندا، هێزی پێوەندیی کۆمەڵایەتی هەیە، بە هۆی ئەوەی بچووکە، هەروەها سەربەخۆیی هەیە لە نیشتەجێبوون و لە داهات لە کەسوکار. بە یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی بەردەوام بۆ ماوەیەکی کورت وەکو کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت، چونکە لە تەنێ دوو وەچە پێکدێت و بە جیابوونەوەی دایک و باوک لە یەکدی و مردنی دایک و باوک کۆتایی پێدێت و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا شەقڵی تاکەکەسی لەخۆ دەگرێت. وەرگێڕ.

ئاقارەدا ڕۆیشت کە خێزانگەلی گەورە و بەردەوام پێکبهێنن، هەروەها تێکڕای زاوزێی بەرزیان هەبێت. لە نەبوونی بەڵگە لە سەر خێزانە ئەوروپاییەکان لە چاخەکانی ناڤیندا، ئیتر دەبوا خێزانە ئەوروپاییە کۆنەکان، وەکو خێزانی "بەر لە پیشەسازی" تەقلیدیبن، کە جیاوازبوو لە خێزانی بچووکی نوێی دوای شۆڕشی پیشەسازی، لە خانووە بچووکەکەی و ژمارەی کەمی منداڵەکانی و پێوەندیی خزمایەتیی لاواز لەتەک خێزانەکانی دیکەدا. لەو بڕوایەدا بوون، ئەم گۆڕانکارییە بەندە بەوەوە کە پێیدەڵێن "وەرچەرخانی دیمۆگرافی" کە بریتییە لە پرۆسەی گۆڕین لە مۆدێلی دیمۆگرافیی تەقلیدیەوە "کە تێکڕای زاوزێی بەرز و تێکڕای مردن بەرزە، ئەمانە لە سیفەتەکانی بارودۆخی بەر لە شۆڕشی پیشەسازین، بۆ مۆدێلێکی دیمۆگرافی "نوێ"ی دوای شۆڕشی پیشەسازی کە تێکڕای زاوزێ و مردنیان نزمە.

وڵاتە دواکەوتووەکان لە جیهانی نائەوروپاییدا، لە ڕێگەی هەمان ئەو وەرچەرخانانەوە بەرەو تازەگەری، بە تیۆری نوێکردنەوەی خێزاندا ڕەتدەبن. خێزانی ناوکی شوێنی خێزانی بڵاو دەگرێتەوە. ئەمەیش ڕەفتارگەلی گەشەکردنی نوێ دەچێنێت: وەکو بەدونیاهێنانی ژمارەیەکی کەمتر لە منداڵان (و دواتر بە سەر زۆریی دانیشتواندا زاڵ دەبن) و ڕەنگە بەرەو ئەوە بڕۆن، بە تاکەوانییەکی زیاتر و بە ڕێگەیەکی بازرگانییانە بیربکەنەوە.

هەموو ئەمانە کۆمەڵێ لە گریمان بوون. هیچ بەڵگەیەک نەبوو، لە سەر پێوەندییەکی سەدەمکاری لە نێوان تێکڕای زاوزێ و قەوارەی خێزان (یان پێوەندیی خوێن و خزمایەتی لە دەرەوەی خێزانی ناوکیدا). پێوەندییەک لە کۆمەڵگە دەوڵەمەند و نوێکاندا هەبوو: خێزانی ناوکی و تێکڕاکانی زاوزێی نزم سیفەتی ئەو کۆمەڵگانە بوون. (یەکێک لە دیمۆگرافییە بەناوبانگەکان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕەنگە خێزانی ناوکی بۆ هەر دوو هاوسەرێک لە خێزانی

بڵاودا، منداڵی زۆرتریان هەبێت).[٢٣٩] وێڕای ئەو بیرۆکەیەی کە دەستکورتی ژێر ئەقڵیەتێکی بازرگانی زیاتری دەبێت و زیاتر روو لە کۆکردنەوەی پارە دەکات و توانستی گەورەتری بۆ کێبڕکێ هەیە و شتی لەم بابەتانە، ئەگەر (گریمان پیاو بێت) تەنێ بۆ هاوسەرەکەی و منداڵەکانی کار دەکات، نەک لە پێناوی خێزانێکی گەورە بە دایکوباوکی و کوڕەکانی و کچە ئامۆزاکانی و خزمانی دیکەی، چونکە ئەوە بە گریمانێکی لاواز دادەنرێت. سەلمێنراوە خێزانی گەورە کە پێوەندیی خوێن و خزمایەتیی بەهێزی هەبێت، توانستی زۆرتری بۆ کۆکردنەوەی پارە لەو کۆمەڵە ئاوارانە دەبێت کە بە نموونە، سەرقاڵی بازرگانین. بۆچی، بە راستی کەسی ژێر دەیەوێت بە جدی تەنێ بۆ هاوسەرەکەی و منداڵەکانی، نەک بۆ دایکوباوکی و برا و خوشکەکانیشی کار بکات؟ (دەتوانین باسوخواسێک رێکبخەین، لە سەر ئەوەی خێزانی بڵاو کە بەوە ژمارەی تاکە باڵقەکان کە کاردەکەن، دەتوانن دەستکەوتی ئابووریی روون لە سایەی ئابوورییەکی گەشەکردوودا دەستەبەر بکەن).[٢٤٠] وەکو چۆن تیۆری تازەگەری لە گەشەکردندا دوای ١٩٦٠ دەستی پێکرد، ئەو فیکرانە دەستیانکرد بە رەوینەوە. ئیتر روون بووەوە کە دەکرێ شێوەگەلی جۆراوجۆر لە رێکخستنی کۆمەڵایەتی، بە هەمان ئەندازە لە تازەگەری بن. هۆکارە بنەڕەتییەکان بۆ گۆڕین یان نەگۆڕین لە پێکهاتەی خێزاندا نییە.

لە ناوەڕاستی شەستەکاندا و بە شێوەیەکی درامییانە، دووبارە چەمکی مۆدێلی خێزانی ئەوروپایی خزێنرایە ناو وتاری باو لە نێوان مێژوونووساندا و ئەمەیش دەرەنجامێکی بەشەکی بوو بۆ گەڕان بە دوای کاریگەرییەکەی جۆن

239. Taeuber، in Freedman، Family and Kinship in Chinese Society (1970).

٢٤٠. (١) ئەگەر تاکێک لە خێزان بە کرێ کار بکات، ئەگەر کارەکەی لەدەست بدات، ئەوە کارەساتبار دەبێت. ئەگەر ئەندامانی زیاتر بە کرێ ئیش بکەن، ئەوا ئاساییە هەندێکیان داهات دەستەبەر دەکەن و هەندێکیان نا. (٢) گریمان توانست هەبێت بۆ پاشەکەوتی رێژەیەکی دیاریکراو لە داهات، ئەوا گەلێ لە کارکەران پاشەکەوت، واتە سەرمایە زیاد دەکەن. ئەو بڕە گەلێ سەبارەت بە پرۆژەکان گرنگ دەبێت. (٣) کەسی نزیک هەبێت بۆ وەرگرتن لێی، لە سەر ئاستێکی بچووک بە سوودمەند هەژمار دەکرێت بۆ پرۆژەکان. (٤) خزمان دەتوانن کارێ پاشەکەوت بکەن کە کرێی نەدرابێت. ئەوانە پرەنسیپە زانراوەکانن لە کۆمەڵگەی جیهانی سێیەمدا.

هاجنال.[241] هەروەکو لە خاڵێکی پێشوودا لەم بەندە، لە باسی تایبەت بە باسوخواسەکانی "پەرجوو" تێبینیمان کرد. دیمۆگرافیی مێژوویی لەم کاتەدا بەڵگەیەک دەخاتە روو، لە سەر ئەوەی ئەورووپای بەر لە پیشەسازی (یان بەشێکی)، تێکڕای زاوزێ نزمتر بوو لەوەی کە سەبارەت بە "کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی" چاوەڕوانی دەکەین. دیارە ئەورووپاییەکان لە تەمەنێکی درەنگدا هاوسەرگیرییان دەکرد، وەکو لەوەی لە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی چاوەڕوان دەکرا کە لە ژێر کۆنترۆڵی یاساکانیماڵتۆسدان و دواتر تێکڕای زاوزێ بەرزە. لە بری ئەوەی مۆدێلەکەی ماڵتۆس وەلاوە بنێین و باسی ئەوە بکەین، کۆمەڵگە مرۆییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی چالاکیی میکانیزمەکانی ژمارەی دانیشتوانن بەلایەوە، لە رێگەی بەکارهێنانی ئەمرازگەلی وەکو راستکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیری، ئەو مێژوونووسانە بە ئاسانی جەختیان لە بێ هاوتایی ئەورووپا کرد. لە کۆمەڵگەکانی دیکەی بەر لە پیشەسازیی مۆدێلی "تەقلیدی"، ئەوە دەرکەوت کە تێکڕای زاوزێی بەرزە کە ناتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێت (بۆیە تێکڕای زۆربوونی دانیشتوان بەرزبووەوە، لە کاتێکدا تێکڕای مردن لە "قۆناغی گواستنەوەدا" دابەزی). بە پێچەوانەوە، ئەورووپای بەر لە پیشەسازی سیستمی هۆشیاری خێزانی هەبوو لەتەک کۆنترۆڵی ئەقڵانی لە ژمارەی دانیشتوان. دواتر دوای ئەوە، بێ هۆ ئیدعای ئەوەی کرد، لە ئەورووپای بەر لە پیشەسازیدا، تێکڕای زاوزێ بەرز و تێکڕای مردن نزمتر بوو لە ناوچە نائەورووپاییەکان و ئەم دەرەنجامەی خوارەوەی بەدەستهێنا، ئەویش ئەوەیە کە ئەورۆوپا توانی تێکڕای نزمی زاوزێ بە نزمی بپارێزێت، لە رێگەی راستکردنەوەی گونجاو و ئەقڵانی بۆ گونجان لەتەک تێکڕای نزمی مردندا، ئەویش لە رێگەی بەکارهێنانی میکانیزمی دواخستنی هاوسەرگیرییەوە. ئەوانەی ئەو باسە دەخەنە روو شکستیان هێنا، لەوەی

241. Hajnal, “European Marriage Patterns in Perspective” (1965)، pp. 101-146.
ئەم نووسینە یەکێکە لە گەورەترین چاپەمەنی کە وەکو بەڵگە لە بابەتی دیمۆگرافی لە ئەدەبی پەرجووی ئەورپیدا دەهێنرێتەوە.

دەرەتانی ئـەوە لەبەرچـاو بگـرن کـە خێزانـەکان لـە کۆمەڵگەکانـی دیکـەدا، بـە هەمـان شـێواز هەڵسـوکەوتیان کـردووە. بەڵگـە لـە سـەر ئەمـە بـە دەرکەوتـن لـە ژمارەیـەک لـە کۆمەڵگـە نائەوروپاییپەکانـەوە دەسـتیپێکرد. هەنـدێ لـە کۆمەڵگـەکان تێکـڕای نزمتـری زاوزێیـان هەبـوو، لـەوەی لـە مۆدێلـە تەقلیدیەکـە چـاوەڕوان دەکـرا. کۆمەڵگەگەلـی دیکـە وەرچەرخانـی بنەڕەتییـان لـە تێکـڕای زاوزێ یـان بـە زۆربـوون یاخـود بـە کەمبوونـەوە دەرخسـت، وەکـو کاردانەوەیـەک بـۆ گۆڕانکارییـە ئابوورییـەکان و بارودۆخـی دیکـە.[٢٤٢]

هاجنال لە ساڵی ١٩٦٥دا، بابەتەکەی بەم پەرەگرافە روونە دەستپێکرد:

> مۆدێلـی هاوسـەرگیری لـە زۆربـەی ئەوروپـادا، هەروەکـو لای کـەم، لـە دوو سـەدە و تـا ١٩٤٠ دەردەکەوێـت، لـە جیهانـدا بـێ هاوتـا بـووە. نموونەیـەک شـک نابەیـن بـۆ گەلێکـی نائەوروپایـی کـە هەمـان مۆدێلـی هەبووبێـت. دیـارە سـیفەتە تایبەتەکانـی ئـەم "مۆدێلـە ئەوروپاییيـە" بریتییـە لـە: (١) تەمەنـی بـەرزی هاوسـەرگیری (٢) رێـژەی بـەرز لەوانـەی بـە هیـچ شـێوەیەک هاوسـەرگیری ناکـەن.[٢٤٣]

هەنـدێ جـار باسـەکەی هاجنـل سـڵکار و هەنـدێ جـار گوزەرابـوو. بـە وردی ئامـاژەی کـردووە بـۆ ئـەوەی هـۆکاری دواکەوتنـی تەمەنـی هاوسـەرگیری (و تـا رادەیـک) تێکـڕای نزمـی هاوسـەرگیری لـە ئەوروپـادا، لـە ماوەکانـی بـەر لـە سـەدەی حەڤدەیـەم بنجبـڕ نەبـووە، بەوجـۆرەی بەڵگـەی "هەڵوەشـاوە"ی چاخەکانی ناڤینـی ئەوروپـا "بـە مۆدێلێکـی نائەوروپایـی" مەزەنـەی دەکات.[٢٤٤]بـە هیـچ جـۆرێ، هیـچ جـۆرە زانیارییەکـی مێژوویـی لە سـەر هەرێمـە نائەوروپاییەکان

٢٤٢. هەمان سەرچاوە لە پەراوێزی ٨٤ دا.

243. Hajnal، "European Marriage Patterns in Perspective" (1965)، p. 101.

٢٤٤ -Hajnal، "European Marriage Patterns in Perspective" (1965)، p. 134.

نەخستۆتە روو و بە شێوەیەکی گوزەرا بەراورد لە نێوان ئەورووپای کۆن و ناوچە نائەورووپاییەکان لە سەدەی بیستەمدا دەکات. دیارە کۆتی تیۆری گەلێ روونە: مۆدێلە نائەورووپاییەکان "تەقلیدی" و هەمیشەیین و بۆیە دەبینین بەراورد لە نێوان ئەورووپا لە سەدەی حەڤدەیەم، لەتەک ئاسیا و ئەفەریقیا لە سەدەی بیستەمدا گەلێ بەجێیە.[245]

ئەو گریمانە لە سەر مۆدێلە بێ هاوتا ئەورووپاییەکە، بۆ هاوسەرگیریی درەنگ وەخت و تێکڕای نزمی هاوسەرگیری خێرا و لە سەر ئاستێکی فراوان لەتەک تیۆرە گشتگرترەکەی "پەرجووی مێژوویی ئەورووپایی"دا ئاوێتە کراوە. لەتەک نەبوونی بەڵگەدا، گریمانەکە بۆ سەردەمی چاخەکانی ناڤین گێڕدرایەوە و بەپێی لۆرانس ستون، کاتێ لە ساڵی ١٩٧٧دا دەڵێت "بە جۆرێ سەلمێنراوە، هیچ بوارێک بۆ گومان نەهێڵێتەوە"، لە زۆربەی باکووری خۆرئاوای ئەورووپادا، چینە مامناوەندییەکان و نزمەکان "بە شێوەیەکی بەرچاو درەنگ هاوسەرگیرییان دەکرد، رێک لە سەدەی پانزەیەم و بەدواوە... گەلێ جار ئەو هاوسەرگیرییە درەنگ وەختە، بریتییە لە سیفەتێکی بێ هاوتا و سەرئاسای شارستانیی ئەورووپایی، لە باکووری خۆرئاوای کیشوەرەکەدا".[246] لێرەدا دەتوانین تێبینی وشەی "بە شێوەیەکی بەرچاو" بکەین، کاتێ شتێک هەبێت لەتەکیدا بەراوردی بکەین، لەتەک ئەوەیشدا، هیچ زانیارییەکی مێژوویی لە سەر ناوچە نائەورووپاییەکان پێشکەش ناکات. مایکل مان ئەم مۆدێلە لە کۆمەڵگەی گوندنشینی ئیندۆ- ئەورووپایی لە

٢٤٥. هاجنال لەو بڕوایەدایە، زانیاریی هاوچەرخانەی لە سەر ناوچە نا ئەورووپییەکان هەیە، وەلێ بە سادەیی پێشنیاز دەکات کە زانیارییە مێژووییەکان بە روونیەکی زیاتر راوبۆچوونەکەی ئەو دەسەلمێنن، ئەویش لەبەر ئەوەی مۆدێلەکانی خێزانی نائەورووپیی نوێ بە بۆچوونی ئەو بە ئاقاری مۆدێلە ئەورووپییەکاندا دەگۆڕێن، واتە بەرەو ئەوە دەچن ببن بە ئەورووپی. کاتێ «گشت راستکردنەوەکان لە سەر زانیارییەکان دەخەینە روو، ئەوا بێ گومان دەتوانین لە سەر گشتاندنە بنەڕەتییەکەی خۆمان بمێنینەوە»
European Marriage Patterns in Perspective‹" 1965‹ p. 106.
246. Stone‹ The Family‹ Sex and Marriage in England 1500-1800 (1977)‹ p. 509.

چاخی ئاسنیندا چڕ دەکاتەوە. باتریشیا کرۆن هیوادارە و دەڵێت ڕەنگە سیفەتێکی ژەرمەنیی کۆن بێت. ئیریک جۆنز پێیوایە، سێ یان چوار هەزار ساڵێک بۆ دواوە دەگەڕێتەوە. ئێستا ماکفارلین پێیوایە ڕەگوڕیشاڵی لە "ئاوێتەیەکی تایبەتی مەسیحایەتی و نەریتە ژەرمەنییەکان"[٢٤٧]دا هەیە و شتی لەم بابەتە. بە یەک وشە، دیارە مۆدێلەکە لە ئەورووپادا گەلێ کۆنە.

دیارە، بە دڵنیاییەوە پرسی مێژووەکان یان تەمەن گرنگە. ئەورووپای خۆرئاوا هەر لە سەدەی حەڤدەیەم و دواترەوە، بە وەرچەرخانی گەورەدا ڕەتدەبێت و دەکرێ دواکەوتنی ساڵی هاوسەرگیری و دابەزینی تێکڕاکەی ڕاڤە بکرێت، بە هۆی ژمارەیەک لە ڕاستییە نوێکانەوە: جوڵە و نەبوونی سامان و موڵکەکان بە هۆی گەمارۆدان و بەشاریبوون و دواتر ئاسەوارە دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی پیشەسازییەوە. تا سەدەی شانزەیەم، تا ڕادەیەک لە خۆرئاوای ئەورووپادا پڕبوو لە ئاژاوە. وەلێ ئەگەر ئەم مۆدێلی هاوسەرگیرییە بەر لە ١٤٩٢ دەرکەوت، بەر لەوەی ئەو ئەستەنگانە دەربکەون، کەواتە دەکرێ قسە لە سەر "مۆدێلی ئەورووپایی" دیاریکراو، نەک تەنێ مۆدێلی "بەر لە پیشەسازی" یان "تەقلیدیی" بکەین. بەڵکە دەکرێ تیۆرێکی سەدەمکاریی گشتی بۆ گۆڕانکارییە ڕێکخراوەکان بونیات بنێین: "پەرجووی ئەورووپایی".

دواتر، چەندین گریمانی دیکەی خرایە سەر. هەر لە دێر زەمانەوە زانراوە، خێزانە ئەتۆمییەکان و خێزانەکان کە دوو هاوسەرەکە لە ناوچە دوور و دابڕاوەکان لە دایکوباوکیان دەژین، یەکێک بوو لە سیفەتەکانی ئەورووپای خۆرئاوا لە سەدە نوێکاندا و ئەوە بە سیمای تازەگەری هەژمار دەکرێت.

247. Mann، The Sources of Social Power (1986)، p. 408. Pre-Industrial Societies (1989)، p. 152، Jones، The European Miracle (1981)، pp. 15-16. Macfarlane Marriage and Love in England: Modes of Reproduction 1300-1840 (1986).

ئـەوە لەتـەک تیـۆری ئایدیالـی نوێکردنـەوەدا دەگونجێـت: دەبـوا ئـەم پرۆسـەیە خێزانـی بـڵاوی بکردایـە بـە خێزانـی بچـووک. وەلـێ ئێسـتا مێژوونووسـانی پەرجـووی ئەوروپایـی بـاس لـەوە دەکـەن کـە خێزانـی ناوکـی و ئـەوەی کـە لـە شـوێنە دوورەکان لـە کەسـوکاریان نیشـتەجێن، بریتییـە لـە بەشـێک لـە "سیسـتمێکی خێزانیـی ئەوروپایـی"ی بـۆ هاوتـا (لاسـلیت)[248] جارێکی دی ئیدعـای ئـەوە دەکـەن، سـەرچاوەی ئەمـە لـە رووی مێژووییـەوە کۆنـە. هەروەهـا جەخـت دەکـەن لـەوەی نائەوروپاییـەکان ئـەم مۆدێلانەیـان نییـە. لـە راسـتیدا، چەندیـن بەڵگـەی بـاش هەنـە کـە خێزانـی ناوکـی لـە چەندیـن بـەش لـە ناوچـە نائەوروپاییەکانـدا باوبـووە. تۆبیـر زانیارییەکانـی باکـی شـرۆڤە کـرد و بینـی کـە پتـر لـە ٦٠٪ لـە خێزانـە گوندنشـینەکانی چیـن خێزانـی ناوکـی بوونـە، ئەویـش لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەمدا.[249] ئەوانە زانیاریـی مێژوویـی نیـن، وەلـێ پێویسـتە چیـن بەپێـی تیـۆری نوێکردنـەوە، سـەبارەت بـە خێـزان و شـتگەلی زۆری دیکـە "تەقلیـدی" بێـت. بەڕاسـتی، تێکەڵکردنێکی بـاو لـە نێـوان چەمکی خوێـن یـان "خزمایەتـی" لـە چینـدا و لـە نێـوان بیرۆکـەی خێزانـی بـڵاودا هەیـە - کـە ڤیبـەر پەخشـیکرد- خێزانـە گـەورە درێژبـووەوەکان لـە ئەمەریـکای لاتینـدا باونیـن. لـە هیندیـش وەکـو چیـن، خێزانـی بـڵاو بـە ئاڵـۆز هەژمـار دەکرێـت، ئەویـش بـە هـۆی ئاڵۆزیـی چەمکـی "ئـەو هاوسـەرانەی دوور لـە کەسـوکاریان دەژیـن" (لـە گوندێکـی بچووکـدا، فەراهەمکردنـی شـوێنێک بـۆ دروسـتکردنی خانـوو کێشـەیە) و هەنـدێ جـار ئـەو پێوەندییـەی لـە نێـوان نیشـتەجێبوون لـە شـوێنێکی نـوێ و زەویـی زۆردا دروسـت دەبـوو کـە دەکـرێ خانوویەکـی بچووکـی لـە سـەر دروسـت بکرێـت. تێکەڵییەکـی دیکەیـش لـە پێوەندیـی نێـوان خێـزان (و یـان هاوبەشـی)ی بـڵاو و لـە نێـوان مافـی میراتـی و هێـز و جووڵـەدا

---

248. Laslett، "The European Family and Early Industrialization" (1989).
249. Taeuber، "The Families of Chinese Farmers" (1970)، pp. 63-86.

هەیە و ئەوەی لەوەیش زیاترە[٢٥٠] لە هەمان کاتدا بۆ ئەوروپا دەگەڕێینەوە، دەبینین مۆدێلی ئەو خێزانەی دەبوا ناوکی بێت و بۆ نیشتەجێبوون بۆ دوور دەڕوات، سەبارەت بە چاخەکانی ناڤین، پرسیاریی جدیی زۆر رووبەڕووی ئەم مۆدێلە دەبێتەوە. (تا دێر وەختێ بەر لەوە، بیرۆکەی مۆدێلی بێ هاوتا، بە خەیاڵی و سەر بە فیکرگەلی دیکەی کۆن و گومان لێکراون دادەنرا - ئەوانەی لە سەرەتای ئەم بەندەدا باسکران- لە سەر هۆزە ژەرمەنییە کۆنەکان و بێ هاوتاییان و توانستیان بۆ پێشکەوتن و شتی لەو بابەتانە). مۆدێلەکانی نیشتەجێبوونی هاوسەرگیری لە چاخەکانی ناڤیندا، گوزارشیان لە رێساکانی زەویی خام دەکرد (وەکو بودجەکانی موڵکەکان و سامانەکان) پتر لە رێساکانی کۆیلایەتی و بەکرێگرتنی نائاسوودەدا، بۆیە پێویست بوو جیاوازی بکەین، لە نێوان جۆرە جیاوازەکان، لە هەرێمە شارستانییەکانی وەکو ناوچەگەلێ کە کارکردن تیایاندا لە دەرەوەی کێڵگەکان بوو (وەکو ناوچەگەلی خوری لە باشووری خۆرهەڵاتی ئینگلتەرە) و ئەو جۆرانەی کە سیفەتی "سنوور"یان هەیە و شتی لەم بابەتە. نیشتەجێبوونی فەرهەنگی، لە سایەی بارودۆخی شتێک هەیە، داوامان لێدەکات پرسیار بکەین سەبارەت بە چەمکی مۆدێلی هاوسەرگیریی ئەوروپاییی خۆرئاوایی دانەبڕاو.[٢٥١] وەلێ پێدانی سیفەتی گشتاندن بۆ خۆرئاوای ئەوروپا وا ناکات بنەمایەک هەبێت، بۆ ئەوەی مۆدێلە ئەوروپاییەکە لە رووی مێژووییەوە بە بێ هاوتا دابنێین.[٢٥٢]

٢٥٠. بڕوانە: Freedman، Chinese Lineage and Society (1966)، p. 49.

٢٥١. بە نموونە، بڕوانە:
Handler "Review of Macfarlane، A., Marriage and love England" (1989), Hilton, "Individualism and the English Peasantry" (1980)، Kertzer، "The Joint Family Household Revisited: Demographic Constraints and Household Complexity in the European Past" (1989), and Berkner, "The Use and Misuse of Census Data for the Historical Analysis of Family Structures" (1975), and "The Stem Family and the Developmental Cycle of the Peasant Household" (1989).

٢٥٢. بە نموونە، بڕوانە، G. Lee, "Comparatives" (1987)، p. 65 روونیدەکاتەوە کە "[گەلێ] لە توێژەران جەخت دەکەنەوە کە زۆربەی خێزانەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، هەمیشە پشتیان بە خێزانی ناوکیی بچووک بەستووە، بێ ڕەچاوکردنی فاکتەرە فەرهەنگییەکان کە خێزانە درێژبووەوە گەورەکانیان پێ باشترە".

لـە کۆتاییـدا، دەبینیـن مۆدێلەکـە بـە نەخـش و نیـگاری چنـراو رازێنراوەتـەوە. ئیدعـای ئـەوە دەکـرا، مۆدێلـە بـێ هاوتـا ئەوروپاییيەکـە، تەنـێ پرسـێک نییـە بـۆ گواسـتنەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوون و خێزانـە ناوکییـەکان و تەمـەن و تێکرای هاوسـەرگیری. هاوسـەرگیری لـە خۆرئـاوای ئەوروپـادا، لـە سـەر بنەمـای خۆشەویسـتی بەرپابوو. لـە شـوێنەکانی دیکـەدا، هاوسـەرگیری هەمیشـەیی بـوو. (وەلـێ وادیـارە هاوسـەرگیریی هەمیشـەیی لـە ئەوروپـای بـەر لـە تازەگـەری، بـەر لـە ماوەکانـی جموجـووڵ و پشـێویی کۆمەڵایەتـی بنەمـا بـووە. دیـارە، ئـەو چەمکـەی لێرەدا مەبەستە، بریتییـە لـەوەی کـە هاوسـەرە نائەوروپاییـەکان، بـەر لـەوەی بخرێنـە پرۆسـەی هاوسـەرگیرییەوە، بـە یەکـدی نامـۆن، بـە لایەنگیـری دادەنرێـت لـە مـاوەی کۆلۆنیالیسـتی و ئـەوە بە هەنـدێ لە هەڵوێسـتە فەرهەنگییە نائاسـاییەکان پاڵپشـتی کـراوە. خۆشەویسـتیی رۆمانسـییانە لـەم باسـەدا، بـە یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی ژیریـی ئەوروپایـی دادەنرێـت، چونکـە هاوسـەرە نائەوروپاییـەکان وەکـو ئەوروپاییـەکان دڵداربوونـە). دوای ئـەوە ئیدعـای ئـەوە کـرا، خێزانـی ئەوروپاییـی خۆرئـاوا، لەبـەر ئـەوەی ناوکییـە، ئـەوا جۆرێکـی بـێ هاوتـا لـە کەسـێتی بەرهـەم دەهێنێـت. تیۆرەکـە لێرەدا ئەوەیـە کـە خێزانـە ئەوروپاییـە ناوکییـەکان، هەردەبـێ رەفتـاری تاکەکەسـی و کێبەرکێـی هەڵپەکەر، بـۆ دەسـتەبەرکردن وەلـێ سـۆزدار بـە دوای خۆیـدا بهێنێـت. هەروەکـو پێشـتر گوتمـان، مـان و جۆنـز وێنەیـەک بـۆ ماڵـی گوندنشـینی کـۆن دەخەنـە روو، وەکـو ماڵەکـەی هانـزل و جریتل[٢٥٣] لـە قووڵایـی دارسـتاندا، بـەوەی بریتییـە لـە سـەرچاوەی مێژوویـی بـۆ ئـەم مۆدێلـە تاکەکەسـییە. وەلـێ ماکفارلیـن کـە رەنگـە توندڕەوتریـن شـێوەکانی تیۆرەکـە بخاتـە روو (دیـارە هاوڕێکانـی رەخنەیـان لێگـرت، نـەک بـە هـۆی تیۆرەکەیـەوە، وەلـێ بـە هـۆی ئیدعایـەوە کـە لـە

٢٥٣. هانزل و جریتـل: یەکێکـە لـە چیرۆکـە ئەڵمانییـە میللییـەکان، بـاس لـە داسـتانی دوو منداڵـی دارەوانێـک دەکات کـە هاوسـەرەکەی قەناعەتـی پێـدەکات لـە ترسـی برسـێتی، دوو منداڵەکـە لـە دارستانەکەدا جێبهێڵێت.

بنەڕەتدا، بە سەر ئینگلیزەکاندا جووتدەبێت) ئیدعای ئەوە دەکات، خێزانی ئینگلیزی لە سەرەتاکانی چاخەکانی ناڤیندا، کەسێکیان بەرهەمهێنا کە خاوەنی سیفەتگەلی دەروونی و رەفتاری بوو کە (لە جەوهەریدا) هەمان سیفەتەکانی کەسێتیی سەرمایەدارییە بەلای ڤیبەرەوە و زریزە سەدەمکارییەکە بەرەو پێشەوە دەڕوات، لە دابونەریتە خێڵەکایەتییەکان و ئایین و خێزان و لە خێزانی کەسێتی و لە کەسێتیی سەرەتاکانی سەرمایەدارییەوە (دیارە ئەوە خاڵێکە دواتر دەگەڕێینەوە سەری). ئەو باسە لە بنەڕەتدا، لە رێگەی پێکهێنانی مۆدێلێکەوە لەوەی ماکفارلین بە "کۆمەڵگەی گوندنشین"ی خاوەن خێزانی گوندنشینی و ئەقڵیەتی گوندنشینی دادەنێت. وەلێ گەلی ئینگلیزیی گوندنشینی سەرەتا، لەتەک ئەم مۆدێلەدا ناگونجێت. بۆیە ئەوان جووتیار نین و هەمان ئەو سیفەتە کەسییە گوندنشینەیان نییە، لە جۆری خێزانی تەقلیدی و ئەقڵیەتی تەقلیدی.[254] هەروەها گەلێ کەس قسەیان لە سەر تێگەیشتنی ماکفارلین "لە سەر گوندنشین" هەبووە، پیاوی مشەخۆر ناتوانێت هەڵگری سیفەتەکانی ئەوانە بێت کە لە ناوچە نائەوروپاییە نوێکان یان کۆنەکاندایە و بۆچوونی بە سەر ئەوەی تاکەکان لە کێڵگەکانی ئینگلتەرە لە چاخەکانی ناڤیندا جووتیارنین، بە هەڵەیەکی مێژوویی هەژمار دەکرێت.[255]

تیۆری خێزانی ئەوروپاییی بێ هاوتا، بە بەشێکی گرنگ لە تیۆری پەرجووی ئەوروپایی هەژمار دەکرێت، بەو جۆرەی ئەمڕۆ ناسراوە. لە دوو باسی بەرچاودا بەکاردەبرێت، یەکەم: تیۆری خێزان و تیۆری ماڵتۆس یەکدەخات. دەڵێت خەڵکی بەگشتی لە سەر ئاستێکی ژیری و پێگەیشتنی

254. Macfarlane، The Origins of English Individualism (1978)، chap. 1 and "The Cradle of Capitalism" (1988)، p. 344.

٢٥٥. بە نموونە، بڕوانە:
Hilton، "Individualism and the English Peasantry" (1980) and Handler، "Review of Mcfarlane، A.، Mrriage and Love in England" (1989).

تەواودا نین کە ئامادەگییان تێدا دروست بکات، کۆنترۆڵی رەفتاری رەگەزیی خۆیان بکەن و ژمارەی منداڵان سنووردار بکەن، تا لەتەک بارودۆخی باو لە بوونی خۆراک و شتی لەو بابەتە بگونجێت. بۆیە، مرۆڤە ئاساییەکان بە قەیرانگەلی بەردەوامدا رەتدەبن، یان ناوبەناو تیایاندا زۆربوونی دانیشتوان قاتوقڕی و شەڕو نەخۆشی لێدەکەوێتەوە و ژمارەی نزمی دانیشتوان، دوای ئەوە بەرەو زیادبوون لە زاوزێ، جارێکی دی بەو ئاراستەدا دەڕوات. شتێک کە بنەڕەتی بێت، بریتییە لە نائەقڵانی و پێنەگەیشتن. خەڵکی دەبەنگانە رەفتار دەکەن، (وەکو ئەوەی مالتۆس بەر لە ٢٠٠ ساڵ گوتی) وەکو دڕندەی تەویلەکان.[٢٥٦] دەرەنجامی مێژوویی ئەم پرۆسەیە، بریتییە لە رێگەگرتن لە گەشەکردن. هەر گەشەکردنێک لە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان بە نموونە، دەبێتە هۆی گەشەکردنی دانیشتوان، دواتر قەیران، دواتر کەمیی ژمارەی دانیشتوان، بۆ ئەو شوێنە دەگەڕێتەوە کە لە خاڵی سفرەوە دەستمان پێکرد، دیارە ئەوە بازنەیەکی داخراوە لە وەستان و چەقبەستن. دیارە ئەوە یەکێک لە هۆکارەکانی گەشەنەکردنی کۆمەڵگە نائەوروپاییەکانە بە شێوەیەکی گشتی و رەنگە گرنگترینیان بێت. بە پێچەوانەوە، ئەوروپاییەکان هەمیشە (رەنگە لە هەزارەی پێشوودا) رەفتارێکی هۆشیاریان دەرخستبێت، سەبارەت بە دانیشتوان. ئەمەیش بڕیارگەلێ لەخۆ دەگرێت، لە سەر هاوسەرگیری و زاوزێ. هاوسەرگیریی دواتری بێ هاوتای ئەوروپایی و خێزانی ناوکی و شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ و خێزانی یەکانگیر بریتییە لە دامەزراوەی چالاک کە بەوە ئەو پرۆسەی هۆشیاری دروستکردنی بڕیار روودەدات. بۆیە خێزانی ئەوروپایی رێگەی بە ئەوروپاییەکان (یان ئەوروپاییەکان لە خۆرئاوا یاخود باکووری

٢٥٦. «وادیارە، رەنگە مۆدێلی رەوێڵ [تاکە سەرەتاییەکان] سەبارەت بە [بەپیتی و مردنەکان] تا رادەیەکی زۆر لەوە دەچێت کە دەکرێ تێبینی بکرێت بەلای گەلێ لە ئاژەڵانەوە» Wrigley، Population and History (1969), p. 37. ریجلی لە سەر کۆمەڵگەکانی راو و چنینەوە دەنووسێت. "وەسفی پێوەندی لە نێوان نەرێتە کۆمەڵایەتییەکانی ئاژەڵان و رێکخستنتی ژمارەی ئەو ئاژەڵانە" بریتییە لە خاڵێکی گونجاو بۆ دەستکردن بە توێژینەوەی مرۆڤی سەرەتایی" (p. 37).

خۆرئاوای ئەوروپا) دا، چاودێریی نەشونمای دانیشتوان بکەن و دواتر سامانی مژادی کەڵەکە بکەن کە دەکرێ لە غەیری ئەوەدا بۆ خۆراکی منداڵی زۆر خەرج بکرێت. ئەم کەڵەکەبوونە سەرەتاییە، بنەمای گەشەکردنی بەردەوام بۆ ئەورووپا پێکدەهێنێت. ئەم تیۆرە بە شێوەیەک لە شێوەکان، گەلێ لەو مێژوونووسانەی پێشکەشکرد کە باسوخواسمان لەتەکیاندا ئەنجام دا، لەوانە کرۆن، هۆل، جۆنز، لاسلیت، ماکفارلین و مان.[٢٥٧] هۆل لە قسەکردنەکەی خوارەوەیدا (پێشتر هەندێ لەوەمان هێناوەتەوە)، گوزارش لە یەکێک لە شێوەکانی ئەو تیۆرە دەکات:

> خێزانی ئەوروپایی هەمیشە بچووک بووە، درەنگ هاوسەرگیری دەکەن، ناوکی و ئاستێکی بەرچاوی لە هەستیاری سەبارەت بە گوشاری ماڵتۆس هەیە...دیارە فراوانبوونی ئابووریی ئەوروپا بە شێوەیەکی بەشەکی وەکو چینی تەقلیدی روونەداوە، ئەویش لەبەر ئەوەی چاکسازی لە بەرهەمهێناندا، بە هۆی نەشونمای گەورەوە لە ژمارەی دانیشتوان بەکارنەدەبرا. رێژەی نێوان ژمارەی دانیشتوان و رووبەرە زەوییەکان بە باشی مایەوە، ئەویش بە هۆی پاکوخاوێنی و دیسپلینی خێزانی ئەوروپاییەوە.[٢٥٨]

تیۆرەکەی ماڵتۆس وا بە مرۆڤدا دەڕوانێت بەوەی دڕندەیە. وەلێ تەنانەت بۆ ئەو توێژەرانەی بڕوایان بە تیۆرەکەی ماڵتۆس هەیە، ئەوا بیرۆکەی ئەوەی کە خێزانی ئەوروپایی خۆی لە کارەساتەکانی ماڵتۆس دوور دەگرێت پەسەند نییە.

---

257. Crone، Pre-Industrial Societies (1989)، p. 153، Hall، Powers and Liberties: The Causes and Consequences of the Rise of the West (1985)، pp. 130-132، Jones، The European Miracle (1981)، pp. 3، 13-15، 217-219، 226-227، 231، and elsewhere، Laslett، "The European Family and Early Industrialization" (1989)، pp. 235-240، Macfarlane، "The Cradle of Capitalism" (1988)، chap. 14، Mann، The Sources of Social Power (1986)، p. 408.
258. Hall، Powers and Liberties (1985)، pp. 130-131.

رێگەی دووەم کە تیایدا تیۆری "خێزانی بێ هاوتای ئەوروپایی" بەکارهات، لە باسوخواسەکانی "پەرجوو"ی ئەوروپاییدا: بریتییە لە هەڵگۆزینی ئەو رێگانەی لە رێگەیانەوە خێزانی ئەوروپایی کۆمەڵێ لە هەڵسوکەوت و کاری پێشکەوتنخوازی بێ هاوتا بەرهەم دەهێنێت کە ئەوانیش بەش بە حاڵی خۆیان پەرجوویان لێدەکەوێتەوە. لاسیلت بەم باسە، گوزارش لە شێوەیەکی باوی بەکارهێنان دەکات:

> رەنگە سیستمی خێزانیی ئەوروپایی بەرپرس بێت لە زنجیرەیەکی تەواو لەو تایبەتمەندییانەی بۆ پێشکەوتنی ئابووری و رەنگە بۆ داهێنان یارمەتیدەرن. دیارە بارودۆخی هاوسەرگیری و زاوزێ بە سەر هەموو تاکەکاندا...زەرورەتی پاشەکەوت و کۆکردنەوەی پارەی سەپاند...بۆ گیانی پاشەکەوت و دەستپێوەگرتن، هانی سیستمی خێزانی ئەوروپایی دا.[٢٥٩]

بۆیە، خێزانی ئەوروپایی هەر لە چاخەکانی ناڤینەوە، بە سەرچاوەی سەرەکی بۆ خەسڵەتە کەسییەکانی سەرمایەداری دادەنرێت. دیارە ئەوە بە ئاسانی بڕوای پێناکرێت، هەروەها لەتەک راستییەکانی ژیان (و دەروونناسی) ی بەر لە ١٤٩٢دا کۆک نییە. لاسلیتیش وەکو ماکفارلین و کەسانی زۆری دیکە، بە هەڵە گریمانی ئەوە دەکات، لە راستیدا خێزانی ئەوروپاییی نموونەیی لە چاخەکانی ناڤیندا سەرپشکبووە لە پاشەکەوت و کۆکردنەوەی سامان و شتی لەم بابەتە. ئەو باسوخواسە ئەوە دەخوازێت کە خێزانی گوندنشین خاوەنی رووبەری گەورەی زەوی بێت، یان لای کەم کرێگرتەیەک بێت ئاسوودەیی بەهێزی هەبێت، تا کەڵەکەبوونی سەرمایە بتوانێت بەدیبێت و خاوەنی زەوی

259. -Laslett، “The European Family and Early Industrialization” (1989)، p. 237.

یان فیودالْ بە فیرۆی نەدات. لە ئەورووپای خۆرئاوا لە کۆتایی چاخەکانی ناڤیندا، ناکۆکییەکی گەورە لە سەر پلەی خاوەنداریتیی زەوی هەبوو، وەلێ بە دڵنیاییەوە، رەفتاری خێزان بەو شێوەیەی لاسلیت وەسفی دەکات، ناکرێ لە سایەی سیستمی فیودالیدا باوبێت و دوای هەرەسهێنانی ناکرێ لە شوێنگەلێکدا باوبێت کە جووتیاران تیایدا زەوییان هەبێت. وا دیارە ئەوە بریتییە لە رێسا نەک ریزپەڕ.[٢٦٠] بۆیە ئەم باسەیش هەڵدەسێت بە گۆڕینی مێژوو. دیارە مۆدێلی جووتیاری خاوەن موڵکی بچووک لە سەدەی هەژدەیەمدا کە خاوەنی ئەقڵیەتی بازرگانی بوو، بۆ دواوە بۆ چاخەکانی ناڤین دەگەڕێتەوە و دەرەنجامەکە بە هۆکار دەبێت.

باسوخواسی زۆر هەیە کە هەمان کار دەکەن: خێزانی ئەورووپایی بووە هۆی پەرجووی ئەورووپایی و ئەوە باوە لە وتاری توێژینەوەی ئەکادیمی ئەمڕۆ و رووبەرەکە رێگە دەدات بە من، نموونەیەکی دیکە لە لۆرانس ستونەوە بهێنمەوە:

> دەرهاویشتەی زۆر هەیە، لە مۆدێلی هاوسەرگیریی درەنگ وەخت دەکەونەوە...بەجێیە گریمانی ئەوە بکەین، ئەم دواکەوتنە سەبارەت بە گەنجان نکوڵییەکی دەوێت بۆ هاندەری رەگەزی، لە کاتێکدا خۆڕسکیی رەگەزی بەلای پیاوەوە گەیشتە ئەوپەڕی...ئەگەر بەدواداچوون بۆ تیۆرەکەی فرۆید بکەین، ئەوا بە دەمارگیریمان دەگەیەنێت...رەنگە

---

٢٦٠. بڕوانە:
Croot and Parker، “Agrarian Class Structure and the Development of Capitalism: France and England Compared” (1985).

ئەم بابەتە و غەیری ئەوە لە کتێبی:
Aston and Philpin، The Brenner Debate: Agrarian Class Structure and Economic Developmment in Pre-Industrial Europe (1985).

بە درێژی باسی ئاستی نزمی موڵکیەتی زەوی لە ئەورووپای چاخەکانی ناڤیندا دەکات.

ئەمــە ســوودی بــۆ روونکردنــەوەی ئاســتی دوژمنکاریــی بــەرز هەبێــت، لــەو تاقمــەی دەبنــە هــۆکار لــە پشــتی دوژمنکاریــی پاوانخوازییــەوە، لــە دوڵــەت/نەتــەوە خۆرئاواییــەکان لــەو کاتــەدا. هەروەهــا هانــدەری پشــتی پــرۆژە ئابوورییــەکان دەبێــت... هانــدەدات بــۆ پاشــەکەوت، بــۆ ئــەوەی بتوانــن هاوســەرگیری بکــەن، هەروەهــا میکانیزمێکی کۆمەڵایەتــی و ئابووریــی چالاکی دروســتکرد.[261]

هەروەها لە:

رەنگــە باڵادەســتی لــە ســەر رەگــەز، لــە نێــوان گەنجــە باڵقەکانــدا، دوژمنکاریــی ســەربازیی تونــد و ئابــووری و ئــارەزووی کاری قــورس و پــرۆژە بازرگانــی و فیکرییەکانــی پیاوی خۆرئاوای نوێ راڤە بکات.[262]

ئەوروپاییــەکان جیهانیــان داگیرکــرد، لەبــەر ئــەوەی گەنجەکانیــان لــە رووی رەگــەزەوە نــاکام بــوون.

رووبەرەکــە مــەودای ئەوەمــان نــادات، راڤەکردنــە جۆراوجۆرەکانــی دیکــە بگێڕینــەوە و باسیان بکەیــن کــە بــە پەرجووی ئەوروپایــی ناودەبرێت. هەنــدێ لە راڤەکاریی ســەربار لــە راســتاگەلی جۆراوجــۆر لــە بابەتگەلــی دواتــر لــەم کتێبــەدا ناودەبەیــن. وەلــێ هیــوادارم باسوخواســەکە لــەم بەنــدەدا، ئــەوەی روونکردبێتــەوە کــە هیــچ ســیفەتێک نییــە، چ بــۆ ژینگــەی ئەوروپایــی و گەلــی ئەوروپایــی و فەرهەنگــی ئەوروپایــی، لــە هــەر کاتێکــی بــەر لــە ١٤٩٢ دا، پێوەندیــی بــە راســتیی گەشــەکردنی ئەوروپــاوە هەبێــت، لــە کاتێکــدا شارســتانییەکانی دیکــە بــێ پێشــکەوتن مابێتنــەوە.

261. Stone، The Family، Sex and Marriage in England، 1500-1800 (1977)، pp. 53-54.
262. Stone، The Family، Sex and Marriage in England، 1500-1800 (1977)، p.652.

هـەوڵ دەدەم لـە دوو بەنـدی دواتـردا، ئـەوە روون بکەمـەوە کـە چۆن پێویسـتە پرسـیار بـە شـێوازێکی جیـاواز دابڕێژرێـت و بـە رێگەیەکـی دیکـە وەرامبدرێتـەوە. دیـارە ئەوروپـا بـە بـەراورد لەتـەک شارسـتانییەکانی دیکـەی بـەر لـە ١٤٩٢دا رانەپەڕیـوە. رێنیسانسـی ئەوروپـا دوای ١٤٩٢ گـوزارش لـە سـیفەتێکی تایبـەت بـە تەنـێ ئەوروپاییـەکان نـاکات، وەلـێ بـە هـۆی کۆلۆنیالیسـتی لـە سـەدەی شـانزەیەم و دواتریـدا، سـامانێکی گـەورەی بـۆ هـات.

# بەندی سێیەم

## بەر لە ١٤٩٢

لەم بەندە و بەندی دواتردا، باسەکەم لە سەر سێ گریمانە چەقدەبەستێت:

١. بەر لە ١٤٩٢ لە ناوچەگەلێ لە ئەوروپا هەروەها لە ناوچەگەلێ لە ئاسیا و ئەفەریقیادا، گەشەکردن بە ئاراستەی تازەگەری و سەرمایەداری هەبوو. پرۆسەی سیاسی لە سەر نیوەی گۆی زەوی، بریتی بوو لە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی بەر لە سەرمایەداری، واتە لە کشتوکاڵیی چینایەتییەوە، بەرەو کۆمەڵگەی شێوە سەرەتایی سەرمایەداری. هیچ شتێک نەبوو پەیوەستبێت بە مەبەستگەراییەوە، جۆرێ لە خەباتی گەشەکاری نەبوو، بەرەو ئامانجێکی لەچارەنووسراو کە بریتییە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری. من بە سادەیی باس لەوە دەکەم، ئەوەی لە ئەوروپادا رووی دا، لە چەند بەشێکی پەرشوبڵاوی نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەویشدا رووی داوە. وشەی "فیودالیزم" بۆ وەسفکردنی کۆمەڵگە کشتوکاڵییە چینایەتییەکان، لە ئەفەریقیا و لە ئاسیادا و هەروەها لە ئەوروپا بەکار دەبەم (هۆکارەکانی خۆم دەخەمە روو کە بەمجۆرە ئەم وشەیەم بەکارهێناوە). ئەم شێوازەی کە دواتر دەرکەوت بە "بەر لە سەرمایەداری" ناودەبەم. رەنگە لە ١٤٩٢دا، شێوەی کۆمەڵایەتیی فیودالّی بووبێت کە کۆنترۆڵی پتر لە نیوەی هەر کیشوەرێک لە نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەوی کردبێت. سێنتەرەکانی بەر لە سەرمایەداری لە ناوچەگەلی پەراکەندە لە سێ کیشوەرەکەدا دەردەکەوتن و لە رێگەی تۆڕێکەوە لە خۆرئاوای ئەوروپاوە تا باشووری ئەفەریقیا و تا خۆرهەڵاتی ئاسیا درێژ دەبووەوە، پێکەوە بەسترێنیسانسەوە.

٢. ئەم سیستمە لە سەر ئاستی نیوەی گۆی زەویدا، کەمێ دوای ١٤٩٢ دەستیکرد بە هەڵوەشانەوە، بە هۆی سامان و هێزەوە کە ئەوروپاییەکان

لە ئەمەریکادا دەستەبەریان کرد. ئەمەریکا لە بەردەم ئەوروپاییەکاندا شکا، نەک لە بەردەم ئاسیاییەکان یان ئەفەریقیاییەکاندا، ئەویش بە هۆی پێگەی ئەوروپا لە سەر گۆی زەوی، نەک بە هۆی بالاْدەستیی ئەوروپا لە ئاست یان تێکڕای گەشەکردن یاخود "دەرەتانی" گەشەکردندا.

٣. هاتنی بەلێشاوی سامان بۆ ئەوروپا، لە کەڵەکەبوونی کۆلۆنیالیستەکان لە ئەمەریکا و دواتر ئاسیا و ئەفەریقیاوە بوو. ئەوە هێزی سەرەکییە کە راستیی گۆڕانی ئەوروپای خێرا بۆ کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری راڤە دەکات و راستیی تەواوکەر بەوەی نێوەندەکانی بەر لە سەرمایەداری لە ئاسیا و ئەفەریقیا بەرەو هەرەس رۆیشتن و دواتر گرنگیی رێژەیی و رەهای خۆیان لەدەست دا. گەشەکردن لە ئەوروپا و دواکەوتن لە ناوچەکانی دیکەدا دەستیپێکرد. پرۆسەگەلی ناوخۆیی ئەوروپایی هەبوون کە لەو کیشوەرەدا، بە هۆکاری گرنگی گۆڕان و گەشەکردن دادەنرێن، وەلێ پرۆسەی بنەڕەتی کە ئاگرەکەی خۆشکرد و پرۆسەی وەرچەرخانی بە بەردەوامی بەرەو پێشەوە دەبرد، بریتییە لەو سامانەی لە کۆلۆنیالیستەوە هێنرابوو.

گریمانەی یەکەم بریتییە لە بابەتی ئەم بەندە، وەلێ بابەتی بەندی چوارەم بریتی دەبێت لە گریمانەی دووەم و سێیەم.

هەرگیز ناتوانم راستیی ئەم گریمانانە بسەلمێنم. بە سادەیی بڕێکی زۆر لە بەڵگە دەخەمە روو کە پاڵپشتی لێدەکەن و روونی دەکەمەوە کە چۆن ئەو گریمانانە، لەتەک راستییە زانراوەکانی دیکە، لە تیۆرێکی یەکانگیردا دەگونجێن. دیارە ئەوە ئەو تیۆرەیە کە پێشنیازی دەکەم و بریتییە لە تیۆرێکی لۆژیکی، سەبارەت بە "بەڵگەهێنانەوە بۆ راستی"، لەتەک رەچاوکردنی ئەو بەڵگانەی دەیانزانم و بڕی باسوخواسە درێژەکان کە دەکرێ

لـەم بەنـدەدا سـیخناخیان بکەیـن. هەنـدێ بەشـی ئـەم باسـە (وەکـو گەشـەکردنی ئەفەریقیـای بـەر لـە ١٤٩٢) چاوئەنـدازی دەکرێـت، لـە سـەر ئاسـتێکی فـراوان، لـە ئاسـتی ئـەو بەڵگانـەی لەبەردەسـتماندان، ئەویـش بـە بۆچوونـی مـن، چونکـە ئـەو راسـتییانەی پێویسـتمان پێیـان هەیـە تـا جەخـت بکەیـن، یـان ئـەو بەشـانە لـە باسـەکە رەتبکەینـەوە کـە تـا ئێسـتا لەبەردەسـتماندا نیـن و بـە بایەخپێدانـەوە بـە دوایانـدا نەگـەڕاون، لەلایـەن توێژینـەوەی ئەکادیمـی لـە بـواری تیـۆری بڵاوبوونـەوەدا. وەلـێ لایەنـی گـەورە بریتـی دەبێـت لـە چاوئەندازیـی بونیاتنـراو لـە سـەر بنەماگەلـی هەسـتگەرایی بەهێـز. وێـڕای ئـەم بەڵگەیـە، بەڵگەیەکـی دیکە هەیـە، لـە بەنـدی پێشـوودا خرایـە روو، دژی دژە تیـۆرەکان کە نکوڵـی لە گرنگیی ناوچـە نائەوروپاییەکانـی بـەر لـە ١٤٩٢ و دواتـری دەکـەن. ئەمەیـش رووبەرێکـی بـۆ باسـکردنی ئـەو بابەتانـەی رەخسـاندین کـە لـەم بەشـەدا دەیخەینـە روو.

## دۆخی جیهان لە چاخەکانی ناڤیندا

بـەر لـە ١٤٩٢ شارسـتانییەکان لـە ئاسـیا و ئەفەریقیـا و ئەوروپـادا، لـە چەندین رووەوە، لـە یەکـدی جیـاواز بـوون، وەلـێ لـە چەندیـن لایەنـەوە لێکچووبـوون. پێموایـە خاڵەکانـی جیـاوازی لـە گەشـەکردنی فەرهەنگیـدا، گرنگییەکـی ئەوتۆیـان نەبوو.[٢٦٣] لـە بەنـدی دووەمـدا، ژمارەیـەک لـەو تیۆرانـەم گێڕایـەوە کـە ئیدعای ئەوە دەکـەن، ژمارەیـەک لـە جیاوازیـی تایبـەت لـە نێـوان ئەوروپـا و شارسـتانییەکانی دیکـەدا هەیـە و ئەوەیـە کـە رێنیسانسـی بـێ هاوتـای ئەوروپـا راڤـە دەکات، مـن هەوڵمـداوە ئـەوە بخەمـە روو کـە ئـەو تیۆرانـە قەناعەتپێکـەر نەبـوون. لـە باسـی خـوارەوەدا، مامەڵـە لەتـەک هەنـدێ لـە بەشـەکانی فەرهەنگـی یەجـگار گرنـگ و ژینگـە دەکـەم، سـەبارەت بـە پرۆسـەی گەشـەکردنی فەرهەنگـی و هەروەهـا هـەوڵ

٢٦٣. ئـەوەی تایبەتـە بـە بـەوەی دەسـتەواژەی «گەشـەکردنی فەرهەنگـی» بەکاردەهێنـم، بڕوانـە بەنـدی یەکـەم، پەراوێـزی ١٦.

دەدەم ئـەوە روون بکەمـەوە کـە مۆدێلەکانـی ئەوروپـا لـە چاخەکانـی ناڤینـدا، بـە شـێوەیەکی جدی لەوانـەی دی جیـاواز نەبوونـە کـە لـە شارسـتانییەکانی دیکـەدا هەبـوون. باسـی ئـەوە دەکـەم، ئەمرازەکانـی بەرهەمهێنـان و پێکهاتـەی چینایەتـی و سیسـتمەکانی ئاڵوگـۆڕی شـوێنەکی و بەشارسـتانیبوون، تـا رادەیەکـی زۆر، لـە نێـوان گەلـێ لـە شارسـتانییەکاندا لێکچووبـوون، ئیتـر بـە رێگەگەلـی لێکچـوو گەلاڵەبـوون و تـا رادەی ئـەوەی لـە سـەر ئاسـتی نیـوەی گـۆی زەویـدا، بریتـی بـوون لـە بەشـگەلێ لـە پرۆسـەیەکی بـاو.

لـە سـەدەی بـەر لـە ١٤٩٢، زۆربـەی مرۆڤایەتـی لـە کۆمەڵگـەی چینایەتیـی کشـتوکاڵیدا دەژیـان. زۆربـەی زۆری خەڵکـی لـەو کۆمەڵگانـەدا جووتیـار بـوون، ئەوەیـان بەرهـەم دەهێنـا کـە پێـی دەژیـان، هەروەهـا ناچـار دەبوون بەشـێکی زۆر لـە بەرهەمەکەیـان (یـان کارەکەیـان یاخـود داهاتـی دارایيـان) رادەسـتی چینێـک لـە دەسـتەبژێرەکان یـان چینـی دەسـەڵاتدار بکـەن، ئەمەیـش بریتییـە لـە چینێـک، گەلـێ جـار ئیدعـای مافـی خـۆی لـە زەویدا کردووە و هەمیشـە هێزی راسـتەقینە و فەرمـی بـە سـەر جووتیارانـدا هەبـووە. ئەوەی لێرەدا وەسـفم کرد، بـەوەی بریتییە لـە شـێوازی بەرهەمهێنـان، بریتییـە لـە کۆمەڵێکـی تێکهەڵپـژاو لـە سـیفەتەکان، لەوانـە سـەرچاوە مژادییەکانـی وەکـو زەوی و فەرهەنگـی مـژادی (ئامێـرەکان و لێکچووەکانیـان) و هێـزی کاری بەکارهاتـوو لـە بەرهەمهێنـان و دابەشـکردن و رێسـا کۆمەڵایەتییـەکان کـە کۆنترۆڵـی سـامانە مژادییـەکان و دابەشـکردنی بەرهەمهێنـان و سـیفەتگەلی دیکـە دەکات. وەلـێ لـە ئەوروپـا لـە چاخەکانـی ناڤینـدا، ئـەم شـێوازە لـە بەرهەمهێنـان بـە «فیوداڵـی» ناودەبـرا. دیـارە ئـەوە بەشـێکە لـە چەمکێکـی گەورەتـر، بریتییـە لـە «کۆمەڵگـەی فیوداڵـی». یەکێـک لـە سـیما گرنگەکانـی کۆمەڵگـەی فیوداڵیـی ئەوروپایـی بریتـی بوو لـە سرووشـتی دەوڵەتـەکان و هێـزی سیاسـی. ئاماژەیەکـی دی بریتـی بـوو لـە فەرهەنگی چینـی

خاوەن زەوییەکان بە نازناویان و سوارچاکییان و شتی لەو بابەتە. سێیەمیان بریتییە لە گرنگیی سیستمی جووتیاری کۆیلە، لە هەندێ لە هەرێمەکان و ماوەکاندا. وەلێ بنەمای (یان بە هەرحاڵ هاوتەنیشتی) ئەو ئاماژانە، بریتی بوو لە راستیی گشتیی فیودالیزم، وەکو شێوازی بەرهەمهێنان، وەکو جووتیار و خاوەن زەویی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیی چینایەتی کە تیایدا چینی خاوەنی زەوییەکان پشت بە زێدە بەرهەمی وەرگیراو (و هەمیشە لە رێگەی بەکارهێنانی رادەیەک لە هێز) لە بەرهەمهێنە جووتیارەکان دەبەستێت. ئەم شێوازی بەرهەمهێنانە لەتەک فرەییەکانیدا، بریتی بوو لە سیمای بنەڕەتیی گشت کۆمەڵگە کشتوکاڵییە چینایەتییەکان، لە نزیکەی نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەویدا.[٢٦٤] بۆیە دەستەواژەی (شێوازی بەرهەمهێنانی فیودالی) بۆ گشت وەها کۆمەڵگەیەک بەکاردەبەم.

کەسانی دی دەستەواژەکەیان بەم شێوازە بەکارهێنا، وەلێ رووبەڕووی رەخنەی گرنگ و جۆراوجۆر بوونەوە. ئەو توێژەرانەی پێداگری دەکەن لە سەر ئەوەی سیما و ئاماژە ئەوروپاییە تایبەتەکان بەراستی بزوێنەرن کە دەبنە هۆی گۆڕین، ئەوا وەسفی جۆرەکانی دی لە کۆمەڵگەکان رەتدەکەنەوە، بەوەی بریتین لە «فیودالی». ماکس ڤیبەر، بە نموونە، پێیوابوو فیودالییە ئەوروپاییەکان تایبەت و تاکەوانی بوون، هەروەها هۆکارگەلی گرنگ (یان مەرجگەل) لە پشتی پێشکەوتنەوە بوون. ئەو مارکسییانەی سیستمی جووتیاری کۆیلە لە گەشەکردندا، بە ئامارژە و سیمای بنەڕەتی دەزانن، هەرگیز نایانەوێ ئەو دەستەواژەیە «فیودالی» لەتەک کۆمەڵگەگەلێکدا بەکارببەن کە ئەم سیستمەیان تیادا نەبووە (سەرەڕای ئەوەی لە ناوچەگەلی

٢٦٤. باسوخواس لەم بەشە لە بەندەکە، مامەڵە لەتەک نیوەی رۆژهەڵاتی گۆی زەوی دەکات، لە بەندی چوارەمدا، باسی نیوەی رۆژئاوای گۆی زەوی دەکەین.

زۆری دەرەوەی ئەورووپـادا بوونـی هەبووە).[٢٦٥] سـەمیر ئەمیـن ئـەم بەکارهێنانـە فراوانـەی دەسـتەواژەی فیودالیـزم ڕەتدەکاتـەوە، لـە سـەر بنەمـای ئـەوەی داوامان لێـدەکات، فیودالیزمـی ئەورووپایـی وەکـو مۆدێلێـک بەکارببەیـن، بـە پێـی ئـەوە کۆمەڵگەکانـی دیکـەی لێکچـوو لـە کیشـوەرەکانی دیکـە بپێویـن. بۆیـە ئـەو پێـی باشـترە، «لایەنگـر یـان پاشـکۆ» لـە بـری دەسـتەواژەی «فیـودالأ» بەکاربیەیـن، بـە ڕاسـتی باسـی ئـەوە دەکات کـە شـێوازە جۆراوجـۆرەکان لـە پوختەکردنـی زێـدە لـەم شـێوازە لـە بەرهەمهێنـان (بـاج و کـرێ، پـارەی دەسـاودەس و هێـزی کار و بەرهەمهێنـان)، ڕەنگـە لێکچـووی چەمکـی باجدانبن.[٢٦٦] بۆچوونـی مـن ئەوەیـە، مێژوونووسـانی سـێنترالیزمی ئەورووپایـی مافـی چـاپ و پەخشـیان لـە سـەر ئـەم دەسـتەواژەیە «فیودالیـزم» نییـە، هـەر بۆیـە ئـەوە ڕاسـتە و دەکـرێ بـۆ ئامـاژە بـۆ ئـەم ئەمـڕازە لـە بەرهەمهێنـان لـە هـەر شـوێنێک تێبینـی بکەیـن لـە هـەر کیشـوەرێکدا و لـە هـەر پێکهاتەیەکـی کۆمەڵایەتیـدا بەکاربیبەیـن. ڕەخنەگرتنگەلـی دیکـە دەمێنێـت. ئـەی چـی دەربـارەی کۆمەڵـگە شارسـتانییە بچووکـەکان کـە لێـرە و لـەوێ، لـە سـەر نەخشـە لـەو ماوەیـەدا دەیانبینیـت؟ لـە بەشـێکی دیکـەی ئـەم بەنـدەدا، دێینـە سـەر ئـەم پرسـە. چـۆن دەبـێ وەسـفی ئـەو کۆمەڵگانـە بکەیـن کـە گەلـێ لـە مۆدێلـی جووتیـار- خـاوەن زەوی جیـاوازن؟ ئـەی چـی دەربـارەی کۆمەڵـگە چینایەتییـە شوانکارەکان؟ ئـەی چـی دەربـارەی ئـەو کۆمەڵـگە چینایەتییانـەی تیایانـدا پێوەندیـی خوێـن و خزمایەتـی لـە نێـوان چینـی دەسـەڵاتدار و چینـی بەرهەمهێنـدا هەیـە؟ ئـەو پێناسـانە گرنگـن، هـەوڵ دەدەم لـە ڕاسـتای باسـی داهاتـوودا، مامەڵـەیـان لەتەکـدا بکـەم.

پرسـیاری زۆر هەنـە، دەربـارەی بنەمـا و گەشـەکردنی کشـتوکاڵ و شـێوازی بەرهەمهێنانـی فیودالـی کـە بـێ وەرامـن. زۆربـەی توێـژەران تـا ئـەم دواییەیـش

٢٦٥. بڕوانە: Dobb, Studies in the Development of Capitalism (1947).

266. Amin, Unequal Development (1976) and “Modes of Production: History and Jnequal Development” (1985).

پێیانوابوو کشتوکاڵ و چینی کۆمەڵایەتی و چەندین سیفەتی دیکەی شارستانی، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی نزیکی کۆندا دەرکەوتوون. (ئەمەمان لە بەندی یەکەمدا باسکرد). لەتەک بڕوابوونمان بەو کۆمەڵە لە گریمانە پەیوەستەکان بە بیروباوەڕە نادیار و ناوەڕۆکی و (ئاشکرا)کانەوە، دەربارەی دواکەوتنی فەرهەنگی و پێشنەکەوتنی ئاسیاییەکان و ئەفەریقیاییەکان، باشتر وابوو بۆی، سرووشتی کشتوکاڵیی ئەوروپای فیودالی، دەبوا بە ئاستێکی بەرز لە گەشەکردنی جۆرەکی بگات- یان بە شێوەیەکی دیکە، پێویستە دەرەتانی گەورەی بۆ گۆڕانی خێرا هەبا- پتر لە ناوچەکانی دیکە و ڕەنگە لە گشت ناوچەکانی ئاسیا و ئەفەریقیا لە چاخەکانی ناڤیندا. دیارە لۆژیکی بوو بڕوا بەوە بکەین، کشتوکاڵ بەم شێوازە تا ئێستایش، لە رووی دەرەکییەوە لە هەندێ لە ناوچە لابەلاکان، لە نیوەی گۆی زەویدا لەو ماوەیەدا، بەرەو بڵاوبوونەوە دەڕۆن. بە نموونە، هەروەکو لە بەندی دووەمدا تێبینیمان کرد، مێژوونووسان لایاندا بەلای ئەوەی بڕوا بەوە بکەن، زۆربەی باشووری ئەفەریقیا، تا سەرەتاکانی چاخی نوێ «بەر لە کشتوکاڵی» بوون. توێژەران مەزنەی زۆریان خستەڕوو و لە بەر تیشکی مۆدێلە بنەڕەتییەکە، ئەمە بە پرۆژەیەک هەژمار دەکرێت، سەبارەت بەو مێژووانەی کشتوکاڵ بە شێوەیەکی گشتی و رووەکە راهاتووەکان و ئاژەڵەماڵییەکان، بە شێوەیەکی تایبەت بۆ هەرێمە لابەلاکان لە پرۆسەی بڵاوبوونەوەدا پێیگەیشتن.

دواتر، ئەم مۆدێلە بەرەو هەرەسهێنان رۆیشت. زانیارییەکان لە سەر شۆڕشی کشتوکاڵی (لە چاخی بەردینی کۆن)دا خێرا سەریانهەڵدا، لە چەند بەشێک لە باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، لە دەوروبەری ٩٠٠٠ ساڵی رابردوودا (بیرۆکە گشتییە پەسەندکراوەکە ئەوەیە کە تەمەنی کشتوکاڵ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بریتییە لە ١٢٠٠٠-١٠٠٠٠ ساڵ) لە دەرکەوتن. وا دیارە گڵێنەسازی

لە هەمان کاتدا لە باکووری خۆرهەڵاتی ئاسیا و یاباندا دەستیپێکرد. کەمێ دوای ئەمە، مێژووگەلی کۆن بۆ کشتوکاڵ لە هیند و گینیا نوێ و چەندین هەرێمی دیکەدا دەرکەوت. ئەمڕۆ وێڕای ئەوەی راوبۆچوونی زۆرینە هێشتا ئەوەیە کە کشتوکاڵ بۆ یەکەم جار لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرکەوت، ئەوا گەلێ لە توێژەران دەبینین پێچەوانەکەی بە راست دەزانن. گەلێ باسی ئەوە دەکەن کە بنەماگەلی سەربەخۆ و رەنگە هاوسەنگ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیادا هەبووبێت، تەنانەت هەندێکیش خۆرئاوای ئەفەریقیای دەخەنە سەر. وەلێ شێمانەی ئەوەیش هەیە، شۆڕشی کشتوکاڵی لە گشت هەرێمەکاندا لە یەک کاتدا روویدابێت.[267] مەبەستم لەمە ئەوەیە، پێکهاتەی دانەوێڵە و ئاژەڵ و ئامێرەکان و فیکرەکان لە گەلێ لە کۆمەڵگەکاندا، لە یەک کاتدا گەشەیان کردووە (رەنگە لە ماوەیەکی یەجگار تولانیدا) و هەموو شتێکی نوێ، بەو ئاقارەدا رۆیشتبێت کە خێرا لە بەشەکانی دیکە لە نیوەی گۆی زەویدا بڵاوببنەوە کە ئەو شتانەی تیایدا، بە داهێنانێکی سوودمەند دادەنا لە پرۆسەیەکی گشتیدا، بە «پرۆسەی بڵاوبوونەوە و بڵاوبوونەوەی پچڕپچڕ» ناوی دەبەم. هێدی هێدی ئەم پرۆسەیە سرووشتێکی کشتوکاڵی دروستکرد، لە هەرێمێکی فراوان لە نیوەی گۆی زەویدا (لەتەک ناوبڕگەلی ناگرنگدا) درێژ دەبێتەوە، لە یەکانگیرییەک لە زەوییەکانی ناوچەی راستەهێڵ و ئەوانەی دەکەونە سەر هێڵە مامناوەندییەکان کە کەشوهەوایان فێنک و خاکەکەیان باشە.[268]

بەهەرحاڵ، ئێستا ئەوە پەسەندە کە بڵاوبوونەوەی کشتوکاڵ لە ماوەیەکی

267. Blaut, “Diffusionism” (1987a).

٢٦٨. لێرەدا گریمانی ئەوەی هەمان کشتوکاڵ بەرو پێشەوە دەڕۆیشت، لەبەر ئەوەی سوودمەند بووە، وەلێ گریمانی ئەوە هەیە کە دەرەنجامێکی سرووشتییە، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤایەتی بەدیهات، لەوەی کە ئەمە نەک تەنێ لە یەک شوێندا کە باشتر بێت، وەلێ لە چەندین شوێن و لە نێوان گەلانی زۆردا، نابێ ئەمە سەیر بێت، لەتەک بڕوابوونمان بە راستیی ئەوەی ئەمڕۆ کشتوکاڵ لە هەموو شوێنکدا سوودمەندە. وەلێ بە دڵنیاییەوە، لەتەک گریمانەکانی تیۆری بڵاوبوونەوەکردنی سێنترالیزمی ئەورووپیدا ناکۆکە.

تولانیـدا روویـداوە و بـە هاتنـی چاخەکانـی ناڤیـن، کشـتوکاڵ لـە نیـوەی خۆرهەڵاتـی گۆی زەوی گەیشـتبووە زۆربـەی هەرێمـەکان کـە تیایانـدا بارودۆخـی ژینگەیـی بـۆ کشـتوکاڵ لەباربـوو. هەروەهـا هێشـتا کشـتوکاڵ لـەو کاتـەدا لـە بڵاوبوونـەوەدا بـوو، وەلـێ هێشـتا نەدەکـرا بـە شۆڕشـێکی کشـتوکاڵی دابنرێـت. کشـتوکاڵ بـە ئاراسـتەی جەمسـەردا بـۆ خاڵێـک بـرا، هەندەیـش لـە سـنوورەکەی ئێسـتای، لـە سـەر پانـی دوور نییـە. لـە نیـوەی رۆژئـاوی گـۆی زەویـدا، سـنووری باکـووری گەنمەشـامی لـە ١٤٩٢دا پتـر لـەو سـنوورەی ئێسـتا، بـەرەو باشـوور نەچووبـوو، سـەبارەت بـە چاندنـی دانەوێڵـە لـە ناوەڕاسـتی کەنـەدادا. لـە هـەردوو نیـوەی گـۆی زەویـدا، گشـت دانەوێڵـەکان و ئاژەڵـەکان کـە ئەمـڕۆ بـە گرنـگ هەژمـار دەکرێـن راهێنـراون و ماڵیکـراون، وێـڕای ئـەوەی پرۆسـە جۆراوجۆرەکانـی گەشـەپێدان هێشـتا هـەر بەردەوامـە. بـە شـێوەیەکی گشـتی، دەکـرێ باسـی ئـەوە بکەیـن، هـەر هەرێمێکـی کشـتوکاڵی، بـە هاتنـی ئـەم کاتـە، بـۆ خـۆی لـە نـاو لیسـتە درێژەکـە لـە نیـوەی گـۆی زەویـدا، پێکهاتەیەکـی لـە دانەوێڵـەکان و ئاژەڵـەکان هەڵبـژارد، لەتـەک بارودۆخـی ژینگەیـی و فەرهەنگەکەیـدا گونجاوبێـت. زۆربـەی ئـەو دانەوێڵانـەی لـە یەکدییـەوە نزیکبـوون، لـە هـەر بەشـێک لـە نیـوەی گـۆی زەوی، لـە شـوێنگەلی دیکـەی زۆریشـەوە هـەر پێیـان ئاشـنابوونە.

یەکێـک لـە بەڵـگە گرنگـەکان لـەم بـارەوە، بریتییـە لـە بڵاوبوونـەوەی خێـرای دانەوێڵەکانـی نیـوەی خۆرئـاوای گـۆی زەوی، لـە نیـوەی خۆرهەڵاتـی گـۆی زەویـی دوای ١٤٩٢. ئـەم بڵاوبوونـەوە خێرایـەی گەنمەشـامی و تووتـن و پەتاتـەی شـیرین و پەتاتـەی سـپی و دانەوێڵەکانـی دی و ئـەو شـێوازە خێرایـەی کـە لـە رێگەیـەوە لـە رووی فەرهەنگییـەوە، ئـەو دانەوێڵـە راهاتوانـە بـوون بـە شـتێکی گرنـگ، دەرکـەوت کـە رەنگـە خێرایـی بلاوبوونـەوەی ئـەو دانەوێڵانـە کاتـێ روودەدات کـە پرۆسـەکە بریتـی بێـت لـە پرۆسـەی بڵاوبوونـەوەی داهێنانگەلێـک پێشـتر

نەناسـراوبن. دەکـرێ وا دابنێیـن، زۆربـەی دانەوێڵـە راهاتووەکانـی نیـوەی خۆرهەڵاتـی گـۆی زەوی، بـە هەمـان خێرایـی جـاران بڵاونەدەبـووەوە. لـەو شـوێنانەی کـە تیایانـدا کشـتوکاڵ بڵاودەبـووەوە، لـە ناوچـە لابەلاکانـی وەکـو زەوییـە چیاییـەکان و هەنـدێ لـە هەرێمەکانـی دارسـتان و دوورگـە دوورەکان، وەکـو دەرەنجامێـک بـۆ پرۆسـەگەلی کۆمەڵایەتیـی وەکـو کـۆچ و داگیرکـردن و کەمیـی زەوی.[٢٦٩] لـە سـاڵانی بـەر لـە ١٤٩٢ دا، کشـتوکاڵ لە ناوچەکانی باشـووری ئەفەریقیـا و باکـووری ئەوروپـا و باکووری ئاسـیا و باشـووری خۆرهەڵاتـی ئاسـیا و زۆربـەی هەرێمەکانـی ئۆقیانووسـی ئـارام، بـە هاوایشـەوە دەکـرا. گەلـێ جـار ئـەو فەرهەنگانـەی وا وەسـف دەکـران کـە «ناکشـتوکاڵین» ئەوەیـان هەڵبـژارد کـە کاری کشـتوکاڵ نەکـەن، بۆیـە «بـەر لـە کشـتوکاڵی» نەبـوون.[٢٧٠]

رەنگـە هەمـان وتـە بـە سـەر ئـەو شێوانەیشـدا جووت بێـت کە لـە تەکنەلۆژیای کشـتوکاڵی ئاڵۆزتـرن. رەنگـە ئاودێـری و کێـڵان و بەکارهێنانـی کـۆد و خولـە لێکدراوەکان (بـەو خولانەیشـەوە کـە تیایانـدا زەویـی بـێ چانـدن جێناهێڵرێـت) و هەنـدێ سـیمای کشـتوکاڵیی چـڕی دیکـە، لـەم کاتـەدا، لـە بەشـگەلی دیکـە لـە زەوییـە کشـتوکاڵییەکان بڵاوببوونـەوە کـە جووتیـاران پێیانوابـوو بـە کەڵکـی بەکارهێنـان دێـن، یـان بـۆ زیاترکردنـی بەرهـەم، یاخـود بـۆ کەمکردنـەوەی خواسـتەکانی هێـزی کار، یاخـود رووبەڕووبوونەوەی خواسـتەکە، بە رادەسـتکردنی

---

٢٦٩. نموونـە لـە سـەر ئـەم پرۆسـەیە، گواسـتنەوە بـەرەو رۆژهـەڵات بـۆ سـنوورە کشـتوکاڵییەکان لـە چاخەکانـی ناڤیـن لەخـۆ دەگرێـت، لـە دارسـتانەکانی رۆژهەڵاتـی ئەوروپـا و چاکسـازیی زەوییـەکان و زەویـی زۆنـگاوەکان لـە عیراقـدا. زەویی دانەوێڵـەکان بە چەندین شـێوە لـە چەندیـن هەرێمدا فـراوان دەبـوون. وێـڕای ئـەوە، بـە دڵنیاییـەوە دەردەکەوێـت کـە هەنـدێ لـە کۆمەڵگـەکان کـە کشـتوکاڵیان نەدەکـرد، پێشـتر بـەرەو هەرێمگەلـی بچووکتـر و پێگەنزمتـر دەڕۆیشـتن، بۆیـە روویـان لـە کشـتوکاڵ کـرد، وەکـو ئەمرازێـک بـۆ زیادکردنـی بەرهەمهێنانـی خـۆراک بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی کەمیـی زەوی.

٢٧٠. بڕوانە:

R. Lee، “Art، Science، or Politics? The Crisis in Hunter-Gathers: Studies” (1992).

زێدە بەرهەم، یان بە هۆی هەر هۆکارێکی فەرهەنگییەوە بێت.[٢٧١] بەم باسە هەنگاوێکی گەورەتر دەنێم. لە زۆربەی ئەو درێژبوونەوە سرووشتییەدا، بڵاوبوونەوەی داهێنانە گرنگەکان، بە رادەیەک فراوان بوو کە بەرهەمهێنانی هێزی کار هەرگیز، بە هۆی کەمیی زانیاریی تەکنەلۆژییەوە سنووردار نەبوو کە بۆ جووتیاران لە ناوچەگەلی دیکە لە نیوەی گۆی زەویدا فەراهەم بوو.[٢٧٢] دیارە ئەمە تەنێ مەزەنەیە.

---

٢٧١. سیستەمەکانی کۆنترۆڵکردنی ئاو لە کشتوکاڵدا، بە ئاودێری و ئاوەڕۆ و گۆلە پانەکانەوە و دروستکردنی کێڵگەی بەرز یان وشک و بەنداوە سرووشتییەکان، ئێستا بە کۆنی خودی کشتوکاڵ بە کۆن دادەنرێن، چونکە (١) گشت جووتیاران لە هەر شوێنێکدا ئاگاداری کێشەی کۆنترۆڵکردنی شێن (وێڕای ئەو ئاوانەی لە حاڵەتی کەمبوونیان و رزگاربوون لێی، کاتێ لە رادەبەدەر زۆربێت و مەترسیی نغرۆبوونی رەگەکان. (٢) گشت ئەم رێوشوێنانە سەرەتا بریتین لە پرۆسەگەلێ لە سەر ئاستێکی بچووک لە کێڵگەیەکی تاکە کەسیدا (باسەکەمان لە بەندی دووەم بهێنەرەوە یادت، دەربارەی هەڵەکانی «تیۆری هایدرۆلیکی». (٣) بەڵگەیەکی ئەرکیۆلۆژیی راستەوخۆ هەیە بۆ سیستەمە یەجگار کۆنەکانی ئاوەڕۆ (٩٠٠٠) ساڵ لە گینیای نوێ (Golson، “No room at the top: Agricultural intensification in the New Guinea Highlands،” (1977)) هەروەها سیستەمەکانی کێڵگەی بەرز و کێڵگەی وشک لە ناوچەکانی راستەهێڵ لە ئەمەریکا (Denevan، “Hydraulic Agriculture in the American Tropics، Forms، Measures، and RecenrResearch،” (1982)). بۆیە دەتوانین بەو دەرەنجامە بگەین کە سەرەتاییبوونی ئاودێری و سیستەمەکانی کۆنترۆڵکردنی ئاوەکانی دی رەنگە هێندەی چاخی بەردینی کۆن کۆن بێت، لەتەک سیستەمەکانی کێڵگەی بەرز و وشکدا. هەموو ئەمانە روونیدەکەنەوە کە تەکنەلۆژیای چڕ بە کردەوە بڵاوبیووەوە و بڕوانەبوون پێی گوزارشی لە پرسێک دەکرد، جگە لە کەمیی زانیارییەکان. هەروەکو تێبینیمان کرد لە بەندی دووەمدا، سیستەمەکانی ئاودێری بڵاودەبنەوە، وەکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بە چینی کۆمەڵایەتییەوە دەبەسترێتەوە. وەلێ ئەو قسە پوچەی گوایە گاسن لە ئەفریکادا بەکارنەدەبرا، بڕوانە (Hopkins، An Economic History of West Africa (1973) and Onimode Imperialism and Underdevelopment in Nigeria (1982)). تێبینی دەکەیت کە گاسن بە شێوەیەکی سادە لە کشتوکاڵی ناوچەکانی راستەهێڵ، لە بنەڕەتدا لە هەندێ لە کێڵگەکانی مەرەزەدا بەکار دەبرا.

٢٧٢. پێموایە لە کۆمەڵگە ناچینایەتییەکاندا، کۆمەڵەی ئەو سەرپشکبوونانەی کە بەندن بە دانەوێڵە و ئامێر و سیستەمەکانی کیڵگە و هێزی کار و شتی دیکەی لەو بابەتە، بووە هۆی ئاستێکی تا رادەیەک باو لە بەرهەمهێنان بۆ تاک کە لە ژێر کاریگەریی جیاوازییەکان لە جۆری ژینگە لە ژینگە جۆراوجۆرەکاندا نەبوو. دەکرێ لە هەندێ شوێندا، سیستەمە درێژبووەوەکان بەکاربرێن، وەکو کشتوکاڵی ناجێگیر لە سیستمگەلی دیکەی چڕی وەکو چاندنی برنج کە پێویستی بە ئاوی زۆرە. وەلێ بەرهەمهێنانی هێزی کار، سەبارەت بە بەرهەمهێنان لە سەعاتی کاردا، رەنگە بەو ئاقارەدا بڕوات، بۆ ئەوەی ببێت بە هەمان شت لەم مۆدێلەدا، سەبارەت بە سیستەمە درێژبووەوەکان و چڕەکان. رەنگە ئەمە راست بێت، ئەگەر دوو گریمانە پەسەند بکەین: (١) دیارە بڵاوبوونەوەی خێرا و چالاک رووی دا. (٢) دیارە ژمارەی دانیشتوان لەلایەن گەلە کشتوکاڵییەکانەوە کۆنترۆڵ کرا، بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە خۆیان لە هەڵوێستی تایبەت بە بەرهەمهێنان و کاتی بێ ئیشی دووربگرن. ناکرێ هیچ یەکێک لەمانە راست بن لە کۆمەڵگەیەکی چینایەتیدا، چونکە کۆتوبەند لە سەر تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی هێزی کار بە شێوەیەکی گەورە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی خواستەکان و هێزی چینی دەسەڵاتدارەوە.

مەرج نییە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان هەمیشە چینایەتی بن. وەلێ بەڵگەی زۆر هەنە لە سەر ئەوەی زۆربەی هەرێمە کشتوکاڵییەکان لە نیوەی گۆی زەویدا، لەو ماوەیەدا پێکهاتەیەکی چینایەتی لە سیستمی کشتوکاڵی و سیستمی جووتیار- خاوەنی زەوی دەرخستووە کە ئەویش شێوازی بەرهەمهێنانی «فیودالّی»یە، بەوجۆرەی خۆم ناومناوە. بەپێی دوو بنەما، ئەم خاڵە پوچەڵ دەکرێتەوە. یەکێک لە نارەزامەندییەکان کە لەلایەن هەندێ لە مارکسییەکانەوە خراوەتە روو، ئیدعای ئەوە دەکات، ئەمرازە کشتوکاڵییە نائەوروپاییەکانی بەرهەمهێنان، تا رادەیەک دەرەتانی گۆڕینی پەیوەست بە ئەمرازی فیوداڵیی ئەوروپاییان نەبووە. ئەو باسە («شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی»، «سەرکوتکاریی خۆرهەڵاتی» و...هتد) بە تێروتەسەلی لە بەندی دووەمدا باسکرا.

دووەم ئەستەم ئەوەیە کە تایبەتە بەم مۆدێلی شوێنەوە. لە کوێ لە سەر نەخشەی نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەوی لە چاخەکانی ناڤیندا، کۆمەڵگەی چینایەتیی کشتوکاڵی دەبینیت؟ و لە کوێ کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی ناچینایەتی دەبینین؟ پێویستە وەرامەکە لە دوو بەشدا بخەینە روو. یەکەم، ئێمە دەزانین گومان لەوەدا نییە کە شێوەی چینایەتی، تا رادەیەک بە سەر گشت هەرێمە کشتوکاڵییەکان لە ئاسیادا باڵادەست بووە، لەتەک بوونی مۆدێلگەلی روونی ململانێی نێوان جووتیار و خاوەن زەویدا. باسەکان بەو ئاقارەدا دەڕۆن کە چەق لە سەر ئەفەریقیا ببەستن. وەلێ گومانێکی کەم هەیە لە سەر ئەوەی پێوەندییەکی چەپاوکردن و چەوساندنەوە لە نێوان جووتیار و خاوەن زەویدا لە زۆربەی باکووری خۆرهەڵاتی ئەفەریقیادا (بە نموونە، ئەسیوبیا) و هەرێمی سۆدان لە خۆرهەڵاتی ئەتڵەسیی ئەودیو دەریاچەی چاد و چەند بەشێک لە هەرێمی دەریاچەکانی خۆرهەڵاتی ئەفەریقیا و باشووری

خۆرهەڵاتی ئەفەریقیا لە دەوری هەرێمی زیمبابۆی ئیمپراتۆری و بەشێک لە کەناری خۆرهەڵاتی ئەفەریقیادا باو بووبێت. ئێستا ئەوەیش زانراوە کە گەلێ لە دەوڵەتە خاوەن دارستانەکان و دەوڵەتە خاوەن دارستانە وشکەکان لە خۆرئاوا و ناوەڕاستی ئەفەریقیادا (ئاکان و یوروبا و کۆنگۆ و...هتد) ئەم شێوازەی بەرهەمهێنان، یان شتی لێکچووی ئەوەیان دەرخستووە. هەروەها گەڕان لە جوگرافیای مێژوویی لەم هەرێمە گەورەیەدا تازە دەستی پێکردووە.[٢٧٣] بۆیە نەخشەی شێوازی بەرهەمهێنانی فیوداڵی لە ئەفەریقیادا فراوانە. دووەم: (شوێن پێی سەمیر ئەمین هەڵدەگرم) و باسی ئەوە دەکەم، گشت ئەو کۆمەڵگانەی تا رادەیەک لە سەر سیستمی دەوڵەت بەرپان، بریتی بوون لە کۆمەڵگەی چینایەتی و دەوڵەتان لە چاخەکانی ناڤیندا هەستاون بە ئەرکەکانیان، لە پێوەندییەکی تۆکمە لە پرۆسەیەکی چەپاوکاری و چەوساندنەوە، لەتەک سیاسەتەکانی چینی دەسەڵاتداردا. پتر لە نیوەی ئەفەریقیا لە چاخەکانی ناڤیندا، سەبارەت بە ناوچە و دانیشتوان، لە سەر سیستمی دەوڵەت بەرپابوونە، بۆیە پێموایە بە شێوەیەک لە شێوەکان، بریتی بوونە لە چینایەتی. لەم پشکنینە ناگشتگرە بۆ مۆدێلە کشتوکاڵییە شوێنەکییەکان لە چاخەکانی ناڤیندا و کشتوکاڵی خاوەن تەکنەلۆژیای ئاڵۆز و چینە کۆمەڵایەتییەکان، بەو دەرەنجامە دەگەم کە شێوازی بەرهەمهێنانی فیوداڵی لەو ماوەیەدا، لە پتر لە نیوەی ئەفەریقیا و ئەورووپا و ئاسیا و چەند بەشێک لە هەرێمەکانی دەوروبەر Oceania[٢٧٤] باو بووە.

چینی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگە فیوداڵییەکاندا، تا رادەیەک لە هەموو

---

٢٧٣. بە نموونە، بڕوانە:
Kea, Settlements, Trade, and Polities in the Seventeenth Century Gold Coast (1982), Isichei, A History of Nigeria (1983), Rodney, A History of the Upper Guinea Coast 1545-1800 (1970), A. Smith, “The Early States of the Central Sudan” (1971), Usman, The Transformation of Katsina (1400-1883) (1981).
٢٧٤. ئۆشینیا Oceania: ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری ئۆقیانووسی ئارامە.

شوێنێک بریتییە لە چینی خاوەن زەوی، وێڕای ئەوەی کۆنترۆڵکردنی زەوی لەلایەن ئەو چینەوە، شێوەگەلی یاسایی جۆراوجۆر بەخۆوە دەگرێت. هەندێ لە تاکەکانی ئەو چینە نازناویان پێدەبەخشرا، وەلێ جیاوازی لە نێوان چینی خانەدانەکان و غەیری ئەوان لە رۆڵەکانی چینی نیمچە ئۆرستۆکراتی گرنگ نییە، سەبارەت بە دەستەواژە گەشەکارییەکان و هەردوو شێوەکە (وەکو ئەوانی دی) لە نیوەی گۆی زەویدا بڵاوبوونەوە.[٢٧٥] ئەم چینە توانستی هەیە پارێزگاری لە خۆی بکات و رەنگە نازناوی میراتی بەکارببرێت، وەکو ئاماژەیەک کە بەڵگەبێت بۆ ئەندامێتیی ئەم چینە، یان رەنگە ئەمرازگەلی دیکە، بۆ بەدیهێنانی هەمان مەبەست، یان هەردووکیان پێکەوە بەکارببرێت. بە راستی، رەنگە ئەندامێتی لە چینی بالادا کە نازناوی نییە چاکبکرێت، وەکو ئەوەی لە چین لە کاتگەلی جیاوازدا روویدا، لە دەرفەتگەلی خێزان بۆ پاراستن و سامانی چینی دەسەڵاتدار، لە سایەی تەوژمی گۆڕین لە سیاسەتەکانی دەوڵەتدا پێگەی خۆی هەیە. هەروەها جیاوازی لە پلەکانی خانەدانانی بالا و نزم و لە نێوان خاوەن زەوییەکان و بەرپرسانی حکومەت (ئەوانەی لە بەرانبەردا، سامانیان لە زەوییەوە وەردەگرن) لەم راستایەدا گرنگ نییە. هەروەها لە دوو بەندی یەکەم و دووەمدا، باسی ئەوەمان کرد کە بنەما بۆ بۆچوونە تەقلیدیەکە نییە کە ئیدعای ئەوە دەکات، چینی ئەوروپاییی خاوەن زەوییەکان لە چاخەکانی ناڤیندا، تا رادەیەک لە خاوەنداریی تایبەتی زەوی و پوختە لە چینەکانی خاوەن زەوییەکان، لە شوێنەکانی دیکە نزیکتربوون. مارکس هەڵەبوو لە قەبوڵکردنی ئەو بۆچوونە

٢٧٥. بڕوانە: Blaut, “Colonialism and the Rise of Capitalism” (1989) ئەوەیش بە راست دادەنرێت کە لە گشت ئەو کۆمەڵگانەدا، کۆمەڵەگەلی هاوتەریب هەبوون، خاوەنی پێگەی بەرزبوون، وەکو پیاوانی ئایینی و فەرمانبەرانی حکومەت و سوپاییەکان و شتی لەو بابەتانە. ئەمە حاڵەتی کۆمەڵگەی فیوداڵی گەورە نەبوو- چەند حاڵەتێکی کەمی نێوەندەکانی هێزی شارستانی لە هەرێمە وشکە شوانکارەییەکان و هەندێ شاری گەورە دووردەخەمەوە- کە تیایاندا سامان و پێگە جودابوون لە خاوەنداریی زەوی و لەو زێدەیەی لە جووتیاران وەردەگیرا.

تەقلیدیە، چونکە لە سەر پێکهاتەی چینایەتیی نائەوروپایی کەمی دەزانی. هەروەها ڤیبەریش هەڵەبوو لەو دەرەنجامەی هەڵیگۆزی، لە بوونی جیاوازیی فراوان لە نێوان مۆدێلی ئیدعاکراوی فیودالیزمی ئەوروپایی و ئەوەی خاوەن زەوی، بە زۆر بووبێت بە خاوەنی، لە سایەی جۆرێ لە ئاستکردن، لە نێوان لۆردە پێگە بالاکان و پاشاکان و لە نێوان "مافی سوودوەرگرتن" واتە سوودوەرگرتن لە زەوی، لە بەرانبەر ئەو خزمەتەی پێیوابوو زۆربەی کۆمەڵگەکانی دی جیادەکاتەوە.

دیارە، جیاوازی لە نێوان بۆماوەیی و سوودوەرگرتن لە زەوی، لە بەرانبەر خزمەتدا تەمومژاوییە. لە ئەوروپادا، شێوەی سوودوەرگرتن لە زەوی بەرانبەر بە خزمەت، بریتییە لە شێوەی ئایدیال لە سایەی مەرجگەلی بنجبڕدا (پێشکەشکردنی پارە و یارمەتیی مەرجدار بە بەڵێنی لایەنگری و پاڵپشتیکردنی سەربازی و...هتد) وەلێ ئەو پارە و یارمەتییانە، بەرەو ئەوە رۆیشتن، بە بۆماوەیی و میراتی ببن. بە شێوەیەکی فراوان، هەمان شت کۆمەڵگەکانی دیکەیش دەگرێتەوە. رەنگە فیوداڵە خاوەن زەوییەکان، یان ئەو خاوەن پارە و یارمەتییانەی، لە بەرانبەر خزمەتکردن بە زەوی دەدران، لە فیوداڵییەکەوە بۆ یەکێکی دی گواستبێتیانەوە (یان رەنگە کۆمەڵێکی بگۆڕ لە زەویی فیوداڵیان هەبووبێت) وەلێ خاڵی گرنگ ئەوەیە، ئەندامبوون لەو چینەدا، رێگەی بە تاک دا، ببێت بە خاوەنی زەوییەک و لەوەوە سامانی دەستبکەوێت و لەوانەی بەکاری دەبەن، مادامێک ئەم تاکە ئەندامبوونی خۆی لە چینی دەسەڵاتداردا بپارێزێت. مانای گرنگ لێرەدا بریتییە لە بەخشینی خاوەنداری، بەو تاکەی کۆنترۆڵی بەڕێوەبردنی پرسەکان دەکات و ئەمەیش لە چەندین هەرێمدا کارێکی مەحاڵ بوو، وێڕای ئەوەی ناوبەناو راپەڕینەکان و گۆڕانکارییەکان روویان دەدا. وەلێ دەکرێ بە مانایەکی دی، زەوی ببێت بە

موڵکی تایبەت، ئەویش لە بازاڕی زەویدا بەهاکەیەتی. وەلێ ئەوە پێویستی بە هەلومەرجی سەرمایەداری هەیە کە لە کەمێک لە هەرێمە بازرگانییە گوندنشینە ئەوروپایی و نائەوروپاییەکاندا، بەر لە ١٤٩٢ هەبوو.[٢٧٦] ڕۆڵەی چینە باڵاکان لە چین و موڵکدارە فیوداڵەکانی هیندۆس و تەنانەت مەغۆلەکانیش مافی سوودوەرگرتن لە زەوییان پێ بەخشرا، لە بەرانبەر خزمەتدا، هەستان بە دانانی بریکار لە کەسانی دی، بۆ سەرپەرشتیکردنی زەوییەکانیان، یان گۆڕینیان بۆ خاوەندارییی تایبەتی میراتی، هەموو ئەمانە سیما تەقلیدیەکانی چینی خاوەن زەوییە فیوداڵییەکان ڕووندەکەنەوە.[٢٧٧] چینی خاوەن زەوییەکان، لە سەردەمی فیوداڵیزم لە ئەوروپادا پێشکەوتووتر نەبوو، هەروەها ئامادەگی بۆ سەرمایەداری و تازەگەری، پتر لە چینەکانی خاوەن زەوی لە گەلێ لە هەرێمی دیکەدا نەبوو.

---

٢٧٦. ئاشکرایە، ئەو خاوەندارییە تایبەتەی (کە دەکرا بفرۆشرێت)، زەویی کشتوکاڵی لە بنەڕەتدا لە نزیکی ناوچە شارستانییە گرنگەکان و بەندەرەکان و ناوچەکانی کانزایی و...هتددا هەبوو. بڕوانە:
Rawski‹ Agricultural Change and the Peasant Economy of South China (1972)‹ Das Gupta‹ Malabar in Asian Trade: 1740-1800 (1967)‹ Nicholas‹ "Town and Countryside: Social and Economic Tensions in 14th Century Flanders" (1967-1968)‹ Kea‹ Settlements‹ Trade‹ and Polities in Seventeenth-Century Gold Coast (1982)‹ Rodney‹ A History of the Upper Guinea Cost (1970)‹ Usman‹ The Transformation of Katsina (1981)‹ Sherif‹ Slaves‹ Spices and Ivory in Zanzibar (1987).

٢٧٧. سەبارەت بە گرنگیی زەوییە فیوداڵییە میراتییەکان و خاوەندارییی زەوی لە ئاسیادا، بە نموونە بڕوانە:
Elvin‹ The Pattern of the Chinese Past (1973)‹ Sharma‹ Indian Feudalism‹ c. 300-1200 (1965)‹ Feihsiao-tung‹ China's Gentry (1953)‹ Fu and Li‹ The Sprouts of Capitalistic Factors Within China's Feudal Society (1956)‹ Rawski‹ Agricultural Change and the Peasant Economy of South China (1972)‹ Tung‹ An Outline History of China (1979)‹ Liceria‹ "Emergence of Brahmanas as Landed Intermediaries in Kamataka‹ c. A. D. 1000-1300 (1974)‹ Mahalingam‹ Economic Life in the Vijayanagar Empire (1951)‹ Hasan‹ "The Position of the Zamindars in the Mughal Empire (1969)‹ Raychaudhuri‹ "The Agrarian System of Mughal India" (1965)‹ Yadava‹ "Secular Land Grants of the Post-Gupta Period and Some Aspects of the Growth of the Feudal Complex in Northern India" (1966). For Africa south of the Sahara (for which there is as yet pnly fragmentary evidence)‹ see‹ for example‹ A. Smith‹ "The Early States of the Central Sudan" (1971)‹ Mabogunji‹ "The Land and Peoples of West Africa" (1971)‹ Kea‹ Settlements‹ Trade‹ and Polities in the Seventeenth-Century Gold Coast (1982)‹ Isichei‹ A History of Nigeria (1983)‹ Onimode‹ Imperialism and Underdelopment in Nigeria (1982)‹ FRELI. Hstoria de Mozambiqu(1971)‹ odne‹ A Histoy of the Uer uinea Coast (1970)‹ and Usman‹ The Transformation of Katsina (1981).

سیستمی زەویی خامی ئەوروپایی وا وەسف دەکرا، بەوەی یەکێکە لە سیفەتە تایبەتمەند و جیاوازەکانی فیودالیزم و بریتییە لە هەنگاوێکی ئەوروپاییی هەرە گەورە، بەرەو خاوەندارییی تایبەت و بەکارهێنانی هێزی کار لە سەر ئاستێکی فراوان، ئەمەیش سەرەڕای گرنگییەکەی بۆ گەشەکردن بەرەو سەرمایەداری، لە ناوچە نائەوروپاییەکاندا نەبوو. فیودالیزمە گەورەکان لە نیوەی گۆی زەویدا بڵاوبوون، وەلێ شێوازی ڕێکخستنی تایبەت بە چاندنی زەوی، دوای داگیرکردنی و بەکارهێنانی هێزی کاری خۆڕایی، لە ناوچەگەلی کەمتردا هەبوو. لە سەر ئاستێکی تەسک بۆ مانای دەستەواژەی سیستمی زەویی خام، بەوەی چاندنی زەویی زەوتکراو و بەکارهێنانی کرێکاری سوغرە، وێڕای موڵکی جووتیاران و بەرهەمهێنانی پیشەسازی لە زەوییەکانی فیودالیدا لەخۆ دەگرێت، تێبینی دەکەین ئەم شێوازە، لە گەلێ ناوچەی دەرەوەی ئەوروپادا هەبوون. ئەمە لە چین و لە باشووری هیندا گرنگ بوو.[٢٧٨] وەلێ سیستمی چاندنی زەوی، دوای زەوتکردنی لە ئەوروپادا باو نەبوو (لە هەرێمی دەریای سپیی ناوەڕاستدا زانراو نەبوو) و لە کشتوکاڵیی سەرمایەداری نەدەچوو و بەهەر حاڵ، لە خۆرئاوای ئەوروپادا، بە هاتنی سەدەی چواردەیەم بە کۆتایی گەیشتبوو. بۆیە ئەو پێشکەوتنە تا رادەیەک بەهێزەی ئەو سیفەتە لە ئەوروپادا پترە، وەک لە هەرێمگەلی زۆری دیکە (وەکو باکووری هیند) ناتوانین وەرچەرخانی دواتری سەرمایەداریی ناوچەیەک بێ ناوچەیەکی دی راڤە بکەین.

٢٧٨. سەبارەت بە سیستمی زەویی خام لە چیندا، بڕوانە:
Gopal، "Quasi-Manorial Rights in Ancient India" (1963)، Mahalingam، Economic Life in the Vijayanagar Empire (1951)، Yadava، "Secular Land Grants of the Post-Gupta Period" (1966)، Yadava، "Immobility and Subjugation of Indian Peasantry in Early Medieval Complex" (1974).
سەرەڕای ئەمە، مێژوونووسە هیندییەکان بە جیاوازیگەلی گرنگ، لە نێوان شێوازە ئەوروپی و هیندییەکانی زەویی خام ئاشنامان دەکەن،لە سەرەتای فیودالیزمی هیندیدا، کاری کرێکاران وەکو کۆیلە یان کاری بەکرێ وەهابوو و هەندێکیان رەنجبەری بەکرێ بوون. دیارە فیوداڵە هیندییە سەرەتاییەکان، لە پلەیەکی کەمتری دەسەڵاتی رەها و دابڕانی باو بوون لە زەویی خامی ئەوروپیی.

پێناسەی کۆنی هەڵەی ئەورووپایی بۆ گوندە هیندییەکان، پەیوەستە بەم پرسیارەوە. ئەو پێناسەیەی کە بەدبەختانە مارکس قەبوڵی کرد، ئەویش ئەوەیە کە ئەو گوندانە بریتین لە قەوارەگەلی هاوبەشی داخراو (بەلای مارکسەوە بریتین لە پاشماوەی کۆمەڵگەی سۆشیالیستیی سەرەتایی). بەڕاستی گوندی هیندی لە چاخەکانی ناڤیندا، هەندێ سیفەتی هاوبەشی هەبوو کە بڕیارێکی هاوبەشی لە سەر مافی سوودوەرگرتن (و نەک خاوەندارییی هاوبەش) هەبوو، هەروەها کشتوکاڵ و پیشە دەستییەکان هەبوون کە گرنگییەکی گەورەیان بەلای مارکسەوە هەبوو و وا دەردەکەوتن بۆی، وەکو بڵێی پەیوەستبوونی گوند و توانستی بۆ مانەوەی راڤە دەکرد، بەو جۆرەی هەیە، لە بەردەم کارەساتە دەرەکییەکان لە سەرمایەداریی کۆلۆنیالیستییەوە، هەروەها توانی بەرانبەر وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی بوەستێتەوە. وەلێ گوندە ئەورووپاییەکان پارێزگاریشیان لە ژمارەیەک لە سیفەتە سۆشیالیستییەکان کرد، بەڵکە رەنگە لەوەیش روونتربن، لەوانەی لە گوندە هیندۆسییەکاندا هەبوو کە بەوانە چینی داخراو پێوەندییەکی لاوازی لەتەک نیشتەجێبوون لە گوندەکەدا هەبوو.[279] لەم بارەوە، رەنگە رووبەڕووی هەڵەی تەقلیدیی تایبەت بە گۆڕینی مێژوو ببینەوە، چونکە لە دابەشبوونی گوندی ئەورووپاییی دوای رێنیسانسی سەرمایەداری تێدەگەین و گریمانی ئەوە دەکەین، ئەو گوندانە وەکو قەوارەگەلی سۆشیالیستی لە چەندین سەدەی رابردووەوە دەتوانەوە. وێڕای ئەوە، خاوەندارییی هاوبەشی زەوی، تا رادەیەک لەو ماوەیەدا، بۆ هیند و ئەورووپا پێکەوە گرنگ نەبووە، گەلێ جار گوندەکان تەنێ مافی نوێنەرایەتییان هەبوو (بە ماف لە زەویی هاوبەشیشدا) کە هەندێ جار

٢٧٩. راوبۆچوونی مارکس پێشەکییەک لە «دەسەڵاتی بەریتانیا لە هیند» (١٩٧٩) عیرفان حەبیب، بە شێوەیەکی بەشەکی پێڕەوی لە کوسامبی دەکات (هەردووکیان مارکسین) لە سەر «خولڵقاندنی گوندی هیندیی کۆنباوی داخراو بە سەر خۆیدا و خۆبژێو» دەکات لە نێوان ٢٠٠ی بەر لە زایین و ٦٥٠ی زایین، لە پرۆسەیەکدا داوای «پیشەکانی گوند» دەکات و تا رادەیەک پلانی نیشتەجێبوونی خەڵکی لە گوندەکاندا بێ داڵدە دەکات:
Habib، in “The Social Distribution of Landed Property in Pre-British India” (1965).

لەلایـەن خـاوەن زەوییەکانـەوە پێشـێل دەکـرا. خـاوەن زەوییـە راسـتەقینەکانی زۆربـەی زەوییـە بەرهەمهێنـەکان و فیودالـە میراتییـەکان و ئەوانـەی خاوەنداریـیـان لـە هـەردوو ناوچەکـەدا گوازراوەتـەوە، بریتییـە لـە چینـی دەسـەڵاتدار. دواتـر، کۆکردنـەوەی کشـتوکاڵی و پیشـە دەسـتییەکانیش لـە گونـدە ئەوروپاییەکانـدا هەبـوون.[280] وا دیـارە دوای ١٤٩٢ لەتـەک رێنیسانسـی سـەرمایەداریدا نەمابێـت. بـە کورتـی، وێـڕای ئـەوەی فیودالیزمـی هینـدی لـە فرەیـی یـان (فرەییەکانـی) ئەوروپایـی دەچـوو، وەلـێ هەمـان ئـەو تایبەتمەندییـە گشـتییانەیانەی، وەکـو شـێوازی بەرهەمهێنـان و هەمـان دەرەتـان بـۆ گەشـەکردنیان بـەرەو سـەرمایەداری هەبووبێـت. دەکـرێ هەمـان باسـوخواس هەرێمگەلـی زۆر لـە ئاسـیا و ئەفەریقیـا بگرێتـەوە. دیـارە گونـدی ئەوروپایـی لـە چاخەکانـی ناڤینـدا، مۆدێلێکـی لـە نێوان گونـدەکان و شـێوازە کۆمەڵایەتییـەکان لـە نیـوەی گـۆی زەویـدا ئاسـایی بـووە.

گەلـێ جـار چینـی بەرهەمهێـن لـە سیسـتمی فیودالّیـدا، لـەو جووتیارانـە پێکدێـت کـە زەویـی خـاوەن زەوییـەکان دەچێنـن، ئەوەیـش لـە رێگـەی یەکـە خێزانییەکانـەوە، هێـزی کار دابیـن دەکـەن و بەرهـەم دەهێنـن، هەروەهـا پـارەی نەختینـە وەکـو کـرێ دەدەن. گەلـێ جـار پێیانوابـووە، سیسـتمی جووتیـاری کۆیلـە بریتییـە لـە شـێوەی کارکـردن لـە سیسـتمی فیودالّـی لـە مۆدێلـی ئەوروپاییدا.[281] جووتیارانـی کۆیلـە لـە جـۆری ئەوروپایـی، لێـرە و لـەوێ لـە ئاسـیا و لـە ئەفەریقیـادا هەبـوون، ئەمـەو وێـڕای ئـەوەی مێـژووی تایبـەت بـە بەکارهێنانی جووتیـاری کۆیلـە لـە رۆمـا، لـە دێروەختێکـدا بـێ هاوتـا بـووە، هەروەهـا بوونـی شـێوە یاسـاییەکەی لـە شـوێنێکی دیکـەدا دەگمـەن بـوو. ئـەوەی دەیبینیـن بریتییـە لـە پانۆرامایـەک لـە شـێوەکانی کاری نائـازاد، واتە کارپێکردنـی جووتیارە

٢٨٠. دەربـارەی گونجـان لـە نێـوان کشـتوکاڵ و پیشەسـازیی دەسـتی، لـە گونـدە ئەوروپییـەکان لـە چاخەکانـی ناڤینـدا، بـە نموونـە بڕوانـە:
Sylvia Thrupp، “Medival Industry 1000-1500” (1972).
281. Dobb، Thrupp، “Medieval Industry 1000-1500” (1972).

کۆتکراوەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە زەویی خاوەن زەوییەکان لە هەرسێ کیشوەرەکەدا.[282] لەلایەکی دیکەوە، هەندێ لە توێژەران (لەوانە برینەر کە مارکسییە و بیچلەر کە نەریتپارێزە) جووتیار لە خۆرئاوای ئەورووپا، لە هەردوو سەدەی چواردەیەم و پانزەیەمدا بە ئایدیال دەکەن و ئەم کەسە بە کەسێکی جووتیاری خاوەن زەویی ئازاد دەبینن، پڕە لە گیانی سەرچڵیی بازرگانی و شتی لەو بابەتە.[283] هەروەها ئەمەیش بە گۆڕینی مێژووی هەژمار دەکرێت. ئەو جووتیارانە کرێگرتە بوون و هێشتا بە چەندین شێوە گیرۆدەی دەستی فیودالین. رووی نەدا مەگەر دوای کاتێکی درەنگ نەبێ، دوای ١٤٩٢ سەرهەڵدانی هێزگەلی چینێکی گرنگ کە خاوەندارێتیی رەهای هەبوو، لە سەر پێودانی جووتیاری دەوڵەمەند لە بروسیادا و لەسەرپێ بۆ سەرمایەداری، سەرمایەی کۆدەکردەوە. جووتیاری ئەورووپایی بە جۆرێکی تایبەت نائاسایی نەبوو. ئەو جووتیارانەی ناچارکران خزمەت پێشکەش بکەن، یان بەروبووم یاخود پارە وەکو بەهایەکی بازرگانی یان سەرانە یاخود باج (بە خاوەن زەوی دەدرێت)، ئازاد نەبوون لە گواستنەوە لە هەرێمی ئەو خاوەن زەوییەی پێگەی خۆی لە وەچە بەرودواکانەوە بە میرات بۆی ماوەتەوە، ئەم مۆدێلەیش لە چەندین شوێن لە ئاسیا و ئەفەریقیا، لە چاخەکانی ناڤین و لە ئەورووپادا دۆزرایەوە.

---

٢٨٢. سیستمی جووتیارە کۆیلەکانی زەوی، بەشێک نەبووە لە سیفەتەکانی گشت ناوچەکان لە ئەورووپای چاخەکانی ناڤیندا. دەربارەی کارکردنی نائازاد لە ئاسیا و ئەفریکادا، بە نموونە، بڕوانە:
Yadava، "Immobility and Subjugation of Indian Peasantry in Early Medieval Complex" (1974). Levitzion، "The Early States ri the Western Sudan to 1500" (1972)، Elvin، The Pattern of the Chinese Past (1973).

٢٨٣. بڕوانە:

Brenner and Critics in Aston and Philpin، The Brenner Debate: Agrarian Class Structure and Economic Development in Pre-Industrial Europe (1988)، Bernner، "The Origins of Capitalist Development: A Critique of Neo-Smithian Marxism." (1977)، Beachler، "The Origins of Modernity: Caste and Feudality (India، Europe and Japan)." (1988).

هەروەها بڕوانە تێبینییەکانی برینەر و بیچلەر لە بەندی دووەمدا.

برێـک لـه پێوەندیـی ئاڵـۆز لـه نێـوان کۆمەڵگـه کشـتوکاڵییه فیوداڵییەکانـدا هەبـوو، ئەوەنـدە هەبـوو تاوەکـو پێشـنیاز بکەیـن، پێویسـتە ئێمـە بیـر لـە کۆمەڵگـە کشـتوکاڵییە چینایەتییـەکان و لـە گشـت نیـوەی گـۆی زەوی بکەینـەوە، نـەک لەبـەر ئـەوەی بریتیـن لـە قەوارەگەلـی کۆمەڵایەتیـی جـودا، وەلـێ لەبـەر ئـەوەی سرووشـتێکی فیوداڵییـان هەیـە، لەتـەک فرەیـی هەرێمـی کـە هەنـدێ جـار سنووری جیاکەرەوەیـان هەبـوو و هەنـدێ جاریش ئـەم سنوورانە نەبـوون. روونـە کـە بڵاوبوونەوەیەکـی ئاڵـۆز لـە نێـوان ئـەو هەرێمانـەدا هەبـوو و وەکـو بەڵگەیـەک بـۆ ئەمـە، بـە نموونـە، باوبوونـی تەکنیکیـی کشـتوکاڵی لـە ناوچـە گەورەکانـدا. (ئیدعایـەک لەلایـەن هەنـدێ لـە مێژوونووسـە ئەوروپاییەکانـەوە خراوەتـە روو[٢٨٤]گوایـە کشـتوکاڵی ئەوروپایـی لـە چاخەکانـی ناڤینـدا، لـە سـەر ئاسـتی تەکنەلـۆژی بـێ هاوتـا بـووە، بۆیـە بـە جـۆرێ لـە جـۆرەکان، دەسـتی بـە هەنگاونـان بـەرەو سـەرمایەداری کـردووە، هەروەکـو لـە بەنـدی دووەمـدا باسـمانکرد، ئـەم ئیدعایـە بـە نادروسـت دادەنرێـت. کشـتوکاڵیی ئەوروپایـی بەشـداری لـە زۆربـەی سـیفەتەکان لەتـەک هەرێمگەلـی دیکـەدا کـردووە و تەنـێ ئەمانـە گەشەسـەندوو، یـان هەڵگـری تـۆوی گۆڕینـی کۆمەڵایەتـی نەبوونـە). دیارە شـێمانەی ئـەوە دەکرێـت، دەستبەسـەرداگرتنی بەشـێکی زۆر لـە رووبـەری نیـوەی گـۆی زەوی، پێویسـتی بـە چڕکردنـەوەی سـتەم بـووە لـە سـەر جووتیـاران، تـا خواسـت لـە سـەر زۆربوونـی بەرهەمهێنـان زیاتـر بێـت، ئەمەیـش بەدەنگەوەهاتنـی جووتیارانـی بـۆ گەشـەکردنی تەکنەلـۆژی و خـوازە (بڵاوبوونـەوە) ی لەخۆگرتووە، وێـڕای کۆچکـردن بـەرەو هەرێمـە لابـەلاکان و بـەرەو شـارەکان. لـە هەمـان کاتـدا، چینـە دەسـەڵاتدارەکان هەوڵیانـداوە، هەمـوو وزەی ژێردەسـتەکانیان بخەنەگـەر، بـۆ زیاترکـردن و رادەسـتکردنی بەرهەمـەکان، هەروەهـا هەوڵیانـداوە کۆمەڵگەلـی

284. including Lynn White، Ir. In Medieval Technology and Social Change (1968) Michael Mann، “European Development: Approaching a Historical Explanation” (1988)، Perry Anderson، Lineages of the Absolute State (1974).

دیکە لە بەرهەمهێنەکان چەپاو بکەن و بیانچەوسێننەوە، بۆ دەستەبەرکردنی کێڵگەگەلی دەرەکی، وێڕای کێڵگە ناوخۆییەکان و ئەمەیش بە ڕۆڵی خۆی، بووە هۆی پتر پێکەوەبەستنی هەرێمەکان.[285] وێڕای ئەمە، کۆمەڵگە فیودالییە دەسەڵاتدارەکان لە هەمان کاتدا، یەکانگیر و لە تۆڕێک لە پێوەندیی خوێن و خزمایەتی یان بیرۆکراتی یان چینایەتیدا یەکگرتووبوون کە هەندێ جار رووبەرگەلی یەجگار گەورەی دەگرتەوە. دەزانین دابەشکردنی کۆمەڵگەکان بۆ دەوڵەت لەو سەردەمانە ولە هەرێمە زمانەوانییەکاندا نەبوو، پێناسەی روونیان بۆ نەکرابوو، هەروەها بەربەستی زمان هێندە گرنگ نەبوو، تەنانەت جیاوازییە ئایینییەکان نەدەبوونە لەمپەر لە بەردەم گواستنەوەی فیکرەکان و شمەکەکان و خەڵکیدا. بۆیە پێویستە بیر لە گشت (یان زۆربەی) کۆمەڵگە فیودالییەکان بکەینەوە، بەوەی لە شوێنێکی گشتیدا، لە رێگەیەوە هێزە کۆمەڵایەتییەکان و گوشارەکان بە گشت لایەکدا بەشداربوون و بۆ ماوەدای زۆر بڵاوبوونەوە، ئەویش بە ئاسانی، لە رێگەی پەڕینەوە لە سنووری دەوڵەتاندا. لەتەک بڕوابوونمان بەم چەمکە، ئەستەم نییە لەوە حاڵی ببین، بۆچی گەشەکردنی فیودالیزم، وەکو شێوازێکی بەرهەمهێنان بە هەمان ئەندازە، لە زۆربەی ناوچەکانی نیوەی گۆی زەویدا، بەرەوپێشەوە دەڕوات.

لە کۆتایی چاخەکانی ناڤیندا، نیشانەگەلێ لە سەر گۆڕینی قووڵ، لە چەندین هەرێمی کشتوکاڵی، لە هەر سێ کیشوەرەکەدا هەبوون. دوو جۆر نیشانە هەبوون: نیشانەگەلێ لە سەر نەمان، یان هاکا هەرەسهێنانی سیستمی فیودالی و نیشانەکانی گۆڕین بەرەو کشتوکاڵیی بازرگانی و بەرەو سەرمایەداریی گوندنشینی. لە زۆربەی ناوچەکانی نیوەی گۆی زەویدا، شێوازی بەرهەمهێنان سەرهەڵدەدات، بەوەی لە حاڵەتی نەماندا بێت، هەروەها دەبینین کێشمەکێش و ڕاپەڕینی جووتیاران و کۆچکردن بۆ شارەکان

285. Blaur، The National Question (1987b)، chap. 7.

و سنووره کشتوکاڵییەکان و شەڕوشۆڕ لە نێوان چینە دەسەڵاتدارەکاندا، لە سەر بەرهەمهێنەکان و لەوەیش زیاتر هەبوون. لەتەک هاتنی سەدەی چواردەیەمدا، فیوداڵ چووە ناو قۆناغی تەنگوچەڵەمەوە– نەک هەرەسهێنان – لە ئەوروپادا، وەلێ دەردەکەوێت کە تەنگوچەڵەمەی لێکچوو لە ئاسیادا و ڕەنگە– هەروەکو بە دڵنیاییەوە لە توێژینەوەدا دەیزانین– لە ئەفەریقیایشدا هەبوون.[٢٨٦] لە هەرسێ کیشوەرەکەدا جووتیاران بۆ شارەکان دەیانگواستەوە و ڕەنگە بە تێکڕای نیمچە لێکچوو. لە هەر هەرێمێکدا چەندە گەورەیش بووبێت، ئەوروپایی بووبێت یان نائەوروپایی، ئەمە نەبووە لێشاوێک لە کۆچبەران لە گوندەوە بۆ شار، چونکە ژمارەی دانیشتوان لە شارەکاندا، لە هەموو شوێنێکدا لە کۆتایی سەدەی پانزەیەمدا، هێشتا ڕێژەیەکی کەمی لە ژمارەی دانیشتوانی گشتی پێکدەهێنا. هێشتا ئەوە لە ناوچە گوندنشینەکاندا، ئاسەواری تەنگوچەڵەمەکان بوو. ئەگەر ئەو تەنگوچەڵەمانە نیشانەی ئەوە بووبێتن کە شێوازی بەرهەمهێنان بەرەو هەرەسهێنان دەچوو، ئەویش بە هۆی ناکۆکییە ناوەکییەکانەوە، ڕەنگە هێشتا نەتوانین وەرامێکی یەکالاکەرەوەی بۆ بدۆزینەوە، وەلێ بەهەر حاڵ، فیودالیزم لە ئەوروپادا لە کۆتاییەکەی خۆی بەر لە ١٤٩٢، پتر لە هەرێمەکانی دیکەی نائەوروپایی نزیک نەبوو.

---

٢٨٦. بۆ هیند، بە نموونە، بڕوانە:
A. Chicherov‹ “On the Multiplicity of Socio-Economic Structures in India in the Seventeenth and Eighteenth Century” (1976)‹ I. Habib‹ “Problems of Marxist Historical Analysis” (1969)‹ S. Gopal‹ Nobility and the Mercantile Community in India” (1972)‹ Radhakamal Mukherjee‹ The Economic History of India‹ 1600-1800 (1967)‹ Ramkrishna Mukherjee. The Rise and Fall of the East India Company (1958)‹ Jha‹ Studies in the Development of Capitalism India (1963)‹ Nurul Hasan‹ “The Silver Currency Output of the Mughal Empire and Prices in India During the 16th and 17th Centuries” (1969)‹ Yadava‹ “Immobility and Subjugation of Indian Peasantry in Early Medieval Complex” (1974).
بۆ ڕۆژئاوای ئەفریکا، بڕوانە:
Kea‹ Settlements‹ Trade‹ and Polities in the Seventeenth Century Gold Coast (1982).
بۆ چین، بڕوانە:
Harrison‹ The Communists and Chineese Peasant Rebellions (1969)‹ Parsons‹ Peasant Rebellions in the Late Ming Dynasty (1970)‹ Fu and Li‹ The Sprouts of Capitalistic Factors Within China’s Feudal Society (1956).

لەم قۆناغە لە باسوخواس، بەلای ئێمەوە بەدرۆخستنەوە و هەڵوەستەیەکی تێڕامانی هەیە. ئیدعای ئەوە ناکەم، شێوازی بەرپای بەرهەمهێنان لە سەر جووتیار و خاوەن زەوی، ڕەوتی سرووشتیی خۆی کردووە و بەرەو هەرەسهێنان یان ڕاستکردنەوەی بەرەو سەرمایەداری دەڕۆیشت. وەلێ پرسیاری ئەوەی ئاخۆ دەستپێکی یەکەمی سەرمایەداری، لە ژینگەیەکی شارنشینی، یان ژینگەیەکی گوندنشینیدا بە کردەوە بریتییە لە پرسیارێکی یەجگار ئاڵۆز. دوای ئەمە، باسی ئەو پرسە دەکەم، وەلێ گریمانی هیچ جۆرە تیۆرێکی سەدەمکاریی مێژوویی گشتی ناکەم. تەنێ باسی ئەوە دەکەم، گواستنەوە یان نەمان یاخود هەر شتێک بخوازیت ناوی لێبنێیت، لە ١٤٩٢دا کامڵ و پوختە نەبووە، هەروەها ئەو سامانەی لە ئەمریکاوە هێنرا ڕێنیسانسی سەرمایەداری، لە هەمان کاتدا، نەمانی کۆتایی فیودالیزم وەکو شێوازی بەرهەمهێنان لە ئەوروپادای خێراکرد.

بۆچوونی من ئەمەیە: ئەگەر بڕوامان بە مۆدێلە گشتییەکەی بڵاوبوونەوەی تێهەڵکێش و یەجگار خێرای سیفەتە فەرهەنگییەکانی کشتوکاڵی (دانەوێڵە و ئاژەڵە ماڵییەکان و سیستمەکانی ئاو و...هتد) هەبێت و هەروەها بڕوامان بە تێگەیشتنی هاوتەریب، بە بوونی پێوەندیگەلی یەکانگیر و تێهەڵکێشی لێکدراو، لە نێوان کۆمەڵگە کشتوکاڵییە چینایەتییەکان، لە نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەوی لە چاخەکانی ناڤیندا هەبێت، ئەوا دەتوانین چاوەڕوانی ئەوەبین، ڕەنگە گەشەکردنی کۆمەڵگەیی کشتوکاڵیی چینایەتی، بە شێوەیەکی یەکسان لە هەرێمێکەوە بۆ یەکێکی دی پێشبکەوێت، هەرکاتێ سیفەتەکانی بڵاوبوونەوە، هەروەها هەرجارێ گوشارە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕێگەی کۆچی شوێنەکی و داگیرکردن و شتی لەو بابەتانەوە گوازرانەوە. هەروەها تا هاوپەیمانیی چینی دەسەڵاتدار زۆرتربوو و شتی لەم بابەتە. ڕەنگە گەشەکردنی ئەم شێوازەی

بەرهەمهێنانی فیوداڵییە، لە هەموو شوێنێکدا بە حەقیقەتێکی کۆمەڵایەتیی گشتییەوە مەرجدار بووە، ئەویش بریتییە لە خواستی جێگیر و بنجبڕی چینی خاوەن زەوییەکان و هاوپەیمانەکانیان (بازرگانان و خانەدانەکان و... هتد) بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر، دیارە ئەوە خواستێکە لە سەر جووتیاران کرا بە گوشارێکی بەردەوام، بۆ زیادکردنی بەرهەم تا بتوانن ئەو زێدەبەرهەمە زیاتر بکەن کە وەریدەگرن. بە جۆرێ بڕوانە بەمەدا، وەکو بڵێی ئاراستەیەکی شارنشینیی دوورخایەن بێت، بووبێتە هۆی بەدەنگەوەهاتننی دیاریکراو لە ناو جووتیاراندا، بە گەشەکردنی تەکنەلۆژی و بڵاوبوونەوەی تێهەڵکێش لەتەک تەکنەلۆژیا و چاندنی دارستانەکان و پێشەنگی و شۆڕشەکانی جووتیاران و کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار و بەشداریکردن لە سەرچڵییە سەربازییەکان لەلایەن چینەی دەسەڵاتدار و پترلەوە. پێموایە ئەو میکانیزمانە، گوشارە کۆمەڵایەتییەکانیان کەمکردۆتەوە کە لە گەلێ شوێندا، لە ڕێگەی زۆربوونی خواستی چینی دەسەڵاتدار لە سەر رادەستکردنی زێدە بەرهەم دەرکەوتن. ئەمەیش ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێت، باسی ئەوە بکەین کە شێوازی بەرهەمهێنان لە نەمان یان لە تەنگوچەڵەمە، لە یەک بەش لە نیوەی گۆی زەویدا هەبووە و گەلێ شێمانەی ئەوە هەیە، هەمان دۆخ لە بەشگەلی دیکە، لە نیوەی گۆی زەویدا هەبووبێت. بە کورتی: دواتر شێوازی بەرهەمهێنان درێژبووەوە، لە سەر ئاستی نیوەی گۆی زەویدا چڕ بووەوە کە لە ئەورووپا لە ١٤٩٢دا و لە ئاسیا و ئەفەریقیایشدا رووی دەدا.

وەلێ بۆچی چاوەڕوانی ئەوە بکەین، شێوازی بەرهەمهێنانی فیوداڵی نەمێنێت یاخود لەناوبچێت؟ ئەمە لە هەڵوەستە تیارامانەکەمدا دوا خاڵە. ناتوانین بە ئاسانی جەخت لەوە بکەین، فیودالیزم بریتییە لە "قۆناغێک" لە ریزبەندیی گەشەکردن و هەرجارێ هەندێ لە مارکسییە میکانیکییەکان باسی

دەکەن، پێویستە لە کۆتایی پرسەکەدا، شوێنی خۆی بۆ دوای خۆی، یان بۆ "قۆناغی بالا (سەرمایەداری)جێبهێڵێت. هەروەها ناتوانین شێوەی پارێزکار لەم باسە قەبوڵ بکەین کە پێیوایە فیوداڵ شوێن و پێگەی خۆی بۆ شێوەیەکی بالاتر و "تازەگەراتر" بۆ کۆمەڵگەی (سەرمایەداری)، وەکو دەرەنجامێکی بێ چەندوچۆن، بۆ گەشەکردنی مرۆڤایەتی خۆشبکات، بەرەو پێشەوە لە رووی کۆمەلایەتی و فیکری و مۆراڵییەوە. هەروەها ناتوانین هێزەکانی ماڵتۆس بهێنینەوە، بۆ گوشاری بێ چەندوچۆنی ژمارەی دانیشتوان (ئەمە پرۆژەیەکە کە هەڵەبوونەکەی لە بەندی دووەمدا روونکرایەوە، لە سەر بنەمای ئەوەی فەرهەنگە مرۆییەکان هەمیشە لە رەفتاری دیمۆگرافییەکەیدا، بە شێوەیەکی ئەقڵانی بە جۆرێک لە جۆرەکان بالادەستن). دەتوانین گریمانی ئەم مۆدێلە راڤەکارییەی خوارەوە بکەین: دوو حەقیقەتی گرنگ هەنە، سەبارەت بە شێوەی ئەم کۆمەڵگەیە: یەکەم بریتییە لە حەقیقەتی کشتوکاڵ، لە سەر ئاستی خێزان، وەکو شێوازێکی ژیان. دووەمیش حەقیقەتی چینی خاوەن زەوییەکانە کە پوختە دەکات، یان هەوڵ دەدات، زێدە بەرهەمی روو لەزیادبوون لە جووتیاران وەربگرێت. جووتیاران بە چەندین رێگە مل بەم گوشارە دەدەن، بەوجۆرەی پێشتر ئاماژەمان بۆکرد. ئەوان بە دڵنیاییەوە، هەوڵی زیاترکردنی ژمارەیان دەدەن، مادامێک تاک بتوانێت زێدە بەرهەمی خوازراو بەرهەمبهێنێت، واتە بە هێزێکی کاری زیاترەوە بەشداری بکات، دەتوانێت بەرهەمێک بەدەستەوە بدات، پتر بێت لە نیازی بەرخۆریی ئەم کۆمەڵگە روو لەزیادبوونە، هەروەها بەشداریی ئەم تاکە لە رادەستکردنی ئەم زێدە بەرهەمەدا زیاتر بکات. بە دڵنیاییەوە، ئەوان هەوڵ دەدەن زەویی دیکە بۆ کشتوکاڵ بخەنە سەر، هەندێ جار هەوڵ دەدەن، بۆ شوێنی دیکە بۆ گەڕان بە دوای زەویی کشتوکاڵیدا بگوێزنەوە. وەلێ لە بنەڕەتدا چڕدەکەنەوە. واتە

ئـەوان، لـە ڕێگـەی تاقیکردنـەوەی بەردەوامـی دانەوێڵـەی نـوێ و ئامێـری نـوێ و تەکنیکـی نوێـوە، بەرهەمـی کشـتوکاڵی زیاتردەکـەن. هەروەهـا ئـەوان هەمیشـە ئاگادارییـان لـە سـەر هـەر هەواڵێـک، لـە سـەر ئـەو داهێنانـە هەیـە، سـەرکەوتوانە لـە شـوێنەکانی دیکـە لـە گوندەکانـی تەنیشـت، یـان دۆڵـی دراوسـێ، یاخـود دوورگـەی پاڵدەسـتدا، تاقیکراونەتـەوە.

دیـارە پرۆسـەی چاککردنـی تەکنەلـۆژی بـێ سـنوورە، وەلـێ بـە خاڵێـک دەگەیـن، تیایـدا تێکـڕای زیـادە لـە وەچـە دوای وەچـە و سـەدە دوای سـەدە، بەرهەمهێنانـی هێـزی کار دادەبەزێـت. گومـان لـەوەدا نییـە، ئـەم تێکڕایـە گەیشـتبووە ئەوپـەڕی، لـەو ماوەیـەدا کـە دانەوێڵـە زۆرە نوێکان و جۆرگەلـێ لـە ئـاژەڵ، بـە خێرایـی ماڵـی دەکران، هەروەهـا کاتـێ کـە ئامێـرە بنەڕەتییـەکان و ئاسـن دەهێنرایـە نـاو سیسـتمەکەوە. لەتـەک هاتنـی چاخەکانـی ناڤینـدا، تێکـڕای باشـبوون بـۆ ئاسـتێک دابـەزی، بەشـی ئـەوە نـەکات ڕێگـە بـە جووتیـاران بدرێت، ڕووبـەڕووی خواسـتی ڕوو لەزیادبـوون، لـە سـەر زێـدە بەرهـەم لەلایـەن خـاوەن زەوییەکانــەوە ببنــەوە. ئەگــەر هەنــدێ لــە بەدەنگەوەهاتنــە ئەڵتەرناتیڤەکانــی وەکـو پێشـەنگی و کۆچکـردن لـە گونـدەوە بـۆ شـار وەلاوە بنێیـن کـە تەنـێ لـە هەنـدێ لـە هەرێمەکانـدا هەبـوو، ئـەوا ئـەم هەڵوێسـتی: تەنگوچەڵەمـەی گشـتی لـە شـێوازی بەرهەمهێنانـی فیوداڵیمـان بـەلاوە دەمێنێتـەوە.

ئێسـتا ئـەم باسـە لـە سـەر بنەمـای یـەک گریمانـە دامەزرێنـراوە: دیـارە باشـبوون لـە بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵیدا، لـە ڕێگـەی داهێنانـەکان لـە خـودی کێڵگەکـەدا ڕوودەدات. ئەمەیـش سـەبارەت بـە کشـتوکاڵ، لـە سـەر ئاسـتی خێـزان لـە چاخەکانـی ناڤیـن و بـەر لەوەیـش هەروابـوو. دیـارە بەرهەمهێنانیـش لـە ڕێگـەی ڕاکێشـانی ئـاو و کانـزا خۆراکییـەکان بـۆ کێڵگـە، لـە ڕێگـەی ئاودێـری یـان ئـاوەڕۆوە چـاک دەبێـت. هەمیشـە فرۆشـتن دوور لـە کێڵگـە یـان ئاڵوگـۆڕی

بەروبوومەکان یاخود فرۆشتن و گۆڕینەوەی بەرهەمەکان لە کێڵگە بەرانبەر بە کۆد و بنەتۆو و هێزی کاردا روودەدات. کەواتە، کێڵگە یان کێڵگەی خێزان بریتییە لە سیستمێکی مایکرۆجوگرافیی تا رادەیەک نەک بەتەواوی سەربەخۆ. هەروەها باش دەزانین جووتیاران لەو کاتەدا، دەیانزانی باشترین ستراتیژی بۆ ئەندازیاریی زیادەی دراماتیکی لە بەرهەمهێناندا، لە سیستمی مایکرۆجوگرافیی وەکو کێڵگە لە گونددا، بریتییە لەوەی لە سیستمێکی جوگرافیی گەورەتردا ئاوێتەببێت. لە بنەڕەتدا ئەمە پێویستی بە ئاو و کۆدی زۆری وەکو قسڵ و کۆد و گۆڕینی مۆدێلی دانەوێڵەکان و ئاژەڵەکانە، لە شێوەیەکەوە خۆراکی خێزان تەنێ لە کێڵگەدا فەراهەم بکات بۆ یەکێکی دی، تیایدا بەتایبەتکردنی بەرهەمەکان هەبێت کە دەکرێ بفرۆشرێن کە لەتەک بارودۆخی ژینگەیی کێڵگەکەدا گونجاوبن. (ئەمەیش بە مانای هەندێ پسپۆرییە، دەکرێ لە یەکێک یان لە چەند بەرهەمێکی خۆراکیدا بفرۆشرێت و بەرکارببرێت، یان بە مانای پسپۆرییە لە بەرهەمێکی پیشەسازیی وەکو لۆکەدا). ئەمرۆ کاتێ باس لە "شۆڕشی کشتوکاڵی لە سەدە نوێکاندا دەکەین، ئەوا لە سەر ئاستی گەورەی جوگرافیا وەسفی شۆڕشێک دەکەین: کێڵگەی نوێی خێزانی، بڕێکی زۆر لە کۆد هاوردە دەکات و ئامێرگەلی جۆراوجۆر و دەرمانی قەلاچۆکردن و توخمگەلی دی هاوردە دەکات (دەکڕێت) کە لە شوێنێکی دیکە بەرهەمدێن و ژمارەیەکی زۆر لە کرێکار لە دەرەوەی ئەندامانی خێزان بەکاردەبەن و لە رێگەگەلێکدا پسپۆری پەیدا دەکەن، پێویستییان بە دوورکەوتنەوەی باشترە، لە رووی بارودۆخی ژینگەوە. ئەم لیستە ئەو گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕانانە پوچەڵ دەکاتەوە کە بەر لە سەدەی ئێستا روویان دا و پێشنیاز دەکات کە باشبوونی مایکرۆجوگرافیای ناوەکی- کە بە بەردەوامی لە رووداندایە- رۆڵێکی لاوەکی لەم قۆناغە لە گەشەکردنی کشتوکاڵدا گێڕاوە.

بۆ ئەوەی ئەم باشبوونە گەورە جوگرافیاییە رووبدات، پێویستە ئاستێکی بەرز لە کشتوکاڵی بازرگانی هەبێت، چونکە گواستنەوەی شمەکەکان لە کێڵگەیەکی بچووکەوە و بۆی (بەهەر حاڵ سیستمی بچووکی گوند)، بریتییە لە پرۆسەی کڕین و فرۆشتن. ئەمەیش تەنگوچەڵەمەیەکی گشتی لە شێوازی بەرهەمهێنانی فیوداڵی بەدوادادێت کە یەک یان دوو دەرەنجامی شێمانەکراوی هەیە. یەکێکیان بریتییە لە گواستنەوەی تا رادەیەک ئارامی ئابوورییەک کە خواستی بۆ نەختینەی زۆری تێدایە کە بەشی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و کڕینی پێداویستییەکان بکات، وێڕای پێدانی کرێکان (یان پێدان بە شێوەی بڕەبەش یان پشکەکان بۆ ئەو خاوەن زەوییەی بەش بە حاڵی خۆی، بڕەبەشەکە لە بەرانبەر پارەدا دەخاتە روو). ئەم سیناریۆیە لە شوێنێکدا روودەدات کە ژمارەیەکی زۆری ناکشتوکاڵی تێدابێت، بەمەیش ئەم شوێنە ئامادەگی پەیدا دەکات، یان بەشداری لە بازرگانیی مەودا دوور و درێژەکاندا دەکات. یەکێکی دی دەڵێت، رەنگە رووبەڕووی ئەو تەنگوچەڵەمەیە ببیتەوە، لە رێگەی پرۆسەی گۆڕین بۆ شێوازی بازرگانی و شارستانی. یان دەکرێ گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانەی لە جۆرێکی دی هەبێت: شۆڕشەکانی جووتیاران یان میانڕەون (وەکو نەدانی کرێ) یاخود توندڕەون، یان راستکردنەوەی گەورەی فەرهەنگی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی سیاسی، یاخود لە ئایینیدا دەکەن و رەنگە گۆڕانکاریی دیکە لە سەر هەمان ئاست لە شۆڕشگێڕی هەبێت. رەنگە هەردوو ئەڵتەرناتیڤەکە لە پێکهاتەیەکدا پێویست بن، بۆ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکە رووبدەن. لەمەوە بەوە دەگەم، ئەو مۆدێلە روونەی بەوە ناکۆکییە فیوداڵییەکان توندتر دەبن، بە هۆی زۆربوونی خواست لە سەر زێدە بەرهەم و توانستی داکشاوی خێزانەکانی کێڵگەکان، لە سەر زیادبوونی ئاستی ئەم زێدە بەرهەمە، پێویستە جۆرە شۆڕشێکی گۆڕینی لێبکەوێتەوە.

زۆربەی ئەو گۆڕانکارییانەی باسمکردن، بە کردەوە لە ئەورووپا لە کۆتایی چاخەکانی ناڤیندا روویان دا، ئەمەیش پێویستی بە رووخاندنی فیودالیزمە، وەکو سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گۆڕینی بە سیستمێکی نوێ، بریتییە لە مۆدێلی "شۆڕشی شکۆدار"ی ئینگلتەرە. وەلێ باسی ئەوە ناکەم کە ئەم کۆمەڵەی پرۆسە گوندنشینییانەن کە رێنیسانسی سەرمایەداری راڤە دەکەن. بە دڵنیاییەوە، تیایدا بەشداری کردووە و بەتایبەتی لە پرۆسەی زیاتر خۆئامادەکردن و زیاتر گواستنەوەی کاڵاکان، بۆ شوێنی دوور کە تایبەتمەندیی دوا کاتەکانی چاخەکانی ناڤین بوو، لە نیوەی گۆی زەویدا. ئەو کردانەی وەسفیان دەکەم، بەوەی گوایا ئاماژەی سەرەتای سەرمایەدارین کە لەم بەشەی دواتری ئەم بەندەدا باسی دەکەم.

## ئاماژە سەرەتاکانی سەرمایەداری لە ئاسیا و ئەفەریقیا و ئەورووپادا

دەستەواژەی "ئاماژە سەرەتاییەکانی سەرمایەداری" بۆ ئەوە بەکاردەبەم، تا دەستەواژەیەکی هونەری بخەمە روو، وەلێ بۆ ئەوەی خۆم لە کێشەی پێناسەی دەستەواژەیەکی دیکە دوور بگرم کە بریتییە لە "سەرمایەداری". روونە کە ئەو جۆرە سیستمە ئابوورییەی، گەلێ جار باسی لێدەکەین، وەکو سەرمایەداری لە چاخەکانی ناڤیندا نەبوو، ئێمە لەتەک رەگوڕیشاڵەکانیدا مامەڵە دەکەین (هەروەها باسی دەکەم) کە سیفەتگەلە سەرەکییەکانی سەرمایەدارییان خستەڕوو، وەلێ لە سەر ئاستی شوێن و کۆمەڵایەتیی بچووک و گەلێ جار لە ناو، یان لە سەر لێواری سیستمێکی ئابووریی باڵادەستدا و گەلێ گەورەتر لێی و وەکو شێوازێکی بەرهەمهێنان بە فیودالیزمەوە بەستراوەتەوە. بۆیە دەکرێ ئاماژەکانی سەرمایەداری بە سەرمایەدارییەک دابنێین، هاکا روودەدات یان نزیکە، یان سەرمایەدارییەک لە سەردەمی

هەرزەکاریدا بێت. دیارە ئەوە ئەو سیستەمەیە کە بەر لە دوو وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانەوە هەبوو کە سەرمایەدارییان هێنایە کایەوە. یەکەمیان بریتییە لەو وەرچەرخانە سیاسییەی گەلێ جار بە "شۆڕشی چینی بۆرژوا"، یان "شۆڕشە بۆرژواییەکان" ناودەبرێت، ئەمەیش بریتییە لەو حکومەتە گەورانەی، چینی خاوەن زەوییە فیودالّییەکان بەڕێوەیان نەبردووە، بەڵکە چینێک لە دەستەبژێران لە پیاوانی شار (هاووڵاتییان، تاکەکانی چینی بۆرژوا) و هاوپەیمانانیان لە خاوەنی پرۆژەکان لە گوندەکاندا بەڕێوەیان بردووە. بەناوبانگترین نموونە، بریتییە لە "شۆڕشی شکۆداری بەریتانیا"ی ساڵی ١٦٨٨ و من مێژووی ١٦٨٨ وەکو هێمایەک بۆ سەرکەوتنی سیاسیی سەرمایەداری بەکاردەبەم. بێگومان دووەم وەرچەرخان بریتییە لە شۆڕشی پیشەسازی کە تا دوا چارەکەی سەدەی هەژدەیەم دەستی پێنەکرد. لە بەندی چوارەمدا، ئەو ڕۆڵە تاقیدەکەینەوە کە کۆلۆنیالیستەکان و ناوچە نائەوروپاییەکان لەم دوو وەرچەرخانەدا گێڕایان.

لە هەرسێ کیشوەرەکەدا، هەرێمگەلی گوندنشینیی تا رادەیەک بچووک دەبینین (ئەمانە بریتی بوون لە ناوچەکانی ئەودیو شارە بەندەرە گەورەکانەوە) لەتەک هی دیکەی کشتوکاڵی بازرگانی و کانزاییدا کە گەلێ جار سەرمایەداری تیایاندا بڵاودەبووەوە- کە بریتی بوو لە سەرەتاکانی سەرمایەداری- لە ماوەی بەر لە ١٤٩٢دا. لەو ناوچانە، فلاندرز و باشووری خۆرهەڵاتی ئینگلتەرە و باکووری ئیتاڵیا و ناوچە چێنراوەکان بە قامیشە شەکر لە مەغریب و دۆڵی رووباری نیل و کەناری زێڕین و کیلوا و سۆفالا (کە دەبێ بەشێک لە زیمبابۆی بێت) و مالابار و کۆرۆماندل و بەنجال و باکووری جاوا و کەناری باشووری چین. زەوییەکان هی خاوەن زەوییە خاوەن ئەقڵیەتە بازرگانی یان

سەرمایەدارییەکان بوون، لە نێوان تاکەکانی چینە شارنشینەکاندا.[287] گەلێ جار کرێکان بە شێوەی نەختینە دەدران، جگە لەو ناوچانەی وەکو فوکین نەبێ کە قازانجە نەختینەکان لەلایەن خاوەن زەوییەکانەوە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەرهەمە چێنراوەکانیان کۆبکردایەتەوە و خۆیان بیانفرۆشتانیە بەزۆر وەردەگیران.[288] بەرهەمی کشتوکاڵی بە چەندین رێگە، بە بەرودوایی لە سەر ئاستی بچووکەوە تا کێڵگە گەورەکان رێکخرابوو و برێکی زۆر لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان دەچێنران و دەفرۆشران و هەناردە دەکران: برنج و لۆکە و شەکر و بیبەر و...هتد. بەرهەمی پیشەسازی لە گوندەکان، لە هەرسێ کیشوەرەکەدا بڵاوببووەوە: لە راستیدا سیستمی بەرهەمهێنان لە باکووری خۆرئاوای ئەوروپادا، پیشەسازییەکی دژە شارنشینی بوو، چونکە کۆنترۆڵی سەندیکا پیشەییەکان خاوببووەوە، رەنگە هەمان شت لە چەند بەشێک لە ئاسیا و ئەفەریقیادا روویدابێت (چونکە سەندیکا بازرگانی و هونەرییەکان، لە چاخەکانی ناڤیندا گەشەیانکردبوو و بەهێزببوون).[289] هەروەها لە ناوچەیەکی فراوانتردا، بەرهەمهێنانی کاڵاکان بەتەواوی سنووری ئابووریی کشتوکاڵی بەزاند و ئەوەی جێی گومانە، ئەو بابەتەیە کە ئاخۆ کشتوکاڵ لە زەوییە خامەکانی ئەوروپادا، بازرگانیتر بووبن وەک لە چەندین بەش لە چین و هیند، وێڕای چەندین هەرێمی دیکەی ئەوروپا. شێمانەی ئەوە دەکرێت، وا دابنێین ئاستی شارستانی بریتییە لە نیشاندەرێکی بەراوردکاری باش،

287. Appadorai، Economic Conditions in Southern India (1936)، Elvin، The Pattern of the Chinese Past (1974)، Nicholas، "Town and Countryside: Social and Economic Tensions in 14th Century Flanders" (1967-1968)، pp. 458-485، Rawski، Agricultural Change and the Peasant Economy of South China (1972): T. Raychaudhuri، Jan Company in Coromandel (1962).

288. Rawski، Agricultural Change and the Peasant Economy of South China (1972).

289. Appadorai، Economic Conditions in Southern India (1936)، Gernet، Daily Life in China on the Eve of the Mongo/Invasion (1962)، Habib، "Problems of Marxist Historical Analysis" (1969)، Mahalingam، Econ-mic Life in the Vijayanagar Empire (1951)، K. Nilikanta Sastri، A History of South India (1966)، Tung، Anoutline History of China (1979)، Kea، Settlements، Trade، and Polities in the Seventeenth-Century Gold Coast (1982)، Sherif، Slaves، Spices and Ivory in Zanzibar (1987).

بۆ ئاستی بازرگانیبوونی کشتوکاڵ لەم ماوەیەدا، چونکە دەبێ گوزارش لە خواستی بنەڕەتیی دوور لە کێڵگە، بە سەر بەروبوومە کشتوکاڵییەکاندا بکات. بەم پێوەرە دەردەکەوێت، کشتوکاڵی چین و هیند لە کشتوکاڵی ئەوروپا بازرگانیتر بووە، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕێژەی زۆری دانیشتوان، نیشتەجێی ناوچە شارنشینەکانی ئەو هەرێمانە بوونە.

شارەکان لە باکووری ئەوروپاوە بۆ باشووری ئەفەریقیا و بۆ خۆرهەڵاتی ئاسیا بڵاوبوونەوە. هەندێ لە شارەکان نێوەندی بەهێزی کۆمەڵگە فیوداڵییە گەورەکان بوون. هەندێکیان لە رووی کۆمەڵایەتی و جوگرافیاییەوە، بە بەراورد لەتەک ئەو کۆمەڵگانەدا لاوەکی بوون و گەلێ جار بە درێژایی کەنارەکانی دەریا هەبوون، چونکە پێوەندییەکی ئۆرگانییان لەتەک کۆمەڵگە فیوداڵییە گەورەکاندا هەبوو، کاڵا لە نێوانیاندا دەگوێزایەوە و ئەو کاڵایانەیان بەرهەم دەهێنا کە خۆیان دروستیان دەکردن. رەنگە بە هەڵەدا نەچین، کاتێ باس لە دوو چینی تایبەت و جیاواز بۆ پێگەی شارنشینی، ناوەکی و لاوەکی (یان پەراوێز) بکەین، ئەویش لەبەر بوونی فرەیی و ریزبەندیی جۆراوجۆرەوە، هەروەها بە هۆی ئەوەی ئەو شارانەی نێوەندی هێز بوون، گەلێ جار لە ناو کۆمەڵگەدا، هەروەها بۆ بەرهەمهێنانی ناکشتوکاڵی، نێوەندی گەورەی بازرگانی بوونە. وێڕای ئەمە، ئێمە دەتوانین کۆمەڵێکی تایبەت لەو شارانە جیابکەینەوە کە بە ئاراستەی هێزی لایەنی پیشەسازی و بازرگانیدا دەڕۆیشتن و تا رادەیەکی زۆر یان کەم، بە بەراورد لەتەک دەوڵەتە فیوداڵییە بەهێزەکاندا لاوەکی بوون (هەندێکیان لە ناو وڵاتەکان و هەندێکیان دەوڵەتی بچووک بوون، لە ژێر کۆنترۆڵی شارەکان، یان تەنانەت شار دەوڵەتەکاندا بوون) هەروەها سەرقاڵی بازرگانیی دەریایی مەودای دووردرێژ بوون. ئەم جۆرە شارانە، بە درێژایی کەنارەکانی خۆرئاوای

ئەورووپا و دەریای ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی ئەفەریقیا و باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیادا بڵاوببوونەوە. ڕەنگە شێوازی بەرهەمهێنان لەو شارانەدا وا وەسف بکرێت، بەوەی سەرمایەداریی دەستپێک یان سەرەتای سەرمایەداری بووە- بە دڵنیاییەوە فیودالی نەبوون- لەتەک بوونی کرێکاری کرێگرتە، وەکو گەورەترین توێژ لە چینی کرێکار و بازرگان و خاوەن زەوی- بازرگان و پیشەساز- بازرگان و چینی دەسەڵاتدار و چالاکیی ئابووری بریتی بوو لە تێکەڵەیەک لە بازرگانی (گواستنەوەی کاڵا و بانکەکان و شتی دی) و پیشەسازیی (گەورە و بچووک) و کشتوکاڵی بازرگانی.

هەندێ لەو شارانە سەرقاڵی بازرگانیی دەریایی بچووک و هەندێکیشیان گەورە بوون، وەلێ وا دیارە زۆربەیان، تا رادەیەک لە سەر هەمان ئاست بوون، لە گەشەکردنی دامەزراوەکان، لە دەستپێکی سەرمایەداری و چینەکان و تەکنەلۆژیادا. ئەمە شتێکی سەیر نییە، چونکە پێکەوە، بە تۆڕێکی تۆکمەی بازرگانی بەسترێنیسانسەوە کە لە ڕێگەیەوە فیکر و تەکنیک و کاڵا و مرۆڤەکان، لە هەموو لایەکەوە بە پچڕپچڕیی بەردەوامەوە، ڕوویان لە پرۆسەی بڵاوبوونەوە دەکرد.[290] (بە نموونە: کاتێ پورتوگالییەکان هاتن، ئەوە مەلقە بوو، لەتەک دەریای سپیی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی ئەفەریقیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هیند و چیندا، ڕەنگە لەتەک یابان، وێڕای گشت باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیادا بازرگانی دەکرد. مێژوونووس تۆمی پێریز جەخت لەوە دەکات کە لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمدا، هەشتاوچوار زمانی جۆراوجۆر لەو شارەدا هەبوون کە بەلای پورتوگالییەکانەوە گرنگ بوو، هەروەها جەخت لەوە دەکات کە "چارەنووسی ڤینیسیا بە دەستی خاوەنی مەلقەیە"[291] نموونەیەکی دی بۆ ئەو سەردەمە: بریتییە لە بەندەری تیناسیرم

290. Blaut، “Where Was Capitalism Born?” (1976).

291.. Pires، The Suma Oriental (1944 edition).

لە کالا، لە سەدەی دەیەمدا کە بازرگانی لەتەک چین و ناوچە عەرەبییەکاندا دەکرد. بەپێی ئیبن فەقیە، توتییەکانی کالا بە فارسی و عەرەبی و چینی و هیندی و یۆنانی قسەیان دەکرد.[٢٩٢]

تۆڕی نێوەندە بازرگانییە دەریاییەکان، وەکو تاڵە هۆنراوەی مرواری، لە بەڵتیکەوە تا خۆرهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست و لەوێوە بەرەو باشوور بۆ سۆفالا (یان بۆ ئەودیوی، هێشتا مێژووی خۆرهەڵات و باشووری ئەفەریقیا سڕی دەستی کۆلۆنیالیست بوو) و بەرەو خۆرهەڵات تا یابان درێژ دەبووەوە. تۆڕەکە لە ناوەوەیشدا، لە گشت سێ کیشوەرەکەدا درێژ دەبووەوە، وەلێ شارە بازرگانییە دەریاییەکان و ڕێگەوبانەکانی دەوروبەریان دواتر، لە سەروبەندی ڕێنیسانسی سەرمایەدارییدا، پتر لە نێوەندە ناوخۆییەکان گرنگییەکی زۆریان پەیداکرد. ئەمە لە بەر دوو هۆی (سەرەکی) ڕاستبوو:

یەکەم: بازرگانیی دەرەوە لاوەکیترین چالاکی بوو لە سەرەتای سەرمایەداریدا، چونکە بە کردەوە لە دەستی یاسا دوور بوو. (شارەکانی ناوخۆ کە بیابانەکان بە هەمان سیفەتی لاوەکیبوون دەوریاندابوون). بۆیە، شارێک کە بەندەربوایە لە سەرەتاکانی سەرمایەداریدا، دەیتوانی بەروبوومەکان بۆ بەندەرەکە و لە بەندەرەکەوە بۆ بەندەرێکی دی، لە سەر ئۆقیانووس بگوێزێتەوە، بێ ئەوەی ناچاربێت بە ناوچەی حکومەتەکاندا ڕەتببێت، بەمەیش باج و گومرکی نەدەدا و ناچار نەدەبوو کاڵاکان لە بازرگانی بیانی، لە نێوەندە بازرگانییە مامناوەندییەکاندا خەرید و فرۆش بکات، یان ڕەنگبوو ڕێگەی نەدەن بچێتە ناو دەوڵەتێکەوە. دەبێ لەم بارەوە ئاماژە بەوە بکەین، بەشێکی زۆر لە

---

292. Pires، The Suma Oriental (1944)، “Arab Trade with Indonesia and the Malay Peninsula from the 8th to 16th Century” (1970).

کالا دەکەوێتە هەرێمی میرجویەوە: بڕوانە:

Wheatley، The Golden Khersones! (1961).

تێچووی بەرزی بەهاراتی ئاسیا، لە بازاڕی ئەوروپای بەر لە ١٤٩٢ دا، بە هۆی ئەو بارانەوە بوو کە بە ڕێگەی وشکانیدا لە هیندەوە دەهات، گەلێ جار دەبوا لە بازرگانێکەوە بۆ بازرگانێکی دی، لە بازاری ناوەندیاردا دەساودەسی پێبکرێت کە لەم پرۆسەیە قازانجی وەردەگرت. دیارە هەرزانیی بەهای بەهاراتی ئاسیا کە پورتوگالییەکان لە سەدەی شانزەیەمدا باریان دەکرد، تا رادەیەک گوزارشی لەو راستییە دەکرد کە بەهارات لە بەندەری ئاسیاوە باردەکرا و راستەوخۆ بۆ بەندەرێکی ئەوروپایی دەبرا، بێ ئەوەی کەسێکی دی قازانجی لە سەر بخوات، رەنگە ئەم فاکتەرە گرنگتر بووبێت، لە تێچووی کەمتری ئەمڕازەکانی گواستنەوەی دەریایی وەک لە وشکانی (ئەو فاکتەرەی گەلێ جار بە شێوەیەکی پێشەنگ پێی لە سەر دادەگرن).

دووەم: گواستنەوە لە مەودای دوورەوە، لە ڕێگەی دەریاوە کە گواستنەوەی بەروبوومە گرنگەکان دابین دەکات، لە ناو ئەو چالاکییانەی لە سەرەتای سەرمایەدارییەوە تا کۆتایی چاخەکانی ناڤین و رەنگە لەو سەردەمەدا، بۆ سەرمایەداریی پیشەسازی، لە ئابووریی مەدەنی نزیکتر بووبێت. ئەم چالاکییە تەنێ ئاڵوگۆڕی کاڵای لەخۆ نەدەگرت، بەڵکە بەرهەمهێنانی گەلێ لەوانەی لەخۆ دەگرت بە کەشتیشەوە، هەروەها تەکنەلۆژیای ئاڵۆزیشی هێنایە ناوەوە و هێزێکی کاری بەهێز و کاری بازرگانیی ئاڵۆزی دروستکرد و کەڵەکەبوونی زۆری سەرمایەی لێکەوتەوە. ئەم پرسە جارێکی دی، بە ناچارییەوە، بۆ کێشەی پێناسەی "ئاماژە سەرەتاییەکانی سەرمایەداری" مان دەگێڕێتەوە.

گەلێ جار ئاراستەیەکی گشتی، لە ناو مارکسییەکاندا هەیە، بەستراوەتەوە بە فیکری ئەم قوتابخانەیەوە کە لەم هەڵوێستەدا گەڵاڵە دەبێت: هەزاران ساڵە پارە و دەساودەسپێکردنی پارە و بازرگانی هەیە، وەلێ گوزارش لە سەرمایەداری، یان تەنانەت لە تۆوی سەرمایەداری ناکات. ئەمەیش لەبەر

ئـەوەی سـەرمایەداری بەنـدە بـە بەرهەمهێنانـەوە، نـەک بـە ئاڵوگۆڕکردنـەوە. سـەرمایەداریی "راسـتەقینە" پێویسـتی بـە جێبەجێکردنـی کرێـی کار و بەرهەمهێنانـی کاڵاوە هەیـە. وەلـێ ئاڵوگـۆڕ بریتییـە لـە کڕیـن و فرۆشـتن، هیـچ بەهایەکـی ناخەینـە سـەر. سـەبارەت بـە مارکـس، ئـەوە بـە هـۆی ئاڵوگـۆڕی ناوهاشـانەوە سـامانێک بەرهـەم دەهێنێـت (نرخـی بـەرز لـە بازاڕێـک، نـەک لـە یەکێکـی دیکـەدا و بەمجـۆرە)، نـەک بـە هـۆی هێـزی کار یـان بەرهەمهێنانێـک کـە هـەر بەهایەکـی بخاتەسـەر.

زنجیرەیـەک لـە بۆچوونـی یەجـگار گرنـگ لـەم مۆدێلـەوە دێنـە پێشـەوە، یەکێکیـان بریتییـە لـە باسـکردنی ئـەوەی شـارە ئەوروپاییـەکان لـە چاخەکانـی ناڤینـدا، سـەبارەت بـە رێنیسانسـی سـەرمایەداری سـێنتراڵ نەبـوون، چونکـە چالاکییـە بنەڕەتییەکـەی بریتـی بـوو لـە بازرگانـی و ئاڵوگـۆڕ، نـەک بەرهەمهێنان. بۆیـە رێنیسانسـی سـەرمایەداری، نـەک لـە شـارەکان لـە چاخەکانی ناڤینـدا، وەلێ لـە کشـتوکاڵ لـەو سـەردەمەدا رووی دا.[٢٩٣] پرۆژەیەکـی دیکـە هەیـە گرنگتـرە، سـەبارەت بـەو بابەتانـەی لێـرەدا باسـیان دەکەیـن. ئـەو باسـەی دەسـت دەکات بـە بڕوابـوون بـەوەی شـارە بازرگانییـە گـەورەکان لـە چاخەکانـی ناڤیـن و رێگـە بازرگانییـەکان لـە ئاسـیادا، ئاسـتیان بەرزتـر بـوو لەوانـەی لـە ئەوروپـا و لـە دەریـای ناوەڕاسـتدا بـوون. وەلـێ ئـەوە وایـان لێـدەکات گرنگییـان زیاتربێـت،

٢٩٣. بۆچوونـی سـەرەکی لـە مناڤـرۆە بەناوبانگەکـە لـە سـەر رۆڵـی بەشارسـتانیکردن لـە رابوونـی سـەرمایەداری لـە چاخەکانـی ناڤینـدا لـە ئەدەبـی مارکسـیدا، ئـەم بۆچوونـە گـرێ دەدات، لەتـەک مۆریـس دۆب (کـە بـە خۆدارییـەوە پێشکەشـیکرد) و رەخنەگرتـن لێـی- پێداگرتـن لـە سـەر رۆڵـی شـارە بچووکـەکان لـە رابوونـی سـەرمایەداریدا- بـە بـۆل سـویزییەوە بەسـتراوەتەوە. بڕوانـە:

Dobb، Studies in the Development of Capitalism (1947)، Sweezy، "A Critique" (1976).

بۆچوونـە بنەڕەتییەکەیـش بـۆ دیبەیتـەکان لـە سـەر "تیـۆری پاشـکۆیی" بـە نموونـە، رۆبێـرت بیرنـەر بـاس لـەوە دەکات کـە شـارە بچووکـەکان و بازرگانییـەکان لـە دەرەوەی بابەتەکـەدا بـوون، ئەویـش لەبـەر ئـەوەی بابەتەکـە بریتییـە لـە بەرهەمهێنـان نـەک ئاڵوگۆڕکـردن و بیرنـەر (بـە هەڵـە) پێیوایـە شـارە بچووکـەکان لـە چاخەکانـی ناڤینـدا، خاڵگەلـی بەرهەمهێنانـی گرنـگ نەبوونـە. بڕوانـە:

Brenner، "The Agrarian Roots of European Capitalism" (1985)، pp. 38-39.

هەروەها بڕوانە بەندی دووەم، پەراوێزی ٢٣٢.

سەبارەت بە ڕێنیسانسی سەرمایەداری، ئەویش لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنان نەک ئاڵوگۆڕکردن (بازرگانی و مامەڵە بازرگانییەکان) بریتییە لەو پرۆسە چالاکە، سەبارەت بە سەرمایەداری، بێ لەبەرچاوگرتنی گەشەکردنە گەورەکەی ڕێگەوبانە بازرگانییەکان و شارەکان لە ئاسیادا. بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیی فیوداڵی لە ئەوروپا (لەم باسەدا) نزیکتربوو لە سەرمایەدارییەوە، وەک لە سیستەمەکانی بەرهەمهێنانی شارنشینی یان گوندنشینی لە ئەوروپادا و ئەو ڕاستییە- سرووشتی کۆمەڵگەی ئەوروپاییی گوندنشینی، بە بەراورد لەتەک کۆمەڵگەی گوندنشینیی نائەوروپایی- بە گرنگ هەژمار دەکرێت، سەبارەت بە ڕاڤەکردنی ڕێنیسانسی سەرمایەداری لە ئەوروپا نەک لە ئاسیا (یان ئەفەریقیا)دا. دیارە باسی ئەو باسوخواسە هەڵەیە، سەبارەت بە بەرهەمهێنانی گوندنشینی کرا. وەلێ بە هەمان پلە لە هەڵەکە، بیرۆکەی ئەوەی شارەکان کە بەندەریان هەبوو لە ئاسیا (و لە ئەفەریقیا)دا و نێوەندە بازرگانییە دەریاییەکان، بە شێوەیەکی سەرەکی گرنگییان بە ئاڵوگۆڕکردن و "پرۆسە بازرگانییەکان" دەدا. لە ڕاستیدا، لێرەدا سێ هەڵە هەیە:

یەکەم: بەرهەمهێنان تەنێ گۆڕینی لە شێوەدا ناوێت، بەڵکە گۆڕینی لە شوێندا دەوێت. ئەوە کاری پیوارییە، باس لەوە بکەین شتێکی تایبەت و جودا بوونی هەبێت، سەبارەت بە پرۆسەی پێکهێنانی سرووشت، لە وێنەی "شمەک" یان کاڵادا. کاتێ جووتیار "شمەکێکی" کشتوکاڵی بەرهەم دەهێنێت، دەبێ ئەو تەنێ بیچێنێت وەلێ لە کێڵگەوە بۆ زەوییەکەی و دواتر بۆ بازاڕ بیگوێزێتەوە، هەروەها دەبێ ئاو و کۆد و هێزی کار لە دەرەوەی کێڵگەکەوە بگوێزێتەوە. بۆیە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی پێویستی بە گۆڕینێک لە شێوە و لە شوێن پێکەوەدا هەیە. دیارە هێڵی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیل، بریتییە لە پرۆسەی گۆڕین، لە شێوە و لە شوێن پێکەوەدا. بۆیە گواستنەوەی شوێن،

بریتییە لە بەشێک لە بەرهەمهێنان. هیچ جۆرە پێوەندییەکی بەو پرۆسە تایبەتەوە نییە کە لە ڕێگەیەوە کاڵا دەکڕێت و دەفرۆشرێت. بەڕاستی دەکرێ بەروبوومی جووتیار، لە سەر زەویی کێڵگەکە ئاڵوگۆڕ بکرێت، وێڕای خستنەڕووی لە بازاڕ و لە دەرەوەیدا. بۆیە چالاکییەکان لە چاخەکانی ناڤیندا کە پێویستیان بە گواستنەوەی کاڵا بوو بۆ شوێنی دوور، بریتی نەبوو لە "ئاڵوگۆڕ"، بریتی بوو لە گواستنەوەی شوێنەکی، پێویستی بە هێزی کاری زۆر و سەرمایەگوزاری گەورە و تەکنەلۆژیای گەشەسەندوو- لە کەشتیڕانی و دروستکردنی کەشتی و بیمە و شتی لەوەیش زیاتر- و باجی نیشتمانیی گەورە هەبوو. بەهای کاڵاکانی بەرهەمهێنا کە ئەم سیفەتەیان نەبوو و هێشتا لە قۆناغی ماڵئاواییدا بوون. بە کورتی، ئەوەی بە "بازرگانیی چاخەکانی ناڤین" ناودەبرێت، بریتی بوو لە پرۆسەیەکی ئاڵۆز، بەرهەمهێنان و پیشەسازی، ڕێک وەکو ئاڵوگۆڕکردن، ڕۆڵێکی گرنگیان تیادا بینی.

دووەم هەڵە بریتییە لەو بیرۆکە باوەی ئەمڕۆ لە نێوان مێژوونووساندا، بەوەی شارە گەورەکان و گواستنەوەی کاڵا و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵەکە هەیە، بەو جۆرەی پێویست بە تەنێ گواستنەوەی هەندێ شمەکی جوانەمەنی، بۆ چینێکی بچووکی دەسەڵاتدار دەکات. لە ڕاستیدا، زۆربەی بازرگانیی دەریایی لە چاخەکانی ناڤیندا، بریتی بوو لە کاڵا بنەڕەتییە گرنگەکانی وەکو کوتاڵی خام و ئامێرە ئاسنەکان و گەنم و تەختە و کەشتی (کە زۆرجار لە بەندەرێکەوە بۆ بەندەرێکی، بە مەبەستی فرۆشتنیان دەگوێزرانەوە)، یان شتی لەو بابەتە. پتر لەمە، ئەو باجانەی بە سەر ئەو بەروبومانەدا دەسەپێنران کە بنەڕەتی نەبوون، وەکو بیبەر و شەکر و کوتاڵی نایاب و گلێنە و شتی لەو بابەتانە، لە خۆیدا یەجگار گرنگ بوو، چونکە بازاڕی ئەو بەروبومانە یەجگار گەورەبوو، لەبەر ئەوەی چینی دەستەبژێر، لە چاخەکانی ناڤیندا یەجگار گرنگ و بەهێزبوو.

سێیەم هەڵـە بریتییـە لـە نشوسـت لـە وەرگرتـن و تێگەیشـتن لـە گرنگیـی بەرهەمـی پیشەسازی لـەو شارانە لـە چاخەکانـی ناڤینـدا و دواتـر. بۆیـە لەمـەوە بـەوە دەگـەم کـە سیسـتمە بازرگانییـە دەریاییـەکان لـە چاخەکانـی ناڤینـدا، لـە ئاسـیا و ئەفەریقیـا و هەروەهـا لـە ئەوروپـادا، بـۆ سـەرمایەداری، وەکـو زەمینەیـەک وابـوون.

شارە بەنـدەرەکان لـە ئەوروپـا لـە سـەرەتای سـەرمایەداریدا، گەشەسـەندووتر بـوون لـە شـارە لێکچووەکانیـان لـە ئەفەریقیـا و ئاسـیا لـە سـەدەی پانزەیەمـدا. بـێ رەچاوکردنـی پێـوەرە هەڵبژێـرراوەکان، ئەمـە راسـتە. یەکـەم: بـە هیـچ جـۆرێ شـارە ئەوروپاییـەکان، یـان تـا رادەیـەک، لـە رووی ژمـارەی دانیشـتوانەوە گەورەتـر نەبـوون. لـە راسـتیدا، رەنگـە شارنشـینی لـە ئەوروپـا و گومـان لـەوەدا نییـە، لـە ناوچەگەلـی زۆری دیکـەی نائەوروپاییـدا، کەمتـر گەشـەی سـەندبوو، وەک لـە چیـن و هینـد و ناوچـە عەرەبییـەکان. دانیشـتوانی شـارەکان لـە چینـی کـۆن لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی بنەماڵـەی مینجـدا، رەنگـە ١٠٪ی ژمـارەی گشـتیی دانیشـتوانیی جیهانیانیـان پێکهێنابێت.[٢٩٤] لـە ئیمپراتۆریـی ڤیجیاناچار لە باشـووری هینـد، نزیکـەی هەمـان رێـژە هەبـوو: پێتەختـی ناوخـۆ بـە تەنیـا ٣٪ی تیادابـوو، بـە بـەراورد لەتـەک نێوەنـدە ئەوروپاییەکانـی وەکـو پاریـس کـە نیـوەی ئـەو رێژەیـەی تێدابـوو، هەروەهـا شـارە بەندەرییـە کەنـارەکان زۆر و گـەورە بـوون.[٢٩٥]

دووەم: گەشـەکردنی تەکنیکەکانـی کار پێشـکەوتنێکی ئاڵـۆز و بڵاوبـوو لـە نێـوان بازرگانـان و بانکـداران لـە ئاسـیا و ئەفەریقیـا، رێـک وەکـو ئەوروپـا (تۆمـی پیرێـز لـە سـەر بازرگانانـی جۆچاراتـی لـە ١٥١٥دا، دەڵێت: "ئەوانـە کەسـانێکن بـە جوانـی لـە کاڵا تێدەگەن...رەنگـە هەسـتیان بـە ریتمەکـەی کردبێـت" و "هـەر

294. Elvin، The Pattern of the Chinese Past (1973).
295. Elvin، The Pattern of the Chinese Past (1973)، Mahalingam، Economic Life in the Vijayanagar Empire (1951)، Naqvi، Urban Century in Upper India، 1556-1803 (1968)، Satish Chandra، "Commerce and Industry in the Medieval Period" (1964).

یەکێـک لـە ئێمـە بیەوێـت ببێـت بـە کارمەنـد و بریـکار، پێویسـتە بـڕوات بـۆ ئـەوێ و فێرببێـت، ئەویـش لەبـەر ئـەوەی بازرگانـی زانسـتە“).[296]

سـێیەم: وا دیـارە ئەمـڕازە مـژادی و هونەرییەکانـی بەرهەمهێنـان، لـە سـەر هەمـان ئاسـتی گەشـەکردن بوونـە، لـە ژمارەیـەک لـە نێوەنـدە بازرگانییـە دەریاییـەکان لـە سـێ کیشـوەرەکەدا، ئەمەیـش زەمینـەی بـۆ بوونـی جیـاوازی لـە قـەوارەی بەرهەمهێنـان و بازرگانـی و جـۆری کاڵاکان و شـتی لـەو بابەتـە خۆشـکرد. تەکنیکـە دەریاییـەکان لـە نیـوەی گـۆی زەویـدا لێکنزیکبـوون، سـەرەڕای جیاوازبوونـی لـە ئۆقیانووسـێکەوە بـۆ یەکێکـی دی، لەتـەک ئـەوەدا ناتوانیـن بڵێیـن کەشـتییەکانی ئۆقیانـووس لـە ڕووی تەکنەلۆژییـەوە پتـر لەوانـی دی پێشکەوتووبوون.[297] پیشەسـازان لـە شـارە بەندەرییـەکان و نێوەنـدە پیشەسازییەکان لـە ئەوروپـا و ئەفەریقیـا و ئاسـیادا، لـە سـەر ئاسـتی گشـتی و ئاسـتی گەشـەکردندا لێکنزیکبـوون.[298]

296. Pires، The Suma Oriental (1944). Also see K. N. Chaudhuri، Trade and Civilization in the Indian Ocean (1985)، Chan-Cheung، “The Smuggling Trade Between China and Southeast Asia During the Ming Dynasty (1967)، Di Meglio، “Arab Trade with Indonesia and the Malay Peninsula from the 8th to the 16th Century” (1970)، Elvin، “China as a Counterfactual” (1988)، Gupta، Industrial Structure of India During Medieval Period (1970)، I. Habib، “Usury in Medieval India” (1964)، Jha، Studies in the Development of C apitalism in India (1963)، Pires، The Suma Oriental (1944)، Prakash، “Organization of Industrial Production in Urban Centres in India During the Seventeenth Century with Special Reference to Textiles” (1964)، Victor Purcell، The Chinese in Southeast Asia، 2nd ed. (1965)، Jan Qaisar، “The Role of Brokers in Medieval India” (1974)، Simkin، The Traditional Trade of Asia (1968)، Toyoda، History of Pre-Meiji Commerce in Japan (1969)، Udovitch، “Commercial Techniques in Early Medieval Islamic Trade” (1974).

297. Needham and Collaborators، Science and Civilization in China (1954-1984)، vol. 4، part 3، Lewis، “Maritima Skills in the Indian Ocean، 1368-1500” (1973)، Lo، “China as a Sea Power” (1955)، Ma Huan، The Overall Survey of the Ocean’s Shores (1970)، Purcell، The Chinese in Southeast Asia، 2nd ed. (1965).

298. S. Chaudhurt، “Textile Trade and Industry in Bengal Suba، 1650-1720” (1974)، Elvin. “China as a Counterfactual” (1988)، Gernet، Daily Life in China on the Eve of the Mongol Invasion (1962)، Jha، Studies in the Development of Capitalism in India (1963)، Naqvi، Urban Centres in Upper India، 1556-1803 (1968)، Needham and collaborators، Science and Civilization in China (1965-1984)، Jan Qaisar، “The Role of Brokers in Medieval India” (1974)، Rodinson، “Le Marchand Musulman” (1974)، Rodinson، Islam and Capitalism (1973)، Bodo Wiethoff، Die Chinasische Seeverbotspolitik und der Private? Berseehandel von 1368 bis 1567 (1963)، Yang، “Government Control of Urban Merchants in Traditional China” (1970).

چوارەم: پێکهاتەی چینی شارنشین لە نێوەندە ئاسیایی و ئەفەریقیاییەکاندا وا دەردەکەوتن کە لێکچووی نێوەندە ئەوروپاییەکان بووبن: لە گشت هەرێمەکاندا، چینێکی بەهێز لە سەرمایەدارە سەرەتاییەکان هەبوون و چینێک لە کرێکاری کرێگرتە لەتەک چینەکانی خاوەن زەوییە فیوداڵەکان و کۆیلە و ئەم شتانە کە مەرج نییە بووبن. لە کۆتاییدا ئەو میسۆلۆژیایە ئەوروپاییە کۆنەی ڤیبەر ڕێکیخست- دیارە شارە ئەوروپاییەکان تا ڕادەیەک لەوانی دی ئازادتربوونە، ئەوانەی لە ژێر چەپۆکی حکومەتە هاوسنوورەکاندا دەیاننالاند - لە ڕاستیدا ئەمە بە میراتێک لە تیۆری بڵاوبوونەوەی سێنترالیزمی ئەوروپایی تەقلیدی هەژمار دەکرێت کە پێیوابوو هەموو شتێکی گرنگ لە ئەوروپای کۆندا بە ئازادی زاخاو درابوو، لە کاتێکدا هەر شتێکی گرنگ لە ئاسیادا (پێویست ناکات ناوی ئەفەریقیا بهێنین) لە سەر «سەرکوتکاریی خۆرهەڵاتی»ی ڕیسوا دامەزرابوو، تا ئەوروپاییەکان گەیشتنە ئەوێ و ئازادییان لەتەک خۆیاندا هێنا. دیارە ئەوەی لە ناوەڕاستی ئەوروپادا، بە «شارە ئازادەکان» ناودەبرێن، ئەستەم بوو ببن بە پێوەر، هەروەها سەبارەت بە ڕێنیسانسی سەرمایەداری نێوەندی نەبوو. دیارە سەربەخۆیی بەشەکیی گەلێ لە شارە بەندەرە بازرگانییە دەرییە ئەوروپاییەکان، لە ئیتاڵیاوە تا بەڵتیک ڕاست بوون و گەلێ جار یان گوزارشی لە کۆنترۆڵی شارێکی دەکرد کە خاوەنی حکومەتێکی تا ڕادەیەک بچووک (زۆربەی کاتەکان شار- دەوڵەت) یان خۆگونجانی شێنەیی دەوڵەتە فیوداڵییەکان لەتەک توێژە مەدەنییەکاندا کە ڕێگەی بەمانە دەدا، بۆ بەدیهێنانی قازانج و گەیشتن بە هێز، بڕێ سەربەخۆییان هەبێت، وەلێ هەموو ئەمانە بە ڕاست دادەنرێن، سەبارەت بە چەند بەشێکی زۆر لە ئەفەریقیا و ئاسیایش. شار- دەوڵەتە بچووکەکان لە سەر کەنارەکانی ئۆقیانووسی هیندی و لە مەغریب و لە باشووری ئاسیا

بڵاوببوونەوە، هەروەها شارە نیمچە سەربەخۆکان بڵاوببوونەوە، لەتەک ئەوەی لایەنگریی رەهایان بە دەوڵەتە گەورەکان دابوو. ئەم خاڵە لە بەندی پێشوودا باسکرا.

باسی پێشوو لە سەر رێنیسانسی سەرمایەداری تیۆری نەبوو. بە سادەیی، ئامانجی من بریتی بوو لەوەی ئەوە بخەمە روو کە گشت ئەو تیۆرانەی ئیدعای باڵادەستیی سەدەمکاریی ئەوروپا دەکەن، لە سەر بنەمای ئیدعای ئەوەی ئاسیا و ئەفەریقیا شارنشینیی گەشەسەندوویان نەبووە، یان بە هۆی ئەوەی پرۆسە مەدەنییەکان گرنگ نەبوونە، چونکە بە شێوەیەکی گشتی، بە بەراورد لەتەک پرۆسە گوندنشین- فیوداڵییە گوندنشینییە ئەوروپاییەکاندا- گرنگییەکی گەورەیان نەبووە، وەلێ ئەمە قەناعەت بە کەس ناکات.

زێدەڕەوی نییە، کاتێ گشت تۆڕی شارە بازرگانییە دەریاییەکان وەسف دەکەین، بەوەی بریتییە لە سیستمی دەستپێکی سەرمایەداری.[299] وەلێ شوێنەکانی دەوردراو بە کۆمەڵگە کشتوکاڵییە چینایەتییەکان، هەروەکو پێشتر باسمکرد، لە کۆمەڵگەگەلی دوور لە یەکدی و حکومەتگەل لە هەرێمە دوور لە یەکدییەکان پێکهاتبوون، وەلێ وێڕای ئەمە، هێندە کامڵ و پوختەبوون کە بڵاوبوونەوەی تێکهەڵپرژاو و گواستنەوەکانی دیکە بوونە هۆی برێک لە یەکگرتن و رەنگە تا رادەیەک لە هاوسەنگی کیشوەرەکان. ئەم یەکێتییە سەبارەت بە تۆڕی شارەکان، لە دەستپێکی سەرمایەداریدا بەهێزتربوو، دیارە ئەو وێنەیەی لە خەیاڵمدایە بۆ ئەم تۆڕە، بریتییە لە چەندین تاڵی رووناکیی کارەبا بە قەوارە و رەنگی جۆراوجۆرەوە کە ئاهەنگێک لە باخچەدا

٢٩٩. ئەم بیرۆکەیە «کەی سەرمایەداری لەدایکبوو» ساڵی ١٩٧٦ پێشکەشکرا. کتێبی گرنگی جانێت ئەبولغەد بەر لە نۆرێنی ئەوروپی: سیستمی جیهانی ١٣٥٠-١٢٥٠ی بەر لە زایین (١٩٨٩) بریتییە لە یەکەم هەوڵ بۆ روونکردنەوەی درێژ و وردی ئەوەی ئەم سیستمە لە سەدەی چواردەیەمدا چۆن کاری کردووە. هەروەها بڕوانە: S. Chaudhuri، “Textile Trade and Industry in Bengal Suba” (1985)، Simkin، The Traditional Trade of Asia (1968)، Amin، Accumulation on a World Scale (1974) and Unequal Development (1976).

ڕووناکبکەنەوە. دیارە ئەو تەوژمە، ئەگەر ئەم دەربڕینە ڕاست بێت، کە لە نێوان ئەو بەندەرانەدا هەبوو، لە خەڵکانی (کەشتیڕان، کرێکار، بازرگان و...هتد) و شمەکگەلی مژادی (کاڵا، کەشتی، بنەتۆو، دانەوێڵە، ئامێری میوزیکژەن، گەلێ شمەکی دی) و فیکری تەکنەلۆژی و داهێنەرانەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینیی و شتی دیکە پێکهاتبوو.

ئەمە بە شێوەیەکی چۆنایەتی نەک بە وێنەیەکی گوزارشکەر لە ڕادەی هێز و بڵاوبوونەوەی شوێنەکی و لە هەمووی گرنگتر، یەکێتی زانراوبوو. دەتوانین بڕوانین بە هەموو سیستمەکەدا، وەکو یەک قەوارەی پوختە، تا ئەو ڕادەیەی ڕێگە بە ڕوودانی بڵاوبوونەوەی خێرا و تێکهەڵپرژاو و ئەمێستایی لەم سیستمەدا بدات، بۆ گشت سیفەتێکی فەرهەنگی مژادی یان نامژادی کە پەیوەست بە گەشەکردنی ئابووری و هونەری و ژینگەیی بۆ ئەم شێوە کۆمەڵگەییە دادەنرێت. پێموایە هەڵەیە لەو بڕوایەدابین جیاوازییە فەرهەنگییە قووڵەکان، لە نێوان کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا کە ئەم سیستمە پێکدەهێنن، ڕەنگدانەوەی لە کەمهێنانی پوختەیی لە نێوان سنوورە فەرهەنگییەکان لە پرسگەلێکدا هەبووبێت کە پەیوەستن بە ڕەهەندی هونەری و ژینگەیی و ئابووری و فەرهەنگەوە. ئەم بڕوا هەڵەیە لە سەر شێوازی تێگەیشتنمان لە فەرهەنگ و جیاوازییە فەرهەنگییەکان بونیاتنراوە. (باسەکەی پێشومان وەیاد بهێنەرەوە، لە سەر جیاوازیی نێوان لایەنە گەشەکارییەکان و ناگەشەکارییەکان و ئەوانەی لە فەرهەنگ تا ڕادەیەک گەشەیان کردووە، هەروەکو لە نەرێتە تیۆرییەکانی زانایانی مرۆڤناسیی، وەکو ستیواردا هەیە)[300] لەو کاتانەدا جیاوازییەکان لە زماندا نەدەبوونە ئەستەنگ لە بەردەم گەڕان بە دوای قازانج، لە نێوان بازرگانان یان هەر بەشداربوانێک لەم

٣٠٠. بڕوانە تێبینی یەکەم لە:
Steward، Theory of Culture Change: The Methodology of Multilinear Evolution (1955).

سیستمەدا. (توتییەکانی کالا وەبیربهێنەرەوە کە لە مالاکادا، بە یۆنانی و هەشتا و چوار زمان قسەیان دەکرد) هەروەها جیاوازییە ئایینییەکان نەدەبوونە لەمپەر (هەروەها دیکۆمێنتی زۆرمان لەبەر دەستدایە، مامەڵەی بازرگانیی نێوان موسڵمانان و مەسیحییەکان و جوولەکە لە دەریای سپیی ناوەڕاست، لە سەروبەندی سەدەکانی ناڤیندا، پشتڕاست دەکەنەوە).[301] بە دڵنیاییەوە، تۆڕگەلی کۆمەڵایەتیی سنووردار هەبوون و ئەندامبوون تیایاندا بەندبوو بە ئایینێک یان نەژادێکەوە، یان تەنانەت بە پێوەندیی خوێن و خزمایەتییەوە. ئەبولەغد روونی دەکاتەوە، مۆدێلی پێوەندییەکان و جیاوازییەکان، کۆمەڵێ لە هەرێمی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزی پێکهێنا- هەر ئەو خاتوونەیش لە سەر «هەشت بازنەکە لە سیستمی جیهان لە سەدەی سیانزەدا» دەنووسێت- وێڕای ئەوەی روونکردنەوەکانی و باسەکانی لەتەک ئەم باسەی ئێستامدا کۆکن کە لە راستیدا، گشت هەرێمەکان هەرێمگەلی لاوەکیی دەستپێکی سیستمێکی سەرمایەداری بوون.[302] وا دیارە سنووری نێودەوڵەتی رۆڵێکی لە ئەستەنگدانانی دەرچوون لە رێگەی سیستمەوە نەگێڕاوە، تەنێ لە ماوەگەلی سنووردراردا نەبێ، کاتێ ململانێی سیاسی یان سیاسەتی ئیمپراتۆری و چەند رێوشوێنێکی دیاریکراو نەبێ کە بوونە هۆی ئەستەنگنانەوە لە بەردەم بازرگانی، لە رێگەی بەرپاکردنی لەمپەری سیاسیدا، دیارە، دواتر، واتە دوای ١٤٩٢،[303] شێوە نیشتمانییە پەتییەکانی پرۆژە کۆلۆنیالیستییەکان گرنگ دەبن.

وا دیارە، تۆڕ یان سیستمەکە بە درێژایی چەندین سەدە، لە سەدەی دەیەمەوە تا پانزەیەم گەڵاڵە بووە. بێ ئەوەی هیچ هۆکارێک بخەمە سەر

301. Braudel، The Mediterranean (1972)، Goitein، A Mediterranean Society (1967)، Lane، Venice: A Maritime Republic (1973).

302. Abu-Lughod، Befor European Hegemony: The World System A. D. 1250-1350 (1989)، fig. 1، p. 34.
یەکێک لە هەشت هەرێمەکان لە بازنەی نادەریاییدا، لە چینەوە دەست پێدەکات، بە ناوەڕاستی ئاسیادا رەتدەبێت، تا دەگاتە دەریای رەش.

303. Blaut، The National Question (1987b).

راستیی ئەوەی کە ئەو ماوەیەی لە ڕێگەیەوە ئەم سیستمە نەشونمای کرد، بریتییە لەو ماوەیەی تیادا بارکردن و گواستنەوەی تەکنەلۆچیا بە ئۆقیانووسەکاندا زۆربوو، لە کاتێکدا دەتوانین ناوی بنێین شۆڕشی شوێنەکیی. لە شۆڕشی کشتوکاڵیدا، نازانین ئاخۆ وەرچەرخانی هونەریی ژینگەیی هۆکارە یان دەرەنجامە یاخود هەردووکیانە پێکەوە، وەلێ سەبارەت بە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی، وێڕای ئەوەی زۆربەی توێژەران پێیانوایە، کشتوکاڵ هۆکار و گۆڕانی کۆمەڵایەتی کاریگەرە، ئەوا بە هەڵەدا دەچن یان راستی دەپێکن. رەنگە لە حاڵەتی شۆڕشی شوێنەکی لە چاخەکانی ناڤیندا، لایەنی ژینگەیی تەکنەلۆژی رەنگدانەوە بێت، بۆ پرۆسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە بەندبوونە بە سەرهەڵدانی سەرەتاکانی سەرمایەداری و گەشەکردنی مەدەنییەوە، پتر لەوەی هۆکارێک بێت بۆ ئەمەی دواییان. لەتەک ئەمەدا، شۆڕشی شوێنەکی لە چاخەکانی ناڤیندا تەواوکەری شۆڕشی کشتوکاڵی بوو، ئیتر دەرچوونی بە لێشاوی شوێنەکی چڕکردەوە، وەکو چۆن شۆڕشە پێشووەکە لە بەرهەمهێنان، لە شوێنە ئەسڵییەکەیدا چڕکرایەوە. ئەمە بەو مانایە نییە بڵێین، تەکنەلۆژیای گالیسکە و کەشتیڕانی بۆ ماوەی دوور گرنگ نەبوونە: پرسیارەکە دەربارەی بڕی چڕیەکەیەتی.

رەنگە وەکو دوا بیرۆکەیەکی تیاڕامان، بتوانین بیر لەوە بکەینەوە، شۆڕشی شوێنەکی وەکو بەشێک لە پرۆسەیەکی گەورەتر، بۆ ژیری و پێگەیشتن، دواتر بۆ داڕمانی فیودالیزم وەکو شێوازی بەرهەمهێنان، وەرامدانەوە بوو. بە دڵنیاییەوە، راستە، زۆربوونی خواست لە سەر کاڵاکان، لەلایەن چینی دەستەبژێرەوە هاندەرێکی گرنگ بوو، وەلێ ئەوەیش رێ تێدەچێت کە تەنگوچەڵەمەی نوێی فیودالیزم- کەمیی تێکڕای زێدە بەرهەم کە پوختە دەبێت و هەڵدەگۆزرێت لە بەرهەمی جووتیاران و ئەو ناڕەحەتی و کۆتوبەندانەی لەوە

دەکەونـەوە – پێوەندییـان بـە سـەرهەڵدانی دەسـتپێکی سیسـتمی سـەرمایەداری لـە نێـوان کیشـوەرەکاندا هەبـوو. بەهـەر حـاڵ، پێویسـتە بیـر لـەو گەشـتە دۆزەرەوە دوورودرێژانـەی کۆتایـی چاخەکانـی ناڤیـن و گەشـتەکانی چینییـەکان و هیندییـەکان و پۆلۆنیـز و ئەوروپاییـەکان و کەسـانی دی بکەینـەوە، بـەوەی لـە شۆڕشـێکی شـوێنەکیی راسـتەقینەدا، بریتیـن لـە چرکەسـاتگەلێک.

زانیارییـە پراکتیکییـەکان پشـتگیریی لـە بەشـێکی زۆری ئەمـە ناکـەن. وەلێ زانیاریـی گرنگمـان لـە سـەر هاوتەریبییەکانـی گەشـەکردن لـە سیسـتمێکی شارنشـینییەوە بـۆ ئـەوی دی و لـە هەرێمێکـی بازرگانییـەوە بـۆ یەکێکـی دی هەیە. هەروەها حاڵەتگەلـی ورووژێنەرمـان هەیـە، بۆ بڵاوبوونەوەی ساتەوەختی: بـە نموونـە، سـەرهەڵدانی تـۆپ لـە هەرێمـی دەریـای سـپیی ناوەڕاسـت و چینـدا، تـا رادەیـەک هـاوکات و رەنگـە لـە هەمـان دەیـەدا بووبێت.[٣٠٤] بۆ بەدیهێنانـی ئـەو ئامانجانـەی لـەم کتێبـەدا باسـکران گشـتاندنێکی گرنـگ هەیـە، ئەویـش: جێـی سەرسـووڕمان نییـە کـە ئـەو کردانـەی بـە دەسـتپێکی سـەرمایەداری ناویـان دەبـەم، لـە نیـوەی خۆرهەڵاتـی گـۆی زەوی، لـە کۆتایـی چاخەکانـی ناڤینـدا هەبووبێـت. ئەفەریقیـا و ئاسـیا و ئەوروپـا لـە هەمـان ئاسـت، لـە نزیکـی یـان دووری لـە سـەرمایەداری و تازەگەریـدا بوونـە لـە ١٤٩٢. دوای ١٤٩٢ تێکـڕای گەشـەکردن سـەبارەت بـە ئەوروپـا هەڵکشـا و لـە ئەفەریقیـا و ئاسـیادا داکشـا، ئەویـش بـە هـۆی ئـەو سـامانەوەی لـە ئەمەریـکاوە رەوانـەی ئەوروپـا کـرا.

304. Needham and collaborators, Science and Civilization in China (1965-1984), vol. 5, part 7, Needham, Gunpowder as the Fourth Power, East and West (1985).

# بەندی چوارەم

# پاش ١٤٩٢

## راڤەکردنی ١٤٩٢

سەرمایەداری لە ١٤٩٢دا، بە شێنەیی لە چەند ناوچە لە ئاسیا و ئەفەریقیا و ئەوروپادا سەریهەڵدا. لەو ساڵەدا، هیچ هۆکارێک نەبوو بۆ پێشبینیکردنی ئەوەی سەرمایەداری و تەنێ دوای دوو سەدە لە ئەوروپادا سەربکەوێت.

کاتێ دەڵێم «سەرکەوتنی سەرمایەداری» ئەوا لەم راستایەدا مەبەستم ئەو شۆڕشە سیاسییەیە کە هێزی لە چینی دەستەبژێری فیودالیی کۆنەوە کە خاوەنی زەوی بوون، بۆ چینی بۆرژوا (هاوولاتییان و چینی دەستەبژێری نوێ کە کۆکەرەوەی سەرمایەبوون) گواستەوە: شۆڕشی بۆرژوا. بەڕاستی ئەوە سەردەمێکی شۆڕشگێڕانە بوو، نەک رووداوێکی کورت و منیش پێڕەوی لە مێژووەکەی لە ١٦٨٨، ساڵی «شۆڕشی شکۆدار» لە ئینگلتەرە دەکەم. لەو ساڵەدا (جگە لە هەندێ خۆداری) بۆرژواکان توانییان دەسەلاتی خۆیان بە سەر ئینگلتەرەدا بسەپێنن. ئەو چینە لە هۆڵەندا و لە هەندێ دەوڵەتی بچووک لە باشووری ئەوروپادا بالادەست بوون، لە کاتێکدا لە ناوچەگەلی دیکە لە ئەوروپا (وەکو فەرەنسا) بۆرژوا لە چەند هەرێمێکی دیاریکراودا، بە هێز «بلاوبوونەوەی دەکرد»، وێڕای ئەوەی ململانێ لەتەک حکومەتە فیودالییەکاندا، هێشتا لە سەر ئاستی دەوڵەت یەکالا نەکرابووەوە. پێویستە لێرەدا جەخت لەوە بکەینەوە، سەرمایەداری کە سەرکەوت بریتی نەبوو لە سەرمایەداریی پیشەسازی. چۆن دەتوانین لە چەمکی سەرمایەداریی بەر لە پیشەسازی حاڵی ببین؟ ئەمەیە پرسیاری قورس، چونکە شتێکی گەورەترە لە «بەرهەمهێنانی سادەی کالا» و «سەرمایەی بازرگانان» لە کاتەکانی پێشوودا. وەلێ شۆڕشی پیشەسازی تا سەدەی دواتر دەستی پێنەکرد، لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا و ئەوانەی وا دەڕوانن بە شۆڕشی پیشەسازیدا،

بەوەی بە سادەیی بریتییە لە درێژەپێدانی شۆڕشی بۆرژوا، بەشێکی زۆر و گرنگ لە مێژووی ناو ئەوروپا و دەرەوەی پێکەوە پشتگوێ دەخەن.

دیارە راڤەکردنی گەیشتنی سەرمایەداری بە هێزی سیاسی لە ئەوروپا لە ساڵی (هێمایی) ١٦٨٨دا، پێویستی بە تێگەیشتنی ئەمانەی خوارەوە هەیە (١) ئەو هۆکارانەی وایان لە ئەوروپاییەکان، نەک ئەفەریقیایی و ئاسیاییەکان کرد، بگەنە ئەمەریکا و داگیری بکەن، بەمەیش یەکەمین بەری کۆلۆنیالیستییان بەخشی. (٢) هۆکارەکانی سەرکەوتنی کۆلۆنیالیستی. (٣) ئاسەوارە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان، بۆ تاڵانکردنی سامانەکانی ئەمەریکا لە سەدەی شانزەیەم و چەوساندنەوە و چەپاوکردنی کرێکارە ئەمەریکییەکان، لە پرۆسەی وەرچەرخانی ئەوروپادا. (٤) ئاسەوارە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی پرۆژەی ئەوروپایی کۆلۆنیالیستی و نیمچە کۆلۆنیالیستی لە ئەمەریکا و ئەفەریقیا و ئاسیا، لە سەدەی حەڤدەیەمدا، سەبارەت بە پرۆسەی وەرچەرخانی ئەوروپا کە بووە هۆی کۆتایی پرسەکە، بۆ سەرکەوتنی سیاسیی سەرمایەداری لە شۆڕشی بۆرژوادا.

لە برگەکانی خوارەوەدا، هەریەک لەم کردانە بە جیا کورت و چڕ دەکەینەوە، بەمەیش ئەگەر ئەم شێوە دەربڕینە راست بێت، دەتوانین «١٤٩٢ راڤە بکەین». دواتر دەچینە سەر کێشەی روونکردنەوەی رێنیسانسی سەرمایەداری و باڵادەستیی سیاسییەکەی لە ئەوروپادا، یان بە شێوەیەکی وردتر، بەشێک لە ئەوروپا لە ماوەی ١٤٩٢-١٦٨٨دا، هەوڵ دەدەین گرنگیی کۆلۆنیالیست و جیهانی نائەوروپایی روون بکەینەوە، لەو ماوەی وەرچەرخانەدا، چاوێک بە گرنگیی کۆلۆنیالیست و رۆڵی ناوچە نائەوروپاییەکان لە قۆناغەکانی یەکەمی شۆڕشی پیشەسازیدا دەخشێنین، لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، هەروەها دەڕوانین بە پرۆسە تەواوکەرەکەدا: سەرەتاکانی دواکەوتنی ئەفەریقیا و ئاسیا.

ئەم توێژینەوەیە پێویستە بمانباتە سەر راڤەکردنی راستییە بنەڕەتییەکە کە بریتییە لە چڕبوونەوە و بەسێنترالبوونی سەرمایەداری لە ئەوروپادا. دیارە «چڕ دەبێتەوە»م بۆ جەختکردن لە سەر باسی تیۆرێکی گرنگ لەم کتێبەدا بەکاردەبەم: رێنیسانسی سیستمی سەرمایەداری، بەو جۆرەی لە چەندین ناوچە لە جیهانی بەر لە ١٤٩٢دا هەبووە. وەلێ دوای ١٤٩٢ هێزگەلی نوێ هاتنە ناوەوە، بوونە هۆی خاوکردن، دواتر وەستانی گەشەکردنی لە دەرەوەی ئەوروپادا، لە کاتێکدا لە ناوەوەیدا خێراتری کرد. بۆیە رێنیسانسی سەرمایەداریی دوای ١٤٩٢ پرسێک بوو پەیوەست بە گۆڕینی بارەگای سەرکردایەتییەکەی بۆ ئەوروپا، هەروەها پرسێک بوو پەیوەست بە «رێنیسانسەوە»، بە مانای گەشەسەندنێکی سادە و ساکار.

## بۆچی ئەوروپاییەکان، نەک ئەفەریقیاییەکان یان ئاسیاییەکان، ئەمەریکایان داگیرکرد؟

یەکێک لە میسۆلۆژیایە جەوهەرییەکان، پەیوەستە بە تیۆری بڵاوبوونەوەی سێنترالیزمی ئەوروپاییەوە،: بە دۆزینەوەی (ئەوەی ناوبرا) ئەمەریکا.[٣٠٥] گەلێ جار داستانەکە بەمجۆرەیە: لەبەر ئەوەی ئەوروپاییەکان پێشکەوتووتربوون و هەستی سەرچڵییان هەبوو، هەروەها دەستکەوتەکان ئاراستەی دەکردن، هەروەها لە کۆتایی سەدەکانی ناڤیندا، لە ئەفەریقیایی و ئاسیاییەکان نوێخوازتربوون و تەکنەلۆژیای سەرکەوتوو و ئابووریی گەشەسەندوویان هەبوو و هەنگاویان بۆ دۆزینەوە و داگیرکردنی جیهان ناوە. بۆیە لە نیوەی سەدەی پانزەیەمدا، بەرەو کەناری ئەفەریقیا رۆیشتوون و لە ١٤٩٢دا، لە رێگەی

٣٠٥. «ئەوروپییەکان ئەمەریکایان نەدۆزییەوە»: لەم نیوەی گۆی زەوییەدا، هەر لە هەزاران ساڵەوە، خەڵکانێک لە سیبریا و جەمسەری باکووردا نیشتەجێبوون. بۆیە، باشتروایە نەڕوانین بە گەیشتنی ئەوروپییەکان، بەوەی بریتییە لە «دۆزینەوە» و هەروەها «بیرۆکەی ئەوەی کە نیوەی رۆژئاوای گۆی زەوی بریتییە لە «جیهانی نوێ» هەڵەیە، چونکە ئەگەر نوێ نەبێت بۆ ئەوانەی لەوێ ژیاون و پێشوازییان لە کۆڵۆمبس کرد دوای گەیشتنی لە ١٤٩٢دا. ئەستەمە وێڕای ئەوەی دووربکەوینەوە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی «جیهانی نوێ» لە چەندین راستای دیاریکراودا و ناو بەناو ئەو کارە دەکەم.

ئەتڵەسییەوە بۆ ئەمەریکا. لەبەر دوو هۆ ئەم میسۆلۆژیایە، سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیای تیۆری بڵاوبوونەوە، بە گرنگ دادەنرێت: دیارە ئەوە فراوانیی نوێی ئەوروپا راڤەدەکات، سەبارەت بە هێزە ناوخۆییەکان، هەروەها رێگە بەوە دەدات، دانبنێت بە کۆلۆنیالیستی و دەرهاویشتەکانی (کێڵگەکانی کانزای مەکسیکی و کێڵگەکانی خۆرئاوای هیندی و کۆلۆنەکان لە ئەمەریکای باکوورداو...هتد) گرنگیی قووڵی لە مێژووسی ئەوروپاییدا هەبوو، بێ داننان بە هەر یاشییەک بۆ نائەوروپاییەکان لەو پرۆسەیەدا.

لە راستیدا ئەوروپاییەکان ئەو کارە دەکەن کە ئەوانی دی لە نیوەی گۆی زەویدا دەیکەن، لە تۆڕێک لە نێوەندە بازرگانییە دەریاییەکان، لە دەستپێکی سەرمایەداریدا و هیچ سیفەتگەلێکی تایبەتیان وەکو گیانی سەرچڵیی سنووربەزێن، یان تەکنەلۆژیای دەریایی پێشکەوتوو و شتی لەو بابەتانەیان نەبووە. ئەوەی هەیانبووە تەنێ دەرفەت بوو: دیارە ئەوە پێگەی تایبەت و جودایە، بە مانای ئاسانیی پێوەندی و گەیشتن بە جیهانی دەرەوە. ئەم خاڵە شایستەی ئەوەیە، بە رێگەیەکی بەهێزتر دابڕێژرێتەوە. ئەگەر بە نموونە، نێوەندەکان لە باشووری هیند توانستیان زیاتربوایە، بۆ گەیشتن بە نیوەی خۆرئاوای گۆی زەوی لە ئەوروپا، ئەوا رەنگبوو هیند ببێت بە نیشتمانی سەرمایەداری و پێگەی شۆڕشی بۆرژوا و فەرمانڕەوای جیهان.

لە کۆتایی چاخەکانی ناڤیندا، کۆمەڵگە دەرياییەکان گەشتیان دەکرد، لە هەموو شوێنێک لە ئۆقیانووسەکاندا. لە سەدەی پانزەیەمدا، ئەفەریقیاییەکان بەرەو باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا و هیندییەکان بۆ ئەفەریقیا و عەرەب بۆ چین و چینییەکان بۆ ئەفەریقیا و بەمجۆرە دەڕۆیشتن.[306] زۆربەی ئەو

---

٣٠٦. بڕوانە:
K. N. Chaudhuri، Trade and Civilization in the Indian Ocean (1985)، Simkin، The Traditional Trade of Asia (1968)، Sherif، Slaves، Spices and Lvory in Zanzibar (1987).

رەنگە ئەفریکاییە رۆژئاواییەکان بەر لە١٤٩٢ بۆ هەردوو کیشوەری ئەمەریکا رۆیشتبن. بڕوانە:
DeVisse and Labib، “Africa in Intercintinental Relations،” (1984).

بەهەر حاڵ، لەبەر ئەوەی وا دەرناکوێت شارە بەندەری دەریایی بازرگانیی گەورە لە ڕۆژئاوای ئەفریکا - بە پێچەوانەی ڕۆژهەڵاتیەوە — هەبووبێت، ئیتر پێناچێت گەشتەکان لە ڕێگەی ئۆقیانووسەوە، بەر لە ١٤٩٢ دا، کاریگەرییەکی گرنگییان لە سەر ئەفریکا و ئەمەریکا هەبووبێت. ڕەنگە ئەمە بووبێت، لە بەر چەندین هۆ:
یەکەم: لە سایەی نەبوونی شارە بەندەری گەورە و بازرگانییەکی دەریایی کە مەودای دوور تەیبکات، ڕێی تێدەچێت کەشتییەکان بە درێژایی کەنارەکە بچووک بووبێتن. ڕەنگە توانستی ئەوەیان بووبێت، بە ئاسانی بەرەو ڕۆژئاوا بۆ ئەمەریکا گەشت بکەن، لەتەک بڕوامان بەوەی بای بەهێزی بازرگانی و جێگیر کە بەرەو ڕۆژئاوا هەڵدەکات، گەشتی دەگێڕێتەوە و ڕەنگە دوور بەرەو باکوور یان باشوور، لە چێوەی ئەو بایەی لە ڕۆژئاواوە هەڵدەکات، تا پانەهێڵی باشووری ئەوروپا، یاخود تا پانەهێڵی نامیبیا بیبات. بۆیە، ڕەنگە گەشتی ڕۆیشتن و گەڕانەوە پرۆژەیەک بێت ئەنجامدانی ئاسان نەبێت. لەلایەکی دیکەوە، لە ڕێگەی توێژینەوەی ئەکادیمیی ئایندەوە دەزانین کەشتیڕانەکان لە ڕۆژئاوای ئەفریکا، یان کەشتیڕانە مەغریبیەکان و کەشتیڕانەکان لە ڕۆژئاوای ئەوروپادا، هەموویان بەر ١٤٩٢ لە کەنارەکانی ئەمەریکادا (ڕەنگە لە کەناری مەزن) سەرقاڵی ڕاوە ماسی و نەهەنگ بووبن. ئەگەر بەڵگەی بەهێز لە سەر ئەوە دەرکەوت، ڕەنگە ئەفریکاییەکان لە ڕۆژئاوای کیشوەرەکە زانیارییان لە سەر گەشتی ڕۆیشتن و هاتنەوە لە سەر چەند بەشێکی دیاریکراو لە کەناری ئەمەریکا هەبووبێت، وەلێ ئێستا ئەم بەڵگەیەمان بە دەستەوە نییە و پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین، ڕەنگە هەر کەشتییەک لە ڕۆژئاوای ئەفەریکاوە گەیشتبێتە ئەمەریکا، دواتر ئاو دووریخستبێتەوە لە کەنارەکە و دواتر گەشتی گەڕانەوە یەجگار ئەستەم دەبێت. ڕەنگە ئەو کارەیان کردبێت بێ بوونی زانیاریی پێشوەخت بەلایانەوە، لە سەر ڕێگەی درێژی بازنەیی (مەگەر ئەوەی کەشتیڕانە ئەمەریکاییەکان شارەزای ڕێگە بووبێتن و زانیاریی کەشتیڕانییان بە کەشتیڕانە ئەفریکاییەکان دابێت، وەلێ لە ئێستادا بەڵگەی قەناعەتپێکەرمان نییە کە ئەمەریکاییەکان بەر لە ١٤٩٢ لە ئەتڵەسی پەڕیبنەوە).
دووەم: ئەو بەشە لە کەنار ئەمەریکیی نزیکتر لە ئەفریکا، تا ڕادەیەک کەناری بەرازیلیی باشووری ڕێڕگەی ڕووباری ئەمازۆنە، وا دیارە پڕبووە لە دانیشتوان و پڕبووە لە سەرقاڵبوون بە زێڕ و زیوەوە کە بانگەشە بۆ بازرگانی یان تاڵان دەکات. (بە دڵنیاییەوە، ئەگەر ئەفریکاییە ڕۆژئاواییەکان گەیشتبنە دوورگەکانی ئەندێزی ڕۆژئاوا، ئەوا ئەو دەستکەوتانەیان دەدۆزییەوە، وەکو چۆن کۆڵۆمبس دۆزییەوە).
سێیەم: کۆی بارودۆخە مێژووییەکان کە گەشتێک دەگۆڕێت بە سەرەتایەک بۆ داگیرکردنێکی تەواو، پرسێکە لە کەناری ڕۆژئاوای ئەفریکادا شێمانەی ڕوودانی ناکرێت. بازرگانییەکی فراوان و بەربڵاو هەبوو و چینێک لە سەرمایەدارانی بازرگان و بانکداران و دامەزراوە سەرمایەدارییەکانی دیکە، لە نێوەندی شارنشینیی ناوخۆوە لە ڕۆژئاوای ئەفریکادا، وەلێ نەک- وەکو دەردەکەوێت- لە نێوەندە شارنشینەکان بە درێژایی کەنارەکان: ئەمە گرنگی نەبوو بەوەی نێوەندی دەریایی بازرگانی بوون، سەبارەت بە شارە ناوخۆییەکان، بازرگانی بەرەو مەودای دوور، بەرەو باکوور و ڕۆژهەڵات پەلیهاوێشت و شێمانەی ئەوە ناکرێت، هەوڵ درابێت بۆ گەشەپێدانی گەشت لە سەر ئاستێکی گەورە لە ئۆقیانووسدا لە بەندەرێکی کەنارەوە.
هەندێ لە توێژەران بەرگری لە ڕاستی و دروستیی دوو گریمانە دەکەن، لە سەر گەشتە ئەفریکاییە ڕۆژئاواییەکان بە ئۆقیانووسدا کە من پەسەندیان ناکەم: یەکەمیان جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەفریکاییەکان کاریگەریی گرنگیان لە سەر فەرهەنگە ئەمریکاییەکان بەر لە ١٤٩٢ هەبووە. دووەمیان جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەفریکاییە ڕۆژئاواییەکان بە هەمان ئەو ڕێگەیەی کۆڵۆمبس ئۆقیانووسیان بڕیوە، وەلێ بەهاگەلی جیاوازیان لە ئەوروپییەکان هەبووە و کاری کوشتن و تاڵان و بەکۆیلەکردن و خۆدەوڵەمەندکردن لە سەر حیسابی ئەمەریکییەکانیان هەڵنەبژاردووە وەکو ئەوروپییەکان، بۆیە ئەوان لە هەوڵی داگیرکردندا نەبوون. زۆربەی بەڵگە پێشکەشکراوەکان کە پشتگیری لە بڵاوبوونەوەکردنێکی گرنگی بەر لە کۆڵۆمبس، لە ئەفریکاوە بۆ ئەمەریکا دەکەن، لە باسوخواسی توێژەرە ئەوروپییەکان لە قوتابخانەی "تیۆری توندڕەوی بڵاوبوونەوەکردن"وە وەرگیراوە کە لە بەندی یەکەمدا باسمانکرد. هەڵگرانی ئەم تیۆرە ئیدعای ئەوە دەکەن، میسرییە کۆنەکان یان فینیکییەکان ئەتڵەسییان بڕیوە و شارستانیی هەردوو کیشوەری ئەمەریکایان هێناوە. هەندێ لە توێژەرە نوێکان ئەمە ڕاستدەکەنەوە، لە ڕێگەی جەختکردنەوە لە سەر ئەوەی میسر شارستانییەکی ئەفریکایی بووە - من دڵنیام ئەمە ڕاستە- گەلەکەی ئەفریکایین نەک گەلێکی ئەوروپی و ئەوە کە شارستانیی هەردوو کیشوەری ئەمەریکای هێنابێت. سەرچاوەیەکی دی بۆ بەڵگەکان بریتییە لە سیماکانی ڕووخساری ئەفریکایی

گەشتانە لە ئۆقیانووسێکی گەورەی کراوەبوو و پێویستی بە دۆزینەوەی زۆر هەبوو. دوو نموونەی نائەوروپایی بەناوبانگمان هەیە: چێنج و گەشتەکانی بۆ هیند و ئەفەریقیا لە نێوان ١٤١٧ و ١٤٣٣ و گەشتێکی هیندی بە دەوری

بۆ پەیکەرتاشییەکانی گەلی ئۆلمک لە باشووری مەکسیکدا، وەلێ هەندێ لە ئەمەریکییەکان بەر لە سەردەمی کۆلۆمبس، دەبوا ئەم سیمایەیان هەبا. ئەوە دەگمەن نییە لە نێوان هەردوو ئەمەریکا لاتینییەکە، لە ناو سوورپێستە نوێکاندا. وەلێ رەخنەی جدی لەم تیۆرە بریتییە لەوەی شارستانیی گەلی ئۆلمک لە هەردوو ئەمەریکادا کۆنترین شارستانییە. ئەگەر ئەو شارستانییە لە ئەفریکاوە هاتبێت، ئەوا ئەمەریکاییەکان گەشەیان پێنەدابێت، ئەوا بە ئاسانی دەمانتوانی بڵێین دوو کیشوەری ئەمەریکا توانستی ئەوەیان نەبووە، خۆیان بە ئاستی شارستانی بگەیەنن، بەڵکە لە شوێنێکی دیکەوە لە رێگەی بڵاوبوونەوەکردنەوە بۆیان هاتووە. وا بەمەدا دەڕوانرێت کە سووکایەتیکردنێکی قووڵ بێت لەلایەن ئەمەریکاییە لاتینییەکانەوە کە پێیانوایە- و لەمەدا حەق بەوانە- کە گەلانی نیوەی رۆژئاوای گۆی زەوی خۆیان شارستانییەکیان گەشەپێدابێت. رەنگە هەندێ زانیارییان لەو کەشتیڕانانەوە وەرگرتبێت کە لە ئەتڵەسی یان لە ئارامەوە گەیشتبن. وەلێ گەشەکردنی فەرهەنگیی راستەقینە داهێنانێکی سەربەخۆبوو نەک بڵاوبوونەوەکردن. دووبارە تێبینی دەکەین کە شێوەی باسکردنەکە لە تیۆری کۆنباوی بڵاوبوونەوەکردنەوە دێت، هەندێ لە کۆمەڵگە مرۆییەکان توانستی داهێنانیان هەیە و ئەوانی دی لاسایکەرەوەن. بەپێی ئەو بەڵگە لاواز و گوماناوییە کە تا ئێستا خراوەتە روو، بەوەی ئەفریکاییەکان پێشکەوتنێکی فەرهەنگیی زۆریان بۆ ئەمەریکا برد، ئەو بۆچوونە قەناعەتمان پێناکات. سەبارەت بە من، ئەوەی کێشاویترە لە باسەکەدا ئەوەیە، کاتێ ئەفریکاییەکان ئەتڵەسیيان بڕی، پێشتر یان هەوکات لەتەک کۆلۆمبسدا، ئەو بەها دڕندانانەیان نەبوو وەکو ئەوروپییەکان، بۆیە ئەوان لە هەوڵی داگیرکردن یان تاڵان یاخود بەکۆیلەکردندا نەبوون.؟ بۆ ئەوەی ئەمە پەسەند بکەین، پێویستە لە سەرمان بڕوا بەوە بکەین کە شتێکی بنەڕەتی لە فەرهەنگی ئەوروپیدا هەیە، شتێکی یەجگار کۆن و چێنراو لە قوڵاییدا وا لە ئەوروپییەکان بکات لە مرۆڤەکانی دیکە جیاوازبن. ئەمە جەخت لە بەشێکی باش لە ئیدعای سێنترالیزمی ئەوروپی دەکاتەوە، گوایە ئەوروپییەکان لە ناو گشت مرۆڤەکاندا بێ هاوتان. ئەمە بە سادەیی گوزارش لەو باسە دەکات و ئیدعا دەکات ناکرێ بێ هاوتاییەکەیان گوزارش لە ئارەزوویان بۆ گەشەکردن بکات، وەلێ لە دوژمنکارییان و توندییان و چاوبرسێتییان دەکات. زۆرم پێخۆشە لە باسکردنێک، بە بیرۆکەی ئەقڵیی بنەڕەتییەکی مرۆیی ("یەک دەروون") دەست پێبکات. دواتر ئەوروپییە تینوو بەخوێنە کۆلۆنیالیستەکان روون بکاتەوە، وەکو بەڵگەیەک بۆ جۆری ئەو شارستانییەی نوێنەرایەتی دەکەن و گەشەپێدانی بۆ پێکهاتەیەکی ستەمکاری چینایەتی لە فیودالیزمی و دواتر لە دەستپێکی سەرمایەداریدا، سیستمێک سامان دەستەبەر بکات بە هەر نرخێک و بەهەر رێگەیەکەوە بێت. کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان کە تینووی خوێن بوون، ئامادە و هەڵپەی داگیرکردن و تاڵان و بەکۆیلەکردنن، مادامێک ئەمە لە چەندین شوێن لە نیوەی رۆژهەڵاتی گۆی زەوی لە هەر سێ کیشوەرەکەدا قازانجی هەبووە. باسەکەم لەم کتێبەدا ئەوەیە کە فاکتەری سەرەکی کە هانی جووڵەی ئەوروپییەکانی دا بۆ داگیرکردنی ئەمەریکا، نەک جووڵەی ئەفریکاییە رۆژئاواییەکان، بریتییە لە بوونی نێوەندگەلی بازرگانیی دەریایی گەورە لە سەر کەنارەکانی ئەوروپادا. وەها نێوەندگەلێکی سەرمایەداری لە ناو ئەفریکادا هەبوون، وەلێ لەتەک بوونی بازرگانی مەودا دوورەکان لە ئۆقیانووسدا. سۆفالا و کیلوا لە رۆژهەڵاتی ئەفریکادا، ئەم سیفەتانەیان هەبوو وەلێ ئەوانە- هەروەکو لەم بەندەدا روونمان کردەوە- دوورتر بوون لە شوێنەکانی تاڵانی ئەمەریکی، پتر لە بەندەرە ئەیبیرییەکان و بەندەرەکانی کەناری. توێژەرانی دیاریکراو بە بەڵگە ناهێنمەوە، لەوانەی ئەو بۆچوونانەیان هەیە کە رەخنەیان لێدەگرم، ئەویش لەبەر ئەوەی پێداچوونەوەی گشتگری دادپەروەرانەی ئەم تیۆرانە لە توانستدا نییە، لە رێگەی یەک تێبینیی لاوەکیی درێژەوە. روونە کە من کۆک نیم لەتەک تیۆرکەی ئیڤان ڤان سیرتیمادا، بەوجۆرەی لە کارە گرنگەکەیدا دەریخستووە، پێش کۆلۆمبس هاتوون (١٩٧٦) کە تایبەتە بە بڵاوبوونەوەکردنی بەر لە کۆلۆمبس بۆ سیفەتگەلی هاندەر بۆ شارستانی گرنگە، لە ئەفریکا بۆ ئەمەریکا، وێڕای ئەوەی رەنگە بۆچوونەکەیی راست بێت کە ئەفریکاییەکان بەر لە کۆلۆمبس گەیشتبنە ئەمەریکا).

لووتکـەی هیـوادا و نزیکـەی ٢٠٠٠ میـل بـەرەو خۆرئـاوا، بـەرەو ئۆقیانووسـی ئەتڵەسـی نزیکـەی ١٤٢٠ ,[٣٠٧] لـەم ماوەیـەدا بازنـەی گەشـتەکان فـراون دەبـوو، لەبـەر ئـەوەی بریتـی بـوو لـە گەشـەکردنی گشـتیی دەسـتپێکی سـەرمایەداری و فراوانبوونـی بازرگانـی و پێشـکەوتن لـە تەکنەلۆژیـای دەریاییـدا. تەکنەلۆژیـای دەریایـی لـە هەرێمێکـەوە بـۆ یەکێکـی دی جیـاواز بـوو، وەلـێ بـۆ هەرێمێکـی دیاریکـراو، لەتـەک ئەوانـی دیکـەدا هیـچ جیاوازییـەک نەبـوو، واتـە بـەوەوە بنازێـت کـە تایبەتمەنـدی لەوانـی دی جیایدەکاتـەوە، هەروەهـا فیکـرەکان و تەکنیکـە نوێـکان، بـە هەمـوو لایەکـدا لـە رێگـەی بڵاوبوونـەوەی تێهەڵکێشـەوە بڵاوببـووەوە. گشـت نیـوەی گـۆی زەوی لـە شۆڕشـێکی شـوێنەکیدا هاوبەشبوو.

نەشـونماکردنی ئابووریـی بازرگانیـی ئەوروپایـی، بـووە هـۆی گەشـتی دۆزینەوە کـە بـە دڵنیاییـەوە، ئیسـپانییەکان و پورتوگالییـەکان ئەنجامیـان دا. وەلـێ جەوهـەری پرۆسـەکە بریتـی بـوو لـە هەوڵـی کۆمەڵگـە ئەوروپاییەکان، بۆ گەیشـتن بـە کۆمەڵگـە ئاسـیایی و ئەفەریقاییـەکان لـە دەسـتپێکی سـەرمایەداریدا، کـە کۆمەڵگـە ئەوروپاییـەکان، لـە لێـواری سیسـتمێک لـە سـەر ئاسـتی نیـوەی گـۆی زەوی نزیکببوونـەوە، هەروەهـا هێشـتا هەوڵیـان دەدا لـەو وەرچەرخانـە دەرچـن، بـە بـەراورد لەتـەک ناوچەکانـی دیکـە، لـە هەمـان سیسـتمدا کـە. دەوڵەتـی مەسـیحایەتیی دەیبری[٣٠٨] لـە ململانێـدا لەتـەک وڵاتانـی خۆرئـاوا و کۆمەڵگـە بازرگانییـە ئەوروپاییەکانـدا، لـەوێ و لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، رووبـەڕووی کێشـەی بازرگانـی دەبوونـەوە. سـتراتیژییەکی روون هەبـوو خـۆی لـە لێدانـی رێگاوبانـی دەریایـی بـۆ هەرێمەکانـی زێـڕ لـە خۆرئـاوای ئەفەریقیـادا دەبینییـەوە، لەتـەک رێگایەکـی دەریایـی بەناوبانگ، هەر لە کۆنـەوە و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای

307. Filesi، China and Africa in the Middle Ages (1972)، Ma Huan، The Overall Survey of the Ocean's Shores (1970)، Panikkar، Asia and Western Influence (1959).

٣٠٨. ئەیبیریا: ئاماژەیە بۆ ناوچەکانی باشوور و رۆژئاوای ئەوروپا و رێک مەبەست ئیسپانیا و پورتەگالە.

دەریایی بەناوبانگ بۆ نائەورووپاییەکان و ئەورووپاییەکان پێکەوە.[٣٠٩] لە کۆتایی سەدەی چواردەیەمدا، بازنەی گەشتەکان درێژبوونەوە، تا (بە یارمەتیی کەشتیڕانە هیندی و ئەفەریقیاییەکان) ڕێگەی دەریایی بۆ هیند دۆزرایەوە. هەروەها بە دڵنیاییەوە، هەنگاونان بەرەو ئۆقیانووسی ئەتڵەسی لە ١٤٩٢دا، یەکێ لە سەرچڵییە گەورەکان بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، وەلێ دەبی لە ڕاستای زانیاریی تەکنەلۆژیا و جوگرافیای هاوبەش و دەرەتانێکی گەورە بە سەر سەرکەوتنی بازرگانی لەتەک فاکتەرگەلی دیکەدا، لە دیدی ڕاستەوە لە نیوەی گۆی زەوییەوە تەماشا بکرێت، لە سەر بنەمای ئەوەی بریتییە لە پرسێک، نائەورووپاییەکان وەکو ئەورووپاییەکان دەتوانن ئەنجامی بدەن.

ئەورووپاییەکان یەک جیاوازییان هەبوو. ئاسانی گەیشتن بە ئەمەریکا لە بەندەرەکانی ئیبیریاوە، پتر لە هەر نێوەندێکی بازرگانیی دەریایی نائەورووپایی کە توانستی ئەوەی هەبێت، گەشتی دەریایی درێژخایەن ئەنجام بدات. ئاسان گەیشتن بریتییە لە پرسێک، بەندە بە مەودای کەشتیڕانی بە شێوەیەکی بەشەکی. سۆفالا کە دەبێ لەو ماوەیەدا، گرنگترین بەندەری باشوور بووبێت لە خۆرهەڵاتی ئەفەریقیادا (ڕەنگە ژمارەیەکی دی لە بەندەر هەبن بە لای

٣٠٩. لە بەڵگە بڕواپێکراوەکەوە نەمزانی ئەفریکاییە باکوورییەکان یان ڕۆژئاواییەکان، بە ڕێکوپێکی بەرەو کەنارەکانی لووتکەی بوچادۆر کەشتیڕانییان کردبێت (DeVisse and Labib، “Africa in Intercontinental Relations،” 1984). ئاشکرایە کە تەکنیکی کەشتیڕانی لە چاخەکانی ناڤیندا ئەورووپی و نائەورووپی - ڕووبەڕووی ئەستەم دەبوونەوە لە هاتوچۆدا، بەر لەو کاتەی پورتوگالییەکان لە سەدەی پانزەیەمدا دەستیان بە گەشتەکانیان کرد. بەهەر حالأ، پرسیار نەبوو لە سەردۆزینەوە“. ڕێگەی دەریایی هەر لە کۆنەوە زانراوە. ڕێگەی وشکانی هاوتەریبی درێژایی کەنار هەبوو، لە فیز لە باشوورەوە تا تارکور (لە نزیکی داکاری نوێ) و لەودیویشی (Niane، “Mali and the Second Mandingo Expansion،” 1984، and Levitzion، “The Early States of the Western Sudan to 1500،” 1971)، چەندین شوێنی نیشتەجێبوون هەبوو لە سەوردەمی کۆلۆنیالیستیدا، لە دوورگەکانی کەناری و بە درێژایی خودی کەنارەکە. گەشتکردن لە ڕێگەی وشکانییەوە، هەرزانتر و ڕەنگە خێراتر بووبێت. ئەوەی پورتوگالییەکان «دۆزییانەوە» شێوازێک بوو بۆ باڵادەستی بە سەر چالاکییە بازرگانییە مێملەکانی باکووری ئەفریکا و ڕۆژئاوای، لە ڕێگەی پیادەکردنی تەکنەلۆژیای دەریایی ناسراو بۆ ئەورووپییەکان و ئەفریکاییە ڕۆژهەڵاتییەکان کە زانراو نەبوو (یان بەکارنەهاتبوو یان چۆنیەتیی بەکارهێنانی لە سەر هەر ئاستێک نەزانرابوو) لە ڕێگەی ئەفریکاییە ڕۆژئاواییەکانەوە لەم ماوەیەدا. پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێت، ستراتیژیی کەشتیڕانیی پورتوگالی لە ڕەتبوون بە بوچادۆردا هەر ئەوەبوو کە بەکاردەهات لە گەشتەکان بۆ دوورگەکانی ئەتڵەسی و ڕەنگە ناسراوبووبێت بۆ کەشتیڕانیی مەغریبییەکان وەکو ئەورووپییەکان.

باشووردا) کە نزیکەی ٣٠٠٠میل لە ئەمەریکا دوور بوو، پتر لە دوورگەکانی کەناری (خالّی دەرچوونی کۆڵۆمبس) و ٥٠٠٠ میل لە هەر کەنارێکەوە دوورە کە ژمارەی دانیشتوانی زۆربێت، چونکە شێمانەکانی بازرگانی یان تالآنکردن هەبوو. تەنانەت مەودای نێوان چین و کەناری باکووری خۆرئاوای ئەمەریکا گەورەتر و بەڵکە لە کۆمەڵگە دەوڵەمەندەکانی مەکسیک گەورەتر بوو.

پێویستە بارودۆخی کەشتیرانی لەو رێگە جۆراوجۆرانەیشدا بخەینە سەریان. کەشتیرانی لە ئۆقیانووسی هیندی بۆ ئەتڵەسی، بریتییە لە کەشتیرانی دژی تەوژم. باکووری ئۆقیانووسی ئارام باوبۆرانییە و ناکرێ پشت بە باکەی ببەسترێت. لەو لایشەوە، لە دوورگەکانی کەناری تا ئیندیزی خۆرئاوا، بای بازرگانی هەڵدەکات و گەشتی گەڕانەوە، بەرەو باکوور بە ئاراستەی بای خۆرئاوا دەبات. روونە کە کەسی دۆزەرەوە، ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدا نییە، کاتێ لە دەریایەکی نەزانراودا کەشتیرانی دەکات. پرسیارێکی سەیر دەمێنێتەوە، ئەویش رادەی قەبارەی زانیاریی جوگرافییە کە کۆمەڵگەکانی راو لە ئەتڵەسی لە سەدەی پانزەیەمدا هەیانبوو و مەزەنەیەک هەیە، گوایە ئەو خەڵکانە لە دەوروبەری نیوفاوندلاند و کەناری گەورە، بەر لە ١٤٩٢دا راویان کردووە. وردتر بڵێین، کەشتیرانە ئیبرییەکان کە لە دوورگەکانی کەنارییەوە دەهاتن و بۆی دەگەڕانەوە و مادیرا و ئازور هەمان خولی بنەڕەتیی بایان بەکار دەبرد، وەکو چۆن کۆڵۆمبس لە پەڕینەوەی ئۆقیانووسدا بەکاریهێنا، کۆڵۆمبس دەیزانی بای بازرگانی (یان بای خۆرهەڵاتی) لە دەرەوە یارمەتیدەدات و هۆیەکی راستی هەبوو، بۆ بڕواکردن بەوەی بای خۆرئاوایی لە گەشتی گەڕانەوەیدا یارمەتی دەدات. دیارە، پرسەکە لێرەدا بریتییە لە پرسی شێمانە بەهێزەکان. بە شێوەیەکی گشتی، شێمانەی ئەوە هەیە، کەشتییە ئیبرییەکان رێگەیەک (رۆیشتن و گەڕانەوە) بۆ ئەمەریکا بدۆزنەوە، گەورەتر لە کەشتییەکی ئەفەریقیایی یان ئاسیایی، لە کۆتایی

سـەدەی پانزەیەمـدا، تەنانـەت ئەگـەر ئـەو گەشـتەی ئـەوەی ئـەم دواییەیـان ئەنجامـی بدات، گەلـێ ئـەو شـێمانەیە رێـی تێدەچێت کـە گەیشـتنی کۆلۆمبـس بـۆ دوورگەکانـی خۆرئـاوای هینـد، رەنگـە ببێتـە هـۆی ئاسـەوارگەلی مێژوویـی گەورەتـر، لـە گەیشـتنی کەشـتییەکی ئەفەریقیایـی بـۆ بەرازیـل، یـان کەشـتییەکی چینـی بـۆ کالیفۆرنیـا.

ئاخـۆ ئەمـە بـە بـێ چەندوچۆنێکـی ژینگەیـی دادەنرێـت؟ لێـرەدا قسـەکردن لـە سـەر ژینگـە جیـاواز نییـە لـەوەی کاتـێ قسـەی لێدەکەیـن، بـە نموونـە ئـەوەی پێوەنـدی بـە کاریگەریـی بەڵگەکانـی نـەوت لـە سـەر کۆمەڵگـەکان لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا هەیـە. مـن تەنـێ پشـتگیری لـەو بارودۆخـە ژینگەییـە دەکـەم کـە پشـتگیری کەشـتیرانی ئۆقیانووسـی بـۆ مـەودای دوور دەکات، یـان ئەسـتەنگی بـۆ دەنێتـەوە، بەهـەر حـاڵ، ئەگـەر سەرپشـکبوونێکی دی لـە نێـوان راڤەکردنێکـی ژینگەیـی و یەکێکـی دی هەبوایـە کـە ئیدعـای باڵادەسـتیی تاقمێـک، نـەک ئـەوی دیکەیـان دەکات، بەوجـۆرەی تیـۆری بڵاوبوونـەوەی سـێنترالیزمی ئەوروپایـی دەیـکات، ئـەوا بـێ چەندوچـۆن ئێمـە پێداگریمـان لـە سـەر راڤەکردنـی ژینگەیـی دەکـرد.

بەر لەوەی ئەم بابەتە جێبهێڵین، هێشتا دوو پرسیارمان ماوە:

یەکـەم: بۆچـی ئەفەریقیاییـەکان لـە خۆرئـاوا ئەمەریکایـان «نەدۆزییـەوە»، لـە کاتێکـدا ئـەوان لـە ئیبریینـەکان لەوێـوە نزیکتـرن؟ وا دیـارە وەرامدانـە لەوەدایـە کـە نێوەنـدە بازرگانییەکانـی دەسـتپێکی سـەرمایەداری، لـە خۆرئـاوای ئەفەریقیـا و ناوەڕاسـتی (بەوجـۆرەی لـە خۆرهەڵاتـی ئەفەریقیـادا) ئاراسـتەیەکیان بـۆ بازرگانیـی دەریایـی نەبووبێـت. رێگەکانـی دووری بازرگانـی لـە سـۆدان بـۆ نیـل و بـۆ خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و بـۆ بیابانـەکان و بـۆ مەغریـب و دەریـای ناوەڕاسـت و شـوێنی دیکـە درێژدەبووەوە. بازرگانـی دەریایـی بـە درێژایـی کەنـاری خۆرئـاوا

هەبوو، وەلێ لە سەر ئاستێکی گەورەدا نەبوو، لەتەک بڕوابوونمان بە بوونی شارستانی لە ناوەوە و بوونی هاوبەشە بازرگانەکان لە باکوور و خۆرهەڵاتدا.

دووەم: بۆچی شارە بازرگانییەکان لە مەغریب شکستیانهێنا لە گەیشتن بۆ ئەمەریکا؟ ئەم هەرێمە (هەرجارێ پێشتر ئیبن خەلدون روونی دەکاتەوە)، لە حاڵەتێکی چەقبەستنی سیاسی و بازرگانیدا بووە. لە ١٤٩٢دا گوشاری ئیبربییەکان و تورکەکان هەبوو. لێرەدا لەم دوورێیانە مێژووییەدا، ئەم هەرێمە توانستی خۆی بۆ گەشتەکانی دۆزینەوەی مەودا درێژخایەنەکان بە ئۆقیانووسەکان، هەروەها ئەو شارانەی راستەوخۆ لەتەک سۆدان و هەرێمەکانی زێڕدا بازرگانییان دەکرد لەدەست دەدات، هاندەرێکی ئابوورییان نەبوو کە بەلای ئەوروپاییەکانەوە هەبوو، بۆ خۆدوورگرتن لە رێگەکان لە بیاباندا، بۆ گەڕان بە دوای سەرچاوەیەکی هەرزانتری زێڕ.

## بۆچی داگیرکردنەکە سەریگرت؟

ئەمەریکا گرنگبوو بۆ رێنیسانسی ئەوروپا و سەرمایەداری دوای یەکەمین پێوەندیکردن پێوەی لە ١٤٩٢دا. یەکسەر پرۆسەکە دەستیپێکرد و گەلێ فراوان بوو و رەنگە ئەمە پێویستی بە وێرانکردنی دەوڵەت و شارستانە ئەمەریکییەکان و تاڵانکردنی کانزا بەنرخەکان و چەپاوکردن و چەوساندنەوەی هێزی کار و داگیرکردنی زەوییە ئەمەریکییەکان بکات لەلایەن ئەوروپاوە. ئەگەر بمانەوێ لە کاریگەریی هەموو ئەمانە لە سەر ئەوروپا (و سەرمایەداری) تێبگەین، پێویستە تێبگەین چۆن رووی دا و بۆچی بەم خێراییە رووی دا، بە کورتی، بۆچی داگیرکردنەوە سەریگرت؟

هۆکارێکی دیکەی گرنگ هەیە، پێویستە لێی حاڵی ببین، بریتییە لە سەدەمکاریی داگیرکردنەکە. دیارە مێژوویەک پشت بە تیۆری بڵاوبوونەوە نابەستێت، هەموو باسوخواسە سەدەمکارییەکانی خۆیان بە گریمانەی ئەوە دەست پێدەکەن کە ئەوروپاییەکان، لە هیچ ڕەهەندێکی فەرهەنگیدا، باڵادەستییەکی خۆڕسکییان بە سەری غەیری خۆیاندا نەبووە، «دەرەتانی گەورەی پەنهان»ی پێشوەخت نەبووە. ئەمە ڕاماندەکێشێت، یەکەم بۆ دانانی بەوەی کە ئەوروپاییەکان لە ١٤٩٢دا، هیچ جیاوازییەکی تایبەتیان لە ئاسیاییەکان یان ئەفەریقاییەکان نەبووە، چ لە ڕووی ئایدیۆلۆژی یان کۆمەڵایەتی یاخود مژادییەوە. وەلێ ئەمە ئەوەمان لێدەخوازێت کە هەمان گریمانە لە سەر گشت کۆمەڵگە مرۆییەکان بخەینە ڕوو. کەواتە بۆچی ئەوروپاییەکان ئەمەریکایان دۆزییەوە، لە بری ئەوەی ئەمەریکییەکان ئەوروپا ( یان ئەفەریقیا یاخود ئاسیا) بدۆزنەوە؟ هەروەها بۆچی دوای یەکەم پێوەندی، ئەوروپاییەکان نشوستیان بە شارستانییە ئەمەریکییەکان هێنا، لە بری ئەوەی خۆیان نشوست بهێنن و لە کەنارەکانی ئەمەریکا دووریان بخەنەوە؟ دیارە، ئەمە گریمانەی یەکبوونی فەرهەنگی یان- ئەگەر تۆ ناونانێکی دیکەت بەلاوە باشتر بێت- «یەکبوونی دەروونیی مرۆیی» کە ڕووبەڕووی ئیدعاکەرانی بڵاوبوونەوە دەبێتەوە، گوایە گەلانی ئەمەریکا سەرەتایی بوون و پێویست بە بوونیان نەکردووە.[٣١٠]

هۆکار زۆرن لە پشتی نشوستی شارستانییە ئەمەریکییەکانەوە، وەلێ هۆکارێک هەیە یەجگار گرنگە، ڕەنگە لە خۆیدا هۆکارێکی تێروتەسەل بێت. ئەویش بریتییە لە کەمیی ژمارەی دانیشتوان، بە هۆی نەخۆشییەکانەوە کە لە نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەویدا بڵاوبوونەوە کە ئەوروپاییەکان بۆ

٣١٠. بڕوانە:
Blaut، “Diffusionism: A Uniformitarian Critique” (1987).

ئەمەریکایـان گواسـتەوە.[٣١١] هۆکارێکی دی بریتییـە لـە باڵادەسـتیی ئەوروپـا لـە تەکنەلۆژیـای سـەربازیدا، وەلـێ دەبـێ لـە شـوێنی خۆیـدا، بـەم تایبەتمەندییـەدا بڕوانیـن. کەلێنـی تەکنەلۆژییەکـە گـەورە نەبـوو، تـا لـە خۆیـدا ببێـت بـە هـۆکاری سـەرکەوتنی سـەربازی- دوای یەکـەم جەنگـەکان- لـە رووبەڕووبوونـەوەی سـوپا ئەمەریکییـەکان گەورەتـر نەبـوو و دەتوانـن لـە هەرکاتێکـدا تەکنەلۆژیـای دوژمـن وەربگـرن. دیـارە رووبـەری یەجـگار گـەورەی ئەمەیـکا لـە ١٤٩٢دا، ژمـارەی دانیشـتوانی زۆربـوو، لای کـەم دەگەیشـتە ٥٠ ملیـۆن کـەس، بەڵکـە دەگەیشـتە ٢٠٠ ملیـۆن و ژمارەیەکـی زۆر لـەم خەڵکـە، لـە کۆمەڵگەگەلێکـدا دەژیـان کـە دەوڵەتگەلـی بەتوانسـت لـە رووی سـەربازیی بەهێـزەوە رێکدەخـران.[٣١٢] هەروەهـا دەکـرێ تەکنەلۆژیـای سـەربازی لـە سـەربازگەیەکەوە بـۆ یەکێکـی دیـی نەیـار، لـە کاتێکـی تـا رادەیـک کورتـدا بڵاوببێتـەوە. وێـڕای ئەمـە، باڵادەسـتیی تفەنگـە سـەرەتاییە ئیسـپانیاییەکان، بـە بـەراورد لەتـەک تیروکەوانـی ئەمەریکییەکانـدا هێنـدە گـەورە نەبـوو. پێموایـە بـە دڵنیاییـەوە پرسـەکە خـراپ بـە سـەر ئەوروپاییەکانـدا دەشـکایەوە، ئەگـەر پرسـەکە بەندبوایـە بـە تەنـێ توانسـتی سـەربازییەوە. هەرگیـز داگیرکردنێـک لـە ئـارادا نەدەبـوو، یـان ئـەوەی لـە ناوچەیەکـی دیاریکـراودا پوچـەڵ بکرێتـەوە و هەرگیـز بـەرەو باشـوور پەلـی نەدەهاویشـت بـەرەو شارسـتانییە مەزنـەکان لـە ناوەڕاسـتی ئینديـزدا. خاڵەکـە لێـرەدا بریتییـە لـە رەوتـی مێـژوو بـە راسـتایەکی جیـاوازدا، بـە هـۆی کاریگەریـی خێـرا و تونـدی نەخۆشـییە نوێکانـەوە. بەرگـری بـۆ مەرگـی ئەمەریکییـەکان،

---

٣١١. بۆ پێداچوونەوەی گشتی، بڕوانە:
Crosby، The Columbian Exchange (1972) and McNeill، Plagues and Peoples (1976). See Borah and Cooke، “La Demografoa Historica de Ame′rica Latina: Necesidades y Perspectivas” (1972)، Whitmore، “A Simulation of Sixteenth – Century Population Collapse in the Basin of Maxico” (1991)، Alchon، Native Society and Disease in Cownial Ecuador (1991)، Lovell، “Heavy Shadows and Black Night: Disease and Depopulation in Colonical America” (1992).

٣١٢. بۆ پێداچوونەوەی جیاوازییەکان لە سەر ژمارەی ئەمەریکییەکان لە ماەی داگیرکردندا، بڕوانە:
Denevan، The Native Porulation of the America in 1492 (1976).

بە هۆی نەخۆشییەکانەوە تەنانەت بەر لەوەی جەنگەکان دەستپێبکەن کۆتاییهات.[٣١٣] شێمانەی ئەوەی ٩٥٪ لە دانیشتوانی ناوەڕاستی مەکسیک بەتەواوی لەناوبران، لە ماوەی سەدەی شانزەیەمدا. ئەو لەناوبردنە زوو دەستی پێکرد، ئەمەیش یارمەتیی سەرکەوتنی کۆلۆنیالیستیی سیاسی دا. هاوتەریبی پرۆسەگەلی دیکە، لە چەند بەشێکی دیکە لە نیوەی گۆی زەویدا و بەتایبەتی لەو شوێنانەی گردبوونەوەی گەورەی دانیشتوانیان تێدایە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ناوچەگەلی دەوڵەتگەلی رێکخراو و شارستانیی مەزن هەبووە. رەنگە نزیکەی سێ لەسەر چواری دانیشتوانی ئەمەریکا، هەمووی لەم سەدەیەدا لەناوبرابن.[٣١٤] ملیۆنان کەس لە جەنگ لەتەک ئیسپانیا و پورتوگال و لە نێوەندەکانی کاری زۆرەملێی وەکو کانەکانی مەکسیک و پیرۆ کوژران، وەلێ ژمارەی زۆرتر بە هۆی نەخۆشییەکانەوە مردن، ئەمەیش لەناوبردنی بەرگری لە زۆربەی ناوچەکاندا ئاسانکرد.

دەکرێ ئاسانیی تووشبوونی ئەمەریکییەکان، بە نەخۆشییەکانی نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەوی و لاوازیی ئاستی تەکنەلۆژیای سەربازی، بەلای گەلانی نیوەی خۆرئاوای گۆی زەوی، لە سایەی بارودۆخی فەرهەنگیی گەشەسەندیی کەمدا راڤە بکەین، وێڕای نەبوونی بەڵگەگەلی راستەوخۆ لەم بارەوە. نیوەی خۆرئاوای گۆی زەوی، تا دواترین ماوەی چاخی بەردینی کۆن دانیشتوانی تێدا نەبوو. دەربارەی یەکەم گەیشتن، بۆچوونی جیاواز هەیە، وەلێ زۆربەی توێژەران پێیانوایە، دانیشتوان بەر لە ٣٠٠٠٠ ساڵ، بەر لە چاخی بەردینی کۆن، نیشتەجێی هەردوو کیشوەری ئەمەریکا نەبوونە. کۆچبەرە سەرەتاییەکان

313. Crosby، The Columbian Exchange (1972)، Alchon، Native Society and Disease in Colinial Ecuador (1991).

٣١٤. بۆ باسکردن لە سەر حیسابە جۆراوجۆرەکان، بڕوانە:
Denevan، The Native Population of the Americas in 1492 (1976)، Denevan، "The Landscape of the Americas 1492" (1992)، Lovell، "Heavy Shadows and Black Night" (1992)، and Whitmore، "A Simulation of Sixteenth-Century Population Collapse in the Basin of Mexico" (1991).

کاری کشتوکاڵیان نەکردووە. بەر لە کۆچە سەرەتاییەکان شۆڕشی کشتوکاڵی کە لە نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەویدا دەستی پێکردووە، وێڕای ئەوەی سەرچاوەی ئەو کۆچکردنانە بریتی بوو لە باکووری خۆرهەڵاتی سیبریا، ئەمەیش شوێنێکی یەجگار ساردە بۆ کشتوکاڵ، تەنانەت لەم سەردەمەیشدا، چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت، ئەو فەرهەنگانە لە ٢٠٠٠٠ ساڵی رابردوودا، ئەزموونی کشتوکاڵیی سەرەتاییان بووبێت، وێڕای ئەوەی هەندێ لە شارستانییەکانی دیکە هەستابن بەو کارە کە لە ناوچە نزمەکانی پانەهێڵدا هەبووە. کۆچبەران بۆ ئەمەریکا بریتی بوون لە راوچییانی چاخی بەردین، هەمو شتێکیان کۆدەکردەوە و راوە ماسی و تەنانەت راوە سەدەفیشیان دەکرد. بە ژمارەی کەمەوە و لەماوەگەلی دوور لەیەک، دەهاتن و لە ئەمەریکای باکوور و باشوور پێکەوە بڵاوەیان لێدەکرد. دوای هەزاران ساڵ دەتوانین بڵێین، سەرچاوەکانی راو و راوەماسی و کۆکردنەوە و راوی سەدەف لەلایەن مرۆڤەوە، رووبەڕووی هەڕەشە دەبوونەوە. گریمان نەشونمای دانیشتوان خاوبووبێت- و دیارە ئەمە مەزەنەیە- وەلێ نەشونمای دانیشتوان لە کۆتاییدا، گەیشتە ئەو ناوچەیەی کە تیایدا هەلومەرجی بەستێن خۆشکردن بۆ شۆڕشێکی کشتوکاڵی فەراهەم کرد.[٣١٥] دیارە شۆڕشی کشتوکاڵی (وەکو گۆڕانێکی چۆنایەتی) لە نێوان ١٠٠٠٠تا ١٢٠٠٠ساڵی رابردوودا، لە نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەویدا رووی دا. لە نیوەی خۆرئاوای گۆی زەوی، دوای ئەم مێژووە بە چوار هەزار ساڵ بەوە گەیشتن.[٣١٦] بۆیە، گەشەکردنی فەرهەنگی لە نیوەی خۆرئاوای گۆی زەوی، لە چەندین راستادا پێشکەوت کە تا رادەیەک لەتەک نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەویدا هاوتەریب بوو: گەشەکردنی کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان و نێوەندەکانی

٣١٥. گریمانەکە لێرەدا بریتییە لەوەی ژمارەی دانیشتوان بەردەوام بوو لە هەڵکشان، مادامێک سەرچاوەی زۆری خۆراک هەبوو، وەکو راو و راوەماسی و کۆکردنەوە و راوی قەوقع لە کاتێکی گریمانیی دیاریکراودا کە رەنگە خەڵکی بە کردەوە چاندنی دانەوێڵەیان تاقیکردبێتەوە و تیایدا درێژەپێدانێکی باشتری خۆراک (و ریشاڵ و... هتدیان بینی) بۆیە وەرچەرخان دەستیپێکرد. دەبینی ئەم باسە هیچ پێوەندی بە تیۆرەکەیماڵتۆسەوە نییە.

٣١٦. بڕوانە:.Fiedel، Prehistory of the Americas (1987).

ئاسـەوارە ئاهەنگییـەکان و زانسـت و نووسـین و شـارەکان و پێکهاتـەی فیوداڵیـی چینایەتـی و بازرگانـی. بـە کـردەوە وا دیـارە، کۆمەڵگەکانـی نیـوەی خۆرئـاوای گـۆی زەوی هەوڵیـان دەدا ئـەو بۆشـاییە پڕبکەنـەوە. وەلـێ لـە ١٤٩٢دا هێشـتا تەکنەلۆژیـای سـەربازی لـە پێشـکەوتووترین و بەهێزتریـن دەوڵەتـدا، لـە دەوڵەتەکانـی خۆرهـەڵات دواکەوتووتـر بـوو. کانـزاکان تـازە چووبوونـە نـاو ئـەو گۆڕەپانـەوە و تفەنـگ هێشـتا دروسـت نەکرابـوو. بۆیـە سـوپای کۆرتیـز بـە سـەر مۆکتیزۆمـا، بیتسـارۆ بـە سـەر ئینـکادا سـەرکەوتن (کاتـێ کۆرتیـز گەیشـتنە تینۆکتلیتـان، بـە لێشـاو لـە ئەزتەکـەکان بـە هـۆی نەخۆشـییە ئەوروپاییەکانـەوە دەمـردن کـە بازرگانـە ئەمەریکییـەکان لـە کوبـا و مەکسـیکەوە وەریانگـرت. لـە بەرانبـەردا ئینـکا بـەر لـە گەیشـتنی بیتسـارۆ، لـە بـەردەم ئـەو نەخۆشـییانەدا شکسـتی خـوارد).[٣١٧]

دەکـرێ ئاسـانیی تووشـبوونی گەلانـی ئەمەریکـی، بـە نەخۆشـییەکانی نیـوەی خۆرهەڵاتـی گـۆی زەوی و وێرانکردنـی نشـینگە ئەمەریکییـەکان و هەرەسـهێنانی دەوڵەتـان و شکسـت و ملکەچـی بـۆ ئەوروپاییـەکان، لـە رێگـەی هەمـان مۆدێلـە گشـتییەکەوە راڤـە بکرێـت. ژمارەیەکـی کـەم چوونـە نـاو ئەمەریـکاوە و رەنگـە لەتـەک خۆیانـدا کۆمەڵـێ نەخۆشـییان بردبێـت کـە لـەو کاتـەدا، لـە کاتـی رۆیشـتنیان، لـە نیـوەی خۆرهەڵاتـی گـۆی زەویـدا هەبـوون. وێـڕای ئـەوەی ئـەوان لـە ناوچەوگەلـی دابـڕاوەوە هاتـن کـە ژمـارەی دانیشـتوانیان کـەم بـوو و لـە بەشـگەلێکەوە کـە کەشـوهەوای ساردبوو، رەنگـە هەنـدێ لـە نەخۆشـییەکانیان نەبووبێـت کـە تایبـەت بـە ناوچـە گەرمەکانـن، رەنگـە گرنگتـر لەمەیـش مێـژووی خـودی نەخۆشـییەکان بێـت. لـە کاتـی شـۆڕشـی کشـتوکاڵی یـان دوای ئـەوە،

٣١٧. بڕوانە:
Crosby، The Columbian Exchange (1972)، Lovell، “Heavy Shadows and Black Night،” and Alchon، Native Society and Disease in Colonial Ecuador (1991).

نەخۆشیی زۆر سەریانهەڵدا، بوون بە درم و پێوەندیی ژینگەییان بە کشتوکاڵ و مەدەنیەت و گۆڕانکارییە ئاژەڵییەکان و رووەکییەکانەوە هەبوو لە ژینگە راستکراوەکاندا، بە بەکارهێنانی زەوی لەلایەن مرۆڤەوە و شتی لەم بابەتە. لە نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەویدا، مرۆڤەکان چوونە ناو ئەو ژینگانەوە، دوای کۆچە سەرەتاییەکان بۆ نیوەی خۆرئاوای گۆی زەوی، بۆیە شێمانەی ئەوە دوورە ئەو کۆچانە نەخۆشییان لەتەک خۆیاندا بردبێت. رەنگە کۆچەکانی دواتر ئەم کارەیان کردبێت (وێڕای شێمانە نەبوونی ئەمەیش، لەبەر ئەوەی لە شوێنە سارد و دابڕاوەکان لە ئەورووپا و بە ژمارەی کەم هاتبوون). وەلێ دەتوانین گریمانی ئەوە بکەین، سەقامگیری و شێوازی پشتبەستووی ژیان لە سەر راو و کۆکردنەوە و نەبوونی گردبوونەوە کشتوکاڵییەکان و مەدەنیی هەزاران ساڵ، رەنگە هۆکاربێت لە پشتی نەبوونی هەندێ نەخۆشیی نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەوی کە لە رێگەی کۆچبەرانەوە بۆ ئەمەریکا گوازرانەوە. بە گوزەری کات، دانیشتوانە ئەمەریکییەکان بەرگریی فسیۆلۆژیی خۆیان بۆ نەخۆشیگەلێ لەدەست دەدەن کە چیتر لە نێوانیاندا نەماون و هەروەها بۆ نەخۆشیگەلێ کە لە ناویاندا تازەن. زانراوە کە لەناوبردنی دانیشتوان لە ئەمەریکادا، بە هۆی ئەو نەخۆشییانەوە بوو کە لە نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەوییەوە هاتن و ئەورووپاییەکان بەرگرییەکی زۆریان هەبوو لە بەرامبەریان، تەنانەت تووشی ئەو نەخۆشییانە دەبوون و چاک دەبوونەوە، لەبەر ئەوەی نەخۆشیی کوشندە نەبوون.

بۆیە، نیاز نییە بۆ ئەوەی میسۆلۆژیایە جۆراوجۆرەکان بە جدی وەربگرین کە شکستی ئەمەریکییەکان ڕووندەکەنەوە، بە هۆی نائەقڵانیی ئیدعاکراوەوە یان قسە بێ سەروبەرەکان یاخود هەر یەکێک لە میسۆلۆژیایە تەقلیدیەکان، لە شارستانییە ئەمەریکییەکان کە لە ١٤٩٢دا کە گەلێ جار

نەژادپەرستین. (بەناوبانگترینی ئەو بۆچوونە پڕوپوچانە، ئەو بیرۆکەیەیە، گوایە مەکسیکییەکان لە ترساندا کۆرتیز و داروودەستەکەیان بە خوداوەند زانی، لە بری ئەوەی لەتەکیاندا بجەنگن. ئەمە رووی نەداوە). دیارە جیاوازیی تا رادەیەک سادە، لە تەکنەلۆژیای نێوان دوو کۆمەڵگەکە و کاریگەریی نەخۆشییەکانی نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەوی، لە سەر کۆمەڵگەکانی نیوەی خۆرئاوای گۆی زەوی، رەنگە مێژووی نیشتەجێبوونی نیوەی خۆرئاوا، لە گۆی زەوی و دەرهاویشتەکانی راڤە بکات. ئەمەریکییەکان شکستیان نەخوارد، ئەوان تووشی نەخۆشییەکان بوون.

## ئەورووپا لە ١٤٩٢دا

کۆمەڵگەی ئەورووپایی لە ١٤٩٢دا، بە شێنەیی، بە دەرچوون لە فیودالیزم و رۆیشتن بەرەو سەرمایەداری پێشدەکەوت. لە ئاسۆدا تروسکاییەک نەدەبینرا، نوقڵانەی گۆڕینێکی (بنەڕەتی و شۆڕشگێڕانە) بدات کە هاکا روویدەدا، یان ئەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان خێرا روودەدەن. نەشونمای بازرگانیی خوریی ئینگلیزی لە سەدەی پانزەیەمدا (بەوجۆرەی هەمیشە وا وێنا دەکرێت) نیشانەی گۆڕینی ئابووریی بنەڕەتییە: لە باشووری ئەورووپادا، تێکشکان لە پیشەسازیی خوریی بەدواداهات.[318] نەشونمای گوندنشینی لەم سەدەیەدا، بووە هۆی ئەوەی دانیشتوان (لە هەندێ لە ناوچەکاندا)، دوای نەخۆشییەکان لە سەدەکانی رابردوودا چاکببنەوە، هەروەها کشتوکاڵی بازرگانی ماوەیەک لەوەوبەرەوە هەبوو.[319] شارە بچووکەکان لە نەشونماکردندا بوون، وەلێ بە شێنەیی و ژمارەی دانیشتوان لە شارەکان، بە بەراورد لەتەک ژمارەی هەمەکیدا، بە کەم دادەنرا (جگە لە ئیتاڵیا و دەوڵەتەکانی باشوور)،

318. Miskimin، The Economy of Early Renaissance Europe، 1300-1460 (1969).
319. Abel، Agricultural Fluctuations in Europe From the Thirteenth to the Twentieth Centuries (1980).

هەروەها ژمارەی دانیشتوانی شارەکان لە ئەوروپا، کەمتر بوو لەوانەی غەیری ئەوروپادا.[٣٢٠] هەروەها بەڵگە لە سەر داکشانی ئابووری، نەک نەشونمای بە دەستەوەبوون.[٣٢١] بە زمانێکی ئابووری، دیارە چاخی ڕێنیسانس لە ئیتاڵیا ئاستی نێوەندە ئیتاڵییەکانی بە سەر ئەوانی دیکەدا بەرز نەکردەوە، بە دەوڵەتە ئیسلامییە دراوسێکانیشەوە (قاهیرە، بە نموونە)، هەروەها بە هیچ جۆرێ، چاخی ڕێنیسانس بریتی نەبوو لە شۆڕشێکی تەکنەلۆژی.[٣٢٢] پێویستە هەموو ئەمانە بڵێین، تاوەکو بەستێن خۆشبکەین. بەر لە ١٤٩٢ نەشونمایەکی لەسەرخۆ لە ئەوروپا و ڕەنگە تا تیاچوون هەبووبێت- و ئەمە لەلایەن زۆربەی مێژوونووسە ئەوروپاییەکانەوە پەسەندە- هیچ جۆرە گۆڕانێکی بنەڕەتی، لە هەنگاونان بەرەو ١٤٩٢ نەبووە.

چەند دەیەی کەمی دوای ١٤٩٢، خێرایی تێکڕای نەشونما و گۆڕین زیادی کرد و ئەوروپا پێی نایە ناو ماوەی وەرچەرخانە خێراکانەوە. هیچ جیاوازییەک لە سەر ئەو ڕاستییە نەبوو کە لە بەر ڕۆشنایی ئامارەکان، سەبارەت بە نرخەکان و نەشونمای شارنشینی و شتی دیکەی لەو بابەتە تەماشا دەکرێت.[٣٢٣] ئەوەی ناکۆکی لە سەرە، بریتییە لە پێوەندییە سەدەمکارییەکە، لە نێوان گۆڕانکارییە گەورەکانی سەدەی شانزەیەم و سەرەتاکانی چەپاوکردن و چەوساندنەوەی ئابووری لە ئەمەریکا (و لە ئەفەریقیا و ئاسیادا). کۆکبوون

320. de Vries, European Urbanization, 1500-1800 (1984).

٣٢١. بڕوانە:

Hodgett، A Social and Economic History of Medieval Europe (1972)p. 22.

("ڕەنگە ئەو دوو سەد ساڵەی دوای ١٣٢٠ لە ئابووریی ئەوروپی بە شێوەیەکی هەمەکی ماوەی داکشان بێت، "Lopez and Miskimin, "the Economic Depression of the Renaissance،" (1961-1962)، C. T. Smith An Historical Geography of Western Europe Before 1800 (1969).

322. Lopez, "Hard Times and Investment in Culture" (1953), Thorndyke, "Renaissance or Prenaissance?" (1943).

323. Braudel, "Prices in Europe from 1450 to 1750" (1967)، de Vries, European Urbanization (1984).

لە سەر کاریگەریی خێرا بۆ ئەم گۆڕانکارییانە لە ئاسیادا، بڕوانە بە نموونە:

Atwell, "International Bullion Flows and the Chinese Economy circa 1530-1650" (1982), Aziza Hasan,"The Silver Currency Output of the Mughal Empire and Prices jn India during the 16th centuries" (1969).

هەیە لە سەر ئەوەی کاریگەرییەکە قووڵ بووە. وەلێ ئایا بە راستی بووە هۆی وەرچەرخانی چۆنیەتی لە ئابووریی ئەوروپادا؟ یان ئایا بووە هۆی خێراکردنی کتوپڕی پرۆسەیەک کە بە کردەوە بەرەو گەڵاڵەبوون دەڕۆیشت؟ یان ئایا بووە هۆی راستکردنەوەیەکی سادە لەو پرۆسەیەدا، لە رێگەی دەرەنجامەکانی وەها هەڵاوسانێکەوە؟ ناتوانرێ وەرامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، مەگەر ئەوەی لە مێژووی تونێلیی ئەوروپایی بێینە دەرەوە و بڕوانین بەوەی کە لە ئەمەریکا و ئاسیا و ئەفەریقیا، لە نێوان ١٤٩٢ و ١٦٨٨دا کاری پێدەکرا، واتە مێژووی هێمای شۆڕشی بۆرژوای ئەوروپا.

## کۆڵۆنیالیست و رێنیسانسی ئەوروپا ١٤٩٢-١٦٨٨

### کۆڵۆنیالیست و سەرمایەداری لە سەدەی شانزەیەمدا

هەر لە سەرەتاوە، سەرچڵیی لە هەردوو کیشوەری ئەمەریکادا پەیوەستە بە کۆکردنەوەی سەرمایە: واتە قازانج. ئەمەو هیچ سووکییەک نییە لە خۆتێئاڵان لە هەندێ لە مژادەکانی یاسای چاخەکانی ناڤین، لە سیستمەکانی بەخشینی زەویی یاسایی (بۆ ئەوروپاییەکان) لە جیهانی نوێدا و لەوەی حکومەتە ئیبرییەکان بەشێکی زۆر ببەن کە لە قازانجەکاندا زێدەڕەوی تێدابێت. ئامانجی گشت تاکە ئەوروپاییەکان کە بەم پرۆژەیەوە بەهێز بوون، جگە لە پیاوانی ئایینی، بریتی بوو لە کۆکردنەوەی پارە بۆ خۆیان و بۆ دەوڵەتەکەیان (و گەلێ جار بۆ خۆیان بوو).

تیمی پێشەنگ لە هەموو شوێنێکدا، بریتی بوو لە سەرمایەدارە سەرەتاییەکان، نەک تەنێ بازرگانان، بەڵکە ئەوانەی لە پیشەسازیدا

کاریـان دەکـرد و کۆکردنـەوەی پـارە خـاوەن زەوییەکانیشـی دەجولاّنـد، نـەک تەنـێ ئیبرییـەکان، بەڵکـە ئیتاڵییـەکان و گەلـی فلامیـش (یـان فلانـدن)[٣٢٤]و هۆڵەندییـەکان و ئەڵەمـان و ئینگلیـز و کەسـانی دی.

ئـەو چینـە قازانجیـان لـە پـرۆژەکان لـە ئەمەریـکادا وەردەگـرت و بەشـێکیان لـە ئەوروپـا، لـە رێگـەی کڕینـی زەوی و گەشـەپێدانی کشـتوکاڵی بازرگانـی و پیشەسـازییەکانەوە، سـەرمایەگوزاریان دەکـرد (وەکـو دروسـتکردنی کەشـتی و پالاّوتنـی شـەکر و شـتی دی) کـە پەیوەسـت بـوون بـە پـرۆژەی روو لـە گەشـەی کۆڵۆنیالیـزم، هەروەهـا گەشـەپێدانی کارە پـڕ لـە قازانجـەکان، لـە بوارگەلێـک کـە لـە خزمەتـی ئابووریـی ئەوروپاییدابـوون (بـە نموونـە ناوچەکانـی راوەماسـی زۆروزەبەنـد لـە ئۆقیانووسـی ئەتڵەسیدا) و دروسـتکردنی کۆمەڵگـە شارنشـینەکان و شـتی لەم بابەتە. بەشـێک لەم قازانجە بۆ پشـتگیریی پرۆژە کۆڵۆنیالیسـتەکانی دی لـە ئەمەریـکادا و بـۆ پـرۆژە بازرگانییـەکان لـە ئاسیا و ئەفەریقیـا و ناوچـەی رۆژهـەلاّی ناوەڕاسـت دادەنـرا. یەکێـک لـە لایەنـە پەنهانـەکان لـەو پرۆسـەیەدا، بریتـی بـوو لـە زۆربوونـی زۆری کڕینـی بازرگانـە ئەوروپاییـەکان، لـە گشـت بـازاڕەکان لـە نـاو ئەوروپـا و دەرەوەیـدا، لـە سـەر بنەمـای ئـەوەی ئـەو بازرگانانـە خاوەنـی بڕێکـی زۆر لـە کانـزا بەنرخـەکان یـان پـارەن و دەتوانـن بـە نرخێک بکڕن کـە پێشـتر نەیانبیسـتبێت. رەنگـە نیـوەی زێـڕ و زیـو لـە سـەدەی شـانزەیەمدا لـە ئەمەریـکاوە، بـە شـێوەی قاچـاخ و نایاسـایی رەوانـە کرابێـت، بۆیـە راسـتەوخۆ بـۆ ئەوجـۆرە پرۆژانـە فەراهـەم دەبـوو، وەلـێ پاشـماوەکەی، دوای ئـەوەی بـە گومرکـدا رەتدەبـوو، دەچـووە بازنـەی دەسـاودەس پێکردنەوە، ئەوەبـوو حکومەتە ئیبرییـەکان زێـڕ و زیویـان لـە بەرانبـەر کالاّکان و خزمەتگوزارییەکانـدا دەدا.[٣٢٥]

٣٢٤. فلاندز: گەلێکی ژەرمەنیی نیشتەجێی باکووری بەلژیک بوون.

325. Céspedes، Latin America: The Early Years (1974)، McAlister، Spain and Portugal in the New World، 1492-1700 (1984).

پرۆژەی کۆلۆنیالیستی لە سەدەی شانزەیەمدا، بە چەندین رێگە سەرمایەی بەرهەمهێنا، یەکەم: بریتییە لە گەڕان بە دوای زێڕ و زیودا. دووەم: کشتوکاڵ و بەتایبەتی لە بەرازیلدا. سێیەم: بازرگانی لەتەک ئاسیا لە بەهارات و کوتاڵ و شتی دی. چوارەم کە هێند گرنگ نەبوو: ئەو قازانجانەی دەگەڕانەوە بۆ وەبەرهێنە ئەوروپاییەکان، لەتەک کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە پرۆژەی بازرگانیی بەرهەمهێنان، لە هەردوو کیشوەری ئەمەریکا، بە قازانجی تەرخانکراو بۆ بەکارهێنانی خۆماڵی لە مەکسیک و پیرۆ و شوێنەکانی دی، هەروەها قازانج لە کاڵا هاوردەکان لە ئەوروپاوە و قازانج لە کۆمەڵێکی جۆراوجۆر لە شمەکە لاوەکییەکان کە لە ئەمەریکاوە رەوانەی دەرەوە دەکران (کەوڵ و رەنگ و... هتد) و قازانجی فرۆشتنی زەوی لە ئەمەریکا و قازانجی گەڕاوە بۆ ئەوروپا، لە رێگەی خێزانەکان و کۆمپانیاکان کە لە مەکسیک و ناوچەکانی دی، خاوەنی بەخشینی زەوی بوون. پێنجەم: کۆیلەداری بوو. شەشەم: چەتەگەریی دەریایی. تێبینی دەکەین هەموو ئەوە بریتییە لە کەڵەکەبوونی ئاسایی سەرمایەداری، هیچیان بریتی نەبوون لەو شتە ئاڵۆزەی کە بە «کەڵەکەبوونی سەرەتایی»[٣٢٦] ناودەبرێت. (بەهای کرێی هێزی کار و پێویست ناکات ناوی کاری سوغرە ببەین کە زۆربەیان بریتیبوون لە بەها لە بەرهەمهێنانەوە نەک

٣٢٦. لە ئابووریی سیاسیی کۆنباو و هەندێ لە ئابووریی مارکسیی نوێدا، بیرۆکەی «کەڵەکەبوونی سەرەتایی» وەکو جۆرێ لە کۆکردنەوەی رێگەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە بەکار دەبرێت و- لە ناوەڕۆکیدا- سەرچڵییەکی سەرمایەدارییانەی لەخۆ نەدەگرت. گەنجینەکانی چەتە دەریاییەکان و شتی لەو بابەتە بریتی بوو لە «کەڵەکەبوونێکی سەرەتایی» و بە شێوەیەکی گشتی جۆری ئەو سامانەی لە کۆڵونە ئەمەریکییەکانەوە لە سەدەی شانزەیەمدا دەهێنرا، بە کەڵەکەبوونێکی سەرەتایی دادەنرا، (بەپێی مارکس، «ئەو گەنجینانەی لە دەرەوەی ئەوروپادا دەستی بەسەردا دەگیرا، لە رێگەی تاڵانی ئاشکرا و بەکۆیلەکردن و کوشتنەوە جارێکی دی روویکردەوە دەوڵەتی دایک و لەوێ بوو بە سەرمایە» (Marx, Capital، 1976، vol. 1، p. 918: وەلێ "کەڵەکەبوونی سەرەتایی"ناتوانین بە وردی زانیاری لە سەر پەیدا بکەین. لێرەدا باسی ئەوە دەکەم، سامانی کەڵەکەبوو لە هەردوو کیشوەری ئەمەریکادا سەرەتایی بووە، بەو مانایەی بیکات بە بەشێک لە ئابووریی سەرمایەداریی بەر لە پیشەسازی. وەلێ لە چەند لایەنێکی دیکەوە، وەکو ئابوونەی هێزی کار و ئەوەی خستییە سەری لە بەها، بریتی بوو لە کەڵەکەبوونێکی ئاسایی. دیارە جیاوازییەکە بنەڕەتییە هەروەکو دەیبینین، چونکە ئەوەی لە ناوچە کۆلۆنیاڵییەکاندا دەبینرا بریتی نەبوو کەڵەکەبوونێکی "راستەقینە" یان "ئاسایی"، وا لە توێژەران بکات، ئیدعای ئەوە بکەن، ئابووریی کۆلۆنیالیستی دواکەوتوو و فیوداڵی بووبێت، پتر لەوەی جۆرێکی سەرەتایی لە سەرمایەداری بێت.

لـه بازرگانییـەوە). کەڵەکەبـوون لـەو سـەرچاوانەوە زۆربـوو. هێنـدە زۆربـوو، تـا ڕادەی ئـەوەی ناکرێ وا تەماشـای ئـەو پرۆسـەیە بکرێـت، بـەوەی دەرەنجامێکـی لاوەکـی بێـت، بـۆ کەڵەکەبوونـی سـەرمایەداریی سـەرەتایی لـە خـودی ئەوروپـادا و مـن پێموایـە، هێنـدە زۆربـوو، دەیتوانـی چەرخـی پرۆسـەیەکی گۆڕانکاریـی گـەورە لـە ئەوروپـا و پشـکووتنی چینـی بـۆرژوا و گەشـەکردنی سـەرمایەداریی بـەر لـە پیشەسـازی، بـە شـێوەیەک بـەرەو پێشـەوە ببـات کـە لەمـەودوا باسـی دەکەیـن.

## کانزا بەنرخەکان

یەکـەم، تێبینـی دەکەیـن هەنـاردەی زێـڕ و زیـو لـە هـەردوو کیشـوەری ئەمەریـکاوە و هێنانـی بـۆ نـاو بازنـەی ئابـووری و بـازاڕ، لـە نیـوەی خۆرهەڵاتـی گـۆی زەویـدا کـە زێـڕ و زیـو تیایـدا بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ لـە زۆربـەی بازاڕەکانـدا، بـە پێـوەری بەهـای بـاو دادەنـرا. هاتنـی بـە لێشـاوی کانـزا بەنرخـەکان دەسـتی پێکـرد، ڕاسـتەوخۆ دوای ئـەوەی ئەوروپاییـەکان ئەمەریکایان دۆزییەوە، لە ١٦٤٠دا، ئیتر شـتێکی ئاشـکرابوو کە لای کەم، سـەد و هەشـتا تۆن لـە زێـڕ و حەڤـدە هـەزار تـۆن زیـو گەیشـتە ئەوروپـا.[٣٢٧] (ژمـارە ڕاسـتەقینەکان لای کـەم، پێویسـتە دوو هێنـدەی ئـەو بڕانـە بـن، چونکـە ئەمڕازەکانـی تۆمارکردن لـە هەنـدێ لـە ناوچـەکان و ماوەکانـدا کـەم بـوون و لەبـەر ئـەوەی قاچـاخ ڕۆڵێکـی گرنگـی دەگێڕا.[٣٢٨] بڕێکـی دیکـە لـە زێـڕ، لـە ڕێگـەی چالاکییـە کۆلۆنیایسـتییەکان لـە ئەفەریقیـاوە دەهـات. لـە مـاوەی نێـوان ١٥٦١-١٥٨٠دا، نزیکـەی ٨٥٪ی کـۆی بەرهەمهێنانـی زیـو لـە جیهانـدا، لـە هـەردوو کیشـوەری ئەمەیـکاوە دەهـات. وەلـێ

327. E. J. Hamilton، American Treasure and the Price Revolution in Spain، 1501-1650 (1934)، brading and Cross،”Colonial Silver Mining: Mexico and Peru” (1972)، H. and P. Chaunu، Seville et l’Atlantique (1504-1650)، vol. 6، pt. 1 (1956)، Cross، “American Bullion Production and Export 1550-1750” (1983).

٣٢٨. بڕوانە پەراوێزی ٣٢٠.

ئـەو بـڕە کەمـە لـە زێـڕ و لـە زیـو کـە لـە ئابووریـی نیـوەی خۆرهەڵاتـی گـۆی زەویـدا بەگشـتی دەساودەسـیان پێدەکـرا، کەوتـە ژێـر کاریگەرییـەوە. لـە سـەدەی شـانزەیەمدا، کـۆی زیـو بـوو بـە سـێ هێنـدە و کـۆی زێـڕ بـە ٢٠٪، بـە هـۆی ئـەو بڕەی لـە ئەمەریـکاوە هێنرا.[٣٢٩] ئـەو راسـتییە دەگەیەنێـت کـە زۆربـەی ئـەو بـڕەی هەبـوو، لـە ئیشـی وادا بەکارهێنـرا، رێگـەی نـەدەدا راسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ بکرێـت بـە پـارە. یـان بـۆ ئـەوەی زێـڕی ئەمەریـکا پێدانـی پـارەی لـە سـەر بنەمـای زێـڕ و زیـو، لـە گشـت نیـوەی خۆرهەڵاتـی گـۆی زەویـدا دووهێنـد کـرد. (لـە ئەوروپـا لـە مـاوەی سـەدەکەدا، دەساودەسـکردن بـە دراوە کانزاییـەکان، هەشـت یـان دە هێنـدە زیـادی کـرد).[٣٣٠] پێویسـتە لـەم راسـتایەدا بـەو پرۆسـەیەدا بڕوانیـن: دیـارە ئـەوە پـارە بـوو بـە لێشـاو و بـە بەردەوامـی و بـە بـڕی زۆر بـۆ ئەوروپـا و لـە ئەوروپـاوە بـۆ ئاسـیا و بـۆ ئەفەریقیـا دەهـات و ئـەوەی هەمیشـە لـە ناوچەکانـی هاتنـەژوورەوەدا (سـیڤیل، ئەنتـۆرب، جەنـەوا و...هتـد) بڕەکـەی ئەمەریکایشـی دەخرایـە سـەر و ئەمەیـش رێگـەی دەدا بەوانـەی خاوەنـی بـوون، لـە گشـت بازاڕەکانـدا پتـر لـە هـەر کەسـێک لـە جـاران- وێـڕای هێـزی کار و زەوی- نرخـی باشـتر بـە هەمـوو کاڵاکان بـدەن.

دیـارە گەلـێ جـار ئـەو گرنگیـی هاتنـی بـە لێشـاوی زێـڕ و زیـوە، نرخیانـی لـە نـاو ئەوانـەی بـە دوایـدا دەگـەڕان کەمدەکـردەوە، ئەویـش لەبـەر سـێ هـۆ (دوور لـە تیـۆری بڵاوبوونـەوەی نادیـار و ناوەڕۆکـی و ئاراسـتەی کەمکردنـەوەی بەهـای رووداوە سـەدەمکارییەکان لـە ناوچـە نائەوروپاییەکانـدا):

یەکـەم: وا تەماشـای پرۆسـەکە دەکرێـت، گوایـە تـا رادەیـەک کەڵەکەبوونێکـی سـەرەتاییە. وەلـێ ئـەوە کرێـکاران بـوون کنـەی کانزاکانیـان دەکـرد و هـەر

---

329. Vicens Vives، An Economic History of Spain (1969).
330. Vilar، A History of Gold and Money، 1450-1920 (1976).

ئەوانیـش بـوون دەیانگوێزایـەوە. گشـت پرۆژەکـە پێویسـتی بـە سـەرچڵی بـە سـەرمایە و بـە گشـت سـیفەتەکانی پـرۆژە بەرهەمهێنـەکان لـە سـەرەتای سـەرمایەداریدا هەبوو کە تایبەتمەنـدی بـەم ماوەیـە دا (بە شـێوەیەکی بەشـەکی کۆنترۆڵکردنـی ئـەم پرۆسـەیە لەلایـەن دەوڵەتانـەوە، هەروەهـا راسـتیی ئەوەی کە هەنـدێ لـە هێـزی کار ئـازاد نەبـوو، شـتێک لـە باسـەکەمان ناگـۆڕن)، هەروەهـا سیسـتمە کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـە گـەورەکان، لـە دەوروبـەری خـودی کانەکانـدا لـە مەکسـیک و پیـرۆ و ناوچەکانـی دیکـە لـە ئەمەریـکادا دروسـت دەکـران.

دووەم: باسـی ئـەوەی کـە کانزا بەنرخەکان بە لێشـاو دەهاتـن، دواتر کاریگەری لـە سـەر ئابووریـی ئەوروپـا هەبـوو، لەلایـەن توێژەرانـەوە لـە سـەر بنەمـای ئەوەی کـە «داراییـە» (تـا رادەیـەک ئـەو تیۆرەیـە کـە پێیوایـە گۆڕانکارییـەکان تەنـێ لـە پـارەدا چارەنووسـازن، سـەبارەت بـەوەی گۆڕانـکاری لـە گشـت ئابووریـدا بکرێـت) وەلاوە دەنرێـت. هەڵـە لـەم تاوانبارکردنـەدا، بریتییـە لـە شکسـت لـە روانیـن بـە ئابووریـی سـەدەی شـانزەیەمدا، لـە راسـتای کۆمەڵایەتـی و جوگرافـی و لکاندنـی سـیفەتی دەساودەسـکردنی ئاڵوگـۆڕ بـۆ ئابووریـی ئـەو کاتەدایـە، وێـڕای کورتهێنانـی رێژەیـی، لـە بەریەککەوتنـی شـوێنەکی کـە لـە سـەردەمی خۆمانـدا، تایبەتمەندیی ئابووریی سـەرمایەدارییە. لێرەدا دوو راسـتیی بنەڕەتـی هەنـە:

یەکـەم: خاوەندارێی کانـزا بەنرخـەکان لـە رووی شـوێنەکییەوە خۆماڵـی بـووە. تاقمێـک بازرگانـی ئەوروپایـی دەسـتیانکەوتووە و بـۆ دەرەوە بـەرەو گوندەکانـی ئەوروپـا و بـەرەو بازاڕەکانـی دەرەوەی ئەوروپـا گواسـتوویانەتەوە.

دووەم: هاتنـی کانـزا بەنرخـەکان بـەردەوام بـوو، چونکـە ئـەوەی سـەرمایەدارە سـەرەتاکانی ئەوروپـا خاوەنـی نرخـی کاڵا و هێـزی کار و زەوی بـوون کە هەمیشـە

لە نرخی مێملەکانیان، لە هەر شوێنێکی دیکەدا بەرزتر بووە. بۆیە کۆمەڵگەی سەرمایەداری لە سەرەتایدا، پێگەی مێملی و کێبەرکێ لە گشت بازاڕەکانی نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەوی، لە ناو ئەوروپا و لە دەرەوەیدا کەمکردەوە و هێدی هێدی لە زۆربەی نێوەندە بازرگانییە دەرياييەکان، لە سۆفالاوە تا کەلکەتا و تا مەلقە، کۆنترۆڵی گشت بازرگانیی دەریایی نێودەوڵەتی کرد.[٣٣١] بریتی نەبوو لە چوونە ناو ئەو بازاڕانەوە و دەستەبەرکردنی رێساگەلی بازرگانی و کۆنترۆڵکردنی هەندێ ناوچەی بچووک، وەلێ ئەرکەکە لە رووی بازرگانییەوە (وەکو هەندێ لە دوورگەکانی مۆلکاس) پەیوەست بە ژێریی ئەوروپاييەکان، یان بە خولیابوونیان بۆ کاری سەرچڵییەوە بوو، وەلێ بە پێچەوانەوە، بریتییە لە رەنگدانەوەی بوونی زێڕ و زیوی ئەمەریکی بەلایانەوە و بارکردنیان بە کەشتی بۆ لیشبۆنە و ئەنتۆرب وئەکابۆلکۆ (لە کەشتییە ئیسپانییە گەورەکاندا کە لە سەدەی پانزەیەمەوە، تا سەدەی حەڤدەیەم بەکاردەهات) و شتی لەم بابەتە.

گومانێکی دیکە لە سەر گرنگیی زێڕ و زیوی ئەمەریکی و پەیوەستبوونی بە رەخنەی تیۆری تەقلیدیی ئێرل هامیلتۆنەوە هەیە، بریتییە لە هاتنی کانزا بەنرخەکان کە ناهاوسەنگیی لە نێوان فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان، لە ئابووریی ئەوروپادا دروستکرد و دابەزینی قازانج و دواتر ناسەقامگیریی لە ئابووریدا و بردنی بەرەو سەرمایەداری لێکەوتەوە.[٣٣٢] هاملتۆن یەکێک بوو لە مێژوونووسە ئابوورییە دەگمەنەکان کە دەرکی گرنگیی زێڕ و زیوی ئەمەریکای کرد،

---

٣٣١. وێڕای ئەوە، لە دەریاکانی چین و ئۆقیانووسی هیندیدا، بەلای بازرگانە نائەوروپییەکانەوە، وەکو بازرگانییەکی گەورە دەمێنێتەوە.

332. E. J. Hamilton، “American Treasure and the Rise of Capitalism” (1929)، and American Treasure and the Price Revolution in Spain (1934).

هەروەها بڕوانە کتێبی گرنگ Walter Prescott Webb, The Great Frontier (1951) کە بە شێوەیەکمی بەشەکی لە سەر تیۆرەکەی هاملتۆن بونیاتنراوە، تا لە رابوونی ئەوروپا لەو ماوەیە و دواتریدا، باس لە گرنگیی گەورەی هەردوو کیشوەری ئەمەریکا بکات.

بەوەی هۆکاری سەرەکییە لە پشتی گۆڕانکاری لە ئەوروپاوە، وێڕای ئەوەی (تا رادەیەک) هەڵە بوو، لەو میکانیزمانەی ئەم گۆڕانکارییەیان لێکەوتەوە. کانزاکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئابوورییان نەگۆڕی. وەلێ کاریگەری لە سەر چینی سەرەتای سەرمایەداری هەبوو و هێزی پێبەخشی بۆ خێراکردنی پرۆسەی ئەو وەرچەرخانەی کە بە کردەوە- نەک تەنێ لە ئەوروپادا - بەرەو سەرمایەداری دەستی پێکردبوو، وەکو سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، لەتەک رێگەگرتن لە سەرمایەدارەکان لە غەیری ئەوروپا، بۆ ئەوەی لەم پرۆسەیەدا بەشداری بکەن. زێڕی ئەمەریکی رێنیسانسی سەرمایەداری خێراکرد، هەروەها لەو پرۆسەیەدا گرنگ بوو کە لە رێگەیەوە لە ئەوروپادا چڕببووەوە.

## کێڵگەکان

کاریگەریی بەکارهێنانی کۆیلە لە کێڵگەکاندا، کاریگەری لە سەر ئابووریی ئەوروپایی، لە سەدەی حەڤدەیەم و دواتریدا دیار بوو. وەلێ کەمتر لە کەمکردنەوەی گرنگیی کۆلۆنیالیزم- بە کۆلۆنیالکردنی جیهانی دەرەوەی ئەوروپا- ئاقارێک بوو بۆ چاوپۆشی لە گرنگیی سیستمی کێڵگەکان، تەنانەت لە سەدەی شانزەیەمدا. وێڕای ئەوەی مێژووی کۆنی ئابووری، بۆ چاندنی قامیشە شەکر لە ئەتڵەسیدا، وێنەیەکی دۆزەرەوەمان پێدەدات، لە سەر ئەو شێوازەی بەوە ئابووریی فیوداڵی لە بەردەم ئابووریی کۆلۆنیالیزم لە سەرەتای سەرمایەداریدا خۆی دەخواردەوە. چاندنی قامیشە شەکر سەرچڵییەکی نوێ نەبوو، چونکە شەکر (بە پێچەوانەی بۆچوونی پڕوپوچەوە) شمەکێکی دەگمەن نەبوو و چاندنی قامیشە شەکر (هەروەها بە پێچەوانەی میسۆلۆژیایەکەوە) لە سەر لێواری گەشەکردنی سەرمایەداریدا، بریتی نەبوو لە مشەخۆرییەکی ئابووریی بێ بایەخ. بەرهەمی بازرگانی فیوداڵیی قامیشە

شـەکر لـە دەریـای سـپیی ناوەڕاست، لـە سـەدەی پانزەیەمـدا دۆزرایەوە.[٣٣٣] وێـڕای ئـەوەی کـە زانیـاری کـەم لـە سـەر شـێوازی ڕێکخسـتنی کشـتوکاڵ هەبـوو، زانـراوە کـە بەرهەمهێنانـی بازرگانیـی شـەکر لـە هینـددا، لـە نزیکـەی دوو هـەزار سـاڵەوە (لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریـی مۆریـان لـە هینـد) گرنـگ بـووە، وێـڕای ئـەوەی چاندنـی قامیشـە شـەکر لـە چاخەکانـی ناڤیـن، لـە سـایەی سیسـتمە فیوداڵییەکانـەوە و ڕەنگـە لـە سـەرەتاکانی سەرمایەداریشـەوە، لـە خۆرهەڵاتـی ئەفەریقیـا و بەشـێک لـە خۆرئـاوای ئەفەریقیـا و مەغریـب و میسـر و قوبـرس و هەرێمـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و چەنـد ناوچەیەکـی پراکەنـدەی ئەوروپـا، لـە دەریـای سـپیی ناوەڕاسـت و چەندیـن هەرێمـی دیکـەدا بووبێت.[٣٣٤] قامیشـە شـەکر بـە پێچەوانـەی هەنگویـن، لـە باکـووری ئەوروپـادا، ئەویـش بـە هـۆی نرخەکەیـەوە، کاڵایەکـی گرنـگ نەبـوو. ئەوروپاییـەکان یەکـەم جـار سیسـتمی کشـتوکاڵیی بازرگانییـان بـۆ دەرەوە، بـۆ دوورگەکانـی ئەتڵەسـی گواسـتەوە کـە تـازە لـە مادێـراوە تـا سـاو تۆمـا نیشـتەجێببوون، دواتـر لـە دوو کیشـوەری ئەمەریـکادا فـراوان بـوو. وەلـێ لـە سـەروبەندی سـەدەی شـانزەیەمدا، کێڵگـە نوێـکان شـوێنی هەرێمەکانـی بەرهەمهێنانـی شـەکریان لـە دەریـای ناوەڕاسـتدا گرتـەوە، وەلـێ بەرهەمهێنانـی هەمەکیـی بـازاڕی ئەوروپاییـی ناڤیـن، تـا ئـەم دواییـە بەرزنەبووەوە.[٣٣٥] ئەمـە بریتـی بـوو لـەوەی بەرهەمهێنانـی سـەرمایەداری شـوێنی فیوداڵـی و نیمچـە فیوداڵـی، سـەبارەت بـە بەرهەمـی کێڵگـەکان گرتەوە و چەپاوکردنـی دوو تایبەتمەنـدی لـە تایبەتمەندییەکانـی کۆڵۆنیالیـزم لەمـەدا بـوو:

333. Galloway، The Sugar Cane Industry: An Historical Geography from its Origins to 1914 (1989)، Deerr، The History of Sugar (1949-1950).

٣٣٤. بە نموونە، بڕوانە:
Galloway، The Sugar Cane Industry (1989)، Deerr، The History of Sugar (1949-1950)، Watson، Agricultural Innovation in he ly Islmi Wor: TeDffuso o Crops and Farming Techniques، 700-1100 (1983)، N. S. Gupta، Industrial Structure of India During the Medieval Period (1970)، Niane، ed.، UNESCO General History of Africa، Vol. 4. (1984)، Bray، Science and Civilization in China، Vol. 6، Part 2، Agriculture (1984).

335. Deerr، The History of Sugar (1949-1950).

زەویی خەیاڵی و هێزی کاری هەرزان. پیشەسازییەکی دیکە، بە هەمان ئاستی گرنگی وەکو سیستمی کێڵگەکان، سەبارەت بە ڕێنیسانسی سەرمایەداریی بەر لە سەدەی نۆزدەیەم نەبوو.

بەرازیل لە ١٦٠٠دا، نزیکەی ٣٠٠٠٠ تۆن شەکری هەناردەکرد و بەمەیش بە نرخی ٢ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی فرۆشی کرد.[٣٣٦] ئەمە لەو ماوەیەدا بریتییە لە دوو هێندی بەهای ساڵانەی هەمەکی، بۆ گشت هەناردەکانی ئینگلتەرە بۆ سەرانسەری جیهان. ئەوە بەیادمان دەهێنینەوە کە هەناردەکانی ئینگلتەرە لەو ماوەیە و بەتایبەتی خوری، هەروەها داهاتی تاک لە شەکر لە بەرازیل لە ١٦٠٠دا، بە شتێکی نموونەیی بۆ «سەرسواڵکەری» یان «ڕێنیسانسی» ئەوروپای نوێ هەژمار دەکرا. ئەمەیش بۆ هەموان جگە لە سوورپێستەکان، لەتەک داهاتی تاک لە بەریتانیا، لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا یەکسان بوو.[٣٣٧] هەروەها تێکڕای کەڵەکەبوون لە پیشەسازیی کێڵگەکانی بەرازیل، لە کۆتایی سەدەی شانزەیەمدا بەرزبوو، هەروەها توانستی ئەوەی هەبوو، هێندە سەرمایە بخاتەگەر، هەر دوو ساڵ جارێ، توانستەکەی خۆی دوو هێند بکات.[٣٣٨] لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا، کۆمەڵگەی هۆڵەندیی سەرمایەداری (کە بە پرۆژەیەکی شەکری بەرازیلی، لە پرسی بارکردن و فرۆشتندا بەهێز بوو) حیسابی تێکڕای قازانج لەو پیشەسازییەدا کرد کە ساڵانە ٥٦٪ بوو، واتە بە تێکڕای ساڵانەی ١ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بوو. تەنانەت بەر لەمە، تێکڕای قازانجەکان بەرزبوو و لە کۆتایی سەدەی شانزەیەمدا، تێچووی

---

336. Simonsen، Historia Economica do Brasil، 1500-1820 (1944)، Furtado، The Economic Growth of Brazil (1963)، Minchinton، The Growth of English Overseas Trade (1969).

هەروەها بڕوانە کارە گشتیترەکان وەلێ گرنگترەکان:
Works of 1. Wallerstein، A. G. Frank، and S. Amin، particularly Wallerstein's The Modem World System، 3 vols. (1974-1988)، Frank's Capitalism and underdevelopment in Latin America (1968) and his World Accumulation، 1492-1789 (1978)، and Amin's Accumulation on a World Scale (1974) as well as his Unequal Development (1976).

337. Edel، "The Brazilian Sugar Cycle of the 17th Century and the Rise of West Indian Competition" (1969).

338. Furtado، Economic Growth of Brazil (1963).

بەرهەمهێنـان بە تێچووی کرێنـی کۆیلەیشـەوە، بـۆ پێنجیەکـی داهـات لە فرۆشی شـەکر بەرزکرایـەوە. دەبـێ لـە سـایەی پشـتخانی پیشەسـازییەوە، بـەم ئامارانـەدا بڕوانیـن کـە لەتـەک خواسـتێکی نوێـی بەرهەمێکـی نـوێ لـە ئەورووپـادا نەدەگونجا کـە بـە کـردەوە لـە ڕێنیسانسـدابوو، وەلـێ بـە سـادەیی (لـە جەوهەریـدا) هەوڵـی دەدا، هێـزی بەرهەمهێنەکانـی دەریـای ناوەڕاسـتی بـەر لـە سـەرمایەداران لـە ئیسـپانیا و ئیتاڵیـا و مەغریـب و میسـر و لـە هەموو شـوێنێکدا، بـۆ فەراهەمکردنی بەرهەمێکـی بازرگانیـی گرنـگ، توانسـتیان دووهێنـد بـکات.

دیـارە، تـا کۆتایـی سـەدەی هەژدەیـەم، شـەکر بـە دڵـی سیسـتمی کێڵگـە هەژمـار دەکـرا. وەلـێ جۆرگەلـی دیکـە لـە بەرهەمـی کۆلۆنیالیسـتی، نـەک تەنـێ کشـتوکاڵی و نزیـک لـە سـەرمایەداری، وەکـو سیسـتمی کێڵگـەی بەرازیلیـش، تـا بـەر لـە کۆتایـی سـەدەی شـانزەیەم هەمـان گرنگییـان هەبـوو. بـە نموونـە، هەنـدێ بەرهەمـی هێنانـی ڕاسـتەوخۆی بەهارات، لـە دوورگەکانی مۆلـکاس هەبوو، هەروەهـا هاوبەشـییەک لـە نێـوان ئەورووپاییـەکان و بازرگانـان و سـەرمایەدارانی هینـدی، لـە ڕێکخسـتنی بەرهەمهێنانـی بیبـەر لـە باشـووری هینـددا هەبـوو. ڕەنـگ و تووتـن و بەرهەمـە بازرگانییـە گرنگەکانـی دیکـە، لـە ئەمەریـکاوە بـەرەو ئەورووپـا ڕەوانـە دەکـران. ئابوورییەکـی کشـتوکاڵیی گـەورە لـە ئەمەریـکادا، بـۆ گەیاندنـی شـمەک و خـۆراک و کـەوڵ و پێداویسـتییەکانی دیکـە، بـۆ نشـینگەکانی دەوروبـەری کانـەکان هەبـوو. یەکسـەر دوای ١٤٩٢ (یـان بـەر لـەوە) ڕاوچییەکانـی ئەورووپـای خۆرئـاوا و ڕاوچییەکانـی مارومێـرو، لـە هەرێمـی نیوفاوندلاند[٣٣٩] بـە درێژایی کەناری باکووری ئەمەریکیدا، گەشەیان بە پیشەسازییەکی گەورە دا.

لەبـەر هەمـوو ئەمانـە، پێویسـتە قازانـج لـە جـۆری دی لـە چالاکییـە کۆلۆنیالیسـتی و نیمچـە کۆلۆنیالیسـتییەکان، لـە نیـوەی خۆرهەڵاتـی گـۆی زەویـدا

٣٣٩. نیوفاوندلاند: ناوچەیەکی گەورەیە لە ڕۆژهەڵاتی کەنەدا.

بخەینەسەر.[٣٤٠] بازرگانی کۆیلە لە سەدەی شانزەیەمدا، قازانجی زۆری هەبوو. لە گشت دەوڵەتە ئەوروپاییەکاندا، بازرگانی سەرمایەدار بە هۆی بازرگانیی لیشبۆنە لەتەک ئاسیا و خۆرهەڵاتی ئەفەریقیا قازانجی زۆری دەکرد، لە کوتاڵ و بەهارات بەتایبەتی (بەهاراتی ئاسیای لە ڕێگەی پورتوگالییەکانەوە باردەکرد و لە ئانترۆب (شارێکە لە بەلژیک) دەفرۆشرا و ئەمە شوێنی هاتنی بە لێشاوی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی تەقلیدیی نەگرتەوە، وەلێ خستییە سەری و زۆربوونێکی لە سەرچاوەی گرنگ و نوێی بەدیهێنا). وێڕای ئەمە، قازانجێکی بەرچاو لە بازرگانیی ئاسیایی ناوخۆ دەکرا، بە هۆی کۆنترۆڵکردنی بازرگانی دەوروبەر کە مەودایان لە خۆرهەڵاتی ئەفەریقیا و هیند و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، لە ڕێگەی پورتوگالەوە (و بە هاوبەشیی ئیسپانیا دواتر هۆڵەندا دوای ئەوە) دوور و درێژبوو. بەگشتی کەڵەکەبوونی بونیاتنراو لە سەر چالاکییە کۆلۆنیالیستییەکان، لە نیوەی خۆرئاوای گۆی زەویدا، گەلێ زۆرتربوو وەک لەوەی لە سەدەی شانزەیەمدا، لە نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەویی کۆلۆنیالیستی و نیمچە کۆلۆنیالیستیدا هەبوو. دیارە گرنگیی چەندایەتی لەم سەدەیەدا، بۆ بازرگانی و بەرهەمهێنان لە ناوچە کۆلۆنیالیستییەکان و نیمچە کۆلۆنیالیستییەکان و ئەو قازانجە زۆرەی پرۆژەکە بەدیدەهێنا، واتە کەڵەکەبوونی خێرای سەرمایە کە راستەوخۆ و (لە ئەوروپادا) ناڕاستەوخۆ پاڵپشت دەکرا، ئەرکێک دەخاتە سەر هێزێکی ئاراستەکراو، بتوانێت بە ئاسانی پرۆسەی وەرچەرخانی ئابووری لە ئەورپادا، لە گەشەکردنی بەشێنەییەوە بۆ شۆڕش بگۆڕێت.

---

٣٤٠. بڕوانە:
K. N. Chaudhuri، Trade and civilization in the Indian Ocean (1985)، Satish Chandra، the Indian Osean: Explorations in History، Commerce and Politics (1987)، Magalhtes-Godinho، L'Economie de L'Empire Portugais aux XVI Siecles (1969).

# دەرەنجامەکان

وا دیارە، وێڕای بازرگانی و چەتەگەریی دەریایی، دوو ڕێگە بۆ هەڵسەنگاندنی گرنگیی راستەقینەی بەرهەمهێنانی کۆلۆنیالیستی، لە سەروبەندی ڕێنیسانسی سەرمایەداری لە سەدەی شانزەیەم لە ئەمەریکا و لە ئاسیا و ئەفەریقیادا هەیە.

یەکێک لەم ڕێگایانە، بریتییە لە گەڕان بە دوای ئاسەوارە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی کۆلۆنیالیست لە سەر کۆمەڵگەی ئەوروپایی، لە سەر گواستنەوەی کاڵاکان و سەرمایە و وەگەرخستنی هێزی کار لە پیشەسازییەکان و ئەو هەرێمانەدا کە بە هۆی پرۆسەی کۆلۆنیالزمەوە دروستبوون، هەروەها روانین بەو ڕێگەیەی کە بەوە مەدەنیەت لەو شارانەدا گەشەی کرد کە چوونە ناو پرۆسەی کۆلۆنیالیستییەوە (و بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتە نائەوروپاییەکان)، یان ئەوانەی پێوەندی تۆکمەیان بەوەوە هەبوو. ئەو پرۆسانە لە پێوەندییان لەتەک گۆڕانکارییە هەمەکییەکاندا تاقیدەکەینەوە کە لەو سەدەیە، لە ئەوروپادا روویان دا، بۆ دیاریکردنی ئەوەی ئاخۆ گۆڕانکارییەکان لە خودی ئەوروپادا، بە هۆی کاریگەریی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی چالاکییە نائەوروپاییەکانەوە بووە و ئەوە لە پشتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە هۆکاری سەرەکی بووە. وا دیارە، تا ئێستا کەس بەو ئەرکە بەهێز نەبووە. وەلێ ڕێگەی دووەم بریتییە لە هەوڵی گەیشتن بە حیسابێکی هەمەکی، بۆ چەندایەتیی هێزی کار (ئازاد و نائازاد) کە لە پڕۆژە ئەوروپاییەکان لە ئەمەریکا و ئەفەریقیا و ئاسیادا وەگەرخرا، وێڕای هێزی کار لە خودی ئەوروپا کە لەو چالاکییانەدا وەگەرخرا، لە سەر بنەمای ئەو پرۆژانەی لە دەرەوەی ئەوروپادا بەرپابوون، دواتر روانین بەو

بڕانەدا، لە بەر تیشکی بازاڕی هێزی کاری هەمەکی، سەبارەت بە چالاکییە ئەوروپاییەکان کە دەکرێ بە پەیوەست بە ڕێنیسانسی سەرمایەدارییەوە دابنرێن. بەڕاستی، کەسیش بەم ئەرکە هەڵنەستا، بەپێی زانیاریم، کەم لە توێژینەوەکان، هێزەکانی کاریان لە سەدەی شانزەیەم و بازاڕەکانی هێزی کار لە نشینگە ئەمەریکییەکان، یان با بڵێین لە ئەوروپادا تاوتوێکردووە. کەواتە گریمانەکە ئەوەیە کە تایبەتە بە گرنگیی کۆلۆنیالیست لە سەدەی شانزەیەمدا (و ئەوەی پێوەی پەیوستە لە چالاکییەکانی دەرەوەی ئەوروپادا)، سەبارەت بە ڕێنیسانسی سەرمایەداری لە ئەوروپادا، ڕەنگە هێشتا نەتوانین ئەم تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدەین.

وەلێ هێشتا بەڵگەگەلی پێشنیازکراومان لەبەردەستدایە. هەندێکیانمان باسکرد: ئەو پرسانەی پەیوەستن بە هەڵسەنگاندنی بڕەکان و نرخی هەناردە کۆلۆنیالیستەکان بۆ ئەوروپا. هەروەها دەتوانین سەبارەت بە هێزی کار ئەوە بخەملێنین. یەکێک لە پێڕەوەکان، لە ڕێگەی ژمارەی دانیشتوانەوە دەبێت. دیارە ژمارەی دانیشتوانی ئیسپانیا و پورتوگال، لە نیوەی سەدەی شانزەیەمدا، نزیکەی نۆ ملیۆن بوو.[٣٤١] وەلێ مەزەنەکان و لێکدانەوەکانی تایبەت بە ژمارەی دانیشتوان لە ئەمەریکا، لە سەدەی شانزەیەمدا جۆراوجۆرن و لە سەر ئاستەکان و تێکڕاکانی دابەزینی ژمارەی دانیشتوان، بۆچوونی جیاواز هەیە،[٣٤٢] وەلێ بۆ خزمەتی مەبەستەکانی باسوخواسە پێڕەوییەکەی ئەمێستا، ئەوا ئەو بۆچوونە جیاوازانە پشتگوێ دەخەم و مەزەنە جیهانییەکان ڕەچاو دەکەم. ژمارەی دانیشتوانی مەکسیک لە نیوەی سەدەکەدا، نزیکەی شەش ملیۆن بوو و بە ماوەی دابەزینی بەردەوام لە ئاستەکەیدا ڕەتدەبوو، بەر لەو

341.de Vries, European Urbanizatjon (1984).
342. William Denevan, “Introduction,” in Denevan, ed., The Native Population of the Americas in 1492 (1976), and “The Pristine Myth: The Landscape of the Americas in 1492” (1992)، Lovell, “Heavy Shadows and Black Night” (1992).

داگیرکردنە، رەنگە سی ملیۆن بووبێت، تا لە ١٦٠٠دا گەیشتە ١/١٠ی ئەم ژمارەیە (یان کەمتر).[٣٤٣] ژمارەی دانیشتوان لە هەرێمی ئیندیز کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کوتاڵ و کانزا بوون بۆ ئیسپانییەکان (من لێرەدا دەیخەملێنم) لە کۆتایی سەدەی شانزەیەمدا، گەیشتە پێنج ملیۆن. رەنگە دوو ملیۆن بخەینە سەر ژمارەی دانیشتوانی بەشەکانی دی لە ئیبرۆ- ئەمەریکا[٣٤٤] کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوروپاییدا بوون و رەنگە بە شێوەیەک لە شێوەکان، چووبێتنە ناو ئابووریی ئەوروپاییەوە. کەواتە، لێگەڕێن، با مەزەنەیکی بێ بنەما بەکاربهێنین، ئەویش بریتییە لە سیانزە ملیۆن بۆ ژمارەی دانیشتوانی ئەمەریکا کە لە نیوە تا کۆتایی سەدەی شانزەیەمدا، بۆ ئابووریی ئەوروپایی هێزێکی پاڵپشت بوو. وا دیارە ژمارەی دانیشتوانی لە ئیبریا زۆرتر بووبێت.

ئەگەر قەناعەت بەوە بکەین، ئەوا پێویستە بەراوردەکە لەتەک بەشێکی گەورەتر لە ئەوروپادا بێت، بە هەرێمی باکووری خۆرئاوا لە ئەوروپا کە لەو ماوەیەدا، لە پرۆسەی چەپاوکردنی ئەمەریکا (و ئاسیا)، لەتەک چەند ناوچەیەک لە ئیتاڵیا و ولاتانی دیکەدا تێوەگلابوو. کەواتە گریمان ژمارەکە بیست ملیۆن بێت بۆ ئەوروپا، لە بەرانبەر سیانزە ملیۆن بۆ ئەمەریکا.

هیچ هۆیەک شک نابەم، بۆ ئەوەی باسی دانیشتوانی ئەوروپا بکەم کە لە پرۆسەی رێنیسانسی سەرمایەداریدا، پتر لە ئەمەریکییەکان بەهێزبووون، واتە ئەو سیانزە ملیۆنەی، گریمان لە هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوروپاییدا بوونیان هەبووبێت. رەنگە رێژەی دانیشتوانی ئەمەریکییەکان کە بەلای ئەوروپاییەکانەوە، بە هێزی کار دادەنران، واتە هێزی کاری سوغرە، هێزی

---

٣٤٣. بڕوانە:
Borah and Cook، "La demograffa historica de América Latina: necesidades y perspectivas" (1972)، Whitmore، "A Simulation of Sixteenth-Century Population Collapes in the Basin of Mexico" (1991).

٣٤٤. ئیبرۆ- ئەمەریکا: دەستەواژەیەکە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بەکارهاتووە، بۆ ئاماژەکردن بەو ناوچە ئەمەریکییانەی جاران کۆلۆنیالی ئیسپانیا و پورتوگال بوونە.

کاری زۆرەملـێ بـە کۆیلـە و بەکرێـکاری کشـتوکاڵییەوە کـە کاڵا و شـمەک پێشـکەش دەکـەن، لـە سـەر بنەمـای ئـەوەی بـاج یـان کرێـی شمەکی دەدەن، ئـەو ڕێژەیـە کەمتـر نەبـوو لـە ڕێـژەی گەلـی ئیبـری کـە لـە بـوارە بازرگانییـەکان لـە ئابووریـی ئیسـپانی و پورتوگالیـدا کاریـان دەکـرد. وێـڕای ئـەوەی ئاسـتی چەپاوکـردن و چەوسـاندنەوەی هێـزی کاری سوورپێسـتەکان، لـە هێـزی کاری ئیبـری زیاتربـوو، ئەویش لەبـەر ئـەوەی لـەو ماوەیـەدا، ژمارەیەکـی زۆر لـە هێـزی کاری سوورپێسـتەکان تـا مـردن ناچـار دەکـران کاربکـەن- کەمیـی ژمـارەی دانیشـتوان، بـە هـۆی کاری زۆرەملێـوە کەمبـوو- بۆیـە ئـەو سـەرمایەیەی هـەر کرێکارێکـی ئەمەریکـی دەیهێنـا، دەبـوا پتـر بوایـەی لـەوەی کرێکارێکـی ئەوروپایی دەیهێنـا (پێویسـتمان بـەوە هەیـە، جارێکـی دی وەبیـری خۆمانـی بهێنینـەوە کـە ئێمـە مامەڵـە لەتـەک ئابووریـی چاخەکانـی ناڤینـی بـەر لـە پیشەسـازی لـە ئەوروپـادا دەکەیـن. ناکرێ بـە نموونـە، باسـی ئـەوە بکەیـن کـە تەکنەلۆژیـا یـان سـەرمایەی جێگیـر لـە بەرهەمهێنانـدا، لـە بەکارهێنانـی هێـزی کاری ئەوروپایـی پتـر لـە هێـزی کاری ئەمەریکـی گەشەسـەندووتر بووبێـت، بۆیـە لـە دوا شـیکاریدا، چەپاوکـردن بریتییـە لـە ئەرکـی هەوڵـی مرۆیـی).

پێویسـتە دوای ئـەوە، ئـەو راسـتییە لەبەرچـاو بگریـن کـە کەڵەکەبوونـی سـەرمایە، بـە هـۆی هێـزی کاری ئەمەریکییەکانـەوە، راسـتەوخۆ بـۆ بـوارە ئابوورییـەکان لـە ئەوروپـادا ڕۆیشـت کـە سـەرمایەداری بونیـات دەنـا، لـە کاتێـکدا زۆربـەی کرێـکار و جووتیـاران لـە ئەوروپـادا، هێشـتا بـە ئابووریـی چاخەکانـی ناڤینـەوە پەیوەسـتبوون. دوای ئـەوە، پێویسـتە هێـزی کاری ئەفەریـکا و ئاسیایشـی بخەینـە سـەر. لـە کۆتاییـدا، پێویسـتە هێـزی کاری ئەوروپایـی لـە ئەوروپـا و لـە شـوێنەکانی دی لەبەرچـاو بگریـن کـە پێویسـتە کارەکەیـان بـە بەشـێک لـە ئابووریـی دەرەوەی ئەوروپـا دابنێـن. لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم تیاڕامانـە،

هێزی کاری ئـازاد و نائـازاد لـە ئابووریی کۆلۆنیالستی و نیمچە کۆلۆنیالیستی، لـە کۆتایی سـەدەی شـانزەدا زێدە و سـەرمایەی بۆ سـەرمایەداریی ئەورووپایی لە سـەرەتاکەیدا و بۆ رێنیسانسی چینی بۆرژوا فەراهەم دەکرد، هـەر بەوجۆرەی کرێکارانی خـودی ئەورووپایش ئـەو کارەیان دەکرد.

لـە سـەر هێزی کاری ئەمەریکی لـە سـەدەی شـانزەیەمدا، شـتی کـەم زانـراوە، وەلـێ دەیشـتوانین هەنـدێ مەزەنـەکاری بکەیـن. لاس وەکـو بنەمایـەک جەخـت دەکات، سێ ملیۆن یان پتر لـە سوورپێستەکان، لەلایەن ئیسپانییەکانەوە، لـە بەشی باکووری ئەمەریکای ئیسپانی، لـە نیوەی یەکەمی سـەدەی شـانزەدا، بـە کۆیلـە کرێنیسانس. ئـەم ژمارەیـە ئەگـەر پێشـتر بـە راسـت نەدەزانـرا، وەلـێ ئێستا بـە جدی وەریدەگرین.[٣٤٥] زانـراوە کـە پتـر لـە چوارسـەد هـەزار کۆیلـە لـە نیکاراگوادا بوون.[٣٤٦] هەروەها ئەوەیشـمان زانـی کـە سوورپێسـتە کۆیلـەکان لـەو ماوەیـەدا، لـە ئابووریی ئەورووپایی ئەمەریکیدا، گرنگییان لـە چاندنی قامیشـە شـەکری بەرازیلی و کانـەکان لـە ناوەڕاستی ئەمەریکا و دوورگەکانی ئیندیـز و لـە ناوچەکانی دیکـە زیاتربـوو. لێگەڕێـن، بـا مەزەنـەی ئـەوە بکەیـن کـە سـەد هـەزار سوورپێسـت، وەکـو کۆیلـە بۆ ئیسـانیاییەکان لـە سـاڵێکی دیاریکراو، لـە ناوەڕاستی سـەدەی شـانزەیەمدا کاریان دەکرد. رەنگە بیسـت هەزار سوورپێسـت ئازادانـە یـان بەزۆرەملـێ لـە کانەکانی مەکسـیک و ئیندیـز، لـە دوا بەشـی ئـەم سـەدەیەدا کاریـان کردبێت.[٣٤٧] هەروەهـا رەنگـە گریمانـی ئـەوە بکەیـن، بەگشـتی پێنـج ئەوەنـدەی ئـەم ژمارەیـە، لـە ئابووریی کانەکاندا کاریان کردبێـت. شـاری بۆتۆسـی کـە شـارێکە لـە دوورگەکانی ئیندیـزدا، کانـی زیـوی زۆری تیادایـە. ژمـارەی دانیشـتوانەکەی لـە حەفتاکانی سـەدەی شـانزەیەم ١٥٧٠دا، سەدوبیسـت

345. Semo، Historia del Capitalismo en Mexico: Los Orfgenes، 1521-1763 (1982).
346. Radell، “The Indian Slave Trade and Population of Nicaragua During the Sixteenth Century” (1976).
347. Bakewell، “Mining in Colonial Spanish America” (1984).

هـەزار بـوو (لـە پاریـس و ڕۆمـا و مەدریـد و سـیڤیل گەورەتربـوو). ژمارەیەکـی زۆرتـر هەیـە کـە نەزانـراوە دەربـارەی کرێـکارە سوورپێسـتەکان لـە فیودالّـەکان و پـرۆژە ئەوروپاییەکانـی دیکـەدا، یـان بریتـی بـوون لـە کرێـکاری زۆرەملـێ بـۆ ماوەگەلـی دیاریکـراو، یـان بـاج یاخـود کرێـی شـمەکییان داوە. (لـە سیسـتمی هێـزی کاری کۆرتێزدا[٣٤٨]لـە مەکسـیک پەنجا هـەزار سوورپێسـت هەبوون).[٣٤٩]ڕەنگە لـە سـاڵانی دواتـری سـەدەکەدا، سـەد هـەزار کۆیلـەی ئەفەریقیایـی لـە ئەمەریـکا و لـە دوورگـەی سـاوتۆمی بووبـن.[٣٥٠]و ڕەنگـە سـێ سـەد هـەزار لـە ئەوروپاییـەکان و لـە خلاسـییەکان[٣٥١]و میسـتێزوس[٣٥٢]لە ئەمەریـکا لـە ١٥٧٠دا هەبووبن[٣٥٣]کـە لەوانـە دووسـەد و پەنجا هەزاریـان کرێـکار بـوون.

ڕەنگـە بەجـێ بێـت وا مەزەنـە بکەیـن کـە یـەک ملیـۆن لـە خەڵـک لـە ئابووریـی ئەوروپایـی لـە نیـوەی خۆرئـاوای گـۆی زەوی، لـە سـاڵانی دوایـی سـەدەی شـانزەیەمدا کاریـان کردبێـت و ڕەنگـە نیوەیـان لە پـرۆژە سـەرمایەدارییە پەتییەکانـدا، هێـزی کاری بەرهەمهێـن بووبـن. ئایا دەکـرێ ئەمـە لـە هێـزی کاری ئەوروپایـی، لـە سـەرەتای سـەرمایەداری لـەو کاتـەدا زۆرتربێـت؟ هەمـوو ئەمانـە بـە جـۆرێ لـە خەمڵانـدن و مەزەنەکـردن دادەنرێـت، وەلـێ بـەرەو ئـەو ئاقارەمـان دەبـات کـە هێـزی کاری ئەمەریکـی بەشـێکی گـەورە بـووە لـە هێـزی کاری گشـتی و بۆیـە پێویسـتە سـێ توێـژی بخەینەسـەر: ئـەو هێـزی کارەی لـە بازرگانیـی

٣٤٨. کۆرتێـز: سیسـتمێکی هێـزی کارە، تاجـی پاشـایەتیی ئیسـپانی، لـە سـەروبەندی کۆلۆنیالیسـتیی ئیسـپانی بـۆ ئەمەریـکادا، بـۆ بەهێزکردنـی داگیرکارییەکانیـان هێنایـە ئـاوەوە.

349.- Semo، Historia del Capitalismo (1982).

٣٥٠. بۆ لێکدانەوەی جۆراوجۆر، بڕوانە:

Curtin، The Atlantic Slave Trade (1969)، Furtado، Economic Growth of Brazil (1963)، Deerr، History of Sugar (1949-1950)، Florescano، “The Formation and Economic Structure of the Hacienda in New Spain”، Inikori، The African Slave Trade the Fifteenth to the Nineteenth Century (1979)، esp. pp. 57 and 248، McAlister، Spain and Portugal in the New World (1984).

٣٥١. خلاسی: واتە ئەفریکاییە قۆقازییەکان.

٣٥٢. واتە ئەو کەسەی نەژادی دوو ڕەگ بوایە (ئیسپانی و مەکسیکی).

353. McAlister، Spain and Portugal in the New World (1984).

کۆیلە لە ناو ئەفەریقیادا کاری دەکرد،[354] هێـزی کار لـە هەرێمەکانـی دەرەوەی ئەوروپـا (سـاوتۆمی و تیرنـات و کالیکت و شـوێنی دیکـە) کـە ئاوێتـەی ئابووریـی ئەوروپایـی بـوون و کاڵا و شـمەکیان بـۆ بازرگانـی لەتـەک ئەوروپاییەکانـدا بەرهەم دەهێنـا و هێـزی کار لـە ئەوروپاییـەکان لـە نـاوەوە و لـە دەرەوەی ئەوروپـا کـە بەشـێک بـوو لـە ئەوروپـا لـە دەرەوەیـدا: کەشـتیڕانەکان و سـەربازەکان و بارکەرانـی نـاو کەشـتییەکان و بارداگرەکانیـان و خـاوەن گالیسـکە یـان ئەسـپ یاخـود گا و کارمەنـدەکان و گـەورە کرێـکارەکان و...هتـد.

بـە کۆتایـی سـەدەی شـانزەیەم، ڕێنیسانسـی ئەوروپـا دەسـتی پێکـرد. لـە کاتێکـدا سـەرمایە بـە لێشـاو دەهاتـە نـاو ئەوروپـاوە و ئاسـەوارەکانی دیکـەی پـرۆژەی کۆلۆنیالیسـتی سـەدەمکارییەکی لاوەکـی، بـە فراوانبـوون و وەرچەرخانـی کشـتوکاڵی و پیشەسـازیی سـەرەتایی و مەدەنیـەت و فراوانبوونـی نشـینگە گوندنشـینەکان و ئابووریـی بازرگانـی سـەریهەڵدا. وا تەماشـای ئـەو هۆکارانـە کـرا، لـە چێـوەی تیـۆری مێـژووی تونێلـی و دەرەنجامـی ئەمـە، ڕێنیسانسـی ئەوروپـا لـە سـەدەی شـانزەیەمدا سـەریهەڵدابێت، وەکـو بڵێـی لـە ئەوروپـادا ڕووی دابێـت و هێزگەلـی ناوخۆیی هـۆکاری بووبێتـن. هەروەکـو پێشـتر بینیمـان، ئەمـە وێنەیەکـی گومانـاوی و ناپوختەیـە. شارنشـینی هەبـووە وەلـێ لـە شـوێنگەلێکی پەیوەسـت بـە ئابووریـی دەرەوەی ئەوروپـادا. هەروەهـا هەڵاوسـانیش (بـە هەنـدێ مەرجـەوە) لـەو ناوچانـەدا تونـد و بـێ بەزەییانـە بـووە.[355]

لـە نێـوان بوارەکانـی ئابووریـی ئەوروپایـی کـە لـە سـەدەی شـانزەیەمدا نەشـونمایان دەکـرد، وەکـو چەتەگەریـی دەریاریـی و دروسـتکردنی کەشـتی، پێوەندیـی ڕاسـتەوخۆی بـە ئابووریـی ئەوروپایـی دەرەکییـەوە هەبـوو، لـە کاتێکـدا بوارگەلـی دیکـەی وەکـو بەرهەمهێنانـی گەنـم و ڕاو لـە باکووری ئەتڵەسـیدا، ئـەم

٣٥٤. لـەم باسـەدا، گرنگی کـەم بـە ئەفریکا و بەتایبەتـی بـە ئاسـەوارەکانی بازرگانیـی کۆیلـە لـە ئەفریـکادا دەدەم. بڕوانـە بەنـدی دووەم.

355. Fisher، “The Price Revolution: A Monetary Interpretation” (1989).

ئابوورییـه بـه ڕێگـەی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ لـە هاندانیاندا بەشـداریکرد.[٣٥٦]

ئـەم گشـتاندنە دەخەمـە ڕوو: بارودۆخـی پرەنسـیپی، لـە سـەرەتای سـەدەی شـانزەیەمدا ئەوەیـە کـە ئابووریـی ئەوروپایـی لـە ناوەڕاسـت و خۆرئـاوا، وەکـو گەلـێ لـە هەرێمـەکان لـە ئاسـیا و ئەفەریقیـا، بـە ماوەیەکـی گۆڕینـی شـێنەیی و سـنووردار بـەرەو سـەرمایەداریدا ڕەتدەبـوو. لـە هەمـان کاتـدا، هێزگەلـی نـوێ دزەیـان کـردە نـاو سیسـتمی ئەوروپاییـەوە، وەکـو ئـەو پرۆسـانەی، بـە هـۆی داگیرکردنـی ئەمەریـکا و چەندیـن ڕووداوی دەرەکییـەوە، کاریگەرییـان لـە سـەر سـنوور هەبـوو. ئـەو پرۆسـانە لـە بنەڕەتـدا، بەرهەمـی سـەرمایەداری و مـژادی (دیـارە هێـزی کاریش)یـان لەخـۆ دەگـرت. ئـەو پرسـانە لەتـەک گۆڕانکارییـە ئابـووری و تەکنەلـۆژی و دیمۆگرافییـەکان و...هتـددا یەکدییـان دەبـڕی. دیـارە گۆڕانـی زۆر سـەریانهەڵدا، نـەک بـە هـۆی هاندانـی ڕاسـتەوخۆ لـە جیهانـی دەرەکیـی نائەوروپاییـەوە، وەلـێ لـەو گۆڕانکارییانـەوەی بـە کـردەوە هەبـوون کـە خـودی ئەمانـە بـە دەرەنجامـی ئـەو پرۆسـانە دادەنرێـن کـە لـە دەرەوەی ئەوروپـادا ڕوودەدەن. گۆڕانکارییـە ناوەکییـە ئەوروپاییـەکان، ئـەو پرۆسـانەیان لـە ئەمەریـکا و ئاسـیا و...هتـددا چڕکـردەوە کـە ئەمانیـش بـە ڕۆڵـی خۆیـان، گۆڕانکاریـی دیکـە لـە نـاو ئەوروپـادا بەرهـەم دەهێنـن.

دەتوانیـن مۆدێلێکـی جوگرافیایـی لـە هەمـوو ئەمـەدا ببینین. ئاراسـتەی لایەنی گۆڕانکاریـی ئابووریـی گـەورە هەیـە، یەکـەم لـە نزیکـی نێوەنـدە بازرگانییـە دەریاییەکانـەوە ڕوودەدەن کـە بەشـداری لـە پرۆسـەکانی دەرەوەی ئەوروپـادا دەکـەن. هەروەهـا ڕوونـە کـە گشـت ئـەو نێوەندانـەی لـە ١٤٩٢دا پێکهاتـن، بـە یەکسـانی لـەو پرۆسـەیەدا، لەتـەک شـارە بەندەرەکانـی ئیبـری و ئیتاڵـی و فلامنکـدا بەشـدار نەبـوون کـە بـە ڕۆڵـی سـەرکردایەتی بەهێزبـوون. وەلـێ

356. Dunn، Sugar and Slaves: The Pise of the P;anter Class in the English West Indies، 1624-1713 (1972)، pp. 10-11.

تۆڕەکـە توکمەبـوو تەنانـەت بەنـدەرە ئینگلیزییـەکان و ئەوانـەی وابەسـتەبوون بـە دەسـتەی هانـزەوە لەوانەبـوون کـە یەکـەم بەشـداربوون، هەروەهـا شـارەکانی ناوخـۆ وەکـو ئۆجزبێـرگ و پاریـس کـە خاوەنـی سـیفەتگەلی ئابووریـی تایبـەت بـوون. بـۆ یەکـەم جـار لـەم نێوەندانـەوە پرۆسـەکە بـەرەو نـاو ئەورووپـا ڕۆیشـت کـە کاڵا و شـمەکی سـەرەکیی وەکـو گەنمیـان دەخسـتە روو- لـەو کاتـەدا نەشـونمای بازرگانیـی گەنمـی بەڵتیـک و بەرهەمـی زەویـی خـام لـە گەنمیـش، لـە بەشـگەلێ لـە ناوەڕاسـت و خۆرهەڵاتـی ئەورووپـادا ناسـراوبوو- دواتـر بـۆ ئەوانـی دی. هەمـوو کاتـێ مۆدێلێکـی شـوێنەکیی فـراوان و ناڕێکوپێـک دەبینیـن (لـەو جـۆرەی کـە جوگرافیناسـەکان بـە «نەمانـی مـەودا» نـاوی دەبـەن) لـە ئاستگەلی نزمـەوە لـە شانشـینی و بەرهەمهێنانـی بازرگانـی، تـا بـەرەو نـاوەوەی ئەورووپـا هەنـگاو بنێیـن.

پرۆسـەگەلی دیکـە هەبـوون کاریـان پێدەکـرا، بۆیـە ئـەو مۆدێلـەی لێـرەدا هێنامـەوە، بریتییـە لـە مۆدێلێکـی یەجـگار سـادە. نەشـونمای دانیشـتوان لـە هەنـدێ ناوچـە لـە سـەدەی شـانزەیەمدا، گـوزارش لـە گۆڕانکاریگەلـی ئابووریـی پەیوەسـت بـە رووداوەکانـی دەرەوەی ئەورووپـا دەکـەن، وەلـێ لـە ناوچەگەلـی دیکـەدا، بـە مانـای چاکبوونـەوەی دوای داڕووخـان، لـە دوو سـەدەی چـواردە و پانزەیەمـدا بـوو. هەروەهـا گـوزارش لـە چەندیـن گۆڕانـی دیکـەی وەکـو شۆڕشـەکانی جووتیـاران، تەنگوچەڵەمـە گشـتییەکە، لـە کۆتایـی چاخـی ئابووریی فیوداڵـی دەکات، وەلـێ بەرزبوونـەوەی نرخـەکان و کرێـکان (لای کـەم لـە هەنـدێ ناوچـە) لـە سـەدەی شـانزەیەمدا، بریتـی بـوو لـەو هێـزەی لـەو نیگەرانییـەدا بەشـداربوو. وەلـێ سـەبارەت بـە چاکسـازیی ئایینـی، دەتوانـم بـە پێـڕەوی لـە تیـۆری تونـی بـاس بکـەم، بـەوەی کـە ئاسـەوارێک بـوو، نـەک هۆکارێکـی سـەربەخۆ لـە پشـتی گۆڕانکارییـە ئابوورییەکانـەوە کـە لـە ئەورووپـا، لـە سـەدەی

شانزەیەمدا روویان دا.[357] وەلێ چ گۆڕانکارییەک؟ هەرەسی ناوەکیی فیودالیزم؟ یان هێزە ناکۆکەکان لە جیهانی دەرەوەی ئەوروپادا؟ یان هەردووکیان؟ ڕەنگە بڵاوبوونەوەی شوێنەکیی چاکسازیی ئایینی لە سەدەی شانزەیەم، لە بنەڕەتدا گوزارشی لە هێزگەلی ئەوروپاییی ناوەکی کردبێت،[358] وەلێ لە سەردەمی شۆڕشی بۆرژوا، لە سەدەی حەڤدەیەمدا، ئەو ناوچانەی چووبوونە ناو چالاکییە ئەوروپاییەکانەوە، لە دەرەوەیدا بوون و روویان لەوە کرد، بە کورتی ببن بە نێوەندە پرۆستانتییەکان: مۆدێلەکانی گۆڕانکاریی شوێنەکی لە سەدەی شانزەیەمی ئەوروپایی، تا رادەیەکی دیاریکراو گوزارش لە کامڵبوونی نێوان ئەوروپا و ئەمەریکا و بە شێوەیەکی لاوەکی لەتەک ئاسیا و ئەفەریقیادا دەکات، وەلێ مۆدێلەکە تا رادەیەک بە ناڕوونی دەمێنێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، پرۆسەکانی وەرچەرخان و نوێکردنەوە لە ئەوروپا لە سەدەی شانزەیەمدا، لە کات و شوێندا، لە زۆربەی ناوچەکانی کیشوەرەکەدا، یەجگار ئاڵۆز و فرەیی زۆری تیادابوو. وەلێ لەتەک ئەمەدا، گشتاندنەکە بە راستەوخۆ دادەنرێت. دیارە ناوچەکانی دەرەوەی ئەوروپا دوای ١٤٩٢ بوونە هۆی هاندانی گۆڕاتکارییەکان لە ناوەوەیدا، ئەو گۆڕانکاریيانەی کە لە سەرێکەوە، زۆری لە تێکڕای گۆڕان و نەشونمای ئابووریی ئەوروپایی و لە سەرێکی دیکەوە سەرەتاکانی سەرمایەداری لە ئەوروپادا بەرهەمیانهێنا (ئەوە پرسێکە دواتر باسی دەکەین). بە کۆتایی سەدەی شانزەیەم، ئەو فاکتەرانەی دەرەوەی ئەوروپا بنەمایەکیان بۆ سەرکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەرمایەداری (بەر لە پیشەسازی) چەسپاند، یان باشتروایە بڵێین، سەبارەت بە راستیی ئەوەی کە شۆڕشی شکۆدار لە ١٦٨٨دا رووی دا، لە بری کاتێکی درەنگتر و لە ئینگلتەرەدا بوو، لە بری میسر یان زیمبابۆی یاخود هیند یان چین (یان لە هەموو ئەم وڵاتانە لەیک کاتدا).

357 Tawney، Religion and the Rise of Capitalism (1952 edition).
358. Hanneman، The Diffusion of the Reformation in Southwestern Germany، 1518-1534 (1975).

بە هاتنی نیوەی سەدەی حەڤدەیەم، گۆڕانکارییەکان لە ئەورووپا بە تێکڕایەکی خێرا و لە سەر ئاستێکی زۆر روویان دەدا و پرۆسەی پۆلێنکردنی هۆکارەکان و ئاسەوارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەو ماوەیە، بە پرسێکی یەجگار ئاڵۆز دادەنرێت. فراوانییەکی گەورە لەو ماوەیەدا، لە پێگە و هێزی کۆلۆنیالیستیی فەرمی و نافەرمی بۆ هەردوو کیشوەری ئەمەریکا و لە دەوروبەری کەنارەکانی ئەفەریقیا و ئاسیادا رووی دا و سەبارەت بەو پرۆسانەی دەرەوەی ئەورووپا، ئەوا کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت، بە هۆی کەمیی زانیارییە چەندایەتییەکان، سەبارەت بە قەبارەی بەرهەمهێنان و ژمارەی هێزەکانی کار و کەڵەکەبوونی سەرمایە و زانیاریی دیکە، رەنگە یارمەتیمان بدەن، بۆ بڕیاردان لە سەر رۆڵی کۆلۆنیالیزم (وەکو چەمکێکی فراوان) لەو گۆڕانکارییانەی لە ناو ئەورووپادا روویان دەدا. ئەو پرسانە یەجگار ئاڵۆزان، تا ئەو رادەیەی رێگەمان پێنەدەن، لێرەدا بە تێروتەسەلی باسیان بکەین. من سنووری دیاریکردنی دەستێوەردانی هێڵکاری یان (یان ئەگەر پێتباشترە ناوی بنێیت) مۆدێل، نابەزێنم.

لەتەک سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەیەمدا، هۆڵەندا و ئینگلتەرە وەکو نێوەند بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری لە ئەورووپادا دەرکەوتن.[٣٥٩] وێڕای ئەوەی ئیسپانیا بەردەوام بوو لە ناردنی بەلێشاوی زیو و بڕێک زێڕ بۆ ئەورووپا، لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا، هەروەها کێڵگە پورتوگالییەکان لە بەرازیل و

٣٥٩. باسی ئەوە هەیە، ئاخۆ نێوەند لە ئیبیریاوە بۆ ناوچەکانی راین و باشووری ئینگلتەرە گوازرابێتەوە. رەنگە هەمان ئەو هێزانە بووبێتن کە ئەم هەرێمانەی باکووریان کردبێت بە نێوەندی بازرگانیی دەریایی، لە چاخەکانی ناڤیندا دووبارە رێگەیان پێیاندابێت، بڕیار لە سەر پرۆژەکانی ئەودیوی دەریاکانەوە بدەن. ژمارەی زۆری دانیشتوان و زەوی بەپیتی نزیک و سامانی دارستان و ئاسانیی پێوەندی بە بازارگەلی زۆرەوە (راین و بەڵتیک و...هتد) بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئیتاڵیا، هەمان دەسەر و تایبەتمەندییان هەبوو، وێڕای پێگە لە سەر ئەتڵەسی و بوونی خواستەکانی نەشونمای خێرا بۆ بارکردن لە ئۆقیانووس و کەشتییەکانی راودا.

چالاکییە بازرگانییەکان لە ئاسیتدت بەردەوام بوون لەوەی ببن بە سەرچاوەی گرنگی کەڵەکەبوون، ئەوا فراوانبوونی سەرەکیی پرۆژەی کۆلۆنیالیستیی دوای ١٦٠٠ هۆڵەندی و ئینگلیزی بوو. دیارە توخمی گرنگ بریتی بوو لە سیستمی کێڵگەکان لە هیندی خۆرئاوادا کە بە رادەیەکی زۆر دوای ١٦٤٠ فراوان بوو. (تەنێ لە پەنجا ساڵی دواتردا، پەنجا هەزار کۆیلە هەناردەی بربادۆس کرا. رەنگە لە سەدەی حەڤدەیەمدا، دوو ملیۆن کۆیلەیش هەناردەی ئەمەریکا کرابێت).[360] ئەگەر کۆلۆنیالەکانی شەکری هۆڵەندی و ئینگلیزیمان، لە هەمان شوێنی ئابووریی پێتەختی هەمان دەوڵەتان دانا، ئەوا شێمانەی ئەوە دەکرێت، وا دەربکەوێت کە ئابووریی چاندنی شەکر تاکە بواربوو کە لە ئابووریی گەشەسەندووی ئەورووپادا (یان «ئابووریی ئەتڵەسی» کە گەلێ جار بەوە ناودەبرێت) بەرهەمی زیاتربێت، بە پێچەوانەی کێڵگە خێزانییەکانەوە، هەروەها تا رادەیەکی زۆر، بە گەورەترین داهاتی بەها هەژمار دەکرێت. (کێڵگەکانی بەرازیل کە بە شێوەیەکی بەشەکی سەرمایەی هۆڵەندی بەرهەم دەهێنن، تا ئەو کاتە، لە نیوەی سەدەی حەڤدەیەمدا، گەورەترە لەوەی لە هیندی خۆرئاوادا هەیە). وەلێ پرۆژە بەریتانی و هۆڵەندییەکە، لە نیوەی خۆرهەڵاتی گۆی زەویدا، ئەویش بە خێراییەکی زۆرەوە بەرفراوان دەبوو، کۆمپانیا خۆرهەڵاتییەکانی هیند، لە نزیکەی ١٦٠٠ دا پێکهاتن و لە ١٦٥٠دا هۆڵەندییەکان و بەریتانییەکان پێکەوە، کۆنترۆڵی زۆربەی بازرگانیی نێودەوڵەتییان کرد- بازرگانییەکی ناهاوشان، واتە بازرگانییەکی نیمچە کۆلۆنیالیستی- لەتەک ئاسیادا، وێڕای بازرگانیی کۆیلە لە ئەفەریقیادا. لە

360. Deerr، The History of Sugar (1949-1950)، Curtin، The AtlanticSlave Trade (1969)، and Inikori, The African Slave Trade from the Fifteenth to the Nineteenth Century (1979).

پرسیار لەوەی ئاخۆ کارکردنی کۆیلە بریتی بوو لە هێزی کار یان نا، بابەتێکی گرنگە لە باسوخواسی سیستمی کێڵگەکانی بەرپا لە سەر کۆیلە (بڕوانە: Mintz، Sweetness and Power: The Place of Sugar in Modern History، 1985) دوای ئەوە لەم بەندەدا باسی دەکەین. بەهەر حاڵ، ناکۆکی سەبارەت بە بەشداریپێکردنی کۆیلە (و کارکردنی زۆرەملێ) لە کەڵەکەبوونی سەرمایە و دواتر فەراهەمکردنی زێدەبەهادا نییە. بەکارهێنانی ”زێدەبەها“ بۆ ئەمڕازە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان لە سەرمایەداریی پیشەسازیدا گونجاوە.

هەمان ئەو کاتەدا، پرۆژەی ئیسپانی بەری خۆی دا، لە شێوەی کەڵەکەبووی گەورە لە ئەمەریکا (بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئاخۆ «بۆ بازاڕی لە سەدەی حەڤدەیەمدا» هەبوو یان نا). هەروەها نابێ لەو فرەییە گەورەیەی سەرچاوە سەربارەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە دەرەوەی ئەورووپا خافڵ بین: پیشەسازیی گەورەی ماسی لە باکووری خۆرئاوای ئەتڵەسی ئەو کاتە و دەرهێنانی سامانەکانی ناوەوە و سەرەتاکانی نیشتەجێبوونی ئەورووپایی لە باکووری ئەمەریکا و بازرگانیی کۆیلە و چەتەگەریی دەریایی و پرۆژەی روسی لە سیبریا و شتی لەو بابەتە.

پرسیاری گرنگ ئەمەیە: رۆڵی پرۆژەی کۆلۆنیالیستی و نیمچە کۆلۆنیالیستی لە رووی سێنترالیزمەوە، سەبارەت بە رێنیسانسی ئەورووپا و سەرمایەداری لە سەدەی حەڤدەیەمدا چۆن بوو؟ دیارە ئەو مۆدێلەی دەیخەمە روو، دوو توخمی پێویستە، یەکەم: بریتییە لە بەردەوامی و گەورەکردنی پرۆسەکانی سەدەی شانزەیەم کە باس لەوە دەکات، ئابوورییەکی ئەورووپاییی خاوی هەیە، لە رووی نەشونماکردنەوە هێزگەلێ لە دەرەوەی ئەورووپا دوای ١٤٩٢، پرۆسەی گەشەپێدان و پێشکەوتنیان خێراکرد. لە ناوەڕاستی سەدەی دواتردا، شکۆی چینی بۆرژوای ئەورووپایی بەهێزبوو و هەڵوێستی خۆی تۆکمەکرد و (لە چەندین پێگەی گرنگدا) سەرنجی چینی ئۆرستۆکراتیی فیوداڵی راکێشا، بۆ ئەوەی لەتەکیدا لە پرۆژە بۆرژواییەکەیدا هاوبەشبێت[٣٦١] بە کردەوە پرۆسەی تێکشکاندنی تۆوی پرۆژەی سەرمایەداری لە دەرەوەی ئەورووپا دەستی پێکرد،

٣٦١. بەهەرحاڵ، بەشێکی زۆر لە چینی دەستەبژێری خاوەن زەوییە کۆنەکان هاتنە ریزی پرۆژە نوێکەوە، راست نییە گریمانی ئەوە بکەین، چینی دەستەبژێر لە سەرمایەداریی سەرەتایی نوێدا، لەتەک چینی دەستەبژێری کۆندا ناتەبابووبێت. لەم بارەوە تێکەڵییەک هەیە، هەندێکی بە هۆی قەبوڵکردنی دەقاوەدەقی بیرۆکەی مارکسەوەیە کە بازرگانان تا رادەیەک ئەو چینە نین کە لە سەرمایەداریی سەرەتاییەوە گەلاڵە بووبێت کە خاوەنی پرۆژەکان و کەڵەکەبوونی سامان بوون. سەبارەت بە رۆڵی بازرگانانی چاخەکانی ناڤین لە سەرتای سەرمایەداریدا، بڕوانە:
Thrupp، The Merchant Class of Medieval London (1300-1500) (1948)، Carus-Wilson، Medieval Merchant Venturers (1967).

بـه هـۆی دەرچوونـی بەلێشـاوی سـەرمایە لـە ئەمەریـکا (و بـە شـێوەیەکی لاوەکـی لـە ئەفەریقیـا و ئاسـیاوە لـەو ماوەیـەدا).

ئێسـتا و بـێ گەنجینـەی کانـزا بەنرخـەکان، شـێمانەی ئـەوە ناکرێـت، کەڵەکەبوونـی سـەرمایە لـە پـرۆژەی دەرەوەی، لـە ١٤٠٠-١٦٥٠ بـۆ بڕێکـی زۆر لـە سـەرمایەگوزاریی هەمەکیـی سـەرمایە لـە ئەوروپـا بووبێـت، تەنانـەت لـەو هەرێمانـەی تیایـدا پێشـکەوتووتربوون و تەنانـەت لـەو بـوارە ئابوورییانـەدا کـە سـەرمایە تیایانـدا، بـە رادەیەکـی زۆر یـان کـەم سـەریدەکرد. ئـەوی ئـەم گەنجینەیـە بەدیهێنـا، بریتییـە لـە فەراهەمکردنـی زۆربوونێکـی گرنـگ. ئەمـە لـە هەمـوو شـوێنێک بـۆ کۆمەڵگـەی بازرگانـی رێگـەی خۆشـکرد، نرخگەلـێ بخاتەروو، بەرزتـر لـە بەرهەمـەکان و هێـزی کار و زەوی و وەبەرهێنـان و سـەرمایەگوزاریی سـەرمایەی خسـتە دەسـتی ئـەو چینانـەی غەیـری چینـی دەسـتەبژێری تەقلیـدی کـە دوورتـرە، لـە پێداویسـتیی کۆمەڵایەتیـی خـۆی سـەرمایە کەڵەکـە بـکات، یـان ئـەوەی قازانجـەکان لـە پرۆژەگەلـی بازرگانیـی نوێـدا سـەرمایەگوزاری بـکات. لـە یـەک وشـەدا، سـەرمایەداریی کۆلۆنیالیسـتی بریتـی بـوو لـە سـەرمایەیەکی بـاش. بـێ ئـەوە دەکـرا ئابووریـی خـاوی دوا دواییەکانـی چاخـی ناڤینـی بـەر لـە رۆژانـی ١٤٩٢ لـە پێشـکەوتنە خاوەکەیـدا بـەردەوام بێـت، تاوەکـو لـە فیودالیزمـەوە بـەرەو سـەرمایەداری (یـان شـتێکی لێکچـووی سـەرمایەداری) دەربچێـت، وەلـێ هەرگیـز شۆڕشـی بـۆرژوای سـەدەی حەڤدەیەمـی لێنەدەکەوتـەوە.

رەنگـە جەوهـەری سـەرمایەداری، لـە ئاسـتێکی هەمەکی و بەرزتر لـە پێوەندیی نێـوان کرێـکار و خـاوەن سـەرمایە بریتـی بێـت لـە دووبـارە سـەرمایەگوزاریی قازانجـەکان، بـۆ زیاترکردنـی توانسـتی بەرهەمهێنان. دەکرێ پرۆژەی سـەرمایەداری لـە رووی تەکنەلۆژییـەوە، سـەرەتایی یـان پێشـکەوتوو بێـت، وەلـێ بـۆ ئـەوەی بـەردەوام بێـت، پێویسـتە سـەرمایە کەڵەکـە بـکات. ئـەو هەمیشـە لـە حاڵەتـی

ناهاوسەنگیدایە. ئەم خاڵە دەمانگەیەنێتە چەقبەستن لە سەر ئەو بارودۆخەی ڕێگەی بە بەردەوامی نەشونمابوون لە سەدەی شانزەیەم و حەڤدەیەمدا دا. ئەو نەشونمایە پێویستی بە گۆڕانێکی تەکنەلوژییانە نەبوو، بە هەر ئەمڕازێکی نوێ: زۆربوونی بەرهەمهێنان پرسێک بوو پەیوەست بە هێنانی هێزی کاری زیاتر و کەرەسەی بەرهەمهێنان، بۆ ناو پرۆسە تەقلیدیەکانی بەرهەمهێنان، بۆ زیادکردنی بەرهەم. لەتەک بڕوابوون بە راستیی فەراهەمبوونی توخمی سەرمایە بۆ مەبەستە پاوانخوازییەکان، بە هۆی پرۆژەکانی دەرەوەی ئەورووپاوە و پرۆسە گەشەکارییەکانی پەیوەست بەوەوە، ئەوا کێشەی گرنگ لە سەدەی حەڤدەیەمدا دەبێ بازاڕەکان یان داخوازی بێت. خاوەنی سەرمایە توانستی گەیشتنی بە سەرمایە و هێزی کار هەبوو- لە سەر ئاستەکانی بەرهەمهێنان، ئەگەر زەرورەت نەبوایە بۆ سەروەریی چینێکی کرێکاریی گەورەی راستەقینە - و کەرەسە خاوەکان (هەندێکیان ئەوروپایی و هەندێکیان هی کۆلۆنیالەکان بوون). رەنگە پێشکەوتنی پرۆژەیەکی سەرمایەداری لەو ماوەیەدا، بە شێوەیەکی جدی کۆتکراو بووبێت، بە نیاز بۆ کردنەوەی بازاڕگەلی نوێ و بە فرۆشتنی بەروبوومی زیاتر، بۆ ئەوەی زیاتر بەرهەم بهێنن و سەرمایەی زیاتر دەستەبەر بکەن و شتی لەم بابەتە.

هەندێ لەم بازاڕانە لە خودی ئەورووپادا بوون، ئەمەیش سەرەتا گوزارش لە توانستی پرۆژەی سەرمایەداری دەکات، لە سەر فرۆشتنی بەرهەمە تەقلیدیەکان (وەکو شەکر)، بە نرخی نزمتر لەوەی لە سایەی ئابووریی فیودالیدا هەبوو، وەلێ هێدی هێدی پرۆسەکانی بازرگانی و شارنشینی لە کیشوەرەکەدا دەرفەتی زیاتریان بۆ سەرمایەداری رەخساند، لە ڕێگەکانی ژیانی نوێوە کە رێنیسانسی سەرمایەداری هۆکاریان بوو کە ئەویش بەش بە حاڵی خۆی، بازاڕگەلی ناوخۆیی زۆری بۆ سەرمایەداری کردەوە. وەلێ

ڕەنگە گەورەترین نەشەنما لە سەرەتای پرۆژەی سەرمایەداری، لە سەدەی حەڤدەیەم و دواتر هاندەری سەرەکی بۆ ڕێنیسانسی سەرمایەداری لە دەرەوەی سیستەمەکەوە بووبێت. ئەمە بە باشەیەک دادەنرێت، لە حاڵەتی بازرگانی لەتەک خۆرهەڵاتی ئەوروپادا بێت. ئەوە زانراوە لە بازاڕەکانی ئەمەریکا و ئەفەریقیا و ئاسیادا، وەلێ گرنگیی چەندایەتیی ئەو بازاڕانە لە دەرەوەی ئەوروپادا، هەڵسەنگاندی تەواوی بۆنەکراوە. لە حاڵەتی چینی بۆرژوای ئینگلیزیدا، بازاڕە سەرەکییەکان بۆ پرۆژەی سەرمایەداری، بە بەروبوومە کشتوکاڵی و ناکشتوکاڵییەکانەوە لە ئینگلتەرە و ئەو بەروبوومانەی هانارده دەکرانەوە لە دەرەوە بۆ ئەمەریکا و ئەفەریقیا و ئاسیا، وێڕای بازاڕە ناتەقلیدیەکان لە بەڵتیکدا. سەبارەت بە هۆڵەندییەکان، بازرگانیی دەرەوەی ئەوروپا گرنگتربوو. هەروەها کۆمەڵگە ئیتاڵییەکان بەردەوامبوون لەوەی بە شێوەیەکی گەورە پشت بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ببەستن.

کەواتە، لە سەدەی حەڤدەیەمدا ڕۆڵی گرنگی جیهان لە دەرەوەی ئەوروپا گرنگیی بە خولێک لە سەدەی شانزەیەم بەخشی، بەوەی سەرچاوەیەکە بۆ زێڕ و بەروبوومەکانی دی، هەروەها ڕێگەی دا بە فراوانبوون لە داخوازیدا - بە داخوازیی زۆرەملێوە لە کێڵگەکانی کۆیلەکاندا- لە سەر بەروبوومە سەرمایەدارییەکان، ئەوەیش داخوازییەکی گەورەیە، تا بەستێن بۆ توانستی بەرهەمهێنان و پرۆژە سەرمایەدارییەکان خۆشبکات، تا لە نەشونما بە تێکڕایەکی یەجگار خێرا بەردەوام بێت. ئەم نەشونمایە لە بەرهەمهێنان یەکێک بوو لەو دوو فاکتەرە سەرەکییە لە سەدەی حەڤدەیەم لە ڕێنیسانسی سەرمایەداریدا. هێزی دووەم بریتی بوو لە خودی سەرکەوتنی سیاسی: شۆڕشی بۆرژوا. ئەمەیش هێزی یاسایی و سیاسی بە بۆرژواکان بەخشی، بۆ لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی تانوپۆی کۆمەڵگە لە گەڕانی بە دوای سەرمایەدا.

بۆیە دەکرا چینی کرێکار بە زۆرەملێ بخوڵقێنرێت. هەروەها پاڵپشتیی کەم فەراهەم بکرێت، بۆ هەر ستراتیژییەک کە سەرانی چینی دەستەبژێری نوێ کاری پێبکەن کە سەرمایە کۆدەکەنەوە. دواتر شۆڕشی پیشەسازی هاتە کایەوە، ئەمیش وەرچەرخانە لە ئەمڕازەکانی بەرهەمهێناندا، تاوەکو بە شێوەیەکی زۆر (دەتوانین بڵێین) بێ چەندوچۆن تێکڕاکانی بەرزبکاتەوە.

## سێنترالیزمی سەرمایەداری

دیارە دەستەواژەی «ڕێنیسانسی سەرمایەداری» گەلێ جار وێنەی کارخانەکان و بزوێنەرەکانی هەڵم وەبیردا دەهێنێتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاری کرێگرتە و شارگەلی داپۆشراو بە دووکەڵی خەڵووز: سەرمایەداریی پیشەسازی. تا ئێستا باسەکەمان خۆی لە ڕێنیسانسی سەرمایەداریی پیشەسازی- شۆڕشی پیشەسازی — نەداوە، وەلێ مامەڵەمان لەتەک پێشەکییەکانی ئەم ڕووداوە گەورەیەدا کردووە. وەلێ لێگەڕێن ئێستا هەندێ لەم پێشەکییانە باس بکەم:

بەر لە ١٤٩٢ زۆربەی بارودۆخە سەرەتاییە گرنگەکان، سەبارەت بە ڕێنیسانسی سەرمایەداریی پیشەسازی، نەک تەنێ لە ناوچەگەلێ لە ئەوروپا، وەلێ لە ئاسیا و ئەفەریقیایشدا هەبوون. دوای ١٤٩٢ لە دوو سەدەی شانزەیەم و حەڤدەیەمدا، ئەوروپا سێ بنەمای دیکەی دەستەبەر کرد، یەکەم: بریتییە لە کەڵەکەبوونی زۆری سامان، لە کانەکان و کێڵگە ئەمەریکییەکان و بازرگانی لە ئاسیا و ئەفەریقیاوە. دووەم: پەیوەستە بە یەکەمەوە، فراوانبوون بۆ بەروبوومەکان، لە بازاڕەکان لە دەرەوەی ئەوروپای خۆرئاوا، یان لە ئەوروپای خۆرئاوا بەرهەم دەهێنران یان هاوردە دەکران و دواتر هەناردە دەکرانەوە، واتە خواستێکی زۆر و بەردەوام هەبوو. سێیەم کە گرنگترینیانە: لایەنە

کۆمەڵایەتییەکان کە بە سەرمایەداری جڵەوی پرسەکان و هێزی سیاسییان لە ئەوروپای خۆرئاوادا بەدەستەوەگرت و ئەمە لە هیچ شوێنێکی دیکەدا رووی نەدا، جگە لە ناوچەگەلێکی یەجگار سنووردا ردا نەبێ. هەروەها شۆڕشی بۆرژوا رێگەی بە چینی سەرمایەداریدا، هێزی دەوڵەت لە کۆمەڵگەدا، بەرەو گەشەکردنێکی گەورەتر ببات، تا لە دابینکردنی سەرچڵییە کۆلۆنیالیستییەکان و ئامادەکردنی بونیادی بنەڕەتیی وەکو شارەکان و رێگاوبانەکاندا، بەشداری بە گشت کۆمەڵگە بکات، لە کاتێکدا پۆلیس و هێزی سەربازی بەکاربباب بۆ ناچارکردنی خەڵکی لە دەرەوە و کارکردنی کرێگرتە و بەسیجکردنیان بۆ جەنگە سوودمەندەکان بۆیان لە دەرەوە. ئەم سێ پێشەکییە دەرکەوتن، هەروەها باسم لە هۆکاری کۆلۆنیالیست کرد کە ئەو نەبوایە لە سەرەتادا دەرنەدەکەوتن.

مێژوونووسان لە سەر هۆکارەکانی شۆڕشی پیشەسازی، دەچنە ناو دیبەیتگەلی توندەوە. زۆربەی هۆکارە پێشنیازەکان یان «فاکتەرەکان» بریتین لە تیۆرگەلێ لەناو «پەرجووی ئەوروپایی»دا کە باسمانکرد و هەوڵمان دا لە بەندی دووەمدا پووچەڵی بکەینەوە. گریمانگەلێ لە سەر نوێکردنەوەی ئابووری و سیستمی دەسەڵاتی ئەوروپایی لە چاخەکانی ناڤین و شۆڕشە تەکنەلۆژییەکان لە چاخەکانی ناڤیندا و «ژیری» لە چاخەکانی ناڤین و دواتریدا هەبوون، وا دەخرانە روو، گوایە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی راڤەکاریی باوتربن. دیارە ئەوەمان روونکردەوە، هەروەها هیوادارم، گشت ئەو پرۆسانە لە دەرەوە و لە ناوەوەی ئەوروپادا کاریان پێدەکرا، بۆیە ناکرێ وەکو هۆکارگەلێ ناویان بهێنین کە تەنێ لە ئەوروپادا روویاندابێت.

گرنگیی سەرکەوتووی مێژوو و ریزبەندی رووداوەکان لەم کێشەیەدا دەردەکەوێت. دیارە چەمکی شۆڕشی پیشەسازی پەیوەستە بە دوو وەرچەرخانی

دیاریکراوەوە: گەشەکردنی هێزی هەڵم و تەکنەلۆژیای نوێ لە بەرهەمهێنانی پیشەسازی و پێکهاتنی هێزی کار بە کرێ، لە بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا. وەلێ دیاریکردنی مێژوویی هەڵەیە. لایەنی تەکنەلۆژی لە شۆڕشی پیشەسازیدا گرنگ نەبووە، مەگەر لە دێروەختێک لە پرۆسەکەدا نەبێ، بە جۆرێ ئەستەمە لە روونکردنەوە و راڤەکردنی خودی شۆڕشەکەدا پشتی پێببەسترێت. بە راستی، گەشەکردنە تەکنەلۆژییەکان، لە پیشەسازیکردنی ئەوروپاییدا لە ماوەی نێوان ١٤٩٢ تا ١٧٥٠ روویان دەدا، وەلێ هەروەکو بینیمان، رێژەیەکی کەم لەم تەکنەلۆژیایە ئەوروپاییی پەتی بوو و لەوەیش گرنگتر ئەوەیە، گەشەکردنە تەکنەلۆژییەکان کە دواتر بوون بە شتێکی گرنگ، بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و زیادبوونی لێهاتوویی هێزی کار، لە دێر وەختێکدا روویان دا، واتە لە دوا دەیەکانی سەدەی هەژدەیەمدا و لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەستیانکرد بە بڵاوبوونەوە. گەشەکردنە تەکنەلۆژییەکان لە کشتوکاڵدا، پەیوەستن بە زیادبوونی رووبەری بەرهەمهێنانەوە، لە ژینگەیەکی خاوەن هێزێکی کاری تێکشکاو، وەلێ گشت گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان بەشێک بوون لەو پرۆسە تەقلیدی و ناسراوەکە لە دەرەوەی ئەوروپادا. (کەمێ لە توێژەران کێشێک بۆ دانەوێڵە نوێکانی وەکو شێلم دادەنێن، وەلێ ئەو پرسانە گرنگییەکی گەورەیان نەبووە- ئەگەر بەر لەوە بەرهەمهێنانی پەتاتەمان وەلاوە نا- بە بەراورد لەتەک شتگەلی وەکو زیادبوونی بەکارهێنانی سەرمایەداری و کڕینی مژادە خۆراکییەکان. ئەوە شتێکی راست نەبوو کە جووتیاران لە ئەوروپای خۆرئاوادا، فێربوون چۆن بەرهەمهێنان زیاتر بکەن و ئەوەی کە کەمکردنەوەی هێزی کار بیرۆکەیەکی باشە لە مێژوو و جوگرافیای کشتوکاڵدا. بۆیە دەکرێ شۆڕشی کشتوکاڵی لە دوو سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم، لە پرۆسەی بەپیشەسازیکردن و بەشارنشینکردندا، بە ئاسەوار دابنرێت نەک بە هۆکار).

کەواتــە لایەنــی تەکنەلۆژیــی شۆڕشــی پیشەســازی هۆکارێکــی ســەرەکی نەبــوو، مەگــەر ئــەوەی کۆکبیــن لــە ســەر ئــەوەی بــە کــردەوە وەهــا بووبێــت، لــە پرۆســەی وەرچەرخانــە لەســەرخۆکان، لــە ســەر ئاســتی نیــوەی گــۆی زەویــدا، هەروەکــو پێشــتر باســمان کــرد. کــە بــەم دواییــە دەرکــەوت.

دەکــرێ بــۆ باســێکی لێکچــوو، وەکــو وەرامێــک بــۆ بۆچوونی ئــەوەی ســەرهەڵدانی هێزەکانــی کار لــە رێگــەی ســەرمایەدارییەوە، لــە بەرهەمهێنانــی پیشەســازیدا هــۆکاری ســەرەکیی شۆڕشــی پیشەســازی بــووە. ئــەم باســە لەلایــەن ئابووریناســە مارکسییەکانەوە خرایــە روو کــە بــە تونــدی پــێ لــە ســەر یەکێــک لــەم باســانەی مارکــس لــە ســەرمایەدا دادەگــرن. جیاوازیــی بۆچــوون نییــە لــە ســەر ئــەوەی ئێمــە ناتوانیــن ســەرمایەدارییەکی پیشەســازیی تــەواو پوختــە دەســتەبەر بکەیــن، بــێ دامەزراندنــی لــە ســەر هێزێکــی کاری بــە کــرێ، لــە بازاڕێکــی (تــا رادەیــەک) ئــازاددا نەبــێ، کرێــکاران بتوانــن تیایــدا دەســتکراوەبن، لــە خــاوەن کارێکــەوە بــۆ یەکێکــی دی بگوێزنــەوە. وەلــێ ئــەو بارودۆخــە بــەر لــە کۆتایی ســەدەی هەژدەیەم نەبــوو. کارکردنــی بــە کــرێ باوبــوو، وەلــێ کەمیــان لــە بــواری پیشەســازیکردندا بــوون و کرێــکار لــە بــازاڕی کاری ئــازاددا کاری نەدەکــرد، لەتــەک سەرپشــکبوونی راســتەقینە بــۆ شــوێنی کار. ئەمانــە ســیمای ســەرمایەداریی پیشەســازی بــوون، بەوجــۆرەی دوای شۆڕشــی پیشەســازی دەرکــەوت.

گشــت ئــەو تیۆرانــە هۆکارەکانــی شۆڕشــی پیشەســازییان، لــە ژێــر پــەردەی تیــۆری بڵاوبوونــەوەوە دەرهێنــا، مادامێــک وا تەماشــای ئــەم پرۆســەیە دەکــرا، گوایــە لــە نــاو مێــژوو و کۆمەڵگــەی ئەوروپاییــدا، گەشــەکردنێکی ناوخۆییــە. هەروەهــا لــە بەنــدی دووەمــدا، تێبینیــی ئەوەمــان کــرد، لــە مــاوەی پەنجا ســاڵی ئــەم دواییــەدا، تیۆرێکــی مێژوویــی دژ بــە تیــۆری بڵاوبوونــەوەی ســێنتراڵیزمی ئەوروپایــی هەبــوو، ئەویــش کۆمەڵەیــەک بــوو هەنــدێ لــە توێــژەران لــە جیهانــی نائەوروپایــی و کەســانی دی خســتییانە روو. ئــەو قوتابخانــە رەخنەییــە نوێیــە،

لە هەر بوارێکی دیکە کاریگەریی زیاتری لە سەر دیبەیتەکانی بنەماکانی شۆڕشی پیشەسازی هەبوو.

دیارە بۆچوونی پشتبەستنی گەشەکردنی پیشەسازی لە ئەورووپا، بە کردە سەربازییەکان لە سەدەی هەژدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا پەسەند بوو.[٣٦٢] دوای ئەوە، ڕەنگە بە هۆی نەشونماکردنی ئایدیۆلۆژیی تیۆری بڵاوبوونەوەوە لەتەک گریمانەکەیدا، گوایە ئەورووپا سەرچاوەی پێشکەوتنی سەربەخۆیە، چیتر ئەم بۆچوونە بە هەمان شێوە لە ناو مێژوونووسە ئەورووپاییەکاندا پەسەند نەبوو.[٣٦٣]بە توندی لە ڕێگەی ژمارەیەک لە توێژەران لە سییەکان و چلەکانی ئەم سەدەیەدا خرایە ڕوو. ڕەنگە توێژەرانی هیندی جەختیان لە ڕاستیی ئەوە کردبێت کە پیشەسازیی گەشەسەندووی چنینی لۆکەی هیندی، نەک تەنێ هەندێ تەکنەلۆژیای نوێی و بەتایبەتی لە ڕەنگ و خومکاریدا، پێشکەش بە پیشەسازیی بەریتانی کردبێت، وەلێ لە ڕێگەی بەریتانیاوە- لە پرۆسەیەکدا توێژەرە هیندییەکان ناویان نا «پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی بەپیشەسازیکردن لە هیند» - وەستانیان، ئەویش بۆ ئەوەی ئەوە لە بیری پیشەسازیی بەریتانی ببەنەوە کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەدەی نۆزدەیەمدا پێشبکەوێت.[٣٦٤] (پیشەسازیی چنینی لۆکە لە سەرەتاکانی شۆڕشی پیشەسازیدا، بوارێکی پێشەنگ بوو). هەروەها لە سییەکاندا، توێژەرەکانی هیندی خۆرئاوا و بەتایبەتی ولیامز و جامز هەستان بە خستنەڕووی بۆچوونی ئەوەی پیشەسازیی بەرپا لە

---

362. R. W. Bailey، "Africa، the Slave Trade، and the Rise of Industrial Capitalism in Europe and the United State: A Historiographic Review" (1986), W. Darity, Jr., "British Industry and the West Indies Plantations" (1990).

٣٦٣. دیارە، چەندین ڕیزپەڕ هەبوون. برۆکس ئادامز لەو کارەیدا کە ساڵی ١٨٩٥ دەرچوو، باسی یاسای شارستانی و هەرەسهێنان دەکات (pp. 259-260) کە سەرکەوتنی بەریتانی لە بلاسی ساڵی ١٧٥٧کە یەکسەر مافی ئەوەی بە بەریتانیا دا، بە ئاسانی بگاتە لۆکەی هیندی (وچەندین "دەستکەوتی" هیندیی دیکە) ئەو بەپیشازیکردنەی جووڵاند کە لە پیشەسازیی چنینی لۆکە لە ئینگلتەرەدا تەقییەوە، ئەمەیش ڕاستەوخۆ و یەکسەر داهێنانگەلی گرنگی لەم پیشەسازییەدا لێکەوتەوە، مەشینی چنین ١٧٦٤ و خەرک ١٧٧٦ و بزوێنەری هەڵمی وات ١٧٦٨.

364. Palme Dutt, The Problem of India (1943),Alavi et al., Capitalism and Colonial Production (1982).

سـەر کۆیلـە و بازرگانیـی کۆیلـە بریتیبـوو لـە هێزگەلـی سـەدەمکاریی گرنـگ لـە بەپیشەسـازیکردنی فەرەنسـی و بەریتانیـدا. ئـەو باسـە گشـتییە لـە شـێوەی تیۆرێکـدا گەڵاڵـە بـوو، لەلایـەن توێـژەرە کاریبییەکانـەوە ئێسـتا پێشکەشـکرا- ناوبەنـاو لـە سـەر ئاسـتێکی بەرتەسـکدا، بـە «قوتابخانـەی کاریبیـی مێژوویـی» نـاو دەبرێـت- وێـڕای توێـژەرە ئەفەریقاییـەکان و ئەفەریقاییـە ئەمەریکییـەکان. ئـەو تیـۆرە گەلـێ گرنـگ دادەنرێـت و هـەوڵ دەدەم کورتـی بکەمـەوە و ژمارەیـەک جیاوازیـی بۆچوونـی لاوەکـی لەنـاو ئەوانـەی بانگەشـەیان بـۆ دەکـرد وەلاوە بنێـم.

بـۆ یەکـەم کـەڕەت ولیامـز و جامـز باسـە بنەڕەتییەکەیـان پێشکەشـکرد و بریتـی بـوو لـە گریمانـی ئـەوەی گوایـە سیسـتمی کێڵگەکانـی بەرپـا لـە سـەر کۆیلـە، لـە هینـدی خۆرئـاوا، لـە هـەردوو سـەدەی حەڤدەیـەم و هەژدەیەمـدا خرایـە روو، بریتـی بـوو لـە سیسـتمێکی پیشەسـازیی گرنگتـر لـەو کاتـەدا. لەتـەک کەسـانی دیکـە لـە هەمـان قوتابخانـەی توێژینـەوەدا، ئەوەیـان روونکـردەوە، گوایـە سیسـتمی کێڵگـەکان پێویسـتی بـە سـەرمایەی گـەورە و پەیکەرێکـی رێکخسـتنی ئاڵـۆز و تەکنەلۆژیایەکـی پیشەسـازیی پێشـکەوتوو هەیـە (لـە هاڕیـن و دروسـتکردنی بیـرە و هاتوچـۆ و شـتی لـەو بابەتانـە) و هێـزی کاری زۆر لـە کارگـەی شـەکر وەکـو کێڵگـە و ژمارەیەکـی زۆر لـە کرێـکاری ئـازاد و سەرپەرشـتیاران بـە سـەریانەوە، وێـڕای کۆیلـە و لـە هەمـوو ئەمانـە گرنگتـر، ئـەو قازانجـە زۆرە کـە تەنـێ قازانـج لـە کێڵگـەکان و بەرهەمەکانیـان نییـە، وەلـێ لـە بازرگانیـی کۆیلـە و پێکهاتەکانـی دیکـە کـە ولیامـز بـە «بازرگانیـی سێگۆشـەیی» نـاوی نا.[٣٦٥] (جامـز دەربـارەی مێـژووی شـۆڕشـی هایتـی، لـە کتێبـی

365. C. L. R. James، The Black Jacobins: Toussaint L'Ouverture and the San Domingo Revolution (1938) and A History of Negro Revolt (1938)، Eric Williams، Capitalism and Slavery (1944.

هەروەها بڕوانە بە:

James، "The Atlamtic Slave Trade and Slavery: Some Interpretations of their Signficance in the Development of the United States and the Western World" (1970).

و کاری دواتر:

Williams، British Historians and the West Indies (1966).

«یەعقوبییە رەشپێستەکان»دا دەڵێت»:[٣٦٦]بازرگانیی کۆیلە و کۆیلایەتی دوو بنەمای ئابووریی شۆڕشی فەرەنسی بوون...نزیکەی هەموو پیشەسازییەکان کە لە فەرەنسا لە سەدەی هەژدەیەمدا گەشەیان کرد، لە کاڵاگەلێکدا بنەمایان هەبوو، بۆ کەناری گینیا یاخود بۆ هەردوو کیشوەری ئەمەریکی دەڕۆیشتن»).[٣٦٧]دەمەوێ ئەم باسە فراوان بکەم، بۆ ئەوەی گریمانێکی گشتگرانەتر لەخۆ بگرێت: لە ناو ئەو بوارە ئابوورییەی لە دوو سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا باڵادەستبوو، ئەوروپاییەکان بینییان کە دەتوانن- لە سەر ئاستێکی گەورە و ڕێکخراو و نیمچە ڕەخساودا- گەشە بە سیستمی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی سەرمایەداری بدەن، بۆ بەرزترین ئاست، سەبارەت بەو سەردەمە و بەتایبەتی لە سیستمی کێڵگەکاندا، بە بەکارهێنانی کۆیلە تا گەشەپێدانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی، وەکو سیستمێکی گشتی بۆ ئاستێک،: تیایدا قازانج بەدیبێت، تەنانەت ئەو کاتەیش کە کرێی بژێوی بە هێزەکانی کار دەدرا، بەرهەمهێنانی چینێکی کرێکاریی نوێ زامن دەکرا، تاوەکو سیستمەکە بتوانێت چڕببێتەوە و هەناردەی خودی ئەوروپا بکرێت.[٣٦٨]

بە شێوەیەکی دیکە، دەستپێکی قۆناغی نوێ لە شۆڕشی پیشەسازی و ناگەشەسەندوو و بەربەریدا، تا ئەو ئاستەبوو کە هێزی کاری ئازاد بەکارنەدەبرا،

---

و چەندین بەشداریکردنی دیکە:
R. W. Bailey، "The Slave(ry) Trade and the Development of Capitalism in the United States: The Textile Industry of New England" (1990)، W. Darity، "British Industry and the West Indian Plantation" (1990)، J. Inikori، "Slavery and the Revolution in Cotton Textile Production in England" (1989).
هەروەها بڕوانە پەراوێزی ٣٦٧ی دواتر.

٣٦٦- یەعقوبییەکان: ئەندامانی حزبی ئازادیخوازی توندڕەوبوون، لە سەروبەندی شۆڕشی فەرەنسیدا.

367. The Black Jacobins (1938)، pp. 47-48.

٣٦٨. لە شوێنێکی دیکەدا باسمکرد (Blaut، The National Question، 1987b، chap. 7) کە ئاستی ستەمکاری و چەپاوکردنی پەیوەست بە کاری کۆیلەکان، بەوجۆرەی لە کێڵگەکاندا بەکاردەبرا، ناکرێ بە سەر ئەندامانی خودی کۆمەڵگەی ڕۆشنبیریی ئەوروپیدا جووت بێت (هەوڵم دا، وەلێ خێرا گەڕامەوە سەر ئەوەی کە کارکردنی کۆیلەم پێباشتربوو). بە شێوەیەکی گشتی، یاساکان و ڕێوشوێنە فەرهەنگییەکان ڕێگەیان لە ئاستی چەپاوکردنی بەرهەمهێنەکان لە ناو کۆمەڵگەدا دەگرت- پرسێکە پەیوەستە بە پارێزگاریی لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا+ وەلێ ئەم جۆرە یاسایانە بە سەر هێزی کاری دەرەکی یان بیانیدا جووت نابێت.

ئەگەر قازانج لە ئارادابوایە. بۆیە بە دیلکردنی کۆیلە و کارکردنی زۆرەملێ، بۆ بەرهەمهێنان یان بۆ دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی لە شوێنگەلی دیکەی (وەکو هیند) دا پێویستبوون، بۆ ناچارکردنیان بۆ رادەستکردنی کاڵا بە نرخی هەرزان.

جامز و ویلیامز پێکەوە، باسی ئەوە دەکەن، قازانجەکان لەم پێکهاتە ئاڵۆزە بۆ فەراهەمکردنی سەرمایەی خوازراو، لە قۆناغی یەکەمی شۆڕشی پیشەسازی گەلێ چارەنووسسازبوو. کتێبەکەی ولیامز سەرمایەداری و کۆیلایەتی وەکو دەربڕینێکی کلاسیکی و باسوخواسێک لە سەر ئەم بۆچوونە، دەخاتە روو. بە تێروتەسەلی روونیکردەوە کە چۆن قازانجەکان لە بازرگانیی کۆیلە و کێڵگە بەرپاکان لە سەر کۆیلە و بوارە ئابوورییە یاریدەرەکان، بە لێشاو چوونە ناو ئینگلتەرەوە، دواتر شێوەی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانیان بەخۆوەگرت کە هانی شۆڕشی پیشەسازی و بونیادە بنەڕەتییەکەیان دا (جۆگەکان و بەندەرەکان و شتی لەو بابەتە). ئاراستەی باو بەلای زۆربەی توێژەر ئەوروپاییەکانەوە، بریتییە لە رەتدانەوەی ئەم هەڵوێستە تیۆرییەوە. رای گشتی بریتی بوو لەوەی، شۆڕشی پیشەسازی دیاردەیەکی ئەوروپاییی ناوخۆیی و شتگەلی وەکو بازرگانیی کۆیلە و ئەو کێڵگانەی لە سەریان بەندن و داهاتی قازانجەکان، جگە لە پەراوێزو شتی لاوەکی شتێک نین.[٣٦٩] هەوڵی زۆریش بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم تیۆرە دەدرا، وەلێ تاکە بەشێکی کە رووبەڕووی رەخنەی هەستگەرایی بووەوە، بریتییە لە دیاریکراوترین و بێ بایەخترینیان. ئەنجرمان و کەسانی دی هەوڵیان دا، ئەوە روون بکەنەوە کە ئەگەر لە سەدەی هەژدەیەمدا، گریمانە جۆراوجۆرەکان، لە سەر ئابووریی

٣٦٩. بڕوانە سەرچاوە باشەکە:

C. Robinson، "Capitalism، Slavery and Bourgeois Histotiography" (1987).

هەروەها بڕوانە کاری باشی بەیلی:

The Slave(ry) Trade and the Development "of Capitalism in the United States" (1990).

دوای کلاسیکی، بە سەر ئابووریی بەریتانیادا پیادە کرابێت و ئەگەر حیساباتی تەقلیدیی نزم تیایدا بەکارهاتبێت، سەبارەت بە ژمارەی ئەو کۆیلانەی بۆ ئەمەریکا هێنرابێتن، دەکرێ ئەوە دەربخات کە بە راستی بازرگانیی کۆیلە قازانجی نەبووە. وەلێ لە راستیدا، خودی بازرگانیی کۆیلە بەشێک بوو لەو پێکهاتە ئاڵۆزەی کە ویلیامز و کەسانی دی تەماشایان دەکرد. لە راستیدا، کێڵگەکان هەروەکو لە سیستمی پیشەسازیدا، نزیکتر بوون لە نێوەندی گرنگیپێدانیانەوە، ئەویش بۆ بەکارهێنانی هێزی کار لە بەرهەمهێنانی کاڵاکان بە بڕی زۆر. ئینیکوری و کەسانی دی روونیان کردەوە کە لە پێگەی ژمارەی کۆیلەکان کەمکراوەتەوە کە بۆ ئەمەریکا دەهێنران. لە کۆتاییدا، گریمانەکانی دوای کلاسیکی (لەوانە ئەو باسەی گوایە لە پیشەسازیی سەدەی هەژدەیەمدا، قازانجی "ئاسایی" هەبووە، وەکو ئەوەی شۆڕشی پیشەسازی و بازاڕەکانی بەروبوومەکان و کڕیارەکان تازە پێگەیشتبن) گەلێ پرسیار هەڵدەگرن.

تەوژمێکی دیکەی رەخنە لە مارکسییەکانەوە هات، لەوانە برینەر و لاکلاو کە بە راوبۆچوونی خۆیان بەشداری لە سەر تیۆری بڵاوبوونەوەی سێنترالیزمی ئەوروپاییی تەقلیدی دەکەن کە پێشتر باسکرا.[٣٧٠] هەڵوێستیان لە سەر دوو باس دامەزرا، یەکەم باوەڕگەرایی و دووەم هەڵەیەکی فیکری.

یەکەم: ئیدعای ئەوە دەکەن، ناتوانین کاری نائازاد بە بەشێک لە سەرمایەداری دابنێین. پێشتر وەرامی ئەوە لەلایەن جامزەوە درایەوە کە روونیکردەوە، هەڵەیە هەوڵی بڕیاردان لە سەر سیستمی کارکردن لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم، بە پێوەرەکانی سەدەی نۆزدەیەم بدەین کە بریتییە لە سەردەمی سەرمایەداریی کێبڕکێ و مێملێی پێگەیشتوو، بەو جۆرەی

٣٧٠. بڕوانە:
Brenner’s “The Origins of Capitalist Development: A Critique of Neo-Smithian Marxism” (1977)، E. Laclau، Politics and Ideology in Marxist Theory (1977).

مارکس وەسفی دەکات. ئەوەی کاریگەریی زیاتری هەیە، بریتییە لە وتەکەی ئیمانۆئێل والرستاین، بەوەی سەرمایەداریی ژمارەیەک لە سیستەمەکانی کارکردنی ئەڵتەرناتیڤ، لە بارودۆخی بەرهەمهێنانی ئەڵتەرناتیڤدا بەکاردەهێنێت و کارکردنی زۆرەملێ یەکێکە لەو ئەڵتەرناتیڤانە.[371]

دووەم: رەخنەگرە مارکسییەکان ئیدعای ئەوە دەکەن، گوایە ئەو پرۆسانەی لە دەرەوەی ئەوروپادا روویان دا و پێویستیان بە هێنانی کالا و سەرمایە بۆ ئەوروپا هەبوو، پێویستە بە "ئاڵوگۆڕ" نەک "بەرهەمهێنان" ناوببرێت، بۆیە ناکرێ، سەبارەت بە پێشکەوتنی پیشەسازی یان سەرمایەداری بە چارەنووسساز دابنرێت. ئەم بۆچوونە هەڵەیە: بەرهەمهێنان لە کێڵگە بەرپاکان لە سەر کۆیلە، بریتییە لە بەرهەمهێنانێک، وەکو ئەوە وایە کە لە کارخانەی دەرزی لە پەرمەنگەهامدا هەیە.

توێژەرانێک هەنە وەکو بالی و بکلز و داریتی و مینتز و شریدان و سۆلۆ و رۆبنسۆن و رودنی (و لە سەر ئاستی جیهان) ئەمین و والرستاین و فرانک، لەم ساڵانەی دواییدا پشتگیرییەکیان بەو تیۆرە گرنگە دا کە لێرەدا خستمە روو.[372] هەندێ جار مێژوونووسە تەقلیدیەکان ناوی دەنێن "تیۆری ولیامز". ئەوەی لێرەدا دەیخەمە روو ئەوەیە کە ئەم "بۆچوونە بریتییە لە شتێکی گەورەتر: دیارە ئەوە حاڵەتی فیکری تیۆرییە، کە ئێستا گرنگیی خۆی چڕ

371. Wallerstein، The Modem World System (1974-1988).

٣٧٢. بڕوانە:
Baily، "the Slaver(ry) Trade and the Development of Capitalism in the United States" (1990)، Darity، "British Industry and the West Indian Plantations" (1990)، Mintz، Sweetness and Power: The Place of Sugar in Modem History (1985)، and Robinson، "Capitalism، Slavery and Bourgeois Historiography" (1987)، also، see Beckles، "The Williams Effect": Eric Williams Capitalism and Slavery and the Growth of West Indian Political Economy" (1987)، Sheridan، Sugar and Slavery (1973)، and his "Eric Williams and Capitalism and Slavery: A Biographical and Historiographical Essay" (1987)، Solow، "Capitalism and Slavery in the Exceedjngly Long Run" (1987)، Inikori، "Slavery and the Development of Industrial Capitalism" (1989)، Rodney، How Europe Underdeveloped Africa (1972).

دەکاتەوە، لە سەر ئەو رۆڵەی کۆلۆنیالیست لە شۆڕشی پیشەسازیدا گێڕای.

خاڵێکی بۆچوونی جیاوازی دیکە بەندە بە گرنگیی خواستەوە. لێرەدا گشت لایەنەکان کۆکن لە سەر ئەوەی بڕیارەکانی زیادکردنی هێزی بەرهەمهێنان کە بریتین لەو بڕیارانەی لە کۆدا بوونە هۆی شۆڕشی پیشەسازی، لە سەر بنەمای ئەو بڕگانە دراون کە ئەگەر کاڵا تەقلیدیەکان بەرهەمبهێنرێن، رەنگە بفرۆشرێن. مێژوونووسە تەقلیدیەکان وا دەڕواننە زیاتربوونی دەرخواست، بەوەی بۆ نوێکردنی ئەوروپا بەرهەمێکی سرووشتییە.[٣٧٣] مێژوونووسە تەقلیدیەکان جەخت لەوە دەکەن کە خودی کۆلۆنیالیست، داوای لێکرابوو تا ئاستی دەرخواست زیاد بکات، بۆ ئەوەی بەستێن بۆ ئەو تاکانەی لە پیشەسازیدا کار دەکەن بڕەخسێت، تا هەوڵی بێ وچان بۆ زیادکردنی توانست بدەن. ئەو هەوڵانەی کاتێ بە کردەوە چەرخی شۆڕشیان جوڵاند، پێویستی بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانی نوێ هەبوو. ئەو مێژوونووسانە روونیانکردەوە، بڕە زۆرەکان بۆ داخوازی لەلایەن بازرگانیی کۆیلە و کێڵگەکان (خواست لە سەر خۆراک و جلوبەرگ و ئامێرەکان و کەشتییەکان و شتی لەم بابەتانە) و فراوانبوون لە چێوەی بازرگانیدا دەدرا کە تیایدا کاڵا ئەوروپاییەکان لە سەدەی هەژدەیەم و دواتردا گوازرانەوە. دەتوانم بەمجۆرە ئەو حاڵەتە بگشتێنم: شۆڕشی پیشەسازی نەیدەتوانی بوونی هەبێت، ئەگەر بۆ ئەوروپاییەکان نەڕەخسایە، لە رێگەی کۆلۆنیالەکانەوە رووبەڕووی خواستی روو لە زیادبوون ببنەوە و ئەم راستییە پتر لە هەر شتێکی دی، ئەوە کە شۆڕشی پیشەسازی بەرەو پێشەوە برد.

---

٣٧٣. مارکسییەکان بە هەمان ئەو شێوە مامەڵە دەکەن «کە تایبەتمەندیی گەشەکردنی پیشەسازیی ئینگلیزی، لە ماوەی نوێی یەکەمدا بریتی بووە لە کەسایەتییە بەردەوامەکەی لە هێز و توانستیدا بۆ پشتگیریکردن لە خۆی و فەراهەمکردنی جووڵەکییە بەردەوامەکەی. لێرەدا...بنەمای پەیکەری سەرمایەداری بۆ کشتوکاڵی ئینگلیزی، [Brenner، “Agrarian Class Structure and Economic Development in Pre-Industrial Europe” (1985، p. 53)] دەرکەوت.

سـەرمایەداری وەکـو پرۆسـەیەک لـە سـەر ئاسـتی جیهانـی و وەکـو سیسـتمێکی جیهانـی راپـەڕی. لـە ئەوروپـادا چڕبـووەوە، بـە هـۆی ئـەو هێـزەوە کـە کۆلۆنیالیسـت بـە ئەوروپاییەکانـی بەخشـی، بـۆ گەشـەپێدانی کۆمەڵگەکانیـان و ڕێگەنـەدان بـەوەی لـە شـوێنی دیکـەدا ڕووبـدات. ئـەو جووڵەکییـەی گەشـەکردن و دواکەوتنـە کـە جیهانـی نـوێ ڕاڤـە دەکات.

لـەم بەنـدە و لـەو دوو بەنـدەی پێشـتریان، هەوڵـم دا بـە بەکارهێنانـی بەڵگـەی هەسـتگەرایی، ئـەوە ڕوون بکەمـەوە کـە "پەرجـووی ئەوروپایـی" بوونـی نەبـووە. دیـارە هەریـەک لـە ئەفەریقیـا و ئاسـیا و ئەوروپـا بەشـدارییان لـە ڕێنیسانسـی سـەرمایەداریی بـەر لـە ١٤٩٢دا کـردووە. دوای ئـەم مێـژووە ئەوروپـا پێشـکەوت. ئەمـە ڕووی دا، هەروەهـا هەوڵـم دا لـەم بەنـدەدا ئـەوە بخەمـە ڕوو، بـە هـۆی نزیکیـی پێگـەی ئەوروپـا لـە ئەمەریـکا و بـە هـۆی ئـەو سـامانە زۆرەی ئەوروپاییـەکان لـە ئەمەریـکا و دواتـر لـە ئاسـیا و ئەفەریقیـادا چەپاویـان کـرد، نـەک بـە هـۆی ئـەوەی ئەوروپاییـەکان زیرەکتـر یـان بوێرتـر یاخـود باشـتر یـان تازەگەراتـر یـان پێشـکەوتووتر یاخـود گەشەسـەندووتر یـان ژیرتـر بـن لەوانـی دی. ئەوەیـە بۆچوونـی پروپوچـی تیـۆری بڵاوبوونـەوەی سـێنترالیزمی ئەوروپایـی کـە باشـتر وایـە فەرامـۆش بکرێـت.

# پاشەکی

لەم کتێبەدا دوو بیرۆکە یان دوو باسی سەرەکی هەنە. یەکەمیان، لە بەندی یەکەمدایە کە من هەوڵ دەدەم تیۆری بڵاوبوونەوەی سێنترالیزمی ئەوروپایی وەکو کۆمەڵێ فیکر روون بکەمەوە و ئەوە روون بکەمەوە کە چۆن ئەم تیۆرە- یان ئەم تیۆرە سەیرە یاخود مۆدێلەی جیهان، لە سەدەیەک لەمەوبەرەوە و تا ئەمڕۆ- دەست بە سەر فیکری توێژینەوەی ئەکادیمیی ئەوروپاییدا دەکێشێت. دووەمیان، لە بەندی دووەم و سێیەم و چوارەمدا بە خۆدارییەوە، بەشە گرنگترەکەی تیۆری بڵاوبوونەوە تاقیدەکەمەوە کە بریتییە لەو تیۆرەی بڕوای بە باڵادەستی یان تایبەتمەندیی مێژوویی ئەوروپا، تیۆری "پەرجووی ئەوروپایی" هەیە و هەوڵی پوچەڵکردنەوەیم داوە.

تیۆری بڵاوبوونەوە پێویستی بە رادەیەکی گەورەتر لە شرۆڤەکردن هەیە کە من لەم کتێبەدا خستوومەتە روو. گەلێ لە تیۆرەکانی بڵاوبوونەوە و بەرنامەکانی ئەمڕۆ کاریگەریی گرنگییان هەیە، بە شێوەیەک کە جێی داخە کە لێرەدا لە سەر گەلێ لە بوارەکانی فیکر و کار باس ناکرێت. لە چەندین نووسینی دیکەمدا، باسی کاریگەریی تیۆری بڵاوبوونەوەم، لە سەر ئاستی تیۆری و پراکتیکی کە بەندە بە پرسیاری نەتەوەیی یان نەتەوایەتی کردووە،[٣٧٤] لە سەر ئاستی تیۆری و پراکتیکی، سەبارەت بە گەشەکردنی کشتوکاڵ.[٣٧٥]چەند نووسەرێکی دی، چەندین لایەن لە تیۆری بڵاوبوونەوە و ئەو کێشانەیان تاوتوێکردووە کە بوونەتە هۆی.[٣٧٦]وەلێ بە شێوەیەکی گشتی، ئێستا رەخنە لەم تیۆرە دەست پێدەکات.

374. Blaut، The National Question (1987b)، Blaut and Figueroa، Aspectos de la cuestién nacional en Puerto Rico (1988).
375. Blaut، “Two Views of Diffusion” (1977) and “Diffusionism: A Uniformitarian Critique” (1987a).
٣٧٦- سەرچاوەکانی ئەم کارەم لە بەندی دووەم و سێیەم و چوارەمدا خستۆتە روو.

پێویستە رەخنە، بۆ چەندین بوار بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی و پراکتیکی پەلبهاوێت. لێرەدا – تەنێ بۆ روونکردنەوەی ئەو خاڵە – چوار نموونە دەهێنمەوە:

١. دووفاقیی فەلسەفی: کۆمەڵە پرەنسیپی مەعریفی و بوونگەرایییە کە لە فیکری ئەورووپاییدا، هەر لە دێکارتەوە تا کانت، دواتریش شوێنکەوتووە نوێکانی کانت گەشەی کرد، وا دیارە بە شێوەیەکی بەشەکی، گوزارش لە دووفاقیی ناوەوە و دەرەوە دەکەن. ئەقڵ لە ناوەوە و شتە هەستیارەکانی دیکە لە دەرەوە، چونکە لە دەرەوە، واتە جیهانی نائەورووپایی و چالاکیی فیکریی نائەقڵانیی دانیشتوانەکەیدا هەیە.

٢. ئەوەی بە تیۆری گورزی کوشندە Big bang theory ناودەبرێت، ئەوە کە بانگەشە دەکات، گوایە هەموو شتێک لە یەک خاڵی کاتەکی و شوێنەکییەوە دەستی پێکردووە و ئەو خاڵە لێرەدایە و دەکرێ بە تیۆری بڵاوبوونەوە دایبنێین. پاڵپشتێکی بەهێز بۆ راڤەکردنی خەمڵینی گەردوون بەلای ئەم تیۆرەوە، لە رێگەی بەڵگە کردەییەکانەوە نییە، پتر لەوەی هەستکردن بێت بەوەی گشت بیرۆکەکە بە "بەجێ" هەژمار دەکرێت. دیارە ئەوە (هەروەکو لە بەندی یەکەمدا تێبینیمان کرد) بڕیاری بنەڕەتییە کە فەرهەنگ تیایدا گوزارش لە لایەنگریی لە زانست دەکات.[٣٧٧]

٣. تیۆری بڵاوبوونەوەی ئەیدز لە ئەفەریقیا، زنجیرەیەکی مێژووی لەو هەموو تیۆرانەمان وەبیر دەهێننەوە کە روونی دەکەنەوە، درم و نەخۆشی بە شێوەیەکی پێچەوانە لە ناوچە نائەورووپاییەکانەوە بۆ ئەورووپا بڵاوبوونەوە

٣٧٧. بڕوانە:
Talkington، “But the Editor Looks at the Universe from a Different Frame of Reference” (1986)، Frankel،”Marxism and Physics: A New Look” (1991).

دەکەن. (هەندێ لایەنی ئەم پرسیارەمان لە بەندی یەکەم و دووەمدا باسکرد). کتێبێکی نوێ هەیە بە ناوونیشانی "ئەیدز، ئەفەریقیا و نەژادپەرستی" کە بەڵگەگەلی گرنگ بەدەستەوە دەدات، لە سەر ئەوەی دەرچوون و بڵاوبوونەوەی ئەیدز لە ئەفەریقیاوە، بە سادەیی بەرجەستەکردنێکی نوێیە، بۆ بۆچوونی تیۆری بڵاوبوونەوە لە سەر نەخۆشیی مرۆیی.[٣٧٨] ئەگەر ئەمە راست بێت، ئەوا سەدەمکاریی ئەو نەخۆشییەی ڤایرۆسی کەمیی دەستەبەربووی بەرگری HIV هۆکاری بێت، دەکرێ چاوی پیادا بخشێنرێتەوە. رەنگە ئەو شێوانەی لە دەرەوەی ئەفەریقیادا هەنە، گونجاوترین بۆ راڤەکردن و چاکبوونەوە لەوەی لە ناوەوەیدا هەیە.

٤. وا دیارە چەندین تیۆر لە سەر مێژووی ئابووری، لە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازییەوە و لە سەر گەشەکردنی ئابووریی ئەمڕۆ، بە تیۆری بڵاوبوونەوە تێراوبووە. شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپاوە بۆ ئەوانی دی بڵاونەبۆتەوە. بنەچەکانی لە ئەوروپا و لە دەرەوەیدا دۆزرانەوە (ئەم پرسەمان لە بەندی چوارەمدا باسکرد)، هەروەها چەمکی بەپیشەسازیکردن کە لە جیهانی نائەوروپاییدا بڵاوبووەوە، بە بیرۆکەیەکی راست هەژمار ناکرێت. دیارە بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی کارخانەی کۆکردنەوە وەکو ماکوالادۆرا[٣٧٩] لە جیهانی سێیەمدا، بیرۆکەیەکی بەپیشەسازیکردنی ئەسڵی نییە و جۆرێکە لە سیستمی بریکاری بە ناوی putting out[٣٨٠]، چونکە دەرەوە کرێکاری هەرزان دابین دەکات و ناوەوەیش زۆربەی کەسە خاوەکان و زۆربەی بەکاربەران فەراهەم

378. Chirimuuta and Chirimuuta، AIDS، Africa and Racism (1989).

شانون و بایل راوبۆچوونێکی تیۆری بڵاوبوونەوەکردن لە سەر ئەیدز دەخەنە روو لە:
The Origin and Diffusion of AIDS" (1989).

بڕوانە رەخنەی ئەم بۆچوونە لە: Watts، "Medical Geography and AIDS" (1990).

٣٧٩. Maquiladora: کارخانەی کۆکردنەوەیە لە مەکسیک، لە رێگەی چەندین کۆمپانیای ئەمەریکییەوە بەڕێوەدەبرێت کەرەستە و ئامێر و شمەک هاوردە دەکات و دواتر کۆیان دەکاتەوە و دووبارە هەناردەیان دەکات.

٣٨٠. putting out: بریکارێک کە راسپێردرابێت هەڵدەسێت بە تەواوکردنی کارێک، بە دابەشکردنی بریکارییەکانی ئەم کارە، بە سەر کەسانی دیکەدا.

دەکات، دواتر هەموو قازانجەکان کۆدەکاتەوە و ئەوەی بەندە بە بونیادی سەرەکییەوە. بەپیشەسازیکردن لە یاباندا، لە کۆنەوە دەستی پێکردووە و ئاسەواری بڵاوبوونەوە نەبوو.[٣٨١] بەپیشەسازیکردن لە کۆریادا و یەک دوو وڵاتی بچووک لە خۆرهەڵاتی ئاسیا، لەم چەند دەیەی دواییدا، لە سەر لاساییکردنەوە بەرپا نەبووە.[٣٨٢] کەواتە، پرۆسەیەکی سادەی بڵاوبوونەوە نییە، وەلێ بریتییە لە خشتەی سیاسیی کارەکان. هەروەها بریتییە لە خشتەی کارەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی.

بۆیە ئەم کتێبە، پاشەکییەکی راستەقینەی هەیە. دیارە خودی کتێبەکە پێشەکییەکە: پێشەکییەک بۆ تاوتوێکردن و دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکی کوشندەی ئەقڵی.

---

٣٨١. ژاپۆن بووە بە پیشەسازی، بە هۆی کەمیی بڵاوبوونەوەکردنەوە. تاکە دەوڵەتی نائەوروپی بوو، توانی خۆی لە نۆرێنی ئەوروپی دوور بگرێت. ئەمەیش بە هۆی ئەوەوە بووە کە گەیشتن بەوێ ئەستەم بووە. یەکێک بوو لەو کۆمەڵگە گەورە و دوور و ئەستەمانەی گەیشتن بەوێ لەلایەن ئەوروپییەکانەوە و لەو کاتەدا کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، چین کەوتە ژێر هێزی سەربازیی ئەوروپییەوە، ژاپۆن توانستی ئەوەی هەبوو، دەست بە نوێکردنەوەی سەربازی بکات، تا وایلێهات بە سەر روسیا و دەستپێکی پاوانخوازیی کۆلۆنیالیستی و سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی لە ١٩٠٠دا سەربکەوێت.

٣٨٢. لە کۆتایی پێوەرەکەدا، دەوڵەتگەلی گەورەی وەکو هیند و بەرازیل پیشەسازیی گەورەیان هەیە، وەلێ بە بەراورد لەتەک قەبارەیاندا = و ژمارەی دانیشتوان- لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا پیشەسازیترنین. بڕوانە:
Amin، Delinking: Toward a Polycentric World (1990).

نووسەر لە چەند دێڕێکدا:

جەیمس مۆریس بلاوت

-مامۆستای جوگرافیا لە زانکۆی ئیلنوی- شیکاگۆ، لە گەڵێ لە زانکۆکانی جیهاندا کاری کردووە، لەوانە "ییێل" و "کۆرنیل" و "کۆنێکتێکت" و "زانکۆی پۆرتۆریکۆ" و زانکۆی مەلایۆ لە سەنگافورە.

- سێ کتێب و ژمارەیەکی زۆر وتاری لە سەر جوگرافیای مێژوویی و سیاسی لە جیهانی سێیەمدا هەیە.